August Be

# ژن و سۆسیالیزم

وەرگێڕانی لەتورکییەوە: ماردین جەلال



بەرگی دووەم

# ژن و سۆسیالیزم

## AUGUST BEBEL

وەرگێڕانی لەتورکییەوە
ماردین جەلال

ناوی کتێب: ژن و سۆسیالیزم
وەرگێڕانی: ماردین جەلال
پێداچوونەوەی دلشا محەمەد
مۆنتاژو بەرگ: شیلان تاهیر
تیراژ: ٥٠٠
چاپخانە: تەوار
چاپی یەکەم ٢٠٠٧
ژمارەی سپاردن ( ٤٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٧

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان
زنجیرە-٢٢-

ئــــەم کـــــتێبەی کـــە لەنووســـینی (August Bebel)ە لـــــەساڵی (١٩٨٥) لــەلایەن (J.H.WDietnahf. GMbh) لــەبــۆن- بـــەرلین لەچاپدراوەو لەنووســخە ئۆرژیناڵەکەی کـە بـــەناوی (Die frau und dev sezia lismus) وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی ئەڵمانی.

# بەشی چواردەیەم
# تێکۆشان بۆ پەروەردەکردنی ژن

## ١- شۆڕش لەژیانیماڵەوەدا :

ئەگەر ئەو پێشکەوتنانەی لەبارودۆخی ژناندا ئاماژەیان پێدراوە هەڵبەسەنگێنین سەرەڕای ئەوەی هەموو کەسە چاوکراوەکان پێویستە ئەوە ببینن کە هەموو رۆژێك ئەو قسەو قسەلۆکە پڕوپوچانە دەبیسترێن کە سەبارەت بەئاراستەکردنی ژنان بەرەو ماڵ یان هێلانە وەکو(پیشەی سروشتی)یان ئەم شێوازی قسەکردنانە بەڕادەیەکی زۆر لەو شوێنانەدا دەکرێت کە ژنان دەخاتە ناو پیشە باڵاکانی وەکو زانستی سروشت پیشەی یاسایی‌و پزیشکی‌و ئیدارییەوە، هەر بۆئەمەش نارەزایی زۆر کۆمیدیانە دەخرێنەڕوو کە لەژێر ناوی ئاستی زانستدا ئەم نارەزاییانە دەپارێزرێن‌و ئەو پیاوانەی کە بەزانستکار دەژمێردرێن وەکو لەزۆر جێگادا پێی هەڵدەستن لەپێناوی پاراستنی شتی نامەنتقی‌و چەواشەدا پشت بەزانست دەبەستن، ئەو شتەی کە وەکو خاڵێکی لاواز بەکاریدەهێنن ئەوەیە کە ژنان لەرووی شارەزاییەوە لەخوار پیاوەوەن‌و بەگوێرەی ئەمانە ژنان لەبواری هزرییەوە هیچ سەرکەوتنێك بەدەست ناهێنن.

ئەم رەتدانەوانە وەك پەیوەستبوونێك بەشارەزایی‌و پیشەکانی ژنانەوە پڕ بەپێستی پێشبینییە خراپەکانی پیاوانە بەشێوەیەکی گشتی‌و زانست‌و پەروەردە لەو قۆناغانەی کە وەك رۆژی ئەمڕۆ لەئاستێکی نزمدابوون‌و هزرە نوێیەکان هەمیشە رووبەڕووی رەتدانەوە دەبنەوە بەتایبەتی ئەمە هەتاوەکو بکرێت چینی

دەسەڵاتدار لەبەرژەوەندی خۆیدا پەروەردەو زانست سنووردارد ەکات بەچینەکەی خۆیەوەو هەر بەم هۆیەشەوە هزرە تازەکان لەسەرەتادا تەنها لەلایەن کەمایەتییەکەوە بەدەستدەهێنرێتو لەگەڵ ئەمەشدا وەکو بنەمایەك هەڵدەسەنگێنرێت، ئەم هزرانە رەشنووسدەکرێن و تەنانەت دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە، بەڵام ئەگەر هزرە تازەکان باشو مەنتقی بن وەکو دەرەنجامێکی ناچاریی بارودۆخە هەنووکەییەکانو لەناو ئەم بارودۆخەوە هەڵقوڵاوبن ئەوکاتە گشتگیریی بەدەستدەهێنن.

ئەو کەمایەتییەی ئاماژەمان پێکرد دەبێتە زۆرینەو بەدرێژایی مێژوو ئەمە بەسەر هەموو هزرە تازەکاندا هاتووەو هەروەها هزری مسۆگەرکردنی یەکسانییەکی تەواوو واقیعی ژنانیش هەمان سەرکەوتن بەدەستدەهێنن.

لەسەردەمانێکدا ئەوانەی بڕوایان بەخریستیانگەرایی هێنابوو ئەی کەمایەتییەکی بچووك نەبوون؟ هیچ رەتدانەوەیەکی ریفۆرمخوازەکان رووبەرووی هێزە بۆرجوازییە تازەکان نەبۆوە؟

سەرەرای ئەمانەش هەر بردیانەوەو نەیاندۆراند، یاخود لەئیمپراتۆری ئەڵماندا لەبەر ئەو ئاستەنگییە یاساییەی لەبارودۆخی نائاساییدا بۆماوەی دوانزە ساڵ رێگری لێکرا، سۆسیال دیموکرات کۆتایی پێهات؟

هیچ کاتێك سەرکەوتنی سۆسیال- دیموکرات ئەوەندەی ئەوکاتە گەورەو مسۆگەرکراو نەبووە کە هێزەکانی تر لەوکاتانەدا گەمارۆی لەناوبردنیان دابوو بڕوایان وابووە کە لەناوی دەبەن، چەندە پشتبەستن مەنتقییە بەوەی کە بەدرێژایی مێژوو لەهەموو جێگاکانی سەررووی زەمیندا مەلیك خاوەنی دەسەڵاتێکی رەهایە بەبێ کۆتایی بەهەمان ئەندازەش پشتبەستن بەپیشە سروشتییەکەی ژنانیش شتێکی مەنتقییە کە خۆی لەئیدارەکردنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵدا دەبینێتەوە، یەکەم مەلیك لەکوێوە سەریهەڵداوە نازانین

بەهەمانشێوە یەکەم جار کاپیتالیست لەکوێوە بینراوە ئەوەش نازانین، بەڵام ئەو واقیعە دەبینین کە بەدرێژایی سەدان ساڵ مەلیکایەتی زۆر گۆڕانکاریی و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووەو هەتا ئەوکاتەی کە ئیتر بێ هێزو بێ ڕۆڵ بووەو بەپێویست نەبینراوە، ئەمە لەڕابردوویەکی دووردا نەبووەو هەتائێستاش دەبینین کە ڕۆژبەڕۆژ لەلاوازبووندایە، هەموو دەزگا کۆمەڵایەتیو فەرمییەکان کە وەك دەزگای مەلیکین بەشێوەیەکی بەردەوام لەگۆڕاندان هەتا خاڵێك کۆتاییان پێدێت، ئەو روونکردنەوانەی لەم شوێنەوارەدان ئەوە دەردەخەن کە لەبنەمادا شتێکی وەها نییە پێداگربێت لەسەر ئەوەی کە هەر لەئەزەلەوە شێوەی زەواج و ژیانی ژن وەهابووبێت، لەمانە زیاتر بەرهەمی قۆناغێکی پێشکەوتنی مێژوو دەبینین کە هێشتا نەگەشتۆتە ئەنجام، بەر لە(٢٣٥٠)ساڵ (Demothenes)کە پیشەی ژنی وەکو پیشەیەکی تاقانە لەو چوارچێوەیەدا باسکردووە ژنان پیشەکەیان دروستکردنی منداڵی مەشروعو پاراستنی ماڵە، بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم بۆچوونە گۆڕاوە لەمرۆداو شتێکی وەها وەکو تاوانێك لەبەرامبەر ژنان حسابی بۆ دەکرێتو کێ بوێرە ئەم بۆچوونە بپارێزێت، بەڵام بەچی ئەچێت کە لەڕۆژی ئەمڕۆدا هەندێك وشەی بیانی هەیە کە بەبێ دەنگی لەگەڵ بۆچوونی ئاتینایییەکان یەکدەگرێتەوە، دیسان بەهەزاران ساڵ پێش ئێستا یەکێك لەپیاوە ناودارەکانی یۆنانستان ئەو شتەی کە زۆر ئازادانەو سروشتییانە ئاشکرای دەکات هیچ کەسێك بەوێنەی ئەو ناتوانێت بەئاشکرا ئەم بوێرییە نیشانبدات (پێشکەوتن لێرەدا نووستووە)، گەر پێشکەوتنی تازەگەریی ملیۆنان کەس لەزەواجدا نەمەبێت ئەوا لەلایەکی ترەوە کاریگەریی باشی سەرلەنوێ لەسەر پێشکەوتنی زەواج دروستکردۆتەوە، پێش چەند ساڵێك لەماڵی بۆرجواز لادێیەکاندا ئیشی ژن تەنها سنووردار نەبووەو تەنها بەجل دوورینو جل شتنو خواردن ئامادەکرنەوە، ئیتر

هەرچەندە مۆداکەشی گۆڕابێت، بەڵام دیسان ژنان نان ئەکەن‌و چێشت لێدەنێن‌و بیرە دروستدەکەن‌و سابون دەکوڵێنن و مۆم دروستدەکەن.
ئەگەر لەدەرەوەی مـاڵ جلێـك بـدورێت ئەمە بەخەرجییەکی بـێ پێوانـە بـە(زیادەمەسرەف)دەژمێردرێت، ئەم کاروبارانە بەپەیداکردنی رووناکی یان ئاگردانی نەوتی یان ئاگردانی غازی دەبێ، ئەمانەو هەروەها ئەو ئامێرانەی کە ئەمرۆ لەماڵەکان‌و چێشتخانەکاندا دەبینرێت نەدەزانران، لەرۆژگاری ئەمرۆشدا بارودۆخی رابردوو هێشتا هەرماوە، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز، ئەو جۆرە ئیشانەی کە لەکۆنەوە بەئیشی سروشت حسابی بۆ کراون ئیشی پیشەسازیی لەئیشی ژنی ماڵەوە باشترە کە هەرزانترو پراکتیکی ترە، بەمهۆیەشەوە زۆربەی ژنـان وازی لێـدێنن بەتایبـەتی لەشـارەکاندا، چـونکە ئـامێری پێویـستی مـاڵ بەدەسـتناکەوێت، بەمـشێوەیە لـەنێوان چـەند سـاڵێکدا لـەژیانی خێزانیمانـدا شۆڕشێکی گەورە بەرپابووە کە ئێمە گرنگییەکی کەممان پێداوە ئەگەر شیاوی وتنبێـت ئـەو پێـشکەوتنانەی کـە لەبەرچـاوی مرۆڤـدا روودەدەن ئەگـەر هـەر لەخۆیانەوە دروستبن‌و سیستەم تێکنەدەن ئەمە سەرنجی مرۆڤ راناکێشێت، بەڵام رووبەڕووی هزرە تازەکان دەبێتەوە کە هەڕەشەی جیابوونەوەی لێدەکەن لەژیانی رابردوو کۆن، ئەم شۆڕشە کە لەژیانی ماڵەوە دەستیپێکردوو هەتا دەچێت پێشدەکەوێت‌و جێگەی ژنانی لەناو خێزاندا بەرەو ئاراستەیەکی تر بردوو زۆر گۆڕانکـاریی گرنگـی تێـدا دروسـتکرد، ژن ئـازادترو سـەربەخۆتربوون‌و بەڕێوەبەراەتییەکانمان مومکین نەبووە لەرۆژی ئیشدا بیریان لەوە بکردایەتەوە کە بچن بۆ ئاهەنگ، شانۆگەریی‌و کۆنسێرەکان ئەمە شتێکی باشە هەر یەکێك لەژنە پیرەکان وەکو کردەی زۆرینەی ژنەکان جەسارەتیان دەکرد بیر لەوە بکەنـەوەو دەسـتیان هـەبێت لەچارەسـەرکردنی کێـشە گـشتییەکاندا، ژنـان بـەئامانجی جۆراوجـۆرەوە سـەنتەر دروسـتدەکەن، رۆژنامـە دەردەکـەن‌و

کۆبوونەوەکانی پیاوان‌و لەهەندێ جێگادا (باسی ئەڵمانیا دەکەین) بۆ دادگایش مافی هەڵبژاردنیان هەبووە لەساڵی (١٨٩٠)پ.ز لەلایەن زۆرینەی (Reichstog)ی دواکەوتووەوەو سەرلەنوێ ئەم مافەیان وەرگیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی باشی هەبوو پەیوەست بەو ژیان‌و بارودۆخانەوە زۆر لایەنی خراپیشی هەیە کە رەتنەکرابێتەوە، لایەنە باشەکانی زۆربوون، هەروەها کام یەکێك لە کەلەپەقەکان توانای لەناوبردنی ئەو گۆڕانکارییە باسکراوانەی هەیە، هەتائێستا بەگوزارشتێکی گشتی هەرچەندە زۆر خۆپارێزیش بوون ژنان ئەو نزیکبوونەوەیەیان نیشان نەداوە کە ئارەزووی گەڕانەوەیان هەبێت بۆ رابردوو، هەروەها بۆ پەیوەندییە کۆنەکان، هەرچەندەن لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا کۆمەڵگا لەزەمینی بۆرجوازیدایە، بەڵام ناچارنەبووە بەپێشبینیە کۆنەکانی ئەورووپاو بەو دەزگایانەی کە لەڕابردوودا هەبوون خەریکبن، بەمهۆیەشەوە کە باسدەکرێت نزیکبوونەوەیەکی زۆری هەبووە بۆ پەسەندکردنی هزری تازەو دەزگاکانی لەوێ ماوەیەکی زۆر بەچاوێکی جیاواز لەئێمە سەیری بارودۆخی ژنان دەکرێت بۆ نموونە لەدەورویەرماندا کە لەبارودۆخێکی باشتردان وای دەبینن کە ژنان ئەگەر هەتائێستا بەدروستکردنی بیرەو چێشتلێنانەوە خەریکبن ئەمە شتێکی ماندووکەرو زەحمەتەو ماوەیەکی زۆرە کە چێشتلێنانی ژنان لەچێشتخانەکانی خۆیاندا بەکردارێکی بێ واتای حسابدەکەن، چێشتخانەی ناوەند کە هەموو پێداویستییەکانی بۆ مسۆگەرکراوەو هەموو ئامێرەکانی بۆ دابینکراوە جێگای چێشتخانە تایبەتییەکان دەگرێتەوە، لەم چێشتخانە مەرکەزییەدا ژنەکان بەنۆرە ئیشوکاری چێشتلێنان دەکەن‌و خزمەت پێشکەشدەکەن، لێرەدا خواردنەکان خۆشتر دەخورێت‌و جوانتر ئامادە دەکرێت، هاوکات نرخێکی هەرزانیشی لەسەر دەکەوێت، واتە تێچوونی کەمتری دەوێت‌و دەرفەتی گۆڕانکاریی زیاتر لەخواردنەکاندا دروستدەکات‌و زەحمەتییەکی کەمتریشی دەوێت، ئەوانەی کە کۆمۆنیست‌و سۆسیالیستیش نەبوون هەر بەم

شێوەیەیان دەکردو لەناو چێشتخانەکانیاندا سیستەمی چێشتخانەی گشتییان دادەمەزراند، لەپێوانەیەکی گەورەدا مادە خۆراکییەکان دەخەنە سەر ئیدارەکردنێکی پەیوەست بەکڕین و فرۆشتنەوەو ئەو خواردنە شازەی کە خوازیاری خواردنیان لەچێشتخانەی مەرکەزیدا دروستدەکرێت، ئەمە تێچوونێکی کەمتری دەوێت وەك لەئوتێل و لەگەڵ ئەمەشدا بەلایەنی کەمەوە خواردنی باشتر دەخورێت، وەکو دەزانرێت بەملیۆنان خەڵك لەدەوڵەمەندەکان بەدرێژایی ساڵ یان بەدرێژایی وەرزێکی ساڵەکە بەبێ تێربوون لەچێشتخانەی ماڵەکانیان لەئوتێلەکاندا دەژین، ئەمانە رزگاربوون لەچێشتخانەی ماڵەکانیان بەخۆشییەکی زۆر گەورەی دەزانن، بەتایبەتی هەڵوێستی ئەو دەوڵەمەندانەی کە لەدژی چێشتلێنانن و لەدژی ئیشوکارو خەریکبوونن بەئیشی چێشتلێنان، ئەم چالاکییە زیاتر ئەو تێڕوانینە پێشدەخات کە چێشتلێنان پیشەی سروشتی ژن نییە، تەنانەت لەئوتێلەکاندا یاخود لەچێشتخانەکانی دەرەوەی ماڵدا کاتێك ئەرك لەسەرشانی چەند پیاوێکە ئەوە دەسەلمێنرێت کە خەریکبوون بەئامادەکردنی چێشت و خواردنەوە ئیشی پیاویشە، ئەمە سەرنجی هەموو کەسێك رادەکێشێت.

بەمشێوەیە ئیتر لەهەموو شارە گەورەکاندا سیستەمی چێشتخانەی ناوەندی کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە مرۆڤەکان بیریان لەوە کردۆتەوە کە شۆرگەیەکی گشتی وشککەرەوەی گشتی و تەئسیساتی گەرمکەرەوەو ساردکەرەوەی گشتی لەپاڵ چێشتخانەی مەرکەزیدا دروستبکەن کە بەمشێوەیە ئیشە زەحمەتەکان و ئەو ئیشانەی کە وەختێکی زۆریان پێویستە بۆ جێبەجێکردنیان نامێنن، ئوتێلە گەورەکان و زۆر ماڵی تایبەت لەگەڵ خەستەخانەکان و مەکتەبەکان و هەموو شوێنە گشتییەکانی تریش هەر جۆرە تەئسیساتێکی وەکو کارەباو رووناکی و شوێنی بانیۆی هەیە لایەنە خراپەکەی ئەم سیستەمە تەنها ئەوەیە کە سوودمەندی راستەوخۆ لەم سیستەمە تەنها دەزگا رەسمی و چینە دەوڵەمەندەکانە کە دەتوانن

لەم میانەیەوە لەئاستێکی بەرزدا رەفاهیەت و ستانداری ژیان و کات و کەرەستەو هێزی کاری نائاسایی دەستەبەربکەن، لەساڵی (١٨٩٠)دا رۆژنامەکان باسی ئەو پێشکەوتنانە دەکەن کە پەیوەستە بەخزمەتگوزارییە مەرکەزییەکانی وەکو گەرمکەرەوەی مەرکەزی لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا، لێرەدا شتەکانی تریش بەمشێوەیە باسی لێوەدەکرێت.

لەشوێنە تازەکاندا بەشێوەیەکی سەرەکی لەئەمریکای باکووردا لەتەواوی بەرەکاندا خاڵی مەرکەزی دانران بۆ گەرمکردنەوە کە ئەمەش گرنگییەکی زۆری بەدەستهێناو بەشێوەیەکی هەستیارانەو گونجاو ئامانجەکانی پێکاوە بەجۆرێك کە بیر لەم ئەزموون و لەم دەستهاتە مادییانە دەکرێتەوەو چاوەڕواندەکرێت کە زۆر تاقیکردنەوەی تری لەمشێوەیە جێبەجێبکرێت، لەشوێنە تازەکاندا بەتەنها ناوەندی گەرمکردنەوە نا، بەڵکو ناوەندی دابەشکردنی هەوایەکی گونجاو لەساردو لەگەرم بۆ هەموو گەڕەك و کۆڵانەکان دەستەبەرکراوە.

ئەو پراکتیکانەی رۆژانی زوو لەئێستادا بەشێوەی پێشکەوتووترو باشتر جێبەجێدەکرێت، لەئەڵمانیاشدا هەتاکو ئێستا هەموو ئەو پێداویستییانەی ماڵ و چێشتخانەی تایبەتی وەکو بەگەڕخستنی ئەو پیشەسازییە دەستیانەی کە پەیوەستن بەتەکنیکی مۆدێرنەوە سەرەڕای ئەوەی هەندێك خوازیارن ئەو تەکنیکانە بێ رۆڵ بکەن لەڕێگای شۆڕشەوە چونکە بۆرجوازی بچووك لەلای ئێمە حەز بەدروستکردنی ئەم جۆرە پیلانانە دەکەن، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ناپلیۆن بۆ خۆی بیرۆکەی بزواندنی پاپۆڕ لەبەهاردا وەکو بیرۆکەی شێتێك رادەگەیەنێت، بیرۆکەی دروستکردنی رێگای ئاسنین، لای چەند کەسایەتییەکی عاقڵ بە بودەڵەیی دەزانرا، گوایە لەئەنجامی خێرایی رۆشتندا هیچ یەکێك لەسەرنشینەکان دەرناچن و تووشی خنکان دەبن، هەتا ئێستاش کۆمەڵێکی زۆر بیرۆکە هەیە کە هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، پێش سەد ساڵێك ئەگەر

کەسێك پێشنیازی تەئسیساتی ئاوو ئاو دابەشکردنی بەسەر ماڵەکاندا بکردایە بۆئەوەی ژنان لەگۆزەو سەتڵ هەڵگرتنی ڕێگای ئاوهێنان ڕزگاریان بێت ئەوا تاوانبارده‌کرا بەوەی کە ئەم کەسە دەخوازێت ژنان‌و خزمەتچییەکان بەرەو تەمبەڵی ببات، بەڵام شۆڕشی تەکنیك لەهەموو ناوچەکاندا ڕێگای پێشکەوتنی بەرەوپێشەوە بردووە بەجۆرێك هیچ شتێك توانای ڕاوەستاندنی ئەوی نییەو کۆمەڵگای بۆرجوازیش وەك خوڵقێنەری ئەم شۆڕشە لەهەموو ناوچەکاندا خاوەنی ئەرکێکی مێژووییە لەڕووی ڕۆژگارەوە تاکو تۆوی ئەم پێشکەوتنە بکاتە موڵکی هاوبەشی هەموو کەسێك‌و بەشێوەیەکی ڕاست لەسەرریبەتی کۆمەڵگایەکی باڵا لەسەر ئەم بنەمایە پێشبخات، بەواتای پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی لەدوای ژیانی یەهودییەکان لەبیابانی میسردا ئەو پێویستییەی داسەپاند کە ژنان دەبێت بەشداریی بکەن لەهەموو ئەرکە کەلتوری‌و مرۆڤایەتییەکانداو هەروەها لەکاروبارەکانی پەیوەست بەڕای گشتییەوە نابێت چیدی ئەم کارانە تەنها بەکاری پیاو حسابیان بۆ بکرێت، ئەمەش ڕاستییەکە کە ڕێگانادات جارێکی تر ژنان ئاراستەبکرێنەوە بۆ لای ئاگردان‌و گرێبدرێنەوە بەئیشی ماڵەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ژنان لەهێلانە تەنگەکەیەوە دەردەهێنێت، (Laveley) ماف خۆیەتی کە لەوتارێکدا دەڵێت: ئەو شتەی بەشارستانییەت ناسیومانە چەندە بەرەوپێشەوە دەچێت بەهەمان ڕادەش هەستی پەیوەستبوون بەمرۆڤ و بەخێزانەوە لاواز دەکات‌و کاریگەریی کەمی هەیە لەسەر بزاوتنی مرۆڤ، ئەم دیاردەیە ئەوەندە گشتگیرە کە لەمەدا دەتوانرێت یاسای پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی ببینرێت، پۆلێنکردن تەنها بۆ بارودۆخی ژنان نەبووە، بەتایبەتی لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا لەئاستێکی زۆر لەئێمە بەرزترەو ئاستی پەروەردەکردنی تاکەکان بۆ سەربەخۆیی تاك هەر لەسەرەتاوە ئەو سەربەخۆییەی کە نەدەزانرا هێدی هێدی بارودۆخی ئەو کوڕوکچە قازانج کراوانەی لەخێزاندا پۆلێنکرد، ئەم

پێشکەوتنەش کە خاوەنی چەند لایەنێکی خراپ، لەگەڵ ئەمەدا لەنێو پەیوەستبوونێکی ناچاریدا نییە سەرچاوە دەگرێت، لەباروذۆخی کۆمەڵایەتی رۆژگاری ئەمڕۆمانەوە کۆمەڵگای بۆرجوازی لەگەڵ ئەوەی هیچ لایەنێکی تاریکی دیارنییە هیچ لایەنێکی دڵخۆشکەریشی لێوە نابینرێت، هەروەکو (Fourier) زۆر عاقڵانە ئەم واقیعە شیدەکاتەوەو دەڵێت: هەموو پێشکەوتن‌و بەرەوپێشەوەچوونەکانی بۆرجوازیی یان دوو لایەنەیە یاخود ناکۆکیی تیایە.

(D.schoffle) هەروەکو(Laveleye) کارەکتەرە گۆڕاوەکانی خێزانی ئەمڕۆ وەکو کاریگەریی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێت‌و دەڵێت: ئەگەرچی لەناو هەڵقوڵانی مێژوودا لەژێر ناوی هەمەجۆردا رۆڵی ئازادی خێزان بەرەو دواوە دەگەڕێنرێتەوە واز لەو رۆڵە دەهێنێت کە بریکاری پێبەڕێوەدەبرێت‌و هەروەها رۆڵی کاتیی خێزان هەڵدەوەشێنێتەوەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دەزگا سەربەخۆکانی وەکو یاسا، سیستەم، دەسەڵات، ئاین، پەروەردە، تەکنیك دەهێڵێتەوە وەلێ ئەم دەزگایانە ئەو بۆشاییە بۆخۆیان دەقۆزنەوە بۆ پێکهێنانی رۆڵی کۆمەڵایەتی، ئیتر ئەم رۆڵە چۆن دەگێڕن یاخود نایگێڕن ئەوە دەکەوێتە سەرخۆیان.

## ٢- شارەزاییە هزرییەکانی ژن :

ژنان ئێستا کەمایەتییەکن‌و لەناو ئەمانیشدا بەشێکی بەئامانجی ئاشکرا بەردەوامن لەسەر فشار، ئەوانە هێزی خۆیان تەنها لەئیش‌و پیشەکانیاندا بەهێزی پیاو بەراورد دەکەن‌و نایانەوێت لەخێزاندا بارودۆخێکی ئازادترو سەربەخۆتر بەدەستبهێنن‌و خوازیارن هێزی فکرییان لەئاستی رای گشتیدا هەڵبسەنگێنرێت لەبەرامبەر خۆیان ئەو ئیشوکارانە هەڵدەبژێرن کە توانای سروشتی پێی

بەخشیون، هەروەها کێشەوگرفتی پەروەردە کەمینەیەك لەژنان پەیوەستدەکات بەخۆیەوە لەکۆمەڵگادا، بەڵام خاوەنی گرنگییەکی سەرەکییە، بەشێکی زۆری پیاوان بەشێوەیەکی زۆر جدی بڕوایان وایە کە ژنان لەڕووی فکرییەوە پێویستە بەردەوام لەخوار ئەوانەوەبن‌و هەروەها ژنان ماف یەکسانییان لەگەڵ ئەواندا نییە، بەمهۆیەشەوە ئەوان بەهەموو جۆرێك لەدژی ئەم رەنج‌و تێکۆشانەن، بەشێوەیەکی گشتی ژنان هەتا دواڕادە ماندووکەرن، بەزۆری مەترسیدارەکان ژنێتی وەك مەترسییەکی گەورە دەکەنە ئامێری هەڕەشەکردن‌و هەمان ئەو پیاوانەی کە دایکێتی وەکو تاکە ئەرك بۆ ژنان دادەنێن ناڕازین لەبەرامبەر ئیشی ژنان‌و بەهیچ شێوەیەك ئاستەنگی‌و مەترسییەکانیان نابینن، هەروەها خوازیارن کە ژنان لەدەرەوەی ئەو پیشانە بگرن کە بەشێوەیەکی باش گونجاوە لەگەڵ زەمینی جەستەیی ژناندا، بەتایبەتی لەئەڵمانیادا زۆر بەقوڵی گروپی دژایەتی بەهێزو توانایەکی زۆرەوە دروستبوون لەدژی مۆڵەتدان بەخوێندن‌و فێربوونی کچان لەزانکۆکانداو دەستیانکرد بەپروپاگەندەو راگەیاندنی نابەجێ لەم بوارەدا بەتایبەتی لەدژی خوێندنی ژنان بوون لەکۆلیژی پزیشکیدا.(-Fehling pochhamer-s.binder-Hegar)و زۆر کەسی تر لەو کەسانەیان پێکدەهێنا کە دژایەتیەکەیان دەکرد بەگوێرەی(Barenbach) هەتا ئێستا هیچ زاناو فەیلەسوفێکی ژن دروستنەبووەو بەبەهانەی ئەوەی کە گوایە ژنان لایەنی کەمیان هەیە بۆ فێربوونی فەلسەفە، (Barenbach)یش بڕوای بەم دژایەتییە هەیە ئەگەر لەسەرڕووی زەمیندا ژمارەیەکی زۆر فەیلەسوف پیاو هەیە ئەوا زۆر بەئاسانی دەتوانرێت لەفەیلەسوفایەتی ژنان پەشیمان ببنەوە، ژنان خاوەنی هێزی سەلماندن‌و بنەمایەکی دروستنین کاتێك ئەمە دەوترێت، دەبێت دەرفەتی فێربوون‌و پەروەردەکردن بەژنان رەوابببینرێت، چونکە هەتائێستا ئەمە بۆ ژنان نەڕەخساوەو بەهەزاران ساڵ لەژێر فشاردا ماوەتەوەو دەرفەتی

خۆپــەروەردەکردن‌و پــەروەردەکردنی هێــزو فیکــری لــێ ســەنراوەتەوەو ئــەم هێزانەیان لەژندا لەناوبردووە، بڕوانەهێنان بـەوەی کـە ژنـان خـاوەنی هەسـتێکی زیـاترو هەسـتیاربوونێکی دیـارترن، شـتێکی پێچەوانەیە بەئەوەنـدەی بڕواهێنـان بـەهێزی پیـاو، بـەڵام هـەر لەمامۆسـتایەکی لادێ دەتوانێـت هێـزی خـۆی لـەناو خوێندکارەکانیدا بناسێت‌و لەگەڵ ئەمەشدا چەندە بـەهێزیش بێت بـەهۆی کـەمی توانای پەروەردەوە هەستدەکات کە پێشناکەوێت، بـەڵێ هـەمووومان شـارەزایی‌و زیرەکیمان کاتێك پێشدەکەوێت کە زەمینەی گونجاوو هەلی لـەبارمان هـەبێت بـۆ پەرەپێدانی هێزەکانمان‌و ژنـان بەدرێـژایی هـەزاران سـاڵ لـەبواری هزرییـەوە زۆر زیـاتر لـەپیاوان لـەژێر فـشاردابوون و شـارەزایی‌و زیرەکییـان کوێرکراوەتـەوەو سەرکوتکراوەتەوە لەژێر هەلومەرجی سروشتیدا بینینەوەی دەرفـەتی پێشکەوتن هەبێت، دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ پێشکەوتنەکانی ژنان‌و پیاوانیش بکرێت لـەڕووی شارەزایی و زیرەکی‌و هێزی هزرییەوە کە لەم رووەوە خاوەنی پێوانەیەك نین.

ئەمڕۆ جیهانی مرۆڤ وەکو جیهانی رووەك وایەو کاتێك بەملیۆنان تۆوی بەنرخ‌و باش هەڵدەوەرێنە سـەرزەوی، بـەڵام بـەهۆی بـێ پـیتی زەوییەکـەوە یـاخود بـەو هۆیەوە کە پێش هەڵوەرینی تۆوەکـە زەوییەکـە داگیرکـراوە بـەتۆوی تـرو هـەموو خـۆراك‌و هـەواو روونـاکی لێوەردەگیرێـت‌و رووەکـە تازەکـە هـیچ پێشناکەوێت‌و گەورەنابێت، هەمان یاسای سروشت گرنگە بۆ ژیانی مرۆڤیش، ئەگـەر باخـەوانێك یـاخود جوتیـارێکی بـێ ئـەزموون هەسـتێت بەقـسەکردن لەسـەر ئـەوەی یـەکێك لەڕووەکەکانی بەباشی پێشنەکەوتووە ئەوا لەلایەن هەموو دراوسێ خاوەن عەقڵ‌و خـاوەن ئەزموونەکانــەوە بەکابرایــەکی بودەڵــە ناودەبرێــت، هــەروەها بــۆ بەدەسـتهێنانی ئـاژەڵێکی باشـی بـێ قـسور ئەگـەر هەسـتێت بەڕەتکردنـەوەی جوتبوونی یەکێك لەئاژەڵە مێینەکان لەگەڵ یـەکێك لەئاژەڵـە رەسـەنە نێرینـەکان هەمان رووداو دەبینینەوە.

ئیتر لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا هیچ لادێیەکی وەها نابینین کە لەسەر شێوازی تازەو عاقڵانە رووەکو ئاژەڵەکانیان بەخێو نەکەن، گرفت لێرەدا ئەوەیە کە ئایا زەمینەو ئیمکانییەتەکان، چەندە دەرفەت‌ومۆڵەت دەدەنە پراکتیزەکردنی ئەو توانا هزرییە، بەڵام تەنانەت مرۆڤە خاوەن زانستەکانیش ئەو شتانەی وەك یاسا دەژمێرن‌و رەتناکرێتەوە بۆ جیهانی کۆنەپەرستی‌و نایانەوێت لەجیهانی مرۆڤدا بەگرنگیی بمێنێتەوە، بەڵام دیسان هەموو کەسێك بەبێ ئەوەی خاوەنی زانست بێت سروشتی ئەتوانێت تێڕوانینی خۆی لەژیاندا بخاتەڕوو، بۆچی جیاوازی لەنێوان منداڵانی شارو لادێدا دروستدەبێ؟

بۆچی منداڵی کەسی دەوڵەمەند لەمنداڵی کەسێکی هەژار لەڕووی تایبەتمەندیی‌و زهنی‌و شێوازی جەستەیی‌و دەموچاویان جیاوازن لەیەکتریی، ئەمانە سەرچاوە دەگرن لەجیاوازیی بارودۆخی پەروەردەو هەلومەرجی ژیانەوە، ئەو یەك هێڵی نووستووە لەژێر پەروەردەی پیشەکەیدا، تایبەتمەندییەکی تایبەت دەداتە مرۆڤ لەزۆربەی نموونەکاندا بەشێوەیەکی زۆر ئاسان لەدەموچاوی هەڵسوکەوتی مامۆستایەکی مەکتەبدا یاخود هی راهیبێکدا دەبینرێت، بەهەمانشێوە فەرماندارێك لەناو جلی مەدەنیشدا هەر دەناسرێت، پێڵاودروویەك لەگەڵ سەربازێکدا بەئاسانی لەیەك جیادەکرێنەوە، دوانەیەکی وەکو یەك کە پیشەکانیان جیاوازن لەیەکتریی، بۆنموونە یەکێکیان پەروەردەی فەلسەفی بکرێت، یەکێکیشیان پەروەردەی فێربوونی ئاسنگەریی بکرێت کە تەمەنیان بەرەوپێشەوە بڕوات جیاوازیی لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت، لەلایەکەوە گونجانی تاکەکەس لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا لەلایەکی ترەوە شێوازی پەروەردە هەروەکو لەجیهانی ئاژەڵدا بەدیدەکرێت، بەهەمانشێوە لەپێشکەوتنی مرۆڤدا رۆڵێکی گەورەی هەیە، بەتایبەتی مرۆڤ لەناو هەموو بوونەوەرەکانی تردا خاوەنی تایبەتمەندیی نەرم‌وبەخێوکەرەو مرۆڤێك بۆئەوەی مرۆڤێکی تر دروستبکات

شێوازی پیشەکەیی و ژیانێکی تر بۆماوەی چەند ساڵێك بەبەس دەزانرێت مرۆڤێك لەبارودۆخێکی هەژارەوە کاتێك دەچێتە بارودۆخێکی باشترەوە گۆڕانکارییەکانی لەڕووی دەرەوە بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشانە خۆیدەردەخات، رابردووی مرۆڤ بەلایەنی کەمەوە لەکەلتوری هزری مرۆڤدا رەنگدانەوەیەك دروستدەکات و هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە زۆربەی مرۆڤەکان لەدوای تەمەنێکەوە هیچ هەوڵێکی خۆپێشخستن نادەن لەڕووی پەروەردەی هزرییەوە یاخود هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئەم بوارە بەپێویست نازانن، کە لەپاشاندا ئەوانەی بەمشێوەیەن ئازاری ئەم کەموکوڕییە دەچێژن، لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کە تەماشای پارەو لایەنی ماددیی بکرێت لەکابرایەکی خاوەن ئەقڵ و زیرەکییەکی زۆر زیاتر ئەگەر ئەو کەسە کەسێکی هەژاربێت و پلەوپایەی دەسەڵاتی نەبێت لەبەردەم پیاوێکی دەوڵەمەندی پارەداردا دەکەوێتە هەڵەکەسەما، پەرستنی دەوڵەمەندیی لەڕۆژگارەکانی ئەم زەمانەدا هیچ کەم ناکات، بەڵام دیسان (لەباشترین زەمەندا دەژین ژیاوین).

لەبنەماوە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان و ئاستی پەروەردەی تاکەکان مرۆڤ دەهێننە چ ئاستێك دەتوانین لەنموونەی ناوچە پیشەسازییەکاندا بیان بینین، لەوێدا کرێکار و خاوەن کارەکان لەشێوەدا هەر ئەڵێت: جیابوونەتەوە بۆ دوو رەگەزی مرۆڤی جیاواز بەمشێوەیە بیسەروبەرییەکیان دروستکردووە، ئەم جیاوازییە بەهۆی کۆبوونەوەیەکی هەڵبژاردنەوە لەزستانی ساڵی (١٩٧٧)بەشێوەیەکی زۆر زەق تێبینی دەکرا، لەو کۆبوونەوەیەی کە لەگەڵ پرۆفیسۆرێکی لیبرالدا قسەدەکرا بەشێوەیەك کۆبوونەوەکە رێکخرابوو کە بەیەکسانیی نوێنەرایەتی دوو حیزب بکات، بەشی پێشەوەی هۆڵەکە بەلایەنی بەرامبەر پڕبووەوە ئەمان زیاتر لەو کەسانە پێکهاتبوون کەسی بەخۆو بەهێزو تەندروستدار لەبەشی دواوەی هۆڵەکەشدا کرێکاران و بۆرجوازی بچووك بەپێوە وەستابوون، ئەمانیش لەو کەسانە پێکهاتبوون ترس و گومان دەخوێنرایەوە هەر

یەکێکیان نوێنەرایەتی بنەمایەکی جیهانی بۆرجوازیی بوون کە ئەم سێگۆشەیە بەبنەما وەربگرین بۆ بارودۆخی ژیانێکی گونجاو لەڕووی زۆرینەوە تێکەڵو پێکەڵو بێسەروبەری نامێنێت، پاشانیش بەدڵنیاییەوە هیچ جیاوازییەك نامێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی چەواشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو ژناندا زەحمەتترە وەك لەناو پیاواندا، ژنان سەبارەت بەبارودۆخی تازە گونجاوترن‌و زووتر لەگەڵ تازەگەریدا رادێن، هەروەها ژنان زۆر بەخێرایی ژیانی تازەو باش هەڵدەبژێرن‌و تایبەتمەندیی خۆگونجاندنی ژنان شارەزاییەکە لەژناندا کە رێژەکەی زۆرترە وەك لەپیاوە تەمەڵەکاندا، چۆن بۆ رووەك زەوییەکی باش رووناکی‌و هەوا پێویستە بەهەمانشێوە هەمان بارودۆخی کۆمەڵایەتی تەندروستدار کە مۆڵەت دەداتە پێشکەوتنی چالاکییە جەستەیی‌و هزرییەکان بۆ مرۆڤ پێویستە، هەندێك بەشێوەیەکی تاکلایەنانە گوزارشت بۆ هزرێکی هاوشێوە ئەوەی جێگای باسە تەنها ئەوە نییە کە مرۆڤ چی بخوات، بەڵکو لەهەمو لایەنەکانی ژیانە ئەوەی کە هاندەرەو لەهەمانکاتدا ئاستەنگە لەبەردەم پێشکەوتنە فیکریی‌و بەدەنییەکاندا، هەروەها ئەوەی کاریگەریی هەیە گونجاوو نەگونجانی هەڵسوکەوتەکانی هەست‌وسۆزەکانی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە کە تێیدا دەبزوێت، هەروەها ئەو مرۆڤانەی لەبارودۆخی ماددیی باشدان لەدەرەوەی ئەو چوارچێوە تەنگەی پەیوەندیی ناکەن یاخود لەچوارچێوەی ماڵەکەی خۆیاندا هەموو رۆژێك ئەوە دەبینن کە چەندە کاریگەریی رووداوە نەگەتیڤەکانی کارەکتەری کۆمەڵایەتیان لەسەر دروستدەبێت‌و هەروەها ئەم کاریگەرییە چەندە هۆکارە بۆ پاڵپێوەنانی ئەوان بۆ رێگای هەڵە تەنانەت ئەو بارودۆخە گشتییەی کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین خاوەنی گرنگییەکی گەورەترە وەك لەباوردۆخی خێزان.

بارودۆخی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەکاتێکدا بۆ هەردوو رەگەزەکە وەك یەکە کە بۆ هیچ یەکێکیان هیچ ئاستەنگێك نەبێت، هەروەها هەلومەرجی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگا راستودروستبێت ئەوکاتە ژنانیش ئەگەنە کارەکتەری تەواو کامڵو باڵا، لەبەرئەوەی لەمێژووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا تاکو ئێستا ئەم بارودۆخە نەبینراوەو لەم بابەتەدا هێشتا خاوەنی فیکرێکی راستودروست نین، هەندێکجار ئەو ژنانەی کە سەرکەوتن بەدەستدەهێنن رێگا ئەکەنەوە بۆ ئەزموونی تازە، چونکە ئەوانە هاوشێوەی پیاون هەروەکو چۆن کە لەکوتلەی هاورەگەزەکەی خۆیدا دەردەکەوێت بەهەمانشێوە بەرزی ئەکەنەوە، بۆ نموونە ئەو پێوانەیەی کە پاشاکان بەکاردەهێنرێت لەمیانەی ئەم رێگایەوە سەلمێنراوە کە شارەزایی ژنان لەپیاوان زیاترە لەبواری کارگێریدا، بۆ نموونە ئیزابیلا کاستیلیانو بلانچەو هەروەها ئەلیزابیسی ماکاریستانو میلانۆو کاسرینا سڤۆرزاو ئەلیزابیسی ئینگلتەراو کاترینای روسیاو هەروەها ماریا سێریسیا ژنانی دیارن، ژنان لەهەموو جێگاکانی ئەم دنیایەدا لەناو هەموو رەگەزەکاندا لەوەحشیترین کۆمەڵگەوە هەتا نەرمترینیان بەشێوەیەکی تەواو هێزی ئیدارییان پیشانداوە بەپشتبەستن بەم واقیعە (بوربـاچ)پێیوایە کە ژنان خاوەنی خەسڵەتی زۆر گونجاوترن بۆ بەرێوەبردنی سیاسەت وەك لەپیاوان، لەساڵی(١٩٠١)دا کاتێك ڤیکتۆریای شاژنی ئینگلتەرا مرد رۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئینگلتەرایی پێشنیازیکرد لەبەرئەوەی لەمێژووی ئینگلتەرادا شاژنەکان رۆڵی زیاترو باشتریان بینیوە لەبەرێوەبەرایەتیدا وەك لەپاشاکان لەبەرئەمە لەئینگتەرادا تەختی پاشایەتی بۆ رەگەزی ژن بێت، زۆربەی پیاوە گەورەکان هەرکاتێك لەخۆیاندا ئەمە ببیستن بەپێوانەیەکی زۆر دیاردەکە بچووکدەکەنەوە، لەلایەن مێژوونووسانی ئەڵمانیاوە بۆنموونە لەلایەن (سیبەلی) مێژوونووسەوە (کۆنتمیرابۆ) لەشۆرشی فەرەنسادا وەکو کەسێکی چالاك دەبینرێت، بەڵام لێکۆڵەرەوەکان ئاشکرایانکرد کە گەڵاڵەنامەی هەموو قسەکانی قەرزاری هەندێك زانان کە سوودیان بەو گەیاندووەو بەشێوەیەکی بێدەنگ ئیشیان بۆکردووە، لەلایەکی ترەوە هەندێك کەسایەتی بەرێز هەبوون کە

پێویـــــستە بەبیربهێنرێنـــــەوە وەکـــــو (Sappho)لـــــەکاتی ســـــوکراتدا (Ditime)لەئالکسەندراوە هیپاتیـا.. هتـد، کـە لەچـاو ئەمانـەدا پیـاوان وەکـو ئەستێرەیەکی کوژاوەیان لێدێت بەهەمانشێوە ژنان وەکو دایك چ کاریگەرییەکیان لەســـەر پیـــاو هەیـــە، دەزانرێـــت ژنـــان لـــەبارودۆخی ناگونجـــاودا ئـــەوەی لەدەستیانهاتووە کردوویانە، لەڕاستیدا لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە ژمارەیەکی زۆری ژنان لەو بوارانەدا جێگایان گرتەوە کە پیاو تیایدا کاردەکاتو ئەو ئەنجامەی کە بەدەستهاتووە هەتا دواڕادە جێگەی ڕێزە، بەڵام باوای دابنـێین کە بەشێوەیەکی گشتی ژنان ئەوەندەی پیاوان خـاونی لێهـاتوویی پێشکەوتوویی نین‌و لەناویاندا زاناوفەیلەسوف نییە، ئـەم بارودۆخـە بـەگوێرەی یاسـا مەسـەلەی فەیلەسوف‌و زانا لەکاتی ئامازەدان بەیەکسانیی وەك پێوانەیەك بۆ پیاوان حسابی بۆکراوە؟ هەمان زاناکان ئەوانەی کـە لێهـاتوویی ژنـان نـەهی دەکـەن‌و ئینکـاری لـەبوونی ئـەو لێهاتووییـە دەکـەن هـەمان نزیکبوونـەوە لەبەرامبـەر کرێکـاران‌و پیـــشەسازکارانیش دەکـــرێ، کەســـە دەوڵەمەنـــدەکان کـــە پـــشت دەبەســـتن بەڕەگوریشەی خۆیان بەگاڵتەجارییەوە پێدەکەنن‌و بسکەی سمێڵیان دێت، بەڵام لەبەرامبەر پیاوانی چـینی خـوار خۆیـان وەکـو ئەرستۆکراتێك دائـەنێن کـە تـەنها بارودۆخی ژیانیان گەیشتیان بەو ئاستە نابینن، بەڵکو پیاوانی چینی خوار خۆیان لەبەرامبەر خۆیاندا بەقەرزار دەزانن کە گوایە شارەزایی‌و لێهاتوویی ئەمان زیاترە لەلایەکەوە ئەو پیاوانەی کە لەناو مـزرە راسـتڕەوەکاندا دەبینـرێن‌و ئـەو کەسـانە بـچووك دەکەنـەوە کـە وەك خۆیـان ئازادانـە بیرناکەنـەوە لەکاتێکـدا کـە غـروری ساختە یان بەرژەوەندیی چینایەتی خۆیان بۆ جێگای ئامازەپێکردن سەیرئەکەین ئەکەوێتە ناو تێڕوانینێکی تێکەڵو پێکەڵو جاهیل‌و سنوورەکانی خۆی دەبەزێنێ، جیهـانی پیـاوانی دەوڵەمەنـدی چـینی سـەرەوە جیهـانێکی داسـەپێنراوە بەسـەر جیهانی پیاوانی چینی خوارەوەدا بەهەمانـشێوە جیهـانی تـەواوی پیـاوان هـەمان

جیهـان دادەسـەپێنن بەسـەر ژنانـدا، زۆربـەی پیـاوان ژنـان جگـە لـەئامێرێکی سەماکەرو وەك ئامێرێك بۆ سوودەکانی خۆیان کە بەکاریدەهێنن بـەهیچ شـتێکی تری نازانن، بۆیە هەرگیز چاوەڕوانی هەڵسەنگاندنی یەکسانییان لێناکرێت، ژنـان پێویـسته ملکـەچو روخۆشـبن‌و بەهــەموو نزیکبوونەوەیـەك خـۆی بەماڵــەوە سنووداربکات‌و هەموو شتەکانی خۆی بەجێبهێڵێت بۆ خـاوەن عـەقڵی مـاڵ، ژنـان پێویسته دەربارەی ژیانی خۆیان چاوەڕوانی بڕیـاری بـاوك یـان مێردەکانیـان بـن ئەگەر لەئەنجامی ئەو بڕیارانەدا تووشی زۆرتـرین نەهامـەتی‌و زەحمـەتی،ژیـانیش ببێتەوە دەبێت بەرگەی بگرێت‌و خۆڕاگربێت، ئەگەر لەبواری مـاددیی‌و مەعنەویـدا وێران ببێت ئەوکاتە ناوئەبرێت بەژنێکی ئاقڵ‌و باش‌و بەئەخلاق، بـەم ناونیـشانانە پیایدا هەڵدەدرێ، بەڵام کاتێك کە ئاماژە بەیەکسانیی گشت مرۆڤایـەتی دەکرێـت نیوەی رەگوڕیشەی مرۆڤ ناتوانرێت بەدەربکرێت لەم واقیعە.

ژنان وەکو پیاوان بەیەکسانیی ماف پێشخستنی فیکرو بەکارهێنانی فیکری خۆیان هەیـە بەشـێوەیەکی ئازادانـە ئـەویش وەکـو پیـاو مرۆڤـەو دەبێـت خـاوەنی ئـەو ئازادییەبێت کە هەڵس‌وکەوت لەسەر خۆی بکات بەبۆچوونی خۆی بەلـەدایکبوونی ئەو وەکو ژنێك نابێت هیچ لەوە بگوڕێت ژنان بۆئەوەی وەکو ژن لەدایکبوون نـەك وەك پیاو، لەمەدا چەندە ژن بێتاوانە پیاویش بەهەمانشێوە، ئەگـەر بەیەکـسانیی سەیرنەکەین ناحەقییەکی گەورەیە دەربارەی ماف‌وئازادییە یاسایی‌و دینییـەکان، هەروەها هیچ شتێك لەمە بێماناترنییە کە دوو مرۆڤ بەهۆی جیاوازیی رەگەزییـەوە یـان نەتەوەییــەوە وەکـو دوژمــن سـەیری یـەکتریی بکـەن، پێـشکەوتنی مـرۆڤ گوزارشتە لەلەناوبردنی هـەموو ئـەو کۆنەپەرستییەی کـە رەگـەزێك بەرەگـەزێکی ترەوەو چینێك بەچینێکی ترەوە گرێدەدات لەپێناوی گەیشتن بـەو ئامانجـەی کـە سروشت‌و عەدالەت یەك یـەك بەرهـەمی هێنـاون جگـە لەناعەدالـەتی دروسـتکراوە هـیچ مـافێکی ناعەدالـەتی سروشـتی جێگـەی بـاس نییـە، هاوکـات سـنوورەکانی

سروشــت هــیچ رەگــەزێك تێناپــەڕێنێتو پێـشێلی ناكــات، چــونكە لەحاڵــەتی پێچەوانەدا ئامانجەكانی سروشت لەناودەبرێت.

## ٣-جیاوازیی لەتایبەتمەندییە فیكریی و جەستەییەكانی پیاوو ژن:

ئــەوەی وەكــو خــاڵێكی لاواز بــۆ پــەیڕەوكردنی ناعەدالــەتیی نێــوان ژنوپیــاو بەكاردەهێنرێت ئەوەیە كە مێشكی ژن لەمێشكی پیاو بچووكترە، هــەروەها ژن دواكــەوتووترە لــەپیاو لــەزۆر بابــەتی تریــشدا، بەمــشێوەیە هەمیــشە بڕوایــان بــەخۆیانو ژن هێنــاوە، بەمــسۆگەری كۆمــەڵێك جیاوازیــان لــەنێوان ژنوپیــاودا بینیوەتــەوە لــەڕووی بارودۆخی دەروونیــیو جەسـتەییەوە لەسـەر بنـەمای ئـەو ئەركانــەی كــە پێویــستە جێبــەجێبكرێن بــۆ گەیــشتن بــەئامانجی سروشــتی هــەر رەگەزێكو لەسەر ئەو بنەمایەی كە هەردوو رەگەزەكە خاوەنی ئۆرگـانی تایبـەتو گونجاون لەئامانجی جنسیدا، بەمــشێوەیە هــەردوو رەگەزەكــە وەكــو دوو مرۆڤــی جیاواز وان ئەمانەی كە بەمشێوەیە قسەی لەسەر دەكرێـت دیـاردەی وەهـان كـە رەتنەكراونەتەوەو هەرگیزیش رەتناكرێنەوە، بەڵام ئەمانە هۆكـاری ئــەوتۆنین بــۆ دروستكردنی جیاوازیی لەعەدالەتی مافی كۆمەڵایەتیو سیاسـی نێـوان ژنوپیـاودا، مرۆڤایەتیوكۆمــەڵگا لــەدوو رەگــەز پێكدێت بــۆ بــەردەوامبوون لەســەر بــرەودان بەمانــە ناتوانرێــت هــیچ یــەكێك لەڕەگــەزەكان رەتبكرێنــەوە، كــام پیــاوەی زۆر شارەزاو بەناوبانگە لەدایكێكەوە لەدایكبووە كە قەرزاریـەتی، لـەم حاڵەتـەدا بـەچ حەقێك نكوڵی لەعەدالەتی ژنوپیاو بكرێت؟

بەگوێرەی بۆچوونی دەسەڵاتە ناودارەكان گرنگترین جیاوازیی لەتایبەتمەندییە رۆحیو جەستەییەكانی ژنوپیاودا بریتییە لەدرێژی باڵا كە بۆنموونە بەشێوەیەكی گــشتی بــاڵای پیــاوان (١٧٠)ســم، بــەڵام بــاڵای ژنــان (١٦٠)ســم، هــەروەها

لە(vierordt)دا پیاوان (١٧٢)و ژنانیش (١٦٠)سم، هەروەها بەگوێرەی (Krause) لەئەڵمانیای باکووردا پیاوان (١٧٣)سم و ژنان (١٦٣)سم، بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی باڵا لە(١٠–٢٠)سم، هەروەها ئەوانەی باڵایان (٩٣–١٠٠سم) بەشێوەیەکی گشتی (٦٥)کگم و (٥٤)کگم یان بۆ حسابدەکرێت، هەروەها درێژیی ران‌و پشت لەژندا جیاوازیەکی زانراوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر زیاتر لەڕاستی ئاماژەی پێدەکرێت، ژنێکی باڵا مامناوەندیی جیاوازییەکەی لەگەڵ پیاوێکی باڵا مامناوەندا تەنها ئەوەیە کە لەقاچدا(١٥)ملم لەپیاو کورتترە لەگەڵ ئەمانەشدا (Pfitzner)بەگومانە لەوەی ئەم جیاوازییە ببینرێت‌و هەستی پێبکرێت.

درێژی باڵا، درێژی سمت‌و ران‌و درێژیی قاچ تەنها کاریگەریی لەسەر ئەو ئەندامەی لەش هەیەو بەتەواوی جیاوازە لەجنسیەتەوە، لەبەرامبەر ئەمەدا قۆڵی ژن بەشێوەیەکی ئاشکرا لەقۆڵی پیاو کورتترە (٩١,٥–١٠٠)جگە لەوەی دەستی پیاو گەورەو قەبەیەو پەنجەی ئەڵقە زۆر درێژترە لەپەنجەی ئاماژەی، بەڵام لەژندا پێچەوانەیە، بەمهۆیەوە دەستی پیاو لەدەستی مەیمون دەچێت، قۆڵی درێژیشی هەر بۆخۆی شێوەیەکە لەقۆڵی مەیمونی پیتەکویید، کاتێ دێینە سەر گەورەیی کەلەی سەر وەکو (٩٤-١٠٠)بەرزی کەلەی سەری ژن‌وپیاو حسابدەکرێت، بەڵام وەکو ئەوەی دەبینرێت (١٠٠,٨-١٠٠)ئەمەش بۆ ژنە بەشێوەیەکی رەها بچووکترە بەگوێرەی (Pfitzner)بەشێوەیەکی جێگری بەرزی کەلەی سەر (٩٦,١:١٠٠)، بەڵام بەرزیی کەلەسەری پیاو لەچاو هی ژندا (١٠٣:١٠٠)لێرەدا کە لە بەرزی ژن زیاتر دەبینرێت، ئێسقانی ژن بچووکترەو باریکترەو نەرمترەو خاوەنی ڕوویەکی سافە بۆئەوەی ماسولکە لاوازەکان یەکبگرن پێویستییەکی کەمتر هەیە بەڕوویەکی قەبە کەم پێشکەوتنی ماسولکە لەژناندا یەکێکە لەتایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکان، ئەم ماسولکانە دانەدانە لەئەستوورایە کەمەکاندا دەبینرێن جگە لەمە ماسولکەکانی ژنان نەرمترو ئاودارترن، (بەگوێرەی V.biraya)ڕێژەی

لەژنانـــدا (٧٤,٤٪)لەژنانـــدا بەرێژەیـــەکی دیـــارتر پێـــشکەوتووەو ســـنگی ژن بەشێوەیەکی رێژەیی کورتوقەڵەوەو جیاوازییـەکانی تـر پەیوەسـتن بـەئامانجی جنـسییەوە، هەنـدێك لەنووسـەرەکان ئامـاژە بـەجیاوازیی ئۆرگانـە ناوەکییـەکان دەکـەن بـەزۆریش بۆچـوونەکانیان لەگـەڵ یەکدا نـاکۆکن، بۆنموونـە بـەگوێرەی (Vieordt)قورسـایی دڵـی پیـاو لەبـەدەنی (١,٢٥)، هـەروەها بـەگوێرەی (cleundinning (١,١٥٨)بـەگوێرەی هـەمان نووسـەر لەژنـدا (١,٢٠٦و ١,١٤٦)، بەشێوەیەکی گشتی کاتێك پێوانـەی قورسـایی ئۆرگـانی نـاوەوەی ژنێـك بـچووك بکرێت قورسـترەو بەشـێوەیەکی گشتی ئـەتوانرێت ئـەم رایـە پەسـەندبکرێت کـە دەوترێت قورسی دڵی پیاو(٣٥٠)گم هەروەها قورسی دڵی ژن (٣١٠) گم-سەبارەت بـەخوێن رێژەیـەکی زۆری ئـاو(٨٠,١٪ بـۆ ٧٨,١٥٪)بـەگوێرەی (Ellis)جیـاوازیی خـوێن لـەنێوان ژنوپیـاودا (٨٪)لەبەرئـەوەی کـە دڵـی ژن بـچووکە سیـستمی دەمارەکانی تەسکن، پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت کە رێژەیەکی زۆر ئاو لەخوێنیدا بێتو خۆراکێکی کەمی دەوێتو کەمتر مادە خۆراکییەکان سەرفدەکات، هـەروەها بێهێزیـی ئێسقانی چـەناگە لەمـەوە دیاریـدەکرێت، هـەروەها پیـاوان لـەرۆژگاری ئەمرۆشـدا لـەزۆر رووەوە لەحـەیوان دەچـن، بەتایبـەتی مـەیمون پیـاو نـزیکترە لەمەیمونەوە وەك لـەژن ئەمـە جگـە لەپێشکەوتنی ئێسکە پەیکـەری دەموچـاوو درێژیی قۆڵوقاچ کە بەیەکێك لەکارەکتەرەکانی مەیمون (Pitekoid) دادەنرێت.

# بەشی پانزەیەم
# رەهەندی مافی ژن

١- لەیاسای مەدەنیدا تێکۆشان لەپێناوی یەکسانیدا هەموو کاتێك پەیوەستبوونی لایەنی کۆمەڵایەتی رەگەزێك یاخود چینێك گوزارشتی خۆی لەیاسای ئەو وڵاتەدا یاخود ئەو دەزگایەدا ئەبینێتەوە کە گرێدراوە پێوەی، یاساکانی گوزارشتی بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی نەتەوەیەکە بۆ باڵاکردنی ئاستی مافەکانیان کە لەپەرەگرافێکدا رێکخراوەو ژنان وەکو رەگەزێك پێشێلو وابەستەکراونو مەسەلەکانیان لەیاسای نەتەوەیەکدا وەکو خۆی هەڵئەسەنگێنرێت، یاساکان لایەنی باشوخراپیان هەیە لەدابەشکردنی مافەکاندا کاتێك مەسەلەی چەوساوەکان بەبنەما ناگرێت ئەمە لایەنی خراپی یاسایە، هەروەها کاتێك مەسەلەی چەوساوەکانو هەندێك لەجیاوازییەکان دەناسێنێت پێوانەیەکی باشو پۆزەتیفە لەیاسادا، مافەکانمان پشتدەبەستن بەیاسای رۆما، کە پێناسەکراوە بەدروستکراوێکی (تەشریحێکی) تەنها بەشێکی کەمی کاریگەریی یاسای ئەڵمانییە کۆنەکانە کە ماوەتەوە سەبارەت بەو نرخوبەها گەورەیەی ئەیدایە ژنو وەکو مرۆڤ دەیروانیە ژن، دەنا لەزمانی فەرەنسیدا وشەی پیاوو مرۆڤ یەك وشەیەو بەکارئەهێنرێت، ئەویش وشەی (Homme)بەهەمانشێوەش لەئینگلیزیشدا پیاو بەمرۆڤ پێناسەدەکاتو هەروەها لە ئینگلتەراش هەتا ئەم دە ساڵەی دواییش ژن وەکو کۆیلەیەکی پەیوەست بەپیاوەوە بینراوە، سەردەمێك بوو لەرۆماشدا بارودۆخ بەمجۆرەبوو زاراوەی هاوڵاتی رۆماییو زارەوەی ژنی هاوڵاتی رۆمایی نەبووە، بارودۆخی یاسایی ژنان لەرۆمادا تێپەریوە بەیاساکی مەدەنیی یەکگرتوو بەمۆیەوە لێرەولەوێ مافەکان بەشێوەیەکی گشتی

بەدەستهێنراون، بەگوێرەی ئەمە، ئەو ژنانەی شوویان نەکردووە بێسنوور مافی (وصایە)یان قازانجکرد، ژنان مافی بوون بەشاهیدیان بەدەستهێنا بۆ شایەتیدان لەنووسینی وەسیەتو لەمارەبڕیندا، هەروەها گەیشتن بەو ئاستەی کە ئەهلەیەتی مافە مەدەنییەکانیان هەبێت، واتا ئیتر مافی ئیمزاکردنی گرێبەستەیان بەدەستهێنا، ژن وەکو هاوسەر لەبارودۆخێکدا کە دەکەوێتە ژێربارەوە ئەتوانێت خۆی لەژێر ئەو بارانەدا دەربێنێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لەمێردەکەی، سەبارەت بەیەکێتی زەواج ئەکەوێتەوە سەرشانیانیان ئەگەر هێشتا ئاشکرانەبوو کە کام لایەنەیان بەخراپیی مافی داواکەیان بەکارهێنابێت ئەوە بۆ هەردوو لایەنەکەش ئەرکێکی ئاشکرایە، بەڵام لەم بابەتەدا ئەگەر ژنوپیاوەکە هەردووکیان بۆچوونی دژ بەیەکو ناکۆکیان هەبێت ئەوکاتە بڕیار لەدەستی پیاوەکەدایە بەتایبەتی سەبارەت بەمافی ماڵو مانەوە ئەو بڕیار ئەدات لەحاڵەتێکدا ئەگەر پیاو یاساکانی بەخراپی بەکارهێنا ئەوا ژن ناچارنییە پابەندبێت بەبڕیارەکانی پیاوەکەوە، بەڕێوبردنی ماڵ تەنها پەیوەستە بەژنەوە بەپشتبەستن بەدەسەڵاتی نوێنەری یەکێتی زەواج پیاو ئەتوانێت نوێنەرایەتی ئەو کاروبارانە بکات کە پەیوەستن بەماڵەوە، پیاو بەرپرسیارە لەوبارەی کە لەسەرشانی ژنە، پیاو دەتوانێت سنوور دابنێ بۆ دەسەڵاتی ژن لەنوێنەرایەتیکردنیدا، بەڵام ئەگەر پیاوەکە ئەم مافەی خراپ بەکارهێنا ئەوا دادگای (وصایە) ئەو سنوورە دروستکراوانە لەناودەبات، ژن لەماڵەوە یاخود لەجێگەی ئیشی پیاوەکەیدا ئەگەر فێری چالاکییەکی بەوجۆرەی بوبێت کە بەگوێرەی باردۆخی ژیانی مێردەکەی بێت ئەوا بەرپرسیارە لەکردنی.

(Reichsta) هەستا بەرەتکردنەوەی ئەو داوایەی کە بەرزکرابۆوە سەبارەت بەوەی کە جیابوونەوەی موڵکییەتی زەواج وەکو بنەمایەك دابنرێت، ئەمە تەنها بەگرێبستی زەواج گەرەنتی دەکرێت کە لەکاتی زەواجدا بەشێوەیەکی رێكوپێك نابەسترێتو پاشان رێگە ئەکاتەوە لەبەردەم بێحزوریدا، بەگوێرەی ئەمە

بەڕێوەبەری سەروەتی ژنومافی سوودوەرگرتن لەئەستۆی پیاوە، بەڵام ژن مافی بەکارهێنانی ئەو موڵکەی خۆی هەیە کە لەماڵی باوکی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا ژن بێسنوور ئەتوانێت ئەو موڵکییەتە بەکاربهێنێتو هەڵسوکەوتی پێوەبکات لەکاتی هاوسەرێتیدا بەئیشو رەنجی خۆی پەیدایکردوەو داهاتی لێوە بەرهەمهێناوە، پیاو خاوەنی ئەو مافانەیە کە سەروەتی ژنەکەی بەکاربهێنێت (ئەو سەروەتەی لەماڵی باوکی هێناویەتی)، ژن لەحاڵەتێکدا کە هەستی بەمەترسییەك کرد، سەبارەت بەیەکێتی زەواج پەیوەست بەماڵەوە لەسەر بنەمایەکی راستودروست ئەوا ئەتوانێت داوای گەرەنتی بکات، زۆرینەی ژنان درەنگ هەست بەم مەترسییە ئەکەن لەحاڵەتێکدا کە پیاو لەئاستێکی بەرزدا خەرجی ژنومنداڵەکانی بخاتە مەترسییەوە ژنەکە دەتوانێت بۆ نەمانی هاوسەرێتی ئیداریی شکات بکاتو پیاو بەرسیارە لەو زەرەرەی کە سەرچاوە ئەگرێت لەئیدارەکردنێکی خراپەوەو لەرێگەی تەڵاقەوە ناهەقی زۆر گەورە لەژن دەکرێت، چونکە لەکاتی تەڵاقدا ئەگەر تاوانبارەکە پیاویشبێت ئەوا سەروەتەکەی کە بەهاوبەشی ژنوپیاو کۆکراوەتەوە دەدرێتە پیاوەکەو لەبەرامبەر ئەمەدا نەفەقەیەکی گونجاو بۆ ژنەکە داوا دەکرێت، ئەگەر بڕی ئەو نەفەقەیە لەقازانجی ئیشکردنی خۆیەوە بەدەستی نەکەوێت لەکاتو حاڵەتی تەڵاقدا ئەو سەروەتەی ژن کە کۆکراوەتەوە لەداهاتەکەیەوە بەکارهێنراوە بۆ پیاوەکە ئەمێنێتەوە.

ولایە جێگای دەسەڵاتی باوك ئەگرێتەوە، بەڵام لەکاتی ناحاڵیبوونی وەلییەکاندا فیکری باوك بەگرنگ ئەبینرێت، کاتێك باوك مرد بەکارهێنانی دەسەڵاتی ویلات بەوەرگرتنی سوود لەسەروەتی منداڵەکە تەنها ئەکەوێتە دەستی دایك، بەڵام ژنێکی تەڵاقدراو تەنانەت لەکاتێکدا کە پەروەردەکردنی منداڵەکەشی لەئەستۆگرتبێت مافی هەڵسوکەوتکردنی بەسەروەتی منداڵەکانییەوە لەدەستدەدات، بۆیە ئەتوانرێت بوترێت کە باوك بەشێوەکی تەواو سود لەمافی

ویلایەت وەرئەگرێت، لەئینگلتەرا هەتا ساڵی (١٨٧٠)مافی موڵکداریتی ئەوماڵەی بۆ پیاو دەگەڕاندنەوە کە (منقول) واتا توانای گواستنەوەیان هەیەو خاوەنداریتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژنو تەنها مافی موڵکییەتی ئەو سەروەتوماڵانەی بۆ ژن بەڕەوا بینووە کە ناگوێزرێتەوە، بەڵام پیاوەکە کە خاوەنی مافی هەڵسوکەوت پێوەکردنو سوودوەرگرتنی لێی هەیە.

ژنانی ئینگلیز لەبەردەم دادگادا هیچ نەبوونو خاوەنی هیچ مافێك نەبوون، تەنانەت نەیاتوانی وەسیەتێکی گرنگ بنووسن، ئەوان کۆیلەی پیاوەکانیان بوون، لەتەنیشتی مێردەکەیەوە ئەگەر تاوانێکی بکردایە مێردەکەی لێی بەرپرسیاربوو، چونکە بەو چاوەوە سەیری ژنیان ئەکرد کە کەسێکی ناکاملو پێنەگەیشتووە، وەك ئەوەی یەکێك لەئاژەڵەکانی ماڵەکەی تاوانێکی کردبێتو پیاوەکە ناچاربووبێت زەرەکەی ببژێرێت، لەساڵی (١٨٨٨)دا بەگوێرەی ئەو کۆنفرانسەی کە پیسکۆپۆس (J.N) لەکڵێشەی ڕۆژهەلاتدا بەستی ژنان پێش سەدساڵێك لەسەرمێز نانیان ئەخوارد هەتا پرسیاری لێنەکرایە نەئەدواو قسەی نەئەکرد قامچییەك وەکو دەسەڵاتی پیاوەکەی لەسەر جێگەکەی هەڵواسرابوو، پیاو ئەیتوانی بۆ ژنەکەیی بەکاربهێنێتو ژن تەنها دەیتوانی ئامۆژگارییو ڕێنمایی بداتە منداڵە کچەکانیو بۆ کوڕەکانیشی تەنها وەکو خزمەتچییەك بووە، لەساڵانی (١٨٧٠-١٨٨٢-١٨٩٣)ژن تەنها خاوەنی ئەو موڵکییەتەبووە کە لەماڵی باوکییەوە ئەیهێنا، بەڵکو یاسا ئەو مافەشی پێدابوو کە خاوەنی ئەو موڵکەبێت کە لەڕێگەی دیاریو میراتو قازانجکردنی ئیشەوە بەدەستیهێناوە، ئەم بارە یاساییە تەنها بەپێکهاتنی تایبەت لەنێوان هاوسەرەکاندا ئەتوانرا بگۆڕدرێت، یاسای ئنگلیز لەم بوارەدا نمونەی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەنموونە وەرگرتووە، لەیاسای(١٨٨٦)وە لەدوای مردنی باوك دەسەڵاتی ئەگەڕێتەوە بۆ دایك، لەساڵی (١٨٩٠)دا لەیاسای میراتدا ئەوەی زۆر گرنگبووە هەردوو هاوسەرەکە خاوەنی

ئازادییەك بوون بۆ وەسیەتكردن لەسەر سەروەتەكانیان، بەلام ئەگەر هیچ جیاكردنەوەیەكی سەروەتەكان نەبێت لەنێوان ژن‌ومێرددا ئەوكاتە پیاو ئەو سەروەتانەی ژنەكەی وەرئەگرێت كە ئەتوانرێت بگوازرێتەوە (اموال منقولە) لەگەڵ ئەمەشدا ژنی بێوەژن سێیەكی ماڵی گواستراوەی بۆ ئەمێنێتەوە، لەساڵی (١٩٠٨)دا بەگوێرەی یاسای (سامانی ژنێكی شووكردوو) ژنی شووكردوو قەرزاری نەفەقەی مێردەكەیەتی، بەلام بارودۆخی ژنی شووكردوو هێشتا زۆر شوێنەواری یاسای چاخی ناوەڕاستی كۆنی لەسەر پەیڕەو ئەكرێت كە تیایدا ژن زۆر زەرەرمەند ئەبێت، وەكو ئەبینرێت بۆ ژنان هەتائێستاش مافی تەلاقی زۆر بۆنالوێت‌و زینای پیاو هێشتا بۆ ژن نەبۆتە هۆكاری جیابوونە، تەنها زوڵم‌و فرەژنی‌و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەمەوە بەهۆكاری تەلاق حیساب دەكرێت، بەشێوەیەكی گشتی یاسای مەدەنی لەڕووی ژنەوە لەهەموو ئەو وڵاتانەی كە لەژێر كاریگەریی یاسای مەدەنی فەرەنسادان‌و بەتایبەتی زۆربەی وڵاتانی لاتین لەدواوە ماونەتەوەو زۆربەی وڵاتانی وەكو بەلجیكا، ئیسپانیا، پورتوگال، ئیتالیا، رووسیا، هوڵەندا، سویسرا بەمشێوەیەیە.

سەبارەت بەبۆچونی ناپلیۆنی یەكەم، سەبارەت بەژن وتەیەكی گرنگی هەیە كە لەمڕۆدا گرنگە ئەویش ئەوەیە كە دەڵێت: (شتێك فەرەنسی نییە ئەویش ژنی لاسارە)، ئەوەی كە بەدڵی خۆی ئەجوڵێتەوە شوویكردو راستەوخۆ ئەكەوێتە ژێر وصایەتی مێردەكەیەوە، بەپێی مادەی(٢١٥)ی یاسای مەدەنی ئەگەر ژنێك ئیشێكی رەسمیشی هەبێت بەبێ موڵەتی مێردەكەی ناتوانێت بچێتە بەردەم دەرگا، بەپێی ماددەی(٢١٣)پیاو پێویستە ژنەكەی بپارێزێت‌و ژنیش ملكەچی پیاوەكەی بێت، پیاو ئەتوانێت هەڵسكەوت بەو ماڵەوە بكات كە ژنەكە لەگەڵ خۆی هێناوەیەتی بێئەوەی مۆڵەتی وەربگرێت ئەتوانێت بیفرۆشێت، پیاو خاوەنی ئەو مافەیە كە هەڵسەكەوت بەپارەی ژنەكەیەوە بكات تەنانەت ئەگەر ئەو پارەیە

لەئەنجامی داهاتی ئیشکردنی ژنەکەیەوە بەدەستهاتبێت، پیاو ئەتوانێت بۆ کەیف‌وسەفای خۆی‌و بۆ رابواردن لەگەڵ ژنە فاحیشەکاندا خەرجی بکات‌و ئەتوانێت بیداتە قەرزو ئەتوانێت قوماری پێوەبکات‌و تەنانەت پارەی ئیشکردنی ژنەکەی لەخاوەن کاری ژنەکەی داوابکات، لەهەلومەرجێکی وادا هەروەکو لەفەرەنسادا جێگەو شوێنی باسە، بۆشایی هێشتنەوەی ژن لەم نێوەندەدا جێگەی نەفرەت لێکردنەو سەرپێچیکردنە لەئەدەبی زەواج.

جگە لەمە ژنان لەزۆربەی وڵاتانی لاتین — لەفەرەنسادا، تاساڵی (١٨٩٧)کاتێك گرێبەستیانکردووەو کاتێك وەسیەت، وەکو شاهید دانیان پێدانەنراوە.

لەگەڵ ئەمەشدا ناکۆکییەکی زۆر زەق بینراوە لەبارودۆخی تایبەتدا لەبەردەم دادگادا سەبارەت بەو تاوانانەی کە ریگە دەکەنەوە بۆ لەسێدارەدانی مرۆڤێك توانیویەتی شایەتی بدات، لەیاسای جینایەتیدا ژن لەهەموو جێکایەکداو بۆ هەموو تاوانێك وەکو پیاو دەبینرێت پیاوە یاسادانەرەکانمان (موشەرەع) هەستیان بەم ناکۆکییە نەکردووە، ژن وەکو بێوەژن ئەتوانێت میراتێك بکاتەوە وەسێتێك بەرەسمی بنووسێت، بەڵام لەزۆربەی دەوڵەتەکاندا مافی شایەتییان نییە بۆ وەسێتێك، بەڵام بەپێی ماددەی (١٠٢٦)ی یاسای مەدەنی ئەتوانرێت وەسیەت بۆ بەڕێوەبەرێتی قاسرین بکات، بەڵام لەساڵی (١٨٧٧)وە لەئیتالیادا ژن وەکو شایەتێکی تەواو دادەنرێت.

جیاوازیکردنی پیاو لەژن بەتایبەتی لەیاسای تەڵاقدا زۆر بەئاشکرا ئەبینرێت، بەپێی یاسای مەدەنی لەفەرەنسادا مۆڵەت ئەدرێتە پیاو کاتێك کە هەستیکرد ژنەکەی زینایکردووە تەڵاقی بدات، بەگوێرەی مادەی(٢٣٠)ژنان تەنها لەحاڵەتێکدا ئەتوانن ئەمە بکەن ئەگەر مێردەکانیان ژنێکی فاحیشە بێنێتە ماڵەوە، ئەم ماددەیە لە (١٨٨٤/٧/٢٧)دا لەگەڵ یاسای تەڵاقدا کۆتاییپێهێنرا، بەڵام ئەم جیاوازییە لەیاسای سزای فەرەنسادا هەرمایەوە کە ئەمە بۆ

یاسادانەرانی فەرەنسا زۆر تایبەتی بووە، کاتێك ژن زینای بکردایە سزائەدرا بەزیندانیکردنی لەسێ مانگەوە بۆ دووساڵ، بەلام پیاو بەگوێرەی مادەی ۲۳۰ یاسای مەدەنی کۆن ئەگەر هاتوو ژنی زیناکەری هێنایە ماڵکەی خۆیەوەو ژنەکەی نارەزایی بوو لەبەرامبەر ئەمەدا پیاوەکە سزا ئەدرێت بەغەرامەی پارە لەنێوان (۱۰۰–۲۰۰)فرانك ئەویش ئەگەر تاوانبارکرا، ماددەی (۳۳۹ و ۳۳۷)ی یاسای گفتوگۆ نایەکسانییەکی یاساییە کە تانانەت ئەگەر لەپەرلەمانتۆی فەرەنسادا ژنیش هەبێت هەر بەمشێوەیە ئەبوو، یاسایەکی هاوشێوەش لەبەلجیکا هەبووە کە هاوشێوەی یاساکەی فەرەنسابووە سزای بۆ زاینای ژن وەکو سزای فەرەنسا بوو پیاویش ئەگەر لەماڵی خۆیدا زینای بکردایە ئەو سزا ئەدرا، لەم حاڵەتەدا پیاو سزا ئەدرێت بەسزای زیندانیکردن لەیەك مانگەوە بۆ یەك ساڵ.

بەلجیکا لەفەرەنسا هەندێك باشتربوو، بەلام لەوێش دوو یاسای جیاواز بۆ ژنوپیاو هەبووە، هەندێك حوکمی تریش وەکو حوکمی پرتوگالو ئیسپانیا لەژێر کاریگەریی یاسای فەرنسادابوون، لەیاسای گشتی ئیتالییادا لەساڵی (۱۸٦٥) لەحاڵەتێکدا کە پیاو زینابکاتو ئەم زینایەش قورسایی لەسەر ژیانی ژنەکەی خۆی دروستبکات ژن بۆی هەبووە جیاببێتەوە، لەساڵی (۱۹۰۷)دا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە یاسایەی کە لە(۲۷)حوزەیراندا دەرچوون بووەهۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵێك ماددەی پەیوەست بەزەواج لەیاسای مەدەنیدا کە لەکۆتاییدا لە (۷/۱۳)دا لەلایەن دوو ئەنجوومەنەوە ئەوە پەسەندکرا کە ژن مافی خاوەندارێتیکردنی هەیە لەسەر ئەو شتانەی کە بەڕێگەی دیاریو میرات یاخود لەڕێگەی ئیشەکەیەوە بەدەستیهێناوەو ئەو مافە لەپیاو وەرگیرایەوە کە هەڵسوکەوت بەموڵکی ژنەکەیەوە بکات، ئەمە بەرەوپێشچوونێکبوو لەیاسای فەرەنسادا، هەروەها ژنی فەرەنسا لەئێستادا لەڕووی یاساییەوە لەقۆناغی ساڵی(۱۸۷۰)ی ژنی ئینگلیزدان. یاسای مەدەنی تازەی سویسرا کە لە (۱۹۰۷/۱۲/۱۰)دا پەسەندکرا

لە(١٩١٢/١/١)دا پەیڕەوی لێکرا ئەمە تەنها هەنگاوێکی پێشکەوتوو نییە بۆ یاسای مەدەنی، بەڵکو بە بەراورد لەگەڵ یاسای مەدنی ئەڵمانیشدا یاسایەکی پێشکەوتووترە، هەروەکو لە

(waadtda,Italan,ceneverde,unterwaluri,schwyz,Avusturya,Luzerende)

ئازادی ژنو منالی گرتبووە ژێر گرەنتییەوەو لەیاسای تازەدا ژنان ئەگەر ژنی ماڵەوەشبن ئەوا سێیەکی داهاتی ماڵەکەی پێدەدرێت، هەروەها لەیاسای میراتیشدا ژنان بەگوێرەی یاسای میراتی یاسای ئەلمانی لەباردۆخێکی باشتردابوون، بەمشێوەیە ژنان مافی هەڵسوکەوتیان بەنیوەی میراتی ماڵەکەیانەوە هەیە بەدرێژایی تەمنیان، ئەو پیاوەی گوێناداتە بەخێوکردنی ژنومنداڵەکانی لەلایەن دادوەرەوە بانگهێشتدەکرێتو غەرامە دەکرێت، لەساڵی(١٩٠٤) لەفەرنسادا مادەی(٢٩٨)ی پەیوەست بەیاسای مەدەنی هەڵوەشێندرایەوەو ماف لەیاسای مەدەنی ئەڵمانی لەهەنگاوی یەکەمدا گرێبەستی زەواج کە دەکرێ لەکاتی زەواجدا پێش زەواج بێت یان دوای زەواج شتێکی دیارە ئەو دایکانەی کە بەبێ زەواج منداڵیان بووەو هەڵخەڵەتێنراون بەوەی کە زەواجیان لەگەڵدا دەکەن مافی داواکردنیان هەیە بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیان لەسەر ناوی باوکیان تۆماربکرێتو نەفەقەیان بۆ دابینبکرێت، بەمەش ئەو منداڵانە دەگەنە مافی ئەو منداڵانەی کە لەئەنجامی زەواجەوە لەدایکبوون کە ئەمە لەیاسای ئەڵماندا بەهەمانشێوەیە.

سوید بەهۆی ئەو یاسایەی کە لە (١٨٧٤/١١/١١)دەریکرد گەرەنتی ئەو مافەی ژنانی شووکردووی کرد کە بەشێوەیەکی ئازادانە هەڵسوکەوت بەداهاتی خۆیانەوە بکەن، هەروەها دانیمارکیش هەمان بنەمای لەساڵی (١٩٨٠ )دا هێنا ئاستی یاسا بەگوێرەی یاساکانی دانیمارك سەروەتی ژنان بۆ دانەوەی قەرزی پیاوەکەشی بەکارناهێنرێت، هەروەها یاسای فیلەندا (١٨٨٩)یاسای نەرویج ساڵی

(١٨٨٨)هەمان ناوەڕۆکیان هەبوو، ژنی شووکردوو وەکو کچێك توانای بەکارهێنانی ماڵی خۆی هەبوو، بەڵام هەندێ حاڵەتی شاز لەیاسادا رەچاوکراوە، ئەمە لەیاسای نەرویجدا وەکو لەدەستدانی ئازادیی ژنانی شووکردوو هەڵدەسەنگرێت.

لەپێناو پێشخستنی موڵکێتی تایبەت بەژنان بزوتنەوە جیهانییەکان وەکو زۆربەی وڵاتانی ئەسکەندەنافیا لەخاڵی داهاتەکانی ژنێکی شووکردووەوە دەستیپێکرد ئەویش لەسەرشێوەی ئینگلتەرا، چینی باڵا زۆر بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لەژنە دەوڵەمەندەکانی سەر بەچینی خۆیان کردوو زۆر بەدڵخۆشییەوە ئامادەکاریی خۆیانیان نیشاندا بۆئەوەی لەجیاتی پیاوە بچووکەکان جێگابگرنەوە.

لە (٢٧)ی مایسی ساڵی (١٩٠٨)دا هەنگاوێکی تر لەیاسای دانیمارکیدا نرا لەکاتێکدا باوك یان مێرد خۆیان بشارنەوە لەپێدانی نەفەقە ئەوا لەلایەن ئیدارەی قاسرینەوە نەفەقەکە دیاریدەکرێتو پاشان داوا دەکرێت بەچەند رێگایەك کە نەفەقەی منداڵەکان بدرێت مافی خوێندنو پەروەردەکردنی منداڵو بڕیاروەرگرتن لەسەر خوێندنی بەگوێرەی یاساکانی زۆربەی نەتەوەکان ئەکەوێتە سەر باوك، هەندێکجاریش مافێکی لاوەکی دەدرێت بەدایك بۆ بەشداریکردنی لەو کاتەوەی کە سەردەمی دایکسالاریی تێکچوو بنەمای رۆمای کۆن مافی دەسەڵاتداری باوکسالاریی بەسەر منداڵدا سەپاندو ئەمەش لەهەموو جێگاکاندا بنەمای سەرەکی یاساکانی پێکدەهێناو لەڕووسیادا ژنی شوکردوو خاوەنی ئەو مافەیە کە هەڵسوکەوت لەسەر سەروەتی بکات، هەروەها لەچالاکییە پیشەییەکانیدا بەمێردەکەیەوە گرێدراوەبێتو بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی ناتوانێت جێگەی نیشتەجێبوونی بگۆڕێت، هەروەها بەبێ مۆڵەتی ئەو پاساپۆرتی پێنادرێت بۆئەوەی دەستبەکاربێت لەچالاکییەکی پیشەیدا یاخود بۆئەوەی ئیشێك بکات

پێویستی بەوەرگرتنی ڕەزامەندیی مێردەکەیەتی، لەیاسای باری کەسێتیدا ئەم بابەتە ئەوەندە چڕو قوڵکراوەتەوە کە بەتەنها لەهەندێك هەلومەرجی شازدا جێبەجێدەکرێت، لێرەدا ئەو ژنانەی کە لەلادێ دوورەکاندا دەژیان سەربەخۆتربوون کە ژنان هەتائێستاش قەرزاری دەزگاکانی کۆمۆنیستن، چونکە ژن خۆی بەڕێوەبەری مۆڵکی خۆی بووە، بۆ ژنان کۆمۆنیزم باشترین بارودۆخی کۆمەڵایەتی دروستکردووەو یاسەکانی دەربارەی چاخی یاسایی دایکسالاریی ئەم ڕاستییە پیشانی ئێمەدەدات.

لەوڵاتە یەکگرتووەکانیشدا ژنان لەدوای تێکۆشانێکی زۆر لەیاسای مەدەنیدا یەکسانیان بەدەستهێنا، یاساکانی تایبەت بەفحوش و هاوشێوەی یاساکانی ئینگیلیزیان دەکردە بەربەربەست و ئاستەنگیان بۆ دروستدەکردن.

## ٢-تێکۆشان لە پێناو یەکسانی سیاسیدا

ناعەدالەتی یاسایی بەشێوەیەکی ئاشکرا سەبارەت بەژنان لەبەرامبەر پیاواندابووە هۆکارێك کە ژنانی پێشکەوتوخواز بەئامانجی دەستەبەرکردنی عەدالەت لەڕێگەی یاساوە هەستان بەداواکردنی مافە سیاسییەکانیان، هەروەها ژنانی چینی کرێکاریش هەمان هاوبیربوون بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگەی پروپاگەندەوە، ڕاستییەکانی ژنانی کرێکار هەڵەنییە بۆ تەواوی ژنان کە هەستن بەدژایەتیکردنی پێشێلکاریی و ناحەقیکردن و زۆرجار پشتگوێخستنێك بەئامانجی خزمەتکردنی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی خۆیان و بەدەستهێنانی ئەرك و مافەکانی خۆیان و بێگومان لەبەرامبەر ئەم هەوڵدانەیان دیسان زۆر دەنگی پاشکەوتووخواز بەرزبوونەوە، ئینجا باسەیرێکی ئەوە بکەین ئەمانە بەچ مافێکەوە هەوڵدەدەن ئەو ژنانەی خاوەنی لێهاتوویییەکی فیکریی زۆرنا هەرچەندە هیچ دەسەڵاتێکیان نەگرتۆتەدەست لەناو حوکمەتەکانداو خاوەنی دەسەڵات

نەبوون لەناو گەلانی جۆربەجۆرو سەردەماکاندا، بەڵام دیسان توانیویانە کە رۆڵی سیاسی خۆیان بەشێوەیەکی کاریگەر ببینن تەنانەت تەلاری پاپاش لەدەرەوەی ئەمە نەمایەوە ئەگەر لەڕێگەیەکی راسەوخۆوە دەسەڵاتیشیان نەگرتبێتەدەست، بەڵام ئەم شکۆمەندێتییەیان لەڕێگەی حیلەو پیلانەوە بەدەستهێناوەو کاریگەرییان بەدرێژایی سەدان ساڵ زۆر گەورەبوو بەتایبەتی (تەلاری پاپای فەرەنسا)، بەهەمانشێوە کاریگەرییان لەئیتالیاو ئسپانیاشدا کەم نەبووە.
لەکۆتایی سەدەی حەڤدەمدا لەتەلاری (Ophilip pin)ماریافۆن تریمیۆل بەدرێژایی (١٣)ساڵ بۆ یەکەمجار وەزیری کرد لەئیسپانیا، لەو ماوەیەدا سیاسەتی ئیسپانیای بەشێوەیەکی راستو رێکوپێکانە بەڕێوەبردووە، ژنان وەك فاحیشەیەکی حوکمەت زۆر وەستایانە کاریگەریی سیاسیان هەبووە، کە لێرەدا ئەم راستییە دەردەکەوێت بەوەبیرهێنانەوەی ئەو ناوە زانراوانەی کە لەکۆنەوە هەتائێستا ماونو زۆر پیاوی وەکو (رۆسۆ— لامیتەر و هەڵڤیدنیوسی، هالیاچ، د.ئالبەرد، فۆڵتایدو مانیسکۆ)کە لەسەدەی هەژدەیەمدا ژیاون زۆر جوڵانەوەی فیکریی گەورەیان ئەنجامداوە کە کاریگەرییان لەسەر ژنانیش هەبووە، لەناو ئەمانەدا ئەوانەی کە بەگومانبوون لەهەموو بنەماکانی کۆمەڵگای دەرەبەگیو دەوڵەت بۆئەوەی تازەگەریی ئەنجامبدەن بەشدارییانکرد بەهەستو گیانێکی گونجاو لەگەڵ ئامانجە گەورەکەیان، دەستپێکردنی شۆرشی گەورە کە هێزە گەورەکانی ورووژاند لەهەموو جیهانی شارستانیداو هەروەها وەکو گەردەلولێکی پاککەرەوە هەموو فەرەنسای هەژاندو ئاسەوارە کۆنەکانی روخاندو لەناوبردن، بەڵام بەر لەدەستپێکردنی ئەم شۆرشە بەدەیان ساڵ ژنان بەشێوەیەکی زانستیو سیاسییانە بەشدارییان لەهەموو ئەو گفتوگۆیانەداکرد کە دەربارەی کێشە ئاینیو سیاسیو سروشتیو فەلسەفییەکان بوون.

هــەتا لەکۆتاییــدا بەدەســتپێکردنی هێرشــی باســتیل لــەمانگی تــەممووزی ســاڵی(١٧٨٩)دا بزوتنــەوەی شــۆڕش زۆر چــالاکانە کاریگــەریی هــەبوو کــە بەشداربووانی زۆرینەی بریتیبوون لەژنانی گەلو هەروەها ژنانی چینە بالاکـانیش هــەبوون، لەهــەر جێگەیەکـدا کــە دەرفــەتێك دروســتبووبێت ئــەمان بەلایــەنی باش‌وخراپ بەشدارییان تیاداکردووە، زۆرینەی مێژوونووسەکان لـەجیاتی ئـەوەی گرنگی زیاتر بدەن بەچالاکییە گەورەکانی شۆڕش ئاماژەیان داوە بەئەنجامی ئـەو رق‌وکینە ترسناکەی چینی دەسەلاتدار کـە بەرامبـەر بەگـەل بێئـەوەی لـەدەرگای ســنوورەکان بــدەن هەســتاون بەهەڵخەڵەتانــدنو پێــشێلکارییو بەدڕەوشــتی، هەروەها هەستان بەبەکارهێنانی گەورەیی شۆڕش وەکو شتێکی سروشتی لـەبارو دۆخێکـی گونجـاودا لـەژێر کاریگـەریی ئـەم پێناســە یـەك لایەنـەدا (Schiller) کۆمەڵێك وتەی نووسی کە تیایدا دەڵێت: سەرەڕای هەموو ئەو سەرکەوتنانەی کـە ژنان لـەناو ژیـانێکی پـڕ لەترسدا بەدەستیدەهێنن، وەلێ لـەنێوان ئـەم ساڵانەدا قارەمانێتییــەکی زۆریــش دەنــوێنن، بڵاوبوونــەوەی نووســینێکی بێلایــەن لــەناو شۆڕشــێکی گــەورەدا بــەو واتایــە دێـت کــە بـۆ ئــەوان ســتوونێکی وەبیرهێنانــەوە دابمەزرێنێت کە لەدەرەوە شەوقەکەی ببریسکێتەوە تەنانـەت بـەگوێرەی میجێلد ژنـان پێـشەنگی شـۆڕش بـوون ئـەو ئـێش‌و نەهامەتییـەی کـە بەربەرییـەکان زۆر ناهەسـتیارانە بەسـەر خـەڵکی فەرەنـسایاندا بارانـد بەتایبـەتی ژنـانی کردبـووە ئامانجێکی سەرەکیی خۆیو بەهەزاران ژن بوونە قوربانی فاحشیەتیو بەتـەواوی لەکۆمەڵگادا پەراوێزخران لەڕێگای یاساوە، ئەمانە هۆکـارن بـۆ ئـەوەی ئەگـەر ژن مافی ئەوەی هەبێت بچێتە بەر پەتی سێدارە ئـەوە مـافی ئەوەشـی هەیـە بـچێتە ســــەر شــــانۆی کـــــۆڕو کۆبوونــــــەوەکان، لــــــە(OLMPE)دا داخوازییەکانی(GOUJES)جێبەجێنەکران.

لەگەڵ ئەمەشدا لەسێدارەدانی ژنان لەناو رووداوەکاندا وەکو رووداوێکی خوێناوی ئەبینی لەلایەکەوە بۆ پاراستی مافی ژنو لەلایەکیشەوە بەهۆی هەوڵدانی لەدژی ئـەو فـشارانەی (Konvent)دا بەرێوەئەچـوون، بەتـەواوتی کەسـایەتییەکی پێگەیشتووبوو، لەهەمان ساڵدا بووە پێشەنگو دوای چەند رۆژێك مادام رۆلاندیش وەکو ئەو هەردووکیان قارەمانانە لەم رێگایەدا گیانیان سپارد، ماوەیەکی کورت پـێش مردنیـان لـە(١٩٧٣/١٠/٢٠)دا بـەهۆی زمنییـەتی دوژمنکارانـەی دژی ژنـان لـە(Konvent)سـەردانیان بـۆ هـەموو کۆبوونـەوە رەسمییـەکان قەدەغـەکراو زۆر مامەڵەی سەختیان ئـەکرد. (Konvent) لەکاتێکدا مەترسی گـەورەی لەبـەردەم نەتەوەکەیدا راگەیاند لەدژی ئەوروپای مۆنارشیست کە لەنزیکبوونـەوەی هـەنگاوی گونجاودابوون، لەکاتێکدا بۆ پاراستنی نیشتمان هەرکەسیان بـانگکرد بۆئـەوەی چەك هەڵگرن بەمشێوەیە ژنە پاریسییەکان بەهیوای سەلماندنی مـافی یەکسانیی ویستیان هەمان ئەو شتە بکەن کە ژنانی بروسیا بەجۆشێکی گەورەوە چەکیان هەڵگرت، بۆ پاراستنی نیشتمانیان، بەڵام (chaumette)ی رادیکال لـەدژی ئـەوان بانگەوازی کردو وتی: ژنان لەکەیەوە ئەو مۆڵەتەیان پێدراوە کە نکوڵی لەرەگەزی خۆیـان بکـەنو وەکـو پیـاوین؟ لەکەیـەوە ئـەم دابونەریتـە دروسـتبوو کـە ژنـان بێـشکەی منداڵـەکانیان بـەجێبێڵنو ماڵـەکانیان تـەرك بکـەنو بێنـە ناوەنـدە کراوەکـانو هـەروەها بێنـە نـاو ریزەکـانی پیـاوانو ئـەو ئەرکانـە پێکبهێـنن کـە سروشت تەنها داویەتی بەپیاو؟ سروشت بەپیاوانی وتووە ببە بەپیاو؟

پێشبڕکێو راوکردنو کارە قورسـەکانی کشتوکاڵو سیاسـەتکردنو هـەموو ئیشە سەختەکانی تر تۆ جیادەکاتەوە! هەروەها سروشت بەژنیشی وت ببە بەژن ئیشی تۆ ئەوەیە کە دایکێتی بکەی، ئیشی ماڵ بکەیتو منداڵەکانت پێبگەیەنیت! ژنە بێ عەقڵەکان بۆچی ئەتانەوێت ببن بەپیاو؟

مرۆڤه‌کان به‌ئیشه‌کانیان له‌یه‌ك جیاکراونه‌ته‌وه‌و ئیتر چیتان ده‌وێت؟ له‌سروشتدا چۆنن وه‌کو خۆتان بمێننه‌وه له‌به‌رئه‌مه‌ش ئیره‌یی به‌ژیانی پڕ له‌مه‌ترسی ئێمه مه‌بن ئێمه چاومان پشوویان دێته‌وه‌به‌ر به‌تێڕوانینی پڕ له‌میهره‌بانی ئێوه له‌سه‌ر رووخساری جوانی مناڵه دڵخۆشه‌کانمان ئێوه به‌ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی ماڵه‌کانمان ئه‌رکی خۆتان جێبه‌جێده‌که‌ن، ئێمه‌ش له‌ئامێزی ماڵه‌کانماندا ژیانی پڕ له‌مه‌ترسی‌و سه‌ختی ژیانمان له‌بیرنامێنێت‌و ته‌نها له‌باوه‌شی خێزانه‌کانماندا پشوو ده‌ده‌ین.

بێگومان(chaumette)یش زمانحاڵی هێزی زۆربه‌ی پیاوه‌کانمانه ئێمه‌ش بڕوامان به‌وه هه‌یه که پاراستنی خاکی نیشتمان ئه‌که‌وێته ئه‌ستۆی پیاوو هه‌روه‌ها پاراستنی ئاگرو ئیشی ماڵ وه‌کو ئیشێك له‌ئه‌ستۆی ژندا ئه‌گونجێ له‌گه‌ڵ ئامانجه‌کانیاندا، جگه له‌مه لێدوانه‌کانی (chaumette)گوزارشته له‌قسه‌ی پڕوپوچ کاتێك ئه‌ڵێت ئیشه سه‌خته‌کانی کشتوکاڵ په‌یوه‌سته به‌پیاوه‌وه، ئه‌مه هیچ راست نییه، چونکه له‌دێرزه‌مانه‌وه ئه‌و رۆڵه‌ی ژن له‌ناو باخچه کشتوکاڵییه‌کاندا بینیویه‌تی رۆڵێکی ئاسایی نه‌بوو، هه‌روه‌ها زه‌حمه‌تییه‌کانی راوکردن که باسی لێده‌کات (زه‌حمه‌ت)نییه به‌پێچه‌وانه‌وه خۆشییه‌ك ئه‌به‌خشێت به‌پیاوان، سیاسه‌تیش ته‌نها بۆ خه‌ڵك مه‌ترسی دروستده‌کات جگه له‌مه به‌قه‌د زه‌حمه‌تییه‌که‌ی خۆشیشی تێدایه، له‌م وته‌یه‌دا خۆپه‌رستی پیاو ئه‌هێنرێته سه‌ر زمان.

له‌فه‌رنسادا ده‌رکه‌وتنی زۆر له‌ئینسکلۆپیدکه‌ره‌کان هه‌روه‌ها ئه‌و هه‌وڵه‌ی که شۆڕشی گه‌وره رێگه‌ی له‌به‌رده‌مدا کرده‌وه له‌وڵاته یه‌کگرتووه‌کاندا له‌سه‌ده‌ی هه‌ژده‌دا کاتێك که ئینگلیز سه‌ربه‌خۆیی به‌ده‌ستهێنا وایکرد که ئاماده‌کاری ده‌ستوورێکی دیموکراتی بکه‌ن بۆ خۆیان، لێره‌دا ئه‌وانه‌ی که له‌پێشه‌وه‌بوون بۆ پاراستنی یه‌کسانی ماف له‌ڕووی یاساوه (Mercy ottis warren)و له‌پاشانیشدا

ئەو ژنانە هەمان بۆچوونی ئەویان هەبوو، هەروەها ژنی سەرۆك وەزیری دووەمی وڵاتە یەكگرتووەكان بەلایەنی كەمەوە لەژێر كاریگەریی ئەماندا مافی دەنگدان بەژنان درا لەناوچەی نیوجێرسی، بەڵام ئەم مافە لە(١٩٠٧)دا جارێكی تر لابرایەوە، لەفەرەنسا لەساڵی(١٧٨٧)دا پێش دەستپێكردنی شۆڕش(cordorcet sohrakitirondist) پاراستنی یەكسانییەكی سیاسییان ئەكرد لەنێوان رەگەزەكانداو هەروەها نووسینێكی تایبەتیان بەرزكردەوە بۆ مافی دەنگدانی ژنان.

لاماری وێسلتۆن فرایەرس بوێرو چاونەترس كە لەدایكبووی ساڵی(١٧٥٩)لەژێر كاریگەرییەكی گەورەی وڵاتە دراوسێیەكەیاندا دەنگی بەرزكردەوە لەساڵی (١٧٩٠)دا لەدژی هێرشی توندوتیژانەی فەرەنسا داوای پاراستنی مافی مرۆڤی كردو لەسەر ئەم بنەمایەش كتێبێكی نووسی، بەڵام پاشان لەماوەیەكی كورتدا داوای مافەكانی مرۆڤیشی كرد بۆ رەگەزكەی خۆی، لەساڵی(١٧٩٢)دا ئەم بۆچوونەی لەچوارچێوەی كتێبێكدا پەخشكرد بەناوی پارێزەرێكی مافەكانی ژنان، لەم كتێبەدا بەجەسارەتێكی گەورەوە یەكسانیی رەها داوادەكات بۆ ژنان، بەڵام بەشێوەیەكی سروشتی رووبەرووی توندوتیژیی هەڵوێست بۆوە، تووشی هێرشێكی ناهەقو سەخت بۆوە بەڵام لەلایەن كەسە هاوچەرخەكانەوە نرخی نەزانراوەو وەكو كەسێكی كاڵتەجاڕ زۆر پێكدادانی سەختی رۆحی لەسەر پەیرەوكرا، بەڵام لەو سەردەمانەی كە هەوڵی جددیی دەدران بۆ بەدەستهێنانی عەدالەتی سیاسی ژنان لەئینگلتەراو فەرەنساو وڵاتەیەگرتووەكاندا لەم سەردەمانەدا لەئەڵمانیای زۆر دواكەوتوودا دەركەوتنی كتێبی بەرلین١٧٩٢)لەپێناوی باشتركردنی مافە مەدەنییەكانی ژناندا نووسەرێكی ئەڵمانی بەناوی (Th.G.V.Hippel)دەركەوت ئەمە لەئەڵمانیادا لەكاتێكدابوو كە پێویست بوو، بەهەمانشێوە كتێبێك دەرچوو بەناوی لەپێناو باشتركردنی مافە مەدەنییەكانی پیاوداندا كە لەم كتێبەدا بۆ

یەکسانیی مافی سیاسیو کۆمەڵایەتی نێوان رەگەزەکان پێویستە بەجەسارەتی ئەم پیاوەدا هەڵبدرێت کە زۆر زیرەکانەو لێهاتووانە ئامانجەکانی دەرهێناوەو پاراستوونی، لەوکاتە بەدواوە هەتا ماوەیەکی درێژ خواستی ژنان بۆ یەکسانیی مافی سیاسیان لەگەڵ پیاواندا راوەستا، بەڵام ئەم داخوازییە هێدی هێدی بووە بەرنامەیەك لەبزووتنەوە پێشکەوتووەکانی ژناندا، لەهەموو وڵاتە مەدەنییەکاندا هەروەها لەهەندێك کۆمەڵدا جێبەجێکران، لەفەرەنسا(Fourierciler و st.simoncular)یەکسانیی کۆمەڵایەتی ناو رەگەزەکانیان پاراست، هەروەها لەساڵی(١٨٤٨)دا(considerant fourierist)لەلیژنەی دەستووری لەپەرلەمانتۆی فەرەنسا پێشنیازیکرد کە مافە سیاسییەکان بەهاوشێوەی پیاو بدرێتە ژنان، لەساڵی(١٨٥١)دا (Leroux Pierre)پێشنیارەکەی دووبارەکردەوە لەئەنجوومەندا، بەڵام دیسان هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە.

ئەمڕۆ هەموو شتەکان جیاوازن هەموو پێشکەوتنەکان هەموو بارودۆخەکان لەوکاتەوە هەتا ئێستا هەموویان گۆڕانو مەسەلەی ژنیش گۆڕا، ژنان بەهەموو شێوەیەك بەڕادەیەکی زۆر بەدوای پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەڕۆنو سەربەخۆییانە بەمانای پێشکەوتنەکانەوەن، ئیتر ئەوە دەبینی کە بەهەزاران ژن لەوڵاتە مەدەنییەکاندا لەگەڵ پیاواندا لەیەك پیشەدا دەستبەکارن، رۆژبەرۆژ ژمارەیان زیاددەبێت بۆ تێکۆشان لەپێناوی هەبوونی خۆیاندا هاوکات پشتدەبەستن بەلێهاتوویيو هێزی خۆیان، لێرەوە لەزەمینەو هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیماندا بەلایەنی کەمەوە ژنان ئەوەندەی پیاوان پەیوەندیدار ئەکات، بۆنموونە چۆن بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوە شەڕەکان ئاسان دەکات یان نایکات باری ژیان قورس ئەکات یان نایکات، ئەبێتەهۆی ئەوەی کە بەهەزاران پیاو لەسوپادا بمێننەوە یان نەمێننەوە، ئەم بارودۆخە چەند پەیوەستە بەپیاوەوە ئەوەندەش پەیوەستە بەژنەوە، لەنزیکەوە ژنان باجی

چـۆنێتی ژیـان دەدەن بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ، سـستمی پـەروەردە هـەتا دواڕادە بـۆ ژنـان گرنگـە، چـونکە پـەروەردەو جۆرەکـانی بەشێوەیەکی زۆر مەسـەلەی رەگـەزەکانو ئاراسـتەیان دیاریـدەکات، ئینجـا ژن وەکو دایك زۆرتر سەرنجی ئەم بابەتە رادەکێشێت.

جگە لەمانە بەملیۆنانو هـەزاران ژن لەسـەدان پیشـەدا جێگـە ئـەگرن کـە زۆر سەرنج دەدەنە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایـەتی، هەنـدێك کێشـەی وەکـو کاروبـاری دادگاو هـی کارگـەو هـی ئـەو ماوانـەی کـە لـەئیش دەردەکرێنو کێشـەی قـەرزی مووچەو ئیشکردن لەڕۆژانی هـەینیو شـەواندا هـەروەها درێژکردنـەوەی سـەعاتی کار، ئەم کێشانە بەلای ژنانەوە کێشەی گرنگن.

پیاوانی کرێکار بەگشتی هیچ زانیارییەکیان نییـە یـاخود زانیارییـان زۆر کەمـە دەربـارەی بـارودۆخی ئـەو ژنانـەی کـە لەبەشـەکانی پیشەسازیدا ئیشدەکەن، داپۆشینی ناگونجـاوییو تاوەنبارییـان لەبەرژەوەنـدی خـاوەن کارەکاندایـە، بـەم هۆیەوە چاودێری کار کە هـەتا دواڕادە کـەموکورتی هەیـە ئـەو بەشـە پیشەییانە ناگرێتەوە کە پێویستییەکی تـەواو لەبـەردەم ژنـە سـەڵتەکاندا دائـەنێت لەشـارە گەورەکانماندا، ئەگەر چـەندجارێك جێگـەی ژنـە بەرگدرووەکانو ئەوانـەی قەیفـە دروسـتدەکەن ببیـنین بەسـە، هەرچـۆنێك بێـت هـیچ شـکایەتێکیان نیـەو هـیچ لێوردبوونەوە لەو جێگایانە ناکرێت ژنێك وەکو کەسێکی ئیشکەر پەیوەندیی هەیە بەو هەموو یاسا مەدەنییـەوە هـەروەها بەیاسـاکانی گـومرگو بازرگانییـەوە بـەو واتایەی هیچ گومانێکی نییە کە ژنان لەڕێگەی یاساوە ئەوەنـدەی پیـاو خـاوەنی بەرژەوەندین بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر رێکخستنی ژیان، بەشداریکردنی ژن لـەڕای گشتیدا هـەنگاوێکی گرنگـە بـۆ ژیـانی گشتیو لەگـەڵ ئەمەشـدا ژنـان کۆمـەڵێك تێـڕوانینی تـازە بەدەسـتدەهێنن، لەبەرامبـەر ئـەم خواسـتانەدا ئـەم رەتدانەوە وەکو ورتەیەکە بۆ ژنان، ژنان لەسیاسەت ناتزانو زۆربەیان حەز ناکەن

هـیچ شـتێك دەربـارەی سیاسـەت ببیـستن، تەنانـەت نـازانن مـاف دەنگـدان بەدەستبهێنن، ئەمە هەم راستەو هەم راست نییـە، مەگـەر ژنـە ناودارەکـان هـەتا ئێستا بەلایەنی کەمەوە لەئەڵمانیادا داوای یەکسانیی ماف سیاسـییان نـەکردووە، لەئەڵمانیادا لەکۆتایی ساڵانی شەستەکاندا (Hedwing Dohum)وەکو یەکەم ژن ئەم بیرۆکەیەی خستەڕوو، ژنانی کرێکاربوون کە لەمزریاندا سۆسـیال-دیمـوکرات هەبوو هەتا رۆژی ئەمڕۆ هـیچ شـتێك ناسـەلمێنرێت بـۆ ناڕەزایی کـە نیـشاندراوە بەوەی کە ژنـان حـەزیان لەجوڵانـەوەی سیاسـی نییـە، ئەگـەر ژنـان هـەتا ئـەمڕۆ پەیوەندیدار نەبووبێتن بەسیاسەتەوە ئەوا ئەمە ئـەوە ناسـەلمێنێت کـە ناچـارین، پەیوەندییان پێـوەی هـەبێت، هـەمان هۆکـار کـە دژایـەتی مـاف دەنگدانی ژنـانی ئەکرد لـەنیوەی یەکـەمی سـاڵانی شەستەکانیـشدا لـەدژی مـاف دەنگـدانی گـشتی پیاوانیش هاتۆتە پێشەوە، نووسـەری ئـەم کتێبـە لەسـاڵی(١٨٦٣)دا یـەکێك بـوو لەدژایەتیکـــەرانی ئەمـــە، دوای چـــوار ســـاڵ لەســـایەی ئـــەم مافـــەدا (Peichstaga)هەڵبژێردراو هەمان شت بەسەر هەزاران کەسدا هـاتو مزرەکانیـان گۆڕین، لەگـەڵ ئەمەشدا زۆر پیـاو هـەبوون کـە گـرنگترین مـاف سیاسـییان هـیچ بەکارنەهێناوە، یاخود هەتا ئێستاش نەیانزانیوە بەکاریبێنن، بەڵام ئەمە هۆکارێك نییـە بۆئـەوەی ئـەوان لـەو مافـە بێبەشبکات، هـیچ کەسـێکیش نییـە ئـەم مافـە لەدەستی ئەوان وەربگرێتەوە، لەهەڵبژاردنەکەی (Reichstag) وەکو یاسایەك کە دەنگـدەران پێکهـاتبوون لەهـەموو چـینەکان لـە (٢٥٪-٣٠٪)دەنـگ بـەکار نـەهاتبوون، ئەمـەش بـەگوێرەی ئێمـە کـە بەشداربووەکان (٧٠-٧٥٪) زۆرینـەن ئەگەر بەرژەوەندییە راستییەکانی خۆشیان بزانن وەکو ئـەوەی بەکارنەهێنانەکـە پێویـستە بـەکاری بهێـنن، هـەروەها تێنەگەیـشتنی ئـەمان لەبەرژەوەندییـەکان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی سیاسـی، بـەڵام پـەروەردەی سیاسـی بەوە ناکرێت کـە جـەماوەر لـەڕای گـشتی دووربخەیتـەوە، بـەڵکو بەمۆڵەتدان بۆ

بەکارهێنانی مافە سیاسییەکان سەرکەوتن بەدەستدێنێت (سوار تا نەگەلێ نابێ بەسوار) چینی باڵادەست لەبارودۆخێکی ناکامڵو هێشتنەوەی خەڵك لەجەهالەتدا بەبەرژەوەندی خۆیان دەزانن، بەمهۆیەوە هەتائێستا لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیو هەستو خۆشیاندا خەباتکردنو هەژاندنی خەڵكو وشیارکردنەوەیانو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی چین بۆتە ئەرکی کەمینەیەك کە هەتائێستا لەهەموو بزووتنەوە گەورەکاندا بەو شێوەیەبووە، بەهەمانشێوەش لەبزووتنەوەی ژنانیشدا کە شێوازێکی تر نەگرێت نەجەسارەت ئەشکێنێو جێگەی سەرسوڕمانە ئەو سەرکەوتنانەی کە تارۆژی ئەمڕۆ هاتوونو نیشانەی هەوڵو فیداکارییە بەدەستهێنانی سەرکەوتنە بۆ داهاتوو، لەکاتێکدا هەمان ماف لەگەڵ پیاواندا بەدەستدەهێننو زانستی ئەرك لەناو ژناندا زیاد دەکات، لەکاتێکدا کە بانگەوازیان ئەکرد بۆئەوەی دەنگیان پێبدەن، خۆیان لەخۆیان ئەپرسی بۆچی؟ بۆ کێ؟ لەم کاتانەدا لەنێوان ژنوپیاودا زۆر دوور لەخراپبوونی پەیوەندیی بەرامبەریان بەپێچەوانەوە زۆر بیروبۆچوون بۆ باشبوونی پەیوەندییەکان دروستبوون، بەشێوەیەکی سروشتی ئەو ژنانەی ئاستی زانیارییان کەمبوو دەنگیان بەسەر ئەو پیاوانەدا سەپاند کە ئاستی زانیارییان باشتربوو لەئەنجامی ئەمەدا ئاڵوگۆڕی فکریو فێربوون لەیەکترییەوە بوونە جێگەی باس کە هەتائێستاش ئەمە نموونەیەکی شازبوو کە لەنێوان ژنوپیاودا ئەبینرا، ئەمە سەرنجراکێشییەکی تازە ئەداتە ژیانی ئەوان ئیتر ئەو هاوسەنگییە دروستدەبوو کە پێشتر نەبوونی ڕێگای کردبۆوە بۆ زۆر پێکدادانو بۆ جیاوازییە فکرییەکانی نێوان رەگەزەکانو هەروەها هۆکاربووە بۆ جیاوازیی چەمكو پەروەردەیەك کە زەرەرێکی زۆری گەیاندووە بەبەرژەوەندیی گشتیو وای لەپیاوکردووە کە نەگونجاوبێتو زۆر ئەرك بخاتە سەرشانی ئەو ژنەی کە هەمان فکری پیاوی هەیەو نابێتە پێبەندی ئەو، بەڵکو تەنها یارمەتیدەرییەتی، ژنان بۆئەوەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان

لەکاتێکدا بەشداریش نەکەن پیاوان هـان دەدەن بەئامانجـەوە بەشێکی خـەرجی لەداهاتـەکانیان دەکەنـە خزمـەتی راگەیاندنورۆژنامـە، چـونکە رۆژنامـە خزمـەتی پەروەردەو خۆشییەکانی ئەکاتو ئیتر ژنان لەخۆیاندا ژیانێکی بەسـوود بـۆ مـرۆڤ دەستەبەردەکەنو ئەو شتانە بەرجەستە ئەکەن کە دەبینێت لەمێردمنداڵەکانیـدا نییـە، بەمـشێوەیە هەردوولایەنەکـەش لەبـەر سـوودی گـشتی کـە لەنزیکـەوە پەیوەستە بەبەرژەوەندییـە کەسایەتییەکانەوە خۆیـان دەردەخـەنو کاریگـەریی زۆریان دەبێت، لێرەدا تەواو پێچەوانەی پروپاگەنـدەی دوژمنکارانەیـە لەبەرامبـەر یەکسانیی لەنێوان هەموو کەسێکداو هەروەها پێچەوانەی هەموو ئەو کەسانەیە کە سـەری لـووتی خۆیـان نـابینن بەقـەد رزگـارکردنی دەزگاکـانی کۆمەڵگـە لـەکارو ماندوویـەتی زۆرو لەترسـی لایـەنی مـاددیی پەیوەنـدیی لـەنێوان ژنوپیاوانـدا خەسـڵەتێکی جـوانتر وەرئـەگرێت، وەکـو نموونـەکانی تـر لێـرەدا پـەروەردەش یاریدەدەرێکی پێشکەوتنەو بۆ هەموو کەسێك ئـەوە سروشـتی دەبێت کـە ئـەڵێن ئەگەر نەچیتە ناو ئاو فێری مەلەکردن نابیت، ئەگەر زمانی بێگانـە بەکارنـەهێنیت فێری قسەکردن نابیت بەو زمانە، هەمانشت بۆ مەسەلەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەتیش هاوشێوەیە کە زۆربـەی کـەس لەمـە تێناگـات ژنانمـان زۆر ناشـارەزاترو بێهزتـرن لەژنە ژێردەسـتەکان کـە لەئـەمریکای بـاکووردا یەکسانیی سیاسـییان پێدراوە؟ یـاخود لـەرووی فیکرییـەوە ئـەو ژنـەی کـە لەبـەرزترین ئاسـتدایە زۆر لـەپیاوێکی قەبـەی نـەزان وەکـو نموونـەی ئـەو کرێکارانـەی کـە لەکەناڵـەکانی پۆلۆنیـادا ئیشدەکەن دەچێتو خاوەنی مافێکی کەمترە لەوان، چـونکە ئـەوانی وەکـو پیـاو هێنایە دنیاوە؟

ئەو دایکەی کە منداڵە کوڕەکـەی ئەکاتـە پیـاو زۆرجـار تایبەتمەندییـە باشـەکانی لەدایککەوە بۆ دەمێنێتەوە کە ئەمە شتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەرە ئـیتر لـەدوای ئەمەوە مەترسییەك هەڵناگرین وەکو بازدان بێت بۆ جێگەیەکی نەناسراوو تاریك،

ئەمریکای باکوورو ئوسترالیاو فینلەندا لەزووەوە ڕێگەیان کردەوە لەم بوارەداو لە(١٧٢٧/١١/١٢)دا لەشاری(Lasamie)ەوە کیمنگای دادوەر بۆ ڕۆژنامەیەکی ژنان لەشیکاگۆ دەڵێت: ئێستا سێیەم ساڵی بەدەستهێنانی ماف بەرەسمیبوونی بەکارهێنانی دەنگی ژنانە، وەکو دەنگدەرانی تر لەچوارچێوەی سنووری خۆیاندا ژنان لەم ماوەیەدا لەزۆر پۆستی جیاوازدا دەنگیانداوەو هەڵبژێردراون، بەگشتی بەشدارییان لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا کردووە هەرچەندە زۆر کەس لەدژی پرانسیپەکانی بەشداریکردنی ژنان بوون لەناوماندا، بەڵام دیسان بەشداریبوونیان کاریگەرییەکی پەروەردەیی هەبووە، کە هیچ کەسێك ناتوانێت ئەمە ڕەتبکاتەوەو بەشداریکردنی ژنان لەهەڵبژاردنەکاندا ڕێگای کردەوە بۆ سزادانی زۆربەی ئەو تاوانبارانەی کە هەتا ئەوکاتەش سزا نەدرابوون کە لەدادگاکانماندا و هاوکات هۆکاریش بووە بۆئەوەی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی هێمن و ڕێکوپێکانە بەڕێوەبچێت.

لەکاتێکدا دەوڵەت خۆی ڕێکدەخست هیچ کەسێك نەمابوو کە دەمانچەیەکی هەڵنەگرتبێ و لەبچووکترین شەڕدا بەکاری نەهێنابێت، تەنها نموونەیەکیش نابینم لەوەی کە بەڵگەی تاوانی یەکێك لەئەندامانی پایەبەرز بکات لەبەرامبەر ئەو تاوانەی کە بەبەرکاهێنانی دەمانچەکەی ئەنجامیداوە، بەڵام ئەگەر لەناو ئەندامە پایەبەرزەکاندا ژنێك یان دوان یاسیان هەبێت، ئەوا ملکەچی هەموو ئەندامەکان بۆ دادگا مسۆگەر دەبێت لە(Wyominy)دا ژنان بیریان لەچی ئەکردەوە، دوای ٢٥ساڵ بەسەر پەیرەوکردنی مافی ژناندا هەر هەموویان نووسییەوەو بۆچوونەکانیان لەنامەیەکدا ئاراستەی هەموو پەرلەمانەکانی جیهان کردەوە.

لە(Wyominy)دا بەکارهێنانی مافی دەنگدانی ژنان و خاوەنداریتیکردنیان هیچ خراپ نەبووە، بەپێچەوانەوە زۆر ئەنجامی باشی لێکەوتەوەو لەم ناوچەیەدا هاوکارییەکی باشی لەبەردەم ڕێگریی لەهەژاریی و هەروەها نەهێشتنی تاوان

جێگـەی باسـە کـە لەلایـەن ژنانـەوە ئەنجامـدراوەو هەڵبژاردنـەکان هاوکـاری مسۆگەرکردنی حکومەتێکی باش‌و دەستەبەرکردنی شارستانییەتی بووە لەئاستی رای گشتیداو زۆر بەشانازییەوە سەرنجراکێشتەسەرئەوەی لـەوێنمۆکا مـاڵێکی هـەژار نابینرێـت‌و لـەماوەی ئـەو پانزەسـاڵەی کـە ژنـان مـافی دەنگـدانیان بەدەسـتهێناوەزیندانەکان خـاڵیبوون‌و رێـژەی تـاوانکردن لەئاسـتێکی خەیاڵیـدا بەرەونەمان دەچێت بەپـشتبەستن بەئەزموونـەکانمان سوورین لەسـەرئەوەی کـە هـەموو دەوڵەتـە مەدەنییـەکانی سـەر رووی زەمـین دەبێـت بـێ دواکـەوتن مـاف دەنگدانی ژنان مسۆگەر بکەن.

لەناوچەی(Wyominy)رێزگـرتن لەچالاکییە سیاسییەکانی ژنـان لەلایەکـەوە بووەستێت ماف دەنگدانی ژنـان لەئەنجوومـەنی ئەوێدا وەکـو کـارێکی سـەرەکیی دانراوە کە پشتگیریی لێدەکرێت، لەبەرئـەوە چالاکییە کۆمەڵایەتییـەکان دیـارەو لەبەرچاون، لەگەڵ ئەمەدا بەکارهێنانی ماف دەنگدانی ژنان زۆر ئەنجامی خێری بۆ (Wyominy) هێنـاوەو هـیچ بەرئـەنجامێکی خراپـی لێنەکەوتۆتـەوە بـۆ دانـانی پەیرەوێك لەسەر ماف دەنگدانی ژنان، ئەمە پاراستنێکی بەشەوق و رەونەقە.

(Wyominy)بوو بەنموونەیەك لەکۆلۆرادۆ لەساڵی(١٨٩٣)داو مـاف دەنگـدانی سیاسی ژنان لەوڵاتەیەکگرتووەکاندا هەروەها لەساڵی ١٨٩٥دا لەئوتاهادا لەسـاڵی ١٨٩٦ لەئیـــداهۆدا هــــەروەها لەســـاڵی ١٩٠٨دا لەباشـــووری داکۆتـــاداو لەساڵی(١٩٠٩)لەواشنتۆن سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێناو رێژەیـەك لـەژنانی نوێنـەر هەڵبـــژێردران، ئـــەم ریفۆرمـــە دوای ٥ ســـاڵ لـــەکۆلۆرادۆدا لەســـاڵی(١٨٩٩) لەپەرلەمانتۆدا لەبەرامبەر (٣)دەنگ (٤٥)دەنگ ئەم بریارەی وەرگرت.

لـەکۆلۆرادۆ کـە مـاف هەڵبـژاردن بـۆ هـەردوو رەگەزەکـە وەکـو یـەك هـەبووە لەماوەی(٥)ساڵدا ژنان ئەم مافەیان بەکارهێناو سەرەنجام دەرکەوت کە بۆئەوەی سـەرکەوتووبن‌و بەقـەد پیـاوان زۆر ئەنـدامی گونجـاو کامڵیـان هەڵبـژاردووەو

بەمهۆیـــەوە بـــارودۆخی ئیـــدارەیان بەرەوباشـــتربوون بـــردووەو یاســـاکانیان ڕێککردۆتەوەو هـەروەها بەشێوەیەکی بـەهێز هەستی بەرپرسیارێتی سیاسییان پێشکەوتووەو لەئەنجامدا کاریگەرییەکی ژنانـەیان لەسـەر بەرزبوونـەوەی ئاسـتی پەروەردەیان دروستکردووە، بۆیە لەپێناوی مسۆگەرکردنی سیستەمێکی باشترو یەکـــسانییەکی سیاســـی بـــۆ هـــەردوو ڕەگەزەکـــە لەهـــەموو ناوچـــەکانی وڵاتەیـەکگرتووەکانی ئـەمریکای بـاکوور بڕیـاردرا کـە یاسـایەکی تایبـەت بەمـە دەربکرێـتو پەرلـەمانتارەکان لەکۆمـەڵێك ناوچـەدا بڕیـاری جێبـەجێکردنی مـاف دەنگدانی ژنانیـان وەرگـرت، بـەڵام بەداخـەوە دەنگـدەرانی گـەل ئـەم بڕیارەیـان پێچەوانە کردەوە، لەکانساس، ئەرەگۆن، نەبراسکا، ئیندیانا، ئۆکلاهۆما بـارودۆخ بەمـــشێوەیەبوو لەکانـــساس و ئۆکلاهۆمـــادا ئـــەم ڕووداوە دووجـــارو هـــەروەها لەئەرەگۆنـدا (٣)جـار دووبارەبوونـەوە، بـەڵام هـەتا دەچـوو زۆرینـەکان لـەدژی یەکسانی سیاسی ڕەگەزەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچوون.

ئـەو مافانـەی کـە ژنـان لەئاسـتی ناوچـەییدا بەدەسـتیانهێنابوو هـەتا دواڕادە جۆربەجۆربوون، بەڵام بەگشتی سەرکەوتنەکانیان زۆر گرنگ نەبوو، بێگومان ژنان خاوەنی ماف هاوڵاتیبوون بوون لەئاستی ناوچەییداو لەهەر چوار ئەو ناوچانەی کە ماف بەکارهێنانی دەنگدانی سیاسیان هەبوو، بەڵام ئەمە لەلایەکەوە لەکانسانسدا ماف هەڵبژاردنی پاسیفـو ئەکتیڤیان هەبوو لەهەڵبژاردنە ناوچـەییەکاندا کـە ئەمـە ماف ریفراندۆمیش دەگرێتەوە بۆ ئەو کێشانە دەربارەی ماف هەڵبژاردنی پاسیفـو ئەکتیڤی ئیدارەکانی خوێندنگاکانە لەساڵی ١٨٩٣ەوە لەمیشیگاندا ژنان خـاوەنی ماف هەڵبژاردنی ناوچەیی بوون بەشێوەیەکی ئاکتیڤ بەڵام گشتی نـەبوو، چـونکە پەیوەستبوون بەسەلماندنی پـەروەردەوە ژنـان لەناوچـەکانی نیویـۆركو لـۆواوە، مۆنتانا، لۆویسانادا خاوەنی دەنگدانبوون، ئـەم مافـەیان پێدرا لـەناو کێشەکانی داهاتی ناوچەییدا، ژنان لەمەسەلەکانی شارەوانی زیاتر کاریگەرییان لـەبوارەکانی

بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاکاندا هەبوو، ژنان لەبەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاکاندا لەسنووری ئەم ناوچانەدا، خاوەنی ماف هەڵبژاردنی پاسیڤ و ئاکتیڤ بوون، کە ناوچەکان بریتین لەکۆنە کیتۆل، دەلاوەرە، ئیلینیۆس، ماساك هوساتس، مۆنتانا، مینوسوتا، نیویۆرك، نیوجێرسی، باشوورو باکووری دەلتاو ئۆهایۆو ڤێرمۆنت، ئەراگۆن، واشنتۆن و ئەریزۆنا، لەهەڵبژاردنی خوێندنگاکاندا ئەم مافەیان هەیە تەنها لەسنووری ئۆکلاهۆماو کەندوگیرا بەڵام لەناوچەی یەکەم کە ئاماژەمان پێکردووە تەنها ژنانی ناوداری سەر بەچینێکی دیار خاوەنی ئەم مافە بوون، هەروەها لەکالیفۆرنیا، لۆوا، لویزیانا، پنسلڤانیا، ماف هەڵبژاردنی پاسیڤ لەهەڵبژاردنی خوێندنگاکاندا دراوەتە ژن، ئەویش بۆ ئیدارەو چەند بوارێك لەخوێندگاکەدا.

لەزەلەندای تازە ژنان لەساڵی(١٨٩٣)وە ماف دەنگدانی سیاسیان هەبووەو ژنان زۆر لەپیاوان زیاتر بەگەرموگوڕی بەشداریانکردووە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا، بەڵام خاوەنی هەڵبژاردنی ئاکتیڤ کە تیایدا تەنها ئەتوانن کاندیدی پیاو هەڵبژێرن، لەساڵی(١٨٩٣)دا لەکۆی(١٣٩٩١٥)ژنی پێگەیشتوودا بەلایەنی کەمەوە(١٠٦٤٦١)ژنانیان خستبووە هەڵبژاردنەکەوە، لێرەدا لەهەر هەزار ژنێك (٧٨٥)و بەشێوەیەکی گشتیش(٩٠٢٩٠)واتە لەهەزار کەس (٦٤٥)، هەروەها لەساڵی (١٨٩٦)دا ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەنگیان بەکارهێنا(٦٨٪)بوون کە ئەکاتە (١٠٨٧٩٣) لەساڵی (١٩٠٢دا ١٣٨٥٦٥) کەسبوون، هەروەها لەساڵی (١٩٠٥)دا (١٧٣٠٤٦)کەسبوون، ژنانی تاسمانیا لەساڵی(١٨٨٤)دا ماف دەنگدانی خۆجێیان هەبووە، هەروەها لەساڵی (١٩٠٣)دا ماف دەنگدانی سیاسییان بەدەستهێنا، لەئوستورالیای باشووردا ژنان ماف دەنگدانی سیاسیان لەساڵی ١٨٩٥وە بەدەستهێناو لەئوستورالیای رۆژئاواش لەساڵی(١٩٠٠)وە هەروەها لەباشووری تازەلەگالدا لەساڵی(١٩٠٢)وە لەکۆسلندا لەساڵی(١٩٠٥)وە هەروەها

لەڤکتۆریا لەساڵی (١٩٠٨)و خاوەنی ئەم مافانەن، لەیەکێتی وڵاتە داگیرکراوەکان ژنان لەساڵی(١٩٠٢)دا داوایان پێشکەش بەپەرلەمانتۆی فیدرال کردو لەگەڵ وەرگرتنی ماف دەنگداندا ماف خۆکاندیدکردنیش دێتەئاراوە، بەڵام تائێستا هیچ ژنێك بۆ پەرلەمانتار هەڵنەبژێردراوە، لەپەرلەماندا ماف هەڵبژاردنی پاسیڤو ئاکتیڤ بۆ ژنی پێگەیشتوو بەهەمانشێوەی پیاوان گرنگ بینراوە لەبارودۆخەکاندا کارگێڕی شارەوانی رێکخستنێکی کەمتر دیموکراتییانەی تیایدابوو، ماف پێشوازیکردن لەئیدارەی شارەوانیدا بەشداربوو بەخزمەتی سەربازییەوە لەساڵی(١٨٨٩)و ئەو ژنانەی کە خزمەتگوزاریی پێشکەشدەکەن لەلیژنەی نەداران بەشی شارەوانی شارو لادێکاندا هەڵدەبژێردران، دەتوانرا کە ژنان هەڵبژێردرێن بۆ دەستەی ئیداری ئەو دەزگایانەی کە سەرپەرشتی نەدارانی ئەکردو هەروەها لەهەڵدەبژێردران بۆ ئیدارەی خوێندنگاکان، لەدوای مانگرتنە گشتییە گەورەکەی مانگی (١٠)ی ساڵی(١٩٠٥)هەروەها لەئەنجامی سەرکەوتنەکەی شۆڕشی روسیادا لەفینلەندا سەرلەنوێ دەستوور دانرایەوەو چینی کرێکار بەهۆی فشارێکی زۆرەوە لەسەر ئەنجوومەنی(Diyet)توانیان سەرکەوتووبن، بۆیە بەیاساکردنی دەنگدانی ژن، بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە مووچەی هەژارانیان وەردەگرت یاخود ئەو پیاوانەی کە دوو مارکو ئەو ژنانەی کە یەك مارکیان وەردەگرت لەدەوڵەت پەراوێزخرانو لەم بڕیارەوە لەساڵی (١٩٠٧دا ١٩)ژن بۆ ئەنجوومەنو هەروەها لەساڵی (١٩٠٨دا ٢٥)ژن هەڵبژێردران.

لەنەرویج ژنان لەساڵی(١٨٨٩)وە بەشدارییان لەئیدارەی خوێندگاندا کردووەو لەشارەکاندا لەلایەن ئەنجوومەنەکانی شارەوانییەوە ئیدارەی خوێندنگاکان پلەیان بۆ بەرزدەکرایەوە، ئەو ژنانەی کە خاوەنی منداڵ بوون لەهەڵبژاردنی سەرپەرشتیاری خوێندنگاکاندا دەنگیان بەکارهێنا، لەناوچە دەشتاییەکاندا ئەوانەی کە رەسمیان ئەدایە خوێندگاکان (رەسم: بەواتای ئەو پارەیە کە

هاوولاتیان ئەیدەن بەدەولەت لەبەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێشکەشیان ئەکرێت-وەرگێڕی کوردی) هەموو ئەوانە خاوەنی ماف بەشداریکردن بوون لەکۆبوونەوەکانی خوێندنگادا ژنان دەتوانن سەرپەرشتیاری بۆ خوێندنگاکان بکەن، پاشان هێدی هێدی لەمەسەلە ناوچەییەکانی تریشدا بەشێك لەدەسەلات درایە ژنان، لەساڵی(۱۹۰۱)دا ئەوانەی لەتەمەنی(۲۵)ساڵیدان و هاولاتی نەرویجی یاخود پێنج ساڵ لەناو ولاتدا مافیان هەیە کردووەو بۆ ساڵی رەسم یاخود بۆ هەرێمە دەشتەکییەکان لەبەرامبەر داهاتی ساڵانەیان، بەلای کەمەوە (۳۲۷۰۵۰)مارك (۳۰)کرۆنە، هەروەها بۆ شارەکانیش(٤٥۰)مارك (٤۰۰)کرۆنیان داوە بەشارەوانی بەمەبەستی رەسم یاخود هەموو ئەو ژنە نەرویجیانەی کە ئەژین لەناو هاوبەشێتی ماڵدا لەگەڵ پیاوێکدا کە ئەو پیاوەی بەپێی رێژەی داهاتی دیاریکراوی پارە لەداهاتەکەی ئەگەرێنرێتەوە، ئەم ژنانە ماف هەڵبژاردنی خۆجێی پاسیڤ وئاکتیڤیان بەدەستیهێنا، (۲۰۰)هەزار ژن ماف دەنگدانیان بەدەستهێنا، لەناو ئەمانەدا تەنها (۳۰)هەزار کەسیان خریستیانی بوون لەو هەڵبژاردنەی کە بۆ یەکەمجار ژن تێیدا بەشداربوو (۹۰)ژن بۆ ئەنجوومەنی شارەوانیی شارولادێکاندا هەڵبژێردران، هەروەها(١٦۰)ژنیش بەجێگر هەڵبژێردران، لەناو ئەمانەدا (۷)یان خریستیانی بوون، کە بوونە ئەنجوومەنی شارەوانی و یەکێکیشیان بەجێگر هەڵبژێردرا، لە(۱۹۰۷/۷/۱)ژنانی نەرویج ماف دەنگدانی سیاسییان بەدەستهێنا، بەلام لەگەڵ پیاواندا کە لەهەمان بارودۆخدا نەبوون بۆ ماف دەنگدانی سیاسی ژنان هەمان حوکمەکانی ماف دەنگدانی خۆجێی گرنگبوون کە هێشتا نزیکەی (۲۵۰۰۰) ژنی پێگەیشتووی پرۆلیتار بێبەشبوون لەمافە سیاسییەکانیان لەساڵی (۱۸٦۲) لەسوید هەڵبژاردنی کچان بۆ شارەوانی و ئەنجوومەنی ناوچەی هەمان بارودۆخی پیاوی بەسەردا سەپێنرا بەواتای کە لەکاتێکدا پێگەیشتووبێت و داهاتی(٥٦۲۰٥۰)مارك بێت، هەروەها بەشێك لەداهاتەکەی تەرخانبکات بۆ خزمەت

لەساڵی(١٨٨٧)دا لەکۆی (٢٦٠٠٠)ژن تەنها (٤٠٠٠)یان دەنگەکانیان بەکارهێنا، بەو تاوایە هەموو شێوەیەك هەڵبژاردنی ژن بۆ پایەوپلە ناوچەییەکان قەدەغەکرابوون، بەلام لەساڵی(١٨٨٩)دا لەمیانی یاسایەکەوە توانیان هەڵبژێردرێن بۆ دەزگاکانی سەرپەرشتیکردنی هەژاران و ئیدارەی خوێندنگاکان لەساڵی(١٩٠٩)دا ژنانی سوید توانییان مافی دەنگدانی پاسیڤ بەدەستبهێنن.

بۆ هەموو ئەنجوومەنەکانی شار لەساڵی(١٩٠٢)دا لەئەنجوومەنی دووەمیندا مافی دەنگدانی سیاسی بۆ ژنان رەتکرایەوە، بەشەستوچوار دەنگ لەبەرامبەر(١١٤٠) دەنگ لەساڵی(١٩٠٥)یشدا ئەم مافە بە(٨٨) دەنگ لەبەرامبەر(١٠٩)دەنگ رەتکرایەوە.

لەدانیمارك دوای ئەوەی ژنان هەڵمەتێکی راگەیاندن و پروپاگەندەی چەندین ساڵەیان بەرێوەبرد پاشان لەساڵی(١٩٠٨)مافی هەڵبژاردنی پاسیڤ وئاکتیڤیان وەرگرت، بۆ هەڵبژاردنیان لەشارەوانیدا ئەو ژنانەی کە تەمەنیان (٢٥)ساڵە یاخود ئەوانەی لەهاوبەشێتی ماڵدا لەگەڵ پیاوێکدا کە ئەو پیاوە داهاتەکەی(٩٠٠)مارك بێت لەشاردا بۆ هەر ساڵێك لەلادێکاندا رێژەیەکی کەمترە ئەمانە مافی دەنگدانیان هەیە، جگە لەمە ئەو ژنە خزمەتچییانەی کە بەنانەسکی (ئیشکردن لەبەرامبەر نانی رۆژانەیان)ئیشدەکەن مافی دەنگدانیان هەیە لەساڵی( ١٩٠٩)لەکۆبنهاگن یەکەم هەڵبژاردن کە کرا حەوت ژن هەڵبژێردران بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی، هەروەها لەئایسلاند ژنان لەساڵی(١٩٠٧)خاوەنی مافی هەڵبژاردن بوون، بۆ هەڵبژاردن پاسیڤ وئاکتیڤ لەشارەوانیدا لەئینگلترا مافی دەنگدانی ژنان دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر بەدەستهات، ئەمەش وایکردووە کە مێژوویەکی بەئەرکی بەدواوە بەجێبمێنێت، لەچاخەکانی ناوەراستدا بەگوێرەی یاسای کۆن ئەو ژنانەی کە خاوەنی زەوییوون مافی دەنگدانیان هەبوو، ئەمانە دەسەلاتی دادوەرێتیان بەکاردەهێنا، رۆژبەرۆژ ئەم مافە کۆتاییهات، لەیاسای ریفۆرمی هەڵبژاردنی ساڵی

(١٨٣٢)دا بەپێی زاراوەکانی ئینگلیز ووشەی کەسیان بەکارهێناوە (Person)بۆ هەردوو رەگەزەکە بەژنوپیاوەوە، سەرەڕای ئەمەش زۆر شرۆڤەی سنووردارکردن ئەبینرێت کە پەیوەستە بەژن لەیاساکاندا، لەو جێگایانەی کە ژنان هەستاون بەبەکارهێنانی دەنگەکانیان بەپێچەوانەوە لێیانسەندرایەوە لەبەرامبەر ئەمەدا لەیاسای ریفۆرمی هەڵبژاردنی ساڵی(١٨٦٧)دا لەجیاتی ووشەی کەس کە بەمانای مرۆڤ دێت بۆ هەردوو رەگەزەکە، وشەی(Man)پیاو دادەنرێت (Johastuart Mill)پێشنیازیکرد کە ووشەی کەس–مرۆڤ لەجیاتی(Man)بەکاربهێنرێت وەك مانایەك بۆئەوەی کە پێویستە ژنان خاوەنی ماف دەنگدان بن وەکو پیاو، پێشنیازەکە بە(٧٣)دەنگ لەبەرامبەر (١٩٤)دەنگدا رەتکرایەوە، دوای حەڤدە ساڵ لەساڵی (١٨٨٣)جارێکی تر مافی دەنگدانی ژن تاقیکرایەوەو پێشنیازەکە بەزۆرینەی (١٦)دەنگ رەتکرایەوە، لەساڵی ( ١٨٨٤)دا لەبەر نایەکسانیی هێزەکان لەئەنجوومەندا جارێکی تر پێشنیازەکە خرایەوە دەنگدان، ئەمجارە زیاتر بە لە(١٣٦)دەنگی زۆرینە رەتکرایەوە، بەڵام کەمینە تەسلیم نەبوون، لەساڵی (١٨٨٦)دا توانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن، لەمیانەی دوو دانیشتنی ئەنجوومەنەوە بۆ ئەوەی داواکەیان پەسەندبکرێت سەبارەت بەمافی دەنگدانی ژن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانداو لەدوابڕیاردا ریگریکرا لەبڵاوبوونەوەی پەرلەمانتارەکاندا لە(١٧٨٨/١١/٢٩)دا لەئەینگ بورگدا لەلێدوانێکدا دەڵێت: ئیتر بیرناکەمەوە کە درێژەبدرێت بەو رۆژانەی کە تیایدا ژنوپیاو هاوبەشانە دەنگ نەدەنو خۆیان کاندید نەکەن بەشێوەیەکی یەکسان بۆ پەرلەمان، هەروەها ( ASREA RUSSELL WALLACE) هەمان بۆچوونی هەبوو کە یەکێکە لەلایەنگرەکانی داروینو وەکو کەسێکی زانستخواز دەناسرێت، ئەم سەبارەت بەو کێشەیە دەڵێت: لەکاتێکدا هەردوو رەگەزەکە خاوەنی ئازادییەکی گونجاوبن بەغەریزە ناوەکییەکانیانەوەو هەروەها رەگەزەکان پەروەردەیەکی باش وەربگرنو هیچ

یەکێکیان بەهۆی جۆری رەگەزەکەیانەوە سنوری بۆ دانەنرێت، لەم کاتانەدا ئەبینین کەسیستمێکی مرۆڤدۆستانە چۆن دروست ئەبێت، هەروەها چۆن رێگەدەکاتەوە بۆ گۆرانکاریی لەمرۆڤایەتیدا، لەو ماوانەی کە ژنان شووکردن بەرزگاربوون لەنەداری وەك رێگەچارەیەك ئەبینن ژنان زەرەرمەند دەبن، بەمهۆیەوە یەکەم مەنگاو بۆ یەکسانیی نێوان ژنوپیاو لەناوبردنی هەموو ئەو سنورانەیە، کە ئاستەنگن بۆ چاودێریکردنی لەگەڵ پیاودا لەتەواوی پیشەو بوارە پیشەسازییەکاندا، بەڵام پێویستە کە زیاتر بەرەو پێشەوەبچێتو مۆڵەتی بەکارمێنانی مافە سیاسییەکانی بدرێتە ژنو ئەو سنورانەی کە ژنان بەهۆیەوە تووشی زەحمەتیو ئازاربوون ئەگەر نوێنەری ژن مەبوایە لەپەرلەماندا ئەوا سەختییەکانی ژیانی ژنان کۆتاییان پێدەمات، لە (١٨٩٢/٤/٢٧)دا دیسان پێشنیازێکی (Sir.A.Rollit)بە (١٥٢)دەنگ لەبەرامبەر (١٧٥)دەنگدا رەتکرایەوە، لەبەرامبەر ئەمەدا لە (١٨٩٧/٢/٣)دا پێشنیازێك بەرزکرایەوە سەبارەت بەمافی دەنگدان، بەڵام سەرپێچیکەران زۆر پیلانیان داناو نەیانهێشت سەرکەوتووبێت، جارێکی تر لەساڵی (١٩٠٦)دا پێش هەڵبژاردن بەشێکی زۆر ئەندامانی ئاڤا لەگەڵ ئەوەدابوون کە ئەبێت بریاربدرێت بەخاوەنداریتی داهاتی مافی دەنگدان بۆ ژنان، لە١٩٠٨/٦/٢١ دا رێپێوانێك سازدرا، لە(٢/٢٨)دا پێشنیازی ستانگاو بە(٩٢)دەنگ لەبەرامبەر (٢٧)دەنگ پەسەندکرا کە داوای مافی دنگدانی ژنانیان کردبوو، لەناوچەی بەرێوەبەرایەتی خۆجێیەکاندا رۆژبەرۆژ مافی دەنگدانی ژنان فراوانتردەبوو، لەکۆبوونەوەکانی ئەندامانی کلێسەدا ئەو ژنانەی کە بەشێك لەپارەکانیان بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت تەرخانکردبوو هەروەکو پیاو خاوەنی مافی دەنگدان بوونو ژنان لەئینگلتەرا لەساڵی(١٨٩٩)وە خاوەنی مافی دەنگدانی پاسیفوئاکتیف بوون، لەهەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەنجوومەنی شارەوانیو ئەنجوومەنی قەزاوناحییەکان هەموو کەسێك خاوەنی ئەم مافەبووە

ژنــان لەدەســتەی ئیـدارەی خوێندنگاكانــدا لەســاڵی(١٨٧٠)دا بەشـێوەیەكی ئاكتیف‌وپاسیف مافی دەنگدانیان هـەبووە، بـەڵام یاسای كۆنەپەرستی ئینگلیز لەســاڵی(١٩٠٣)دا مـافی هەڵبـژاردنی پاسـیفی لـەژنان وەرگرتــەوەو ســەبارەت بەبەڕێوەبەرایـەتی ژنــان لەخوێنــدنگاكانی لەندەنــدا كـچان‌و ژنــانی ســەربەخۆ لەساڵی(١٨٦٩)وە خاوەنی مافی دەنگدان بوون‌و بۆ راوێـژكاری لەسـاڵی(١٩٠٧)دا دوو یاسا بۆ ئیسكۆجیاو ئینگلتـەرا رێكخران سـەبارەت بەهەڵبژاردنـەكانی كـچان لەئەنجوومـەنی شـارەوانی‌و ناحیەكانـدا، بـەڵام لـەناو ئـەم ئەنجوومەنـەدا ژنێـك هەڵدەبژێردرێت بەسەرۆك كە ئـەو ژنـە بەشـداریی لـەدادوەریی‌و سـوڵحدا نـەكات، ئیستا ژنـان لەدەسـتەی ئیداریی سەرپەرشـتیكردنی ماڵـە هـەژارەكان‌و كڵێسەی هەرێمدا ئەتوانرێت هەڵبژێردرێت، بۆ یەكـەمجار لەئالدنبورگدا لـە (١٩٠٨/١١/٩)دا ژن هەڵبـژێردرا بەســەرۆكی ژنــان‌و لەســاڵی(١٩٠٨)دا لەدەســتەی ئیــدارەی سەرپەرشــتیكردنی ماڵــــە هەژارەكانـــدا(١١٦٢)ژن‌و لەدەســــتەی ئیــــدارەی خوێندگاكانیـشدا (٦١٥)ژن ئـەبینران، لەسـاڵی (١٨٨٧)دا لەئیرلەنـداش ژنـان بەپێوانـەی سـەربەخۆیی داراییـان خـاوەنی مـافی هەڵبژاردنی ئـاكتیف بـوون بـۆ شارەوانییەكان‌و هەروەها لەساڵی(١٨٩٦)وە خاوەنی مافی ئاكتیف‌وپاسیف بوون بۆ سەپەرشتیكردنی ماڵە نەدارەكان.

زۆربەی هەرێمەكانی ئینگلیز لەئەمریكای باكوردا مـافی ژنانیـان پەیڕەوئـەكرد بۆ دەنگدان، هـەروەها لەئـەفریقای ژێـر دەسـتەی ئینگلتەراشـدا ژنـان لەهەرێمـە خۆجێیەكانـدا مـافی دەنگـدانیان هـەبوو لەجێبەجێكردنـدا. لەفەرەنـسا یەكـەم هەنگاوی بچووك لەیاسای ساڵی(١٨٨٠)دا نرا، لەم یاسایەدا ئۆرگانێك دورستكرا بۆ هەڵبـژاردنی ژن لەئیـدارەی پەنابـەریی‌و هـەروەها سـەرۆكی سەرپەرشـتاریەتی‌و هــەروەها سـەرۆكایەتی خوێنـدنگاكان یەكـەمین ئـەركی ئـەم ئۆرگانـە بریتیبـوو لەپەیوەسـتبوون بەپــەیڕەوەردەوە لــە(١٨٩٨/١/٢٣)دا لەیاسـایەكی تـردا مـافی

بەشداریکردنی ژن بەدەستهێنرا، بۆ هەڵبژاردنیان لەدادگاکانی بازرگانیدا کە ئەمەش پەیوەستبوو بەو ژنانەی کە بەبازرگانییەوە خەریکبوون، لەم روانگەیەوە یاسای(٢٧ی مارتی ١٩٠٧) تێپەڕکرا بەچاکسازیی دادگا پیشەییەکانو ماف هەڵبژاردنی ئاکتیڤیدا بەژنان (هەتا تەمەنی ٢٥ساڵیو بەرەو سەرەوە) لەساڵی (١٩٠٨)دا ژنان بوونە خاوەنی هەڵبژاردنی پاسیڤ، لەئیتالیا ژنان لەساڵی(١٨٩٣)وە ماف هەڵبژاردنی پاسیڤو ئاکتیڤیان پێدرا لەدادگا پیشەییەکاندا کە ئەمە پێچەوانەی ئەڵمانیابوو، ئیتر بەمشێوەیە ژنان هەڵدەبژێردران بۆ ئەندامێتی دەزگای بەڕێوەبەرێتی کۆمسیۆنی خوێندنگاکانو دەزگاکانی پەروەردەو دەزگا فێرخوازییەکانو هەتیوخانەکانو نەخۆشخانەکان.

لەئوسترالیادا ئەو ژنانەی کە خاوەنی زەویەکی زۆربوون لەسایەی موڵکەکانیانەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی لادێکانو ئەنجومەنی(Reich)ماف دەنگدانیان هەبوو ئەویش بەشێوەیەکی ئاکتیڤ کە خۆیان یان لەڕێگەی پیاوێکەوە کە ببێتە جێگری ئەم ئەم مافەیان بەکاردەهێنا لەشارەوانیدا ژنان بۆئەوەی بتوانن لەئەنجومەنی شارەوانیدا دەنگبدەن ئەبوو تەمەنیان لە(٢٤)ساڵ بەرەوسەرەوەبێتو خاوەنی داهاتێکی دیاریکراوبن، ژنە شووکردووەکان ئەم مافەیان لەڕێگەی مێردەکانیانەوە بەکاردەهێنا، ئەو ژنانەی کە خاوەنی زەوی زۆربوون ماف دەنگدانیان هەبووە لەهەموو جێگەیەکدا، جگە لەخوارووی ئوسترالیانەبێت، بەڵام ناچارنەبوون ئەم مافەیان بەکاربێنن، بەڵام لەیاسای ناوچەی ساڵی(١٨٩٦) لەکرۆلاند بێئەوەی جیاوازیی رەگەزیی رەچاوبکرێت، بەکارهێنانی ماف دەنگدان کراوەتە ناچارییەکی ژنان لەدادگا پیشەییەکاندا.

هەروەکو لەهۆڵەندا هەیە تەنها ماف هەڵبژاردنی ئاکتیڤیان هەیەو ژنانی ئەڵمانیا ئەم مافەیان نەبووە سەبارەت بەهەڵبژاردنی پاسیڤوئاکتیڤ بۆ

ئۆرگانەکانی پەرلەمان لەهەندێك لەناوچەکاندا ژنان مافی دەنگدانیان هەیە لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەوانیداو ژنان لەهیچ شارودێیەکدا خاوەنی هەڵبژاردنی پاسیڤوئاکتیڤ نەبوون و لەشارەکاندا مافی هەڵبژاردنی ئاکتیڤیان نەبوو، بێجگە لەهەندێ شوێنی وەکو Weimar. Eisenach. Granduk. sonderhausen, Schwarzburg-Rudolska dt schwarzburg-Bavyare,Ren nehrinin, Lubec, Travemunde gmiml, prensli;erinig نەبێت، هەروەها ئەوانەی لەشارەکانی سەکسۆنیاو یۆمار وەکو هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەبووە، بەڵام تەنها لە (Travenude)دا ئەوان خۆیان مافی بەکارهێنانی دەنگەکانیان هەبووە، هەروەها پەیوەست بەشارەوانی ناحیەو لادێکان هەموو ئەو ژنانەی کە خاوەنی زەوی بوون خاوەنی مافی هەڵبژاردنی ئاکتیڤ بوون، وەکو بنەمایەکی یاسایی مەگەر ئەوانە ناچاربوون کە مافی دەنگدانیان بەکاربهێنن لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە، هەروەها ناتوانن خۆیان کاندیدبکەن، لەم جێگایانەشدا بەهەمانشێوەبووە (بروسیا، برانشاوگ و چلسویگ و هۆلستین و شاکسۆیاو یۆمارو هامبۆرگ و لۆبیك، لەیاسای (Sahsonya)دا بەگوێرەی یاسای هەرێمیی رەگەزی مێ ئەگەر کچ بێت یاخود خاوەنی زەوی بێت ئەوا مافی دەنگدانی هەیە ئەگەر شووکردووبوو ئەوا مافەکەی ئەگوازێتەوە بۆ مێردەکەی، لەزۆربەی هەرێمەکاندا ئەو هەرێمانەی ملکەچن بۆ یاسای هاووڵاتی بوون تیایاندا ژن مافی هەیە، ئەم بارودۆخە لەوارتیمبۆرگو باڤاریاو فالزو بادین و میوسین و ئۆلدبۆرگو ئاهالد بەهەمانشێوە بووە، هەروەها لە(Sahsonya)کۆلنبۆرگو یومارو ژنان تەنها بەوەوە نەوەستاون کە وەکو پیاو ئەم مافە بەکاربێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە خاوەنداریێتی مافی دەنگدان دەکەن، بەشێوەیەك کە دابڕاوبێت لەهەموو موڵکێتییەکەوە، بەڵام دیسان بەکارمێنانی راستەوخۆی دەنگدان قەدەغەکرابوو.

لەئاست خۆجێیدا لەهەرێمەکانی بروسیادا کە سنوور بۆ بەکارهێنانی دەنگی ژنان دانرابوو ژنان لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی تەشریعیدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداریدەکەن لەدەنگداندا، لەشارەوانییەکانی پەیوەست بەلادێکانەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن، چونکە لەئەنجوومەنی شارەوانیدا راستەوخۆ نوێنەر هەڵنابژێردرێت، بەڵکو هەڵبژێردراوەکانی یەکەم هەڵبژێردراوی دووەم هەڵدەبژێرنەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەم ئەندام پەرلەمانی هەرێمێك هەڵدەبژێرێت ئەتوانرێت ژنان کە ژمارەیەکی کەمیان مافی دەنگدانیان هەیە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کاریگەرییەکی هەتا دواڕادەیان هەیە لەسەر ئیدارەی هەرێمەکە.

لەساڵانی دواییدا ژنان بەشداریدەکەن لەئیدارەی سەرپەرشتیکردنی هەژاراندا لەکۆمسیۆنەکانی خوێندنگەی شارەکانداو لەلیژنەی لێوردبوونەوەدا رۆژبەرۆژ ژمارەیان لەم بوارەدا زیاددەکاتو سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، ژنان مافی دەنگدانو خۆکاندیدکردنیان بەدەست نەهێنا لەدادگا بازرگانییە پیشەییەکاندا.

لەئاستی نموونەدا لەئەڵمانیاو ئوستралیادا ئەتوانرێت بوترێت کە مافی هەڵبژاردن پەیوەست نییە بەکەسەوە، بەڵکو پەیوەستە بەموڵکییەتەوە بۆ یاساکە، خۆئەگەر موڵكوپارە نەبێت ئەوا مرۆڤ لەبواری سیاسیەوە سفرە، چونکە شتی گرنگ ئەقڵو زیرەکیی نییە، بەڵکو موڵکە، لەبنەمای نەدانی مافی دەنگدان بەژنان وەکو کەسێکی پێنگەیشتوو شوێنەوارێکی دروستکردبوو لەگەڵ ئەمەشدا لەهەوڵی سڕینەوەی ئەم مافانەدابوون کە ژن وەکو بوونەوەرێکی موحافزکار کە زوو باوەڕ دێنێت بەشتەکان بەپێشبینییە ئاینیەکان بەوان ئەوترێت کە پێدانی مافی دەنگدان بۆ ئێوە مەترسیدارە، بەڵام ژن لەبەرئەوەی کە نەزانە بەمشێوەیەیە بۆیە ئەبێت فێربکرێت کە بەرژەوەندییە واقیعییەکانی لەکوێدان، جگە لەمە لەهەڵبژاردنەکاندا کاریگەریی ئاینەکان موبالەغە نەکرێن

(Ultranoltash)لەبەرەئـــەوەی ئـــەیزانی لەئـــەڵمانیادا بەرژەوەندییـــە کۆمەڵایەتییـــەکانو بەرژەوەندییـــە ئایینییـــەکان یـــەکیان گرتـــووە، بەمهۆیـــەوە ســـەرکەوتنیان بەدەســـتهێناو، بۆیـــە بـــۆ پووکانـــەوە کۆمەڵایەتییـــەکان پاپـــا کاســـۆلیکەکان هـــەتا ماوەیـــەکی دوورودرێـــژ لەگـــەڵ سۆســـیال دیموکراتەکانـــدا لەکێبڕکێدابوون، ئەمە کاریگەریی لەسەر خەڵك دروستکردبوو لەگەڵ کۆتایهاتنی شـەڕی کلتـووردا وردەوردە ئـەم کاریگەرییـەش نـەماو پاپاکـان ناچـاربوون واز لەدژایـەتیکردنی دەسـەڵاتو دەوڵـەت بهێـنن، لەگـەڵ ئەمەشـدا ناکۆکییـە چینایەتییەکان مۆکاربوون بۆئەوەی کە ئیحتیاتی خۆیان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بخـەنو چـاودێریی نـاکۆکیی نێـوان کاسـۆلیکە ئەرسـتۆکراتەکانو کاسـۆلیکە بۆرجوازەکان بکـەن، لەبەرئەمـەش چـاودێریی چـینی دەسـەڵاتدارو دەسـەڵاتداری دەوڵەت کاریگەریی لەسەر کرێکاران نەهێشتووە بەتایبـەتی کاتێك کـە ناچـاربوو چـاو دابخـات لەئاسـت یاسـاکانو ئـەو کردارانـەی لـەدژی بەرژەوەندییـەکانی کرێکاراندا ئەنجامیدەدا، هەمان کاریگەریی لەسـەر ژنـانی کلێساش کەمبوونـەوە، ژنانیش بەهەمانشێوە لەمیانەی ئەزموونەکانی خۆیان ئەو زانیارییانـەی لەڕێگـەی ڕۆژنامەکانـەوە ئـەیانبینیو لەکۆبوونەوەکانـدا فێربـوون کـە راسـتی لەکوێدایـەو ئەوانیش وەکو پیاوان لەچینی پاپاکان رزگاریان ئەبوو.

بەشێك لەپیاوە ئایینییە کاسۆلیکییەکانی بـەلجیکا کـە خـاوەنی دەسـەڵاتبوون هەتائێستاش لەسەر ئەو کەسانەی کە لەدەوروبـەری کۆوبونەتـەوە پێدانی مـافی دەنگـدانی ژنـان وەکـو چـەکێکی کاریگـەر لـەدژی سۆسـیال دیمـوکرات هەڵدەسـەنگێنن، بەمهۆیەشـەوە داوا دەکـەن لەئـەڵمانیادا(Reichstag)سۆسـیال دیموکراتـەکان مـەرکاتێك کـە داوای مـاف دەنگدانی ژنانیـان خـستبێتە پـرۆژەوە هەنـدێك لەئەنـدام پەرلەمانـە محافزکارەکـان وەهـا هەڵیاندەسـەنگاند کـە ئەمـە چـەکێکە لەبەرمبـەر سۆسـیال دیموکراتـەکان، بێگومـان ئـەم بۆچـوونە لایـەنی

واقیعیشی تیابوو بەتایبەتی کاتێك مرۆڤ بیر لەو کاریگەرییە ئەکاتەوە کە پیاوە ئاینییەکان لەسەر ژنان دروستیانکردووە لەگەڵ ئەمەشدا ئاستی نەزانینی ژن لایەنێکی واقیعی ئەم بابەتەیە، بەڵام بۆ رەتکردنەوەی مافی دەنگدانی ژنان بۆچی ئەمە نەبێت، ئێستا بەملیۆنان پیاوی کرێکار هەیە دەیسەلمینن کە زۆربەی ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ نوێنەرایەتی کڵێسەکان بەمهۆیەوە نایانەوێت ماف دەنگدانیان لێبستێننەوە، بەپیچەوانەوە ئەم جەماوەرە وردەوردە ئاقڵ دەبن‌و دوای ئەمەش رێبازی خۆیان ئەگرن‌و بێگومان چینی دەسەڵاتداریش لەمە دەترسێت، لەم چوارچێوەیەشدا هەندێك لەهەرێمەکانی ئەڵمانیا دواکەوتووبوون بەو رادەیەی سیاسەتیان لەزۆر هەرێمی وەکو بروسیاو باڤاریادا لەژن قەدەغە کرد، لەبروسیادا هەروەکو لەدادگای ئیدارەی باڵادا لەساڵی(١٩٠١)دا بڕیاری لەسەر وەرگیرا، بەهیچ شێوەیەك مۆڵەت نییە بۆ بەشداریکردن لەڕێورەسمی سەنتەرە سیاسییەکاندا تەنانەت لەساڵی(١٩٠١)دا لەسەنتەری قوتابیانی بەشی زانستی رامیاریی لەزانکۆی بەرلین بەشی کۆنفرانسێکی ژنانیان قەدەغەکرد هەر لەهەمان ساڵدا پۆلیسەکانی (braunschweig) بەشداریکردنی ژنانیان بۆ کۆنگرەی سۆسیال پرۆتستانتەکان قەدەغەکرد، لەساڵی (١٩٠٢)دا وەزیری کرێکارانی بروسیا هەروەکو ژنانی سیناگۆك بەشی پێشەوەی ساڵۆنەکەیان ئامادەکردبوو بۆ گوێگرتن لەکۆبوونەوەی سەنتەری سیاسییەکانی ژنان (posadovsky)لەمانگی شوباتی ساڵی(١٩٠٤) لەریچستیگ ئەم لێدوانەی راگەیاند (با ژنان دەست وەرنەدەنە سیاسەت).

ئەم بارودۆخە تەنانەت پارتە بۆرجوازەکانیشی ناڕەحەتکردبوو تەنها بزووتنەوەی ژنانی پرۆلیتاریایە کە بتوانێت بەباشی ئاستەنگەکانی بەردەم سەنتەرەکانی ماف ژنان لەناوببات، لەکۆتایی ساڵی(١٩٠٨)دا توانرا یاسای سەندیکای (reichs)دەستەبەربکرێت‌و یەکسانیی ژنان لەدروستکردنی سەنتەری

کۆبوونـەوەی سیاسـیدا دانـرا، ئەمـە باشـترین هەلـسەنگاندنە بـۆ بارودۆخەکـە، بێگومـان پێویـستە کـە مـاف دەنگـدانی پاسـیڤوئاکتیڤ پێکـەوە هـەبێت لەکۆرسەکانی(reichs)دەنگی ژن ئەبیستیت کە ئیتر لەپەرلـەمانی دەوڵەتـەکانی تریشدا ژن دەبینین، هـەروەها فێـری ئـەوەبووین کـە ژنـان بـۆ خۆیـان کـۆنگرەی خۆیان سازبکەن، ئەمە لەدادگاو پەرلەمانی ئـەمریکای باکووریـشدا ئـەبینرا، ئـیتر بۆچی لە(reichs)نەبێت.

کرێکاران پاشان زانییان کـە جاهیلییـەکی زۆر گـەورەیانکردووە لەهەڵبـژاردنی ئەو کەسانەی کە گاڵتەیان پێکردوون، بەڵام نوێنـەری کرێکـاران هـەر زوو رێزیـان پەیداکرد کـە ئێـستاش لـەزیادبوونی ژمـارەی ئـەوان ئەترسـن، سـەیرکەن ژنێکـی دووگیان کە لەئەنجوومەندا یاخود پەرلەماندا دانیشتبێ، وەکو وێنەیەکی ناشـیرین هەڵیدەسـەنگێنن، بـەڵام بەلایانـەوە ئێـشکردنی ژنێکـی دووگیـان لـەناو ئێـشە قەبەکاندا ناشیرین نییە کە تەندروستیان لەناودەبات، پیاوێك کە ئـەتوانێت گاڵتـە بـەژنێکی دووگیـان بکـات یەکێکـە لەقەبـە نەزانـەکان، چـونکە ئەگـەر تـەنها بـیر لەوەبکاتـەوە کـە پـێش لـەدایکبوونی خـۆی دایکـی خۆشـی بەهەمانـشێوەبووە پێویستە لەشەرماندا دەموچاوی سوور هەڵگەڕێتو پێویـستە بێـدەنگبکرێت، ژنێك کە منداڵ دروستدەکات لەناو دەوڵەتدا وەکو یەکێکـە کـە ژیـانی وڵات دەپارێزێـت لەدژی دوژمنێکی لەناوبەر، بەلایـەنی کەمـەوە لـەم حاڵەتـەدا ژن ئەوەنـدەی پیـاو خزمەت ئەکات، بـەڵام بەداخـەوە ئەوکەسـەی کـە پـەروەردەی ئـەکاتو گـەورەی ئـەکات لەدەسـتی ئەچـێت، جگـە لەمـە ژیـانی ژن وەکـو دایکێـك هەمیـشە لەمەترسیدایە هەموومان ئەوە ئەزانین کە هەتا منداڵ دروست ئـەکات رووبـەڕووی مردن دەبێتەوەو زۆربەشیان ئەبنە قوربانی، لەساڵی(١٩٠٥)دا رێژەی مـردن(٧٢)و لەساڵی(١٩٠٦)دا ژمارەی مردن (٠,٦٢)بووە، بەڵام ئەو ژنانەی لەکاتی منداڵبووندا

لەناو پێخەفدا ئەمردن لەساڵی (١٩٠٥)دا ئەگاتە(٢,١٢) هەروەها لەساڵی(١٩٠٦) ئەگاتە(٠,٩٧)کە ئەمە بەپێی هەر (١٠٠٠) ژنێك کە لەژیاندان ئامارکراوە.

پرۆفیسۆر مێرفن لەم بارەیەوە دەڵێت: باشە ئەگەر پیاوانیش بەهەمان ئەم ڕێژەیە ڕووبەڕووی ئەم کێشانە ببوونایەتەوە چی ڕوویدەدا؟ باشە بۆ ئەم مەبەستەو بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەموو ڕێگایەك نەئەگیرایەبەر؟ ژمارەی ئەو ژنانەی کە بەهۆی منداڵبوونەوە ئەمردن یاخود تووشی نەخۆشی قورس ئەبوون زۆر زیاترە لەژمارەی ئەو پیاوانەی کە لەناوچەکانی شەڕدا ئەکوژران، ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەکاتی منداڵبووندا مردوون لەساڵی(١٨١٦)ەوە بۆ (١٨٦٧)تەنها لەبروسیادا (٣٢١٧٩١)ژن بەشێوەیەکی گشتی ساڵانە ژمارەیان ئەگاتە(٥٢٦٣)، ئەو ژنانەی کە لەئینگلتەرادا بەهۆی دروستکردنی منداڵەوە ژیانیان لەدەستداوە لەساڵی (١٨٤٧)هەتا ساڵی(١٩٠١)ئەگاتە(٢١٢٥٣٣) هەموو ساڵێك سەرەڕای ڕێگریی لەمردنیان، بەڵام دیسان ژمارەی مردووەکان لە(٤٠٠٠)کەمتر نییە، ئەمانە لەهەمانکاتدا ژمارەیەکی زۆرترە لەژمارەی ئەو پیاوانەی کە ئەکوژرێن یان ئەمرن بەهۆی برینداربوونیانەوە لەشەڕە جۆربەجۆرەکانداو زۆربەی ڕێژەی مردنی ئەو ژنانەی بەلەرزوتاو منداڵبوون ئەمرن زۆرجار پێش لەدایکبوونی منداڵەکە ڕوودەدات کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆری مردووەکان ئەگرێتەوە، بەمهۆیەوە ژنوپیاو مافی یەکسانییان هەیە بەتایبەتی ئەرکی پاراستنی وڵات بەلایەنی پیاوەوە ئەرکێکە لەبەرامبەر ئەو ئەرکەی کە ژن جێبەجێی ئەکات، زۆرجار پیاوان بەهۆی دەزگا سەربازییەکانەوە ئەم ئەرکە جێبەجێناکەنو وەك نووسینێك تەنها لەسەر کاغەز ئەمێنێتەوە.

هەموو ئەو ناڕەزاییانەی کە لەبەرامبەر چالاکییە گشتییەکانی ژنان دەری ئەبڕن دروستنەدەبوو ئەکرا پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی سروشتی بوایەو هەروەها لەنێو ڕەگەزەکاندا ئەو خۆپەرستییە نەبوایە کە بەشێوەیەکی دروستکەرانە پێیان

ئەگەین، بەڵام هەردوو رەگەزەکەش لەتەمەنی هەرزەکاریدا لەیەك جیائەکرێنەوە، بۆیە ئەم حاڵەتە رەگەزەکان لەیەکتریی جیادەکاتەوەو وایان لێدەکات کە یەکێکیان بەرامبەر ئەویتریان هیچ زانیارییەکی نەبێتو هیچ پەیوەندییەکی ئازاد لەنێوانیاندا نەبێتو ئاستەنگ دروستبێت، دروستکردنی باوەڕی بەرامبەر بەیەکتریی‌و پێکهێنانی سیفاتە لەیەکچووەکانیان کە ئەمەش بۆخۆی ئانتاگۆینزمایەکە کە قەرزارە بەرامبەر خریستانییەکان‌و یەکێکە لەئەرکە گرنگەکانی کۆمەڵگایەکی خاوەن مەعریفەت کە سروشت بەڕێگەی خۆیدا بباتو کۆتایی بەشێوازی نەگونجان بێنێت، ناسروشتیبوون سەرەتا لەخوێندنگاوە دەستپێدەکاتو پاشان پەیوەست بەمرۆڤەوە بابەتە جنسییەکانە کە بەئاشکرا ناخوێندرێن یاخود بەمەڵە شیدەکرێنەوە، لەڕاستیدا ئەمڕۆ لەهەموو خوێندنگا پێشکەوتووەکاندا زانستی سروشتی دەخوێنرێتو منداڵان فێری ئەوە ئەکرێن کە باڵندەکان چۆن هێلکە ئەکەن‌و کاتی جووتبوونیان کەیەو هەروەها فێری ئەوە ئەکرێن کە بۆ ئەمە پێویست بەڕەگەزی نێرو مێ ئەکات پاشان هەردووکیان ئەرکی بەخێوکردنی بەچکەکانیان ئەکەوێتەئەستۆ جگە لەوە فێردەکرێن کە ئاژەڵە شیردەرەکان بەچکەی زیندوو دروستدەکەن‌و هەروەها فێری ئەوەدەبێت کە ژمارەی ئاسایی بەچکەکانی چەندن‌و تەنانەت فێری، ئەوەش دەبێت کە دایککە ماوەی چەند بەچکەکانی لەسکدا دەهێڵێتەوە، بەڵام سەبارەت بەپێشکەوتن‌و دروستبوونی خۆی هیچ زانیارییەکی دەستناکەوێت کە پەردەیەکی نهێنی بەسەر ئەم بابەتەدا دراوە، پاشان خواستی فێربوونی سروشتی لەمنداڵدا هەیە ناوێرێت لەمامۆستاکەی بپرسێت لەدایکی ئەپرسێت لەکاتێکدا ئەیەوێت فێربێت، کە فێریش ئەبێت رووکاری ناوەوەی کرداری منداڵبوون چۆنەو هەروەها نابێتە مایەی دڵخۆشی ئەو کە ئەمەش رێگە لەبەردەم زۆر ئەنجامی خراپدا ئەکاتەوە، کەم منداڵ هەیە کە گەیشتبێتە تەمەنی دوانزە ساڵی‌و نەزانن منداڵ چۆن دروستدەبێت، لەسەرووی هەموویانەوەو بەتایبەتی بەتەمەنێکی بچووکەوە ئەو منداڵانەی لەکۆڵانەکاندا زۆر دەمێننەوە بەتایبەتی منداڵی لادێکان زۆر

لەنزیکەوە جووتبوونی ئاژەڵەکانیماڵەوەیان دەبینن و لەشوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیاندا هەست بەهەبوونی غەریزەی ئاژەڵەکانیان دەکەن، لەبەرامبەر یەکتریی منداڵان ئەو جۆرە گفتوگۆیانە ئەبینن کە لەلایەن مامان و خزمەتچییەکان و کەسە گەورەکانەوە ئەکرێن، سەبارەت بەکاتی جووتبوونی ئاژەڵەکان و دروستکردنی بەچکەی ئاژەڵەکان کە بەشێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا قسەی لەسەر دەکەن هەموو ئەمانە لەمنداڵدا گومان دروستدەکەن سەبارەت بەقسەی مامانەکان لەسەر لەدایکبوونی خۆیان، دەرەنجام رۆژێك دێت کە ئەم راستییانە ئەزانێت، بەڵام لەشێوەیەکی تر، نهێنییەکانی منداڵ خزمەتی بیانیبوونی ئەکات لەنێوان دایك و منداڵدا بەهۆی پێشبینی نەکردن و نامەنتیقی بوونەوە ئەوەی کە ئەیەوێت بەدەستیبێنێت پێچەوانەوەکەی دەبینێتەوە و ئەوانەی کە سەردەمی منداڵیی خۆیان و منداڵیی هاورێکانی سەردەمی گەنجێتیان دێتەوەیاد بەگشتی ئەزانن چ ئەنجامێکی لێئەکەوێتەوە، ژنێکی ئەمریکی لەنووسینێکیدا دەڵێت: بۆئەوەی پرسیارەکانی کورەکەم کە تەمەنی هەشت ساڵە وەلامبدەمەوە کە ئەو سەبارەت بەلەدایکبوونی خۆی ئەیکرد نەمدەویست چەواشەی بکەم، بۆئەوەی دڵنیابێت لەوەلامەکانم هەموو شتێکم بەراستی بۆ باسدەکرد. دیارە منداڵەکە زۆر بەسەرنجەوە گوێی بۆ دایکی راگرتووە، لەو رۆژەوە کە زانیویەتی چەندی ئازارونێش داوەتە دایکی بەمیهرەبانی و رێزێکی زۆرتر لەجاران و پەیوەستبوونێکی زۆر بەدایکییەوە دروستدەبێت، ئەم نووسەرە پێیوایە بۆ قازانجکردنی رێزێکی زۆری پیاوان بۆ ژن دەبێت رێگای پەروەردەکردنی سروشتی بگیرێتەبەر و لێرەدا هەموو ئەوانەی کە خراپ سەیری ئەم بابەتە ناکەن ناگەنە هیچ ئەنجامێکی تر.

لەرەخنەکانی مەلومەرجی ئەمرۆماندا خاڵی جوڵانەوە هەرچییەك بێت دەرەنجام ئەگەینە ئەو راستییەی کە گۆرانکارییەکی رەگوریشەیی لەبارودۆخی کۆیلایەتیدا بکرێت، بەمهۆیەشەوە هەمان گۆرانکاریی لەمەسەلەی رەگەزەکاندا

پێویستییەکەو ژنان بۆنەوەی بەزوویی بگەنە ئامانجی خۆیان پێویستە لەهاوفکری خۆیان بگەڕێنو بەشێوەیەکی سروشتی ئەمان رووبەڕووی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا ببنەوە، پرۆلیتاریای خاوەن زانستی چینایەتی زۆر لەزووەوە دەستی بەهێرشکردووە بۆ سەر قەلاکە لەدژی ئەو دەولەتە چینایەتییانەی کە تیایاندا دەسەلاتی رەگەزێك بەسەر یەکێکی تریاندا ئەسەپێنرێت، پێویستە قەلاکە لەهەموو لایەکەوە ئابلۆقەبدرێتو لەهەموو لایەکانەوە بگیرێت، ئەو سوپایەی کە تۆپوتەیارەی هەیە لەهەموو جێگایەکەوە چەکەکانیان ئەبینرێت، بەلام زانستەکانی سروشتو زانستە کۆمەلایەتییەکان خاوەنی ئەو چەكو جبەخانە مۆدێرنانەن کە بریتییە لەلێکۆلینەوەی مێژوویيو چارەسەرو جولانەوەی ئامارگری، لەگەل ئەمانەدا فەلسەفەش لەدواوە ئامێنێتو (Mainlander)لەنزیکەوە دروستکردنی دەولەتی زانستی لەڕزگاریو فەلسەفەدا رانەگەیەنێت، سەرەڕای یەکێتی هەموو بەرژەوەندییەکان لەدژی دوژمنی هاوبەش بەدەستهێنانی دەولەتانی چینایەتيو گۆڕاندن ئاسان ئەبێت، بەرژەوەندیی توێژێك لەدژی بەرژەوەندیی ئەوانی تردایە، جگە لەمە زۆر لەو کەسانەی کە بەخوێن و ئێسقان لەگەل ئێمەدابوون بەلام هەتائێستاش بەهەلە لەبەرامبەر ئێمەو خۆشیاندا شەڕدەکەن، رۆژبەرۆژ ئاستی زانیارییان بەرزدەبێتەوە، دێنەلای ئێمە زیادکردنی سەرهەلدانی ئەمانە لەناو چینەکانی دوژمن بۆ ئێمە بەسوودە، هەروەها هەموو ئەوانەی کە لەبەرکاهێنانی دوژمنەوە رادەکەن ئەو جەماوەرانەی کە تینوی رزگارینو هەروەها ئەوانەی کە خاوەنی زانیارییەکی زۆرنو ئەوانەی کە ماندەدرێن بۆ تێپەڕاندنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان لەلایەن کەسە پێگەیشتووەکانەوە هەموو ئەمانە بۆ ئێمە ئەبنە هاوکار، بەلام زۆرێك جەلك نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوەی کە پارچەپارچەبوونی کۆمەلگاو دەولەت ببینن، بۆیە لەم رووەوە پیشاندانو ئاشکراکردنی ئەمە پێویستە.

# بەندی سێیەم
# "کۆمەڵگاو دەوڵەت"

## بەشی شانزەهەم

### دەوڵەتی چینایەتی و پرۆلیتاریای مۆدێرن
### ١-تێکڕای ژیانمان:

پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەهەموو دەوڵەتە مەدەنییەکانی دنیادا بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا شێوازێکی خێرای بەخۆوەبینیووە کە چالاکییەکانی مرۆڤ لەهەموو بوارەکاندا خێراتردەکات، هەربۆئەمەش بارودۆخی کۆمەڵایەتیمان هاتۆتە بارودۆخێکی وەهاوە کە پڕە لەبێئامادەگیی بەشێوەیەك کە لەڕابردوودا نەبینراوە، چینی دەسەڵاتدار ئیتر دەیانزانی کە ئەو جێگایەی فشاری دەخەنە سەر توندوقۆڵ نییەو دەزگاکانیش بۆ دژایەتیکردنی ئەو هێرشانەی کە دەکرایە سەریان ڕۆژبەڕۆژ هێزی خۆیان لەدەستدەدا، ئیتر بەشێوەیەك لەسەرەوە تا خوارەوە لەناو هەموو خەڵکدا ناڕەحەتیو نائامادەگییو نابەختەوەریی باڵی بەسەرداکێشابوو، چینی دەسەڵاتدار بەئامانجی کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە زۆر هەوڵیاندا بەڵام لەناو ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە، بۆیە هەموو هەوڵەکانیان بەفیڕۆ ڕۆشتو ئەو بێباوەڕییەی کە لەئەنجامی ئەم ناڕەحەتیو نائامادەگییەدا دروستبوو زیادیکرد، ئەمە لەکاتێکدا کە یاسایەکی تازە بۆ ئەو بینایەی کە بەرەو رووخان دەچوو دەرچووبوو ئەوەی ئاشکراکرد کە (١٠) خاڵی هاوشێوە هەیە کە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەن، لەم نێوەندەدا

جیاوازیی فکری بەشێوەیەکی زۆر جددیی هەبوو، هەروەها بەبەردەوامیی لەناوخۆیاندا لەشەڕدابوون بۆئەوەی کە ئەو ناڕەزاییانەی خەڵك هێمن بکەنەوەو بیانهێننەوە ئاستێك کە چاوپۆشییان لێبکەن، یەکێك لەپارتەکاندا ئەویتر بەزیاد دەزانیێو بەئارەزووی خۆیان ئەمە وەك لاوازییەکی بێبەرپرسیارێتی دەزانن، ئەمە لەحاڵەتێکدابوو کە نەیاندەویست خۆیان ناڕەحەت بکەن بەشێوەیەك زۆر ئاشکرا لەو دەزگایانەدا دەبینران کە لەلایەن پەرلەمانەوە دروستکرابوون، لەناو چینی دەسەڵاتداردا زۆر ناکۆکیی هەبوو کە بەبێچارەسەر مایەوەو بووەهۆی جەختکردنەوە لەسەر تێکۆشانی کۆمەڵایەتی.

حکومەتەکان وەکو ژێی ئەو سازەی کە دەلەرێتەوە لەبەر رەشەبا ناچاربوون بەرگەبگرن، چونکە بەبێ بەرگەگرتن هەبوونی خۆیان ناپارێزنو ئەمبەرونەوبەریان پێدەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی لەهیچ دەوڵەتێکی پێشکەوتووی ئەورووپادا تەنها پەرلەمانتارێك نابینرێت کە بڕوای تەواوی پێبهێنرێتو زۆرینەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانێ پارچەدەبنو لەنێودەچنو بەشێوەیەکی بەردەوام ئەو سیستەمەی کە بەردەوام لەگۆڕاندایە بەتایبەتی لەئەڵمانیادا شوێنەوارە کۆتاییەکانی چینی دەسەڵاتدار لەنێودەبات.

ئەمڕۆ پارتێك لەگەڵ ئەوی تریاندا هاوبنەمایەو بۆ رۆژی دواتر پێچەوانەی یەکتردەبنەوە، یەکێکیان هەموو ئیشەکانی ئەویتریان بەتاڵدەکاتەوە کە لەمیانەی زۆرو زەحمەتییەکی زۆر بەدەستیهێناوە، بەردەوام لەبەرامبەر یەکتریدا ئەم شێوازە پەیڕەودەکەن، بۆیە رۆژبەڕۆژ رقوکینەی نێوانیان قوڵدەبێتەوەو بەریەککەوتنەکان زیاددەکەنو لەمانگێکدا هێزی یەکتریی لەناودەبەن کە پێشتر ئەمەیان لەساڵێکدا پێنەدەکرا، ئەمەش دەبێتەهۆی گەورەبوونێکی هەتا دواڕادەی قەرزاریی رای گشتیو هەروەها زیادکردنی داخوازیی مادیی لەشێوەی باجوپەسمدا دەوڵەت بەواتای جەوهەرو سروشتەکەی دەوڵەتی چینایەتی ئەمە

دەبینین کە لەپێناوی ڕێکخستنەوەی یاساکان‌و دەزگاکانی دەوڵەت‌و ڕێکخستنی ئەوانەی کە خاوەنی موڵك نین‌و ئەوانەی کە خاوەنی موڵکن، هەروەها بۆ پاراستنی موڵکایەتی تایبەت دەوڵەت چەندە گرنگە، دەوڵەت لەڕێگەی کەسایەتییە بەهێزەکانەوە ئەوانەی کە خاوەنی موڵکییەتی زۆرو لەدەوڵەتدان دەبوو بگاتە ئامانجەکانی خۆی‌و بەمهۆیەوە هێزی خۆی بەکاردەهێنێت، بەمشێوە دەتوانرێت بوترێت دەزگاو یاساکانی دەوڵەت دەبێتە دەزگاو یاسای چینایەتی، بەڵام هێزی دەوڵەت‌و ئەوانەی بەرژەوەندییان لەدرێژەپێدانی سیستەمی دەوڵەتدایە لەدژی ئەو جەماوەرەی کە هیچ بەرژەوەندییەکیان لەگەڵدانیە دەبەستنەوە، ئەگەر جەماوەر لەسیفاتە ڕاستییەکانی سیستەم تێبگەن وەکو مرۆڤی سەر ئاگرییان لێدێت‌و لەجێگەی خۆیاندا ڕاناوستن، بۆیە پێویستە لەدژی دەوڵەت ئاستەنگی دروستبکرێت‌و هەتا دەتوانرێت دەبێت بەم ئامانجە ئاستی زانیاریی خەڵك بەرزبکرێتەوەو ئەو داخوازییە لەناوببرێت کە دەڵێت: ئەم سیستەمە هەتاهەتایە دەمێنێتەوەو دژایەتیکردنی بەواتای دژایەتیکردنی ئەو سیستەمەیە کە خودا خۆی ناردویەتی، بەمهۆیەشەوە ئاین دەخرێتە خزمەتی ئەم سیستەمەوەو ئەوەی لەبەرژەوەندیی ئەواندابێت بۆ هێشتنەوەی دەوڵەت ئەوەیە کە چەندە خەڵك بێئاگابن ئەوەندە باشە بۆ دەوڵەت، دەوڵەتی ئێستا لەبەرژەوەندیی ئەو چینانەدایە کە دەبینرێت وەکو دەزگای پاراستنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان، ئەمانە وەکو کڵێسەو خاوەن موڵکەکانە کە هەموویان بۆ پاراستنی بەرژوەندییەکانیان هاوبەشانە کاردەکەن، بەڵام لەزیادکرنی موڵکییەت‌و بەدەستهێنانی موڵکدا مەدەنییەت پێشدەکەوێت، هەروەها ئەو ناوەندە بەرفراواندەبێت کە ئارەزووی لەپێشکەوتنەو لەبەرامبەردا چینێکی تازە دروستدەبێت کە لەزەمینێکی تازەدا هەموو شتێکی خۆی ئاشکرادەکات بۆئەوەی وەك چینی دەسەڵاتدار نەبینرێت، لەئەنجامدا چینی تازە

ڕۆڵی پارێزەری ئەبینێت بۆ جەماوەرێکی زۆری چەوساوەکان و ژێردەستەکان ئەویش بەڕێگەی توندوتیژیی و تێکۆشان شۆڕشێك دروستدەکەن، بەڵام چینی تازە لەدەسەڵاتی سەردەستەکاندا هاوبەشی ئەبێت یان نابێت لەگەڵ دوژمنە کۆنەکانیداو لەگەڵ دۆستە کۆنەکانیدا یەك ئەگرێت و پاش ماوەیەك تێکۆشانی چینایەتی خۆی دەستپێدەکاتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا چینی دەسەڵاتداری تازە کە بەزۆر خۆیان و تایبەتمەندییەکانیان و هەبوونیان بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا ئەسەپێنن لەبەرئەوەی کە توانای بەرفراوانی بوونی هەیە لەمیانەی گەیشتن بەچینی داگیرکەرو ئەو چینەی کە بەشێکی زۆری مەدەنییەتی پێشلکردووە ئەمە زانیاریی و لێهاتوویی ئەو بەرزدەکاتەوە، کە بەمشێوەیە وەکو ئەوە وایە چەکی کوشتنی خۆی تەسلیمی ئەوبکات، ئیتر تێکۆشانی خەڵك بەهەرشێوەیەکبێت ئاراستەی دژایەتیکردنی ئەکرێت لەبەرامبەر هەموو جۆرە سەردەستییەکی چینایەتی، لەبەرئەوەی دواچین پرۆلیتاریای مۆدێرنە ئەرکی تەنها بریتی نییە لەڕزگارکردنی خۆی، بەڵکو ئەو کە مێژوویەکی ڕزگارکردنی هەموو کەسانی چەوساوەیە لەگەڵ ئەمەشدا ڕزگاری ژنانیش ئەگرێتەوە .

تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی چینایەتی تەنها مەحرومکردنی ئەو چینانە نییە کە داگیریکردوون لەڕووی مافە یاساییەکانەوەو هاوکات بۆ بەردەوامبوونی دەوڵەت پێویستە ئەمان لەپیلانی یەکەمدا خەرجییەکان بگرنەئەستۆو دەستەبەرکردنی خەرجی و هەڵگرتنی بارەکان جێبەجێبکەن بەشێوەیەك کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پێدەشارنەوەو ئاشکرایە کە داهات کاریگەرییەکی زۆری هەبووە بۆ سەرهەڵدانێك لەپێناو خەرجییە گشتیەکاندا کە بەهیچ جۆرێك روچاوی داهات ناکرێت، لێرەدا لەبری وەرنەگرتنی بەرتیل بوونە خاوەنی پێوانە دانانی باج لەسەر مادە بەکاربەرەکان، چونکە بەمشێوەیە لەپێناوی زۆرینەدا بێهاوتا دابەشبوونی بەکاربەرەکان لەهەموو ڕۆژەکاندا ڕاستییەکەو ڕێژەیەکی

باشی باج تێکدەداتو ئەمە راستییە کە حسابکردنی پێویستییەکانی کەسێك لەشەکرو رۆنو خوێو گۆشتو بیرەو نەوت.. هتد زەحمەتە کە هەمان حسابکردن لەئاستی گشتیدا بکرێت، ئەمەش ناعەدالەتییەکی لەگەڵ خۆیدا دروستکردووە، بەپێچەوانەوە چینی دەوڵەمەند بەگوێرەی ئاستی بەرزی داهاتو پارەکەیان لەلایەن خۆیانەوە مافە سیاسییەکان بۆ کەسانی هەژارو نەدار دیاریدەکەنو چینی دەوڵەمەند بەداهاتی گومرگو داهاتی بەرهەمەکانی ماددە خۆراکییەکانی دەوڵەت ئەکەنە ناوەندێكو پێیدەڵێن ئەمە یارمەتیو هاوکاریی وڵاتە، کەرتی رێکخستنە گەورەکانی سەرمایەداریی بەهۆی باجو گومرگی ماددە پێویستییە جۆربەجۆرییەکانەوە چەوسانەوەیەکی زیاتر دروستدەکەن، چینی ژێردەستەش لەرێگای سەندیکاوە خەڵکانی تاراوگە وەك خۆیان دەمێننەوەو هیچ مەترسییەك لەسەر کۆمەڵگای دەسەڵاتدارو دەوڵەت دروستناکات، بەڵام ئەو چینەی کە زەرەرمەنددەبێت بەرۆشنبیرکردنەوەیان لەم بوارەدا بارودۆخێکی تایبەت بۆخۆیان دروستدەکەن، ئەو بەربەستە ئاشکرایانەی کە ناعەدالەتی دێنێتەئاراوە رقوکینەی خەڵك بەرزدەکاتەوەو هەستی عەدالەت لەهێزە دەسەڵاتدارەکانداو شکاندنی باوەڕ لەناوئەبات، هەروەها سروشتی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم رێبازە پیادە دەکەنو هانی دەدەن جەوهەری کۆمەڵگاکەیان ئاشکراو روون بەدیاردەکەن سەرەنجام هەتا کۆتاییهاتن بەهەردووکیان هەر تێدەکۆشنو هەموو ئەوانەی بەرامبەر کە لەدژایەتیدابوون لەهەوڵی پێدانی ماف بەرژەوەندییە دژەکانی کۆمەڵگاو دەوڵەتدابوون رێکخراو لەسەر رێکخراو ئەمانە کۆتاییان پێهات، چونکە پێویستییە مەدەنییەکان کە لەئەنجامی ژیانی خەڵکەوە دەردەکەوێت پێویستە سەرنجی لێبدرێتو گرنگیی پێبدرێت، ئەگەر مەترسیدارنەبێت جێبەجێکردنی ئەمانە بەشێوەیەکی مەلەش هەر گرنگە لەبەرئەوەی کە مشەخۆرێکی زۆر هەیە فیداکارییەکیان پێویستە، هەموو ئەو دەزگایانەی لەناو ناکۆکیدان بەئامانجی

مەدەنییەت بەتەنها سەرکەوتوونابێت بەپێچەوانەوە لەئەنجامی ناکۆکییە چینایەتییەکاندا پێشدەکەوێت و بەپێوانەی ئاشکراکردنی وەکو شتێکی بێمانا کە بەدەنگێکی بەرز رۆژبەرۆژو ئاستی زانیاریی زیاددەکات لەبەرامبەر ئەمەشدا ناڕەحەتی لەگەڵ خۆیدا دروستدەکات و هەموو میکانیزمەکانی بەڕێوەبەرایەتی وەکو زیندان دادگا–سوپا–پۆلیس رۆژبەرۆژ بەفراواندەبن و بەهایان زیاتردەبێت، بەڵام بەمشێوەیە ئاسایشی ناوخۆو دەرەوە زایادناکات کە پێچەوانەکەی ئەبێتە جێگای ئامازەپێکردن لەپەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا وردەوردە لەنێو نەتەوەکاندا بارودۆخی ناسروشتی دەردەکەوێت، ئەم پەیوەندییانە لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە بەشێوەیەکی بەردەوام لەزیادبووندایە، هەروەها لەم رێگایەوە هەموو دەستکەوتی زانستی– ئابووریی دەبێتە موڵکییەتی گشت گەلان و گرێبەستی گومرگ و بازرگانیی دەکرێت لەڕێگای دەرفەتە نێونەتەوەییەکانەوەو رێگاکانی ژیانی بەهادار لەکەناڵی سیڤەیش و تونێلەکانی گۆت هاردەوە دادەمەزرێن و تاك تاك دەوڵەتەکان بەڕێژەیەکی گەورە یارمەتی ئەو هێڵانەی ئیشکرنی پاپۆڕ دەدەن کە یارمەتی زیادکردنی بەرلێککەوتن دەدەن لەنێوان وڵاتە جۆربەجۆرەکانی رووی سەرزەمینداو کە یەکێتی پۆستەی سەرزەمینی دامەزرێنرا کۆنگرەی نێونەتەوەیی سازدەکرێت و بەئامانجی زانستوو هەموو جۆرە پراکتیکێك و بۆچوونە پێشکەوتووخوازە نێونەتەوەییەکان لەڕێگای وەرگێڕانەوە پەخشدەکرێت بۆ زمانە جۆراوجۆرەکانی گەلان و ئەمەش رێگایەکە بۆ ئەنتەرناسیۆنال بوونی گەلان و برایەتی نێوانیان، بەڵام بارودۆخی سەربازیی و سیاسی جیهانی مەدەنیی و ئەورووپا بەتەواوەتی لەناو دژایەتیکردنی ئەم پێشکەوتنەدابوون، لەهەموو جێگایەکدا کینی نەتەوەیی و شۆڤێنیزیم بەشێوەیەکی دروستکراو بایەخی پێدەدرێت و گەورەدەکرێت.

چینی دەسـەڵاتدار هەوڵدەدات بـۆ پاراسـتنی بـڕوای گـەلان بـۆ لـەناوبردنی یەکتریی، ئەمەش ڕێگادەکاتەوە بۆ پێشبڕکێیەکی چەکدارانەی بێهاوتـا لەهـەموو دنیـادا، ئەمـە لەحاڵەتێکـدا کـە تێکۆشـان لـەنێوان چـینەکانی سـەرمایەداریی لەهەنـدێك وڵاتـدا شـێوازی تێکۆشـان وەردەگرێـت، تێکۆشـانی نێـوان چـینی سەرمایەدارو چینی تـرو پێشتر لەوڵاتێکدا ئـەم پێشبڕکێیە بەمشێوە گەورەیـە نەبووە بەڕێژەیەك کە سوپا دروستبکات لەپێناوی شـەڕی دەریـاو وشـکانیداو زۆر تەکنـەلۆژیای لـەناوبردنو چـینایەتی خوڵقانـد کـە ئـەو تەکنیکانـە لەئێـستادا پێشکەوتوون، ئەم پێشبڕکێیە پێشکەوتنی تەکنـەلۆژیای لەناوبـەری خوڵقانـد کـە ڕێگای کردەوە بۆ لەناوبردنی خودی خۆیو پێویستی فیداکارییەك ناچـاریبوو کـە تەنانـەت خەڵکـە دەوڵەمەندەکانیـشی لـەناودەبردوو دەبووەهـۆی گـەورەکردنی سوپاو پڕچەڵکردنی.

لەساڵی(١٩٠٨)دا لەئەڵمانیا لەپێناو پڕچەککردنی سوپادا سـەفەرکردنی بـاش ڕێکخرا ئەویش بەئامانجی شەڕکردن یەك ملیۆنونیـو خـەرج کـرا کـە ڕێـژەی ئـەم پارەیـە سـاڵ بەسـاڵ لەزیادبوونـدابوو کـە بـەگوێرەی(Ney-Marcka)خـەرجی دەوڵەتەکانی ئەوروپا بەمشێوەیەبووە:

| | ١٨٦٦ | ١٨٧٠–١٨٨٧ (ملیۆن فرەنك) | ١٩٠٧ |
|---|---|---|---|
| سوپاو چەك | ٢٠٠٠ | ٣٥٠٠–٤٥٠٠ | ٦٧٢٥ |
| قەرزدکانی دەوڵەت | ٦٦٠٠٠ | ٧٥٠٠٠–١١٧٠٠٠ | ١٤٨٠٠٠ |
| زیاددکان (فایز) | ٢٤٠٠ | ٣٠٠٠–٥٢٠٠ | ٦٠٠٠ |

بەمـشێوەیە ئـەوروپا هـەموو سـاڵێك بـۆ سـوپا شـەش هـەزارو حەوسـەدوو بیستوپێنج ملیۆن فرەنك (٥٤٤٨ ملیـۆن مـارك)و هـەروەها بـۆ فـایزی قـەرزەکان بەئامانجی شەڕکردن شەش هەزار ملیۆن فرەنك (٤٨٦ ملیۆن مارك)ی دەبەخشی، بەڕاستی بارودۆخێکی سەرنجڕاکێشە.

ئاسیاوئەمریکا لاسایی ئەوروپا دەکەنەوەو دەوڵەتە یەکگرتووەکان لەساڵی (۱۸۷٥)دا (۳۸٦,۸) هەروەها ساڵی (۱۹۰۷)هەتا ساڵی (۱۹۰۸) (٤۳٦,۹) ملیۆن مارکی خەرجکردووە، لەژاپۆندا ئەو پارەیەی کە بۆ سوپا خەرجدەکرێت لەساڵی (۱۸۷٥) (۲۰,٥) ملیۆن مارك بووە، هەروەها بۆ ساڵی (۱۹۰۸-۱۹۰۹)بریتیبووە لە(۲۲۰,٤)ملیۆن مارك، ئێشوئازاری ئەم خەرجییانە لەبواری کەلتوریی و پەروەردەییدا گوزارشتی خۆی دەبینێتەوەو ئەرکە کەلتورییەکان پشتگوێدەخرێن، هەروەها بۆ پاراستنی دەرەکیی پارەیەکی زیاد لەدەوڵەت خەرجدەکرێت و ئەو سوپایانەی رۆژبەرۆژ لەگەورەبووندان ئەو کەسایەتییانە دەگرێتەخۆی کە لەنەتەوەکاندا بەهێزو بەتوانان، پێشکەوتنەکانی ئەوان بەشێوازێکی وەها بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی هێزە فیکریی و فیزیکییەکان لەپێناوی پەروەردەکردنیاندا کە هەر ئەڵێی سەرەکیترین ئەم سەردەمانە پەروەردەکردنە لەسەر کوشتاری خەڵکیی، لەم نێوەندەدا بەشێوەیەکی بەردەوام ئامێرەکانی کوشتن‌وشەڕ پێشدەکەوێت و لەڕووی هێزی دانیشتوان و خێرایی گواستنەوە بۆ جێگەی دوور بوونەتە هێزێکی مەترسیدار بۆ دۆست‌ودوژمنانیان، ئەگەر لەیەکێك لەپرۆژەکاندا ئەم میکانیزمە مەترسیدارە بەکاربهێنرێت ئەوکاتە دەبینین کە هێزە دوژمنەکانی بەرامبەر بەیەك لەئەوروپادا شەڕێکی گەورە دەکەن و کە (۱٦-۲۰)ملیۆن مرۆڤی تێدا لەناودەچێت، ئەم شەڕە ئەوەندە گەورەدەبێت کە بەهیچ شێوەیەك راناگیرێت و جڵەو لەدەستدەردەچێت کە هیچ بەڕێوەبەرایەتییەکی بەهێزیش نییە خاوەنی میکانیزمەیەکی بەڕێوەبردن بێت کە بەبەردەوامی هەرێمی شەڕ ئاراستەبکات، لەبارودۆخی شەڕدا خەستەخانەکان لەچاو ژمارەی بریندارەکاندا کەمن هەروەها بۆ کوژراوەکانیش دەرفەتی لەگۆڕنانیان کەمدەبێتەوە، ئەو شەڕە ئابوورییەی کە لەداهاتوودا بۆ ئەوروپا چاوەڕواندەکرێت خراپەکارییەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت کە زیادەڕەوی نییە

بوترێت شەڕی دواتریش دەبێتە شەڕی کۆتایی بەشێوەیەك ئیفلاسبوون دێتە ئاراوە کە پێشتر لەهیچ ئاستێکدا نەبینرابێتو بەرهەمهێنان دەوەستێت بەمهۆیەشەوە هەزاران کارگە رادەوەستێتو ڕێگاکانی وەبەرهێنانی ماددە خۆراکییەکان دەبڕێت، لەئەنجامدا نرخی ماددە خۆراکییەکان بەرزدەبێتەوەو لەهەر خێزانێکیشدا ئەو کەسانەی کە داهات بەدەستدەهێنن دەچن بۆ شەڕ کە بەمهۆیەوە ژمارەیان دەگاتە ملیۆنان کەس کە پێویستە هاوکاری بکرێن، بەلام ئەم هەموو پارەیە لەکوێ بهێنن، بۆنموونە لەئیمپراتۆریەتی ئەڵماندا لەکاتێکدا سوپا لەسەفەردابێت پێویستە هەموو رۆژێك (٤٥–٥٠)مارکی هەبێت.

بارودۆخی سیاسیوسەربازی ئەوروپا لەپێشکەوتنێکی وەهادایە کە هەموو ساتێكو بەشێوەیەکی ئاسان لەحاڵەتی کۆتاییپێهێنانی خۆیدایە کە لەلایەن کۆمەڵگەی بۆرژوازییەوە بەرەو لوتکەی کەوتن دەبرێت، ئەم کۆمەڵگەیە زەمینەیەکی وەهای دروستکردووە کە توانای خۆپاراستنی تێدانییە، هەتائێستا ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەن بەو ئامێرانەی کە دروستییانکردووە خۆیان ئامادەکردووە بۆ لەناوبردنی خودی خۆیان، هەموو ساڵێك ئەو داواکارییانەی کە لەزیادبووندان ئیتر چۆن بەدەستبهێنرێنو جێبەجێبکرێن نازانرێت! بەتایبەتی بەشێکی زۆری شارەوانییەکان لەم بوارەدا هێدی هێدی چوونەتە ناو بێئومێدییەوەو گەورەبوونی شارەکان بەشێوەیەکی خێراو هاوکاتی زیادبوونی دانیشتوان بەخێرایی داخوازییەکانی زیاترکردووە، ئەمەش وایکردووە کە نەدارەکان لەڕێگای باجو هەروەها قەرزەوە داخوازییەکانیان جێبەجێبکەن، ئیتر ئەو خەرجییانە روو لەزیادبوون دەکەن کە لەدروستکردنی ڕێگاو خوێندنگەکاندا لەڕاکێشانی کارەباو بناغەی ئاوو دەزگای تەندروستیو دەزگا پەروەردەییەکاندا خەرجدەکرێن، لەنێو ئەمانەدا ئەو کەمینەیەی کە بارودۆخیان باشە لەهەموو جێگاکاندا داخوازییان لەسەر شتە بەنرخەکان زیاددەکاتو لەگەڵ ئەمانەشدا

دەزگاکانی پەروەردەی باڵا، هەروەها سەنتەرەکانی موزیك‌وشانۆ پێویستیان بەدروستکردنی جێگەی تایبەت‌وپارکی گەورەو ناوچەی باش هەیە کە داخوازییان لەم بوارەدا پێشدەکەوێت هەرچەندە خەڵك لەم بارودۆخە نارازیش بن بەڵام سروشتی بارودۆخەکە ئەمە دەسەپێنێت، دەسەڵات لەدەستی کەمینەدایەو هەروەها بۆ تێرکردنی پێویستییە کەلتورییەکان ئەمە بەکاردەهێنرێت کە لەبنەمادا هیچ لایەنێك نیە دژایەتی پڕکردنەوەی پێداویستییە کەلتورییە باڵاکان بکات، چونکە ئەمانە پێشکەوتنن، بەڵام تاوانەکە لەوەدایە کە پێویستە هەموو کەس بەشداریی لەمەدا بکات تەنها چینی دەوڵەمەندەکان وەك بنەمایەك سوودی لێببینن، لەلایەکی ترەوە شتی نەگونجاو ئەوەیە کە بەڕێوەبردن خراپە، لەلایەکی تریشەوە بارودۆخی فەرمانبەر باش نییەو لەو جێگایانەدا کە پرۆفیشنال پێویستە بۆ داواکارییە هەمەجۆرەکان ئەمانە خاوەنی زانیاریی تەواونین، هەروەها شارەوانییەکان لەکاتێکا سەرقاڵن بەچارەسەرکردنی کێشەکانی داهاتی خۆیانەوە فیداکارییەکی پێویست ناکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان کە بەشێوەیەکی گشتی ئیشەکانیان لەخزمەتی خۆیاندا بەکاردەهێنن‌و خەڵك زەرەرمەنددەکەن کە لەدواییدا ناچارن باج بخەنە سەر خەڵك کە بیر لەوە ناکرێتەوە ئەم بارودۆخە گۆڕانی بەسەردابهێنرێت‌و ئەم باجدانە بەچ شێوەیەك وەربگێرێت‌و بێزارییەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا دروستدەکات، لەماوەی چەند ساڵێکدا ئەم شارەوانیانە نەیانتوانیوە پێداویستییەکان تێربکەن، هەر بەچەشنی ژیانی دەوڵەت پێویستە لەشارەوانیەکانیشدا سەرلەنوێ تازەبوونەوەیەك دروستبێت، چونکە داخوازییە کەلتورییەکان زۆرتر رووبەڕووی ئەوێ دەبنەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە هێزو داخوازییەکان رەچاوبکات‌و تۆوی گۆڕانکاریی لەکۆمەڵگەدا پێکدەهێنێت، بەڵام لەحاڵەتێکدا کە بەرەژوەندییە تایبەتییەکان لەپێش بەرژەوەندییە گشتییەکانەوەن چۆن بتوانرێت ئەمە جێبەجێبکرێت، بەشێوەیەکی گشتی

بارودۆخی ژیانی گشتی وەهایەو ئەمەش تەنها دیاردە بەرچاوەکانی ژیانی کۆمەلایەتییە کە دەبینرێت.

## ٢-دڵنیابوونەوە لەناکۆکییە چینایەتییەکان

لەژیانی کۆمەلایەتیماندا رۆژبەرۆژ هەوڵدان لەپێناوی هەبووندا زەحمەتدەبێت هەموو کەسێك لەبەرامبەر یەکتریدا لەناو شەڕێکی دژواردایە کە رۆژبەرۆژ ئاگری ئەم شەڕە کڵپەدەسێنێو زۆرینەشیان بێبەزەییانە ئامرازە کوشندەکان بەکاردەهێنن، لەپراکتیکی ژیاندا پەندی (خەڵك لەویبێتو منیش لێرە لێی دادەنیشم) گەورەترین زیانی دروستکردووە، بێهێزەکان لەبەردەم بەهێزەکاندا ناچارن ملکەچ بکەن بۆ گەیشتن بەئامانج، لەو جێگایانەی کە هێزی ماددیی‌و پارەی کەم دەکەونە ناو بەکارهێنانی فێڵ‌و درۆو شتە دژە ئەخلاقییەکان لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانی خوددا قورسترین تاوانی وەك ساختەکاریی‌و هەڵخەڵەتاندن‌و درۆو رێگەپێگرتن دروستدەبێت، ئەمە تاکەکان چۆن لەبەرامبەر یەکتریدا دەیکەن بەهەمانشێوە چینەکان لەبەرامبەر یەکترداو رەگەزەکان لەبەرامبەر یەکترداو تەمەنەکان لەبەرامبەر یەکتردا دەیکەن، بەرژەوەندیی تەنها رێکخەری پەیوەندییەکانی مرۆڤە کە جگە لەمە پەیوەندییەکان گوزارشت لەهیچ شتێکی تر ناکەن، بەهەزاران ژن‌وپیاوی کرێکار کە ناگونجێن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا دەردەکرێن‌و دوای ئەوەی هەموو هێزو سەرمایەکانیان لەدەستدەسێنرێت ناچاردەکرێن بەکۆچکردن یاخود ناچاردەکرێن بۆئەوەی بخرێنە ناو دەزگا خێرخوازییەکانەوە، کرێکار هەروەکو گەرۆکێك لەمسەری ولات بۆ ئەوسەری بەدوای نیشدا دەگەڕێت‌و بەشێوەیەکی بەردەوام لەدەرەوەدا کەسێکی بێزارو غەمبارو لەناخیشدا بێئومێد دەردەکەوێت کە لەلایەن کۆمەڵگاوە وەك کەسێکی مەترسیدار هەڵدەسەنگێنرێ‌و بەدرێژایی مانگ‌وساڵ کە بێبەشدەبێت لەپێداویستییە سەرەکییەکان بەسکی بەتاڵ لێرەولەوێ بەدوای

ئیشدا دەگەڕێ ئەم داماوانە خێزانەکانیان لەناو ڕەزالەتێکی گەورەدا دەژینو پێویستیان بەدەزگای هەزارانە هەیە، بێهیوایی باروودۆخێکی وای دروستکردووە کە بەشێوەیەکی بەردەوام لەبەرامبەر خۆیانو منداڵەکانیاندا تاوانی مەترسیدار ئەنجامبدەنو ببنە بکوژ یاخود بەرەو خودکوژیی بڕۆن، بەتایبەتی لەکاتی ئابلۆقەداندا، ئەم بێئومێدییە مەترسییەکی گەورەی دروستکردووە کە ئەمە بەهیچ شێوەیەك چینی دەسەڵاتدار ناڕەحەت ناکات، لەهەمانکاتدا کە خەڵك لەناو ڕەزالەتو بێهیوایدایە لەڕۆژنامەکانەوە چەندان هەواڵو بابەت بڵاودەکرێنەوە کە گوزاشتن لەبەختەوەریو دەوڵەمەندیو خۆشگوزەرانیی کە هەر ئەڵێی ئەم خۆشگوزەرانییە ژیانی خەڵکی داگیرکردووە، ئەم ڕەزالەتییە بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی زۆر لەژنانوکچانی بەرەو فحوش بوون بردووە.

هەڵوەشاندنەوەی مەعنەوییو بەدڕەوشتیو زیادکردنی تاوانەکان ئیتر زیندانەکانیان پڕکردۆتەوەو لەژێر ناوی ریفۆرمی کەسەکاندا کۆکراونەتەوە.

تاوانەکان لەنزیکەوە پەیوەندییان هەیە بەباروودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە کە کۆمەڵگا ئەم واقیعە پەسەند ناکاتو خۆی تاوانباردەکات بۆ قبوڵنەکردنی باروودۆخەکە، هەر بۆئەمەش وەك باڵدارێکی مەترسیدار سەری خۆی ئەخاتە ناو قوڕەوەو بەدرۆ خۆی هەڵدەخەڵەتێنیو پێیوادەبێت کە کەموکوڕییەکانی لەمیانەی کەم دینیو تەمەڵییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەمە خراپترین خۆهەڵخەڵەتاندنە یاخود قێزەونترین ماستاوکردنە بۆ زۆرینەی باروودۆخی کۆمەڵایەتی چەندە کەمەو دەستنادات ئەوەندەش تاوانەکان قورسن، تێکۆشانی هەبوونی خود زۆر دژوارەو یەکێك لەبەرامبەر ئەوی تردا دوژمنایەتی هەتامردن دەکات کە ئەمەش پابەندبوونە کۆمەڵایەتییەکان لاوازدەکاتو مرۆڤەکان لەبەرامبەر یەکتریدا دەکاتە دوژمن، چینی دەسەڵاتدار کە بنەمای دیاردەکان نابینن یاخود خوازیارنین ببینن هەمیشە هەوڵدەدەن بەگوێرەی شێوازی خۆیان

رووبـــەرووی خراپییـــەکان ببنـــەوە، ئەمـــە لەحاڵەتێکـــدا کـــە تاوانـــەکانو بەدڕەوشتییەکان لەئەنجامی نـەداریی‌و فـشاردا زیاددەکـەن بـۆ ڕێگـەگرتن لێیـان ناگەڕێن بەدوای سەرچاوەی خراپەکارییەکانـدا، بـەڵکو تـەنها بەرهەمـەکانی ئـەم بارودۆخـە سـزادەدەن، ئەمانـە وا بیردەکەنـەوە کـە کاتێك خراپەکارییـەکان روو لـەزیادبوونبوون بەڕێژەی زیـادبوونی ژمـارەی فایلـەکان پێویـستە چـاودێرییەکی پتەوترو سزای قورستر داسەپێنن‌و بڕوایان وایە کە شەیتان بەشەیتان راودەکرێت. پرۆفیسۆر (hockeld)بڕوای وایە کـە لەبەرامبـەر تاوانەکانـدا بـەکارهێنانی سـزای لەسـێدارەدان‌و سـزا قورسـەکانی تـر راسـتەو باشـترین ڕێگایـە، لـەم مەسـەلەیەدا لەبەرامبـەر خۆیـدا لەهەنـدێك کاتـدا دوژمنایەتییـەکی هـەتامردن لەخۆیـدا بـەهێز دەکات کە لەناو کۆنەپەرستییەکی هەمەڕەنگدایە، (hockeld) لەو بڕوایەدایـە کـە کەسـایەتییە بـێ کـەڵك‌و تاوانبارەکـان وەکـو ئـەو گـژوگیا غەریبانـەن کـە لـەناو باخچەکاندان‌و رووناکی‌و هەوا لەڕووەکـەکان وەردەگـرن کـە پێویـستە لەڕەگـەوە هەڵبکێـشرێن، تـاك بـەتاکی تاوانبارەکـان هێنانـە ئاسـتی بێبـەزەیی‌و یـاخود لـــەناوبردنی هـــەروەکو ئـــەو گـــژوگیا غەریبانـــەی کـــە لـــەناو باخـــچەیەکدا بەڕەگ‌وتۆوەکانیانـەوە لـەناودەبرێن ناگاتـە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئاسـتەنگیی بـۆ دروسـتبوونی تـاوانی تـازە جێبـەجێبکات بـۆ مـرۆڤو پێـشگرتن لـەپێکهێنانی ڕێکخـستنە زەرەرمەنـدە سروشـتییەکان هـیچ نابێـت، بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ دروسـتکردنی لەلایـەن خۆیانـەوە یـاخود بـۆ تێرکردنـی پێداویستییەکان لەسـەر حسابی خەڵکانیترو پێشخستنی غەریزەی موڵکییەت لەتاکەکەسەکاندا شتێکە کـە نابێـت، ئەگـەر بەشـێوەیەکی بـاش بـارودۆخێکی گونجـاو بـۆ هـەموو کەسـێك‌و بەشـێوەیەکی یەکـسان برەخـسێنرێت‌و هۆکارەکـانی تـاوان شـیبکرێتەوەو چارەسەربکرێن لەم حاڵەتەدا دەتوانرێت تاوان لەناوببرێت، ئەوانەی کە خوازیـارن هۆکارەکانی تاوان لەناوببەن هەڵبەتە بـەڕێگای بـەکارهێنانی ئامرازەکـانی فـشارو

توندوتیژیی ناتوانن ئەمە بکەن، ناتوانن ڕێگریی بکەن بەشێوازی خۆیان لەدژی ئەو تاوانبارانەی کە نابێت نییە مۆڵەتیان پێبدرێت چالاکییەکانی کۆمەڵگا بەڕێوەببەن، بەڵام خوازیارن کە کۆمەڵگا لەبنەڕەتدا بگۆڕێنو بەشێوەیەکی خێرا هۆکارەکانی تاوان لەناوببەن.

پەیوەستبوون لەنێوان تاوانو باروودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەلایەن کەسایەتییە سیاسیوکۆمەڵایەتیو ئامارکارەکانەوە چەندجارێك سەلمێنراوە، یەکێك لەو تاوانانەی کە کۆمەڵگاکەمان بەچاوی تاوان سەیردەکات ئەو حاڵەتانەیە کە ئیشکردن تیایدا زەحمەتەو لەم میانەیەوە دیاردەی سواڵکەرێتییە، سەرژمێریکردن لەسەردەمی پاشایەتی سەکسۆنیدا ئەوەمان پیشاندەدات کە ئابلۆقەی ئابووریو زیادبوونی هێزی مەسرەفگەری لەئەڵمانیا لەماوەی ساڵانی (١٨٩٠-١٨٩٢) ژمارەیەکی زۆر سواڵکەری دروستکرد کە لەلایەن دادگاوە سزادران، لەساڵی (١٨٩٠)دا بەمهۆیەوە(٨٨١٥)کەسو هەروەها لەساڵی(١٨١٩)دا (١٠٠٧٥)کەس، هەروەها لەساڵی (١٨٩٢)دا (١٣١٢٠)کەس سزادران، لەهەمانکاتدا لەئوستراليا بەهۆی سواڵکەرێتییەوە لەساڵی(١٨٩١)دا (٩٠٩٢٦)کەس، لەساڵی(١٨٩٢)دا (٩٨٩٩٨)کەس سزادران کە ئەمە زیادبوونێکی لەڕادەبەدەرە.

بێگومان لەم سەردەمەدا لەلایەکەوە ژمارەی ئەو خەڵکە دیاریدەکران کە دەچوونە پرۆلیتاریاوەو لەلایەکی تریشەوە ئەو سەروەتوسامانانە دیاریدەکران کە لەزیادبووندابوون، د. (ڕۆل فیلەرو هاریمان)و د.( پییەر پۆرت مۆرگن و ڤ.ن ڤاندەر بیلت)پێنج کەسبوون لەوڵاتە یەکگرتووەکان کە مردوون خاوەنی سەرمایەیەکی زۆربوونو لەساڵی ١٩٠٠دا بەیەکەوە خاوەنی (٣٢٠٠)ملیۆن مارك بوون کە ئەمە کاریگەریی هەبوو لەسەر وڵاتە یەکگرتووەکانو هەروەها لەسەر ژیانی ئابووریی ئەورووپا، ئەمەش یەکێکە لەو دیاردانەی کە ڕووەکانی پێشکەوتنمان پیشاندەداتو هەموو یەکێتییە گەورەکانی سەرمایەداریی کە دیارو بەناوبانگبوون لەڕووی کاریگەرێتی سیاسیو کۆمەڵایەتیان لەهەموو وڵاتە مەدەنییەکاندا سەرنجراکێشانیك پێکدەهێنن بۆ سەردەمی نوێ.

# بەشی حەڤدەیەم
# قۆناغی قووڵبوونەوە لەپیشەسازیی کاپیتالیستیدا (سەرمایەداریدا)

## ١- پیشەسازیی جێگەی بەکشتوکاڵ لەفکرد:

سیستمی ئابووریی سەرمایەداریی تەنها لەسەر ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان باڵادەست نەبوو، بەڵکو باڵادەستبوو لەسەر ڕێکخستنە سیاسییەکانیش‌و کاریگەریی لەسەر فیکرو هەستی کۆمەڵگا دروستکردبوو باڵی بەسەرداکێشابوو، سەرمایەداریی هێزێکی بەڕێوەبەرایەتییە لەپێناوی داگیرکاریی‌و ئیستغلالکردندا هێزی کار وەکو کاڵایەك دەبێتە باڵادەست بەسەر پرۆلیتاریاکان‌و مووچەی هێزی کار وەکو هەموو شتەکانیتر بەگوێرەی خواست‌و خستنەڕوو **(عرض و طلب)** دیاریدەکات، خەرجییەکانی بۆ کاڵا خاوەکان بەئارەزووی خۆی دیاریدەکات، گەر سەرمایەداریی هەرچەندە خۆشی وەها پیشانبدات کە باشێتییەك بۆ کرێکار بەوێنەی عەشقی خودایی دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە تەنها باڵادەستی خۆی دەچەسپێنێت بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەیەکی زیاتر کە بیخاتە گیرفانییەوە، سەرمایەداریی کرێکارەکان دەگوشێت‌و هێزی ئیشکردنیان ئیستغلالدەکات‌و دەیهێنێتە ئاستێك کە بەبەردەوامی هێزی ئیشکردنی تازەی بەکاربهێنێت، بەمشێوەیە بەرهەمەکانی خۆی بەرەو باشتربباب، ئەمەش توانای لەناوبردن دەداتە ئەو کە وەکو سوارێك لەبەرامبەر دوژمنێکی بێچەکدا بێهێز دەربکەوێت.

ئەم هەوڵدانە ناعادیلە ڕۆژبەڕۆژ لەهەموو هەرێمەکاندا پێشدەکەوێت‌و ژنانیش لێرەدا لەدوای منداڵان‌و هەرزەکارانەوە وکو هێزی کاری هەرزان بەکاردەهێنرێن،

ئـەنجامی بـارودۆخێکی بەمـشێوەیە بەشـێوەیەکی رێـژەیی لەگـەڵ کەمینەیـەك لەسەرمایەداراندا ئەوانەی کەپێویستیان پێیەتی هەموو رۆژێك هێزی کاری خۆیـان دەفرۆشن، واتە ئەو سەرمایەدارانەی کە لەنێوان خەڵکدا دەکەونە نێو پێشبڕکێوە بۆ بەکاربردنی ئەو هێزەی کار لەم پێشکەوتنەدا چینی ناوەنـد رۆژبـەرۆژ بـەرەو بـــارودۆخی خراپتردەچـــن، هـــەتا ئێـــستا داگیرکردنـــی ســـەرمایە لەلایـــەن سەرمایەدارانەوە چڕتردەبێتەوەو دوابەدوای یەکتریی ئەو هەرێمانەی ئیشکردن کە تیایدا باڵادەستن لەسەر بەرهەمە بچووکەکان دەکەوێتە دەستی سەرمایەدارانەوە، ئەو چاودێرییەی لەنێوان سـەرمایەدارەکاندایە بەمەبەسـتی داگیرکـاریی بـەردەوام ناچـارن کـە هـەرێمی زیـاتر بدۆزنـەوەو سـەرمایە وەك شـێرێکی نەڕەدرێـژ بـەرەو پێـشەوە بـڕوات و بـۆ کەسـێك دەگـەڕێت و هـەموو هـەبووە لاوازو بـچووکەکان لەناودەبات و دەیانفرۆشێت بۆ ناوچەیەکی تر، ئەگەر خۆرزگارکردن لەدەستی ئەو شێرە مسۆگەرنەبێت ئەوا زەحمەتی دروستدەبێت ئەویش لەبەرئەوەی کـە چینی کرێکـاری مووچـەدار هـیچ شـتێکی نییـە لەدەسـتیبدات و هـەموو شـتێك لەبەرچـاو دەگرێت و لەسەر ئەم بنەمایە دەڕۆن.

لـەناوبردنی چینی ناوەنـدو پیـشەسازکارەکان تـەنها بەرێگایـەك دەتوانرێـت بێکاریگەریی بکرێت ئەویش لەڕێگای یاساو دەزگای پێشگریییەوە دەبێت، یـەکێك لەمانـە یـان ئـەویتر لەماوەیـەکی کورتـدا سـەبارەت بـەخۆی دەتوانێـت رێگـەی هەڵخەڵەتاندن بکاتەوە، بەڵام لەبەرامبەر قورسی ئـەو واقیعـەی کـە دەردەکـەوێت خۆهەڵخەڵەتانـــدن لەماوەیـــەکی کورتـــدا لەناودەچـــێت و بـــچووکەکان لەلایـــەن گەورەکانـــەوە زۆر بێویژدانانـــە لـــەناودەبرێن ئـــەویش بـــەهۆی هێزێکـــی یاسـایی سروشتییەوەو بەشێوەیەکی ئاشکرا دەتوانرێت ئەمـە ببینرێت لەلایـەن هـەموو کەسێکەوە.

لەئەڵمانیا یەکینەی کۆمەڵایەتی لەماوەی(٢٥)ساڵدا لەئەنجامدانی ژمارەی پیشەکانەوە ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەو ساڵانەدا جێگەی باسبوون باسدەکرێت بەتایبەتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەساڵی(١٨٨٢)ەوە بۆ(١٨٩٥)و هەروەها لەساڵی(١٨٩٥)ەوە بۆ(١٩٠٧)روویداوە بەمشێوەیە:

## ئیشکەران وەکو پیشەی بنچینەیی

| | ١٨٨٤ | ١٨٩٥ | ١٩٠٧ | زیادکردن و کۆچکردن لەساڵی ١٨٢ەوە | |
|---|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | ٨٢٢٦٤٩٤ | ٨٢٩٢٦٩٢ | ٩٨٨٢٢٥٧ | ١٦٤٦٧٦١+ | ١٩,٩٩= |
| پیشەسازیی | ٦٢٩٦٤٦٥ | ٨٢٨١٢٢٠ | ١١٢٥٦٢٥٤ | ٤٨٥٩٧٨٦+ | ٧٥,٩٨= |
| بازرگانی و گەیاندن | ١٥٧٠٢١٨ | ٢٢٢٨٥١١ | ٣٤٧٧٦٢٦ | ١٩٠٧٢٠٨+ | ١٢١,٤٦= |
| خزمەتکاری ماڵ | ٢٩٧٥٨٢ | ٤٣٢٤٩١ | ٤٧١٦٩٥ | ٧٤١١٣+ | ١٨,٦٢= |
| خزمەتگوزاریی گشتی و پیشە سەربەستەکان | ١٠٣١١٤٧ | ١٤٢٥٩٦١ | ١٧٣٨٥٣٠ | ٧٠٧٣٨٣+ | ٦٨,٥٦= |
| بێ پیشەکان | ١٢٥٤٤٨٦ | ٢١٤٢٨٠٨ | ٣٤٠٤٩٨٣ | ٢٠٥٠٤٩٧+ | ١٥١,٤٠= |
| کۆ | ١٨٩٨٦٤٩٤ | ٢٢٩١٣٦٨٢ | ٣٠٢٣٢٤٥ | ١١٢٤٥٨٥١ | ٥٣,٩٥= |

## ئەو ئیشکەرانەی لەگەڵ ناسیاوەکانیان کاردەکەن

| ساڵ | ١٨٨٢ | ١٨٩٥ | ١٩٠٧ | زیادکردنو کەمکردن لەساڵی ١٨٨٢ەوە | |
|---|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | ١٩٢٢٥٤٥٥ | ١٨٥٠١٢٠٧ | ١٧٦٨١١٧٦ | ١٠٤٤٢٧٩- | ١٨,١٨= |
| پیشەزیی | ١٦٠٥٨٠٨٠ | ٢٠٢٥٢٢٤١ | ٢٦٢٨٦٥٢٧ | ١٠٢٢٨٤٥٧+ | ٦٤,٢٧= |
| بازرگانی و گەیاندن | ٤٥٣١٠٨٠ | ٥٩٦٦٨٤٦ | ٨٢٧٨٢٩٢ | ٢٧٤٧١٥٩+ | ٨٢,٦٩= |
| خزمەتکاری ماڵ | ٩٢٨٢٩٤ | ٨٨٦٨٠٧ | ٧٩٢٧٤٨ | ١٤٥٥٤٦+ | ١٥,٥٧= |
| خزمەتگوزاریی گشتی و پیشە سەربەستەکان | ٢٢٢٢٩٨٢ | ٢٨٢٥٠١٤ | ٣٤٠٧١٢٦ | ١١٨٤١٤٤+ | ٥٢,٢٢= |
| بێ پیشەیی | ٢٢٤٦٢٢٢ | ٣٣٢٧٠٦٩ | ٥١٧٤٠٣ | ٢٩٢٨٤٨١+ | ١٣٠,٣٦= |
| کۆی گشتی | ٤٥٢٢٢١١٣ | ٥١٧٧٠٢٨٤ | ٦١٧٢٠٥٢٩ | ١٦٤٩٨٤١٦+ | ٣٤,٢٧ |
| زیادەی ئەمانە لەگەڵ خزمەتکارەکاندا | ١٣٢٤٩٢٤ | ١٣٣٩٣١٨ | ١٢٦٤٧٥٥ | ٦٠١٦٩- | ٤,٥٣= |

ئەم ژمارانە ئەو راستییە پیشاندەدات کە هەڵخزانێکی نائاسایی لەپیشەکانی ئەواندا لەنفوسداو لەنێوان (٢٥)ساڵدا جێگەی باسە، پیشەسازیی (دارِشتنەوەی مەعدەن و کاڵا خاوەکان) بازرگانیو ئەو کەسانەی کە بەپارەی گەیاندن داهات بەدەستدەهێنن چوونە ریزی ئەوانەی کە بەکشتوکاڵەوە خەریکن کە بەشێوەیەك زیادکردنی هەموو نفوسەکان یەکەم بوو، لەساڵی (١٨٨٢)ەوە بۆ (١٨٩٥) بەرێژەی (٦٥٤٧١٧١)و هەروەها لەساڵی (١٨٩٥)ەوە بۆ(١٩٠٧)بەرێژەی (٩٩٥٠٢٤٥)ئیشوکاری کشتوکاڵی وەکو پیشەیەکی سەرەکی لێهات و ژمارەی ئیشکەران تیایدا زیادیکرد بۆ (١٦٤٦٧٦١)کەس کە ئەمە زۆر لەدواوەی زیادکردنی نفوسی گشتی بوو کە تەنانەت ئەم گروپە ئیشکەرانە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانیان یەکسان بووە بە(١٥٤٥٢٧٩)کەس و لە(٨٤٪)ی

بەردەکەوێت، باروددۆخ لەبواری ئیشکردنی بازرگانییو گەیاندنو پیشەسازیدا بەپێچەوانەوە بووە کە لەهەردوو کاتەکەدا ئیشکەرەکانو ئەندامانی خێزانەکانیان بەشێوەیەکی گرنگ ژمارەیان بەقەد ژمارەی گشتی پێشکەوتووە کە پاشان لەساڵی ١٨٩٥دا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەپیشەسازیدا کاردەکەن گەیشتوونەتە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەبورای کشتوکاڵدا ئیشدەکەن، (١٥٪)ی زیادبووە، واتە گەیشتۆتە (١٢٧٢٩٩٧)کەسو ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانیان زیاتربوون لەوانەی لەئەندامانی خێزانی ئیشکەران بواری کشتوکاڵی بەرێژەی(٤٩٪)کە دەکاتە (٧٨٠٥٣٩١)کەس لەساڵی (١٨٩٥دا ١٧٥١٩٣٤)، ئەمەش ئەوە پیشاندەدات کە زیادکردنێکی بەهێز لەئارادایە لەچاو ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەبواری بازرگانییو گەیاندندا بەخۆیانو خێزانەکانیانەوە ئیشدەکەن، سەرەنجام ژمارەی دانیشتوانی لادێکان واتە بەشێکی سەرەکیی لەو دانیشتوانەی کە پشتوپەنای سیستەمی کۆن پێکدەهێننو رۆژبەرۆژ لەلایەن ئەو دانیشتوانەی کە سەرقاڵن بەئیشوکاری بازرگانییو گەیاندنو پیشەسازییەوە زیاتر بەرەو دواوە دەڕۆن.

ئەگەر سەرنج بدەینە زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەخزمەتگوزاریی گشتیو لەپیشە سەربەستەکاندا بەتێکڕای ژمارەی خێزانەکانیانەوە کاردەکەن بەتایبەتی لەساڵی(١٨٨٢)ەوە ئەو زیادبوونە گوزارشتە لەوەی ئەم راستییە نەگۆڕە، جگە لەمە لەدوا ئاماری ئەواندا لەگروپی پیشەکاندا کە دەستبەکاربوون ئەوە بەدیدەکرێت کە دابەزینێکی کەم لەئارادایە مەگەر زیادبوونێك لەئەندامە پیشەییەکاندا روویدابێت، هەرچەندە کەمیش بووە لەساڵی(١٨٨٢)لەبەرامبەر(١٨٩٥و١٩٠٧)دا بەردەوامە لەساڵی (١٨٨٢)ەوە بۆ (١٨٩٥ ٣٧,٢٩٪)و لەساڵی (١٨٩٥)ەوە بۆ (١٩٠٧) تەنها (٢١,٩٦) زیادەبوونێکی بەهێز لەئەندامانی خێزانی بێپیشەکاندایە، لەگەڵ تەواوی ئەمانەدا خانەنشینیو

تێپەڕاندنی کێشەو نەخۆشیو بەساڵاچوون زۆر کەسی بەرەو هەژارییونەداریی بردووە کە دەتوانرێت ئەمە پەیوەستبکرێت بەزیادکردنی ژمارەی زینداناو نەخۆشییە دەروونییەکانو خراپەکارییو نەدارییەوە، کەمیی زیادبوون لەژمارەی ئەوانەی کە خزمەتکاری ماڵان دەکەن شتێکی ئاساییە، چونکە لەئیشکردنی ئەم کەسانەدا کەمبوونەوەیەك لەژمارەی ئەو کەسانەدا بەدیدەکرێت کە خاوەن داهاتێکی دیاریکراون، لەلایەکی ترەوە بەپشتبەستن بەم ئیشە لەنێوان ژنانی پرۆلیتاریادا هەوڵدانێك هەیە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەتایبەتی لەناو ئەو ژنانەدا کە ئیشدەکەن، سەرەڕای ئەوەی لەم ئیشەدا بۆماوەیەکی درێژیش بمێننەوە ئەوەندە کەمتر پەسەند دەکرێن.

لەساڵی (١٨٨٢)دا ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکیی لەئیشی کشتوکاڵدا کاردەکەن وەك پیشەیەکی بنەڕەتی (٤٣,٣٨)پێکدێننو لەساڵی (١٩٥)دا (٣٦,١٩) پێکهێناوە، هەروەها لەساڵی (١٩٠٧)دا ئیتر تەنها (٣٢,٦٩)دا ئیشکەران پێکدەهێننو لەساڵی (١٨٨٢)دا بەتێکڕای ژمارەی ئەو کەسانەی لەبواری کشتوکاڵدا ئیشدەکەن (٤٢,٥١)و لەساڵی (١٨٩٥)دا (٣٥,٧٤)و لەساڵی (١٩٠٧)بەتەنیا (٢٨,٦٥)دەگرێتەخۆی، لەبەرامبەر ئەمەدا پیشەی سەرەکیی پیشەسازیی واتە ئەوانەی کاردەکەن لەبواری دروستکردنو ڕێکخستنەوەی مەعدەندا لەساڵی (١٨٨٢)دا ژمارەیان (٣٢,٦٩)و لەساڵی (١٨٩٥)دا ژمارەیان (٣٦,١٤)بووە، هەروەها لەساڵی (١٩٠٧)دا ژمارەیان (٣٧,٢٣)پێکدەهێنن، ئەمانە بەخۆیانو خێزانەکانیانەوە لەساڵی (١٨٨٢)دا (٣٥,٥١)و لەساڵی (١٨٩٥)دا (٣٩,١٢)پێکهێناوە، هەروەها لەساڵی (١٩٠٧)دا (٤٢,٧٥)پێکدەهێنن، هەروەها ئەوانەی لەبورای گەیاندنو بازرگانیدا ئیشدەکەن ژمارەیان بەئەندامانی خێزانەکانیانەوە بەمشێوەیە:

| | ١٨٨٢ | ١٨٩٥ | ١٩٠٧ |
|---|---|---|---|
| بەتێکڕایی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیاندا | ١٠,٠٢ | ١١,٥٢ | ١٣,٤١ |
| لەدەرەوەی ئەندامانی خێزانەکانیان | ٨,٢٧ | ١٠,٢١ | ١١,٥٠ |

لەئەڵمانیا بەتێکڕای ژمارەوە (٥٦,١٦) بوون، تەنانەت لەسەکسۆنیاشدا ئەوانەی کەپێویستیان بەئیشی بازرگانیی‌و پیشەسازی هەبووە لەلایەکی تریشەوە ئەوانەی کە لەبواری کشتوکاڵیدا ئیشیانکردووە لە(٢٨,٦٥)زیاتر تێناپەڕێت کە لەسەکسۆنیادا ئەم ژمارەیە بەتەنها (١٠,٠٧)بووە.

**٢-زیادکردنی بە پرۆلیتاریابوون، ئەنجامدانی دەسەڵاتدارێتی گەورە**

دیاریکردنی کرێکاران بەگوێرەی رەگەزایەتی‌و نفوسی ئیشکەران بەشێوەیەکی سەربەخۆ گرنگە، پەیوەست بەم بابەتەوە ژمارەکان ئەمە روونده‌کاتەوە ژمارەی ئەو کەسانەی سەربەخۆ لەکشتوکاڵدا ئیشدەکەن لەساڵی (١٨٨٢)ەوە بۆ ساڵی (١٨٩٥)بەتێکڕا (٢٨٦٩٢)کەسبوون کە یەکسانە بە (١٢,٥٪) ژمارەی زیادبوونی، بەڵام لەساڵی (١٨٩٥)ەوە هەتا ساڵی (١٩٠٧)دابەزیووەتەسەر (٦٧٧٥١)کەس کە ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراورد بکەین لەگەڵ ساڵی (١٩٨٢)دا دەبینین ژمارەی سەربەخۆکان (٢١٢٩٤١)کەسن کەیەکسانە بە(٩,٢٪)زیادبوون، لەبەرامبەر ئەمەدا لەساڵی (١٨٨٢)ەوە بۆ (١٨٩٥،٢٥٤٠٢٥) کەسن کە یەکسانە بەکەمکردنەوەی ژمارەی ئیشکەران بۆ (٤,٣٪)، لەساڵی (١٨٩٥)وە ژمارەیەکی زۆر زیادیکردووە کە (١٦٥٥٧٧)کەسە، ئەمەش یەکسانە بە(٢٩,٤)کەس، کاتێک کە سەیری ئەم زیادبوونە دەکەین لەنزیکەوە دەبینین کە پەیوەستە بەزیادبوونی ئەندامانی خێزان‌و بەیارمەتی رەگەزیی ژن وەکو شتێکی سەرەکیی، لەپیاواندا(١٧٠٥٣٢)، هەروەها لەژنانیشدا(١٨٢٣٩٨)کەس، کە بەتێکڕایی دەکاتە(١٩٩٠٩٣٠)کەس،

بەتـەنیا کاتێـك کـە ئیشکەرانی خزمـەتگوزارو جووتیـاریی هەڵبسەنگێنین لـەناو پیـاوانی ئیـشکەردا (٣٨١١٩٥)کــەس کەمدەبنــەوەو لەژنانیــشدا زیــادبوونی (٤٥٩٤٢)کەس گوزارشتێکە بۆئەوەی کە بەتێکڕا لـەکرێکارانی بـواری کـشتوکاڵیدا (٢٣٥٢٥٣)کەس کە ڕێژەیەکی گرنگە کەمبۆتەوە، لەم واتەیەدا ئەوانەی کە ئیشی کـشتوکاڵ دەکـەن بەتـەنها سـەربەخۆکان نـین، بـەڵکو ئەوانەشـن کـە بـۆ ژیـانی ڕۆژانەی خۆیـان هەوڵـدەدەنو تەنانـەت ژمـارەی خزمەتـچییەکانیش کەمبۆتـەوە، لەگروپی پیشەیی کشتوکاڵیدا هۆکـاری زیـادبوون لـەژمارەی پێـشوودا پەیوەست بـەزیادبوونێکی بـەهێزی هاوکـاریی خێزانـەو بەتایبـەتی هاوکـاریی ژنـان ڕۆڵێکـی گرنگی هەبووە.

بارودۆخ لەبواری پیـشەسازیدا بەتـەواوەتی جیـاوازە، لێـرەدا لـەنێوان (٢٥)سـاڵدا لەسـاڵی (١٨٨٢–١٨٩٥)ژمـارەی (١٤,٤٨)لەسـەدا (٣٦,٤٨)کـە زیـادیکردووە ژمـارەی سـەربەخۆکان لەساڵی (١٨٨٢)ەوە بـۆ ١٨٩٥ کـە دەکاتـە ١٣٩٣٨ کـە ئەمـەش یەکسانە بـە(٥,٢٪) لێـرەوە بـۆ ٢٣٤٠٢٤ کـەس یەکسانە بـە(١٠,٦٪)، ژمـارەی ئیـشکەران لەسـاڵی ١٨٨٢ەوە بـۆ سـاڵی ١٨٩٥ زیاددەکـات بەڕێـژەی (١٨٥٩٤٦٨)کـەس، هـەروەها لەسـاڵی(١٨٩٥)ەوە بـۆ(١٩٠٧)زیـاد دەکـات بـۆ (٢٦٣٧٤١٤)کەس جگە لەو ئەندامانـەی خێـزان کـە یارمەتیـدەری ئیشکەرەکەن، بــەڵام کاتێــك بەتــەنها ئامــاژە بەئیــشکەرەکە بــدەین دەبیــنین ژمارەیــان لەساڵی(١٨٩٥)دا لە(٥٨٩٩٧٠٨)بۆ ساڵی (١٩٠٧)گەیشتۆتە (٨٤٦٠٣٣٨)کـەس، ئەوانەی کە لەپیشەسازییەکاندا کاردەکەن بەتێکڕا (٣\٤)یان کرێکـارن کەدەکاتـە (٧٥,١٦٪). بەپێچەوانەوە لەبری ئەم ژمارەیە هەروەك لەبوارە پیـشەسازییەکاندا دەبینرێـت هــەمان ئـەو پێـشکەوتنەی کــە لـەژمارەی سـەربەخۆکانو کرێکـارانی خزمەتگوزاردان هاتەئاراوە بەهەمانشێوە لەبواری بازرگـانییو گەیاندنیـشدا خـۆی نوانـدووە، ئەوانـەی کـە لـەبواری بازرگانیـدا سـەربەخۆ کاریـانکردووە بەتایبـەتی

ژنـانبوون ئەمانـەیان ئـەو بێوەژنانـەبوون کـە لەڕێگـەی بازرگـانیی بـچووکەوە دەروازەی ئیـشکردنیان بـۆ خۆیـان دۆزیوەتـەوە یـاخود ئـەو ژنانـەن کـە شوویانکردووەو لـەم ڕێگایـەوە هەوڵدەدەن داهـاتی مێردەکانیـان بـەرەو باشـتر بـەرن، ژمـارەی سـەربەخۆکان لەسـاڵی (١٨٨٢)ەوە بـۆ (١٩٠٧) دەگاتـە (٣١٠٥٨٤)کـەس کـە لـە(٤٤,٣٪)بەرزبۆتـەوە، بـەلام ژمـارەی خزمـەتگوزاران و کرێکـاران زیـاتر زیـادیکرد بـۆ (٣٦٤٣٦١) (٢٥٨,٨٪)و (١٢٣٢٢٦٣) (١٩٦,٤٪)، ئەمە بەڵگەیەکی سەرنجڕاکێشە سەبارەت بەو پێشکەوتنە بەهێزە نائاساییەی کە چۆن دروستبوو لەساڵی (١٨٩٥)ەوە بۆ ساڵی (١٩٠٧). لەهەمانکاتـدا ژمـارەی خزمەتکاران دووئەوەندە زیادیکردووە کە لـەنێو ئەمانـەدا ژمـارەی ژنـان شـەش ئەوەندە زیادیکردووە.

لەساڵی (١٨٨٢)ەوە هـەتا (١٩٠٧) بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی سـەربەخۆکان بەڕێـژەی (٥,٧٪) زیـادیکردووە، لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ژمـارەی زیـادبوونی نفـوس بەڕێژەیـەکی زۆر دواکـەوتووە بـۆ (٣٦,٤٨٪)، لەبەرامبـەر ئەمەشـدا ژمـارەی خزمـەتگوزارەکان (٣٢,٤٠٪)زیـادیکرد، ئەمـەش ئـەو ڕاسـتییە پیشاندەدات کە لەهەموو بوارەکاندا پێویستی بەهێزی خزمەتگوزار بۆ بەکارهێنان لەئیشدا پێشکەوتووەو ژمارەی کرێکارانیش (٣٩,١) زیادیکردووە، لێرەدا لەنێوان (٥٤٩٠٢٨٨)کەسی سەربەخۆدا دەستنیشاندەکرێت کە ژمارەیەکی گەورە ژیانێکی پرۆلیتاریانـە دەژیـن، بۆنموونـە لـەنێوان (٢٠٨٦٣٦٨) کەسـدا کـە لـەبواری پیـشەسازیدا ئیـشدەکەن ژمـارەی (٩٩٤٧٤٣)کـەس کـەمتر هەیـەو نزیکـەی (٨٧٥٥١٨)کـەس کـە وەك یاریـدەدەر ئیـشدەکەن لـەبواری بازرگانیـدا لەسـاڵی (١٩٠٧)دا لەنێوان (٧٠٩٢٣١)کـاری سـەرەکیدا (٢٣٢٧٨٠)یـان ئیشی تاکەکەسی بـوون، جگـە لەمـە لـەنێوان ئـەو سـەربەخۆیانەی کـە سـەرقاڵی کـاری گەیانـدن و بازرگانیبوون (٣٥٣٦٠)کەس ئیشیاندەکرد دواتـریش نزیکـەی (٥٢٤٠)کەسبوون،

هەروەها بەهەزاران نوێنەری کارگەو فرۆشیاری ئەلکترۆنی هەبوون، جگە لەمانە لەنێو هەزرسێ کارەکتەرەکەدا ژمارەی سەربەخۆکان سەرنجراکێشن، بۆنموونە هەروەك چۆن بازرگانێکی بواری توتنوجگەرە کە خاوەنی لقێکی بازرگانییە یاخود خاوەنی چەند دووکانێکە بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانی لەم بارودۆخانەدا هەموو یەکێك لەلقەکان بەکارێکی جیا دەژمێرێت هەمانشت بۆ ئیشوکاری پیشەسازیی خاوەن کارگەیەکیش گرنگە، بۆنموونە کارگەیەك لەکاتی بەگەڕخستنیدا لەلایەکەوە ژمارەیەك دەدرێتە کارگەکەو لەلایەکی تریشەوە زانیاریی تەواو دەربارەی چۆنێتی ئیشەکەی نادات بەدەستەوە، بەلام دیسانیش سەرەڕای ئەو هەموو کەموکورتیانە لە مانگی حوزەیرانی سالی (١٩٠٧)دا ئەنجامەکانی سەرژمێری کارە نوێکان گەورەترین قولبوونەوەی سەرمایە لەبواری گەیاندنوبازرگانی پیشەسازیدا تابلۆیەکی سەنتەریزم دەدات بەدەستەوە، رێژەیەکی کەمی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان کە بەدەستەوەن ئەوە پیشاندەدات کە دەستاودەست لەگەڵ سیستەمی ئابووریدا هاتۆتەپێشەوە، هێشتا لەسالی (١٨٨٢)دا ئەو سەربەخۆیانەی کە تەنها ئیشیاندەکرد ژمارەیان (١٨٧٧٨٧٢)بوون لەسالی(١٨٩٥)ەوە ژمارەیان بەرەو کەمیی رۆیشت، لەسالی ١٨٩٥دا ژمارەیان گەیشتە (١٧١٤٣٥١)کەس لەسالی (١٩٠٧)دا تەنها(١٤٤٦٢٨٤)بوون، کەسەکان کەمبوونەوەو بوون (٤٣١٥٨٦)کەس کە یەکسانە بە(٢٢,٩٪)، لەسالی ١٨٨٢دا ژمارەکە دابەزی بۆ (٥٩,١) کە ئەمەش ژمارەی بەشی بەکارهێنانی ئیشە بچووکەکانە کە ئەم ژمارەیە لەسالی (١٨٩٥)دا بوو بە(٤٦,٥)و لەسالی (١٩٠٧)یشدا تەواوی خەباتکارەکانیان (٣٧,٣)بوو لە(٢٢)ەوە بۆ (٢٩,٦)و لەسالی (١٩٠٧)دا (٣٧,٣)جولانەوەیەك هەیە بەپێچەوانەی بەگەڕخستنە گەورەکان.

بەگەڕخستنی ئیش چەندە گەورەبێت پێشکەوتنەکانیش ئەوەندە خێران، لەساڵی (١٨٩٥)ەوە بۆ (١٩٠٧)بەگەڕخستنی ئیشە بچووکەکان لە(١٢,٢) هەروەها بەگەڕخستنی ئیشە ناوەندەکان (٤٨,٥)و هەروەها بەگەڕخستنی ئیشە گەورەکانیش (٧٥,٧)زیادیکرد، لەساڵی (١٩٠٧)دا بەگەڕخستنە گەورەکان زیادیکرد بۆ (٥٣٥٠٠٢٥)و هێشتا لەساڵی (١٨٨٢)دا کە ڕێژەیەکی کەم لەئیشکەران لەئیشە تاکەکەسیەکاندا کاریاندەکرد لەساڵی (١٩٠٧)دا بوونە گروپێکی گەورە کە ژمارەیان(٥٣٥٠٠٢٥)و لەحەوت گروپی پیشەدا لەنیوەی زیاتر ئیشکەران باڵادەستن لەئیشە گەورەکاندا، هەر (١٠٠)کەس ڕێژەیەك لەئیشەکەی بەردەکەوێت کە بەم شێوەیەیە:

| | |
|---|---|
| کانزاکاری | ٪٩٦,٦ |
| پیشەسازیی مکینە | ٪٧٠,٤ |
| پیشەسازیی کیمیا | ٪٦٩,٨ |
| پیشەسازیی Fekstil | ٪٦٧,٥ |
| پیشەسازیی کاغەز | ٪٥٨,٤ |
| پیشەسازیی خاك و کانزاکان | ٪٥٢,٥ |
| پیشەسازیی ڕۆن و صابوون | ٪٥٢,٣ |

لەبەگەڕخستنە گەورەکاندا بەتایبەتی لەساڵی (١٨٩٥)دا ژمارەیەکی زۆر بەشداربوون، بەڵام لەهەموو شوێنەکاندا خۆیان سەقامگیرکردبوو ئەوانەی لەهەموو بوارەکانی کانزاسازیدا ئیشدەکەن ڕێژەیان (٤٧٪)ەو، ئەوانەی لەبواری پیشەسازیی پۆلیگرانی ئیشدەکەن ڕێژەیان (٤٣,٨)ەو، ئەوانەی لەبواری گەیاندنیشدابوون لە(٤١,٦)بوون، ئەوانەی بواری دارشتنیش (٤,٥)بوون.

بەمشێوەیە لەهەموو بوارەکاندا پێشکەوتنەکان لەسوودو بەرژەوەندیی بەگەڕخستنی گەورەدابووە، بەگەڕخستنو بەدەستخستنی سەرمایە لەهەموو ئەو

ناوچـانەی کـە باڵادەسـتییەکی تـەواو لەبەگەڕخسـتنی سـەرمایەدا هـەبووە زۆر بـەخێرایی پێشکەوتووە، بۆنموونـە دروسـتکردنی بـیرە بەدەسـتهێنانی لەهـەموو هەرێمەکانی ئەڵمانیادا بەمشێوەیەبووە:

| لەباروودۆخی چالاکیدا | کالاٴ خاوەکانی بیرە | لەنێوان ئەمانەدا | لەکۆی (١٠٠٠)ڕێژەی هەکتۆلیترە |
|---|---|---|---|
| ١٨٧٣ | ١٢٥٦١ | ١٠٩٢٧ | ١٩٦٥٥ |
| ١٨٨٠ | ١١٥٦٤ | ١٠٢٧٤ | ٢١١٣٦ |
| ١٨٩٠ | ٨٩٦٩ | ٨٠٥٤ | ٢٢٢٧٩ |
| ١٩٠٠ | ٩٦٠٢ | ٦٢٨٣ | ٤٤٧٢٤ |
| ١٩٠٥ | ٥٩٩٥ | ٥٦٠٢ | ٤٦٢٦٤ |
| ١٩٠٦ | ٥٧٨٥ | ٥٤٢٢ | ٤٥٨٦٧ |
| ١٩٠٧ | ٥٥٢٨ | ٥٢٥١ | ٤٦٢٥٥ |

لێـرەدا ژمـارەی ئـەو دەزگایانـەی کـاڵا خاوەکـانی بـیرە بەگەڕدەخـەن لە(١٨٧٣)ەوە بۆ(١٩٠٧) (٨٠٣٣) بـوون کـە دەکاتـە (٥٩,٣٪) ژمـارەی دەزگـای کاڵا خاوەکان لەبواری ئەندروستریال (٥٦٧٦ )بوون کە دەکاتە (٥١,٩)لەبەرامبەر ئەمە بەرهەمهێنانی بیرە یەکسانە بـە(٢٦٧٠٠,٠٠٠)میلـیتر (هـەکتۆلیتر) یەکسانە بـە(١٣٥,٧)و زیـادیکردووە، ئەمـە گوزارشـتە لـەو داڕووخانـەی کـە لـەکارکردنی بەگەڕخستنە بچووکو ناوەندەکاندا بەدیدەکرێ، هەروەها گـەورەبوونی نائاسـایی لەبەگەڕخـستنە گەورەکانـدا بـۆ مەبەسـتی بەرهـەمهێنان لەسـاڵی (١٨٧٣)بـۆ هەریەکێك لەدەزگا پیشەسازییەکانی بـیرە (١٤٥٠) هـەکتۆلیتر بەرهـەمهاتووە کـە ئەم بەرهەمە لەساڵی (١٩٠٧)دا دادەبەزێتە سەر(٨٣٨٥)، لەهەموو جێگەیـەك کـە باڵادەستی سەرمایەداریی هەبێت بارودۆخیش بەمـشێوەیە دەبێت، لەئوسـترالیادا لەساڵی (١٨٧٩)لەکاتێکدا (٢٢٤٨)دەزگای وەبەرهێنانی بیرە هـەبوو کـە بـەتێکڕا (١١٦٧١٢٧٨)هـەکتۆلیتر بەرهـەمی بـووە لەسـاڵی (١٩٠٥)ئـەم ژمارەیـە تەنها(١٢٨٥)بوو، بەڵام ئەمانە بەتێکڕا (١٩٠٩٨٥٤٠)لەهەموو پیشە کانزاییـەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانو وەبەرهێنانی خەڵوزی بەردیندا لەئـەڵمانیادا هـەر هـەمان ئەنجاممان بەرچاودەکەوێت، لەبەرهەمهێنانی خەڵوزی بەرددا لەسـاڵی (١٨٧١)بـۆ

(١٨٧٥) ژمـــارەی وەگەڕخـــستنە ســـەرەکییەکان نزیکـــەی(٦٢٣)بـــوو لـــە ســـاڵی(١٨٨٩)دا دابەزییـــە ســـەر (٤٠٦)، بـــەڵام لەهەمانکاتـــدا بەرهـــەم لە(٣٤٤٨٥٤٠٠)تەنەوە گەیشتە (٦٧٣٤٢٢٠٠)تەن و بەگشتی ژمارەی کرێکارەکان لـــە (١٧٢٠٧٤)وە گەیـــشتنە (٢٣٩٩٥٤)کرێکـــار، ئـــەم خـــشتەیەی خـــوارەوە ئەنجامـــەکانی ئـــەو قۆناغانـــەی ساڵی (١٩٠٧)مـــان پیشان دەدات کـــە بەرهـــەمی خەڵوزی بەردینی تێدا بەرهەمهاتووە لەگەڵ خەڵوزی لینیت.

**خەڵوزی بەردین:**

| ساڵ | ئیشە سەرەکیەکان | ژمارەی کرێکار | ڕێژەکان ١٠٠٠ |
|---|---|---|---|
| ١٩٠٠ | ٣٣٨ | ٤١٣٦٩٣ | ١٠٩٢٩٠,٢ |
| ١٩٠٥ | ٣٣١ | ٤٩٣٣٠٨ | ١٢١٢٩٨,٦ |
| ١٩٠٦ | ٣٢٢ | ٥١١١٠٨ | ١٣٧١٧,٩ |
| ١٩٠٧ | ٣١٣ | ٥٤٥٠٣٣ | ١٤٣١٨٥,٧ |

**خەڵوزی لینیت:**

| ساڵ | ئیشە سەرەکیەکان | ژمارەی کرێکار | ڕێژەکان ١٠٠٠ تەن |
|---|---|---|---|
| ١٩٠٠ | ٥٦٩ | ٥٠٩١١ | ٤٠٤٩٩٨ |
| ١٩٠٥ | ٥٣٣ | ٥٤٩٦٩ | ٥٢٥١٢,١ |
| ١٩٠٦ | ٥٣٦ | ٥٨٦٣٧ | ٥٦٤١٩,٦ |
| ١٩٠٧ | ٥٣٥ | ٦٦٤٦٢ | ٦٢٥٤٦,٧ |

لێـــرەدا لەبەرهـــەمهێنانی خـــەڵوزی بەردینـــدا لەســـاڵانی حـــەفتادا ژمـــارەی وەگەڕخستنەکان هـــەتابێت بەڕێـــژەی (٤٩,٨)کەمیکردۆتـــەوەو لەبەرامبـــەر ئەمـــەدا ژمـــارەی ئـــەو کرێکارانـــەی ئیـــشدەکەن (٢١٦,٦٪)ە، هێڵـــی بەرهـــەمهێنان

(٢٢٠,٦)زیادیکردووە لەهەموو پیشە کانزاکارییەکاندا بارودۆخ لەم ساڵانەدا بەمشێوەیەبووە:

| ساڵ | ئیشە سەرەکیەکان | ژمارەی کرێکاری | رێژەکان ١٠٠٠ تەن |
|---|---|---|---|
| ١٨٧١-١٨٧٥ | ٣٠٣٤ | ٢٧٧٨٧٨ | ٥١٠٥٦ |
| ١٨٨٧ | ٢١٤٦ | ٣٢٧٦٣٤ | ٨٨٨٧٣ |
| ١٨٨٩ | ١٩٦٢ | ٣٦٨٨٩٦ | ٩٩٤١٤ |
| ١٩٠٥ | ١٨٦٢ | ٦٦١٣١٠ | ٢٠٥٥٩٢,٦ |
| ١٩٠٦ | ١٨٦٢ | ٦٨٨٨٥٣ | ٢٢٩١٤٦,١ |
| ١٩٠٧ | ١٩٥٨ | ٧٣٤٩٠٣ | ٢٤٢٦١٥,٢ |

کەواتە لێرەدا ژمارەی وەگەڕخستنەکان لە(٣٥,٥٪)و لەبەرامبەر ئەمەشدا ژمارەی کرێکارانیش (١٦٤,٤) دابەزیوەو هەروەها بەرهەمیش (٢٧٤,٥)زیادیکردووە. لەژمارەیەکی کەمدا لەبەرامبەر دەوڵەمەندبوونی کەمینەیەك بەرێژەیەکی بەرز زیادبوونی رێژەی پرۆلیتاریا بەئاسانی بەرچاودەکەوێت، لەساڵی (١٨٧١)ەوە بۆ ساڵی (١٨٧٥)بۆ هەر ئیشێك (٩٢) کرێکاری بەردەکەوێتو لەساڵی (١٨٩٧)یشدا هەرئیشێك (١٦٠) کرێکاری بەردەکەوێت، لەساڵی (١٩٠٦)دا (١٨٦٢) کرێکارو هەروەها لەساڵی (١٩٠٧)دا رێژەی (١٩٥٨)کرێکار زیادیکردووە، سەرەڕای ئەمانەش لەساڵی (١٩٠٧)دا ئەم ژمارەیە (٣٠٧)بووە هەرچەندە لەهەرێمی پیشەسازیی (Pen-wesfalya) لەساڵی (١٩٠٧)دا (١٥٦)وەبەرهێنان هەبووە بەڵام لەنێو ئەمانەدا تەنها(٣٤)یان لە(٢١,٨)بەرهەمی خۆیان کە دەکاتە (٥٠٪) زیاتر وەردەگرن، هەرچەندە ئەم ئامارە بەئاماری کۆن دەژمێردرێت، بەڵام دیسان بەهەموو لەبەرچاوگرتنێکەوە لەسەندیکاکانی خەڵوزدا تەنها (٧٦)ئەندام هەبووەو وەگەڕخستنی بەرهەمەکان ئەوەندە پێشکەوتووە کە بەگوێرەی ئاماری ساڵی(١٩٠٨) رێژەی بەشداربوون بۆ سەندیکاکانی خەڵوز رێژەیەکی زۆرە کە بەرهەمەکەی دەگاتە (٧٧,٩)ملیۆن تەن خەڵوز، لەساڵی (١٨٧١)دا (٣٠٦)فڕن کە ئاسنی خاوی بەرێژەی (١٥٦٣٦٨٢)تەنی بەرهەمدەهێنا بەتێکڕا (٢٣١٩١)کرێکار

تیایدا ئیشیاندەکرد، لەساڵی (١٩٠٧)دا (٣٠٣)لەم فرنە گەورانە بەبەشداریی ٤٥٢٠١ کرێکار (١٢٨٧٤٢٠٠)تەنی بەرهەمدەهێنا، لەساڵی (١٧٨١)دا لەهەر یەکێك لەفرنە باڵاکاندا (٥١١٠)تەن و لەساڵی (١٩٠٧)دا هەریەکێکیان (٤٢٤٩١)تەنیان بەرهەمهێناوە لەمانگی ئاداری ساڵی (١٨٩٦)دا بەگوێرەی لیستێك کە بەخشکراوە لە(stahl und eiseat) ئەوکاتانە لە (٢٤)سەعاتدا تەنها کارگەیەکی ئەڵمانی توانیویەتی (٨٢٠) تەن ئاسنی خاو بەرهەمبهێنێت، بەڵام لەساڵی (١٩٠٧)دا (١٢) کارگە هەبووە کە توانیویانە لە(٢٤)سەعاتدا (١٠٠٠)تەن بەرهەمبهێنن، لەساڵی (١٨٧١-١٨٧٢) لەکارگەی پیشەسازیی قامیشی شەکردا (٣١١) کارگە توانیویانە (٢٢٥٠٩١٨)تەن بەرهەمبهێنن، لەبەرامبەر ئەمەدا لەساڵی (١٩٠٧-١٩٠٨)دا (٣٦٥)کارگە توانیویانە (١٣٤٨٢٧٥٠)تەن بەرهەمبهێننو رێژەی مادەی خاو بەشێوەیەکی گشتی لەکارگەکاندا بەمشێوەیە: لەساڵی (١٨٧١بۆ ١٨٧٢) (٧٢٣٧)تەن و لەساڵی (١٩٠٧-١٩٠٨)(٣٦٩٣٩)تەن و لەساڵی(١٨٧١-١٨٧٢)دا (٤٤١١٨٦)تەن و لەساڵی(١٩٠٧ بۆ ١٩٠٨) (٢٠١٧٠٧١) تەن.

ئەم شۆڕشی تەکنەلۆژیایە بەتەنها لەبواری پیشەسازیدا نا بەڵکو لەبواری گەیاندنیشدا رۆڵی هەبووەو جێبەجێکراوەو ژمارەکان لەبازرگانیی دەریایی ئەڵمانیادا بەمشێوەیە:

| ساڵ | پاپۆرە گوێزەرەوەکان | رێژەی بارهەڵگرتنی | ژمارەی کرێکارەکانی |
|---|---|---|---|
| ١٨٧١ | ٤٣٧٢ | ٩٠٠٣٦١ | ٣٤٧٣٩ |
| ١٩٠١ | ٢٢٧٠ | ٥٢٥١٤٠ | ١٢٩٢٢ |
| ١٩٠٥ | ٢٢٩٤ | ٤٩٣٦٤٤ | ١٢٩١٤ |
| ١٩٠٨ | ٢٣٤٥ | ٤٣٣٧٤٩ | ١٢٨٠٠ |
| ١٩٠٩ | ٢٣٦١ | ٤١٦٥١٤ | ١٢٨٤٤ |

کەواتە پاپۆڕی چارۆکەدار سەفەرەکان دوادەخات، بەڵام لەبارودۆخێکدا رادەی بارهەڵگرتنیان باشدەبێت، لەساڵی (١٨٧١)دا بۆ هەر پاپۆڕێکی چارۆکەدار توانای هەڵگرتنی (٢٠٥,٩)رێژەی ستەر دیاریکراوە لەساڵی (١٩٠٩)دا ئەم رێژەیە

(١٧٦,٤)ەو پاپۆرە چارۆکەدارەکانی ئەڵمانیا بۆ سەفەری وەرزی بەهار خشتەیەك پێشکەشدەکەن.

| ساڵ | پاپۆر | رێژەی بارهەڵگرتنی | ژمارەی کرێکارانی |
|---|---|---|---|
| ١٨٧١ | ١٤٧ | ٨١٩٩٤ | ٤٧٣٦ |
| ١٩٠١ | ١٣٩٠ | ١٣٤٧٨٧٥ | ٣٦٨٠١ |
| ١٩٠٥ | ١٦٥٧ | ١٧٧٤٠٧٢ | ٤٦٧٤٧ |
| ١٩٠٨ | ١٩٢٢ | ٢٢٥٦٧٨٣ | ٥٧٩٩٥ |
| ١٩٠٩ | ١٩٥٣ | ٢٣٠٢٩١٠ | ٥٨٤٥٦ |
| بەگوێرەی زیادبوون ١٨٧١ | ١٨٠٦ | ٢٢٢١٠٠٦ | ٥٣٧١٥ |

کەواتە ژمارەی ئەو پاپۆڕانەی کە بەگاز ئیشدەکەن بەتەنها بەزیادبوونەوە نەوەستاوە، بەڵکو رادەی بارهەڵگرتنیشی زیادیکردووەو لەبەرامبەر ئەمەشدا ژمارەی کارگوزارانی ناو پاپۆڕیش کەمیکردۆتەوە، لەساڵی (١٨٧١)دا پاپۆڕێکی گاز (٥٥٨)تەن رێژەی ستەر هەڵدەگرێتو لەگەڵ (٣٢)کەسی خزمەتگوزار، بەڵام لەساڵی (١٩٠٩)دا (١٢٣٠)تەن رێژەی ستەرو بەتەنهاش (٢٩)کەسی خزمەتگوزار هەڵدەگرێت، بەخێرایی پێشکەوتنی ئامێرەکان پێشکەوتنەکانی سەرمایەداریی لەسیستەمی ئابووریماندا پیشاندەدات بەگوێرەی (viebahua)لەپیشەسازیی وەرگرتنی گومرگدا هێزی (٩٩٧٦١) هێستر بەکاردەهێنراو لەساڵی (١٨٧٥)دا لەئەڵمانیا (٥)کەس کە ئیشیان دەکرد لەکارگەکاندا بەقەد هێزی هێسترێك کاریاندەکرد کە لەم ساڵەدا هێزی (١٥٥٧٥٠) هێستر بەکاردەهێنران، هەروەها لە(لۆیمەکتە) بەهەمانشێوە هێزی (٢٥١٥٢)هێستر بەکاردەهێنران، ساڵی (١٨٩٥)ئەم رێژەیە بەنموونەی (٦٠١٧٦)زیادیکردو بووە هێزی

(٢٩٣٨٥٢٦)هێستر، ئـەم ژمارەیـە لەئیشکردنەکانی هێڵـی ئاسـنینداو هـەروەها لەپاپۆڕانەی کە بەگاز ئیشیاندەکرد حساب نەکراوە.

بەکارهێنانی هێزی هێستر لەپروسیادا بەمشێوەیە:

| ساڵ | مەکینە جیگرەکان | مەکینە گەڕۆکەکان |
|---|---|---|
| ١٨٧٩ | ٨٨٨٠٠٠ | ٤٧٠٠٠ |
| ١٨٩٦ | ٢٥٣٤٩٠٠ | ١٥٩٤٠٠ |
| ١٩٠٠ | ٣٤٦١٧٠٠ | ٢٢٩٦٠٠ |
| ١٩٠٥ | ٤٦٨٤٩٠٠ | ٣١٥٢٠٠ |
| ١٩٠٦ | ٤٩٩٥٧٠٠ | ٣٣٤٤٠٠ |
| ١٩٠٧ | ٥١٩٠٤٠٠ | ٣٦٣٢٠٠ |

لێرەدا لەپروسیا لەساڵی (١٨٧٩ بـۆ ١٩٠٧)بـەکارهێنانی هێـزی هێـستر شـەش ئەوەندە بەرزبۆتەوەو لەپاش سـەرژمێری سـاڵی (١٨٩٥)ئـەو پێـشکەوتنانەی کـە لـەبواری پیـشەسازیدا تۆمـارکراون گوزارشـتێکبوون بـۆ زیـادبوونی (٣٥٪)ی ئـەو مەکینانەی کە بـەگاز کاریـانکردووە لەپروسـیادا سـەقامگیرن، لەسـاڵی ١٨٩٦ بـۆ ساڵی ١٩٠٧ تەنانەت بەکارهێنانی گشت مەکینەکان لەم ماوەیەدا بەرزبۆتـەوە بـۆ (٠,١٠٥)، لەسـاڵی (١٨٩٨)دا لەکاتێکـدا دینـەمۆکانی ئـەو مەکینانـەی کـە بـەگاز کاریـــانکردووە بەرێـــژەی (٣٣٠٥) بـــەکاردەهێنران و خـــاوەنی هێـــزی (٢٥٨٧٢٦)هێستربوون، لەساڵی (١٩٠٧)دا ئـەم رێژەیـە لەگـەڵ هێـزی (٩٥٤٩٤٥) هێستر گەیشتنە بـەکارهێنانی (٦١٩١) لـەو مەکینانـەی کـە بـەگاز کاریـانکردووە، ئەمەش زیادبوونێکە بەرێژەی (٧٨٪) یاخود (٢٦٩).

ئـەم ژمارانـەی خـوارەوە پـیشانماندەدات کـە ڕێـژەی هێـسترو زیـادکردنی هێـزی بەکارهێنەری گاز لەپیشەسازیدا چۆنبووە:—

| پیشەسازیی | ١٨٧٩ | ١٨٩٧ | ١٩٠٧ |
|---|---|---|---|
| کانزاکاریی و کالاّکاریی | ٥١٦٠٠٠ | ١٤٣٠٠٠٠ | ٢٢٨٤٠٠٠ |
| کانزای جینکۆو پۆلاّو ئاسن | ٢٩٠٠٠ | ١٣٢٠٠٠ | ٢٥٥٠٠٠ |
| کارە کانزاییەکان | ٢٣٠٠٠ | ٥٧٠٠٠٠ | ١١٣٠٠٠ |
| مەکینە | ٢٢٠٠٠ | ٦١٠٠٠ | ٣٢٩٠٠٠ |
| تێکستیل | ٨٨٠٠٠ | ٢٤٣٠٠٠ | ٣٢٣٠٠٠ |

هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەبەرامبـەر کۆبوونـەوەی سـەرمایەو ئـەم پێشکەوتنە نائاسـاییەدا هەوڵیانـداوە ئـەم راسـتییە لەناوببـەن، لـەکۆنگرەی یـانزەمین لـەکۆپنهاگن لـەئابی سـاڵی (١٩٠٧)دا کـە ئەنیـستیتۆی ئامـاری نێونەتـەوەیی ڕێکیانخستبوو تیایدا ئابووریناسـی فەرەنسی ئـی ڤـەس گۆیـۆت ئـەم بۆچـوونە دەخاتـەڕوو پێـشنیاردەکات کـە بـۆ پـشتبەستن بـەئامارێکی سەرتاسـەریی و قوڵبوونـەوە بەشێوەیەکی ورد لەفەرهـەنگی ئامارسازیدا دەربکرێت، لەبەرامبـەر ئـەم بۆچـوونەدا وەلامیـان دایـەوەو بـەوەی کـە زیـادبوونی رەهـا لـەژمارەی وەگەڕخستندا لەهەمانکاتدا زیادکردنی بەشێوەیەکی بەهێز جێگـای باسـە، بـەلاّم ئێـستا بـەگوێرەی (etablissement)لەوەگەڕخـستنی سـەرژمێریدا کـە لەهـەموو جێگەیەکدا کراوە سـەرژمێرییەکان تێناپـەڕن لـەژمارەی بانقێك کـە (١٠٠)قاسـەی تێدایە.

لەئەنجامی ئەم جۆرە ئامارانەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هـیچ بەڵگەیـەك نییـە بۆ سەلماندنی واقیع، بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کراون لەوکاتەوە هەتا ئێستا وادەبینرێـت کـە تـەنها ئیـشی کـشتوکاڵی ئاسـتی دانەبـەزیوە، بـەلاّم لـەبواری کانزاکـاریی و بازرگـانیی و گواسـتنەوەو دارشـتن و گەیانـدنـدا وەهانییـە لـەبواری پیشەسازیدا وردبوونەوە لەم بابەتەدا زەحمەتە، چونکە نەتەوەیەکی مەدەنیی کە

بەشێوەیەکی چالاك پێشبکەوێت ناچارە کە بەرهەمە پیشەسازییەکانی خۆی بەهۆی (٤)فاکتەرەوە پێشبخات.

١- بەهۆی دەورکردن لەلایەن پیشەسازییەوە لەفۆنکسیۆنەکانی رۆڵەکانی ئابووری کۆنی ماڵ.

٢- بەهۆی جێگیرکردنی بەرهەمی پیشەسازیی لەخەرجیەکاندا لەجیاتی بەرهەمی سروشتی (بۆنموونە لەجیاتی تەختە ئاسن لەجیاتی رەنگی رەگی دار بۆیە هتد...).

٣- بەهۆی شتی تازە کە دەدۆزرێتەوە بۆنموونە ئۆتۆمبێل.

٤- بەهۆی دروستکردنی دەرفەتی خەرجییەوە، بەمهۆیەوە لێرەدا بەتەواوی بێئەوەی ژمارەی بەگەڕخستن کەمبێتەوە تەنانەت بەپێچەوانەوە ژمارەکە زیاددەکات لەمەودایەکی بەرفراواندا، پیشەسازیی لەهەموو جێگەیەکدا ماڵی ئامادەکراو دروستدەکاتو دەبێتەهۆی لەناوبردنی وەدەستهێنانی بچووکی سەربەخۆ، بەرهەمی سەرمایەداریی و شێوازەکانی بەمشێوەیە لەنێو پێشکەوتنێکی خێرادایە لەبواری ئابووریداو لەو جێگایانەی کە بەپێویستی بزانن لەبەرامبەر سۆسیالیستەکان تێبکۆشن هیچ پروپاگەندەیەك ناکەن بۆ پێشەوەچوونی فیکریان، هەمان تابلۆ کە پێشکەوتنی ئابووریی ئەڵمانیا پێشکەشیکردووە لەهەموو دەوڵەتە پیشەسازییەکانی جیهاندا دەبینرێت کە رۆژبەڕۆژ دەوڵەتە مەدەنییەکان لەهەوڵی ئەوەدان کە ببنە دەوڵەتی پیشەسازیی تر سەبارەت بەبەرهەمهێنانی پیشەسازیی مەبەستیان تەنها پڕکردنەوەی پێداویستییەکان نییە، بەڵکو دەیانەوێت ئەو بەرهەمانەشیان سەرفبکەن هەر بۆ ئەمەش تەنها بیر لەئابووریی نەتەوەیەك ناکەنەوە، بەڵکو ئاماژە بەئابووریی جیهانێك دەکەن بازارەکانی جیهان نرخی بەرهەمەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیی بێ ژمارە رێکدەخاتو لەم رێگایەوە باڵادەستدەبن بەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی

گەلانەوەو گرنگترین ناوچەی وەبەرهێنان کە بەپلەی یەکەم ڕۆڵی دیاریکەر دەبینێت بۆ پەیوەندییە جیهانییەکانو یەکێتی ئەمریکای باکوورە کە ئێرە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ پەیوەندییەکانی بازاری جیهانو هەڵگیرساندنی شۆڕشی کۆمەڵگەی بۆرجوازیی لێکدانەوەکانی ئەم سیانزە ساڵەی کۆتایی ئەم ئەنجامەمان پێدەدات:

سەرمایە نووستووەکانی پیشەسازیی

| | |
|---|---|
| ١٨٨٠ | ٢٧٩٠ ملیۆن دۆلار |
| ١٨٩٠ | ٦٥٢٥ ملیۆن دۆلار |
| ١٩٠٠ | ٩٨١٣ ملیۆن دۆلار |

نرخی پیشەسازیی

| | |
|---|---|
| ١٨٨٠ | ٥٣٦٩ ملیۆن دۆلار |
| ١٨٩٠ | ٩٣٧٢ ملیۆن دۆلار |
| ١٩٠٠ | ١٣٠٠٠ ملیۆن دۆلار |

لێرەدا دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمڕۆ وەك دەوڵەتی پیشاسازیی لەپێشەوەی هەموو جیهانەوەن کە خەرجیی بەرهەمەکانی کشتوکاڵیو پیشەسازییان ساڵ بەساڵ لەزیادبووندایە، ئەوانەی کە ئەم پێشکەوتنە دیاریدەکەنو بەدوایادادەچن وەك کۆبوونەوەی سەرمایەداریی ئاسایی کاریگەرییەکی گەورە دەخەنەسەر پیشەسازییو گەیاندن لەئەورووپادا دەگەڕێن بەدوای بەکارهێنانی سەرمایەکەیان بەدەر لەسنووری نەتەوەکەیان، لەپاش ئەم پێشکەوتنەوە ئیتر تەنها هێزی کاپیتالیست نابینرێت، بەڵکو ئەو جێگەیەی کە چالاکیی خۆیانی تێدا ئەنجامدەدەن کوالیسیۆنی (یەکگرتن)سەرمایەدارییو ئەوانەی کە پێشێلکاریی

ئەم پێشکەوتنە دەکەن رادەوەستێنرێن تەنانەت کاتێك کە گەورەکان ناچاردەبن کە تەلیسمی ئەم بارودۆخەبن ئیتر لەبەرامبەر ئەم پێشکەوتنە پێشکەوتنخوازە بچووکەکان یان ناوەندەکان دەبێت چیان پێبکرێت.

## ٣-قووڵبوونەوەو چڕبوونەوەی سەروەت:

قووڵبوونەوە لەبەکارهێنانی ئامێری بەرهەمهێنان و زیادبوونی بەرهەمە یاسایەکی ئابوورییە کە دەبێتەهۆی دابەزینی ژمارەی کرێکار، لەم بارودۆخەدا سەروەت بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ رێژەی نفوسدا بەشێوەیەکی کەمتر ئیشی پێوەدەکرێت، ئەمەش دابەشبوونی داهات لەولاتانی مەدەنی پیشاندەدات.
ساکسۆنیا لەناو دەوڵەتە گەورەکانی ئەڵمانیادا خاوەن سەرژمێرییەکی وەهایە کە باشترین داهات و کۆنترین داهاتە کە ئەمە لەیاسای ساڵی (١٨٧٩)ەوە پەیرەوکراوە، بەڵام هەڵسەنگاندنەکان لەساڵانی سەرەتادا پێشبینییەکی کەمی دانابوو، وەهای گونجاو بینیوە کە لەساڵی داهاتوویدا ساڵێکی تریشی بخاتە سەر، نفوسی ساکسۆنیا لەساڵی(١٨٨٠)ەوە بۆساڵی (١٩٠٥)(٥١٪) زیادیکردووە رێژەی داهات لەساڵی (١٨٨٢)ەوە بۆ ساڵی (١٩٠٤)لە (١٦٠٪) کە پێشبینیدەکرێت داهاتی رەسم (٢٣٪)زیادیکردبێت هەتا سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان ئەو داهاتەی کە دەکاتە نزیکەی ٣٠٠ مارك پاشان ئەوانەی (٤٠٠)مارك بوون چوونە دەرەوەی رەسم لەساڵی (١٨٨٢)دا ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی رەسم بوون ژمارەیان (٧٥٦٩٧)بوون کە داهاتیان (٦,٦١٪)بوو لەبەرامبەر ئەمەدا لەساڵی (١٩٠٤)دا ئەم ژمارەیەبووە (٥٥٦٦٧) واتە(١١,٣٪)، لەساکسۆنیادا داهاتی ئەندامانی خێزان کە تەمەنیان لە(١٦)ساڵ بچووکتربێت، هەروەها هی ژنەکان ژمارەکراون لەسەر ناوی باوکومێرد ئەو داهاتەی لەنێوان (٤٠٠—٨٠٠)مارکدایە بەشێکی گەورەی لەرەسم بەدەستدەهێنێت کە لەساڵی (١٨٨٢)دا دەگاتە لە(٤٨٪)و لەساڵی (١٩٠٤)دا تەنها (٤٣,٨١٪)پێکدەهێنێت، لێرەدا بەشێك لەمانە چۆتە ریزی

داهاتی بالاوە، داهاتی رەسمی ئەم چینانە لەم قۆناغانەدا لە(٤٢١)ەوە بۆ (٥٨٢)مارکە کە یەکسانە بە(٣٧٪)، بەلام دیسان بەشێوەیەکی رێژەیی هێشتا (٦٠٠)مارك دەمایەوەو ئەوانەی کە داهاتیان لەنێوان (٨٠٠–١٢٥٠)مارکە رێژەی ئەو رەسمەی کە دەیدات (١٢٪)یە سالی(١٩٠٤) ئەم رێژەیە (٢٤,٣٨)ی پێك دەهێنا لەبەرامبەر ئەمەدا ژمارەی ئەو داهاتەی کەلەنێوان (١٢٥٠ و ٣٣٠٠)مارکدایە لەسالی (١٨٨٢)دا تەنها(٢٠٪)کراوەتە رەسم لە (١٩٠٤)دا (١٦,٧٤٪)ی پێکهێناوە لەسالی (١٨٨٢)دا (٩٧,٦٠٪) لەخوار (٣٣٠٠)مارکەوە داهاتیان بووە، لەسالی(١٩٠٤)دا (٩٥,٩٦٪)داهاتەکەیان بریتیبووە لە(٣٤٠٠)مارك ئەو داهاتەی کە لەسەرووی (٣٠٠٠)مارکەوەبوو لەسالی (١٨٦٣)دا لەڕوسیادا ئەگەر بە(٤٪)ی داهات حساببکرێت کە لەگەل ئەمەشدا هەموو کرێکاران و رەسم و نرخی پێویستییەکان لەگەل داخوازیی ستانداردی ژیان کە بەرزبۆتەوە رەچاوبکرێت لەم بارودۆخەدا بەشێکی زۆر خەلك خاوەن داهاتی باش و ژیانێکی باشنین، ئەو داهاتە ناوەندی کە لەنێوان (٣٤٠٠)بۆ (١٠٠٠٠) مارکدایە لەسالی(١٩٠٤)دا بەتەنها(٣,٢٤)ی باری رەسم هەلدەگرن و ئەوانەی کە داهاتیشیان لەسەرووی (١٠٠٠٠)مارکەوەیە کەمتر (١٪) پێکدەهێنن و (٠,٨٠)ژمارەی رەسم ئەو داهاتەی کە لەنێوان(١٢٠٠٠)بۆ (٢٠٠٠٠) مارکدایە (٠,٨٠٪)یە، ژمارەی داهات کە لەسەرووی (١٢٠٠٠)مارکەوەبوو لەسالی (١٨٨٢)دا، (٤١٢٤)بووەو لەسالی (١٩٠٤)دا (١١٧٧١=١٨٨٪)زیادیکردو بەرزترین داهات لەسالی (١٨٨٢)دا بووە (٢٥٧٠,٠٠٠)مارك، لەسالی (١٩٠٦)دا (٥٩٠٠,٠٠٠)مارك دەگرێتەوەو بەرزبوونەوەی داهاتی خوارەوە لەگەل نرخی بەرزبوونەوەدا زۆربەی جارەکان هاوسەنگی دروستبکات کاتێك کە لێکبدرێتەوە دەبینرێت کە چینی ناوەند کەمترین سوودیان وەرگرتووە کە لەبەرامبەر ئەمەدا ژمارەی کەسە دەولەمەندەکان و زیادەکردنی داهاتەکەیان زۆریکردووەو لێرەدا ناکۆکییە

چینایەتییەکان مسۆگەرتردەبن، لەسالّی(١٨٩٢-١٩١٢)لەپروسیادا پرۆفیسۆر ئادۆلف دای جنەر لەلێکۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بەدابەشبوونی داهاتی نەتەوەیی گەیشتە ئەم ئەنجامە کە دانیشتوانی پروسیا دابەشدەکات بەسەر سێ گروپدا چینی خوارەوە (داهاتەکەی لەنزمترین رادەدا ٢٤٠ مارکە، لەرادەی ناوەنددا لەنێوان ٤٢٠ بۆ ٩٠٠ مارکەو بەرزترین رادەشی ٩٠٠-٢١٠٠ مارکە) چینی ناوەند داهاتەکەی نزمترین ئاست (٢١٠٠)بۆ (٣٠٠٠)مارکە، ئاستی ناوەند لەنێوان (٣٠٠٠-٦٠٠٠) مارکدایەو ئاستی سەریشەوە بۆ (٩٥٠٠)مارکە، هەروەها چینی دەوڵەمەندیش داهاتەکەی بریتییە لەئاستی خوارەوە ٩٥٠٠ بۆ ٣٠٥٠٠، ئاستی ناوەند لەنێوان (٣٠٥٠٠)بۆ (١٠٠,٠٠٠)مارك، بەشێوەیەکی گشتی داهات لەسەر ئەم سێ گروپەدا بەمجۆرە دابەشدەکاتو چینی سەرەوە (٣,٥١٪) بەگشتی (٣٢٪)ی داهاتەکەیان بەدەستدەهێنن‌و ئەوانەی بەدەر لەرەسمن واتە چینی خوارەوە کە (٧٠,٦٦٪)دەگرێتەخۆی، بەهەمانشێوە خاوەنی (٣٢,٩)ی داهاتە لەگەڵ ئەمەشدا (٢٥,٨٣٪)ی چینی ناوەند کە بەگشتی خاوەنی (٣٤,٩)ی داهاتە، ئەگەر بەتەنها داهاتی رەسم بگرنەدەست، لەسالّی (١٨٩٢)دا (٨٦,٩٩٪)ی ئەوانەی کە رەسم دەدەن‌و ئەوانەی لەسالّی (١٩٠٢)دا (٨٨,٠٤٪)پێکدێنن، کە خاوەنی داهاتی (٩٠٠-٣٠٠٠)مارکن‌و رەسم دەدەن دەبینین پارەی ئەو رەسمەی کە دەیدەن بەهێندەی نیوەی داهاتەکەیانە، لێرەدا لەسالّی(١٨٩٢)دا (٥١,٠٥٪)و لەسالّی (١٩٠٢)دا (٥٢,١٪)هەموو ئەوانەی کە رەسم دەدەن لەهەموو ئەوانە پێکدێن کە داهاتیان لەسەرووی (٣٠٠٠)مارکەوەیە، داهاتی گشتی رەسم لەسالّی (١٨٩٢)دا (٤٩٪)بووەو لەسالّی (١٩٠٢)دا تەنها (٤٨٪)ی بەردەکەوێت بۆ هەموو پروسیا داهاتی گشتی لەوەرگرتنی رەسمی بچووك بریتییە لەسالّی (١٨٩٢)دا (١٣٧٤)، لەسالّی (١٩٠٢)، ( ١٣٤٨)مارکە، کەواتە رێژەکەی(١,٨٩)کەمیکردووە لەبەرامبەر ئەمەدا داهاتی وەرگرتنە رەسمیی زیادیکردووە بەرێژەی (٨٨١١)مارك‌و لەسالّی

(١٨٩٢)ەوە بۆ ساڵی (١٩٠٢) دەگاتە (٩١١٨)مارك واتە(٣,٤٨٪) لەساڵی (١٨٩٢)دا تەواوی ئەوانەی کە رەسم دەدەن لەکۆی هەموویان (٠,٥)بووەو لەساڵی (١٩٠٢)دا (٠,٦٣)چینی ناوەند پێکدەهێنن، (١٥,٩٥)ی داهاتی گشتی ساڵی (١٨٩٢)، هەروەها داهاتی (١٩٠٢)رێژەی (١٨,٣٧)ی بەردەکەوێت، کەواتە کەمترین بەرزبوونەوە هی کەسایەتییەکانی چینی ناوەندو خوارەوەیەو هەندێکیشی سەر بەچینی سەرەوەن، بەڵام ئەو داهاتەی کە بەرزدەبێتەوە لەگروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەشێوەیەکی بەهێز بریتییە لەداهاتی چینی دەوڵەمەندو چینی ناوەند کە داهاتەکانیان چەندە زۆربێت و چەند دەوڵەمەندبن بەرەنجامی سوودێکی زیاتریان چنگدەکەوێت کە بەمشێوەیەش ژمارەی رەسم لەسەر داهات زیاد دەکات کە چینی دەوڵەمەند بەشێوەیەکی بەردەوام خۆیان دەگەیەننە داهاتی گەورەتر یان بەشێوەیەکی تر ئامازەی پێبدەین، دەتوانین بڵێین چڕبوونەوەی داهاتێك کە بەردەوام لەبەهێزبووندایە بەتەنها لەزۆر دەوڵەمەندەکاندا نا، بەڵکو لەچینە ئابوورییە باڵاکاندا پێکدەهێنرێت کە رۆژبەرۆژ لەپێشکەتندایەو ژمارەیەکی کەم لەخۆیدەگرێت، لێرەوە پێشکەوتنی ئابووریی مۆدێرن زیادبوونێك لەداهاتی هەموو خەڵکدا دروستدەکات و لەبواری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ژمارەی ئەندامان لەهەموو چین وتوێژەکاندا زیاددەکات و بەمشێوەیە دەبێتە یاریدەدەرێك، بەڵام ئەم یاردەیە زۆر ناعادیلانەیە کە زۆربەی بۆ دەوڵەمەندەکانەو پاشانیش بۆ توێژی نەداران و رێژەیەکی کەمیش بەر چینی ناوەند دەکەوێت، بەگوێرەی ئەمە ئەو شتەی لەسەر گەورەبوونی داهات دروستدەبێت زیادبوونی جیاوازییە چینایەتییەکان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە داهاتی رەسم لەساڵانی(١٩٠٨)بەگوێرەی ئامارێك بەشێوەیەکی گشتی لەپروسیادا بەمشێوەیەیە:

کۆی گشتی داهات لەپروسیادا یەکسانە بە (٣١٢٣٢٧٧٣٠٠٠)مارك، لەسەر خاوەندارێتی (٩٥٠٠)مارك لەداهات رەسم وەرگرتن یەکسانە بە(١٠٤٩٩٤)لەنێو ئەمانەدا ئەوانەی کە داهاتی گشتییان (٩٣٤٠٠٠٠)مارکە (١٠٠,٠٠٠)کەس کۆی داهاتیان یەکسانە بە(١٠٠,٠٠٠)مارك زیاد لەملیۆنێك لەسەر داهاتەکانیان (٧٧)مارك بەڕەسم حسابکراوە، ئەوانەی کە داهاتیان لە(٩٥٠٠)مارك زیاترە (١,٧٨٪)ی داهاتەکەیان دەدرێتە رەسم، هەروەها ئەوانەی داهاتیان لەنێوان (٩٠٠-١٣٥٠)مارکە (٥٢,٩٪)، لەئوسترالیادا بۆ داهاتی (٤٠٠ بۆ ١٢٠٠٠)کرۆن ئەو رەسمەی کە دادەنرێت رێژەکەی (١٢٪-١٣٪) یە کە (٢٤٪)ی داهاتەکە دەگرێتەوە، لەکاتێکدا کە (١٢٠٠٠)کرۆن لەرێژەی داهات دەگەنە یەکتریی رێژەی رەسم لەسەری دەگاتە (٩٧٪)و زیاتر ئەوانەی کە داهاتیان لەنێوان (١٢٠٠-٤٠٠٠)کرۆندایە لەساڵی (١٩٠٤)دا تەواوی رەسم لەسەریان (٨٤,٣٪)ی دەگرتەوەو ئەوانەی کە داهاتەکەیان لە (٢٠٠,٠٠٠)کرۆن زیاتربوو بەدەوڵەمەندترین کەس دەژمێردران و لەساڵی (١٨٩٨)دا ژمارەیان (٢٥٥)کەسبوون و لەساڵی (١٩٠٤)دا تەواوی رەسمەکان گەیشتنە ئەو ئاستەی کە ببێت بە(٠,٣٢٪)، لەئێرلەنداو بەریتانیای گەورەدا بەگوێرەی (L.G choizza Monege)نیوەی داهاتی نێونەتەوەیی لە(١٦٦٠٠)ملیۆن مارك زیاتر لە(٩) کەس بەریەکێك دەکەوێت (choizza)دانیشتوان دابەشدەکات بەسەر سێ گروپدا (٧٠٠)کەسیان ئەوانەی کە داهاتەکەیان لە (١٤٠٠٠)مارك زیاترە بەدەوڵەمەند دەژمێردرێن ئەوانەی کەۆداهاتیان لەنێوان (١٦٠)بۆ (٧٠٠)پاوەندە (٣٢٠٠)مارك سەر بەگروپی ناوەندی ئەوانەی کە داهاتیان کەمترە لە(١٦٠)پاوەند سەر بەچینی نەدارن.

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەوڵەمەندەکان | ٢٥٠,٠٠٠ | لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا بەیەکەوە ١٢٥٠٠٠٠ | داهات ٥٨٥٠٠٠٠٠٠ |
| مامناوەندەکان | ٧٥٠,٠٠٠ | ٢٧٥٠,٠٠٠ | ٢٤٥٠٠٠٠٠٠ |
| هەژارەکان | ٥٠٠٠٠٠٠ | ٢٨٠٠٠٠٠ | ٨٨٠,٠٠٠٠٠ |

بەمشێوەیە زیاد لەسێیەکی داهاتی نەتەوەیی هی کەمینەیەکی سێیەکی دانیشتوانە، (Boothum) لەو شیکردنەوەیەی کە کردی بۆ (Rowntressnyork) سەلماندی کە سێیەکی هەموو دانیشتوان بەردەوام لەنێو ئەوانی رەزالەتدا خۆیان دەخۆنەوە، هەروەها بۆ فەرەنساش (levasseur) لەسەر بنەمای ئاماری میرات ئەم زانیارییانەمان پێدەدات: پێنجیەکی سەروەتی نەتەوەیی هی (٩٨٪)ی ئەو کەسانەن کە خاوەنی موڵکی کەمتر لە(١٠٠,٠٠٠)فرانکن‌و نزیکەی (٣٪)یەکی هی گروپێکی بچووکی (١,٧٪)، هەروەها تەواوی سەروەتی نەتەوەیی هی(٠,٢١)ی کەمینەیەکی بچووکە کە دەکاتە چواریەکی دانیشتوان، لێرەدا دەبینین کە ژمارەی خەڵکانی بێ موڵک چەند زۆرن‌و چینی خاوەن موڵکیش چەندە رێزدارن، (gshcoller)دەڵێت زیادکردبوونی ناعەدالەتی شتێکە کە رەتناکرێتەوەو دابەشبوونی سەروەت لە(١٣٠٠)ەوە بۆ (١٩٠٠) لەئەوروپای ناوندا جیاوازە لەهەموو جێگاکانی ترو ئەو ناعەدالەتییەی کە لێرەدا بەرێوەچووە رۆژبەرۆژ بەرەوزیادبوون چووە بەشێوەیەك کە هیچ گومانێکی لێنەکراوە لەگەڵ زیادبوونی ناکۆکییە چینایەتییەکان لەمیانەی پێشکەوتنە تازەکانەوە بەرێژەیەکی زۆر ناعادیلانە لەداهات‌و سەروەتدا بەرەو زیادبوون چوو، بەڵام لەتەواوی وڵاتە مەدەنییەکاندا ئەم پێشکەوتنە سەرمایەدارییو ئەم قۆناغەی قوڵبوونەوە تیایدا هەتائێستا هیچ ئاستەنگێکی دروستنەکردووە لەبەردەم دروستبوونی هاوپەیمانێتی، بەڵکو بەناچاریی کە بەرهەمێکی زیادیان هێناوەتەئاراوە ئەمەش فاکتەربووە بۆ فشارخستنە سەر بازارو دروستکردنی قەیران.

# بەشی هەژدەهەم
# قەیران و ملاملانێ

## ١-کاریگەریی و هۆکاری قەیرانەکان:

قــەیران کاتێــك دروســتدەبێت کــە پێوانەیــەك نەبینرێتــەوە بــۆ تێگەیــشتن لەپێداویستییە سەرەکییەکان بۆ ماڵێك، لەهەموو کاتەکاندا لەکۆمەڵگای بۆرژوازیدا هێزێك نییە کە بتوانێت هەموو بەرهەمەکان رێکبخات، سەرەتا ئەو کەسەی کە خوازیــارە ماڵێــك بکرێــت زۆر پــەرت‌وبڵاوەو هێــزی کرین‌وفرۆشــتن پەیوەســت بەقوڵبوونەوە لەخەرجکاریدا بەتایبەت لەکاتێکدا کە هێزی چاودێریی لەسەر خەرجییــەکان لاوازدەبێــت زۆر کاریگــەریی دروســتدەکات جگــە لەمــە هــەموو بەرهــەمهێنێك ئاگادارنییــە لــەو ژمــارە کەســانەی کــە بەرهــەمهێن‌و بــیری بەرهــەمهێنانیان بــەهێزە، بەرهەمهێنــەکان هــەموویان لەمیانــەی ئامێرەکــانی دەستیانەوە لەهەوڵی خستنی بەرهەمهێنەکەی بەرامبەریانن بەشێوەیەکی نهێنی‌و ژێربــەژێریی، هەربۆیــەش دانــانی نرخــی هــەرزان لەچــاو ئــەوانی تــردا لەســەر شتومەکەکانیان لەگەڵ ریکلام‌و شتی تــردا بــەکاردەهێنن وەکــو ئامێرێك لەکاتــە قەیراناوییەکانــدا، بەمــشێوەیە هەریــەکێك لەبەرهەمهێنــەکان لــەو هەوڵەدایــە کــە بتوانێــت بەرهەمهێنــەرەکانی تــر بکاتــە دەرەوەی بــورای شــەڕ لــەڕووی بەرهەمهێنانــەوە، لێــرەدا هــەموو بەرهــەمهێنانێك پەیوەســتە بەهەڵــسەنگاندنی واقیعی هەموو کەسەکانەوە، هەموو خاوەن کارەکــان بۆئــەوەی بتــوانن هــەبوونی خۆیان بهێڵنەوە ناچارن رێك بەرهەمەکانیان بفرۆشن، بەڵام ئەم دەیــەوێت برێکــی گــەورەتر بفرۆشــێت، واتــە تــەنها مەبەســتی داهــاتێکی زۆرنییــە، بــەڵکو زیــاتر

مەبەستی سەرکەوتنێتی بەسەر بەرهەمهێنەکانی ترداو هەروەها بەم ڕێگایە خۆی دەپارێزێتو بۆ ماوەیەك فرۆشتن مسۆگەردەکاتو زیادیدەکات، ئەم کارە ڕێگە دەکاتەوە بۆ بەرفراوانبوونو زیادبوونی بەرهەم، بەلام بارودۆخی کاتەگونجاوەکان دەرفەتی ئەم هەوڵە تەنها لەلایەن خاوەن کارێکەوە ناکات، بەڵکو لەلای هەموو خاوەن کارەکانەوە بەرهەمی بەدەستهاتوو پێویستییەکان بەرەو پێشەوەدەباتو بازاڕ پڕدەبێت لەبەرهەمو لەساتێکدا هەمووی دەگوازرێتەوەو دەفرۆشرێت، لەم حاڵەتەدا قەیران دێتەئاراوەو نرخی کالا دادەبەزێتو بەرهەمهێنان سنوورداردەکرێت، سنووردارکردنەوەی بەرهەم دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی کرێکارو کەمبوونەوەی مووچەکانیانو هەروەها سنووردارکردنەوەی خەرجییەکان کە پەیوەستن بەکەسەکانەوە، لەبەشەکانی تردا ئەنجامێکی قەیراناوی دروستدەبێت، لێرەدا دەبینین کە ئەو خەڵکەی پێیاندەوترێت کڕیاروفرۆشیار هەموو چینەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوەو لەبازرگانو قەسابو نانەواخانەو دارتاش و کرێکارو .. هتد بەهەمانشێوە لەگەڵ ئەمانیشدا بەرهەم دەکەوێتە ناو ئابلۆقەو قەیرانەوە.

ئەمە قەیرانێکی چۆن دروستدەکات، دەردەکەوێت لەئامارێکی بێئیشەکاندا کە سەندیکاکانی بەرلین ئەنجامیانداوە لەمانگی یەکی ساڵی(١٩٠٢)دا لەبەرلین ژمارەی تەواوی بێئیشەکان(٧٠)هەزارو بەشێوەیەکی ڕێژەیش (٦٠)هەزار کەس بوون لە(١٣)ی شوباتی ساڵی (١٩٠٩)دا سەندیکاکانی بەرلین سەرژمێرییەکی بێکارەکانیان کردووە کە سەرەنجام دەرکەوتووە کە (١٠٦٧٢٢)بێئیش هەیە کە (٩٢٦٥٥)یان پیاونو (١٤٠٦٧)یان ژنن، لەئینگلتەرادا لەمانگی ئەیلولی (١٩٠٨)دا لەئەنجامی سەرژمێرییەکدا دەرکەوتووە کە (٧٥٠)هەزار بێئیش هەیە، ئەمانە ئەو کەسانەبوون کە حەزیان لەئیشکردن بووە بەلام لەباشترین شوێنی ئەم دنیایەدا ئیشیان چنگ نەکەوتووە، ئەم بارودۆخەش ناهەمواریی کۆمەلایەتی مرۆڤەکان

دەخاتەڕوو، پیشەسازییەك بۆ یەكێكی تر مادەی خاو مسۆگەر دەكات، واتە هەموو بەرهەمهێنەكان پەیوەستن بەیەكەوەو لەئەنجامدا یەكێكیان لەبەرامبەر خستنی ئەوی تراینـدا ناچارە زەحمەتی ببینێتو بكەوێتە باروودۆخێكی قەیراناوییەوە، بەمشێوەیە ئەو كەسانەی كە زەرەرمەنددەبن ژمارەیان زۆردەبێتو لەم میانەیەوە ململانێو قەیرانەكان روو لەزیادبوون دەبن، هەروەها كۆمەڵێك ئامێری بەرهەمهێنان ماڵو مەكینە بێنرخ دەبن، زۆربەی بەرهەمەكان بەنرخێكی هیچ دەفرۆشرێن ئەم هەرزانفرۆشییە تەنها كاریگەریی لەسەر خاوەنەكەی نابێت، بەڵكو راستەوخۆ كاریگەریی لەسەر بەرهەمەكانی كەسانی تریش هەیە، بەڵام میتۆدەكانی بەرهەمهێنان بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی كێبەركێ زۆرەكانی لەناو هەموو قەیرانەكاندا بەردەوام خۆی باشدەكات، مەگەر ئەم ئامێرانە هۆكاری قەیرانێكی تازەتر لەخۆبگرێت، پاش ئەوەی بەشێوەیەكی سەربەخۆ بەرهەمهێنە بچووكەكان لەناودەبرێنو بەرهەمهێنان سنووردارردەكرێت بەرهەمی دروستكراوەكانیش بەنرخێكی هیچ دەفرۆشرێنو قەیران بەساڵان بەردەوامدەبێتو جارێكی تر كۆمەڵگا سەرلەنوێ دەست بەخۆژیانەوە دەكات، پێ بەپێی پێویستییەكان بەرهەمی نوێش زیاددەكات، لەسەرەتادا زۆر هەستیارانەو لەسەرخۆ پاشانیش لەباروودۆخی گونجاودا سەرلەنوێ چالاكییەكان دەستپێدەكاتەوە، هەموو زەرەرەكان بەمشێوەیە پڕدەكرێنەوەو پێش لەدایكبوونی قەیرانێكی تازە بڕوا بەم باروودۆخە دەهێنرێت، بەڵام هەموو بەرهەمهێنەكان بیردەكەنەوە چۆن سەركەوتووتربنو بگەنە جێگەی ئەویتریان، بەمهۆیەوە سەرلەنوێ بەشێوەیەكی خێرا بەكاریگەرییەكی زۆرەوە دێنە مەیدانەوە دەوڵەمەندە زۆرەكان كە لەژمارە نایەن وەك تۆپی یاریكردن دەچنە ئاسمانو دێتە خوارەوەو بەبەردەوامی كاریگەریی لەیەكتر دەكەنو لەهەموو قەیرانێكدا ئەم باروودۆخە نەهەموارە دێتەئاراوە، پێشبڕكێی بەرهەمو تێكۆشان بۆ بردنەوە

بەتەنیا لەنێوان تاکەکاندا پەرەی سەندووە، بەپێچەوانەوە ئەوەندەی لەنێوان نەتەوەکاندا زیادیکردووە بەو رادەیەش قەیرانەکان پێشکەوتوون بەشێوەیەکی توندوتیژ تێکۆشان لەنێوان کڕیارەکان و بەرهەمهێنەرەکاندا دروستدەبێت کە لەئەنجامـــدا بـــەزەرەروزیان کۆتاییـــدێت و بەرێژەیـــەکی ترســـناک کـــاڵا بەرهەمهێنراوەکان کۆدەبنەوە لەسەر یەکتریی کە خەڵك حەز بەکڕینیان دەکات، بەهۆی نەداریی و برسێتییەوە لەتوانایاندا نییە بیکڕن، لەساڵانی (١٩٠٧–١٩٠١)دا واقیعـی ئـەم باسـە جـارێکیتر سـەلمێنرایەوە، دوای چـەندان سـاڵ لەبازرگانیـدا بەرەوپێـشەوە رۆیـشت لەپێـشکەوتنی سـەرمایەی گـەورەدا وەکـو بورکـانی ئامـادەکراوی لێهـاتووەو بزووتنـەوەی نوێخـوازیی و وشـیاریی دەسـتیپێکرد کـە لەمیانـەی سوپاو پرچـەککردنییەوە بەپێویـست بینـراوە، بەرێژەیـەکی زۆر لـەم قۆناغەدا زۆر کاری بازرگانی تازە لەزەمینەی خۆییەوە دەستیپێکرد، زۆرینەیەکی تـریش بـۆ پەرتکردنـەوەی ئـەو بابەتـەی کـە تـەکنکیی سـەرمایە مۆڵەتپێـداوە گـەورەبوون و بـەرفراوانبوون، بـەڵام بەهەمانـشێوە لەدەسـتی سەرمایەداریـشدا کۆمپانیاکـانی ئانۆنیم کەوتنـەکار بەرێژەیـەکی زۆر کـە ئەمـە گۆڕانکارییەکە کـە هـەموو کاتێـك پەیوەسـتە بەگـەورەبوونێك لەبەگەڕخـستندا، ئـەو کۆمپانیایانـەی ئانۆنیم کە تازە دامەزراون لەلایەکەوە نوێنەرایەتی هەزاران ملیۆن مـارك دەکـەن و لەلایـەکی تـرەوە سـەرمایەدارانی هـەموو نەتـەوەکانی تـر لەهـەوڵی دامەزرانـدنی یەکێتییەکی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدان بۆ رزگاربوون لەفشاری نـرخ و بەرهـەمی زۆر نرخەکان دیاریدەکەن و بەرهەمەکانیش بەشێوەیەکی ناچار بـەکاردەهێنرێن، وەکو قارچك لەجێگەی خۆیانەوە هەڵدەتۆقێن، لەهەموو بەشەکانی ئەم پیشەیەدا لـەقازانجی خـاوەن کـارو لـەزەرەی کرێکـارو کڕیـاردا تەکـەتولاتێکی نائاسـایی دروستدەبێت و زۆرکەس بڕوایانوایە کە خاوەنـدارێتی لـەئامێرەکانیان بەمشێوەیە دەرفـەت بەدەسـتهێنان سـوودێکی زیاتریـان بـۆ دروسـتدەکات کـە هاوکـات

لەبازاڕەکانـدا سـەرمایەکانیان دەچێتە زەرەری خەڵکـەوە، بـەڵام لـەڕووکاری دەرەوەدا هەڵخەڵەتاندنی هەیە، هەموو کاتێك یاساکانی بەرهـەمی سـەرمایەداریی بەشێوەیەکی بـەهێز لەنوێنـەرە فێڵبازەکانیانـەوە ئیشی پێدەکرێت سـەرەڕای هەموو شتێك قەیران دێتو بەشێوەیەکی ئاقڵانـە حسابەکان چەواشـەودەکرێنو جـارێکی تـر ئـەوە دەبینرێـت کـە نـاتوانن لـەم قـەدەری کۆمـەڵگای بۆرژوازییـە هەڵبێت، بەڵام سـەرمایەداریی لەبەرئـەوەی نـاوەڕۆکی خـۆی نـەگۆڕیوە ئەیـەوێت بەهەموو ئاراستەیەك کاربکاتو هەموو یاساکانی ئابووریی بۆرجـوازیی بەشێوازی ئیشکردنی خۆی سەرەوژێر دەکات. بەگوێرەی پێشبڕکێی سەربەسـتی کۆمـەڵگای بۆرجوازیی خاوەن کارەکـان لەلوتکـەدا بەباشـی دەناسـرێن، بـەڵام ئەزموونـەکان پیشانمان دەدەن کە وەکـو یاسایەك ئەوانـەی لەلوتکـەدا جێگـەدەگرن هەمیشە خـــەڵکانی بێویـــژدانو چەواشـــەبازن، کۆمپانیاکـــانی ئـــانۆنیم هـــەموو جـــۆرە خۆپەرستییەك لەناودەبەنو یەکێتیو بەیەکەوە ئیشکردن بەرەوپێشەوە دەبـەنو زۆربەی خاوەن کارە سەربەخۆکان تەنها بەوەوە نامێننەوە کە هەستنە سـەرپێ، بـــەڵکو بـــۆ کۆمپانیـــای ئـــانۆنیم دەبنـــە ئەڵقەیـــەك لـــەزنجیرەی دەســـتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەرمایەداریی کە خزمەت بەچەوساندنەوەو ملکەچپێکردنی خەڵکدەکەن تەنها کـەمێك لەتەکـەتولات وا لەتاکە کەسێك دەکـات کـە پایەکـەی خۆی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز بەسەر کۆمەڵگادا، ئەمانە نرخی ماڵـەکانیانو ئـەو مووچەیەی کە دەیدەن بـەکرێکارەکانیانو بـارودۆخێکی ژیـان بەسـەر کۆمـەڵگادا دەسەپێنن، ئەم پێشکەوتنە پیشانماندەدا کـە ئامـانجی ئاراسـتەکراوی کۆمەڵگـە لەئاستی نەتەوەیی‌و نێونەتەوەییدا وەك بەرهەمێك وایە، هەروەها گوزارشتێکە بۆ ناپێویـــستبوونی پەرەســـەندنە تایبەتییـــەکان، بـــەڵام لەئەنجامـــدا بەرهـــەمی سیـــستەماتیزم کـــراو وەك لەئـــەمڕۆدا دەبینرێـــت بەهـــەموو جیاوازییەکانیـــەوە

دەردەکەوێت کە تەنها بەسەر چینی سەرمایەداریدانا، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەسەر هەموو سوودگرەکان کاریگەریی دەبێت.

کۆمەڵگای بۆرجوازیی بەهەموو خێراییەکییەوە ئەو شۆرشە ئابوورییەی کە دروستیکرد لەمیانەی پێشکەوتنەکانییەوە بەردەوام گەشەی پێدا، لەرێگەی رووداوە گرنگ‌وتازەکانەوە بازارەکانی ئەورووپاو هەرێمەکانی کە لەلایەن ئەمریکای باکوورەوە ساڵ بەساڵ لەپێشکەوتندابوو هەرەشەی لێدەکرا، لەلایەکی ترەوە ئەو دوژمنانە لەدەرکەوتندابوون کە بەتێپەرینی کات بارودۆخەکە قەیراناوی دەکەن‌و ئابووریی جیهان لەرۆژئاوادا دەروخێنن، هەروەکو مانیفێستۆی کۆمۆنیست گوزارەی لێکردووە، کێبرکێ‌و چاودێریی سەرمایەداریی بەخولگەیەکدا دەخولێنێتەوە کە بەبەردەوامی بۆ هەرێمی تازەو بازاری تازەو ئەو وڵاتانە دەگەرێت کە بتوانێت پێویستییەکانی تێدا بەدەستبهێنێت، لەساڵانی دوایدا وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی بۆ بەرهەمی ئەورووپا ئەو جێگایانەی کە خاوەن گرنگییەکی ئەوتۆنین وەکو ئەو پارچە زەویانەی کە مرۆڤە سەرەتاییەکانی لەسەر دەژین‌و لەقۆناغێکی دواکەوتوودان لەچاو مرۆڤایەتیدا سەرمایەداریی هەڵدەستێت بەداگیرکردنیان، هەوڵی ئەڵمانیا لەم بوارەدا لایەنێکە بۆ داگیرکاریی، لەلایەکی ترەوە ئەوانەی کە لەقۆناغێکی پێشکەوتوو مەدەنیدان، ئەو گەلانەن کە بەتەواوەتی نەچوونەتە ناو تازەگەرییەکانەوەو بەئاراستەی گواستنەوەی کەلتوری سەرمایەداریی مۆدێرن تایبەت بەخۆیان. هیندییەکان‌و ژاپۆنیەکان‌و چینیەکان بەهەمانشێوەن، لێرەدا ئەو نەتەوانە جێگەی ئاماژەن کە یەك لەسەر سێی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن، بەڵام ئەمانە لەهەمانکاتدا لەبارودۆخێکی وەهادان کە دەتوانن پێشبکەون لەوکاتانەی کە زۆر ئەنجامی نێگەتیڤ دروستدەبن بۆ خەڵکانی پێشکەوتووخواز، لێرەدا ئەوەی ببێتە جێگەی ئاماژەپێکردن پیشەی لێهاتوویی خەڵکە، بەڵام بەهەمانشێوە هیچ گومانێك نییە

لەسەر لێهاتوویی و گونجان لەگەڵ بارودۆخە تازەکان لەزەحمەتیدا لێرەدا تەنانەت ولاتە یەکگرتووەکانیش لەبەرئەوەی کە نەیانتوانیوە لەسەر هەموو رووی زەوی شێوازی ئابووریی سەرمایەداریی بۆ جیهانی کۆن بپارێزن لیژنەیەکی ئابووریی پێکدەهێنن بۆ سەلماندنی واقیعەکان، ئێستا نەتەوەکان کە لەحاڵەتی چاودێریدان بەتایبەت لەپیلانی یەکەمدا ئەڵمانیاو ئینگلتەرە، ولاتەیەکگرتووەکان خوازیارن یەکتری تێبەرێنن و هەروەها مسۆگەرکردنێکی گەورە لەباڵادەستییان بەسەر جیهانـدا، هەموو جۆرە رێگایەك دەگرنەبەر، تێکۆشانی باڵادەستی لەبازاڕی جیهاندا دەبێتەهۆی دەستێوەردان لەهەموو رووداوە نێونەتەوەییە گرنگەکان و سیاسەتی جیهان، هەروەها بۆ سەرکەوتن لەدەست تێوەردانەکاندا بەتایبەتی پرچەککردن لەدەریاکاندا دەگاتە ئاستێکی ئەوتۆ کە پێشتر نەبینراوە، بەڵام لەئەنجامی ئەمانەدا دەروازەیەك لەبەردەم مەترسییەکانی هەڕەشەی سیاسەتێکی گەورە دەکرێتەوە، بەم شێوەیە لەچوارچێوەی بواری کێبەرکێی ئابووریدا بواری کێبەرکێی سیاسیش پێشدەکەوێت و ناکۆکییەکان لەئاستی نێونەتەوەییدا گەورەدەبن و هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە لەتەوەری باڵادەستی سەرمایەداریدا پێگەیشتوون بەهەمان تێکۆشانەوە دێنە گۆڕەپانەکەوە، لێرەدا تەنها شێوازی بەرهەمهێنان هۆکارێك نییە بۆ دروستبوونی ئەم بارودۆخە مەترسیدارە بەپێچەوانەوە چۆنێتی دابەشکردنی ئەم بەرهەمە هۆکاری سەرەکییە.

## ٢-بازرگانی ئامرازو بەرزکردنەوەی نرخی مادده خۆراکییەکان:

لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەموو تاکەکان لەهەزار لاوە بەیەکەوە پەیوەستن، ئینجا ئاستی مەدەنییەتی نەتەوەیەك چەندە بەرزبێت ئەم پەیوەستبوونە ئەوەندە جۆربەجۆرە، لەکاتێکدا خراپەکاریی دەربکەوێت لەم بوارەدا ئەوا لەهەموو ئۆرگانەکانیدا هەستیپێدەکرێت، خراپەکاریی لەبەرهەمهێناندا دابەشکردن و

خـەرجکردنی تێکـدەداتو کاریگـەریی‌و شـوێنەواری لێدەمێنێتـەوە، لـەئامازەدان بەسـیفاتەکانی بەرهـەمی سـەرمایەداریدا دەتوانرێـت بوترێـت ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنان رۆژبـەرۆژ لەپێـشکەوتندان‌و هـەروەها جێگـەی بەرهـەمی گـەورە دەگرنـەوەو لەدابەشـکردنیدا بەتـەواوەتی هێڵێکـی دژبەیـەك دەبینرێـت لەلایـەن کەسی لەناوبەرەوە لەپێناو بەردەوامیدان بەبوونی خوددا.

رێژەی (٠،٩)ی بەرهەمە سـەربەخۆکان دەسـڕێنەوەو خوازیـارن وەکـو بازرگانێك بیکەن بەپردێك لەنێوان بەرهـەمهێن‌و کڕیـاردا زیـادبوونی سـەرنج لەسـەر خـاوەن چێشتخانەو بەقاڵ‌و پەروەردگارو بازرگان‌و وەستان کە وەکو ئامارێك دیـاریکراون بەمهۆیەوەیە زۆربەی ئەم کەسـانە کـە نوێنەرایەتییـەکی بەهێزدەکـەن بەتایبـەتی ژنەکان کە لەناویاندا وەك خاوەنی ئیشی سەربەخۆ، بەشێوەیەکی گشتی ژیانێکی زەحمـەت‌و ناهـەموار بەسـەردەبەن، زۆربـەیان بـۆ بەرگـەگرتن لـەم بارودۆخـەدا ناچارن هاوکاریی هاوڕەگەزەکانی خۆیان بکەن لەبەرامبەر هێزێکی کـەم، ئەمـەش رێگەی خۆشکردووە بۆ بەرفراوانبوونی ریکلام لەهـەموو شتێکدا کـە بەئاراسـتەی تێرکردنـی ئارەزووکانـدا دەڕوات، لەکۆمـەڵگای مۆدێرنـدا حـەزکردن بـەژیان لەئاسـتێکی زۆر بەرزدایـە بەشـێوەیەك کـە نکـولیٚ لێناکرێـت، ئەمـە جێگـەی دڵخۆشـییە مرۆڤـەکان بۆئـەوەی بـبن بـەمرۆڤ دەسـەڵات دەکـەن بەشـێوەی سـوودگەیاندن بەمرۆڤایـەتی، لـەم روانگەیـەوە دەڕواننـە پێویـستییەکانی بەسەربردنی ژیان لەگەڵ ئەمەشدا لەو هەوڵەدان کە بەشێوەیەکی گونجاو زەوق‌و خۆشییەکانی ژیان بناسێنن، بـەڵام کۆمـەڵگا لەشێوەگرتنی سـەروەتدا لەهـەموو سـەردەمەکانی پـێش ئێـستا زیـاتر بۆتـە ئەرسـتۆکرات، کـە جیـاوازیی لـەنێوان گـەورەترین دەوڵەمەنـدو نـەدارترین کەسـدا لەهـەموو سـەردەمەکانی تـر زیـاترو

گەورەترو زەقترە، لەبەرامبەر ئەمەدا فیکری گشتیو یاساکان بەرەو دیموکراتییەت دەڕۆنو خەڵك عەدالەتی دەوێ لەناو جەهالەتدا کە هێشتاکە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی عەدالەت ناناسرێتەوەو چینی باڵادەست بەمسۆگەرکردنی خۆشییەکانی ژیان تەنها بۆ خۆی لەهەوڵی چەواشەکردنی یەکسانیدایە، هەموو مادەیەکی هۆشیارکردنەوەی خزمەتی داگیرکردنی ئەم غەریزەیە دەکاتو سەرەنجام دەبێتە وەهمێكو لەبنەمادا هەوڵێکە لەسەر ڕاستی ڕێگە دەکاتەوە لەبەردەمی تاواندا و کۆمەڵگەش بێئەوەی بچووکترین گۆڕانکاریی بکات بەگوێرەی خۆی دژایەتیدەکات، جەماوەر وەك ئەو کەسانەی کە دەبنە پردێك لەزیادبووندانو ئەمەش ڕێگەی لەبەردەم بێزارییەکی زۆردا کردۆتەوە، ئەم کەسایەتییانەی کە ئاماژەمان پێکردن سەرەڕای ئەوەی کە زەحمەتو ناخۆشییان هەیەو بەزۆرینە ئیشی قورسدەکەن، بەڵام زۆربەیان هەروەك چینی خاوەن کارو خەرج کەر بوونەتە چینێکی مشەخۆر کە لەسەر بەرهەمی خەڵکانی تر دەژین، بەرزبوونەوەی نرخی مادە پێویستییەکان ئەنجامی بازرگانیکردنە لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە لەناچاریدا دەفرۆشرێن، ئەمانە بەشێوازێك نرخیان بەرزدەکرێتەوە کە بەدوو قات دەفرۆشرێنەوەو زیاتر لەو جێگەیەی کە بەرهەمیهێناوە، بەڵام پاشان لەبەرئەوەی بووە هۆکاری سنووردارکردنەوە لەبەکارهێنانی بەرهەمەکاندا ئەگەر نرخدانان لەسەر بەرهەمەکە بەشێوەیەکی گونجاویش نەبێت ئەوکاتە بەشێوەیەکی دیار خراپدەبێت، لێرەوە بۆ قازانجکردنی بەرهەمێك کە بەدەستهاتووە ڕێگای خراپبوونی مادە خۆراکییەکان لەماوەیەکی دیاریکراودا دەکرێتەوە (sheva lier)ی کیمیاناس پێیوایە کە لەبەرهەمهێنانی مادە خۆراکییەکاندا ساختەکارییەك هەیە لەسەرووی هەموویانەوە

ساختەکارییەکە لەوەوە دەستپێدەکات کە بەرهەمە خراپبووەکان بەبەقاڵەکان دەفرۆشرێن، بەشێوەیەکی گشتی لەبەرامبەر یەك کیلۆ تەنها (٩٠٠)یاخود (٩٥٠)گرام تەسلیم دەکرێتو نرخەکەشی دووقات داشکاودەبێت، کرێکارەکانو مرۆڤەکانی خوارەوە هەرچەندە ئەم فرتوفێڵە بەچاوی خۆیان دەبینن، بەڵام ناچارن بێدەنگبن، بۆیە لەبارودۆخێکی خراپدانو زیاترین ساختەکاریی لەبەرهەمەکاندا لەو ئاڵوگۆڕەدا دەبێت کە لەنێوان بەرهەمهێنو کڕیارەکاندا دەکرێت، فێڵو ساختەکاریی دوو راستین کە لەناو یەکتریدا پێڕەوی لێدەکرێتو لەدەزگا دیارەکانی دەوڵەتدا هان دەدرێن، بۆنموونە لەبنکەی وەرگرتنی رەسمو گومرگدا ئەم ساختەکارێتییە بەئاسانی دەبینرێت، لەبەرامبەر ئەمەدا هەڵوێستی یاسا بۆ فێڵکردن لەمادە خۆراکییەکاندا زۆر شتێکی کەمی پێدەکرێتو تێکۆشانی هەبوونی خود رۆژبەرۆژ ساختەکارەکان ناچاردەکات کە ئامرازی فێڵی تازەتر بەکاربهێنن، لەهەمانکاتدا چاودێرییو هەستیاربوون لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەوە بەرچاوناکەوێت، لەپێناوی ئاشکراکردنی فرتوفێڵەکانیاندا کە کاروبارە یاساییەکان دەکەنە زەحمەتەوە دەستەیەکی ئیداریی بەهێزو میکانیزمەیەکی گەورە پێویستە کە ئەمە لەهەمووی راستترە، بەپێچەوانەوە هەموو چاودێرییەك بۆخۆی هێواش هێواش ئیفلیج دەبێت، بەڵام لەکاتێکدا کە چاودێرییەکی جددیی دادەنرێت، تەنها نرخی هەرزان لەسەر بەرهەمە خراپبووەکان دادەنرێتو زیادەیەك لەنرخی شتومەکەکاندا دروستدەکات.

لەپێناوی لەناوبردنی ئەم بێسەروبەرییەی بواری بازرگانیدا ئەو فشارەی کە لەسەر خەڵك دروستبووە لەهەرکاتوشوێنێکدا دەزگای ساغکردنەوەی بەرهەمەکان دەکاتەوە بەتایبەتی لەئەڵمانیدا بۆ فەرماندارەکانی سوپاو بۆ

فەرمانبەران یەکێتی بەکاربردن گرنگییەکی زۆری بەدەستهێنا لەئاستێکدا کە زۆبەی بازرگانەکانی رووخاند، بەلاّم یەکێتی بەکاربردن بەرهەمەکان لەنێو کرێکاراندا پێشکەوتنێکی وای بەخۆیەوەبینی کە لەزۆربەی جێگاکاندا لەجیاتی کرینو بەکارهێنانی بەرهەمەکان بەشێوەیەکی رێژەیی خۆیان دەستیان بەبەرهەمهێنانی پێویستییەکانیان کرد، یەکێتییەکانی بەکاربەر لەڤیەننا (Dresden Stuttgart Bresla) لایپزیگو هامبۆرگ هاتنە ئاستی دەزگای نموونەیی یەکێتییەکانی بەکاربەری ئەڵمانیا قازانجی ساڵانەیان دەگەیشتە سەدان ملیۆن مارك، چەند ساڵ لەهامبۆرگ بۆ یەکێتییەکانی بەکاربەری ئەڵمانیا ناوەندێکی کرینوفرۆشتن دروستبوو کە لەهەموو یەکێتییەکانی بەکاربردنەوە بەرهەمی هەرزانتریان تەسلیم دەکرا، لێرەدا ئەم یەکێتییانە بەلگەن بۆ سەلماندنی ناپێویستی بازرگانی، تەسلیمکردنی بەرهەمەکان بۆ ئەمانە گەورەترین دەستکەوتن بۆ ئەندامەکانی، کە دەستکەوتی مادی زۆر گرنگ نەبوو ژیانی ئەندامەکانی بەس نییە بۆ مسۆگەرکردنی رێکخستنەوەیەکی گرنگ، بەلاّم دامەزراندنی یەکێتییەکانی بەکاربردن لەناو خەڵکانێکی زۆردا بووە هۆکاری ئەوەی کە بازرگانی وەکو خاوەن رۆڵێکی گەیاندن بەپێویست نەبینرێت، بەگشتی لەئەنجامدا بۆ گواستنەوەی بەرهەم لەجێگەیەوە بۆ جێگەیەکی تر بۆ دابەشکردنیو هەروەها بۆ گەیاندنی بەدەستی بەکاربەرەکان، بازرگانی وەکو رێکخستنێکی ناپێویست بینرا، پاش ئەوەی کە مادە خۆراکییەکان بەشێوەیەکی هاوبەشانە کران هەموو ئەو هەڵسوکەوتە نایاساییانەی کە دەکران بۆ مسۆگەرکردنی هێزو جێگاو کالاّ ئەو واقیعەی لەئەقلدا چەسپاندن کە دەتوانرێت هەموو کالاّکان بۆ بەرهەمهێنانی مادەی خۆراکیی بهێنرێنە ئاستی ئامادەکراو.

# بەشی نۆزدەهەم
# شۆڕش لەکشتوکاڵدا

## ١-ململانێی پاش ئۆقیانووس و کۆچکردن لەلادێوە بۆ شار:

ئـەو شۆڕشـە ئابوورییـەی لەپەیوەندییـەکانی گەیانـدن و پیـشەسازیماندایە کاریگەرییـەکی گـەورەی لەسـەر پەیوەندییـە کـشتوکاڵییەکان کـردووە، قـەیرانی پیشەسازیی و بازرگـانی لەلادێکانیشدا هەسـتی پێکراوە، بەسـەدان هـەزار کـەس لەئەندامانی خێزانە لادێیەکان بەڕادەیەکی زۆر خەڵکە لادێیەکان ئیشدەکەن لـەناو دەزگـا پیـشەسازییەکانداو ئـەم شـێوازەی ئیـشکردن هـەتا ئـەڕوات ڕۆژبـەڕۆژ زیادەدەکات، چونکە زۆربەی لادێیە بچووکەکان ناتوانن بەشێوەیەکی تەواو ئیش بۆخۆیـان و ئەندامـەکانی خێزانـەکانیان ببیننـەوەو پاشـانیش لادێیـە گـەورەکان بەرهەمی زەویەکانیان لەڕێگای گەنجینەکانیانـەوە بـەرەو بەرهـەمی پیـشەسازیی دەبـەن و سـوودی لێـوەردەگرن، بەمـشێوەیە لـەڕێگای بەرهەمـە خاوەکانیانـەوە ئـەتوانن نرخێکـی بـەرزتر لەسـەر هێـزی ئیشی خۆیـان مـسۆگەربکەن، بۆنموونـە لەپەتاتە کحول و لەقامیش شەکرو لەجۆ بیرەو شتی تر دروستدەکەن، جگـە لەمـە لەنێوان بەرهەمی پیشەسازیی و بەرهەمی کشتوکاڵیدا ئەمانـە خـاوەنی دەرفـەتی گۆڕانکارییەکی دیارن و دەتوانن زیاتر سوودمەندبن لەهێزی کـاری هەنووکـەییان، پاشان ئەم هێزی کـارە لـەبواری پیـشەسازیی و لەشـارەکاندا هـەرزانن، بەهـەمان شـێوە بیناکـان و ئـەو شتانەی لەلایـەن دەوڵـەتـەوە بەکرێـدەدرێن ڕەسـم و بـاجی لەسەر دادەنرێت، ئەوانـەی کـە لەلادێکانـدا خـاوەن بەرهـەمی زۆرن لەهەمانکاتـدا هێـزی یاسـادانان و هێـزی جێبـەجێکار کـە زۆربـەیان جێگـەی دەگـرن لـەناو

ئەنجوومــەنی شــارەوانییەکاندا، هاوکــات هێــزی پــۆلیس خانــەو کارگێڕییــان لەدەســتدایە، لەلادێکانــدا زیــادکردنی ژمــارەی کارخانــەکان لەدەست ئەماندایــە بەشێوەیەکی بەردەوام دەکەونە نێو کارلێکێکی بەرامبەری لەگەڵ پیشەسازیدا کە ئەم کارلێکە سەرچاوەیەکە بۆئــەوەی ســوودێکی زیاتر بــەئیش‌وکاری کشتوکاڵی بگەیەنێت، ئەو پێشکەوتنەی کە خاوەن زەوییە گــەورەکان لەئــەڵمانیا دروســتیان کرد بــۆ گەیــشتن بەپێشکەوتنەکانی ســەرمایەداریی، هــەمان باروودۆخ لەدەوڵەتــە یــەکگرتووەکان‌و ئینگلتــەردا دروســتبوو، ئــیتر لەلادێکانــدا ئــەو باروودۆخــەی کــە چەندساڵێك پێشتر هەبوون هیچ کاریگەرییــەکی ئــەوتۆی نامێنێت‌و زۆر لەســەرخۆ کــەلتوری تازەگــەریی مــۆدێرن خــۆی خزانــدە هــەموو کون‌وکەلەبــەرەکانی لادێکانیشەوە بەتایبەتی کاریگەرییەکی شۆڕشــگێڕانەی دروســتکرد کــە بەتــەواوی لەدەرەوەی خواستی میلیتــاریزم بــوو بەتایبــەت بەشــێکی زۆری سوپای خــاوەن دیسپلین لەدانیشتوانی لادێکان پێکهاتووە، بــەڵام کــوڕی خــاوەن موڵکێك یــاخود کوێخا، پاش ئەوەی دوای دوو سێ ساڵ ئەگەڕێتەوە بــۆ دێیــەکان‌و هــیچ هێزێکــی مەعنــەوییان لەشــار وەرنــاگرن لێــرەوە بەمەبەســتی تێربــوونی داخوازییــەکانیان کۆمەڵێك چەمك‌و کەلتوری پێویست دروستدەکەن بۆئــەوەی کــە لــەم باروودۆخــەدا خۆیــان رابگــرن، لەهــەنگاوی یەکەمدا دوای مووچــەی زۆر دەکــەون یــاخود لــەزۆر جێگەدا چوونی لادێیەکان بۆ شار بۆتە هۆکاری نەگەڕانەوەیان، هێزی ســەربازیش ناتوانێت ئەم ئەنجامە بگۆڕێت بۆئەوەی جارێکی تــر بیانگەڕێنێتــەوە بــۆ لادێکــان هەموو ئەو ئامرازانەی گەیانــدن کــە رۆژبــەڕۆژ باشــترو بــەرفراوانتر دەبــن هۆکــارن بۆئەوەی کە داخوازی لەلادێکاندا بەرزبێتەوە، ئەو پیــاوەی کــە روودەکاتــە شــارو ئاشنادەبێت بەپەیوەندییەکانی ناوشار سەیری جیهــان دەکــات بەچــاوێکی تــازەو سەرنجڕاکێشەوە هەست بەوە دەکات کە هەتائێستا لەلایەن فیکرە غەرییەکانەوە بەڕێوەبراوەو هەستدەکات پێویستی بەزانیاریی کەلتوری تر هەیە، ئەم مەسەلەیە

کابرای لادێیی دەوروژێنێتو ئەو خواستانەی کە رۆژبەرۆژ زیاد دەبێت لەلایەن دەوڵەتو هەرێمو شارەکانەوە لادێیەکانو کرێکارە لادێیەکان دەکاتە کەسی مەبەستدارو دەیانهێنێتە ئاستێك کە راپەڕن.

لەئەوروپادا کشتوکاڵ یاخود بەشێوەیەکی تایبەتی لەئەڵمانیادا کشتوکاڵ لەکۆتایی سالآنی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە قۆناغێکی تازەی پێشکەوتووی لادروستبووە، هەتا ئەوکاتەش کە گەلان پێویستیان بەکشتوکاڵی خۆیان یاخود هی دراوسێکانیان هەبووە بۆنموونە ولآتی ئینگلتەرا کە پێویستی بەبەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ئەڵمانیاو فەرەنسا هەبووە بەهەستکردنی بەم بارودۆخە گۆڕانکاریی زۆری دروستکرد بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی گەیاندنەوە، بەڕێگەی سەفەری دەریاییو هەروەها بەڕێگەی هێڵی ئاسنین لەئەمریکای باکووردا لێرەوە هێنانی مادە خۆراکییەکان بۆ ئەوروپا دەستپێکرد، هەروەها لەم میانەیەوە نرخ لەسەر شتومەك ئەوەندە دابەزی بەشێوەیەك کە ئیتر بەرهەمەکانی دەغڵودان لەئەوروپای رۆژئاواو ناوەڕاستدا دەستی بەکەمبوونەوە کرد، سەرەنجام پەیوەندییەکانی بەرهەم لەگۆڕاندابوو لەگەڵ ئەمەشدا هەرێمێك بۆ بەرهەمی دەغڵودانی نەتەوەیی بووە جێگەی ئاماژە، ئیتر دەغڵودانی چەند ولآتێك خۆیان لەبازاڕەکاندا دەرخست بۆ پێشەوەو رەواجی هەبوو، بۆنموونە وەك دەغڵودانی روسیا، رۆمانیا، ئەرژەنتین، ئوسترالیا، هندستانو جارجارێکیش لەکەنەدا دەغڵودانەکان لەزیادبووندابوون، لەقۆناغی پێشکەوتندا لایەنێکی تری نێگەتیڤ زیادیکرد ئەویش بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە باسمانکرد هاندانی خەڵکی لادێکان بوو لەگەڵ کرێکارە لادێیەکان کە کۆچ بکەن بەرەو شارەکان، بەمشێوەیە بێکاریی لەشاردا رووی لەزیادبوون کرد، کە هەتا ئێستاش بەتایبەتی ئەڵمانیا ئەم بارودۆخە کاریگەریی هەر هەیە، مامەڵەی خراپ لەگەڵ کرێکاری لادێکان لادێیە بچووکەکانو زەوتکردنی هەموو جۆرە ئازادییەك لێیان فاکتەرن بۆ زیادکردنی

کۆچو رەوی لادێیەکان بۆ شار ئەم کۆچورەوە ئیتر بۆ دەرەوەی شارەکانیش بەرفراوان بوو، بۆنموونە لەساڵی (١٨٤٠)ەوە بۆ (١٩٠٥)دانیشتوانێکی زۆر کۆچیانکردووە، لەویلاتەکانی پروسیا، رۆژهەڵاتو رۆژئاوای پروسیا، پۆمێرن، پۆزێزن، سیلەزیا، ساکسۆنیاو هانۆڤەرەوە (٤٠٤٩٢٠٠)کەس کۆچیانکردووە لەهەمانکاتدا لەباڤاریاو وێرتەمبۆرگ، لەبادەنو ئاڵساز لۆترینگ (٢٠٢٦٥٠٠)کەس کۆچیانکردووە، لەبەرامبەر ئەمەشداو لەهەمانکاتدا لەبەرلیندا یەك ملیۆن کەس لەهامبۆرگ (٤٠٢٠٠٠) کەس لەشانشینی ساکسۆنیا (٣٢٦٢٠٠)کەس، لەراین لاند (٣٤٣٠٠٠)کەس لەویستڤالیا (٢٤٦١٠٠)کەس کۆچیانکردووە کە ئەمە گوزارشتێکە بۆ زیادبوونی کۆچورەو.

## ٢- لادێیەکانو خاوەنی کێڵگە گەورەکان:

کەمبوونەوەی سەرمایە لەبواری کشتوکاڵیدا کرینەوەی موڵکە بچووکوناوەندەکان لەلایەن خاوەن موڵکە گەورەکانەوە، هەروەها پێچەوانەبوونەوەی هەموو پێشکەوتنەکانی رابردوو هەموویان پەیوەستن بەو گۆرانکارییانەی کە باسمانکردن لەم نێوەندەدا ئەو فشارەی کە هەبوو هێدی هێدی رێگای کردەوە بۆ گۆرانکاریی لەسیفاتی تەماڵی خاوەن کێڵگەکاندا، چونکە ئیتر لەمەبەدواوە ناتوانن وەك رابردوو بەرهەمیان هەبێتو هاوکات پێویستە دەست بەشێوازی کارکردنی تازە بکەن، دەوڵەتو هەروەها لەزۆربەی ویلایەتەکانیشدا بۆ پۆلیتیکای (سیاسەتی)گەیاندنو گومرگێکی گونجاو بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆیان کەوتە مەسرەفکردنێکی زۆر گەورە بۆئەوەی پەرە بەبواری کشتوکاڵی بدەنو لەژێر فشارو زەحمەتییەکاندا رزگارییکەن، ئەوانەی کە توانای پێشخستنی بوارە

کـــشتوکاڵییەکەیان هـــەبوو بەتایبـــەتی لـــەڕێگای بـــەکارهێنانی تـــەکنیکی پێـــشکەوتووەوە بریتیبـــوون لـــەخاوەن موڵکـــە گـــەورەکانو ناوەنـــدەکان، بەرزبوونەوەی نرخی کێڵگەکان بەڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر گوزارشت لەم راستییە دەکـات، ئەگـەر کـشتوکاڵ پێشبکەوێت لەکۆمەڵگایـەك کـە سـەمایەداری تیایـدا باڵادەسـتبێت ئـەوا پێویـستە بەشـێوازێکی سـەرمایەدارانە بخرێتـە ئیـشەوە، بەتایبەتی لێرەدا هەروەکو لەپیشەسازییەکاندا دیارە لەجیاتی هێـزی کـاری مـرۆڤ تەکنیکە گەورەکانو ئامێرەکانی جێگەی دەگرنەوەو رێگای بەکارهێنانی تـەنکیك دەبێتە جێگای باس، بەوڕادەیەی کە رێگـای بـەکارهێنانی تـەکنیك پێشکەوتووە لەئـەڵمانیاداو لـەنێوان سـاڵانی (١٨٨٢)بـۆ (١٨٩٥)ئـەم گۆڕانکارییانـە خۆیـان دەرخـستووەو لـەبواری کـشتوکاڵیدا (١٦٩٦)هـەبووە کەپێـشتر ئـەم ژمارەیـە (٨٣٦)بووە، هەروەها ژمارەی ئامێری شەنوکەوکردنی خـەرمان لـە(٧٥٦٩٠)ەوە بۆتە (٢٥٣٦٤)، ئەم ژمارانە ژمارەیـەکی رێژەییـەو رێژەکـە زۆر لەمـە گـەورەترە، لەلایەکەوە دواکەوتنێکی گەورەی پیشە کشتوکاڵییەکان جێگەی باسەو لەلایـەکی تریشەوە کەموکوڕیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان زۆر زەقترن کە ئەمەش گوزارشتە لەکەمیی دەرفەت بۆ بەکارهێنانی ئامێر لەکێڵگەکاندا، ئامێر ئەگـەر بەشـێوەیەکی راسیۆنال بەکاربهێنرێت ئەوا پێویستە تەواوی زەوییە گەورەکان یەك تـۆوی تیـادا بچێنرێت کە ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی لادێیە بچووكو ناوەندەکان لەگەڵ پارچە زەوییە پەرتەکان دەگاتە مەبەست، بـۆ کـشتوکاڵ لەئیمپراتۆریـەتی ئەڵمانـدا ئـەو زەوییانـەی کـە بـەکاردەهێنرێن بـەچ شـێوەیەك دابەشـبوون لـەم خشتەیەی خوارەوەدا دەیبینین.

| | ژمارەی وەگەڕخستنەکان | | | | زیادەو کەمبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەرگەڕخستنەکانی کشتوکالی | ١٨٨٢ | ١٨٩٥ | ١٩٠٧ | لە١٨٨٢ەوە بۆ ١٨٩٥ | لە١٨٩٥ بۆ ١٩٠٧ |
| لە٢هکتار کەمتر | ٣٠٦١٨٣١ | ٣٢٣٦٣٦٧ | ٣٣٧٨٥٠٩ | ١٧٤٥٣٦+ | ١٤٢١٤٢+ |
| ٢-٥ هکتار | ٩٨١٤٠٧ | ١٠١٦٣١٨ | ١٠٠٦٢٧٧ | ٣٤٩١١+ | ١٠٠٤١− |
| ٥-٢٠ هکتار | ٩٢٦٦٠٥ | ٩٩٨٨٠٤ | ١٠٦٥٥٣٩ | ٧٢١٩٩+ | ٦٦٧٢٥+ |
| ٢٠-١٠٠ هکتار | ٢٨١٥١٠ | ٢٨١٧٦٧ | ٢٦٢١٩١ | ٢٥٧+ | ١٩٥٧٦− |
| لە١٠٠هکتار زیاتر | ٢٤٩٩١ | ٢٥٠٦١ | ٢٣٥٦٦ | ٧٠+ | ١٤٩٥− |
| | ٥٢٧٦٣٤٤ | ٥٥٥٨٣٢٧ | ٥٧٣٦٠٨٢ | ٢٨١٩٧٣+ | ١٧٧٧٦٥+ |

| | بە هکتار ئەو بوارانەی بەکاردەهێنرێت وەک کشتوکالی | | | زیادبوون و کەمبوون | |
|---|---|---|---|---|---|
| وەرگەڕخستنەکانی کشتوکالی | ١٨٨٢ | ١٨٩٥ | ١٩٠٧ | لە١٨٨٢ بۆ ١٨٩٥ | لە١٨٩٥ بۆ ١٩٠٧ |
| لە ٢هکتار کەمتر | ١٨٢٥٩٣٨ | ١٨٠٨٤٤٤ | ١٧٣١٧١٧ | ١٧٤٩٤− | ٧٧١٢٧− |
| ٢-٥ هکتار | ٣١٩٠٢٠٣ | ٣٢٨٥٩٨٤ | ٣٣٠٤٨٧٢ | ٩٥٧٨١+ | ١٨٨٨٨+ |
| ٥-٢٠ هکتار | ٩١٥٨٣٩٨ | ٩٧٢١٨٧٥ | ١٠٤٢١٥٦٥ | ٥٦٨٤٧٧+ | ٦٩٩٦٩٠+ |
| ٢٠-١٠٠ هکتار | ٩٩٠٨١٧٠ | ٩٨٦٩٨٣٧ | ٩٣٢٢١٠٦ | ٣٨٣٣٣− | ٥٤٧٧٣١− |
| لە١٠٠ هکتار زیاتر | ٧٧٨٦٢٦٣ | ٧٨٣١٨٠١ | ٧٠٥٥٠١٣ | ٤٥٥٣٨+ | ٧٧٦٧٨٨− |
| ٦٤٨٩٦٩-٦٨٢٠٦٨ | ٣١٨٦٨٩٧٢+ | ٣٢٥١٧٩٤١ | ٣١٢٤٤٨٧٣ | ٦٤٨٩٦٩ | ٦٨٢٠٦٨− |

لەساڵی (١٩٠٧)دا لەنێوان بەکاربردنی (٥٧٣٦٠٨٢)کە بەگشتی کۆی بەکاربردنەکان لەکشتوکاڵدا دەکاتە (٧٦,٨٪)ی خوار (٥)هێکتارەوە ئەگەر ئەمانە لەباخچەو کێڵگەکاندا بەکارنەهێنرێن یاخود خاوەنی زەوییەکی بەپیت نەبن ئەوکاتە داهاتێکی هەژارانەیان بۆ مسۆگەردەکەن کە بەشێکی گەورە لەمانە ناکەونە ناو ئەم چوارچێوەیەوە، چونکە لەنێوان ئەمانەدا (١)هیکتارو کەمتر لە(٢٧٣١٠٥٥)بواری ئیش هەیە، بەڵام بوارەکانی ئیشکردن لەسەر زەوییەکی پێنج هێکتارەوە بەهۆی ژینگەی زەوییەکی بێفەڕ یاخود بەهۆی جوگرافیاوە یاخود بەهۆی بارودۆخی ئیقلیمییەوە یاخود کەموکوڕیی لەبەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندنەوە.. هتد لەبەرامبەر ئیشی درێژو قورس لەکێڵگەکاندا تەنها داهاتێکی هەژارانەیان بۆ مسۆگەردەکرێت کە کرێکارەکان بۆ بەکارهێنانێکی باشی زەوییەکان (١٠\١٩)یان ئامرازو زانیاریی بەکارهێنانیان نییە، بۆ بەرهەمی لادێیە بچووکوناوەندەکان ناتوانن کە نرخێکی ئەوتۆ بەدەستبهێنرێت ئەو ئامێرەی کە ئەمانی کردۆتە ناو چنگی خۆیەوەو دەیانخاتە ناو دەردوبەڵایەکی گەورەوە لەگەڵ ئەو بازرگانانەی لەناو بازرگانیدا هەندێك رۆژ یاخود هەندێك لەوەرزەکاندا لادێیەکان دەگەڕێن هەتا دەگەنە بازرگانەکانو کۆمیسیۆنی فرۆشتن هەتاوەکو بەرژەوەندییەکانیان بەدەستبهێنن لەزۆربەی جێگاکاندا لەپێناوی کۆکردنەوەی بەرهەمێکی کەمدا زەحمەتییەکی زۆر گەورەتر دەبینین لەو خاوەن موڵکە گەورانەی کە بەلێشاو بەرهەمەکانیان دەگەیەننە کۆمسیۆنی فرۆشتن، هەروەها لەبەرئەوەی کە لەبەرهەمهێنانی لادێیە نەدارەکاندا ئامرازی سەرەتایی دواکەوتوو بەکاردەهێنرێت هەر بۆئەمەش شێوازو مۆدێلی کۆنو بێبەها دەبێتو لەئەنجامدا ناچاردەبێت کە بەهەموو نرخێك لەسەر بەرهەمەکەی رازیبێت، لەگەڵ ئەمەشدا لادێیە نەدارەکان یاخود ئەوانەی بەکرێگیراون بۆ ئیشکردن هەرگیز چاوەڕوان ناکەن کە بەرهەمەکانیان بهێڵنەوە بۆ ماوەیەك کە لەو مایەدا نرخەکەی

بەرزبێتەوە، چونکە بەردەوام پێویستە کرێو زیادە بدەنو پێویستە قەرزەکان بداتەوە کە لەماوەی ئەو مانگەدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیان کردوونی، لەم واتەیەدا هەرچەندە کاتی فرۆشتنی بەرهەمەکەی گونجاویش نەبێت دیسان ناچارە بەفرۆشتنیان بۆ باشترکردنی زەوییەکەی یاخود بۆئەوەی کە ماف منداڵەکانیو میراتگرە هاوبەشەکانی بدات ئەرکێك دەگرێتە ئەستۆو دەست بەقەرزکردن دەکات، بەڵام زۆر ئەو مافەی نییە کە قەرزدەرەکەی هەڵبژێرێو بارودۆخیش لەمە باشتر ناڕوات.

بەرزبوونەوەی فایزو باجی دیاریکراو بارودۆخەکان قورستردەکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەگەر چاوەڕوانی بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمەکەی بکاتو هەڵەیەکی تیابکات کەمێك زەرەرمەندبێت ئەوا بەتەواوی ماندوی دەکاتو بەگشتی ئەو کەسەی کە بەرهەمەکەی لێدەکڕێتو ئەو کەسەی کە قەرزیشی پێدەدات هەریەکن، بەمشێوەیە ئەو تەلیسمی کەسی قەرزدەر دەبێتەوە، تەواوی لادێیەکان لەهەرێمەکەدا بەمشێوەیە لەدەستی ژمارەیەکی کەم لەقەرزدەرو کڕیارەکاندان، بۆنموونە لەئەڵمانیای باشوور هەموو ئەو کەسانەی کە کێڵگەکانی سەوزەو تووتنو لەڕەزەکاندا کاردەکەن لەهەمان بارودۆخدان، بەهەمانشێوە لەئەڵمانیای ناوەندا لادێیە زۆر نەدارەکان لەم بارودۆخەدان، خاوەن سەرمایەکان هەتا دواڕادە خوێنیان دەمژن، ئەمانە لەئاستێکدان کە خۆیان بەخاوەنی خۆیان نازاننو سەرمایەدار لەفرۆشتنی زەویوزار زیاتر کڕینو بەکارهێنانی کردۆتە شێوازێكو سوودی لێدەبینێت، بەمشێوەیە بەهەزاران لادێی بێمولك لەناو ئاماردا وەك خاوەن موڵك ناونووسدەکرێن، بێگومان ئەوانەی خاوەنی لێهاتوویی نین یاخود بەدبەختەکان یان ئەوانەی کێڵگەکانیان بەدفەڕن هەرچەند خاوەنی زەوی گەورەش بن دەبنە قوربانی سەرمایەدارییو دەبنە ئاغای زەوییەکانو بۆ مسۆگەرکردنی دارایی دەبنە قەسابی زەوییەکانو زەوییەکان پارچەپارچەدەکەن،

چونکە بەمشێوەیە لەکاتی فرۆشتندا لەئەنجامی قازانجە زۆرەکەیدا داراییەکی باشی لێ چنگدەکەوێت، جگە لەمانە ژمارەیەکی زۆر لەخاوەن موڵکە بچووکەکان دەبینین کە بۆئەوەی ئیشەکانیان بەباشی بەڕێوەببەن خاوەنی شانسێکی باشن، وەك دەزانرێت لەناو شارەکانیشدا زۆر خانوی بچووك هەیە کە بەهۆی کرێیەکی بەرزەوە داهاتێکی باش بەدەستدەهێنێت، کۆمەڵێك خوازیاری زەوییە بچووکەکان حەز بەکڕینی پارچەیەك لەزەوییەکان دەکەن لەناو ئەو پارچانەی کە بەشبەشکراون، سەرمایەداریی خێرخواز بەقیستێکی کەم ئامادەیە پارچەیەکی گەورەتریش بداتو ئەو ڕێژەیەی کە بۆ دانی پارەکە دەمێنێتەوە ئاوێتەی فایز دەبێت، بەڵام زەحمەتی ئەم کارە لێرەوە دەستپێدەکاتو خاوەن زەوییە بچووکەکان ئەگەر شانسیان هەبێت ئەوا لەکاتێکدایە کە هەموو هێزی خۆی خەرجبکاتو بەشێوەیەکی ئاسان بەرهەمێکی باش لەزەوییەکەی وەردەگرێت یاخود ئەگەر بەشێوەیەك لەشێەکان بتوانێت ڕێژەیەك پارە بەدەستبهێنێت ئەوا بەئاسانی دەتوانێت خۆی ڕزگاربکات، بەپێچەوانەوە هەمان ئەو باوردۆخەی بەسەردێت کە پێشتر باسمانکردن، ئەگەر هاتوو لادێیە نەدارەکان چەندە لەئاژەڵەکانیان بمرێت ئەمە هەرەسی پێدەهێنێت یاخود ئەگەر کچێکی هەبێت کە دەیدات بەشوو ئەوا ناچارە قەرز بکات بۆ جیازییەکەیو یاخود ئەگەر کوڕێکی هەبێتو ژنێکی بۆ بهێنێت ئەوا پێویستە کە قازانجی هەموو ئیشەکەی لەزەوییەکانیدا بکاتە بری خواستی بووکەکەی، لادێی لەکاتی چاککردنی زەوییەکانیاندا بۆشاییەکی گەورەیان بۆ دروستدەبێت، ئەگەر پەین بۆ ئاژەڵەکانی دابین نەکەن کە ئەمە بارودۆخێکی شازنییە ناتوانێت هەستێت بەکڕینی پەین، بەمشێوەیەش زەوییەکە بەپیتی خۆی لەدەستدەدات کە بەگشتی خاوەنی ئەو ئیمکانییەتەش نین کە تۆوی باشو ڕەسەن بکڕن بۆ زەوییەکانیان، هەروەها ناتوانن سوود لەئامێرو تەکنیك وەربگرن، هەربۆئەوەش بەرهەمێکی گونجاوو باش

لەزەوییەکانیانەوە بەدەست نایەت، لەلایەکی ترەوە خاوەنی ئەزموون و زانیاریی پیشەکەوتوونین بۆ سوودوەرگرتنێکی زۆر لەئاژەڵەکانیان و کەموکوڕیی لەباروزۆخی ئاخوڕی گونجاو، هەروەها نەبوونی جێگەیەکی گونجاو بۆ ئاژەڵەکانیان ئاستەنگی دروستدەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی گونجاوو باش، لەم سەنتەرەدا زۆر هۆکار هەن کە لادێیە نەدارو خاوەندارە ناوەندەکان لەڕووی داهاتەوە دەخەنە ناو زەحمەتییەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە پارچەیەك زەوی بەشی ئەو کشتوکاڵەی کە تیایدا دەکرێت بەڕێژەیەکی کەم باروزۆخی چۆنییەتی بەکارهێنانیان جیاوازە لەو ئامارانەی کە کراون بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٧٠٥٥٠١٣) هێکتار کە بەکارهێنراون بۆ مەبەستی کشتوکاڵیی تەنها (٢٣٥٦٦)ی بەکاربراون، کەواتە خاوەن هەرێمێکی کەمتر لە(٥)هێکتار بێئەوەی کە (٤٣٨٤٧٨٦)ی بەکاربەرێت خاوەنی زیاتر لە(٢٠٩٨٢٤)هێکتارە، بەڵام ئاماری موڵك و ئاماری بەکاربردنی موڵك یەکتریی پەردەپۆش ناکەن، بەمشێوەیە لەساڵی (١٨٩٥)دا بەلایەنی کەمەوە (٩١٢٩٥٩)کرێ خراوەتە کارەوە بەشێك لەزەوییەکان کە هی تاکەکان بووەو بەشێك لەخاوەن زەوییەکان کە زەوییەکانیان بەکرێداوە ڕێژەی (١٦٩٤٢٥١)زەویان کردۆتە کارەوە، بۆنموونە لەئیشی ڕەنجبەریی و نانەسکییەتیدا جگە لەمەش ڕێژەیەکی زۆر لەو کەسانە هەن کە بەخزمەتکردنی زەوی موڵکدارەکان هاوبەشی دەکەن لەبەرهەمەکەدا، بەپێچەوانەوە لەکۆمەڵێك ئیشوکاری کشتوکاڵیدا کارەکان دانەدانە پەیوەستن بەکەسەکانەوەو خاوەنی گەورەترین زەوی لەئەڵمانیادا کە خاوەنی (٨٣)کێڵگەیە بەڕێژەی (٦٨٧٤٦)هێکتار، پاشای پروسیایە کە ئەمە ئەوان ئاشکرایدەکەن، لەساڵی (١٨٩٥)دا لەپروسیادا موڵکانەی (١٠٤٥)خێزان کە دابەش نەکرابوو یاخود دەورنەکرابووەوە، (٢١٢١٦٣٦) هێکتار ڕووبەری زەوی دەگرێتەوە کە دەکاتە (٦,٠٩٪)ئەم موڵکانەی ئەم (١٠٤٥)خێزانە لەدەستی (٩٣٩)خاوەن موڵکدابووەو

بەتــەواوی ئەوەنــدەی (١٩١٥٠٠٠)هێکتــار گــەورەبووە کــە دەکاتــە ئەوەنــدەی (١٩١٥٠٠٠) هێکتار لەڕووبەری زەوییەکانی شاژنی وێرتەمبەرگ، لەسالّی(١٩٠٣)دا (١٠٣٤)مولّك نەدراونەتــەوە بەخاوەنــەکانیان، هــەروەها مولّکانــەی (١١٥٢)خێزان هەیە کە دابەشنەکرابوون، لێرەدا مولّکانەیەکی زیاتر بەر هەریەکـەیان دەکـەوێت، ڕووبەری زەوی ئەو خێزانانەی کە هێشتا دابەشیان نـەکردووەو دەستاودەستیان پێنەکردووە لەسالّی (١٩٠٣)دا یەکسانە بـە(٢١٩٧١١٥)لەسـالّی (١٩٠٤)دا دەگاتـە (٢٢٣٢٥٩٢)هێکتار ئەمانە نزیکەی (٩٠,١)و (١٠٠٠)هێکتار دروستدەکەن بەگشتی، هەروەها زەوی ئەو خێزانانەی کە ناتوانن دابەشیبکەن‌و دەستاودەستی پێبکـەن نزیکــەی (١٠٪)و (٥٠٠٠)هێکتــار زیــاترو، هــەروەها پەیوەســت بــەو هەرێمانــەوە (٥٣,٣٪)یان لەدەستی خۆیاندا کۆکردۆتەوە، مولّکی گەورەو ناوەند بەشێوەیەکی سروشتی لەگەلّ بەردەوامبوونی بارودۆخی هەنووکەیدان کە لێرەدا خاوەن مولّکـە بچووکەکان لەبارودۆخێکی جیـاوازتردان‌و خواسـت بـۆ زیـاتر گـەورەبوونی مولّکـە گەورەکان‌و هەولّدان‌و هەولّـدان لـەم پێنـاوەدا تێکۆشـان بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی زەوی لادێیەکان یەکێکە لەسیفاتە دیارەکان کە بارودۆخ لەهەرێمەکانی سـیلیزیای سەروو لاوستیزو گرانـدوك لـوك‌و هیسن‌و.. هتـد بەمـشێوە لەمولّکییـەتی زەوییـە گەورەکان لەئوسترالیادا بالّادەستترە وەك ئەلّمانیاو پروسیا کـە لێـرەدا کلّێـسەی کاسـولیکی هەلّدەسـتێت بەمـسۆگەرکردنی بەشـێکی گـرنگ لـەداهاتی زەوی، بەهاوشانی بۆرجوازیی‌و ئورستۆکراتییەکان لەئوسترالیا زەوی لادێیـەکان لەلایـەن خاوەن مولّکە گەورەکانەوە دەستی بەسەردادەگیرێ‌و بەشێوەیەکی گشتی سـوود لەبەرهەمەکـەی وەردەگرێـت، لادێیـەکانی چـەند جێگایـەك لەئوسـترالیا بەهـەموو شێوەیەك بێبەریی دەکرێن لەزەوی ولّات‌و هەولّدەدرێت بۆئەوەی زەوی لادێیەکان بکرێت بەمولّکییەتی ئاغاکـان، هـەمان شـت لەسـەردەمێکدا لەئیرلەنـدە ئێـستاش لـەجوانترین هــەرێمی ئوسـترالیا پێـشکەشدەکرێت کـە تاکـەکان‌و چـەند کەسـێك

هەڵدەستن بەکرینی تەواوی زەوییەکان‌و ئەو زەوییانەی هەتا ئێستا کرین‌وفرۆشتنیان پێوەنەکراوە ئەمان دەیکەنە هەرێمێك بۆ کردنی راوو بەکرێی دەدەن، دۆڵەکان، شاخەکان، دەروازەی چوونە ناو گوندە بچووکەکان لەلایەن ئاغا تازەکانەوە دادەخرێن، لێرەدا هەرکەسێك سەرپێچی لەئاغا بکات یاخود بیەوێت خاوەندارێتی لەخۆی بکات یاخود داکۆکیی لەموڵکەکەی بکات لەکاتێکدا دەدرێت بەخاوەن دارستانەکان ئەوا بەهەمووشێوەیەك دەچەوسێنرێتەوەو دەخرێتە نێو ئەم زەحمەتییەوە، سەدەها هەزار ساڵە کە کەلتوری زەوی‌و بەکارهێنانی بۆ داهات‌و بەبڕێوەبردنی ژیان دەگۆڕدرێت بۆ زەوییەکە کە بەکارنەهێنرێت‌و تەنها شارە مێروولەی تێدا دروستبکرێت، لەنێو ئەمانەدا سەرمایەدارانی بۆرجوازیی یاخود ئەرستۆکراتەکان هەموو چیاو هەموو بزنە کێویەکانیش تەنانەت شوێنی هەموو ئاژەڵەکانی دارستانیش بەموڵکی خۆیان دەزانن، لەلایەکی ترەوە رێگە بەلادێیەکان نادرێت کە ئاژەڵەکانیان بلەوەڕێنن، ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی کە هەمیشە لادێیەکان بەرەو هەژاریی برۆن، ئایا ئەو کەسانە کێن کە هەڵدەستن بەلەناوبردنی سەربەخۆیی‌و رەتکردنەوەی ئیشکردنی لادێیەکان لەکێڵگەکانیاندا؟ شازادەکانی چەند ناوچەیەك لەو وڵاتە بەمشێوەیە ئەو خاوەن موڵکانەی کە خاوەنی موڵکی گەورەن رۆژبەرۆژ زۆر دەبن، بۆنموونە لەساڵی (١٨٧٥)لەخوارووی ئوستورالیادا (٩)کەس هەبوون بۆ زیاتر لە(٥٠٠٠) بەرێژەی (٨٩٤٩)هێکتار، بەڵام لەساڵی (١٨٩٥)دا ئەوانەی خاوەنی (٢١٣٥٧٤٦)هێکتاربوون گەیشتنە (٢٤)کەس، لەهەموو ئوستورالیادا موڵکییەتی زەوییە گەورەکان رووبەرێکی (٨٧٠٠,٠٠٠)هێکتار دەگرێتەوە لەبەرامبەر ئەمەشدا موڵکییەتی زەوییە بچووکەکان رێژەی (٢١٢,٠٠,٠٠٠)هێکتار دەگرێتەوەو خاوەنی زەوی ئەو خێزانانەی کە زەوییەکانیان دابەشناکرێت‌و دەستاودەستی پێناکرێت لە(٢٩٧)خێزان (١٢٠٠,٠٠٠)هێکتار هەیە لەبەرامبەر ملیۆنان خاوەن زەوی بچووك

لەزەوییەکانی ئوسترالیادا، ئەوانەی کە خاوەنی زیاتر لە(٢٩٪)ی زەوییەکانیانن چەند هەزارکەسێك هەیە کە خاوەنی زەوی گەورەن، زۆر هەرێمی کەم هەیە کە تایبەتن بەڕەسم بۆ موڵکییەتی خاوەن زەوییە گەورەکان لەزۆربەی هەرێمەکاندا تەنها یەك یاخود چەند کەسێکی کەم لەخاوەن زەوییە گەورەکان دەبینرێت کە تەواوی بوارە کۆمەڵایەتییەکانو دیاریکردنی سیاسەت لەدەستی خۆیاندا دەگرن، نیوەی خاوەن زەوییە گەورەکان لەزۆربەی هەرێمەکانی وڵاتدا خاوەنی موڵکییەتێکی بێشومارن لەناو بەرگی پاشایەتیو ئیمپراتۆرەکاندا، هیچ هەرێمێکی ئوسترالیای خواروو بویهمەن، مەهرەن، سیلەزیا نییە کە بێ ئەمانەبێت، بەڵام بۆنموونە بویهمەنی باکوور لەمەهرەن ئیشوکاری پیشەسازیی ئەوان بەرەو دواوە دەبات جگە لەمە رێژەی موڵکییەتی زەوییە گەورەکان لەهەر جێگەیەکدا بەرەو زیادبوون دەچێت، شازادەکان هەموویان لەنێو لادێیەکاندا باشترین بارودۆخیان هەیەو هەروەها لەو وڵاتانەی کە زەوییەکانی میریی خاوەن موڵکە گەورەکانن بەواتای لەبویهمەن، مەهرەن، سیلەزیاو لەئوسترالیای خوارووداا ئەم زیادبوونە لەبەهێزبوونێکی کەمتردایە، لەئوسترالیای خوارووداا بەگشتی رووبەری زەوییەك کە (١٩٨٢٣٠٠)هێکتار دەگرێتەوە خاوەن زەوییە گەورەکان (٣٩٣)خاوەنی موڵکنو تەنها (٥٤٠٦٥٥)هێکتارو هەروەها کڵێسەش (٧٩١٨١)هێکتاریان بەردەکەوێت، (١٣)موڵك بەیەکەوە کە هەریەکێکیان زیاتربێت لە(١٠٠٠)هێکتار هەریەکەیان (٤٢٥٠٧٩)هێکتار دەگرێتەوە کە (٩٪)لەمەهرەن بەپێوەری رووبەرەکەی (٢١٨١٢٢٠)هێکتاری بەردەکەوێت، لەمەش (٨١٨٢٧)هێکتاری بەر کڵێسە دەکەوێت کە یەکسانە بە(٣,٨٪، ١١٦)زەوی کە لەسەرووی (١٠٠٠)هێکتارەوەیە، (١١٦)کە ئەوەندەی (١٠)هێکتارە لەپێکهێنەرانی (٩٢,١٪)ی زەوییەکانی سیلەزیاو ئوسترالیا لەکۆی (٥١٤٦٧٧)هێکتارەوە بۆ (٥٠٨٤٥)هێکتار کڵێسەو لەگەڵ (٧٩)خاوەن موڵکدا خاوەنی (٢٠٤١١٨)هێکتار

بووە، هەروەها بەهەمووی نزیکەی (١٢٣٧٠٨٥)خاوەن موڵك لەبویهمەن هەیەو دابەشبوونی موڵکییەتی زەوی بەتەواوی ئاوێتەی موڵکییەتی زەوی گەورەیەو کارەکتەری خۆی تیادا دەبینێتەوە تەواوی زەوییەکان لە (٤٣٪)و (١\٢) ١) هێکتار بچووکترەو پێنجیان بەیەکەوە لە (٥)هێکتار گەورەترنین، ئەمەش (٧٠٣٥٧٧)ی موڵکییەتی زەوی (٨١٪)کە تەنها لە(١٢,٥٪)ی رووبەری بویهمەن دەگرێتەوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا (٧٧٦)کەس خاوەنی لە(٣٥,٦٪)ی رووبەرەکەن، ئەمەش تەنها لە(٠,١٪)ی موڵکییەتی هەموو زەوییەکان پێکدەهێنێت لەجیاکردنەوەیەکی گەورەتردا لەکاتی ئەنجامدانی شیکردنەوەی رووبەرێك لەسەرووی (٢٠٠)هێکتارەوەبێت دابەشکردنی موڵك زۆر بەزەقی بەرچاودەکەوێت کە لێرەدا رووبەرووی ئەم ئەنجامە دەبینەوە.

| | هێکتار | هێکتار بەیەکەوە |
|---|---|---|
| لەکۆی ٢٨٠ کەس، ئەو کەسانەی خاوەنی زەوین بەرێژەی | ٢٠٠–٥٠٠ | ١١٦١٤٣ |
| لەکۆی ١٤٤ کەس، ئەو کەسانەی خاوەنی زەوین بەرێژەی | ٥٠٠–١٠٠٠ | ١٠١٧٤٨ |
| لەکۆی ١٠٤ کەس، ئەو کەسانەی خاوەنی زەوین بەرێژەی | ١٠٠٠–٢٠٠٠ | ١٥٠٥٦٧ |
| لەکۆی ١٥١کەس، ئەو کەسانەی خاوەنی زەوین بەرێژەی | لەسەرووی ٢٠٠٠ | ١٤٢٦٠٨٤ |

لەدوایەمین گروپەوە کە پێکهاتبوون لە (٣١)کەس هەریەکێکیان خاوەنی لەنێوان (٥٠٠٠– ١٠٠٠)هێکتارنو زیاتر لە (٢١)کەسیش خاوەنی (١٠,٠٠٠–٢٠,٠٠٠)هێکتارن، لەگەڵ ئەمەشدا (lobkowil، mor، Ferdinand، berg karl schwarzen، Alfredwindischyratz، contlarfrnst، waldstain، juhanin horrach، karl buguay) خاوەنی (٢٠,٠٠٠–٣٠,٠٠٠) هێکتارنو هەروەها (شازادە(jon)خاوەنی

(۳٦۱۸۹)هێکتــارەو شــازادە (مــەیکس ئــەگۆین‌و قریــستوینبەرگ) خــاوەنی (۳۹۱۲٦)هێکتارن‌و هەروەها (کۆلۆرەدو ماتـسفیۆلد) خاوەنی ۵۷٦۹۱ هێکتـارن، هــەروەها (schwarzenberg)ی شـازادە خـاوەنی (۱۷۷۳۱۰)هێکتـارە، کەواتـە رووبــەری هــەموو زەوییــەکانی بویهمــەن یەکـسانە بــە(۳,٤٪)و زەوییــەکانی شاوشازادەکان (۲۵۸۷۳)هێکتـار دەگرێتـەوە، ئەمـەش لـەکۆی (٦٤)مولکییـەتی زەوی گــەورە (۱۰۸۲۸۸٤)هێکتــار یەکـسانە بــە(۹٪)ی رووبــەری زەوییــەکانی بویهمەن، لێرەدا کڵێسە خاوەنی ۱۵۰٦۹۰ هێکتارە کە یەکسانە بە(۳٪)ی رووبەری هــەموو بویهمــەن. ئەمــە لەســاڵی (۱۸۹٦)دابــوو، لــەڕابردوودا بــارودۆخ زۆر خراپتربــووە، لــەکاروباری کـشتوکاڵی ســاڵی(۱۹۰۲)دا ســەرژمێرییەك کــراوە کــە بــەگوێرەی ئــەم ســەرژمێرییە بــۆ (۱۸٤۳۷)کــار ســەرژمێریی گـشتی لــە(۰,۷٪)ی بەردەکەوێت لەکۆی (۹۹۲۹۹۲۰)هێکتار یاخود لە (۳\۱)ی.

بۆنموونە چینی بۆرجوازیی تازەپێگەیشتوو هەڵدەستن بەکڕینی (۷۰,۰۰۰)کم زەوی ناوچەکەو دەیکەنە جێگای ڕاوکردن‌و دیسان هــەمان کـاری ئەریستۆکراتییەکانی ئــەڵمانیاو نوســتراليا دەیکــەن کــە بەمــشێوەیە بەســەدان کێڵگــەی لادێیــەکان لەناودەچــێت، ئەمــە لــەجیاتی ئــەوەی کــشتوکاڵی تێــدابکرێت‌و ئــاژەڵی تێــدا بەخێوبکرێت چۆڵدەکرێت بۆ شارە مێرولەکان‌و بۆ ئاژەڵە کێوییەکان، بەمشێوەیە زۆربەی ناوچە چۆڵکراوەکان دەبێتە جێگــەی بــاس، کــە پەرلــەمانتارەکان قــسەی لەسەردەکەن‌و باسی قەیرانی لادێنشینەکانی لەسەردەکەن، خێرا ئاوێتــەی بــاجی دەکەن لەگەڵ دارو گەنم‌و ئاژەڵ‌و دەرفەتی پێدەکەنــەوە بـۆ وەرگـرتنی گـومرگ، بەمجۆرە دەوڵەت بەبەکارهێنانی خــراپ لەهێزەکەیــدا لەســەر پــشتی بێموڵکــەکان هاوکاریی بۆخۆی مسۆگەر دەکات، لەولاتانی پیشەسازیدا هەروەکو لەئوستراليادا کــە موڵکییــەتی بــچووك لەجێگایەکــدا دروســتدەکەن، لــەپێناوی بەدەســتهێنانی پێداویــستی هــەموو توێــژەکانی کۆمەڵگادانییــە، بــەڵکو لەبەرامبــەر زیــادکردنی

داخـوازیی ئـەو چـرە دانیـشتوانەی رۆژبـەڕۆژ لەزیادبووندایـەو شـێوازی ئیـدارەی بەرهـەمهێنانی رێژەیـەك لەخۆراكـە خوازراوەكـان یەكێكـە لەپێداویـستییەكانی رێكخـستن لەسـەر شـێوازی سـەرمایەداریی، ئەمـەش بـەر لەهـەموو جێگاكـان لەبەلجیكای زۆر پێشكەوتوودا لەڕووی پیشەسازییەوە دەبینرا، بەگوێرەی ئاماری (annuaire)كە رستەبڕی كـردووە لەكتێبەكـەی(emil) (vandervel)كـە بـەناوی موڵكییەتی زەوی لەچاپی داوەو ئەم كتێبە ئاماری موڵكییەتی زەوی لەبـەلجیكادا لـەخۆدەگرێت لەسـاڵی(١٨٣٤)ەوە هـەتا(١٨٩٩) دەڵێـت: ئەوانـەی ژمارەیـان كەمبۆتـەوە ئـەو زەوییانـەن كـە پێـشتر بـەكارهێنراون، لـە(٥) هێكتـاردا یـاخود (٢)هێكتاردا، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەو دەزگایانەی لەسـەرووی (١٠)هێكتـارەوەبوون گەیـشتنە (٣٧٨٩)لـەدەزگا ئابوورییـە گەورەكانـداو لـەوەرگاكانی ئاژەڵـدا رووبـەڕوومان دەبێتـەوە بەشـێوەیەكی زۆر ئاشـكرا كـە لەگـەڵ قووڵبوونـەوەی موڵكییەتی زەویدا بەشێوەیەكی گونجاو گەشەیسەندووە، لەساڵی (١٨٨٠)ەوەو بەتایبەتیش لەساڵی (١٨٦٨)ەوە هـەتا سـاڵی (١٨٨٠)بزووتنەوەیـەكی پێچەوانە هاتەئاراوە، لەسـاڵی (١٨٨٠)دا لەكاتێكدا (٩١٠٣٩٦)دەزگـای ئـابووریی لـەبواری كشتوكاڵیدا ئامادەبوون، لەساڵی (١٨٩٥)دا لـەكۆی ئەمانـە تـەنها (٨٢٩٦٢٥)یـان مایـەوە، لـەنێوان ئـەم (١٥)سـاڵەدا (٨٧٧١)دەزگـای ئـابووریی یەكـسانە بـە(٩٪)دواكـەوتن هاتۆتـەئاراوەو لـەكۆی ئـەم دواكەوتنانـەدا زیـاتر ئـەو دەزگـا ئابوورییانـە كرانـە ئامـانج كـە لـەخوار (٥)هێكتـارەوەبوون، لەبەرامبـەر ئەمەشـدا لەكۆی (٥-١٠)هێكتار زیاتر لە (٦٧٥)دەزگـای ئـابووریی زیـادیكردووە، هـەروەها لـە(١٠-٢٠)هێكتـار (٢١٦٨) هـەروەها (٢٠-٣٠)هێكتـار (٤١٤) لـە(٣٠-٤٠)هێكتـار (١٦٤)، لـە(٤٠-٥٠)هێكتـار (١٨٦)، هـەروەها لەسـەرووی (٥٠)هێكتـارەوە (١٨١)دەزگای ئابووریی زیادیكردووە.

## ٣- ناکۆکی لەنێوان شاخ وشاردا:

بارودۆخی زەوی‌و بەکارهێنانی خاوەنی گرنگییەکی تایبەتە لەڕووی پێشکەوتنی شارستانیمانەوە، هەبوونی گەلان بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەخاك‌و بەرهەمی خاکەکەیانەوە، مرۆڤ وەك ئەوەی کە دەیەوێت ناتوانێت بەئارەزووی خۆی زەوییەکەی زیادبکات، بەمهۆیەوە چۆن بەکاربهێنرێت‌و چۆن سوودی لێوەربگیرێت؟ زۆر گرنگە هەڵوەستەی لەسەربکرێت، لەئەڵمانیا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ساڵانە (٨٧٠,٠٠٠)کەس زیاد دەکات، بۆئەوەی بتوانێت بەگونجاویی نرخی مادە خۆراکییە پێویستییەکانی بهێڵێتەوە، پێویستی بەهێنانی ڕێژەیەکی باش هەیە لەمادە خۆراکییەکانی وەك گۆشت‌ونان، بەڵام لێرەدا دڵنیاین لەژمارەی ئەو کەسانەی کە لەپیشەسازیی‌و کشتوکاڵدان، لێرەدا زۆر ناکۆکیی خۆیان دەردەخەن، ئەو کەسانەی کە بەئیشوکاری کشتوکاڵییەوە خەریك نین حەزدەکەن مادە خۆراکییە هەرزانەکان بەدەستبهێنن، چونکە هەم وەك مرۆڤێك‌و هەم وەکو تاکێك کە سەرقاڵی بازرگانیی‌و پیشەسازین پێشکەوتنەکانی پەیوەستن بەمەوەو لەهەر گرانبوونێکی مادە خۆراکییەکاندا خەڵك کاتێك لەداهاتەکەیان زیادەبوون دروستنابێت‌و ناچارن پارەیەکی زۆر بدەن بەبەرهەمە کشتوکاڵییەکان ئەمە ڕێگە دەکاتەوە بۆ خراپبوونی بارودۆخی خەڵکیی‌و تێرنەبوونی بەشێکی زۆری دانیشتوان، بەڵام زیادبوونی مووچە بەگوێرەی زیادبوونی نرخی بەرهەمەکانی پیشەسازییە، بەم پێیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەدوای بازاڕی جیهانەوەبین بەگوێرەی بازاڕی دەرەوەو ژیانی خۆمان بگوزەرێنین، بەڵام ئەگەر بەگوێرەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان داهات زیاد نەکات بەو واتەیەدێت کە دەبێت دەستگرتنەوە لەپێویستییەکان بکرێت، لەم بارودۆخەدا بەپلەی یەکەم پیشەسازیی‌و بازرگانیی دەکەونە ناو قەیرانەوەو ئەوانەی کە بەوەگەڕخستنی زەوییەوە سەرقاڵن بارودۆخیان جیایە، ئەویش وەك بواری پیشەسازیی ئەوەی لەدەستیبێت دەیکات بۆ مسۆگەرکردنی سوودێکی زۆرترو ئیتر کام بەرهەم قازانجێکی زۆرتری دەکاتەدەست بۆ ئەو گرنگ نییە، هێنانی دەغڵ‌ودانی بیانی هۆکارێکە بۆئەوەی کە نرخی دەغڵ‌ودان دابەزێت‌و ئەمەش قازانجێکی کەمتر

دەداتە جووتیارەکە کە لەم حاڵەتەدا ئەویش لەجیاتی بەرهەمی هێنراو زەوییەکەی بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی تر بەکاربهێنێت، بۆ بەدەستهێنانی شەکر، قامیشی شەکر، هەروەها بۆ پێداویستی نان گەنم دەچێنێت، هەروەها پەتاتەو چەوەندەرو ئەم جۆرە شتانە.. هتد بەپیترین زەوی لەجیاتی ئەوەی بۆ میوەو سەوزە بەکاربهێنرێت جیادەکرێتەوە بۆ توتن، هەندێکیان بەهەزاران هێکتار زەوی بەکاردەهێنن بۆ شتێکی وەك لەوەڕگای ئەسپ، چونکە نرخی ئەسپەکانیان بەهۆی ئامانجی شەڕو سەربازییەوە بەرزە، لەلایەکی ترەوە ئەو هەرێمە دارستانانەی کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کشتوکاڵ جیادەکرێنەوە بۆ پیاوە ناودارەکان بۆئەوەی بۆخۆشی خۆیان راوی تێدا بکەن، بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتوون لەدارستانی(١٠٠٠)هێکتار یان چەندسەد هێکتارێك کە بەتێکڕایی بوونەتەهۆی کەمبوونەوەی دارستانو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کردووە، لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەڵمانیا بکەین هەتائێستاش دەتوانرێت تیایدا بەهەزاران کیلۆمەتر زەوی بەپیت بکێڵرێت، بەڵام ئەو فەرمانبەرانەی کە لەئیدارەی دارستانەکان کاردەکەن لەبەر بەرژەوەندیی ماددیی خۆیان یاخود خاوەنی زەوییە گەورەکان کە زۆرێك لەزەوییەکانی خۆیان کردۆتە جێگەی سەیرانو خۆشیو راو بۆ کەسە گەورەکان نایانەوێت ئەم بەرژەوەندییە گەورەی خۆیان تێکبدەن، هەربۆیە دژایەتی هەموو گۆڕانکارییەك دەکەن، بەمشێوەیە ئەگەر گۆڕانکارییەك بکرێت دەتوانرێت سوود لەو زەوییە بەکارنەهێنراوانەی وڵاتو بەتایبەتیش لەهەرێمە شاخاوییەکان وەربگرێتو بکرێنە دارستانو ئەو جێگایانەی کە زەوی کشتوکاڵیی لەبواری کشتوکاڵدا بەکاربهێنرێن لەسەردەمی تازەدا کاریگەرییە گەورەکانی سەر پێشکەوتنی هەوای دارستان رەتدەکرێتەوە، لێرەدا ناحەقییەکی گەورەیە کە بۆ بەدەستهێنانی هەوای دارستان بەپیترین زەوی پەراوێزدەکرێتو لەم رووەوە دکتۆر لهیمان لەکتێبی (روسیا برسیەتی)باس لەم بارودۆخە دەکاتو زۆر زانیاریی بەنرخ پێشکەشدەکات لەڕوانگەی نووسەرەکان روسیا بەبێبەرنامە لەگرنگترین هەرێمەکانی خۆیدا دارستانی دروستکردووەو ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبووە بۆئەوەی روسیا

بکەوێتە ژێر فشارێکی گەورەوە لەچاو چەند ساڵی رابردوودا، چونکە زەوییە بەپیتەکانی بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی پێویست بەکارنەهێناوە، لەلایەکی ترەوە بەدرێژایی ساڵان لەویلایەتی (ستاورۆپول) حەوت گۆلی ئاو لەناوبراون و لەویلایەتی (بوسولك) چوار گۆلی ئاو لەناوبران، هەروەها لەویلایەتەکانی (نۆوسەنك و نیوکۆلاژەوسك) چوار گۆلی ئاوو هەروەها بەربەستێك راکێشراوە کە بەشێوەیەکی زەحمەت پاراستنی بۆ مسۆگەرکراوە، لەکۆندا چەند لادێیەك کە پڕبوون لەکانیی ئێستا بێبەشن لێی، بەگشتی قووڵیی بیرەکان (٤٥-٦٠)مەترە، لەئەنجامی ئەمەدا زەوییەکی وشك و قڵێشاو دروستبووەو بەهۆی بڕینی دارستانەکانەوە سەرچاوە ئاوییەکان وشکیانکردووەو بارانیش کەمیکردۆتەوە، دەستبەسەرداگرتنی زەوی لەلایەن سەرمایەدارییەوە رێگەدەکاتەوە بۆ بارودۆخی سەرمایەداریی، بۆنموونە جووتیارەکانمان بەشێکی زۆریان ساڵانێکی دووروودرێژ قامیشیان چاندو پەیوەست بەمەوە بودجەیەکی بەهێزیان لەبەرهەمەکەیان مسۆگەرکرد، هەروەها لەخەرجکردنی سیستەمی شەکردا رەسم مانی جووتیارەکان دەدات کە بەرهەمێکی باشتر بەدەستبهێنن و هاوکات داهاتی رەسم لەخەرجیی شەکردا بەکاردەهێنرێت.

کارگەکانی دروستکردنی شەکر رێژەیەکی باشی شەکریان بەرهەمهێناو رێژەیەکی زۆریشی بەهۆی وەرگرتنی رەسم لەجووتیارە هاووڵاتییەکان بەنرخێکی هەرزان نێردرانەدەرەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ فراوانبوونی چاندنی قامیشی شەکر، لەم سیستەمەی وەرگرتنی رەسمەوە ئەو هێزەی دەکەوتە سەر کۆمپانیاکانی شەکر ساڵانە (٣١)ملیۆن مارکی تێدەپەڕاند، لەکۆندا بەسەد هەزاران هێکتار لەو زەوییانەی کە دەکرانە دەغڵ‌ودان کرانە زەوی بۆ چاندنی قامیشی شەکر، لەم میانەیەوە کۆمپانیا لەسەر کۆمپانیا دروستبوو ئەنجامێکی خراپی لێکەوتەوە، هەروەها حاسڵاتی بەرزی قامیشی شەکر کاریگەرییەکی باشی کردۆتە سەر بەرزکردنەوەی نرخی زەوی، نرخەکان بەرزبوونەوە ئەمەش سەرنجی خاوەن موڵکە بچووکەکانی راکێشاو بازاڕی کڕین‌وفرۆشتنی زەوییەکان گەرمبوون، زەوییەکان بۆ مەبەستی دروستکردنی کۆمپانیا بەکاردەهێنران، هەموو زەوییە

بەدفەرەکان جیاکرانەوە بۆ چاندنی پەتاتەو گەنم، هەر بەمهۆیەشەوە پێویستی هێنانی مادە خۆراکییەکان لەدەرەوە زیادیکرد، لەئەنجامدا وەك شتێکی نەگونجاو سیفاتێکی نێونەتەوەیی وەرگرت، حکومەتو پەرلەمانتارەکان بۆ بەدەستهێنانی باروودۆخێکی سروشتی ناچاربوون کە رەسم لەسەر بەرهەمەکان لابەرن، لەم باروودۆخەدا زۆربەی لادێکان بچووكو ناوەندەکان فیداکارییەکی بێوێنەیان پیشانداوە کە سەرەڕای ئەمەش نەیانتوانیوە بگەنە ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتییانەی کە وەك هاوولاتیانی دەولەتێکی مەدەنیی مافەکانی خۆیان بەدەستبهێنن، بۆئەوەی دەولەت بتوانێت لەسەرپێ خۆرابگرێت پێویستە لایەنە ئابوورییەکانی خۆی رێکبخاتەوە، گومرگی کشتوکاڵ پێویستییەکی زۆر بەو بەشە زەوییە دەگەیەنێت کە بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێن، لێرەدا زۆرینەیان بۆ گوزەرانی ژیانی خۆیان کشتوکاڵ دەکەنو لەوەزیاتر ناکەن، ئەمانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان پێویستیان بەکڕینوفرۆشتن دەبێت هەربۆئەمەش بۆ پەیداکردنی پارە پەنا دەبەنە بەر ئیشی پیشەسازییو شتی تر، بەشێکی زۆر گەورەی لادێیە بچووکەکانمان ئارەزوو دەکەن کاربکەن لەبواری گەیاندنو پیشەسازیدا، چونکە بەپێچەوانەوە سەرچاوەیەکی ژیانیان نامێنێت هەربۆئەمەش داهاتی خۆی لەرێگەی پیشەسازییو گەیاندنەوە مسۆگەردەکاتو کۆکردنەوەی بەرهەمێکی کەم وا لەلادێیەکان دەکات کە ناچاربن ئالوگۆڕ بەبەرهەمە کشتوکاڵییەکانیانەوە بکەن ئەو کەسانەی کە هیچ شتێکی فرۆشتنیان پێنییە یاخود بڕێکی کەمیان پێیەو لەبەرامبەریشدا پێویستیان بەکڕینی شتومەکێکی زۆر هەیە، لێرەدا گومرگو قەدەغەکردنی هێنانو بەربەستدروستکردن لەبەردەم سنووردارکردنەوەی کشتوکاڵ هیچ سوودێکی نامێنێت، بەلام (٨٠٪)ی جووتیارەکان لەم باروودۆخەدان، کەسەکان بەچ شێوەیەك زەوییەکانیان بەڕێوەدەبەنو لەژێر سێبەری چاخی مولکیەتی تایبەتدا وەك کێشەیەکی تاکە کەسی لێدێت، بەگوێرەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگاو بەرژەوەندییەکانی خۆی تۆو ئەڕژێتو دارایی دروستدەکات، بەلام لەپیشەسازیشدا وەهایە کە لەرێگەی رەسمەوە بۆئەوەی فێڵ بکەن لەمادە خۆراکییەکانیان چەندەها کۆمپانیا

دادەمەزرێنن، ئەم جۆرە جولانەوانە کۆمەڵگا زەرەرمەند دەکەن، رەوشتی خەڵك تێکدەدەنو دەبنەهۆی زیادبوونی بەرتیل، بەلام ئەمانە پارە بەدەستدێنن، لەم نێوەندەدا ئەو کەسەی لەم میانەیەوە پارەی چنگ دەکەوێت، هەڵوێستی خەڵك لەبەرامبەر خۆی نابینێتو خەڵکی ئیرەیی پێدەبەنو ئەویش دڵنیاییە کە بەرێزەوە لێی نزیکدەبنەوە، هەربۆیە دەستدەداتەوە ئیشە شەرمەزارییەکەی.
سیفاتی پارەخوازیی ئەم چاخەمان بەتەواوەتی بازار بەشێوەیەکی ئاشکراو چالاکییەکانی بازار رێکدەخات، بەرهەمەکانی پیشەسازیی کشتوکاڵیو ئامرازەکانی گەیاندنو بارودۆخی هەواو بارودۆخی سیاسیو نەبوونیو زۆریی رێژەی دانیشتوان، رەزالەتی خەڵكو زۆریی قەرزە گشتییەکان، نەخۆش ناتەندروستیو مردنی رێژەیەکی زۆری خەڵك، هەروەها وەستانی شەر بەهۆی ئەم رووداوانەوە زۆر شتی تر بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵخەڵەتاندنو داگیرکاریی سەرمایە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بارودۆخی خەڵك دروستدەکەنو بەهۆی ئامێرە بەهێزەکانیانەوە سەروەتێکی زۆر بەدەستدەهێنن کە لەدەستی وەزیرەکانو دەسەلاتدارەکاندان، کلێسەکان وەك بووکە شووشەیەکیان لێدێت لەدەستی ئەماندا چۆنیان بوێت ئەوها یاریان پێدەکەن، بازار عایدی دەسەلاتی دەوڵەت نییە، بەڵکو دەوڵەت لەدەستی بازاردایە، کاتێك خراپەکاریی هەموو رۆژێك لەزیادبووندایە ئەو دیاردانەی کە خۆی دادەسەپێنێت بەسەر هەموو کەسەکاندا پێویستی بەشیکردنەوەیەکی رەگوریشەیی هەیە، بەلام کۆمەڵگا بەرامبەر ئەو هەموو خراپەکارییە بێ چارەو واق ورماون هەرکەس بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوەو ئەوانەی نێو شاخەکان هەروەك ئاژەڵ تێرماوان، ئەمەش بودەوڵترینو بەئێشترین تابلۆی دروستکردووە، ئەوانەی کە دەیانەوێت یارمەتی پێشکەشبکەن هێشتا زۆر بێهێزن، ئەوانەی کە پێویستە یارمەتی بکەن هێشتا لەبارودۆخەکە تێنەگەیشتوون، ئەوانەی دەتوانن یارمەتی بدەن خوازیارنین یارمەتی بدەن، ئەمانە بڕوای تەواویان بەدەسەلات هەیەو وابیردەکەنەوە کە دەڵێن: (ئینجا لەدوای ئێمەوە چی روودەداتو کام گەردەلوول هەڵدەستێت با هەستێت)، بەلام ئەی ئەگەر لەکاتی ژیانی ئەماندا ئەم گەردەلوولە هەستا؟ چی روودەدات؟!

# بەندی چوارەم
# سۆسیالیزاسیۆنی کۆمەڵگا

# بەشی بیستەم
# شۆڕشی کۆمەڵایەتی

## ١-سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا:

ئەوکاتەی شەپۆلەکانی دەریا بەرزدەبنەوە ئاوی دەریا لەخوارەوە دەوڵەتوکۆمەڵگاش لەسەرەوە دەهەژێنێت، لێرەوە هەموو دنیا هەستدەکات کە بنەمای دەوڵەتوکۆمەڵگا لە لەرزیندایەو تەنها بەسەرچاوەیەکی بەهێز دەتوانێت رزگاربکرێت، بەڵام ئەم لەمیانەی فیداکاریی چینی باڵادەستەوە مسۆگەردەبێت مەگەر کێشەکە لێرەدا نووستووەو ئاستەنگییەکان لێرەوە دەستپێدەکەن، ئەمانە لەدژی هەموو ئەو پێشنیارانەن کە هەڕەشە دەکەنە سەر جیاوازییو هەروەها زەرەر لەچینی باڵا دەست دەدەنو بەشێوەیەکی جددیی لەڕووی ماددییەوە ئەمانە لەهەوڵێکی پتەودان بۆ رووخاندنی سیستمی کۆمەڵگاو دەوڵەتی هەنووکەیی، بەڵام جیهانی نەخۆش هەتا نەکەوێتە لێپرسینەوە لەجیکارییەکانیو ئەو جیکارییانە نەهێڵێت بارودۆخی باش نابێت، لەپرۆگرامی سۆسیال-دیموکراتدا تێکۆشان لەپێناوی رزگاریی چینی خەباتکاردا تێکۆشانێك نییە بەتەنها بۆ نەهێشتنی جیاکاریی، بەڵکو بەپێچەوانەوە تێکۆشانێکە لەپێناوی نەهێشتنی هەموو جیاکارییەكو بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانییو مافەکان، لێرەوە دەگەینە

ئەو ئەنجامەی کە بەقەرەبووی بچووك‌و نیوە پێشگیریی ناتوانرێت هیچ شتێك بکرێت، بەڵام رەهەندی جیاکاریی چینە باڵادەستەکان وەکو مافێکی پەیوەست بەخۆیانەوە پێیانوایە کە جیاکاریی هەتا دواڕادە شتێکی سروشتییەو پێویست ناکات هیچ گومانێکی لێبکرێت، هەر بۆئەمەش هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر هەموو دژایەتیکردنێکی جیاکاریی شتێکی سروشتییە لەسەر بنەمای سیستەمی کۆمەڵگای هەنووکەیی‌و لەڕەهەندی جیاکاریی ئەواندا هیچ یاساو پێشنیارێك پەسەند ناکرێت ئەگەر تۆختی بەرژەوەندییە مادییەکانیان بکەوێت، لەپەرلەمانەکاندا ئەو هەموو گفتوگۆیەی کە دەکرێت‌و لەسەر کاغەز بڵاودەکرێتەوە ئەوەندە زۆرن کە ئەگەر کەڵەکەبکرێت ئەوا چیایەکی لێپێکدێت، کە سەرەنجام لەدوای ژانی لەدایکبوونی شاخ مشکێك لەدایکدەبێت‌و داواکارییە سروشتییەکان بۆ پاراستنی کرێکاران وەك ئەوەی پەیوەستبێت بەهەبوونی کۆمەڵگاوە بەبەرخوردانییەوە پێشوازیی لێدەکات، هەروەها لەدوای تێکۆشانێکی درێژخایەن هەندێك قەرەبوو بۆ خۆیاندەکەنەوە هەروەك ئەوەی کە بەشێکی زۆری سەروەتەکەیان فیداکردبێت، لەکاتێکدا کە یەکسانیی ئەوان لەگەڵ چینی کرێکارداو لەکاتێکدا کە کێشەکانی گرێبەستی ئیش دەبێتە جێی باس ئەمان کەڵلەڕەقانە بۆچوونی خۆیان دادەسەپێنن، ئەم کەڵلەڕەقییەی کە لەهەموو داخوازییە سروشتی‌و لەشتە ئاسانەکانیشدا دەکرێت، ئەو پەندەمان بەبیردێنێتەوە کە دەڵێت: ئەگەر چەمك‌و هێزی بارودۆخی ئەو نەکەوێتە مەترسییەوە ئەوا بەرێگەی گفتوگۆو پەیداکردنی بەهانە دەتوانرێت قەناعەت بەچینی باڵادەستبکرێت، هێزی بارودۆخەکان بەهۆی پێشکەوتنی پەیوەندییەکانمانەوە لەپێوانەی زیادبوونی ئاستی تێگەیشتن‌و وشیاربوونەوەی چەوساوەکاندا نووستووە، رۆژبەڕۆژ ناکۆکییە چینایەتییەکانمان توندتردەبنەوەو زیاتر دەبینرێت‌و هەستپێدەکرێت.

لەچینە چەوساوەو داگیرکراوەکاندا زانستێك پێشدەکەوێت بۆ رقوکینەکانیان‌و لەپێناوی گۆڕانکاریی لەبارودۆخەکاندا هەروەها بۆ پێشخستنی مرۆڤایەتی خواست لەسەر توندوتیژیی زیاددەکات، ئەم زانستە رۆژبەرۆژ لەناو کۆمەڵگاکاندا بەرفراواندەبێت‌و لەئەنجامدا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەوانەی کە خاوەن بەرژەوەندیشن زۆرینەیەکی گەورەی کۆمەڵگا دەکەنە پێوانەی چەمکی نەپاراستنی سیستەمی هەنووکەیی لەناو جەماوەردا، هەروەها لەسەر ئەم بنەمایە زیادبوونی زانستی (گۆڕانکاریی ناچارییەکە) لەناو خەڵکانی چینی چەوساوەدا هاوکات لەسەر جەهالەت‌و نەزانینی خەڵکانی چینی چەوساوە شارەزایی بەرخۆدانی چینی باڵادەست لاوازدەبێت، ئەم کاریگەرییە بەرامبەرییە زۆر ئاشکرایەو بەمهۆیەوە پێویستە هەموو شتێك کە ئەمە هاندەدات ئارەزووبکرێت، لەلایەکەوە پێشکەوتنی سەرمایەداریی لەلایەکی ترەوە سیستەمی کۆمەڵگای هەنووکەیی هاوسەنگی یەکتریی رادەگرن لەسەر ئەو ناکۆکییەی کە زۆرینەی خەڵك تیایدا دەگوزەرێن‌و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئاستی زانستی پێشدەکەوێت، ئەگەر لەناوبردنی ناکۆکیی کۆمەڵایەتی‌و چارەسەر بێتە حاڵ بەسەر فیداکارییەکی گەورەو هەوڵدانێکەوە ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی خێرا چارەسەر دەدۆزنەوەو ئەو بەربەستانەی کە لەزۆربەی قۆناغەکانی پێشکەوتندا دروستدەکرێت پەیوەستە بەبارودۆخی قۆناغی خۆیەوە، لەم روانگەیەوە دیاریکردنی ئەو بەربەستیانەی لەقۆناغە جیاجیاکاندا دروستکراون لەسەرشێوەی نموونە شتێکی زەحمەتەو ناتوانرێت ئەو بەربەستیانەی کە لەداهاتوودا پێویستن لەئێستاوە هەڵوەستەی لەسەربکرێت‌و دیاریبکرێت، هیچ وەزیرو حکومەتێك هەرچەندە زۆر بەهێزبن‌و توانای پێشبینیکردنیان بەهێزبێت، بەڵام دیسان ناتوانن

بەرلەهاتنی قۆناغێك ئەو بەربەستانە دیاریبکەن، کە دەبێت لەو قۆناغەدابکرێت، ناتوانرێت بۆ ئەو بەربەستیانە بوترێت کە کاریگەریی ئەو بارودۆخانەیان لەسەر دروستدەبێت کە پێشبینی داهاتوو دەکەنو پەیوەستن بەحسابی راستو دروستەوە، کێشەی ئامراز کێشەی تاکتیك لەتێکۆشاندا، بەڵام تاکتیك بەگوێرەی دوژمنو بەگوێرەی ئەو ئامرازە یارمەتیدەرانەی دیاریدەکرێت کە لەدەستی هەردوولایەنەکەدایە، ئەمڕۆ ئەو ئامرازەی کە تەواوە لەبەرئەوەی ئەو بارودۆخە گۆڕانی بەسەرداهاتووە کە دوێنێ بەشێوەیەکی رەوا بەکارهێنراوە ئەمڕۆ دەکرێت ببێتە ئامرازێکی وێرانکەر بەرەچاوکردنی ئامانجەکانمان بۆ گەیشتن پێیانو بەکارهێنانی ئامرازەکان پەیوەستن بەکاتو بارودۆخەوە، لێرەدا گونجانی بارودۆخو کات لەبەکارهێنانی ئامرازدا چەندێتی کاریگەریی ئامرازەکە دیاریدەکات، بەو واتایەی لەکاتێکدا وێنەی داهاتوو ئەکێشیت تەنها رەنگە بتوانیت بجولێیتەوە، لەو پێشبینیانەی کە پەسندکراون بۆ جێبەجێکردن دەتوانرێت وێنەیەك لەداهاتوو ببینرێت، لەم روانگەیەوە کاتێك سەیری ئەم بابەتە دەکەین، دەبینین کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی پێویستە بەشێوەیەك کە بنەمای خراپەکارییەکان بهەژێنێتو بەشێوەیەکی خێرا بارودۆخەکان بگۆڕێت لەگەڵ ئەو داهاتوو نزیکیەی کە پێشبینی دەکرێت، سەرچاوەی هەموو خراپەکارییە کۆمەڵایەتییەکان هەروەك لەپێشیشەوە ئاماژەمان پێکرد ئەوکاتەی کە چینی سەرمایەداریی بووە خاوەنی زەویو ئامێرو کانزاو ماددەی خاوو ئامرازی ئیشو ئامرازی گەیاندنو ئەوکاتەی پشتیان بەمانەبەست سیستەمی کۆمەڵایەتی گۆڕا، بەمهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵك ژێردەستکرانو دەستیان بەسەرداگیرا، ئەمە رێگە دەکاتەوە بۆ بێبەهاکردنی چینی دەستبەسەرکراوو زیادکردنی بێباوەڕی

بەخەرجییەکان، بەگوێرەی ئەم وەرچەرخانی موڵکییەتی سەرمایەداریی بۆ موڵکییەتێکی کۆمەڵایەتی گشتی (موڵکییەتی هاوبەش) خێراترین و کورتترین هەنگاودەبێت، بەرهەمی ماڵ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەردەچەرخێنرێت بۆ ئەو بەرهەمەی کە لەلایەن کۆمەڵگاوە بەدەستدەهێنرێت (بەرهەمی سۆسیالیستی)ئەو بەرەکەتەی کە زیادیکردووە لەئەنجامی خەباتی کۆمەڵایەتیو سەرچاوەیەکی چەوساندنەوەو رەزالەتی چینە داگیرکراوەکانە، کەوا ئێستا دەبێتە سەرچاوەی پەروەردەیەکی گونجاو بۆ هەرکەسێكو بۆ خۆشگوزەرانییەکی باڵا.

## ٢-بێ موڵککردنی ئەوانەی خەڵك بێ موڵکدەکەن:

وەرچەرخانی هەردوو ئامرازەکانی ئیشکردن بۆ موڵکییەتێکی هاوبەش بنەمایەکی تازە بۆ کۆمەڵگا دروستدەکات، ئەمە بۆ هەردوو رەگەزەکە بنەمای گۆڕانکاریی دروستدەکات لەبارودۆخی ئیشکردنو ژیانو لەژیانی کۆمەڵایەتیداو لەبواری پیشەسازییو زانستیو زەواجو پەروەردەو کشتوکاڵو گەیاندندا، بنەماکان دەگۆڕێنێو هەبوونی مرۆڤایەتی ناوەڕۆکێکی تازە بەدەستدەهێنێت، هێدی هێدی رێکخستنی دەوڵەتیش زەمینەی خۆی لەدەستدەدات، دەوڵەتبوونی نامێنێ لەمانایەکی تریشدا خۆی خۆی لەناودەبات، لەیەکەم بەشی ئەم کتێبەدا ئەو هۆکارانە خرانەڕوو کە دروستبوونی دەوڵەتیان کردۆتە ناچارییەك، دەوڵەت بەپێوانەی پێشکەوتنی موڵکییەتی تایبەتی بەرهەمی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانە بەتایبەتی کۆمەڵگای سەرەتایی کە گەشەی کردووە لەسەر کۆمۆنیزمی هەڵسەنگێنراو، لەگەڵ لەدایکبوونی موڵکییەتی تایبەتیدا بەرژەوەندیی (ئەنتاگۆنیست)کە لەناو کۆمەڵگادا دێنەئاراوە لەنێوان بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکاندا زۆر ناکۆکیی چنیایەتی دروستدەکات، کە هەڕەشە لەهەبوونی

سیستەمی تازەدەکەن‌و ڕێگادەکەنەوە بۆ تێکۆشانی چینایەتی وەك ناچارییەك، بەڵام بەمەبەستی پاراستنی ئەو خاوەن موڵکانەی لەژێر هەڕەشەدان‌و بۆ فشارخستنەسەر ئەو تێکەڵ‌وپێکەڵییەی لەسیستەمی تازەدا هەیە پێویستی بەڕێکخستنێك هەیە کە ئەم هەڵوێستانەو هەروەها موڵکییەت وەك شتێکی یاسایی پیرۆز رابگەیەنێت، ئەو هێزو ڕێکخستنەی کە بتوانێت موڵکییەت بهێڵێتەوە بیپارێزێت تەنها دەوڵەتە، لەڕێگای یاساکانەوە موڵکییەتی خاوەن موڵکەکان دەخاتە ژێر گەرەنتییەوەو لەبەرامبەر هەموو هێرشێك لێپرسینەوەو سزای دەرکردووە، کەواتە بەگوێرەی سیفاتو ناوەڕۆکی خۆی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت‌و چینێکی باڵادەستی خاوەن موڵك هەمیشە دەپارێزێت.

ڕێکخستنی دەوڵەت تەنها لەحاڵەتێکدا دەگۆڕێت کە بەرژەوەندییەکانیان دایسەپێنێت، بەمشێوەیە دەوڵەت لەسەر باڵادەستی حیزبایەتی ئەگەر ڕێکخستنێکی پێویستی سیستەمی کۆمەڵایەتی بێت، پێویستی هەبوونی خۆی‌و توانای هەبوونی خۆی لەدەستدەدات، دەوڵەت لەگەڵ لەناوبردنی پەیوەندییەکانی بەباڵادەستییەوە هێدی هێدی لەناودەچێت، بەچەشنی لەناوچوونی دین لەحاڵەتێکدا کە باوەڕی بەهێزە میتافیزییەکان نامێنێت لەگەڵ نەمانی باوەڕی بەو خوڵقێنراوانەی کە لەسەرەوەی سروشتن، پێویستە زاراوەکانی دەوڵەت خاوەنی ناوەڕۆکێك بێت، بەپێچەوانەوە ئیتر واز لەپێکهێنانی چەمکەکان دەهێنێت.

خوێنەرێك کە بڕوای تەواوی بەفیکری سەرمایەداریی هەبێت لەوانەیە لێرەدا نارەزایی دەربېڕێت بەمشێوەیە: هەموو شتێك کە جوان‌وباشە، بەڵام کۆمەڵگا گۆڕانکارییە هەژێنەرەکان بەبنەمایەکی یاسایی وەك مافی خۆیان پیشاندەدەن؟ لەکاتێکدا گۆڕانکاریی‌و وەرچەرخانی بەمشێوەیە دەبێتە جێگەی باس مافە

بنچینەییەکان هەمیشە لەسوودی چینە گشتییەکاندایە، سەرچاوەی مافەکان دەوڵەت نییە، بەڵکو کۆمەڵگایە، دەوڵەت ئەو نووسەرەیە کە دەسەڵاتو کۆمەڵگاو عەدالەت بەڕێوەدەبات و دابەشیاندەکات، هەتائێستا هەمیشە کۆمەڵگای باڵادەست خۆی لەگروپێکی بچووکدا بینیوەتەوە، بەڵام (IV Ludwing)کە خۆی وەکو دەوڵەت پیشاندەدات بەچەمکی (دەوڵەت منم) پێیوایە ئەم کەمینەیە زمانحاڵی خەڵکەو خۆشی لەسەر ئەم بنەمایە دەبزوێت، کاتێك ڕۆژنامەکانمان دەنووسن کە وەرزێگ دەستپێدەکات کۆمەڵگا بەرەو شارەکان دەڕۆن، یاخود وەرز تەواوبوو کۆمەڵگا بەرەو چیاکان دەڕۆن، مەبەستیان ئەوەیە کە جەماوەرنا، بەڵکو کۆمەڵگا وەك پێکهێنەری دەوڵەتە کە زیاتر مەبەستی لەسەرووی (١٠,٠٠٠) جەماوەرەوەیە، لەسەر ئەو بنەمایە بەشێوەیەکی گونجاو دەوڵەت بەناوی جەماوەرو هەرشتێك بکات بۆ سوودی گشتی لەیەکەم پیلانیدا هەڵدەسێت بەمسۆگەرکردنی سوودێکی زۆر بۆ چینە باڵادەستەکان، یاساکان بەگوێرەی سوودی ئەوان ڕێکدەخات، کۆنترین پرەنسیپی یاسای ڕۆما کۆنەکان ئەوەیە کە دەڵێت: باڵاترین یاسا سوودی گشتییە، بەڵام گشتگیریی ڕۆما لەکێ پێکهاتوون؟ ئایا بەملیۆنان کۆیلەی ئەوێن؟ یاخود ئەو جەماوەرەی لەژێر زوڵمدان؟ نەخێر! بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەم هاووڵاتیانی ڕۆمایی لەسەرووی هەمووشیانەوە دەوڵەمەندەکانی ڕۆما کە خۆیان دەژێنن لەسەر زوڵمکردن لەو خەڵکانەی کردویاننەتە کۆیلەی خۆیان، لەچاخەکانی ناوەڕاستدا کاتێك موڵکییەتی گشتی شازادەکان و ئەرستۆکراتییەکان تالانکران، ئەمە وەك پێویستییەکی یاسایی لەبەرژەوەندیی گشتیداکرا لەم نێوەندەدا چیی بەسەر کۆیلەی موڵکدا هاتووە

لەگەڵ موڵکییەتی گشتیدا هەمووی لەلاپەڕەکانی مێژوودا پیشاندەدرێن بەتایبەتی لەچاخی ناوەڕاستەوە هەتاکوئێستا مێژووی کشتوکاڵی هەزار ساڵی رابردوو مێژووی تالانکردنی موڵکییەتی کۆیلەی موڵکە گشتییەکانە لەهەموو وڵاتە مەدەنییەکانی ئەوروپادا کە لەلایەن کڵێسەو ئەرستۆکراتیەکانەوە کراوە، پاشان کاتێک شۆڕشی گەورەی فەرەنسا کە دەستیگرت بەسەر موڵکی کڵێسەو ئەرستۆکراتەکاندا ئەمەی بەناوی خزمەتکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی ئەنجامداو هەروەها ئەم بێموڵکبوونەی هەبوونی بەشێکی گەورەی خاوەن زەوییەکان کە پێکهاتبوون لەهەشت ملیۆن، پشتێکن بۆ فەرەنسای بۆرجوازییو قەرزارن لەسەر ئەم بێموڵککردنە، ئیسپانیا بەناوی سوودی گشتییەوە چەند جارێکی زۆر دەستیگرتووە بەسەر موڵکەکانی کڵێسەدا، ئیتالیاش بەهەمانشێوە دەستی گرتووە بەسەر موڵکەکانی کڵێسەدا، بەدرێژایی سەدان ساڵ ئەرستۆکراتییەتی ئینگلیز موڵکی گەلانی ئینگلیزو ئیرلەندایان دزیو هەروەها بەشێوەیەکی یاسایی لەساڵی(١٨٠٤)بۆ (١٨٣٢)لەبەرژەوەندیی گشتیدا هەر خۆی بۆخۆی (٣٥١١٧١٠)ئاکرا کە یەکسانە بە(٤٤٠)مەتر لەزەوی گشتی پێشکەشکرد، هەروەها لەشەڕی رزگاری کۆیلە گەورەکانەوە لەئەمریکای باکووردا بەمیلۆنان کۆیلە کە موڵکی گەورەکان بوون لەبەرامبەر ئازادکردنیاندا هیچ پارەیەکیان نەدەدا، ئەمە هەنگاوێك بوو بەناوی سوودی گشتی ئەنجامدرا، بەدرێژایی پێشکەوتنەکانی بۆرجوازییەت قۆناغێکە کە تیایدا گەورەکان لەهەوڵی بێموڵککردنی بچووکەکاندا بوونو دەستیان بەسەر موڵکەکاندا گرتووە، ئەگەر کەمێك گوێ

لـەبۆرجوازەکانمان بگـرین، ئـەوا بـەگوێرەی ئـەوان هـەموو ئەمانـە لـەپێناوی سوودگەیاندن بەکۆمەڵگادا ئەنجامدراوە.

ناپلیۆنییەکان هەستان بەڕزگارکردنی کۆمـەڵگاو کۆمـەڵگاش ئـەوانیان پیرۆزکرد، لەمەبەدواوە ئیتر کۆمەڵگا ئەو موڵکییەتەی کە خۆی دەیخولْقاند دەیگرتە دەستی خۆی ئەمـە لەکاتێکدا کـە خـۆی رزگـارکرد ئەمـە بـەنرخترین چـالاکییە لـەڕووی مێژووییەوە، چونکە ئەمە بۆ چەوساندنەوەی یەکێك نییە لەبەرژەوەندیی یەکێکی تردا بەپێچەوانەوە بۆ خزمەتکردنی هەموو کەسێك و بۆ دەستەبەرکردنی ژیـانێکی گونجاو بەمرۆڤایەتیەوە، بەنرخترین هەنگاو لەڕووی ئەخلاقییـەوە کـە هەتائێستا کۆمـەڵگا کـردبێتی ئەمەیـە، ئەمـە دوورە لەهـەموو ئـەو پێـشبینیانەی کـە کـراون سەبارەت بەچۆنێتی شێوازو کردنی قۆنـاغی بێمـوڵککردنی کۆمەڵایـەتی، ئەوکاتـە بارودۆخەکان چۆن بن نازانرێت.

(Rodbertus)لەنامــە کۆمەڵایەتییەکەیـدا کــە چـوارەمین نامــەی بـوو بـۆ (Kichman)دەڵێت: جـارێکی تـر گەڕانـەوەی موڵکـەکان ترسـێکی هیچوپووچـانە نییە، بەڵکو شتێکی زۆر مەنتقیە، لەهەمانکاتـدا ئەمـە هاوکارییەکـە بەشـێوەیەکی رەها بۆ کۆمەڵگا کە رووبەڕووی زەحمەتییەکی گەورەن لەزیادکردنی سوو لەسـەر سـەرمایەو زەوی، بەمهۆیــەوە لـەناوبردنی موڵکییــەتی زەوی‌و سـەرمایە تـەنها شێوازێکە کە بۆ ساتێکیش پێشکەوتنەکانی سەروەتی نەتـەوەیی راناوەستێنێت.

جووتیارەکانمـان دەبێـت چـیبڵێن: دەربـارەی ئـەم بۆچـوونەی یـەکێك لـەهاوڕێ کۆنەکانی لەپاش پێشگرتنێکی بەمشێوەیە ناتوانین لەسـەر بنـەمای شـیمانەکاری نزیك ببینەوەو شیمانە بۆ شتەکان دابنێین، هیچ کەسێك نازانێت کـە لـەداهاتوودا

شێوازێکی چۆن بەڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەدرێت و بەچ شێوەیەک تەواوی پێویستییەکان پڕدەکرێتەوە، لەکۆمەڵگادا هەموو شتێك وەك شتە سروشتییەکان وایە هەمیشە لەهەڵقوڵاندایە، یەکێك دێت یەکێکی تر دەڕوات، یەکێك دەمرێت یەکێك لەدایکدەبێت، زۆر پێشکەوتن روودەدەن کە پێشبینی ناکرێن و مرۆڤەکان ناتوانن ئاشکرای بکەن و شێوازی ژیانی مرۆڤ بەگوێرەی گرنگی و رادەی کاریگەربوونی ئەو ئاشکراکردن و پێشبینیانە سەروژێردەبێت و وەرچەرخانی تێدا روودەدات، لێرەدا ئەو روونکردنەوانەی کە دەکرێت لەخوارەوە دەکرێت کە پەیوەندیی بەو پێشکەوتنانەوەهەبێت کە لەپرەنسیپە گشتییەکاندا هەتاڕادەیەك گەیشتۆتە واتای خۆی و جێبەجێکراوە، هەتائێستا ئەگەر کۆمەڵگا لەرووی دەرەوەدا وەهاش ببینرێت مرۆڤ شتێکی وەهانییە کە لەلایەن کەسانی ترەوە سەرپەرشتی بکرێت، کۆمەڵگا رێکخستنێکە پێشدەکەوێت بەگوێرەی یاسا ناوەکییەکان و دیاریکراوەکان، لەداهاتوودا بەگوێرەی خواستی کەسەکان ئاراستەکردن و بەڕێوەبردن مەحاڵدەبێت، کۆمەڵگا لەدوای ئەمەوە دەبێتە دیموکراسییەتێك کە ئاوێتەی جەوهەری خۆی بێت و هەروەها یاساکان پێشکەوتنی خۆی کەشفدەکات بەشکۆمەندییەکی گەورەوە لەپێناوی بەردەوامیی پێشکەوتنەکاندا ئەمە جێبەجێدەکات.

# بەشی بیست و یەکەمین

# یاسا بنچینەییەکانی کۆمەڵگای سۆسیالیزم

**١-راکێشانی هەموو ئەو کەسانەی کە دەتوانن ئیشبکەن بۆ ئیش:**

کۆمەڵگا هەر کە دەبێتە خاوەنی هەموو ئامرازەکانی ئیشکردن، بەبێ جیاوازیکردنی رەگەزیی هەموو کەسێك کە توانای ئیشکردنی هەبێت ناچاردەکرێت بەئیشکردن وەك یاسایەکی بنچینەیی کۆمەڵگای سۆسیالیزم، کۆمەڵگا بەبێهەوڵو رەنج بوونی نییە، واتە هەرکەسێك کە خواستی تێرکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگای هەبێت خاوەنی ماف داواکردنی ئیشە لەهەموو بوارێکی پێویستدا بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی هەموو کۆمەڵگا بەئەندازەی شارەزایی‌و لێهاتوویی خۆی لەبواری فیکری‌و جەستەیدا پروپاگەندەی بێواتا دەکەن سەبارەت بەوەی کە دەوترێت سۆسیالیستەکان دەیانەوێت هەوڵو تێکۆشان‌و ئیشکردن نەمێنێت‌و چەواشەکردنێکی تادواپادە دروستکراوە، بێئیشەکان، تەمەڵەکان تەنها خۆیان لەجیهانی بۆرجوازیدا دەبیننەوە، سۆسیالیزم ئاوێتەیە لەگەڵ ئەو پەندەی کە لەئینجیل باسی لێوەدەکرێت‌و دەوترێت: ئەوەی کارنەکات ناخوات، بەڵام ئیشکردن دەبێت چالاکییەکبێت کە بەرهەمی سوودبەخشی هەبێت، لێرەدا کۆمەڵگای تازە بۆپڕکردنەوەی پێویستییەکانی هەموو کەسێك ناچاردەبێت ئیشیان پێبدات‌و داوادەکات کە چالاکییەکی سودبەخش پیشانبدەن لەرووی

پیشەیی، پیشەسازیی، کشتوکاڵیی‌و... هتد بەختەوەریی بەبێ ئیش، ئیش بەبێ بەختەوەری نابێت).

لەکاتێکدا هەموو کەس لەسەریەتی کە ئیش بکات سێ خاڵی گرنگ بەبنەما وەردەگرێت کە دەبێت لەلایەن کەسەکانەوە رەچاوبکرێت.

١- لەماوەی ئیشکردندا کەسێکی خاوەن پێوانەبێت‌و نەبێتە مایەی زەحمەت بۆ کەسێکی تر.

٢- هەتا لەدەستی دێت لەئیشەکەیدا بەختەوەربێت‌و ببێتەهۆی مایەی گۆڕانکاریی لەئیشەکەیدا.

٣- ئەوەندەی بتوانێت بەرهەمێکی باش پێشکەشبکات، چونکە پێوانەکان لەماوەی کارکردندا پەیوەستن بەو پێوانانەی لەکاتی خۆشی ئاهەنگەکاندا هەن، بەڵام دیسان ئەم سێ خاڵە پەیوەستن بەچاوەڕوانی ستانداری ژیانی کۆمەڵگاو ئەو ئامرازەی ئیش کە لەدەستدان، کۆمەڵگەی سۆسیالیزم ئامانجی بنیادنانی ژیانێکی پرۆلتیاریانە نییە بەڵکو دامەزراوە لەپێناو نەهێشتنی ژیانی پرۆلیتاریانە بۆ زۆرینەی مرۆڤایەتی‌و ئەیەوێت هەموو کەسێك سوود لەخۆشییەکانی ژیان ببینێت‌و لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم پرسیارە دەوروژێنێت، داخوازییەمانی کۆمەڵگە هەتا چ رادەیەك باڵادەبن؟

بۆ دیاریکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە پێویستە کە هەموو بوارەکانی چالاکیی کۆمەڵگا بگرێتەخۆی کارگێرییەکانمان بۆ ئەم مەبەستە بنەمایەکی گونجاو پێکدەهێنن هەرچەندە ئەمە زۆر گەورەشبێت بۆ دەستەبەرکردنی تێڕوانینێکی گشتی، بەڵام جیادەبنەوە بۆ چەند بوارێك ئەوکاتە هەروەك کۆمەڵگەی سەرەتایی لەئیستادا بەبێ رەچاوکردنی جیاوازییە رەگەزییەکان هەموو ئەندامانی کامڵ بەشداریی لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن‌و ئەو کەسایەتییە باوەڕ پێکراوانە دیاریدەکەن کە بەڕێوەبەرایەتییەکی ناوەندی چاودێریی هەموو بەڕێوەبەرایەتییە

خۆجێیەکان دەکات و دەکرێت بڵێین: ئەم دەسەلاتێکی هێزی باڵادەست نییە بەپێچەوانەوە دەستەیەکی کارگێریی بەڕێوەبەرە ئیتر بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی (مەرکەزی)راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبـژێرێت یاخود لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێیەکانەوە گرنگ نییە، لەداهاتوودا ئەم پرسیارانە ئەوەندەی ئەمڕۆ خاوەنی گرنگی نابن، چونکە ئەوەی ببێتە جێگەی باس قۆرخکردنی ئەو ئەرکانەنییە کە داهاتی باڵا دەستەبەردەکات و کاریگەریی و هێزی گەورەی هەیە، ئەمانە جۆرە ئەرکێکن کە بەگوێرەی دەنگدەران هەڵدەبـژێردرێن یاخود لێیدەسەنرێتەوە ئیتر ئەوەی کە هەڵدەبژێرێت پیاوبێت یان ژن بەگوێرەی خواستی دەنگدەران و پێویستییەکان هەڵدەبژێردرێن.

ئەمانە ئەو ئەرکانەن کە پشتدەبەستن بەباوەڕی و بەشێوەیەك پەخشدەکرێن و کەسەکان خاوەنی پیشەیەکی تایبەت نین وەك فەرمانبەران بەبەردەوامی خاوەنی ڕۆڵێکی دیاریکراو و سیستمێکی هەرەمی بەرزبوونەوە نییە، بەگوێرەی ئەو خاڵانەی کە روونکراونەتەوە بەڕێوەبەری ناحییەکان لەنێوان بەڕێوەبەرە خۆجێ و بەڕێوەبەرە ناوەندییەکاندا چ ڕۆڵکیان هەبێت گرنگ نییە، سەبارەت بەمانە پێویستییەکان لەبواری پراکتیکیدا بەئاشکرا دەردەکەون و بڕیاریان لەسەروەردەگیرێت ئەو بەرەوپێشەوەچوونانەی لەپێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا رووددەدات هەرچەندە رێکخستنە کۆنەکان پەراوێزدەخات ئەوندەش بەبێ شەڕو ناکۆکیی لەناویان دەبات، چونکە هەبوونی ئەوان بەرژەوەندییەکی کەسایەتی بۆ هیچ کەسێك دەستەبەرناکات کەواتە ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە دروستبووە لەسەر بنەمای دیموکراتییەکی بەرفراوان لەبنەڕەتەوە لەبەڕێوەبەرایەتی ئەمڕۆ جیاوازەو لەپێناوی بچوکترین گۆڕانکاریی لەحکومەت یاخود بەڕێوەبەرایەتیدا ڕۆژنامەکان نە تێکۆشانێك دەکەن لەپەرمانتۆشدا هیچ زمانێك ناکەوێتە کارو لەسەنتەرەکانیشماندا نە دۆسییەك پێکدێت، بەر لەئەرکی بنچینەیی پێویستە کە

ژمارەی ئەو هێزانە دیاریبکرێت کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لەگەڵ دیاریکردنی ئامرازەکان و کارگەکان و ئامێرەکانی گەیاندن و هەروەها زەوی و شتی تر، جگە لەمە پێویستە ئەوش دیاریبکرێت کە بۆ پێویستییەکان رێژەی چەند شت و کەرەستە و کەلوپەل پێویستن، هەروەها لەماوەی چەندا تەواودەکرێت، ئەمڕۆ دەوڵەت و دامودەزگاکانی رای گشتی بودجەی ساڵانەیان چۆن دیاریبکەن لەداهاتوودا بەهەمانشێوە بۆ هەموو پێویستییەکانی کۆمەڵگا دەکرێت لەم ناوەندەدا هەموو ئەو پێویستیانەی کە پێویستبوون بۆ گۆڕانکارییەکان بەبێ کەموکوڕی سەرنجڕادەکێشن، لێرەدا سەرەکیترین رۆڵ رۆڵی ئامارە، ئامار لەهەموو کۆمەڵگایەکدا گرنگترین زانستی یارمەتیدەرەو پێوانە بۆ هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بەدەستدەهێنێت، ئامار ئیتر لەمڕۆدا بەهەندێك ئامانجی هاوشێوە بەکاردەهێنرێت، بودجەی ئیمراتۆرو بەشێکی گەورەی دەوڵەت و شارەوانییەکان لەسەر ئەو لێکۆڵینەوە ئامارییانە بالادەستدەبێت کە هەموو ساڵێك لەتاك بەتاکی لقەکانی بەڕێوەبەرایەتیدا ئەنجامدەدرێن، ئەزموونە بەنرخەکانی مێژوو ئەم ئیشە ئاساندەکەن و خاوەنی کۆمپانیایەکی گەورەو بازرگانێك لەبارودۆخێکدان کە دەتوانن سیستەمی پێویست بۆ شێوازی کڕین و فرۆشتن و بەرهەم پێویستییە جۆرجۆرەکان بۆ ساڵی داهاتوو لەژێر بارودۆخی ئاسایدا دیاریبکەن ئەگەر گۆڕانکاریی زۆر گەورە روونەدات ئەوا زۆر بەسانایی و بەبێکێشانی هیچ زەحمەتێك دەتوانن ئەمە جێبەجێبکەن، بەرهەمی ئانارشیزمی کوێربۆوە بەواتای لەبازاڕە جۆربەجۆرەکانی دونیادا ئەو بەرهەمەی کە بەدەستدەهێنرا بەبێ زانیاریی لەسەر پێویستییەکان رێگەیکردۆتەوە بۆ زۆر قەیران، ئەم ئەزموونە وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد بەدرێژایی ساڵان پیشەکارە گەورکان لەلقەکانی پیشەسازیدا لەلایەکەوە خەریکی دیاریکردنی نرخ و لەلایەکی ترەوە بۆ رێکخستنی بەرهەمەکانیان لەسەر بنەمای ئەزموونەکان پەنا

دەبەنە بەر یەکگرتن بەگوێرەی ئەندازەی فرۆشتنی بەرهەمی ئیشکردنێك توانای بەرهەمهێنانی لەمانگەکانی داهاتوودا دیاریدەکرێت ئەوانەی هەڵسو کەوتی پێچەوانە بکەن هەلومەرجی سزایان بەسەردا دەسەپێنرێتو خاوەن کارەکان ئەم گرێبەستە لەپێناوی سودە گشتییەکاندا ناکات، بەڵکو بۆ بەرژەوەندییەکانی خودی خۆیەتیو ئامانجیان ئەوەیە کە هێزی رێککەوتن لەپێناوی دەستەبەرکردنی سود بۆ خۆی ئەو نرخانەی کە لەهیچ کاتێکدا بەدەستناهێنرێن لەمیانەی هەوڵو تێکۆشانو ململانێی تاك بەتاکی خاوەن کارەکانەوە بەدەستدەهێنرێنو هاوسەنگی لەبەرهەمەکاندا دروستدەکات، کەواتە بۆ بەرهەمێکی پێویستی لەسەر پشتی ئەو بەکاربەرە دەوڵەمەنددەبێت کە ناچارە پارەی ئەو نرخە بدات کە داوای دەکات، بەهەمانشێوەی بەکاربەرەکە کە کرێکارەکان زەرەرمەنددەبن، لەکاتێکدا رێکخستنی خاوەن کارەکان دەبێتە جێگەی باسی بەشێك لەکرێکارەکانو فەرمانبەرەکان بێاردەبن بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات هەڵدەستن بەکەمکردنەوەی مووچەی کرێکارەکانی تر جگە لەخاوەن کارەکان لەدووڕووەوە بۆ دەستکەوتیان دەبێت نرخێکی بەرز لەسەر بەرهەمەکانیان دادەنێننو مووچەی کەم دەدەنە کرێکارەکانیان رێکخستنەوە بەمشێوەیە لەلایەن یەکێتییەکانی خاوەن کاری بەرهەمهێنان بەتەواوی پێچەوانەی ئەو کۆمەڵگا سۆسیالیستییەیە کە دروستدەبێت، لێرەدا بەرژەوندیی خاوەن کارەکان دیارو لەبەرچاوەو لەداهاتوودا بەرژەوەندیی گشتی دیاریکراودەبێت، بەڵام لەکۆمەڵگای بۆرجوازییدا باشترین رێکخستنیان لەهۆکارەکانیان تێناگەنو حسابیان بۆ ناکەنو لەبازاڕی جیهاندا سەرەڕای ململانێو تێکەوتن بەتوندوتیژییەوە بەردەوامەو بەمشێوەیە زۆر بینای دروستکراو دەڕوخێنرێت.

هەروەك پیشەسازییە گەورەکان بازرگانیش خاوەنی ئامارێکی بەرفراوانەو هەرێمە گەورەکان بازرگانیی هەموو هەفتەیەك کۆی لیستەکانیان دەنێرن کە لەسەر بەترۆڵو نەوتو قاوەو شەکرو دەغڵودانە، بەڵام ئەم ئامارە لەبەر هەندێك بەرژەوەندیی تاکەکەسی خاوەن بەرهەمە گەورەکان کە راستییەکانیان نازانرێت ناتوانرێت بوترێت کە راستوتەواوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئامارانە باوەڕپێکراونو تێڕوانینێك پێشکەشدەکات بەو کەسانەی کە پەیوەستن بەم بوارەوە، سەبارەت بەشێوەگرتنی بازاڕە لەڕۆژانی داهاتوودا بەڵام لێرەدا پێویستە ئەو رێکەوتنانە رەچاوبکەین کە ئیشە دروستکراوەکان بێتواناد ەکاتو هەموو حسابەکان چەواشەدەکاتو لەکەنارێکدا پەراوێزیان دەخات، بەڵام لەجیهانی بۆرجوازیدا هەروەك چۆن رێکخستنەوەی بەرهەمەکان مەحاڵە لەبەرامبەر هەرزان بەرهەمهێنەری تایبەتدا کە لەململانێی بەرژەوەندییەکانیاندان بەمشێوەیە رێکخستنەوەی دابەشکردنی دەستکەوتەکان لەبەرامبەر بەرژەوەندییە دژەکانو ژمارەیەکی زۆر ئەو کەسانەی کە بازرگانیی دەکەن مەحاڵ نییە ئەو شتانەی کە تائێستا کراون ئەوەمان پیشاندەدات کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان نامێننو سەبارەت بەهەموو شتێك بەرژەوەندیی گشتی باڵادەستدەبێتو لەم روانگەیەوە پێویستە چیبکرێت؟ بەرزبوونەوەی حاسڵات لەهەموو دەوڵەتە مەدەنییەکاندا هەموو ساڵێك ئەو ئامارانەی کە بەدەستی دەوڵەت دەکرێتو مۆڵەت دەداتە ئەنجامی پەیوەست بەنرخەکانەوەو رێژەی پێویستییەکان دیاریدەکات ئەمەش بەڵگەیەکە، بەڵام لەکۆمەڵگایەکی سۆسیالیزکراودا پەیوەندییەکان هەمووی رێکخراونو هەموو لایەنەکانی ژیان بەیەکەوە پەیوەستکراونو هەموو شتێك بەگوێرەی سیستەمو پلان جێبەجێدەکرێت، بەمشێوەیە دیاریکردنی ئەندازەیەك بۆ پێویستییە هەمەجۆرەکان سانایە، سەرەتا پاش وەرگرتنی ئەزموون هەموو شتێك ئاسان دەبێت هەموو بەرهەمەکانی وەکو

فرن‌وقەســـاب‌و قۆنـــدەرەو جلوبـــەرگ وەك ئامارێـــك بەشـــێوەیەكی رێـــژەیی دیاریدەكرێت‌و هەروەها لەلایەكی ترەوە كاتێك بەتەواوی چوارچێوەی ئیشوكاری دەزگاكان بەرهەم دەزانرێت لێرەوە پێوانەیەكی ناوەند بۆ ماوەی ئیشكردنی رۆژانە لەرووی كۆمەلایەتییەوە دێتەئاراوە، جگەلەمە بۆ مادە دیاریكراوەكان ئەو زانیارییانەمان دەستدەكەوێت كە ئایا دەزگاكانی بەرهەم پێویستن یان ناپێویستن یاخود بۆ رێكخستنی ئەمانە سیستەمێك پێویست دەكات یان ناكات؟

هەموو كەسێك كە خواستی ئیشكردنی هەبێت لەلقێكی ئیشكردندا ئەو بۆخۆی بریار وەردەگرێت‌و گەورەیی جۆربەجۆری بواری ئیشكردن دەرفەتی پێشوازیی لەخواستە زۆر جیاوازەكان دەستەبەردەكات، لەكاتێكدا لەبوارێكدا زیادبوونی هێزی كار هەبێت‌و لەیەكێكی تریاندا كەمبوونی هێزی كار دەربكەوێت ئەوكاتە بەرێوەبەرایەتی بەرپرسیارە لەمسۆگەركردنی هاوسەنگی‌و دروستكردنی رێكخستن، رێكخستنی بەرهەم‌و دەستەبەركردنی دەرفەتی بەكارهێنان لەجێگای راست‌و بۆ هێزە مەهەجۆرەكان دەبێتە ئەركێكی سەرەكیی بەرێوەبەرایەتییە هەلبژێراوەكان، هەموو هێزەكان بەشێوەیەكی بەرامبەری بەئەندازەی مسۆگەركردنی گونجان لەگەل ئیشدا ئامێرەكانیش بەشێوەیەكی دروستتر بەكاردەهێنرێن، تاك بەتاكی هەموو بەشولقەكانی ئیش ئەو كەسانە هەلدەبژێرن كە رێكوپێكانە سوری بەرێوەبەرایەتی دەگرنەئەستۆ، ئەمانە وەستای دیسپلینی نین‌و سەرپەرشتیاری ئیشی ئەمرۆنین، بەلكو ئەو هاورێیانەمانن كە لەجیاتی بەرهەمهێنان رۆلی بەرێوەبەرایەتییان پێسپێردرا، ئەو رێكخستنەی بەرەوپێشەوە رۆیشتوون‌و ئەو رۆلانەی لەگەل پەروەردەی بالادا لەهەموو ئۆرگانەكاندا لەپاش سیستەمێكی دیاریكراوەوە بەبێئەوەی هیچ جیاوازییەكی رەگەزیی تیادا ببینرێت هەموو بەشداربووییەك توانای خۆكاندیدكردنی هەیەو ئەمەش شتێك نییە كە دەرفەتپێدانی زەحمەتبێت.

## ٢- گونجانی پەرژەوەندییەکان:

ئەو هەوڵوتێکۆشانەی کە رێکخراوە لەسەر یەکسانیی دیموکراتیو ئازادییەکی تەواو بەشێوەیەك کە هەمووان بۆ تاکەکانو تاکەکان بۆ هەمووانو تیایدا دانیشتنو گفتوگۆکردن بالادەستە، لەسیستەمی ئابووریی ئەمڕۆدا پێشبڕکێو خوڵقکارییەکی وەها دروستدەکات کە لە هیچ جێگایەکدا نەبینراوە، ئەم رۆحە خوڵقێنەرە کاریگەریی لەسەر بەپیتیو بەدەستهێنانی دەستکەوتی باش هەیە لەئیشکردندا، جگە لەمە لەکاتێکدا کە هەموو کەسێك بۆ یەکتریی ئیشدەکەنو هەموو کەرەستەکان بەشێوەیەکی باش هەڵسوکەوتیان پێوەدەکرێتو لەبەرژەوەندیی هەموو کەسێکدایە هاوکات خەرجکردنی هێزێکی کەم لەئیشدا بەمەبەستی قازانجکردنی کات بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی تازەتر بەشێوەیەك کە داخوازییە بالاکان تێربکات، ئەمەش لەبەرژەوەندیی گشتیدایە، ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشانە پاڵ بەهەموو کەسێکەوە دەنێت کە قۆناغی ئیشکردن باشتربکەنو ئیشەکە لەچاویاندا ئاسانتربێتو خێراییەکی زۆرتری پێبدەن، دیتنو داهێنانی تازە بەڕادەیەکی زۆر دەبێتە جێگای ماندانو لەفیکرو پێشنیارەکاندا تێدەپەڕن بەناو یەکتریدا، لێرەدا ئەمانە پێچەوانەی هەموو ئەو پروپاگەندانەن کە لەدژی سۆسیالیزم دەکرێت، لەجیهانی بۆرجوازیدا زۆر لەکەشفە تازەکانو خوڵقێنراوە تازەکان بەبێ بەکارهێنان لەگۆشەیەکدا پەراوێزدەخرێنو لەلوتکەی کۆمەڵگای بۆرجوازیدا ئەگەر لەجیاتی موڵکییەت ئەقڵو شارەزایی ببینرایە ئەوکاتە بەشێکی زۆری خاوەن کارەکان ناچاربوون کە جێگاکانیان بەجێبهێڵن بۆ ئەندازیارو وەستاو کیمیاگەرەکانو تەکنەلۆژی ناسەکانو پاشانیش ئەوانەی کە هەڵدەستن بەلێدانی پارەو باشترکردنیان لە(٩٩٪) لەم پیاوانە پێکدێن، هەرچەندە زۆر بیرۆکەی تازەش داهێنراون بەڵام بەبێئەوەی بخرێتە بواری کردارییەوە لەناوچوون، ئەوانەی کە گەورەی ئەم جیهانەن ئەو کەسانەن کە خاوەنی

دەرفەتی گەورەن نەک ئەو کەسانەی خاوەنی ئەقڵو زهنیەتی پێشکەوتوون، لەگەڵ ئەمەشدا نامەوێت بڵێم کە ئەقڵو سەرمایە هەردووکیان پێکەوە لەیەک کەسدا بوونیان نییە، هەموو ئەوانەی کە لەناو ژیانی پراکتیکیدا دەبینرێن، دەزانن کە کرێکارانی ئەمڕۆ چۆن بەچاوی گومانەوە سەیری هەموو داهێنانێکی تازەدەکەنو سەیری هەموو باشترکردنێکی بواری جێبەجێکردن دەکەن، چونکە وەک یاسایەکی لێهاتووە کە ئەمە تەنها لەسوودی جێبەجێکەراندایە نەک لەسوودی کرێکارەکاندا لەپێناوی داهێنانێکی تازەدا کە ببێتەمایەی شەرەف بۆ مرۆڤایەتی لەزمانی کرێکارانەوەو لەجیاتی ئەوەی ببێتەجێگەی بەختەوەریی بەنەفرەت دەبینرێت، پەیوەست بەقۆناغی بەرهەمهێنانەوە هەموو ئەو داهێنانەی کە لەلایەن کرێکارانەوە داهێنراوە ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوەو بەمهۆیەشەوە لەبەرئەوەی کرێکارەکان دەزانن کە لەجیاتی سوودوەرگرتن زەرەر دەبینن لەترسی ئەم زەرەرە داهێنانەکانیان دەشارنەوە، ئەمانە ئەنجامێکی سروشتی ناکۆکییەکانی بەرژەوەندین، لەکۆمەڵگای سۆسیالیستدا ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان لەناوبراونو هەموو کەسێك بۆئەوەی سوود بەخۆی بگەیەنێت پیشەو شارەزایی خۆی پێشدەخاتو بەمشێوەیە لەهەمانکاتدا سوود بەگشتیش دەگەیەنێت، ناکۆکیی هەنووکەیی لەرۆژگاری ئەمڕۆدا بریتییە لەو ناکۆکییەی کە خۆپەرستی تاکەکان (ئەگۆیزم) لەگەڵ سوودگەیاندن بەگشتی یەکتریی پەراوێزدەخەنو لەکۆمەڵگای تازەدا ئەم ناکۆکییانە لەناوبراون، تێرکردنی ئەگۆزمی تاکەکەسی سوودە گشتییەکان لەناو گەنجانو ئاوێتەبوونێکدان. بارودۆخێکی مەعنەویی بەمشێوەیە بەشێوەیەکی نائاسایی کارلێکی لەگەڵ ئەقڵدا هەیە، بەڕادەیەکی زۆر دەستکەوتەکانی ئیشکردن پێشدەکەوێتو دەبێتە کۆتاییهێنان بەبەکارهێنانی ملیۆنان منداڵ کە بەڕێگەی ئامرازەکانی ئیشکردنەوەو

ئامێرە شکاوەکانەوە خەریکی بەدەستهێنانی دەستکەوتن وەك بەشێکی هێزی کار.

لەئەڵمانیادا ژمارەیەکی بێ شوماری منداڵان لەئیشە گەورەو ناوەندەکاندا دەستبەکارن‌و ئەمەش بۆتەهۆی پەرتکردنی چۆنێتی ئیشکردن، هەروەك لەسەرەوەدا سەلمێنراوە، ئیشە بچووك‌و ناوەندەکان لەئیشە گەورەکاندا کۆکراونەتەوە کە تێرکراون بەهەموو هێزێکی تەکنیکی مۆدێرن‌و لەئێستادا هەموو مەسرەفی جێگاکان‌و مەسرەفی گەرمی‌و ڕووناکی‌و هەموو جۆرە کەرەستەیەك‌و کات‌و هێزێکی گەورە کە هەیە لەناودەبرێت‌و زەمینی ئیشکردن چەند جارێکیتر زیاددەکات لەنێوان ئیشە گەورەو بچووك‌و ناوەندەکانداو جیاوازیی داهاتێکی چۆن بەدیدەکرێت دەتوانێت ببینیت، ئەویش بەگوێرەی شیکردنەوەکانی پیشەسازیی ساڵی (١٨٩٠)لەهەرێمی (Massachusetts)لەوێ لەکۆی (١٠)پیشەسازیدا کە بەگەڕخراون سێ کارەکتەرو سیفاتی جیاکراونەتەوە، چینی خوارەوە ئەوانەی کە کەمتر لە (٤٠٠)هەزار دۆلار بەرهەمدێنن، چینی ناوەند کە لەنێوان (٤٠٠)بۆ (١٥٠)هەزار دۆلار بەرهەمدێنن، چینی سەرەوە کە زیاتر لە(١٥)هەزار دۆلار بەرهەمدێنن، ئەنجامەکەی بەمشێوەیەیە:

| | ژمارەی وەگەڕخستنەکان | ڕێژەی لە٪ وەگەڕخستنی | نرخی بەرهەمی گشتی چینەکان بەدۆلار | ڕێژەی لەسەدای نرخی کۆی بەرهەمەکان |
|---|---|---|---|---|
| چینی خوارەوە | ٢٠٤٢ | ٥٥,٢ | ٥١٦٦٠٦١٧ | ٩,٤ |
| چینی ناوەند | ٩٦٨ | ٢٦,٢ | ١٠٦٨٦٨٦٢٥ | ١٩,٥ |
| چینی سەرەوە | ٦٨٦ | ١٨,٦ | ٣٩٠٨١٧٣٠٠ | ٧١,١ |
| | ٣٦٩٦ | ١٠٠ | ٥٤٩٣٤٦٥٥٢ | ٧١,١ |

لەکاتێکدا کە بەراوردێك لەنێوان بەگەڕخستنەکانی ئیشی گەورەو ناوەند بکەین، وەگەڕخستنە بچووکەکان کە زیاتر لەدووقات ژمارەیانە، بەتەنها (٩,٤٪) بەرهەمی هەیە، وەك دەستکەوتی گشتیو وەگەڕخستنە گەورەکان کە ژمارەیان تەنها (٢٣٪) ڕێژەکەیەتی بەرهەمی وەگەڕخستنەکەی نزیکەی دووقاتونیو دەبێت، بەڵام وەگەڕخستنە گەورەکانیش دەتوانرێت ڕێکبخرێن لەگەڵ بەرهەمی باڵاترین تەکنیك کە دەتوانێت ژمارەی ئیشێکی گەورەتر پێکبهێنێت.

لەکۆی بەرهەمدا لەساڵی (١٨٨٦)دا (TH.hertzka) لەکتێبی (یاساکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا)حسابێکی سەرسوڕهێنەری کردبوو سەبارەت بەوەی لەسەر بنەمایەکی راسیۆنال دەتوانرێت چی قازانج بکرێت لەڕووی کاتەوە ئەوکاتانە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی (٢٢)ملیۆن کەسی ئوسترالیا لەڕێگەی بەرهەمهێنانێکی زۆرەوە ئەو هەستا بەشیکردنەوەی ئەوەی کە پێویستە چەند مەسرەف بکرێت لەڕووی کاتو هێزی کارەوە، (TH.hertzka)بەم مەبەستە هەستا بەکۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر رادەی ئیشکردن لەبەگەڕخستنە گەورەکانداو لەهەرێمە جۆربەجۆرەکاندا کە پاشان حسابی خۆی لەسەر ئەم بنەمایە کردو ئیدارەی سێ ملیۆن هێکتار (٢\١١) ١٠ملیۆن هێکتار ناوچەی کشتوکاڵی کە بۆپڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئەسپو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بوو، هەروەها دانیشتوان بەو ڕێژەیەی کە باسی لێوەکراوە، هەموویان دەکەونە چوارچێوەی ئەم حساباتەوە، جگە لەمە (TH.hertzka)دروستکردنی خانووشی خستە چوارچێوەی ئەم حسابانەو بەشێوەیەك کە بۆ هەر خێزانێك لەماوەی پەنجاساڵدا خانوویەکی (١٥٠)مەتری کە پێکهاتبێت لەپێنج ژوور دروستبکرێت، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بۆ پیشە کیمیاییەکانو پیشەسازیی جلوبەرگو پیشەسازیی ئامێرو ئاسنو خەڵوزو بەرهەمی شەکرو ئاردو کشتوکاڵو دارشتن ئیشکردنی (٦١٥٠٠٠)هێزی کار پێویستییەکە کە بەدرێژایی ساڵ ناچارن

ئیشبکەن، مەگەر ئەم (٦١٥٠٠٠)کەسە بەتێکڕای دوورخستنەوەی هەموو ژنانو ئەوانەی تەمەنیان لەخوار ١٦ ساڵییەوەیەو لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە لەسەرووی تەمەنی (٥٠)ساڵییەوەن لەبەرهەمهێنان ئەو دانیشتوانەی کە لەئوسترالیا دەتوانن ئیشبکەن تەنها (١٢،٣٪) پێکدەهێنێت لەو قۆناغەی کە حساباکەی تێداکراوە ئەگەر بەهەمانشێوە پێنج ملیۆن پیاو لەگەڵ (٦١٥٠٠٠)کەسدا ئیشیان پێبکرێت بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیان بۆ (٢٢)ملیۆن کەس ئەوا هەر یەکێکیان (٣٦،٦)ڕۆژ واتە هەریەکێکیان بەتەواوی (٦)هەفتە پێویستە ئیشبکات، بەلآم لەساڵێکدا ئەگەر لەجیاتی (٣٧)کەس (٣٠٠)هێزی کار وەربگیرێتو حسابی (١١)سەعات ئیشی ڕۆژانەی بۆبکرێت بەمشێوەیە لەڕێکخستنی تازەی ئیشکردندا بۆ پڕکردنەوەی گرنگترین پێداویستییەکان (٣،٨)یەك سەعاتو (٣٨)خولەکە لەهەر ڕۆژێکدا پێویستمان بەئیشکردن دەبێت.

(TH.hertzka)حسابی ئەو پێویستییانەشی کردووە کە ئەو کەسانەی بەکاریدێنن بارودخی ئابوورییان باشەو بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی (٢٢)ملیۆن کەس پێیوایە کە دەبێت (٢١٥٠٠٠)کرێکاری تریش ئیشبکەن.

بەگوێرەی (TH.hertzka)بەلەبەرچاوگرتنی هەندێك لەو پیشەسازییانەی کە بەشێوەیەکی کەموکوڕ ئامێزانە نوێنەرایەتی دەکرێن لەئوستراليادا، بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی هەموو دانیشتوان لەماوەی (٦٠)ڕۆژدا بەتەواوی جگە لەوانەی کە لەخوار تەمەنی (١٦)ساڵییەوەنو ئەوانەی کە لەسەرووی (٥٠)ساڵییەوەن یەك ملیۆن کەس دەتوانن ئیش بکەن کە پێویستی بەڕێژەی (٢٠٪)ی پیاوە، دیسان ئەگەر تەواوی دانیشتوانی پیاو کە توانای کارکردنیان هەبێت بخەینە چوارچێوەی ئەم حسابەوە ئەمانە لەڕۆژێکدا تەنها(٢،٥)سەعات ئیشکردنیان بەسە، ئەم حسابە نابێتەمایەی سەرسوڕمانی هەموو ئەو کەسانەی کە لەبارودۆخەکان تێگەیشتوون، بەئەندازەی کاتێکی ئەوها کەم کە هێشتا ئەو

پیاوانەی کە لەخوار (٥٠)ساڵییەوەن‌و نەخۆش‌و سەقەتبوون‌و توانای ئیشکردنیان هەیە هەروەها ئەو گەنجانەی کە لەخوار تەمەنی (١٦)ساڵییەوەن‌و هەروەها بەهەمانشێوە بەشێکی گەورەی ژن بۆ ئامادەکردنی خواردن‌و پەروەردەکردنی منداڵ و شتی تر کە ئەتوانن چالاکیی بکەن هەموویان بەتێکڕا دەتوانن ماوەی کارکردن کەمبکەنەوە یاخود بەرێژەیەکی زۆر پێویستییەکان پڕبکەنەوە، هەروەها لەکاتێکدا کە ماوەی کارکردن رێکبخرێت هەندێك دەرفەتی تر دروستدەبێت‌و زۆر پێشکەوتنی چاوەڕوان نەکراو دێنەئاراوە کە هیچ کەسێك ناتوانێ رەتیانبکاتەوە، لەلایەکی ترەوە زۆر پێویستی هەیە کە تەنها کۆمەڵێك دەتوانن لێی تێربن لەهەمانکاتدا داواکاریی هەموو کەسێکەو هەموو کاتێك لەپێشکەوتنە باڵاکانی مەدەنییەتدا بەهەمانشێوە ئەو پێویستییانە دروستدەبن کە پێویستە پڕبکرێنەوە، ئەمە بەردەوام ناچارە دووبارەببێتەوەو کۆمەڵگای تازە ژیانێکی پرۆلیتارییانەی ناوێت، بەڵکو ژیانێکی ئەوێت لەتەوەری جەماوەرێکی مەدەنیی پێشکەوتوودا کە سەرتاسەری خەڵك بگرێتەوە، بەڵام کۆمەڵگای تازە پێویستە تەنها بەتێرکردنی پێویستییە ماددییەکانەوە نەمێنێت، بۆ پەروەردەکردنی هەموو کەسێك لەهەموو بوارەکانی زانست‌و هونەردا پێویستە کاتی گونجاو دەستەبەربکات.

### ٣-ئۆرگانیزاسیۆنی ئیشکردن:

ئابووریی هاوبەشی سۆسیالیست، جگە لەئابووریی تاکەکەسی بۆجواز، لەزۆر خاڵی گرنگدا لەیەکتر جیادەبنەوە بۆ بەشێکی گەورەی بەرهەمی بۆرجوا ئەوشتەی کە دیارو ئاشکرایە ئەوەیە کە کڕیارەکان بۆئەوەی بتوانن بەهاندان شتومەکەکانیان بکڕن پێویستە پرەنیسپی (خراپ‌وهەرزان)لەناوببرێت، باشترین بەرهەم کە بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوەو بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام مەسرەف‌و بودەلەیی ئەو مۆدانەی کە بێزەوقیی هاندەدەن کۆتاییان پێدێت، بێگومان

باشترین‌و گونجاوترین پۆشاك دەپۆشرێت لەچاو رۆژگاری ئەمرۆماندا، لێرەدا ئەوەش دیاریبکەین ئەم مۆدانەی (١٠٠)ساڵی دوایی زۆر بێزەوقیی هێناوەتە پێشەوە بەتایبەتی لەجیهانی پیاواندا، بەڵام ئیتر بۆ هەرسێ مانگێك مۆدەیەكی تازە ناخرێتە بازارەوە، ئەمە لەلایەكەوە لەنزیكەوە پەیوەندیی هەیە بەپێویستییەكانی خۆنیشاندانی دەوڵەمەندەكان‌و لەخۆ رازیبوونیان‌و هەستی خۆدەرخستنیان لەلایەكی تریشەوە پەیوەندیی هەیە بەو تێكۆشانەی كە ژنان لەناوخۆیاندا لەسەری ناكۆكن بوودەڵەیی لەمۆدەكان دەبێتەهۆی دەستەبەركردنی داهاتی زۆركەس، ئەمانەش لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان خەڵك هاندەدەن بوودەڵەیی لەمۆدەی جلوبەرگدا هاوسەنگە لەگەڵ مۆدەی ئەو ئیستیلانەی كە لەماڵەكاندان، لێرەدا رەونەقترین سەردەم دەگوزەرێت ئەو ئیستیلەی كە لەناو گەلانی جۆربەجۆردان دروستبوون‌و بەسەدان ساڵە لەپێشكەوتندان ئیتر لەگەڵ ئیستیلی ئەوروپاییەكان بەس نابێت‌و تێدەپرێتە سەر ئیستیلی چینییەكان، هندییەكان‌و ژاپۆنییەكان.. هتد لەچەند ساڵێكدا بەكاردەهێنرێت‌و پاشان فرێدەدرێت، بێگومان ئەوانەی كە لەم بوارەدا سەرقاڵن ئیتر نازانن كە چیدەكەن سەرەتا نموونەو پاشانیش مۆدێلی لێدەردەهێنن، بەتەواوی ئیستیلێك هەڵدەبژێرن‌و بیر لەدەرهێنانی داهاتی خەرجییەكانیان دەكەنەوە، لێرەدا شتێكی تازە دروستدەبێت كە پێویستی بەسەرلەنوێ فیداكارییەكی گەورەو كات‌وپارەو هێزی جەستەیی‌و فیكریی هەیە، لەئەنجامی دەرخستنی ئەم مۆدێلانەو ئەم ئیستیلانە خەڵك بەدوایدا رادەكات‌و لەبەرامبەر ئەمەشدا هیچ كەسێك هەڵناسێت بەئیدیعاكردنی ئەوەی كە پێویستە ئەمەببینرێت، وەك نیشانەیەكی تەندروستی كۆمەڵ‌و نووستنی مەنتیق‌و واتا لەرووخساری دیاردەكەدا دیسان سۆسیالیزم جێگرییەكی گەورە دەبەخشێتە ژیانی كۆمەڵگاو دەبێتە رزگاركەری خەڵك لەو

ناخۆشـی‌و ترسـانەی کـە ئێـستا بـاڵی بەسبەر خەڵکدا کێـشاوەو لەهەمانکاتـدا سۆسیالیزم ئامادەبوون مسۆگەر دەکات.

لەمەبـەدواوە نەخۆشـی‌و ناڕەحەتییـە دەروونییـەکان نـاهێڵرێن، هـەموو کەسـێك بۆئەوەی کـە بتوانێـت ئیـشێك بگرێتەئەسـتۆ پێویـستە دڵخـۆش‌و بەختـەوەربێت، لەگـەڵ ئەمەشـدا پاراسـتنی هـەموو جێگاکـانی بەرهـەمهێنان لەهـەمووجۆرە مەترسـییەکی وەك دووکـەڵ‌و بۆنـە ژەهراوییـەکان کـە کاریگـەرییان لەسـەر تەندروسـتی مـرۆڤ هەیـە لـەناودەبرێن، کۆمـەڵگای تـازە لەسـەرەتادا بەرێگـەی ئامرازەکانی ئیشکردن‌و ئـەو ئـامرازە یارمەتدەرانـەی کـە لەکۆنـەوە وەریگرتـووە بەرهەمـدەردەکات، بـەڵام ئەمانـە بـەس نـین‌و پـەرتبوونێکی زۆرو کـەموکوڕیی جێگاکانی ئیش‌وکەم‌وکوڕیی لەئامرازەکانی ئـیش‌و هـەروەها ئـامێرە شکاوەکان، بەتێکڕایی بەس نین بۆ داخوازییەکان‌و ژمارەی کرێکارەکان، لێرەدا بەشێوەیەکی خێرا دروستکردن جێگاکانی ئیش بەشـێوەیەکی جـوان پێویـستییەکی بەپەلەیـە، تـەکنیك‌و هونـەر لەگـەڵ لێهـاتوویی مێـشك‌و توانـای دەسـت خێـرا لەهـەموو چالاکییەکاندا توانای جێگیرتنەوەیان هەیە، ئەمە گەورەترین دەرفەتە بۆ چالاکیی بەشـەکانی ئـیش‌و پەیوەسـتە بەڕێکخـستنە ناوەکییـەکان‌و هـەموو هەرێمـەکانی دارِشـتن‌و بەرهـەمهێنانی ئامرازەکـانی ئـیش‌و هـەروەها دەرفەتێکیـشە بـۆ دروستکردنی ئامێر، هەموو ئەو شتانەی کە سەرچاوەن بۆ خۆشـی‌و بەختـەوەریی مرۆڤـەکان‌و لـەم بـوارەدا چ خوڵقکارییـەك پێویـستبێت سـەبارەت بەڕێکخـستنی تەکنیك‌و ئامێرەکان بەشێوەیەك گونجاوبێت لەگەڵ ئامانجدا دەبێت بخرێتە بواری جێبەجێکردنـەوە، پێویـستی بیرکردنـەوە ناچـارییەکە لەخاڵـە دیارەکانـدا کـە گونجاوبێت لەگـەڵ ئامانجدا بـۆ خۆشکردنی ژیـان‌و ئیشکردنی هـەموو کەسێك‌و هەڵـسوکەوتکردن بەکاتـەوە بـۆ دەسـتەبەرکردنی گـەرمیی‌و رووناکیی‌و هێـزی ماتۆڕی ماڵەکان لەجێی کار جیادەکرێنەوە، هەروەها چالاکییە پیشەسازییەکان‌و

سەنتەرە پیشەسازییەکان لەنەخۆشییەکانیان رزگاریان دەبێت، ئەم نەخۆشییانە بەرەو کەمبوونەوە دەڕۆن، ئیتر باروودۆخی تەکنیك لەمڕۆدا دەبێتە خاوەنی دەرفەتێکی تەواو بۆ دامالینی لەمەترسییەکانو هەروەها لەو پیشە مەترسییانەی کە هەن وەك وەگەڕخستنی کیمیاگەریی‌و کورەکانی مەعدەن‌و کانزاکاریی، ئەمانە لەجیهانی بۆرجوازیدا بەکارناهێنرێن، چونکە رێگا لەبەردەم خەرجییەکی زۆردا دەکەنەوەو بەرپرسیارنین بەرامبەر بەپاراستنی کرێکارانەوە، بۆنموونە دەتوانرێت رێژەی نەخۆشی کەمبکرێتەوە لەناو ئەو کرێکارانەی لەکورەی کانزادا ئیشدەکەن ئەویش لەرێگەی گرتنەبەری رێبازێکی تری ئیشکردن‌و دانانی هەواگۆڕکێی تەواوو رووناکیی تەواوو کەمکردنەوەی کاتی کارو دروستکردنی گۆڕانکاریی بەردەوام لەهێزی کاردا، بۆنموونە لەهەموو ئیشەکانی دەرەوەدا کە لەهەوایەکی کراوەدان بەڕێوەدەبرێت‌و دەتوانرێت هەندێك پاراستن پێشکەشبکرێت وەك پێشگرتنێك لەبەرامبەر باران‌و گەرمای رۆژ.

لەکۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای سۆسیالیستدا کە خاوەنی هێزێکی کاری باشە زۆر بەشێوەیەکی ئاسان لەکاتە دیاریکراوەکاندا گۆڕانکاریی لەهێزی کاردا دەکات، کێشەی نەهێشتنی بۆنە ژەهراوییەکانی وەك دووکەڵ‌و مادە کیمیاییەکان دەتوانرێت لەرێگەی تەکنیکەوە چارەسەربکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی کە ناخوازرێت دەرفەتێکی پێویست بۆ ئەمە پەیدابکات هیچ شتێکی لەدەستنایەت‌و هیچ شتێکی پێناکرێت، لێرەدا جێگاکانی بەرهەمهێنانی لەداهاتوودا بەشێوەیەکی باشتر جیاوازدەبێت لەئێستامان‌و ئیتر ئەو جێگایانە لەسەرزەوی بێت یان لەسەردەریا بۆ ئابوورییە تایبەتییەکانی رێکخستنی بەرەوباشتربردن بەرادەی یەکەم کێشەی پارەی هەیە کە دەتوانرێت بوترێت، دەتوانرێت ئیشەکان بەمانە هەستن؟ ئەمانە خاوەنی داراین یان نا؟

ئەگەر داراییان نییە ئەوکاتە وێرانبوون کرێکارەکانیشیان لا مەبەست نییە لەو جێگایانەی کە دارایی نەبێت سەرمایەش ئیشی نییە، لەکۆمەڵگای سۆسیالیستدا رۆڵی کێشەی دارایی تەواوبووە، هەر بۆئەمەش جگە لەباشبوونی ئەندامەکانی هیچ شتێکیتر بەرچاوناکەوێتو هەموو شتێك کە لەسوودی ئەواندابێتو ئەوان بپارێزێت پێویستە جێبەجێکرێت، هاوکات ئەوشتانەی کە زەرەر دەگەیەنن هەموویان بەلاوەبنرێن هیچ کەسێك زەحمەتی نابینێت بۆ بەشداربوون لەیارییەکی مەترسیداردا لەهەموو کاتەکانی تر زیاتر ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی خۆبەخش دەبینرێن کە ئەمە نابێتەهۆی رووخانی مەدەنییەت، بەڵکو هەموو کاتێك کە مەدەنییەت هەنگاوی تازە ھاندەدات کەسانی خۆبەش زیاتردەبن.

## ٤-زیادکردنی بە پیتکردنی رەنج:

هێزەکان لەپێناوی بەرهەمی رێژەیەکی پێویست، لەپێویستییەکانی ژیانو بەکارهێنانێکی وەستایانەی هێزی کارو دابەشکردنی ئیش بەئەندازەیەکی بەرفراوانو بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئیشو بەکارهێنانی باشترین ئامێر، هەتا ئەوئاستەی کە ماوەی کارکردن کەمبکاتەوە بالایە، زیادکردنی بەرهەم سوودمەندە بۆ هەموو لایەك تاکەکەس لەمیانەی رەنجوتێکۆشانی خۆیەوە شتێك بەرهەمدێنێت کە دەبێتەمایەی وەدەستخستنی سوود لەمیانەی رەنجەوە کە ئەم سوودە کاریگەریی هەیە بۆ سەر ئیشی گشتی لەخزمەتی کۆمەڵگادا، لەنێوان ئەو هێزانەی کە کراونەتە کارەوە جێگە دیارەکان دەتوانن ببنە خاوەنی کارەبا، کۆمەڵگای بۆرجوازیی بۆ بەکارهێنانی ئەم هێزە لەهەموو جێگاکاندا لەئێستاوە تێدەکۆشێت، ئەمەش چەندە بەشێوەیەکی بەرفراوان جێبەجێبکرێت باشییەکەی ئەوەندە زۆرترە لەرووی پێشکەوتنە گشتییەکانەوە لەنێوان هەموو هێزە سروشتییەکاندا کاریگەریی بەشۆرشگێڕیبوون ئەم هێزە بێشومارە فاکتەرە بۆ شکاندنی زنجیرەکانی جیهانی بۆرجوازییو کردنەوەی دەروازەکان بەرووی

سۆسیالیزمدا، بەڵام سوودوەرگرتنێکی تەواوو بەکارهێنانێکی بەرفراوان لەم هێزەوە تەنها لەرێگەی سۆسیالیزمەوەدەبێت، کارەبا چ وەك سەرچاوەیەکی هێز یاخود وەك سەرچاوەیەکی رووناکیی و گەرمیی بەرێژەیەکی زۆر یارمەتیدەرە بۆ رێکخستنی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوشتەی کە کارەبا لەهێزەکانی تر جیادەکاتەوە هەبوونێتی لەسروشتدا بەشێوەیەکی زۆر شەپۆلی دەریایی و رەشەباو رووناکیی رۆژ خاوەنی هێزێکی زۆر زیاترن لەژمارەیەکی زۆری ماین و هێستر، لەسەررووی زەمین بەئەندازەی جێبەجێکردنی رێکخستنی تەکنیك، ئەو بەشانەی کە گەرمن بەگەرمی رۆژ بەتایبەتی لەو جێگایانەدا کە سەروەتێکی هێزی گەورە پێشکەشدەکات کە زۆر زیاترە لەپێویستییەکان و زۆرجاریش ناڕەحەتی دروستدەکات بەکارناهێنرێن.

خستنەژێر گەرەنتی بەشێك لەم جێگایانە بۆ نەتەوەیەك هەر لەئێستاوە نابێتە تەگبیرێکی موبالەغەکراو کە زۆر ناوچەی گەورە ناگرێتەوە، لەئەفریقای باکووردا چەند میلکارییەك بەسن بۆ پێویستییەکانی وڵاتێکی وەك ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان، لەگەڵ گونجانی گەرمیی رۆژ گەرمییەکی زۆر بەرهەمدێنێت و پاشان هەموو ئەو شتانەی کە دەمێننەوە بەرهەمدەهێنرێن بەرێگای ئامرازی ئەلکترۆنی یان گەرمیی و رووناکیی و وزەی خۆرو بەکارهێنانی میکانیکی گەڕۆك، ئەو پیاوەی کە ئەم رێنمایەی پێشکەشکرد یەکێکی خەیاڵ پەرست نەبووە بەپێچەوانەوە سەرۆکی دەزگای دەستەی تەکنیکی فیزیایی ئیمپراتۆربووەو پرۆفیسۆرێکی زانکۆی بەرلین بووەو پیاوێکە کە لەبواری زانستدا لەپێشەوەیە، هەروەها لەکۆنگرەی (٧٩)ی (British Association)لەکەنەدا پرۆفیسۆری ناسراو لەبواری فیزیادا (sir s.Thomson)ی ئینگلیز لەپێشەوەی کردنەوەی کۆنگرەکەدا لەوتارەکەیدا دەڵێت ئەورۆژە زۆر دوورنییە کە رووناکیی رۆژ

شۆرشێك لەژیانماندا دروستدەكاتو مرۆڤ لەپەیوەستبوون بەهێزی ئاوو خەڵووز رزگاریدەبێتو هەموو شارە گەورەكان دەستدەكەن بەبەكارهێنانی، هێزی كۆكرانەوەی رۆژە كە هەموو ئیشەكانی جیهان دەكات بەگوێرەی لێكۆڵینەوەكەی لانگ لای هێزی رۆژ بەقەد هێزی حەوت هەزار هێستری بەتوانا هێزی هەیە، لێرەوە دەگەینە ئەو راستییەی كە رۆژ خاوەنی گرنگییەكی هەستپێكراوە بەتایبەتی كاتێك بەر لەشمان دەكەوێت، هەر لەگەڵ دەركەوتنیدا گەرمییەكی زۆر دەبەخشێتە زەوی، ئەگەربێتو هەتائێستاش سەرچاوەی ئەم هێزە گەورەو رێگای سوودمەندبوون لێی لەلایەن ئەندازیارەكانەوە نەناسرابێت، بەڵام دیسان هیچ گومانێك نییە كە لەم بوارەدا سەردەكەون، لەكاتێكدا كە خەڵووزەكان لەجیهاندا تەواوبنو پێویستییەكان پرنەكەنەوە ئەوكاتە بۆ تەواوكردنی هەموو كاروبارەكانی جیهان هەموو هێزێكی پێویست لەم سەرچاوەوە بەدەستدەهێنرێت ئەوكاتە ناوەندەكانی پیشەسازیی دەبنە چۆڵەوانییەكانی ناو بیابانو نرخی زەوی پێوانەدەكرێت بەرادەی گونجان لەنێوان جێگەی نیشتەجێبوونو هێزی گەرما، بەگوێرەی ئەو ترسەمان نامێنێت كە بڵێین رۆژێك لەرۆژان لەماددە گەرمكەرەوەكان دادەبرێین، بەدۆزینەوەی ئاكیو میولاتۆر گرێدانی رێژەیەكی گەورەی هێزو شاردنەوەی بۆ كاتو جێگەیەكی تر دەبێتەهۆی دەستەبەركردنی بەكارهێنانی هێزی دەریاییو رەشەباو گەردەلوول كە هێزێكی گەورە دەبەخشن لەمیانەی جوڵانەوەی رۆژەوە، سەرەنجام لەكاتی پێویستدا كاتێك هێزی نەبێت هیچ چالاكییەكی مرۆڤەكانیش بوونی نییە مەگەر بەیارمەتی كارەبا دەتوانرێت دارشتنی سەنتراڵەكانی هیدرۆلیك بەرادەیەكی زۆر بكرێت

بەگوێرەی (T.koehn) لەهەشت دەوڵـەتی ئەوروپادا بـەکارهێنانی سـەنتراڵەکانی هیدرۆلیك بەمشێوەیەیە:

| وڵاتەکان | هێزی هێستر | هەر سەری ١٠٠٠ کەس |
|---|---|---|
| بەریتانیای گەورە | ٩٦٣٠٠٠ | ٢٣,١ |
| ئەڵمانیا | ١٤٢٥٩٠٠ | ٢٤,٥ |
| سویسرا | ١٥٠٠٠٠٠ | ١٢٨ |
| ئیتالیا | ٥٥٠٠٠٠٠ | ١٥٠ |
| فەرەنسا | ٥٨٥٧٠٠٠ | ١٦٩ |
| ئوسترالیا | ٦٤٦٠٠٠٠ | ٤٥٤,٥ |
| سوید | ٧٨٥٠٠٠٠ | ١٢٩٠ |
| نەرویج | ٧٥٠٠٠٠٠ | ٣٤٠٩ |

باڤیەراو بادەنی هەرێمەکانی ئەڵمانیا خاوەنی گـەورەترین سـەنتراڵی هیـدرۆلیکن، تـەنها لـەبادەن دەتوانرێـت هێـزی (٢٠٠,٠٠٠)هێـستر بەدەسـتبهێنرێت، باڤیـەرا (١٠٠,٠٠٠)ی بەکارهێنراوو خاوەنی هێزی (٣٠٠,٠٠٠)هێستری بەکارنەهێنراوە.

(Rehbock)ی پرۆفیسۆر لە(Karlsruhe)هێزە خامەکانی تیۆری ئەو ئاوانەی کـە لەسەر هەموو رووی زەمین هەڵدەقوڵێن مەزەندەدەکات بەهێزی (٨)ملیار هێستر، لەمانـە لـەکۆی (١٦)یـان یـەکێکیان بەشـێوەیەکی گونجـاو بـەکاربهێنرێت دیسان بەشـێوەیەکی بـەردەوام هێـزی (٥٠٠)ملیـۆن بەدەسـتدەهێنێت، ئەمـە لەسـاڵی (١٩٠٧)دا بەتەنها رێژەی هێزێکی زۆر گەورەتر بـەدەقات لەسـەرووی ئـەو هێـزەی کە پێشبینیکراوە بە (١٠٠٠)ملیـۆن تـەن خـەڵوزی دەرهێنـراو، ئێستا ئەگـەر ئـەم حساباتە بەشـێوەیەکی تیـۆریش بێـت بـەڵام پیـشاندەدات کـە خـەڵوزی سـپی لەداهاتوودا داهاتێکی چەندە گونجاوی دەبێت، لەهەرێمی ئەو گۆمانەی کە بریتین لە (٢٣١١٨٠)کم (٤٣٪)ی رووبەری هەموو ئەڵمانیا دەگرێتەوە کە (٥٤,٠٠٠)کم-ە. لـەهێزی قـازانجکردنی ئـاوی گـشتی لەئـەڵمانیاو ئینگلتـەراو نیکـاراگوا زۆر زیـاتر لەهـەموویان قـازانج دەکـات، بـەگوێرەی حـساباتێکی تـر لـەراپۆرتێکی فـەرمیـدا

لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەهاوتای (٣٠٠)ملیۆن تەن خەڵوزو لەساڵێکدا هێزی ئاومان هەیە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت و هیچ کەمتر نییە لەهێزی (٢٠)ملیۆن هێستر، بەهۆی هێزی خوڕەی لێشاوی ئاو بۆرییەکانی ئەو کارگانەی بەخەڵوزی سەوزو سپی ئیشدەکەن ئاگریان نامێنێت.

کارەبا دەبێتەهۆی مەحاڵبوونی دووقات خێرابوونی ڕێگا ئاسنینەکان، لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانداو لەسەدساڵی رابردوودا meensی خەڵکی (Baltimore)دەڵێت: دەتوانرێت ئۆتۆمبێلێکی کارەبایی دروستبکرێت کە لەسەعاتێکدا (٣٠٠)کم ببڕێت، پرۆفیسۆر (Elihu Thomson)لە Lynn(massachus ptts) بڕوای وایە کە لەکاتی بەهێزکردنی ڕێگا ئاسنینەکاندا بەشێوەیەکی گونجاوو سینالێزاسیۆنی بۆ ڕێکبخرێت دەتوانرێت ئەلکترۆماتۆڕ دروستبکرێت کە لەسەعاتێکدا (٢٦٠)کم ببڕێت، ئێمەش بەسەیرکردنی بڕوای ئەوان و چاوەڕوانییەکانیان کە ئەمە زۆر بەئاسانی جێبەجێدەکرێت لەئەمڕۆدا. لەساڵی (١٩٠١)و (١٩٠٢)داو لەو سەفەرانەی کە تاقیکرانەوە لەڕێگا ئاسنینەکانی سەربازیدا لەبەرلین لەسەعاتێکدا خێرایی (١٥٠)کم -ی مسۆگەرکرد، هەروەها لەئەزموونی ساڵی (١٩٠٣)شدا ئۆتۆمبیلی (simens) لەسەعاتێکدا (٢٠١)کم ی بڕیوەو هەروەها (Allgemin Elektrizitatsg esllschaft) لەسەعاتێکدا بە(٢٠٨)کم خێرایی گەیشت، پاشان لەئەزموونێکی شەمەندەفەرەکاندا لەسەعاتێك خێرایی (١٥٠)کم دەستکەوتووە لەگەڵ پرۆژەی خێراییەکی تازەی شەمەندەفەر کە شەمەندەفەرەکانی تر بەیەکەوە گرێدەدات بۆ (٢٠٠)کم و دەجوڵێتەوە لەسەر یەك سکە لەشارە گەورەکانداو جیادەبێتەوە لەڕێگا ئاسنینەکان، ( August scherl) سەرهەڵدەدات، کێشەی ئەلکتری فیکاسیۆنی ڕێگا ئاسنینەکان لەئینگلتەراو ئوستراليا و ئیتالیاو ئەمریکادا جێگەی راستەو شەمەندەفەرێك لەنێوان نیویۆرك و فیلادێلپیادا خێراییەك کارەبایی بەئەندازەی (٢٠٠)کم

لەسـەعاتێکدا دروسـتدەکات کراوەتـەپرۆژە، لەهەمانکاتـدا خێرایـی کەشـەتیش زیاددەکات لەو هەرێمانەی کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بـەکاردەهێنرێن، لـەجیاتی ئامێری چـارۆکەداری رێکخـراو نزیکبوونەوەیـەکی تـەزوودەر دەبینرێـتو زۆربـەی ئەنـدازیارەکان لەکاتێکـدا کـە پـاپۆڕی چـارۆکەدار بۆداهـاتوو هەڵدەسـەنگێنن سەرنجرادەکێشنە سـەر جیهـانی تـەنکیکو دەیهێننـە ئاسـتی کێشەیەك، لـەمڕۆدا بـواری بـەکارهێنانی بـەرفراوان بـۆ مـاتۆرە تازەکـان لەگـەڵ ئـەو ئامێرانـەی کـە بەخێرایی ئیشدەکەن تەکنیکی کارەبـایی خولقانـدووەو ئـەمڕۆ زۆربـەی کەشـتییە چارۆکەدارەکان کە چالاکنو خزمەتی ئامێری داینەمۆ دەکەن کەشـتی چـارۆکەدار لەبەرامبەر ئامێرە کۆنەکان والابوونی خۆی پیشانداوە بەتایبـەتی لەسـەفەرەکانی ئۆقیانووسـدا کەشـتی چـارۆکەداری ئۆقیانووسـی ئینگلیـزی کـە پڕچـەککراوە بـەتوربین لـە٨ مـانگی سـاڵی (١٩٠٩)دا لەئیرلەنـداوە بـۆ نیۆیـۆرك لەسـەعاتێکدا (٢٥,٨٢)میلی دەریای بڕیوەو کە نزیکەی (٤٨کم)کە بەشێوەیەکی گشتی خێرایی (٤)رۆژی بە(١١,٤٢)سەعات تەواوکردووە.

ئەوکاتانەی ئەمریکا خێراترین کەشتی لەساڵی (١٨٦٣)دا دروستکرد (١٢,٥)میلـی دەریا دەبڕی کە دەکاتە(٢٣,١٦)کـم، هـەروەها بـۆ کەشـتییە گـەورەکان پـەروانـە کارەباییەکانیان بەچارەسەرێك دەبینرا کە رۆژی دۆزینەوەی ئـەو چارەسـەرە زۆر دوورنەبوو کە بۆ کەشتییە بچووکەکانی ئێستا بـەکاردەهێنرێن بـۆ بەرهـەمهێنانی وزەی کارەبـا، لەکەشـتیدا (تـۆربین)بەبێهەژانـدنو بەباوەڕیـەکی گـەورەوەو بەخزمـەتکردنێکی ئاسـانەوە هێزێکـی خـەیاڵی دروسـتدەکاتو لەهـەموو ئەلکتریفکاسـیۆنێکی کـە هـەموو کەشـتییەك دروسـتیدەکات لەگـەڵ هـەموو ئەلکتریفکاسـیۆنێك کـە هـەموو رێگـا ئاسـنینەکان دروسـتدەکات بەیەکـەوە بەڕێوەدەچـنو تـەکنیکی گواسـتنەوەی بـاریش لەگـەڵ کارەبـادا کارێکدەکـەنو شۆڕش دروستدەکەن (هێزی چارۆکەی کەشتی لەگەڵ هێزی سروشـتدا دەرفـەتێك

بەشێوەیەکی گشتی دەخولقێنن و هێزێکی کارەبایی رەوانە دەکەنو بەئەندازەی دەستەبەرکردنی ئامادەبوونی ئامێرەکانو بەبەردەوامی بەکارهێنانیانو بەئازادی جوڵاندنیان رێگای کردۆتەوە بۆ دروستبوونی شۆڕشێك)، رێکخستنی کارەبا کە لەگۆڕانکارییەکی پێشکەوتوودا دروستکردنی ئامرازی گواستنەوەی بار بەشێوەیەکی ئاسان مسۆگەردەکات ئەم ئامرازانە هێزی هەڵگرتنێکی زۆری بارە قورسەکانیان پێشخستووە، بەڵام بۆتێپەڕبوونی بارەکان بۆ ئامرازەکان پێویستی بەیارمەتی مرۆڤ هەبووە.

ئەو بێچارەییەی کە هەبووە بەهۆی تەمەڵیو سستییەوە تەنها بۆ بارە قورسەکان گونجاو بینراوە بۆ جوڵانەوەی ئەو ئامرازە بارهەڵگرانەی کە مۆدێرننو لەئاسن دروستکراونو بەکارەبا ئیشدەکەن تەنانەت لەڕووخساریشدا شێوەی تابلۆیەکی زۆر جیاواز پێشکەشدەکات، ئامرازەکە بەشێوەیەکی ئاسكو باریك دروستکراون بەمشێوەیە بلۆکی ئاسنین ئاراستەدەکرێن بەلای سەرچاوە کارەباییەکاندا بەبێ یارمەتی لەهەوادا دەمێنێتەوەو تەنها پیاوێك پێویست دەکات کە ئۆرگانە ئاسنە ناسکەکانی ئامرازەکان بەشێوەیەکی خێرا بخاتەکار، لێرەدا ماتۆڕە کارەباییەکان جگە لەدەرخستنی دەنگێکی کەم هیچ نەرە دەنگێکیان لێوەنایەت، هەتاکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەش ئەو پێشکەوتنانەی کە دروستبوون لەڕووی گەورەبوونی هێزی هەڵگرتنو گواستنەوەوە هەروەها بەراوردکردنی ئەم گەورەبوونە لەنێوان بارهەڵگرو ئامێرە پۆڵاییەکاندا ئەم ئەنجامە بەدەستەوە دەدات: یەکەمیان هێزی هەڵگرتنەکەی (٦٠)تەنەو دووەمیش (٢٠٠)تەنە ئیشکردنی کارگەیەکی پۆڵا پەیوەستە بەخێرایی کارکردنو بەم خێراییەوە مسۆگەردەکرێت، چونکە بەپێچەوانەوە لەماوەیەکی کورتدا ئەو رێژە زۆرەی بەرهەمهێنراوە دەکرێتە قاڵبەکانیانەوەو هەڵناگیرێن.

تەنها لەکارگەی کروپ کە هێزی گواستنەوەی (٦٥١٣)تەنە هاوسەنگە لەگەڵ هەلگرتنی (٦٥٠) فاگۆنە لەباری شەمەندەفەر بۆ گەیاندنی بەجیهانی ئەمرۆ، ئەو خەرجییە کەمانەی کە بۆ گواستنەوەی بار لەدەریادا دەکرێن، بارودۆخەکانی ژیان دروستدەکەن، ئەگەر ئەمە بەشێوەیەکی بەرفراوان وەك ئەو سەرمایە بەکارنەهێنرێت کە بۆ کەشتییەکان خەملێنراون هیچ گونجاو نابێت مەسرەف وەگەڕخستنی ساڵانەی کارەبای کەشتییەك لەنێوان (٢٣٠٠٠)مارك بۆ (١٣٠٠٠)ماركدابێت، لێرەدا ئەم بەراوردكردنانە تەنها پێشكەوتنەكانی نزیكەی ساڵێك دەگرێتەخۆی، هەموو رۆژێك كە تێدەپەڕێت تەكنیكەكانی گەیاندن لەهەموو هەرێمەكاندا زۆر سەركەوتن بەدەستدەهێننو ئەو كێشەیەی فڕین كە بەردەوام خۆی دەنواندو لەماوەی (١٠)ساڵی رابردوودا چارەسەرنەكرابوو، ئیتر ئەمرۆ چارەسەردەكرێت، هەروەها ئەگەر كێشەی فڕین ئاسانو هەرزان نەبووبێتو خزمەتی وەرزشو میلیتاریزم بكات ئەوا لەداهاتوودا زیادەبوونێك لەهێزی بەرهەمهێنانی كۆمەڵگادا دەهێنێتەئاراوەو سیستەمی تەلەفۆنو تەلەگراف بێتەل پێشكەوتنێكی زۆر گەورە تۆماردەكات، بەكارهێنانی ئەمە رۆژبەڕۆژ لەپیشەسازیدا زیاددەكات، بەمشێوەیە لەناو چەند ساڵێكدا هەموو گەیاندنەكان لەسەر بنەمایەكی تازە دادەمەزرێت، جگە لەدەرهێنانی هەموو كانزاكان، لەئەمرۆدا بەكارهێنانی هەموو كانزایەك لەناو شۆڕشێكدایە ئەم شۆڕشە گوزارشتێكە بۆ بەكارهێنانی كارەبا لەگەیاندنداو هەروەها بۆ هەواگۆڕكێی كانزاكانو بەكارهێنانی پەمپی ئاو لەكانزاداو بەكارهێنانی ماتۆڕی كارەبایی لەگەڵ ئامێرەكانی ئیشوپەمپەكان گەیشتنە شۆڕش، پرۆفیسۆر بەریلۆت كە وەزیری كەلتوری فەرەنسابوو لەساڵی (١٩٠٧)دا مرد لەبانگهێشتنامەیەكی سەندیكا فابریكاتۆرەكانی مادە كیمیاییەكان لەبەهاری (١٨٩٤)دا روونكردنەوەیەكیدا دەربارەی گرنگی كیمیا، لەداهاتوودا ئەم پیاوە لەقسەكانیدا باسی چۆنێتی

بارودۆخی کیمیا دەکات لەساڵی (٢٠٠٠)دا لەگەڵ ئەوەی لەقسەکانیدا زۆر راستیش دەگرێتەخۆی بۆ ئەمەش هەندێك بەش لەخوارەوە وەردەگرین کە ئەو باسی پێشکەوتنی کیمیا دەکات لەنێوان (١٠)ساڵدا لەنێوان قسەکانیدا باس لەزۆر شتی تر دەکاتو پێیوایە موعجیزەیەك هاتووە کە موعجزەیەکی کیمیایی ئەندامییە لەبەرهەمی مادە بۆنییەکان (بۆن خۆشەکان) بۆیەو مادە تەرمۆکیمیایەکانو کیمیای مادە تەقێنەرەوەکان کە پڕن لەهێزی تازەی شەڕو پیشەسازیی مین بۆ ئەلکترۆکۆمیایی کە لەبنەماوە دەگۆڕێن، هەروەها پێیوایە لەپشت ئەمانەشەوە زۆر شت لەمادە کیمیاییەکان دروستدەکرێت وەکو مۆرو ئاڵتونو زازو رووەکی شەکرو بەرهەمی تێزاب، بەڵام ئەمە تەنها سەرەتایەکبوو لەماوەیەکی نزیکدا زۆر لەکێشە گرنگەکان چارەسەرکرانو لەساڵانی (٢٠٠٠)دا ئیتر کۆتایی بەکشتوکاڵو کۆیلایەتی دەهێنرێت، چونکە هەبوونی کەلتوری زەوی هەتائێستا کیمیا لەناودەبات، ئیتر پرۆفیسۆرو مانگرتنی کرێکارانی بوارە کانزاییەکان لەتەنورەکانی خەڵوزدا نامێنێت لەجیاتی سووتاندنی ئەمانە قۆناغێکی کیمیاگەریی‌و فیزیایی دروستدەبێت، هەروەها سنوورەکانو شەڕەکان لەناودەچنو ئەو مادە کیمیاییانەی کە بەکاردەهێنرێن وەك ئامێرێکی جوڵانەوە، ئەمە فەرمانی مردنی پێویستییە کۆنەکان دەخوێنێتەوە، کێشە پیشەسازییەکان گوزارشتە لەدیتنەوەی ئەو هێزانەی کە دەتوانن خۆیان تازەبکەنەوە بەرەنجێکی کەمو بەبێبەکاربردن، هەتائێستا کەشتییەکان بەووزە کیمیایەکانی خەڵوزی بەردی بەرهەمهێنا، بەڵام بەدەستهێنانی خەڵوزی بەردین شتێکی زەحمەتبوو رۆژبەڕۆژ لەکەمبوونەوەدابوو ئیتر پێویستبوو کە بیر لەبەکارهێنانی ئەو گەرمییە بکرێتەوە کە لەجیهاندا هەیەو هەروەها بیر لەگەرمیی رۆژبکرێتەوە.

بەهیوای بەکارهێنانێکی بێسنووری هەردوو سەرچاوەکە هۆکاری تەواوی پاڵپێوەنەرمان هەبوو، هەڵکەندنی بیرێکی ٣٠٠٠-٤٠٠٠ مەتری توانای

ئەندازیارەکانی ئەمڕۆو داهاتووش تێناپەڕێنێت، بەمشێوەیە تەواوی سەرچاوەکانی پیشەسازییو گەرمیی دەدۆزرێنەوە لەگەڵ ئەمەدا کاتێك ئاویشی بچێتەسەر ئەتوانرێت هەموو ئامێرەکانی جیهان ئیشیان پێبکرێت، ئەم سەرچاوەی هێزە ناچێتە کەمبوونەوەیەك کە هەستی پێبکرێت لەناو سەدان ساڵدا، لەناو کێشە زۆرەکانی کیمیاگەریداو لەنێو ئەمانەشدا گرنگترین کێشەی کیمیاگەریی سستکردنی مادە خۆراکییەکانە لەڕێگەی کیمیاگەرییەوە کە دەگاتە چارەسەری بەهۆی ئەو گەرمایەی کە لەجیهاندا هەیە، لەپرەنسیپدا ئەم کێشەیە لەبنەڕەتدا چارەسەربووەو کێشەی دروستکردنی ڕۆن کە زۆر جێگەی باسبوو بەهەمانشێوە شەکرو کاربۆهیدرات لەنزیکەوە دەچنە پاڵ کێشەکانی مادە کحولییەکانەوە، کێشەی مادده خۆراکییەکان تەنها کێشەیەکی کیمیاگەرییە ئەو ڕۆژەی کە بەهەرزانو گونجاو بەدەستبهێنرێت دەتوانرێت لەمادەیەکەوە مادەیەکی تر دروستبکرێت، بۆ نموونە کاربۆنیکاستیانۆن کاربۆنی لێدروستدەکرێتو هەروەها لەناو هایدرۆجینو ئۆکسجین بەرهەمدەهێنرێت، هەتائێستا بۆ بەدەستهێنانی مادە خۆراکییەکان ڕووەکەکان لەپیشەسازیدا بەکاردەهێنران ئیتر ئەوکاتەدێت کە قووتویەك مادەی کیمیایی هەڵگرتووە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە خۆراکییەکانی، ئەوکاتە پێکهاتەیەکی سەرەوژێر دروستدەبێت کە ئێستا هیچ کەسێك بیری لێناکاتەوە، کێڵگەکانی چاندنو باخچە گەورەکانو لەوەڕگەکانی ئاژەڵ لەبنەماوە هەڵدەتەکێنرێنو ناهێڵرێن مرۆڤ بێئەوەی هەستێت بەکوشتنی زیندەوەری تر ئاستی مەعنەویاتو خۆشبەختییەك بەدەستدەهێنێت ئەوکاتە لەنێوان هەرێمە بەپیتو بێپیتەکاندا هیچ جیاوازییەك نابینرێت، لەمڕۆدا مرۆڤەکان زیاتر حەز بەو جێگەیە دەکەن کە زەوییەکەی بەپیتەو گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی بەرهەم، وەلێ ئەوکاتە هەموو ژیانی مرۆڤ لەپیشەسازیدا بەتێکڕای جوانییەکانییەوە بەتەواوی پێشدەکەوێت، جیهان لەناو

ئەو ناشیرینیانەدا نامێنتەوە کە بەرژەوەندییەکانی کشتوکاڵی هێڵی بۆ کێشاوە بەپێچەوانەوە مرۆڤ وەك ئەوەی کە دەیەوێت جیهات دەکاتە باخچەیەك وەك ئەوەی کە دەیەوێت چیمەنوگوڵ دارستانو درەخت گەورە دەکاتو لەچاخی زێڕیندا نەوەی مرۆڤ لەناو هەرزانی دارایی باشدا دەگوزەرێن، بەمهۆیەوە مرۆڤ پەناناباتە بەر بەدڕەوشتیو تەمەڵیی، بەختەوەریی لەئیشکردندا پارچەیەکی گەورەی بەختەوەرییەکانی مرۆڤ بووەو مرۆڤ بۆئەوەی پێشکەوتنە ئەخلاقیو فیکرییو جوانکارییەکان بۆ خۆی بهێنێتە ئاستێکی بەرزەوە، ئەوەندە ئیشدەکات کە هەرگیز پێشتر ئیشی نەکردووە.

لەکۆنفرانسی بەرزۆلۆت جەخت لەوە کرایەوە کە مرۆڤ وەك ئەوەی کە بیەوێت دەتوانێت بژی، هەروەها زیادبوونی پێوانەیەکی نائاسایی لەسەر جۆرو رێژەو مۆدێلی بەرهەمەکانی داهاتوو، هەروەها باشبوونێکی زۆر بەشێوەیەك کە بیریان لێناکرێتەوە لەزەوقو خۆشییەکانی ژیان لەداهاتوودا جەختی لەسەرکراوەتەوە.

پرۆفیسۆر (Elihu Thomson) لەکۆبوونەوەیەکی لێکۆڵەرەوانی رۆژئاوای بەرلین لەساڵی ١٨٨٧دا هاوڕابوو لەگەڵ (Werner siemens) سەبارەت بەگۆڕینی مادده ئەلکتریکییەکان بەرێگەیەکی راستەوخۆ بۆ مادده خۆراکییەکان، لەکاتێکدا کە(Werner siemens)شیکردنەوەی ئەکرد بۆ دروستکردنی شەکر لەمێوژو هەروەها دروستکردنی کاربۆهیدراتی وەك نیشاستە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لەبەرد نان دروستبکرێت لەسەر ئەم بنەمایە د. مەیار لەبواری کیمیاگەریدا باس لەوە دەکات کە دەتوانرێت ناوەڕۆکی دار وەك سەرچاوەیەکی خۆراکی مرۆڤ بەکاربهێنرێت، لەم نێوانەدا (Emil Fischer)لەساڵی (١٨٩٠)دا فێری دروستکردنی شەکری مێوژبوو، بەمشێوەیە لەوکاتەوە هەتائێستا زۆر پێشکەوتنی تریش هاتوونەتە ئاراوەو دروستکردنی ڤانێلاو خومرەو کافوور هەتائێستا هێنراونەتە بەرهەم، لەساڵی (١٩٠٦)دا. (w.lub)لەژێر کاریگەریی

کەمکردنەوەی ووزەی کارەباییدا سەرکەوت لەجێبەجێکردنی تواندنەوەی کاربۆنی دیاکستین هەتا دەبێتە شەکر، لەساڵی (١٩٠٧)دا (Emil Fischer) توانیی بۆ پرۆتینی سروشتی لەیەکێك لەجەستە تێکەڵەکاندا بەدەستبهێنێت، لەساڵی (١٩٠٨)دا (R.willstatter)و (Benr)هەستی بە بەدەستهێنانی کلۆروفیلێکی بێگەرد کرد (سەوزی رووەك)و سەلماندیان کە ئەمە پێکهاتەیەکی ماگنزیۆمە، بەمشێوەیە کێشە سەرەکییەکانی کیمیایی ئەندامی وەکو سەرەداوێك دۆزرانەوەو چارەسەرییەکەی گەیشتە قۆناغێك کە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەنجامگیربێت.

## ٥-نەهێشتنی تێکەڵ و پێکەڵیی لەنێوان رەنجی بیرو رەنجی بازوودا :

یەکێك لەو پێویستییە سەرەکییانەی کە لەسروشتی مرۆڤدا بەدیدەکرێت ئازادیی هەڵبژاردنی کارو دەرفەتی گۆڕاندنییەتی هەروەك چۆن کە خۆشترین خواردنیش لەکاتی زۆر دووبارەبوونەوەیدا دەبێتەمایەی بێزاریی، ئیشکردنیش بەشێوەیەکی دووبارە بەهەمانشێوە، ئەمە بنەمایەکە بۆ لەمێژخستن و کۆتاییهێنان بەهێزی مرۆڤ، مرۆڤ ئەگەر بەزەوق وئارەزوویەکی بالاوە ئیش نەکات تەنها ئەوەندەی کە ناچارە بەشێوەیەکی میکانیکی ئیشدەکات، لەناخی هەموو مرۆڤێکدا کۆمەڵێك شارەزایی و غەریزە نووستوون کە پێویستە بوروژێنرێن و پێشبخرێن بۆئەوەی جوانترین کاریگەریی دروستبکات لەکاتی جوڵانەوەیدا، مرۆڤ مەگەر لەم حاڵەتەدا ببێتە مرۆڤێکی تەواو، کۆمەڵگای سۆسیالیست باشترین دەرفەت پێشکەشدەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەم پێویستییە، لەگەڵ سانابوونێکی زۆر لەقۆناغی کارکردندا پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان تەنها بەمسۆگەرکردنی کەمکردنەوەی ماوەی ئیشکردنەوە ناوەستێت، رێگائاسان دەکات بۆ فێربوونی زۆر لێهاتوویی و شارەزایی تر، سیستەمی شاگردێتی کۆن تەمەنی پڕکردەوە ئیتر وەك نوێنەرێك کە نوێنەرایەتی هونەرێکی بچووك بکات لەشێوەکانی بەرهەمی کۆن و دواکەوتوودا

دەگوزەرێن، لەکۆمەڵگای تازەدا ئەمە نامێنێت، بەمهۆیەشەوە شێوەکانو دەزگا تایبەتییەکان لەگەڵ ئەمەدا لەناودەچنو تازەکان دەچنە جێگایان، ئێستاش هەموو کارگەکان ئەو پیشانەی کە فێربوون وەك پیشە گوزارشتێکە بۆ بینینەوەی کرێکاری کەم بەئەندازەی بەرهەمەکەو خستنەکاری کرێکار لەپیشە جیاجیاکاندا لەماوەی ئیشکردنی درێژدا، بەشێوەیەکی کە گونجاوبێت لەگەڵ سیستەمی داگیرکەریی باڵادەست بۆ راماتن لەسەر پارچەیەك لەئیشی ئامێرەکانو ماوەیەکی کورت بەسە بەبێنەوەی سەرنجبدرێتە نزیکبوونەوەکانو هیچ گۆڕانکارییەك رووبدات لەماوە درێژەکانی ئیشکردندا، لەگەڵ رێکخستنی گۆڕانکاریی کۆمەڵگادا ئەم بارودۆخەش نامێنێت بۆ فێربوونی پیشەی هونەریی‌و لێهاتوویی کاتێکی زۆر هەیە، ئەو پێشانگایانەی کە زۆر وانەی گەورەیان لێوەفێردەبێن‌و پڕکراون بەتەکنیکی باش رێگا ئاسان دەکات بۆ فێربوونی چۆنێتی چالاکیی ئیشکردن لەلای گەنج‌وپیرەکان، بەڵام ئەوەی جێگای باسە تەنها دەرفەتی دابینکردنی پێویستییەکانی گۆڕانکاریی نییە، پێویستە ئامانجی کۆمەڵگا بەدەستهێنانی تێرکردنیان بێت لەگشت بوارەکاندا، چونکە ئەمە باڵادەبێت لەسەر پەروەردەی گونجانی مرۆڤ، پیشەی فیزیۆنۆمییەکان کە ئەمرۆ لەناو کۆمەڵگادا دەبینرێت ئەگەر گوزارشتبن لەخەباتێکی یەکلایەنە لەهەر بوارێکدابێت ئەوا هێدی هێدی خۆیان لەناودەبەن، لەئێستادا کەم مرۆڤ هەن کە خاوەنی دەرفەتی گۆڕانکارین لەچالاکییەکانیانداو هەندێکجار بەهۆی بارودۆخی تایبەتییەوە ئیشی لەفیکردا دەبینرێت پاش بەجێهێنانی ئەرکە جەستەییەکان لەلایەن ئەو کەسانەی کە رزگاریانبووە لەئیشی رۆژانە، لەزۆر جێگای تردا جارجار رووبەرووی ئەو مرۆڤانە دەبینەوە کە ئیشی فیکری دەکەن‌و خەریکدەبن بەئیشێکی دەستی یان کێڵگەوەو هەموو چالاکییەك کە کاریگەریی باشی هەبێت‌و پشتببەستێت بەگۆڕانکاریی ئیشی جەستەیی‌و فیکریی پێویستە دەنگی لەسەر بەرزبکرێتەوەو

قبولکرێت تەنها ئەمە لەگەڵ سروشتدا گونجاوە، بارودۆخی ئامادەکراو بریتییە لەگونجانی هێزی کەسەکانو بەئەدەبەوە ئیشکردنیانە.

لەکتێبی (گرنگی زانستوهونەر)دا (Koutleo Tlstoy) زۆر بەتوندوتیژیی رەخنە لەو سیفەتە ناسروشتییانە دەگرێت کە زانست وەریگرتووەو لەگەڵ ئەمەشدا هونەر وەریگرتووەو هەردووکیان بەیەکەوە دەکەونە دژی کۆمەڵگا، لەکۆمەڵگای ئەمڕۆماندا بچووککردنەوەی هەموو جۆرە ئیشێکی جەستەیی لیپرسینەوەی لێدەکرێتو ئامۆژگاریی دەکرێت بۆ وەرچەرخانی بەدیوی بارودۆخە سروشتییەکاندا، بەگوێرەی ئەمەش بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خوازیارن بەئارەزووی خۆیان گونجاوی سروشت بژین، پێویستە لەرۆژێکدا ببورێت بەسەر چەند کارێکدا لەبواری ئیشی کشتوکاڵیو پیشەییو هزرییو پەیوەندییە کۆمەلایەتیو کلتورییەکاندا.

پێویستە مرۆڤ لە (٨)سەعات زیاتر لەئیشە جەستەییەکاندا نەمێنێتەوە، تۆلستۆی کە هەستدەکات مرۆڤێکە پێیوایە لەوکاتەوەی ئەم شێوازەی ژیان کراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەو وەك پیاوێکی سەربەخۆ چاوپۆشی لەو راستییەدەکات کە ئەم شێوازە بۆ زۆرینەیەکی مرۆڤایەتی لەژێر بارودۆخی ئەمڕۆماندا توانایەکی نییە کەسێکی نەزان لەگەڵ کەسێك کە لەسەریەتی (١٠-١٢) سەعات ئیش بکات بۆئەوەی گەرەنتی داهاتی ژیانی خۆیو خێزانەکەی بکات، ئەمانە ناتوانن شێوازی ژیانی تۆلستۆی بۆخۆیان بخولقێنن، ئەوانەی کە شەڕی بەدەستهێنانی داهاتی ژیانیان دەکەنو ئەوانەی کە کەم خێرن ئەتوانن هەمان شێوازی ژیانی تۆلستۆی بخولقێنن، ئەمشێوازە بەپێویست نازانن ئەو ئەزموونانەی کە تۆلستۆی لەشێوازی ژیانی خۆیدا بەکاریهێناوە دەیسەلمێنێت ئەمشێوازەی ژیان چەندە راسیۆناڵە بۆئەوەی وەك راهاتنێك بخرێتە ناو ژیانەوەو کۆمەڵگای لەسەر رابهێنرێت، دەبێت بارودۆخێکی کۆمەلایەتی تری کۆمەڵگایەکی

تـازە دروسـتبکرێت، کۆمـەڵگای داهـاتوو دەبێتـەخاوەنی ئـەم بارودۆخـە، لـەم کۆمەڵگایەدا ژمارەیەکی بێشومار هونەرمەندو زانست خواست دەردەکـەون، بـەڵام هەر یەکێك لەمانە بەشێکی ژیانی رۆژانەیان بەئیشی جەستەییەوە تێدەپـەڕێنن‌و بەشەکانی تریش بەگوێرەی زەوق‌و ئارەزووەکـانی تـری رێکدەخات لـەبوارەکانی لێکۆڵینەوەو هونەرو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیەکانـدا، لێرەدا چینە باڵادەستەکان لەپێناوی باڵادەستی خۆیاندا ناچارن ئەم ناکۆکییانە نەهێڵن کە لـەنێوان رەنجی بـازوو رەنجـی مێـشکدایەو هـەتا دەتـوانن بـەئامانجی گـەرەنتیکردنی ئـامێرە فیکرییەکان جەخت لەسەر نەهێشتنی ئەم ناکۆکییە دەکەنەوە.

## ٦-زیادبوونی هێزی بەکاربەر:

دەرەنجـام لەمیانـەی ئـەو باسـانەی هەتائێستا لەسـەری دواویـن دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئـیتر قۆنـاغی بـێ ئیـشیو قـەیران لەکۆمـەڵگای داهـاتوودا مەحاڵدەبێت‌و قەیرانـەکان سەرچـاوەدەگرن لـەزۆری بەرهەمـەوەو پڕکردنـەوەی بازاڕەکان بەپێوانەیەك کە باوەڕی پێناکرێت بۆ ئـەو پێویـستیانەی کـە بـەدارایی بەرهەمی کاپیتالیست (سـەرمایەداری) دەجـوڵێنرێن لـەژێر سیـستەمی ئـابووریی سـەرمایەداریدا خاوەنـەکان سیفاتی بەرهەمـەکانیان وەك کاڵایـەك کـە لەهـەوڵی گۆڕانکاریـدان تیایـدا پەیوەسـتیدەکەن بـەهێزی کـڕینی بەکاربەرەکانـەوە، بـەڵام بەرامبەری ئەم رەنجە ژمارەیەکی زۆر لەدانیـشتوان هێـزی کـاری خۆیـان ناخەنـە گـەڕ هەربۆئەمـەش هێـزی کڕینیـان بـۆ بەرهەمـە دروسـتکراوەکان سـنووردارە، لـەجیهانی بۆرجوازیـدا هێـزی کـڕین‌و هێـزی بـەکاربردن، دوو شـتی جیـاوازن‌و بـەملیۆنان کـەس پێویـستییەکی زۆریـان بەجل‌وبـەرگی تـازەو پـێڵاوو مۆبیلیـاو خـواردن‌و مـادە خۆراکییـەکان هەیـە، بـەڵام پارەیـان نییـە، بەمـشێوەیە پێویستییەکان هێزە بەکاربەرەکان تێرناکات، بازاڕ هـەموو پێویـستییەکانی تێدا دەبینرێت، بەڵام خەڵك برسییەو خەڵکیی ئیشیدەوێت، بەڵام هیچ کەسێك رەنجی

بازووی ناکرێت، چونکە هیچ قازانجێکی تێدا نابینێتەوەو پیاوی سەرمایەدار بەحەقی خۆی دەزانێت کە بڵێت سەرمایەدار منم‌و تۆ تاوان بکەو هیچ گۆڕانکارییەك دروست ناکەم‌و ئەو کاڵایانەش بەکارناهێنم کە کڕیارێکی وای نەبێت خاوەنی داراییەکی باشبێت، لەکۆمەڵگای تازەدا ئەم ناکۆکییە لەبنەماوە هەڵدەتەکێنرێت‌و ئەو کاڵا بەرهەمناهێنێت بۆ کڕین‌وفرۆشتن بەپێچەوانەوە کاڵایەك کە بەکارنەهینرێت‌و بەکارنەبرێت هیچ واتایەکی نییە، لەکۆمەڵگای تازەدا پێویستییە ژیانییەکان بەرهەمدەهێنرێت، لێرەدا وەك جیهانی بۆرجوازیی نییە کە هێزی بەکاربردن سنوورداربێت‌و تاکەکان لەهێزی کڕینی کاڵاکاندا نەبن، بەپێچەوانەوە بەرهەمەکان لەهێزی کڕینی گشتیدادەبێت ئەگەر ئامرازەکانی ئیش‌و هێزی کار ئامادەبن دەتوانرێت هەموو پێویستییەکان مسۆگەربکرێت، سنووری هێزی بەکاربەری کۆمەڵایەتی تەنها تێرکردنی بەکاربەرەکانە، بەگوێرەی ئەوەی لەکۆمەڵگای تازەدا کاڵانابێت سەرەنجام پارەش نابێت‌و پارە لەبەرامبەر کاڵاکاندایە، بەڵام خۆشی بۆخۆی کاڵایەکە لەگەڵ ئەوەی کە خۆشی کاڵایە لەهەمانکاتدا شێوەیەکی نرخە لەکۆمەڵگاداو پێوانەیەکە بۆ هەموو کاڵاکانی تر، لەکۆمەڵگای تازەدا کاڵا بەرهەمناهێنرێت، بەپێچەوانەوە ئەو پێویستییانە بەرهەمدەهێنێت کە پێویستن بۆماوەی ئیشی کۆمەڵایەتی بەئەندازەیەکی دیار لەگەڵ نرخی بەکارهێنانیان بۆ بەدەستهێنانی کەلوپەلێك ماوەی پێویستی ئیشکردن بەپێوانەی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی پێوانەدەکریت ماوەی کارکردنی (١٠) خولەك لەبەرهەمهێنانی کەلوپەلێکدا یەکسانە بەماوەی ئیشی (١٠)خولەك بۆ ئیشێکی تر، واتە بێکەم‌وزیاد کۆمەڵگا پاشەکەوتکردنی قازانجیان ناوێت، بەڵکو خوازیارە بەگوێرەی پێویستییەکانی ئەو کاڵایانە بەدەستبهێنێت کە ڕێژەی زۆرینە بەکاریدێنن، بۆنموونە کۆمەڵگا بۆ بەدەستهێنانی هەموو بەرهەمە پێویستییەکان ئەگەر لەڕۆژێکدا (٣)سەعات ئیشکردن بەپێویست بزانێت تەنها

(٣)سەعات دیاریدەکات، ئەگەر بزانێت میتۆدەکانی بەرهەم بە(٢)سەعات ئیشکردن باشتردەبێت ئەوکاتە (٢)سەعات دیاریدەکات، بەگشتی لەبەرامبەر ئەمەدا سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی هێزی کارو لێهاتوویییەکی زۆر لەماوەی کارکردندا، هەروەها ئەگەر داوای تێرکردنی پێویستییەکان بکرێت لەو بەرهەمانەی کە لەماوەی (٢)سەعاتدا یان (٣)سەعاتدا بەرهەمدەهێنرێتو داوای ڕێژەیەکی زۆرتری بەرهەمەکە بکرێت، ئەوکاتە سەعاتێك زیاتر دیاریدەکرێتو ئامادەدەبێت بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئەو شتانەی کە خوازراون بۆ بەدەستهێنانی هەموو بەرهەمێكو بەئاسانی دەتوانرێت ماوەی پێویستی ئیشی کۆمەڵایەتی دیاریبکرێت، ماوەی کارکردنی لەم پارچەیەدا بەتەواوی هەموو ماوەکانەوە ڕێژەکەیان دیاریدەکرێت، بەگوێرەی ئەمە هەر زانیاریەك یاخود بەڵگەنامەیەك دەرفەتی گۆڕانکاریی لەگەڵ مادە پیویستییە هەمەجۆرەکانی ئەوکاتانەدا دروستدەکات بۆ خاوەنی بەڵگەنامەو ماوەی کار لەگۆڕانی مادەی ئاڵتون یاخود پارچەی کاغەزی نووسراو، ئیشکەر کە بەرامبەری پیشەکەی بەڕادەیەك بەرزترە لەئاستی پێویستییەکانی ئەوکاتە ماوەیەکی کەمتر ئیشدەکات، ئەوشتەی کە بەکاری ناهێنێت، خۆی سەربەستە لەوەی کە بیداتەکێ هیچ کەسێك ناتوانێت ئاستەنگی بۆ دروستبکات لەلایەکی ترەوە بۆئەوەی بتوانێت کەسێکی تر ئارەزووی دروستکردنی هیچ شتێك نازانێتو ئەگەر بیەوێت بەشێوەیەکی خۆبەخشانە ئیشبکاتو لەو کەسە هاوبەش بکات لەبەرهەمی ئیشەکەی هیچ کەسێك ناتوانێت دژایەتی ئەمە بکات، بەڵام فشاری ناخرێتەسەر بۆئەوەی لەسوودی کەسێکی تردا ئیشبکات، هیچ کەسێك ماف زەوتکردنی بەشێك لەمووچەکەی ئەوی نییە کە لەئیشدا بەدەستیدەهێنێتو دەتوانێت هەموو خواستومافەکانی خۆی جێبەجێبکات کە خەڵکی تریش جێبەجێیدەکەن، بەڵام لەحسابی کەسێکی تر نا

بەڵکو کەسەکان چیبدەنە کۆمەڵگا، ئەوەندەش وەردەگرن بێکەموزیاد، هەروەها لەهەموو جۆرە چەوسانەوەو داگیرکارییەك دووردەبێت.

## ٧-ناچارکردنی هەرکەسێك بەمەبەستی خەباتکردنێکی یەکسان:

بەڵام جیاوازییەك لەنێوان تەمەڵ و زیرەکەکاندا (لێهاتووەکاندا) لەنێوان ئاقڵ وجاهیلەکاندا دەبێت چیبێت؟ ئەمە یەکەم پرسیارە کە رووبەڕوومان دەبێتەوە، وەڵامەکەی زۆر سەرنجڕاکێشهێنەرە، بۆنموونە لەکاری فەرمانبەریدا ناتوانین بچینە جیابوونەوەیەك لەنێوان جاهیل وناقڵەکانەوە یاخود لەنێوان تەمەڵ ولێهاتووەکاندا، بەپێچەوانەوە بەرزکردنەوەی پلەو بەرزکردنەوەی مووچە لەلایەن ماوەی خزمەتکردنەوە دیاریدەکرێت، ئەم پرسیارە پرسیاری پرۆفیسۆرەکان و مامۆستاکان بوو، جگە لەمە فەرمانبەری سوپا رادەی بەرزکردنەوەی پلەو مووچەکانیان بەگوێرەی باشێتی و پێوانەی زیرەکییان نییە، بەڵکو بەگوێرەی پێوانەی خزمایەتی و دۆستایەتی دەکرێت، ئەمە نهێنییەکە کە دەماودەم لەگەڕاندایە، بەڵام بەسیستمی هەڵبژاردنی سێ چین لەپروسیادا سەروەت پێوانە نەکراوە بەڕادەی ئەقڵ ولێهاتوویی، یەکەم چین کە هەڵبژێردران زۆربەیان نانەواچییەکان و قەسابەکان و ئەوانەی خاوەنی چێشتخانەکانی بەرلین بوون، بەمشێوەیە فەرمانبەرە باڵاکانی دەوڵەت و ئیمپراتۆرو پیاوە زانستییەکان و پێشکەوتووخوازەکانی بەرلین لەبەرامبەر ئەمەدا بەچینی دووەم و سێیەم هەڵبژێردران لەنێوان ئاقڵ وجاهییلەکان و تەمەڵ و لێهاتووەکاندا هیچ جیاوازییەك نەبوو، چونکە هیچ شتێك لەمە تێنەگەیشتبوون و تێگەیشتن لەم جیاوازییەش شتێکبوو لەدەستچووبوو، بۆنموونە کۆمەڵگا ئەو کەسە بەتەمەڵ ناوزەد دەکەن کە لەئیش دەرکراوەو پاڵی پێوەنراوە بۆ سەرسەرێتی و پاشانیش بەسەرسەرێتی یاخود لەژێر پەروەردەیەکی خراپدا گەورەبووەو لەئەنجامی پەراوێزخستنیدا بۆتە

که‌سێکی وێران، به‌ڵام یه‌کێك كه‌ له‌ناو پاره‌دا ده‌ژی‌و بێ جوڵه‌ ته‌نها کاته‌کان ده‌کوژێت، ئه‌گه‌ر پێبیبووترێت ته‌مه‌ڵ ئه‌وه‌ وه‌ك ئه‌وه‌ وایه‌ كه‌ خراپییه‌کی لێکرابێت، چونکه‌ ئه‌و پیاوێکی به‌ڕێزه‌.

ئایا له‌کۆمه‌ڵگای تازه‌دا بارودۆخ چۆن ده‌بێت؟ هه‌موو که‌سێك له‌ژێر هه‌مان بارودۆخی ژیاندا پێشده‌که‌وێت‌و له‌هه‌موو ئه‌و جێگایانه‌دا ده‌بزوێت كه‌ ده‌توانێت توانـاو لێهاتوویی خۆی تێدا به‌کاربهێنێت، به‌مهۆیه‌شه‌وه‌ له‌ده‌ستکه‌وتتدا جیاوازییه‌کی که‌متر به‌دیده‌کرێت‌و ئه‌و که‌شوهه‌وا کۆمه‌ڵایه‌تییه‌ی كه‌ هه‌موو که‌سێك هانده‌دات چاو له‌که‌سێکی تر بکات یارمه‌تی هاوسه‌نگکردنی جیاوازییه‌کان ده‌دات، ئه‌گه‌ر بیر له‌و که‌سه‌ بکرێته‌وه‌ كه‌ له‌بوارێکدا ئیشده‌کات‌و ده‌ستکه‌وتی ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی تر نییه‌ كه‌ له‌هه‌مان بواردا ئیشده‌که‌ن ئه‌وا پێویسته‌ بوارێکی تر هه‌ڵبژێرێت كه‌ گونجاوبێت له‌گه‌ڵ هێزو شاره‌زایی خۆیدا، زۆرکه‌س كه‌ له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێك که‌سی تردا ئیشده‌که‌ن له‌ناو ئه‌و که‌سانه‌دا وه‌ك که‌سێکی بێ که‌ڵك‌و ناشاره‌زا ده‌بینرێت، به‌ڵام هه‌مان که‌س كه‌ ده‌خرێته‌ بوارێکی تری ئیشکردنه‌وه‌ به‌باشترین شێوه‌ ئیشه‌کانی جێبه‌جێده‌کات، له‌کاتێکدا كه‌ ده‌هێنرێته‌ جێگه‌ی راست به‌باشترین شێوه‌ ئه‌و ئه‌رکه‌ جێبه‌جێده‌کات كه‌ داوای لێده‌کرێت، که‌سێك چۆن ده‌توانێت داوای جیاکاریی بکات به‌گوێره‌ی ئه‌وانیتر؟

که‌سێك چه‌نده‌ حه‌زیش بکات ئه‌وه‌نده‌ی ئیشکردنه‌که‌ی باش نه‌بێت وه‌ك ئه‌وانی ترو مامه‌ڵه‌ی نه‌وه‌یه‌کی زڕی بۆ کرابێت له‌لایه‌ن سروشته‌وه‌، له‌م حاڵه‌ته‌دا کۆمه‌ڵگا به‌هۆی هه‌ڵه‌ سروشتییه‌کانه‌وه‌ ناتوانێت سزای بدات به‌پێچه‌وانه‌وه‌ که‌سێك كه‌ له‌لایه‌ن سروشته‌وه‌ پڕکرابێت له‌شاره‌زایی‌و لێهاتوویی‌و گه‌وره‌ییه‌کی پێبه‌خشرابێت له‌م حاڵه‌ته‌دا ئه‌رکی کۆمه‌ڵگا ئه‌وه‌نییه‌ كه‌ به‌خششی بکات بۆ شتێك كه‌ له‌قازانجی که‌سێتیدا نه‌بێت، هه‌روه‌ها له‌کۆمه‌ڵگای سۆسیالیستدا ده‌سته‌به‌رکردنی ده‌رفه‌تی پێشخستنی لێهاتوویی‌و زانیاریی به‌شێوه‌یه‌کی گونجاو

لەگەڵ لێهاتوویی و چالاکیی هەموو کەسێك، هەروەها بۆ هەموو کەسێك رەخساندنی بارودۆخی پەروەردەو ژیانێکی یەکسان جێگەی باسەو بەمۆیەشەوە لەکۆمەڵگای سۆسیالیستدا تەنها بەرزیی ئاستی شارەزایی و زانیاریی لەچاو کۆمەڵگای بۆرجوازیدا جێگەی ئاماژەنییە، بەڵکو ئەم زانیاریی و لێهاتووییە دابەشدەکرێت بەسەر رێژەیەکی زۆرتردا، هاوکات گەرەنتی هەمەلایەنەی پێشکەوتنی زانیاریی و لایەنە لێهاتووییەکان دەکات، (cothe) لەکاتی لێوردبوونەوەی لەکۆیلەکان لەئیشێکی گەرۆکدا هەست بەئاشکراکردنی ئەو راستییەدەکات کە وەستاکانی دارشتنی کۆن بەگوێرەی ماوەی کارکردن مووچە دەدەنە کرێکارەکانیان، ئەمە لەپێناوی بەرێوەبردنی ئیشەکەیاندابوو بەشێوەیەکی باش و رێکوپێك، ئەم لەکۆمەڵگای بۆجوازیدا وەك شتێکی نائاسایی دەبینرێت کۆمەڵگای بۆجواز بۆ جێبەجێکردنێکی ئاسان لەکەمکردنەوەی مووچەدا، کرێکارەکان ناچاردەکەن کە لەدژی یەکتریی ئیشی زیاتر بکەن، لێرەدا بارودۆخی دەستکەوتی فیکریش هەروەك دەستکەوتی ماددییە، مرۆڤ بەرهەمی ئەو بارودۆخ وسەردەمانەیە کە تیایدا دەژی لەژێر بارودۆخی پێشکەوتن و بارودۆخێکی یەکساندا، لەجیاتی سەدەی هەژدەهەم (cothe)یەکی سەدەی چوارەم کە لێکۆلەرەوەیەکی سروشت و نووسەرێکی بەناوبانگی بواری پێشبینیە لەوانەیە بیتوانیایە ببێتە باوکێکی گەورەو لەکڵێسەدا (Augusthin)لەسێبەری خۆیدا بەجێیهێشتبا، (cothe)لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر لەجیاتی کوری پینەدۆزێك لەدایکببوایەو وەك کوری شازادەیەکی فرانکفۆرتی دەوڵەمەند نەهاتایەتە دنیاوە ئەوکاتە هەروەك پینەدۆزێك دەمایەوەو وەك پینەدۆزێکی رێزدار دەمرد، (cothe) کە لەناو ژینگەیەکی دەوڵەمەندو کراوەدا لەبواری کۆمەلایەتیدا لەدایکبووە بەمۆیەوە گەیشتۆتە ئاستێکی پێشکەوتن و خۆی تەسلیمی ئەو پێشکەوتنەدەکرد کە پێیگەیشتووە، بەهەمانشێوە ( wilhe

meister)یش وابوو، ئەگەر ناپلیۆنی یەکەم دوای (١٠)ساڵ لەدایکبووایە هەرگیز ئیمپراتۆریەتی فەرەنسا دروستنەدەبوو، بەهەمانشێوە ئەگەر شەڕی ساڵی (١٨٧٠-١٨٧١)نەبوایە ئەوا هەرگیز (Gambett)نەدەبووە (Gambett)دایەنە زیرەکەکان کە منداڵە لێهاتووەکانیان لەناو بیانییەکاندا بەجێبهێڵن، ئەو منداڵانەش دەبنە بیانی، لێرەدا تاکەکەسێك چۆن بێت، ئەو تاکەکەسە کۆمەڵگا دروستیدەکات، فیکرەکان بەرهەمی شەماڵێك نین کە لەمێشکی تاك بەتاکی کەسەکانەوە هەڵیکردبێت، بەپێچەوانەوە بەرهەمێکی رۆحی هاوچەرخ خوڵقاندوویەتی لەمێشکی تاك بەتاکی کەسەکاندا، ئەرستۆتەلیس نەدەبووە خاوەنی فیکرەکانی داروین و داروینیش ناچاربوو خاوەنی بیری جیاوازتربێت لەئەرستۆتەلیس.

لێرەدا هەموو کەسێك بەگوێرەی ژینگەی خۆی و تێڕوانینی خۆی بیردەکاتەوە، زۆرجار چەند مرۆڤێکی هاوفیکرو دامێنانێکی وەکو یەکیان هەیە هەرچەندە ئەم مرۆڤانە لەدووری یەکتریش بژین کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ناوبراو، فیکرەیەك کە لەماوەی (٥٠)ساڵدا باسکرابێت و لەدوای (٥٠)ساڵەوە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا دروستکردبێت، دیسان بەمهۆیەوە ئیمپراتۆر (sigismnit) لەساڵی (١٤١٥)دا دەیتوانی بوێرێت کە وتەکانی (Husa)وەربگرێت و لە(Tonstanz)دا بیسووتێنێت، سەرەڕای خوڵقاندنی فەناتیزمێکی گەورە شارلی پێنجەم ناچاربوو لەساڵی (١٥٢١) مۆڵەتبداتە ریپێوانێك کە لە(Reichstag)ەوە بۆ (Worms)، فیکرەکان بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکانن، بەشێوەیەکی گشتی ئەمە گرنگترین شتە بۆ کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەقۆناغێکی مێژوویی دیاردا بۆ هەموو چینە هەمەڕەنگەکانیش گرنگە کە کۆمەڵگەیان پێکهێناوە، هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەمیانەی ناکۆکییە چینایەتییەکانیانەوە، هەموویان لەلایەن خۆیانەوە

خاوەنی راوبۆچوونی تایبەت بەخۆیانن، لێرەدا شتی گرنگ تەنها ئەوەنییە کە مرۆڤەکە لەچ سەدەو چاخێکدا ژیاوە، بەڵکو شتی گرنگ ئەوەیە کە ئایا لەکام توێژی کۆمەڵگای ئەو چاخەدا ژیاوە، ئەمە شێوەی جوڵانەوەو هەڵسوکەوتو فیکرو هەستی کەسەکان دیاریدەکات، بەبێ هەبوونی کۆمەڵگای مۆدێرن فیکری مۆدێرن بوونی نییە، ئەمەش شتێکی ئاشکرایە، لەرووی کۆمەڵگای تازەوە ئەو ئامێرانەی بۆ پەروەردەکردنی هەمووکەسێك بەکاردەهێنرێن موڵکی کۆمەڵگایە.

لبۆیە کۆمەڵگا بەخشیش ناداتە بەرهەمەکانی خۆی، چۆنێتی خەباتی فیکریی‌و جەستەییش هەر ئەوەندەیە، لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئیشی سەروترو ئیشی خوارووتردا نییە، بۆنموونە ئەمرۆ ئامێرسازێك ناتوانێت خۆی لەکرێکارەکان بەگرنگتر بزانێت، چونکە خەڵك لەهەموو بوارەکاندا پێویستی بەچی هەبێت ئەوە بەکاردەهێنێت‌و لەرووی کۆمەڵگاوە هەمووی وەکو یەکن، ئەو جۆرە ئیشانەی کە قورسن لەرێگای شوێنێك‌و کیمیاگەرییەوە ناتوانرێت ئەنجامبدرێت‌و ناگۆڕدرێن بۆ ئیشێکی ئاسان، لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی کە لەبواری تەکنیك‌و کیمیاگەریدا ئەنجاممانداون پاڵنەرن بۆئەوەی گومانمان لەم گۆڕانکارییانە نەبێت، لێرەدا شەرمکردنێکی بێ جێ‌و بچووککردنەوەی ئیشەکە جێگەی باس نییە، شتێکی بەمشێوەیە لەدەوڵەتە بێسەروبەرەکەماندا هەیە بەئەندازەی پێویستییەکانی کۆمەڵگاو بەئەندازەی ناخۆشی‌و زەحمەتی‌و قورسیی ئەو ئیشانەی کە کرێکار دەیکات‌و وەکو شتێکی لاوەکیی دەبینرێت، ئەمرۆ ئیشی چەندە خراپبێت ئەوەندەش بەخراپیی باجەکەی دەدرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان بەردەوام لەناو شۆڕشدان، لەبەرئەمەش خاوەندارێتیان لەژمارەیەکی زۆری هێزی کار وەکو سوپای یەدەك کە لەئیشدەرکراون‌و سەربەچینی نەدارن‌و بۆچاککردنی باری گوزەرانی ئەم هێزە خودی هێزەکە بەکاردەهێنرێن لەهەموو

جۆرە ئیشێکدا بەنرخێکی کەم، بۆنموونە بەردشکاندن کە ناخۆشترین ئیشە بەکرێیەکی کەم، شکاندنی بەرد کارێکی سووکە ئەگەر وەکو دەوڵەتە یەکگرتووەکان بەرێگەی ئامێر بکرێت، بەڵام ئەوەندە هێزی کاری هەرزانمان هەیە کە لەبەرامبەریدا بەکارهێنانی ئامێر داراییەکی ئەوتۆی تێناچێت.

دەتوانرێت زۆربەی ئیشەکانی وەکو پاککردنەوەی رێگاو کۆکردنەوەی خاشاکو دروستکردنی پردو رێگا لەرێگای تەکنیکو ئەو ئامێرانەوەبکرێت کە لەمیانەی پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆوە هاتووەتەئاراوە بەشێکی گەورەی زاناکانمان کە ناویانگێکی گەورەیان هەیە بۆئەوەی بتوانن باڵادەستی چینە بەڕێوەبەرایەتییەکان ئاوێتەی دەسەڵاتی زانست بکەنو بەمشێوەیە بیپارێزن دەبنە نوێنەرێك بۆ پاراستنی تێڕوانینەکانی خۆیانو بەمشێوەیە باڵادەستیی چینەکانی بەڕێوەبەرایەتی وەکو شتێکی عادیلانەو پێویست پیشاندەدەن، هاوکات نوێنەرایەتی سەنتەرێك دەکەن کە باجدەدەن بۆ پاراستنی پێشبینییەکانیان کە لەڕاستیدا بەشێکی گەورەی ئەم سەنتەرە لەبەرژەوەندیی لایەنی بۆرجوازی ساختەدایەو وەکو دوژمنی کەلتوریو زانستی ساختە ئیشە فیکرییەکانیان لەبەرامبەر مووچەیەکی زۆردا جێبەجێدەکەن، ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە لەداهاتوودا هەبوونی ئەم جۆرە کەسانە ناهێڵێت دەبێتە جێبەجێکەری چالاکییەك بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی.

لەلایەکی ترەوە زانستی راستەقینە پەیوەستە بەئیشکردنێکی نەخۆشەوە، بۆنموونە نەشتەگەریی ئەندامێکی هەوکردنی جەستەیەك لەلایەن دکتۆرێکەوە یاخود وەکو لێبوردنەوەی کیمیاگەرێك لەبوارەکەدا ئەم جۆرە ئیشانە کە بەکەموکوریی دەگاتە ئەنجام زۆر خراپترە لەو ئیشە خراپانەی کە رۆژانە کرێکارێکی بێ پەروردە دەیکات، پەسەندکردنی ئەم راستییە لەلایەن خۆیانەوە شتێکی مەحاڵ نییە، لێرەدا جیاوازیی ئەوەیە کە بۆ ئیشێکردنێك پەروەردەیەکی

بەرفراوان پێویستدەکات، ئیشکردنی بێ پەروردە لەهەموو بوارێکدا ئەم بارودۆخەمان بۆ دەنەخشێنێت، لەبنەماوە هەڵسەنگاندنە جیاوازکان بەمهۆیەوەیە، بەلاّم لەکۆمەڵگایەکدا کە جیاوازیی لەنێوان زاناو نەزانەکاندا نەمێڵراوەو دەرفەتی پەروەردەکردنێکی بالاّ بۆ هەموو کەسێك مۆسگەرکراوە ئەو ناکۆکییانەش نامێنن کە لەنێوان ئیشە فێرکراوو فێرنەکراوەکاندا هەن، ئەم پێشکەوتنەی تەکنیك لەبەرئەوەی هیچ سنوورێکی وەکو جێبەجێکردنی ئیشە دەستییەکان بەئامێر یاخود بەتەکنیکی تر نەناسیوە زیاتر بەمشێوەیە بووە، بۆنموونە ئەوەمان بەسە کە تەنها سەیری پێشکەوتنی پیشە دەستییەکانی وەکو کسیلۆگراف، کالکۆگراف بکەین، زاراوەی ئیشی خراپو ئیشی باش وەکو واتادان بەخراپترین ئیش بەچەشنی بەسوودترینیان بەچەشنی زارەوەکانی تری جیهانی بۆرجوازیی زاراوەی سادەو پەیوەستن بەبۆچوونی رووکەشەوە.

## ٨-نەهێشتنی بازرگانیی شێوازی سەرلەنوێ پێگەیشتن:

هەموو بەرهەمەکانی کۆمەڵگای تازە وەکو لەپێشەوە باسمان لێوەکرد جێگیربکرێت یان نەکرێت وەکو بنەمایەك لەو بنەمایانەی کە بەفراوانی پێناسەی بۆ کراوە، کالاّ نییە بۆ پرکرنەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگاو مادە بەکارهێنەرەکان دەخولقێنێت، بەمشێوەیە ئەو بازرگانییە کۆتایی پێدێت کە خاوەنی دەرفەتی دارایی‌و واتایە لەکۆمەڵگایەك کە بەرهەمهێنانی کالاّکان بالاّدەبێت بەئەندازەی شێوە کۆنەکەی بازرگانیی‌و پەیوەندیی بەگەلانی ترەوە لەزەمینەی بۆرجوازیدا، بەمهۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لەهەردوو رەگەزەکە بەمەبەستی چالاکیی بەرهەمهێنان سەفەربەردەبن، ئەم دوو سوپایە بۆ بەرهەمهێنانی سەربەست دەمێڵرێنەوەو لێرەوە مادە پێویستییەکان بەرهەمدەهێنرێت‌و دەرفەتی خەرجکردنێکی زیاتر دروستدەکەن یاخود

به‌کارهێنانی ئه‌م مادانه هانده‌رێکه بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی ماوه‌ی کارکردنی پێویست له‌بواری کۆمه‌لایه‌تییه‌وه.

ئه‌مرۆ ئه‌م که‌سایه‌تییانه وه‌ك مشه‌خۆرێك له‌سه‌ر به‌رهه‌می خه‌لکی تر ده‌ژین‌و هاوکات پێویسته ئه‌وه په‌سه‌ندبکرێت که زۆربه‌ی خه‌لك بۆ به‌ده‌ستهێنانی ژیانێکی باش، به‌بێئه‌وه‌ی پێی بگات ناچاره هه‌وڵ‌وتێکۆشانێکی زۆربدات. له‌کۆمه‌لگای تازه‌دا بازرگان‌و خاوه‌نی چێشتخانه وه‌ك پردێك پێویست به‌بوونیان ناکات، ئه‌مرۆ هه‌موو شاره‌وانییه‌کان به‌رێژه‌ی گه‌وره‌بوونیان له‌جیاتی جێگه تایبه‌تییه‌کانی بازرگانیی‌و رێژه‌یه‌کی زۆری به‌هه‌زاران دوکان، چه‌ند پێشانگایه‌کی تر به‌گرنگ ده‌بینن که که‌سایه‌تی ئیداریی که‌میان پێویسته به‌شێوه‌یه‌کی رێژه‌یی وك کۆپه‌راتیڤی گه‌نجینه‌کان له‌جیاتی ئیشه ساده‌کانی میکانیزمی هه‌موو بازرگانییه‌ك ده‌بێته چالاکییه‌کی ئیداریی که رۆژبه‌رۆژ به‌هۆی ناوه‌ندی بوونی هه‌موو ده‌زگا کۆمه‌لایه‌تییه‌کانه‌وه ساده‌وساناده‌بێت وه‌رچه‌رخانێکی هاوشێوه‌ی ئه‌مه بۆ هه‌موو بواره‌کانی گه‌یاندن گرنگه.

له‌مه‌به‌دواوه هه‌موو بواره‌کانی گه‌یاندن ده‌بنه مولکی کۆمه‌لایه‌تی وه‌کو ته‌لیگراف، ته‌له‌فۆن، رێگای ئاسنین، پۆسته، که‌شتی ده‌ریاوانی، ئۆتۆمبێلی بارهه‌لگر، پاپۆری هه‌وایی، فرۆکه وه‌ك ده‌زانرێت ئێستا له‌ئه‌لمانیادا پۆسته، ته‌له‌گراف، ته‌له‌فۆن، رێی ئاسنین مولکی ده‌وله‌تن، بۆئه‌وه‌ی ئه‌مانه بکرێن به‌مولکی هاوبه‌ش مه‌سه‌له‌که ده‌بێته ته‌نها مه‌سه‌له‌یه‌کی فۆرمالیسته(شێوه‌ئامێز) لێره‌دا ئیتر هیچ به‌رژه‌وه‌ندییه‌کی تایبه‌ت که سوودمه‌ندبێت جێگه‌ی باس نییه.

ئه‌گه‌ر ده‌وله‌ت له‌سه‌ر شێوازی ئه‌مرۆ به‌رده‌وامبێت زۆرباشتره، به‌لام ئه‌و ئیشانه‌ی که ده‌وله‌ت ئیداره‌یان ده‌کات ئیشی سۆسیالیست نین که به‌رێگای پێشبینی به‌شێوه‌یه‌کی هه‌له هه‌لسه‌نگاندنی بۆ بکرێت ئه‌مجۆره ئیشانه له‌لایه‌ن

دەوڵەتـەوە بەشـێوەیەکی سـەرمایەدارانە دەسـتی بەسـەرداگیراوە وەك ئـەوەی لەدەسـتی توێـژێکی تایبەتـدابێت، نـە فەرمانبـەرەکانو نـەکرێکارەکان هـیچ سـوودێکی تایبـەت لەمـەنابینن دەوڵـەت هەڵـسوکەوتێکی باشـتر ناکـات لەهەڵسوکەوتی ئەوانەی کە خاوەنی کاری تایبەت بەخۆیانن، لەبەرامبەر کرێکارو فەرمانبەرەکاندا، بۆنموونە کاتێك فەرمان دەدرێت بەدەرکردنی ئەو کرێکارنەی کە لەسـەرووی تەمـەنی چـل سـاڵیەوەنو لەئیـدارەی رێگـا ئاسـنینەکانو ئیـدارەی ئیمپراتۆرییەتدا جێگادەگرن، ئەمە بەربەستییەکەو پیشانماندەدات کـە دەوڵـەتی سیفاتی چینایەتی هەلگرتووەو کرێکارانیش پێویستە لەدژی دەوڵەت کینورقێکی گەورەیان لادروستببێت، بـەڵام ئـەمجۆرە بەربەستییانە کـە لەلایـەن دەوڵەتـەوە دروستدەکرێت وەك خاوەن کار لەو بەربەستییانە زۆر خراپترە کە لەلایەن خاوەن کارە سەربەستەکانەوە دروستدەکرێن، سەرەنجام ئەو خـاوەن کارانـە لەدەوڵـەت بـچووکترنو ئەگـەر ئـەوان ئیـشەکە نـەدەن بـەکرێکارێك ئـەوا هـەمان کرێکـار لەکەسـێکی تـری وەردەگرێـت کـە دەوڵـەت لەلێدوانێکـدا لەگـەڵ ئـەو جـۆرە پیـشەسازییانەی کـە لەلایـەن خـاوەنی کارەکانیانـەوە بوونەتـە بـەرەی جیـاواز هاوکات دەبێتە فاکتۆرێك بۆ دروستبوونی رەزالەت لەژیانی هـەزاران کەسدا، لـەم واتەیـەدا ئەمـە هەڵـسوکەوتێکی سۆسیالیـستیانە نییـە، بـەڵکو هەڵـسوکەوتێکی سەرمایەدارییەو سۆسیالیستەکان بۆئەوەی میکانیزمی دەوڵەت وەك میکانیزمێکی سۆسیالیست ببینرێتو هەروەها بۆئـەوەی دژایـەتی ئـەو شـیکردنەوانە بکـات کـە میکـانیزمی دەوڵـەتی ئـەمرۆ وەك ئـەنجامی رەنـجو تێکۆشـانی سۆسیالیـستەکان

ببینرێت خاوه‌نی هێزێکی گه‌وره‌یه‌، له‌جیاتی به‌ملیۆنان که‌رتی تایبه‌ت له‌هه‌موو بواره‌کاندا جێگه‌گرته‌وه‌ی ده‌زگا ناوه‌ندییه‌ گه‌وره‌کان شێوه‌یه‌کی تر هه‌ڵده‌گرێت، هه‌موو رۆژێك ئه‌و شته‌ بچووکانه‌ی که‌ خه‌رجییه‌کی گه‌وره‌یان هه‌یه‌ له‌رووی که‌ره‌سته‌و کاته‌وه‌و ده‌گمه‌ن به‌خاوه‌نی موڵکه‌کان ئه‌مرۆ گه‌یاندنێکی گه‌وره‌ بۆ جێگاکانی به‌رهه‌می ناوه‌ندییو گه‌نجینه‌کان پێشده‌که‌وێت، که‌واته‌ ئیش لێره‌دا زۆر بچووکده‌کرێته‌وه‌، بۆنموونه‌ هه‌زارکه‌س بۆ کارێك له‌پێناوی به‌گه‌رخستنی ئیشه‌ بچووکه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی ئاسانتر رێکده‌خرێت، به‌مهۆیه‌شه‌وه‌ هه‌ڵسوکه‌وتێکی گرنگ له‌رووی جێگاکانی دابه‌شکردنو به‌رهه‌مهێنانی ناوه‌ندییه‌وه‌ به‌ده‌ستده‌هێنرێت بۆ هه‌موو شاره‌وانی، ئه‌مه‌ بۆ هه‌موو کۆمه‌ڵگا سوودی ده‌بێت به‌ڵام له‌زه‌مینی کۆمه‌ڵگادا تاکه‌کان سوودی لێوه‌رده‌گرن، چونکه‌ ئێستا ئیتر به‌رژه‌وه‌ندیی تاکه‌که‌سیو به‌رژه‌وه‌ندیی هاوبه‌ش ئاوێته‌ی یه‌کتریبوون، به‌مهۆیه‌شه‌وه‌ هه‌موو جێگاکانی به‌رهه‌مهێنانمانو هه‌موو ئامێره‌کانی گه‌یاندنمانو هه‌موو جێگاکانی نیشته‌جێبوونمان ده‌گۆڕێتو به‌خته‌وه‌رییه‌کی زیاتر به‌ده‌ستده‌هێنن، ئیتر راکردنێکی زۆر به‌دوای کاروماندووبوونێکی زۆر له‌ناوشاره‌کانماندا کۆتایی پێدێت، هه‌موو شتێك گۆڕانکاریی به‌سه‌ردادێت له‌په‌یوه‌ندیی نێوان مرۆڤه‌کانه‌وه‌ بگره‌ هه‌تا شێوازی ژیانوماڵو پاکوخاوێنی کۆڵانه‌کانو دروستکردنی رێگاوبانه‌کان، هه‌موویان گۆڕانکارییان به‌سه‌ردادێت، ئه‌و شته‌ی که‌ له‌مڕۆدا کردنیان مه‌حاڵه‌و پێویستی به‌خه‌رجییه‌کی گه‌وره‌هه‌یه‌، یاخود به‌ته‌نیا له‌گه‌ڕه‌که‌ ده‌وڵه‌مه‌نده‌کاندا وه‌ك خزمه‌تگوزاریی پێشکه‌شده‌کرێت، ئیتر

بەشێوەیەکی ئاسان بۆ تەواوی کۆمەڵگا بەئەنجامدەگەیەنرێتو لەژێر بارودۆخی بەمشێوەیەدا پەیوەندییو گەیاندن دەبێت لەئاستێکی بەرزدابێت کە لەوانەیە لەوکاتەدا فرۆکەوانیی ببێتە باشترین ئامرازی گەیاندن لەتەواوی کۆمەڵگاداو ئامرازەکانی گەیاندن گوزارشتن لەو دەمارانەی کە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێن بۆ پەیوەندیی فیکرییو کەسێتیو هەروەها وەگەڕخستنی خوێنی جەستەییو ئیدارەکردنی، لەبەرئەمەش گەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی پەروەردەو رەفاهییەت لەهەمان ئاستدا بۆ هەموو کۆمەڵگا هەتا دواڕادە گونجاوە، لێرەدا بەرفراوانکردنی ئامێرەکانی گەیاندنو گواستنەوەیان بۆ هەرێمە دوورەکانیش بەرژەوەندییەکی کۆمەڵایەتی گشتییەو هەروەها پیویستییەکیشە لێرەدا زۆر ئەرك دێنە بەردەم کۆمەڵگای تازە کە لەکۆمەڵگای ئێستادا نابینرێت، ئەمە لەئاستێکی بەرزدا ئاسانکارییەکەو لەهەمانکاتدا ئامێرەکانی گەیاندن دەسانترالیزاسیۆنی هەموو وڵاتان دەکەن کە جەماوەرێکی زۆریان لەناوەندەکانی پیشەسازییو شارە گەورەکاندا هەیە، بەمشێوەیە ئامرازەکانی گەیاندن دەبنە خاوەنی گرنگییەکی دیارو لەبەرچاو بۆ پێشکەوتنی کەلتوریی مادییومەعنەوییو پێشکەوتنی بواری تەندروستی.

# بەشی بیستودووهەمین
# سۆسیالیزمو کشتوکاڵ

**١- نەهێشتنی موڵکییەتی تایبەتی بەسەر زەویوزارەوە:**

زەوی وەك رەگەزێکی بنەڕەتی هەبوونی مرۆڤایەتیو تێکۆشانی تەواوی مرۆڤەکان بەتێکڕای ئامرازەکانی زانستوگەیاندنەوە پەیوەستن بەکۆمەڵگاوە، کۆمەڵگا لەقۆناغی هەرە پێشکەوتوودا ئەو شتە وەردەگرێتەوە کە لەسەرەتادا خاوەنی بووە، موڵکییەتی هاوبەشی زەوی لەناو هەموو ئەو گەلانەی کە گەیشتوونەتە قۆناغێکی مەدەنی دیاریکراو بوونی هەیە، موڵکییەتی هاوبەش بنەمای هەموو کۆمەڵگابوونێکی سەرەتایی پێکدێنێت، بەهۆی شێوازەکانی باڵادەستیو پەیوەستبوون بەپێشکەوتنو دەرکەوتنی موڵکییەتی تایبەتییەوە ئەو موڵکییەتە هاوبەشەی کە لەپێشاندا هەبوو لەڕێگای شەڕو توندوتیژییەوە لەناوبراوەو موڵکییەتی تایبەت جێگەی گرتەوە، یەکەم هۆکاری کۆیلایەتی لەقۆناغی کۆیلایەتییەوە هەتاکو کرێکاری خاوەن مووچەی ئازاد لەسەدەی بیستەمدا ئەوانەی کراونەتە کۆیلە، پاش پێشکەوتنی هەزاران ساڵ ویستویانە موڵکەکانیان بکەنە موڵکی هاوبەشو لەمیانەی موڵکییەتی هاوبەشی خاك گۆڕاندنیان بۆ موڵکییەتی تایبەتی ئەم کۆیلایەتییە پێشکەوتووە کە بەهەموو قۆناغەکاندا تێپەڕیوە.

لەتێکۆشانی کۆمەڵایەتی هەموو جیهاندا گرنگی خاك بۆ هەبوونی مرۆڤ هۆکاری پێکهێنانی داوا سەرەکییەکانی شەڕخوازەکان بووە لەهەموو بزوێنەرە کۆمەڵایەتییەکانی چاخی تازەداو هەروەها لەئیمپراتۆریەتی ئینکاو ئاستەك

لەشەڕی کۆیلەکان‌و لەشەڕی مەزهەبە ئاینییەکانی چاخی ناوەڕاستدا، هەروەها لەڕۆماو یۆنانیستان‌و میسرو چین‌و هندستاندا، ئەمڕۆش (Dr. schaffler) (Adolf wagner, Adolf samter, Henry Georg)و چەندان کەسی تری وەك ئەمانە نایانەوێت هیچ شتێکی تر ببیستن سەبارەت بەموڵکییەتی هاوبەش، رەفاهییەتی خەڵك پەیوەستە بەبەکارهێنانی زەوییەوەو بەرزکردنەوەی کەلتوری زەوی بۆ ئاستێکی بەرز لەسوودی گشتیدایە، بەواتایەکی بەرفراوان ئەم پێشکەوتنە باڵایە لەسایەی موڵکییەتی تایبەتیدا مەحاڵبووە، بەڵام سوودوەرگرتن لەزەوی بەباشترین شێوە تەنها پەیوەست نییە بەبەکارهێنانییەوە، لێرەدا پێویستە ئەو حسابەبکرێت کە فاکتۆرن بۆ دروستنەبوونی هاوبەشییەتێکی بەهێز، لەوانەیە ئەم فاکتۆرانە لەژێر هەلومەرجدا چوارچێوەی دەوڵەت تێبپەڕێنن‌و لەئاستێکی نێونەتەوەییدا هەڵبسەنگێنرێن.

**٢- چاکسازیی زەوی‌وزار:**

زەوی‌و کۆمەڵگا بەهەموو لایەنەکانییەوە پێویستە دەشتەکانی، گۆلەکانی، دەریاکانی، دارستانەکانی‌و چیاکانی‌و یەکە تۆبۆگرافییەکەی رەچاوبکرێت، ئەم یەکە تۆبۆگرافییە هەندێکجار کاریگەریی لەسەر زەوی‌و ئاووهەوا دورستدەکات‌و کاریگەریی لەمەسەلەی جوگرافیای نەگۆڕ دەکات، لێرەدا هەرێمێکی بەرفراوانی ئیشکردن جێگەی باسە کە دەتوانرێت زۆر ئەزموونی تیادا بەدەستبهێنرێت، ئەو شتانەی کە دەوڵەت هەتائێستا کردوونی لەم رووەوە کەمبوون، یەکەم بۆ ئەم ئەرکە کەلتورییانە پارەیەکی کەم دەخرێتەگەڕو جگەلەمە ئەگەر بخوازرێت تێکۆشانێکی بەرفراوان بکرێت ئەوا موڵکییەتچییە تایبەتییە خاوەن موڵکە تایبەتییە گەورەکان کە لەبواری یاسادا قسەیان دەڕوات بەربەست دروستدەکەن، بەمشێوەیە بەبێ دەست تێوەردان لەموڵکییەتی تایبەت هیچ شتێکمان لەم

بـوارەدا دەسـتناکەوێت، بـەڵام هـەبوونی دەوڵـەت بەرزدەبێتـەوە لەسـەر پیرۆزڕاگرتنی موڵکییەتی تایبەتی خاوەن موڵکە گەورەکانو گرنگترین پشتیوانیی ئـەمانو بەمـشێوەیە دەوڵـەت هێـزی جوڵاندنەوەیـەکی بـەدەر لـەمانی نییـە، بۆئـەوەی زەوی بهێننـە ئاستێکی بـەپیتی پێویـستو هەسـتێت بـەڕیفۆرمێکی بەرفراوانی زەوییەکانو چاندنی باخچەو دروستکردنی دارستانو ئاودانی زەویو جیاکردنەوەی زەوییـە وشكودێمییەکان، بۆ کـەلتوری زەوی گرنگترین مەسەلە کەناڵو چەمە دروستکراوەکانە، بەشێوەیەکی سیستەماتیکو بەرفراوان کە لەگەڵ پرنسیپە زانستییەکاندا پێویستیەکن بۆ بـەڕێوەبردن، بارهـەڵگری هـەرزان لەسـەر ڕێگاکانی ئاو زۆر گرنگە بـۆ کۆمـەڵگای ئـەمڕۆمان، ئەگەرچـی لـەڕووی کۆمـەڵگای تازەوە گرنگ نییە، بەڵام دەرفەتو توانـای گواسـتنەوەو بـەکارهێنانی لەمیانـەی مەسرەفێکی کـەمو هێزێکـی کـەم لـەڕێگاکانی ئـاوەوە جێگـەی سـەرنجن، وەلـێ گرنگترین ڕۆڵی سیستەمی کەناڵو دەریاکان گرنگە لەڕووی بەکارهێنان بۆ نـاردنی بەرهەمو هێنانی ماتەریاڵی ریفۆرمی زەویو پـەینکاریی، هـەروەها بـۆ سیـستەمی ئـاوەدانو وشـککردنەوەیەکی بـەرفراوانیش ڕۆڵـی گرنگیـان لەئەسـتۆدایە، ئـەو وڵاتانەی کە ئاویان کەمە حسابکراوە کە زەحمـەتێکی زۆرتـر لەوڵاتـە ئاودارەکـان دەبیـنن لـەڕووی تێپـەڕبوونی زسـتانی سـاردو بەسـەربردنی گـەرمای هـاوین، بەمهۆیەوە زۆر بەشێوەیەکی شاز ڕووبەڕووی کەشوهەوایەکی وشکدەبنەوە، ئـەم جۆرە کەشو هەوایانە نەبۆ مرۆڤو نەبۆ ڕۆکیش گونجاوە، سیستەمێکی بەرفراوان کـەناڵ پەیوەسـت بەبەرسـتییەکانی کـەلتوری دارسـتان، کاریگەرییـەکی بـاش دەرەخـسێنێت، سیـستەمێکی بـەرفراوان بەمـشێوەیە کـە وابەسـتەیە بەوشککردنەوەی حەوزە گەورەکان کە ئاویـان تێدا کۆدەکرێتـەوەو زۆر سـوودی هەیە لەکاتێکدا کە ڕووبارە گەورەکانو چەمەکان بەبارانێکی بەلێشاو پڕدەبنەوە، هەمان ئەم بەرنامەیە بۆ دۆڵو کانییەکانی چیاش گرنگن، ئیتر لەمەبـەدواوە ئـەو

لافـــاوە مەترســـیدارانە مـــەحاڵ نابێـــت، بەمـــشێوەیە ڕێژەیـــەکی زۆری ئـــاو بەدەستدەهێنرێتو لەگەڵ ئەمەشدا لەکاتە پێویستەکاندا بۆ ئـاودانی زەوییـەکان دەرفەتی دامەزراندنی موزەخەو پەمپ دەستەبەردەکەن، ئەو زەوییە بەرفراوانەی کـە تائێـستا بێپیتبـوون بـەڕێگای ئـاودانی دەسـتکردەوە دەگـۆڕێن بـۆ هەرێمـە بەپیتـەکان، ئـیتر لەهـەموو ئـەو جێگایانـەش کـە خـۆراکی کـەم بـۆ لەوەڕانـدنی مەڕومالآت دەبینرێن دەتوانرێت بەرهەمی بەبەرەکەت بچێنرێتو خۆراکێکی تـەواو بـۆ دانیـشتوانێکی قـەرەبالغ بەدەسـتبهێنرێت، زەوییـە قوماوییـەکانی سـنووری (sterusa dbuchse)ی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی پیرۆز کـە بگۆڕێـت بەبەهەشـتێکی بـەپیت ئەمـە تـەنها کێشەی هێـزی خـەرجکردنی رەنجـە، لەسـەرەتای بـەهاری (١٨٩٤)دا لەپێـشانگای کـشتوکاڵی ئـەڵمانیا لەبـەرلین یـەکێك لەبەشـداربووانی کۆنفرانسەکە هەڵوەستەی لەسەر ئەم بارودۆخـەکرد کـە خـاوەن زەوییـەکانی نـاو هەرێمەکـە دروسـتکردنی پـرۆژەی ئاوڕاکێـشانو ریفـۆرمی زەوی جێبەجێناکـەنو بەمجۆرە راستەوخۆ لەبـەردەم دەرگاکـانی پایتـەختی ئیمپراتـۆردا چـەند پارچـە زەوییـەکی بـەرفراوان دەبینرێـت کـە لـەبارودۆخێکی بەکـەڵتوردان کـە بۆخۆیـان بێپیتییـەکی زۆریـان هـەڵگرتووە، لەلایـەکی تـرەوە بـەڕێگای ئامرازەکـانی کـە ئالێزاسیۆنەوە هەروەکو زەوییە لیتەکانی باکوورو باشـووری ئـەڵمانیا دەتوانرێـت زەوی قوڕاوییو دەشتی لیتە دروستبکرێتو کەلتورێك بەدەستبهێنرێت دەتوانرێت ئاوەکـان بـۆ بـەخێوکردنی ماسـی بـەکاربهێنرێتو سەرچـاوەیەکی دەوڵەمەنـدی خۆراك دەستەبەربکەن، جگەلەمە بۆ ئـەو شارانەی کـە رووباریـان نییـە فرسـەتی دروستکردنی جوانترین مەلەوانگـە پێکدەهێنرێت، چـەند نموونەیـەك دەربـارەی کاریگەرییەکانی ئـاوەدانی لـە(weissenfels)دا کـە (٧,٥)هێکـتاری بـەبـاشی ئـاودراوە،، (٤٨٠)زێنتـەر کـە یەکسـانە بـە(٥٠)کیلـۆو لـەساڵێکدا بـۆ دووجـار بەرهەمی هـەبوو، ئـەو زەوییـەی کـە (٥)هێکتاربـوو لـەپاڵ ئـەوداو ئاونـەداربوو

تـه‌نها (٣٢)زێنته‌ر بـه‌رهه‌میدا، لێـره‌دا کـاتێك بـه‌راوردی یه‌کـه‌مودووه‌م بـکه‌ین ده‌بیـنین (١,٥)قـات به‌رهـه‌می داوه، لـه‌ساکسۆنیادا لـه‌هه‌رێمی رایـسدا کـه رووبه‌ری (٦٥)ئاکیر (ئاکیر یه‌کسانه به‌١,٥ دۆنم زه‌وی) ئـاودرابوو رێـژه‌ی داهـاتی (٥٨٥٠) مـارك‌و (١١١٠٠)مارکی ده‌سته‌به‌رکردووه، بـه‌گوێره‌ی بوچـه‌نبه‌نگیر پـاش ئـاودانی زه‌وییـه قوماوییـه بێپیتـه‌کانی کـه‌ناری راسـتی لـیین بـه‌کۆی گـشتی (١٢٤٠٠٠)مارکی تیادا مه‌سره‌فکراوه‌و ئه‌م زه‌وییه که پێشتر هـیچ داهـاتێکی تیـادا به‌ده‌ستنه‌هاتووه دوای ئاودانه‌که‌ی ساڵانه داهاته‌که‌ی (٤٠٠,٠٠٠)مـارك بـووه، ئـه‌و ریفۆرمـه‌ی له‌میانـه‌ی یـه‌ك ملیـۆن کرۆنـه‌وه به‌زه‌وییـه‌کانی ئوسـترالیای خـواروو دروسـتبوو، بـه‌تێکرا (٦٠٠٠٠٠)کـرۆن له‌داهاته‌کـه‌ی زایـادیکرد، مه‌سـره‌فه‌کانی دامه‌زراوه به‌نرخه‌کان زۆربوون، به‌ڵام له‌ئه‌ڵمانیادا زۆر هه‌رێمی به‌رفراوان هـه‌بوون کـه به‌رهـه‌مێکی باشـی وایـان هـه‌بوو کاتێـك تێده‌پـه‌ڕین بـه‌هاوینێکی شـێداردا له‌هه‌مانکاتـدا زه‌وییه‌کانیـشیان قومـاوییبوو ئـه‌م زه‌وییانـه لـه‌ڕێگای ئـاودانی که‌ناڵه‌کانـه‌وه له‌ماوه‌یـه‌کی کورتـدا به‌ڕێـژه‌ی (٥-١٠)ئه‌وه‌نـده‌ی خـۆی به‌رهه‌مه‌کانیان زیادیکرد، له‌ئیسپانیادا کاتێك به‌راوردی زه‌وییه بێئاوو ئاوداره‌کان بکرێـت زۆر نموونـه‌مان هه‌یـه کـه به‌رهه‌مه‌کـه‌ی (٣٧)ئه‌وه‌نـده‌ی خـۆی زیـاتره، به‌مـشێوه‌یه ئـاو زه‌وییـه‌کان بـه‌پیت ده‌کـات‌و ئـه‌و رووبـارو ده‌ریاچـه‌و گۆلانـه‌ی له‌هه‌رێمه جیاوازه‌کان‌و ویـلایه‌ته‌کانی ئه‌ڵمانیادان هـه‌موو ساڵێـك بوونه‌تـه‌هۆی هـه‌ستانی لافـاوی مه‌ترسـیدار لـه‌گه‌ڵ شه‌پۆلـه‌کانیدا بـه‌پیتترین زه‌وی له‌گـه‌ڵ خۆیدا ده‌بات‌و ئه‌وه‌ی که ده‌مێنێته‌وه ته‌نها قوم‌وبه‌ردن‌و بۆ ساڵانێکی دووروودرێژ وا له‌زه‌وییه‌کان ده‌کات که هیچ به‌رهه‌مێکیان نه‌بێت، هه‌موو ئه‌و دارانه له‌ڕه‌گـه‌وه هه‌ڵده‌کێشێت که به‌ده‌یان ساڵه میوه‌ده‌گرن‌و به‌خێوده‌کرێن، هاوکات ئه‌م لافاوانه ماڵ‌و پردو جاده‌کان ده‌کات به‌ژێره‌وه، رێگا ئاسنینه‌کان وێران ده‌بن، ژیانی مرۆڤ ده‌بێته قوربانیی‌و ئاژه‌ڵه‌کان نامێنن، ریفـۆرمی زه‌وی هه‌ڵده‌وه‌شێته‌وه‌و ده‌وڵـه‌ت

لەناودەچێتو دانیشتوانی ئەم ناوچانە کە هەمیشە لەچاوەڕوانی هاتنی لافاودان زۆر کەم رووەك دەڕوێنن یان هیچ نایڕوێنن تاکو زەرەرمەند نەبن بەتایبەتی لەچیاکاندا ئەو دارستانە گەورانەی کە لەلایەن خاوەنی مولکدارە تایبەتەکانەوە دروستکراوە لافاو زیاتردەکەن، لەناوبردنی دارستانەکان لەسەر وشکانییەکان بەبێبوونی هیچ شتێك بۆ دابەزینی ئاستی بەپیتبوونی زەوی بەتاوان دەژمێردرێت، لەپروسیاو کارنتەنو ستێرمارکو ئیتالیاو ئیسپانیاو فەرەنساو روسایدا ئەو لافاوانەی کە بەلێشاو دێن ئەنجامی خراپکردنی دارستانی ناو چیاکان لەگەڵ خۆیاندا دروستدەکەن، لافاوەکانی رەن، ئۆدەر، وێسەل، وەك بنەمایەك گرێدەدرێن بەخراپکردنی دارستانەکانی پۆلۆنیاوە، لەئیتالیاش ئەو لافاوە بێشومارەی کە بەتایبەتی لەرووباری پۆوە دێت هەمان دەرەنجامی هەیە، بەشێکی گەورەی ئیسپانیاو نیمچە دوورگەی مادەراو بەپیتترین هەرێمی روسیا لەگەڵ بەشێکی زۆری زەوییە بەپیتەکانی ئاسیای پێشوو بەپیتی خۆیان لەدەستدا، بەڵام لەکۆمەڵگای بۆرجوازیداو لەم بوارەدا هەموو شتێك کە بکرێت وەرچەرخانێکە لەهێزی هاندانی کەلتوری ئەو هێزانەی کە سەر بەکەلتوری رووخێنەرن، بەمشێوەیە هەنگاو هەڵهێنرا بۆ دروستکردنی بەربەستی گەورە کە بەکاربهێنرێت بۆ ئەلەکتریفلیکاسیۆنی کشتوکاڵو پیشەسازیی کە رێژەیەکی زۆر ئاو لەخۆیدا کۆدەکاتەوە بەتایبەتی لەهەرێمی باڤاریادا بەئامانجی قازانجکردنی وزە بۆ ئەلکتریفیکاسیۆنی پرۆژەی هەمووجۆرە پیشەسازییەکو رێگاکانی ئاسنین، بەرێژەیەکی زۆر ئیشپێکردنی بەربەستەکانو گۆلەکانو ئەو ئاوانەی لەچیاکانەوە دێنەخوارەوە هەڵدەسەنگێنن، لەباڤاریادا کشتوکاڵی کۆن هێدی هێدی بوو بەپیشەسازییەکی مۆدێرن.

### ٣- شێوازی سەرلەنوێ بەکارهێنانی زەویوزار:

ئەم ئەرکە گەورانە تەنها بەهەڵسوکەوتێك چارەسەرناکرێن، بەڵام کۆمەڵگای تازە لەبەرئەوەی کە مۆڵەت ناداتە هیچ ئاستەنگییەكو هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەرکە کەلتورییەکانی وەك تاکە ئەرکێکی سەرەکیی تەواوی هێزو توانای خۆی بەکاردێنێت، ئەمە هەڵدەسەنگێنێت لەناو قۆناغی کۆمەڵگای تازەداو ئەو ئەرکانە پێکدەهێنرێنو ئەو بەرهەمە هزریانە دەخولقێنرێن کە ئێستا بەئەقڵی مرۆڤیشدا نایەن، بەکارهێنانی زەوی بەشێوەیەکی گونجاوتر لەوانەی کە باسمانکردن لەپێوانەیەکی بەرزتر شێوەدەگرێت بۆ زیادکردنی بەپیتوبەرەکەتی زەوییەکانو زۆر هەنگاوی تازەش هەڵدەهێنرێن، ئەمڕۆ لەرێژەیەکی زۆری زەوییەکاندا پەتاتە دەچێنرێت بۆ دروستکردنی بیرە بەرێژەیەکی بەرز کە بەکاردەبرێن لەناو ئەو خەڵکانەی کە نەدارنو داماوو سەرگەردانو خواردنەوە تەنها وشیارکەرەویە کە ئەوان بەدەستیدەهێنن.

بۆ مرۆڤە مەدەنییەکانی کۆمەڵگای تازە بەکاربردنی خواردنەوە کۆتاییپێدێت، لەپێناوی بەرهەمهێنانی ماددە خۆراکییە تەندروستدارەکاندا زەویو هێزی کار سەربەست دەهێڵرێتەوە، رواندنی قامیشی شەکرو بەرهەمهێنانی شەکر کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لەلای ئێمە ساڵانە زیاتر لە٤٠٠,٠٠٠ هێکتار زەوی جیادەکرێتەوە بۆ مەبەستی دابینکردنی شەکر بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانو سویسراو ئینگلتەرا، ئەمە پێشبڕکێیەکە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کەشوهەواکەیان گونجاوە بۆ رواندنی قامیشی شەکر، بەشێوەیەکی بەردەوام سوپاکانمان پێویستیان بەبەرهەمو هێزی گەیاندنو کشتوکاڵ هەیە، لەگەڵ ئەمەدا پێویستیان بەملیۆنان ئەسپ هەیە کە بۆ پێگەیاندنی ئەو ئەسپانە بەمەبەستی لەوەڕاندنیان زەوییەکی بەرفراوان پێویستدەکات، لەداهاتوودا کە بەتەواوی بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی

دەگۆڕێت، ئەو پارچە زەوییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە جیاکراونەتەوە سەربەست دەهێڵرێنەوە، واتە هێزی کار بۆ بەدەستهێنانی پێویستی کەلتوری لەبوارەکاندا جێگەدەگرن، لەکۆمەڵگای ئێستادا زووبەری زەوییەکی گەورەی زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەناودەبرێن‌و جێگاکانی نیشتەجێبوون وێراندەکرێن، چونکە شێوازی شەڕی گۆڕاو پێویستی بەهەرێمێکە بۆ مەشق‌و هەروەها بۆ خۆڕزگارکردن‌و بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی دوژمن، لەداهاتوودا ئەمەش کۆتایی پێدێت.

لەزووەوە گفتوگۆ لەسەر سیستەمێکی بەرفراوان بۆ چۆنێتی سوودوەرگرتن لەئاوو خاك‌و دارستان جێگای باسە‌و هیچ هەرێمێك نییە کە نەکەوتبێتە بەر باس‌ولێکۆڵینەوەوە بەشێوەیەکی زانستی لێوردبوونەوە ئەنجامدراوە دەربارەی دارستانەوانیی‌و ئاوەدانیی، کەلتوری رووەکە سەرەکییەکان‌و دەغڵ‌ودان‌و پاقلەمەنییەکان چاندنی سەوزەو میوەو چۆنێتی کەلتوری گوڵ‌و رووەکە رەنگاوڕەنگەکان‌و هەروەها رووداندنی رووەك بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ لەگەڵ ئەمانەدا لێکۆڵینەوەی زانستی کراوە دەربارەی بەخێوکردنی مەڕومالات‌و ماسی‌و بەخێوکردنی هەنگ‌و هەروەها ئەم لێکۆڵینەوانە پەینیشی گرتۆتەوە کە بەچ شێوەیەك لەپیشەسازیی کشتوکاڵیدا بەکاربهێنرێن، هەروەها ئامادەکردنی زەوی‌و ئامادەکردنی چۆنێتی تۆو چۆنێتی گۆڕانکاریی لەڕواندنداو هەروەها هەموو دامەزراوەیەکی گونجاو بۆ ئیدارەکردن‌و هەروەها هەموو ئامرازو ئامێرەکان کەوتوونەتە ناو ئەم لێکۆڵینەوە زانستیانەوە، بۆ هیچ یەکێك لەهەرێمەکان هیچ رۆژێك نەبوو کە داهێنانێکی تازە دروستنەکات لەئەنجامی باشترکردن‌و پەرەپێدانێکی زیاتردا بۆ بەکارهێنانی زەوی، لەزانستی (thaervej.v.liebig)ەوە بەملاوە کە بۆتە یەکێك لەزانستە گرنگەکان کە بەشێوەیەکی کەم دەبینرێت لەبوارەکانی چالاکیی بەرهەمهێنانی ماددیدا، بەڵام لایەنی مەترسیداری ئەم

پێشکەوتنانە، ئەوەیە کە کاتێك بەراوردی بکەین لەگەڵ بارودۆخی کشتوکاڵیماندا دەبینین ژمارەیەکی کەمی خاوەن موڵکە تایبەتەکان هەتائیستا ئەم پێشکەوتنە بەکاردەهێنن، بەشێوەیەکی گشتی بەبێئەوەی رەچاوی بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەن هەموویان بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان لامەبەستە.

بەشـێکی زۆر جووتیارانمـان کـە دەتوانرێـت بوترێـت رێـژەی (٩٩٪)یـان لەحاڵەتێکدانین کە بتوانن ئەو پێشکەوتنانە بەکاربهێنن کە لەمیانی زانستو تەکنیکەوە پێشکەشکراوە، لەتوانادا نەدارن یاخود لەئاستی زانیاریشیاندا وەك پێویست نین، یاخود لەهەردوو بوارەکەدا نەدارن، کۆمەڵگای تازە لێرەدا بەمەبەستی گەیشتن بەباشترین ئەنجام بوارێکی ئامادەکراو دەبینێت بۆ رێکخستنیان لەبواری تیۆریی‌و پراکتیکییەوە.

**٤- دەزگای دامەزراندنی دەزگای گەورەو دەزگای بچووکی بازرگانیی‌و پیشەسازیی پێشخستنی کەلتوری ئەلکترۆنی:**

لەئەنجامی کارکردنی تاکە کەسە نزیکەکانی بەڕێوەبەرایەتی‌و بەڕێوەبەرایەتی خۆیی، ئیشە بچووکەکان تەنانەت لەناو خەڵکە سۆسیالیستەکانیشدا لەگەڵ ئیشە گەورەکانـدا لـەناو پێشبڕکێیەکدان کاتێـك ئـەم فیکـرە دەپارێزرێـت خەڵکـە پسپۆڕەکان لـەزووەوە خـاوەنی بۆچـوونی جیـاوازن، تەنانـەت ئەگـەر کەسێکی لادێیـی هـەتا دواڕادە خـۆی مانـدووبکاتو ئەوەنـدەی کـە دەیـەوێت بەرهـەم بەدەسـتبهێنێت دیـسان لـەڕووی مرۆڤێکـی مەدەنییـەوە جێگـەی بـەزەیی پێداهاتنەوەیـە، لەئـەنجامی مەحرومییـەتێکی زۆرەوە لەمیانـەی زانـستو تەکنیکەوە زۆر زیاتر لەوە بەدەستدەهێنرێت کە ئەو دەیکات، بەڵام پێش هـەموو شتێك بەکارهێنانی زانستو تەکنیك بەتـەواوەتی لادێیـەکانیش دەکاتـە مرۆڤێکـی مەدەنیی، کەواتە ئەمڕۆ ئەم دەبێتە کۆیلەی موڵك.

لەئیشە گەورەکانی کشتوکاڵیدا ئەو وزانەی لەبەکارهێنانی راسیۆنالی هەموو وزەکاندا پێشکەشدەکرێن بێکۆتاییە، پێش هەموو شتێك لەناوبردنی سنووری کێڵگەو رێگاگانی لەوەراندن کە پێویستی بەپارچەکردنی موڵکەکان هەبووە، بۆتە هۆکارێك بۆ بەکارهێنانی زیاتری ناوچەکە بۆ لەناوبردنی سنوورەکان پێویستی بەکاتێکی زۆر هەبووەو پەنجا کەس کە لەئیشە گەورەکاندا جێگەی دەگرن و ئیش دەکەن لەرێگەی ئامێرەکانی ئیشکردنەوە بەشێوەیەکی راسیۆنال، ئەمانە بەرهەمێکی زۆرتر بەدەستدەهێنن لەچاو ئەو پەنجا کەسەی کە لەئیشە بچووکەکاندا جێگەی دەگرنەوە، تەنها ئیشە گەورەکانە کە دەتوانێت هێزی کارو بەرێوەبەرایەتی کار بەگوێرەی ئامانجەکانی دەستەبەربکات، لەگەڵ ئەمەدا بەکارهێنانی هەموو ئامێرە پێشکەوتووەکان و بەگەرخستنیان لەگەڵ بەکارهێنانی بەرهەمە پیشەسازییەکان و هەروەها بەخێوکردنی ئاژەڵ و م ڕوماڵات بەشێوەیەکی راسیۆنال، زۆر بەرهەمی گەورە دەستەبەردەکەن بەتایبەتی بەکارهێنانی ئیشە کارەباییەکان وزەیەکی زۆر پێشکەشدەکات لەژێر سێبەری هەموو شێوازەکانی ئیشکردن لەباخچەکاندا.

(P.mack)هەڵدەستێت بەدیاریکردنی بەکارهێنانی ئامێر بۆ پەیرەوکردنی ئیشەکانیان لەهەندێ حاڵەتدا ئەم ئامێرانە وزەیەکی زۆر دەبەخشن کە بەئەندازەی زیاتر لەهێزی ٥٠٠٠ ماین دەبێت و هەروەها لەجارێکدا کە نزیکەی (٤٠٠٠٠)مارك مەسرەف پێشکەشبکرێت، هەرزانکردنی بەرهەمی هەر هیکتارێك بۆ (٤٨)مارك مسۆگەردەکات، لێرەدا لەچاندنی رووەك و پێگەیاندنی کشتوکاڵدا کاریگەریی ئامێرەکان رەچاونەکراون، بەرهەمی زیادە لەدەغڵ ودانەدا لەرووبەکی چاندراودا (٢٠-٤٠٪)بەرهەم پێشکەشدەکات، پەتاتەو قامیشی شەکرو زۆر بەرهەمی تری لەم رەنگە کە دووبارە دەگەشێتەوەو بەرهەمی تازەی لێبەدەستدەهێنرێت، بەرهەمی ئەم جۆرە رووەکانە (٥٠٪)ی زیاددەکات، بەلام

ئەگەر بەرهەمی (٢٠٪)وەربگرین، ئەو شتەی کە جێگای باسە لەکێڵگەکاندا بۆ هەر هیکاتەرێك زیاتر لە (٥٥,٤٥)مارك بەرهەمدەهێنێت، وەك لەسەرەتاوە باسمان لێوەکرد هەر هیکتارێك (١٠٣,٤٥)مارك دەگرێتەوە، ئەگەر نرخی هیکتاری زەوی (٨٠٠)مارك بگرینەدەست ئەوا (١٣,٢\١٪)باشترین بەرهەم بەدەستدەهێنرێت، لێرەدا ئەوەی کە شایەنی باسە خولقاندنی سانترالی کارەبای پێویستە بۆ بەسەرکردنی ئیشوکارەکان بەیارمەتی ئەو، لەمەبەدواوە هەموو ئامێرەکان تەنها بەڕادەی ئیشکردنیانەوە ناوەستن، بەڵکو دەتوانن رووناکیو گەرمیش بەدەستبهێنن، بەیارمەتی پرۆژەی کارەباوە دەتوانرێت رووناکی بۆ هەموو ماڵەکانو هەموو جادەکانو گەنجینەکانو کارگەو بیناکان مسۆگەربکرێت، بەمهۆیەوە دەتوانرێت لەشەویشدا بەرهەمەکان هەڵبگیرێن.

(P.mack)پێیوایە کە لەڕێگەی خزمەتگوزاریی کارەباوە دەتوانرێت هەڵسوکەوتی (٢\١) (١٧٤١٣٠٠ دانە)ی ئاژەڵی ئیشکردن لەئیشە کشتوکاڵییەکاندا بەدەستبهێنرێت، ئەمەش لەساڵێکدا ئەنجامی داراییەکی روونمان بۆ دەردەخات کە بریتییە لە١٠٠٢٩٨٩٠٠٠، لێرەدا ئەگەر بیر لەمەسرەف بکرێتەوە بۆ هێزی کارەبایی ساڵانە بەتەواوی ٧٤١٧٩٤٠٠٠ دەمێنێتەوە.

بەکارهێنانی کارەبا لەباخچە کشتوکاڵییەکاندا سیفاتی قۆناغێکی پیشەسازیی-تەکنکیی دەبەخشێت، بەکارهێنانی کارەبا لەباخچە کشتوکاڵییەکاندا بەزۆر شێوەی جیاواز لەخشتەیەکدا ئەم ئەنجامەمان پیشاندەدات.

**ئەلکترۆناتۆر دەتوانێت ئەمانە بەگەڕبخات:**

١-ئەو ئامێرانەی کە مادە خامەکان زیاددەکات وەك:

ا-بۆ چاندن: ئامێرەکانی پاککردنەوەی دەغڵ بۆ مەبەستی تۆوکردن، جووتی ئەلەکتریکی.

ب–بۆ خەرمان‌وشەن: ئامێری ئۆتۆماتیکی (ئیتر ئامێری کۆکردنەوەی پەتاتە گەیشتۆتە ئاستێکی تەواو، سیستەمی ئاودان).

٢–ئەو ئامێرانەی مەسرەف کەمدەکەنەوە:

ا–ئامێری خەزنکردنی دەستکەوتەکان‌و میکانیزمەی خاڵیکردنەوەیان، بۆ مەبەستی عەمبارکردنی دەغڵ‌ودانی ژێرزەوی‌و بەرهەمەکانی ترو ئامێری ئەلەڤاتیۆرو ئامێری کردنە ناو گوێنی.

ب–ئامێرەکانی گواستنەوە: بەکارهێنانی ئامێری تایبەت بۆ هەڵگرتنی بارە قورسەکان لەگەڵ بانك‌و نووسینگەی گەیاندن بۆ گواستنەوەی دەغڵ‌ودان.

ج–بۆ هەڵسەنگاندنیان: بۆ مەبەستی فرۆشتن ئامێری تایبەت بۆ پاك راگرتنی.

٣–ئامێرەکانی پیشەسازیی کشتوکاڵ:

ا–ئامێر بۆ بەرهەمهێنانی کۆلا نیشاستەو ئامێرەکانی تر، پەمپی ئاو بۆ هەموو جۆرە ئامانجێك.

ب–ماندرا (گەرمکەرەوەی ئاو) ساردکەرەوەی شیر، بەستەری رۆن، ماست دروستکەر.

ج–تەستەرەی دیوار.

د–ئامێر بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل، تەستەرەکانی شریت، درێل، ئامێری داربڕینەوە.

٤–ئامێری ئامادەکردنی خواردن بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ: ئامێری وردکردنی کا، بڕەری گیا، لەتکەری پەتاتە، پەمپی ئاو، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان لەئێستادا بەکارهێنانی ئابووریی لەئامێرەکانی ئیشکردندا، لەلایەن ئەلکترۆماتۆرەوە بەمشێوەیە دەتوانرێت (١٥٪)ی کاروباری هەموو کێڵگە کشتوکاڵییەکان جێبەجێبکرێت، بۆ خەرمان کوتان‌و ئامادەکردنی بۆ هەناردن رێژەی پێویست لەدەغڵی (١٠٠)کیلۆگرامدا بەمشێوەیەیە:

جێبەجێبکرێت، بۆ خەرمان کوتانو ئامادەکردنی بۆ هەناردن رێژەی پێویست لەدەغڵی (١٠٠)کیلۆگرامدا بەمشێوەیەیە:

| | | سەعاتی کار |
|---|---|---|
| ١ | هەموو ئەو نیشانەی کە بەدەستدەکرێت | ١٠٤ |
| ٢ | لەبەکارهێنانی کەمپاینی بچووکی ئامێری دار بۆ پاکردنەوەو هەلگرتنی | ٤١,٤ |
| ٣ | لەکاتی بەکارهێنانی کەمپاینێکی کارەبایی کە خاوەنی هێزی ٢٠ ماینە | ٢٦,٤ |
| ٤ | لەبەکارهێنانی کەمپاینێکی گەورەی کارەبایی کە خاوەنی ئەلەڤاتیۆرەو ماتۆرێکە بەهێزی ٦٠ ماینو کۆکەرەوەی بەروبوومە. کە لەدوورەوە نیشتەجێدەکرێتو کاری پێدەکرێت | ١٠,٥ |

لەکاروباری کشتوکاڵیدا هیچ ئاستەنگییەك لەبەردەم بەکارهێنانی کارەبادا نەماوە، هەروەکو هێڵەکانی گەیاندنی کارەبا، ئیتر ئامێرەکانی جووتکردن کە بەکارەبا ئیشدەکەن گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز کە ئەم گاسنە کارەباییانە بەشێوەیەکی تازە دروستکراونو لەناوچەیەکی بەرفراواندا ئیشدەکەن، بەروبوومی پەتاتە لەئاستی گیادا خزمەتێکی گەورە دەکات بۆ گەیشتنی داهات بەئاستێکی بەرزتر، لەبەرامبەر ئەمەدا گاسنی کارەبایی بەشێوەیەکی قووڵ ئیشی کۆکردنەوەی ئەم بەروبومانە دەکات، ئەمە ئەو زەوییانەش دەخاتەگەڕ کە لەلێژاییدایەو ئیشکردن تیایاندا قورسە، لەکاتی بەراوردکردنی ئەسپوگاسنی دەستکردا لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینین کە مەسرەفی دوو ئاژەڵ لەبەرکارهێنانی جووتدا لەئاستێکی بەرزدا کاریگەریی هەیە بۆ هەڵسوکەوت پێوەکردن بەئیشەکەوە:

**مەسرەفی هەر ئاژەڵێك بۆ جووتكردن بە پێوەری (Morgen)**

| | ٤ | ٦ | ٨ | ١١ | ١٤ |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەسپ | ٢,٥٠ | ٢ | ٤,٢٠ | ٧,٧٠ | ١٢,٢٠ |
| ئاژەڵی بارهەڵگر | ٢,٦٥ | ٤,٦٥ | ٥,٨٠ | ٧,٩٠ | ١٠,٢٠ |
| گاسنی بەكرێ | ٦ | ٦,٧٠ | ٧,٦٠ | ٩,١٥ | ١٠,٧٠ |
| گاسنی بەكرێ | ٧,٥٠ | ٨,٤٠ | ٩,٢٥ | ١١ | ١٢,٥٥ |
| گاسنی خودمولكی | ٤,٥٠ | ٥ | ٥,٨٥ | ٧,٢٠ | ٨,٨٥ |
| گاسنی خود مولكی | ٦ | ٦,٧٠ | ٧,٦٠ | ٩,١٥ | ١٠,٧٠ |
| گاسنی كارەبایی ئەوەندەی هێزی ٤٠ ماین | ٢,٧٠ | ٢,٥٥ | ٤٦٠ | ٦,٢٥ | ٧,٩٥ |
| گاسنی كارەبایی ئەوەندەی هێزی ٦٠ ماین | ٢,٦٥ | ٢,٤٠ | ٤,٢٠ | ٥,٧٠ | ٧,١٠ |
| گاسنی كارەبایی ئەوەندەی هێزی ٨٠ ماین | ٢,٥٠ | ٢,١٥ | ٢,٩٠ | ٥,٢٠ | ٦,٥٠ |

ئاسان بەكارهێنانی وزەی كارەباو بردن‌ودابەشكردنی‌و خزمەتكردنی ئامێرە كارەباییەكان هەتا دواڕادە ساناییەو بەرووبوومێكی زۆر لەكشتوكاڵەوە بەدەستدەخات، بۆ گەیاندنی ئەم وزەیە تەنها تەلێكی باریكی بەسە لەگەڵ ئەمەشدا لەبەرئەوەی بەكارهێنانی ئامێرە كارەباییەكان پەیوەستە بەو بەرنامە كارەباییەی كە لەنێوان شارەكاندا داڕێژراوە، ئیشكردنی كارەبا لەناو باخچە كشتوكاڵییەكانداو پێشكەوتنی رووەكان دەبەسترێتەوە بەكاریگەرییەكانی كارەبا لەگەڵ كەلتوری ئەلەكترۆنیدا، لەم ساڵانەی دوایدا فیسیۆلۆژەكانی بواری رووەكی‌و ئەو ئەندازیارانەی كە توێژەكانی ئەوان دەكەنە بواری كردارییەوە زۆر بەبەرفراوانی لێوردبوونەوە دەكەن لەسەر كاریگەرییەكانی رووەكی كەلتوری بەكارەبا پێگەیەنراوە لەسەر بەرهەمو پێشكەوتنی جۆرەكانی دەغڵ‌ودان، ئەم ئەركە لەساڵی (١٩٠٦)دا لەلایەن پرۆفیسۆر (K.S.Lemstrom)ەوە توێژینەوەی لەسەركراوە، تەكنیك كەوتە ناو چوارچێوەی گەورە كەلتوری زەوییەوە، زۆرجار ئەمە ئەركداربوو لەڕووی پۆزەتیڤەوە، لەبواری نێگەتیڤیشەوە هێزێكی گەورەی كارەبایی دەهێشتەوە كە كاریگەریی لەسەر ئەمجۆر ئەزموونانە هەبووە.

ئەزموونەکانی کە بەباشی بەکاربهێنرێت لەزیادکردنی بەروبوومدا رۆڵی هەیە بۆ زیادکردنی (٣٠-١٠٠٪)هەروەها ئەنجامی رێکخستنێکی باش‌و مۆدێرینی لەبواری کورتکردنەوەی ماوەی کامڵبوون بەخشی، ئەم شێوازە لەلایەن جووتیارێکی کێڵگەناسی ئینگلیزی بەناوی نەومان لەزۆر لایەنەوە دوودڵی‌و گومانی لەسەر دروستبوو، نەومان لەسەر پەیرەوکردنی هەمان شێوازی ئۆلیڤەر لۆدیچ کە لەبواری فیزیاییدا بەناوبانگبوو سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەگوێرەی دواراپۆرت لۆدیك ئەم ئەزموونانەی کە لەسالانی (١٩٠٦)ەوە بۆ (١٩٠٨)پەیرەوی لێکراوە، کاریگەریی باشی لەسەر بەروبوومی زەوی (١٠)هێکتاری ناوچەیەك کردووە کە لەژێر کاریگەریی ئەم ئەزموونانەدایەو سەلمێنراوە کە پێنج مەتر لەزەوی بەرزترە، ئەمەش بەرزاییەکە کە یارمەتی زیادکردنی بەروبوومەکانی پەتاتە دەدات، بەمشێوەیە بەگوێرەی (Lemstrome) تەل پێویستە لە٤٠سم زیاتر دوورنەبێت لەو رووەکەی کە دەمانەوێت کاریگەریی لەسەر دروستبکات، زۆر کەسی تریش لەم بوارەدا ئەزموونیان پەیداکردووەو ئەوەیان بینی کە تەلی کارەبایی بەربوومێکی زیاتری داوە لەو گەنمەی کە بەبێ کارەبا بەخێوکراوە، بەمشێوەیە ئیشی تازە گونجاوە بۆ پێکهێنانی پراکتیکی کشتوکاڵیی‌و باخچەوانیی بۆ بەکارهێنانی گاسنێکی سوودمەند لەرووبەری (٥٠٠٠)هێکتاردا پێویست بەبوارێك دەکات کە هەموو لادێیەکان تێیدا هاوبەش بن، بۆنموونە زەوی بەکەلتور کە لەساڵی (١٨٩٥)دا بوونی هەبووە ئەگەر بکرایەتە ئیشەوە لەگەڵ وزەکانی ترو ئامێرە هەمەجۆرەکاندا لەوکاتەدا رێژەی (١٦٠٠)مارك قازانج دەکرا، بەگوێرەی روهلەندا تەنها تێکۆشانێکی سەرکەوتوو لەبەرامبەر نەخۆشییەکانی دەغلٌودان بەسە بۆئەوەی کە ئێستا ئەڵمانیا لەهێنانی دەغلٌودان رزگاربکرێت. دکتۆر سۆنەن بەرگین لەگۆڤارێکدا بەناوی رووەکەکانی کێڵگەوە باسی ئەو گەڵاڵەنامە فەرمییە دەکات کە لەهەرێمی باڤارایادا کراوە پێیوایە کە بەهۆی ئەو

گژوگیاو بیانیانەی باخچەکانیانی داگیرکردووە، هەموو ساڵێك (٣٠٪)بەرهەمی کشتوکاڵیی باڤاریا لەدەستدەچێت، لەلایەکەوە گژوگیاو بیانی دایگرتووە لەلایەکی تریشەوە گیاوگژی بیانی تیانییە. لەم خشتەیەی خوارەوەدا لەهەر ٤ مەتر زەویەك، بەرهەمێکی لەوجۆرەی کە لەسەرەوە باسمانکرد دەخەینەڕوو.

| | بەروبووم | تۆوی دەغڵ و دان | بەرهەمی سامان |
|---|---|---|---|
| **ئەو رووبەرەی کە گیای بیانی تێدایە** | ٢١٦ | ١٨٠ | ٢٣٩گرام |
| **ئەو رووبەرەی کە گیای بیانی تێدا نییە** | ٤٢٦ | ٥٢٨ | ١٠٧٧گرام |

د. رووکەر کە پرۆفیسۆری کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی برەسلایە دەڵێت: لەتەواوی ئەڵمانیادا بەهێزکردنی زەوییەکی هەستیار لەسەر بنەمای ئامارێکی کشتوکاڵیی نەکراوەو چاندنی تۆو بەکارهێنانی زەوی تەنها بەشێوەیەکی خۆسەرییانەو جاهیلانە بەهەندێك ئامێری نەگونجاوو شکاو ئەنجامدەدرێت کە بەشێوەیەکی ناچاریی بەرهەمی رەنجوماندووبوونیان زۆر بچووکدەمێنێتەوە، ئەوەی کە ئاسانبێت لەلایەن جووتیارە ئەڵمانییەکانەوە تەنانەت رژاندنی تۆوێکی راسیۆنال ناکرێت، د. رووکەر لەم خشتەیەی خوارەوەدا چۆنێتی زیادکردنی بەرهەممان پێنیشاندەدات بۆ هەر هێکتارێك لەرێگەی رژاندنی تۆو بەشێوەیەکی راست.

| لەگەڵ ئەمدا | بۆ هەر هکتارێك (کگم) کەشێوازەی راست نەکراوەتەوە | بۆ هەر هکتارێك بەکگم کەشێوازەکەی راستکراوەتەوە | بەرهەمی زیادەی تۆوی راستکراوەکان بەکگم |
|---|---|---|---|
| **کۆی بەرهەم** | ٨٠٠٠ | ١٠٨٠٠ | +٢٨٠٠ |
| **بەرهەمی دەنکەکان** | ١١٦٨٨ | ٢٨٨٥ | +١٢١٧ |
| **رێژەی سامانی گشتی** | ٦٣٣٢ | ٧٩١٥ | +١٥٨٣ |
| **قورسی هەکتۆلیتری بەرهەم** | ٧٧,٢ | ٧٨,٧ | +١,٥ |

لێرەدا ئەو تۆوانەی کە راستکراونەتەوە لەڕژاندنیاندا بەرهەمێکی تازەو زیاتر دەدەن کە بەگوێرەی تابلۆکان هەر هێکتارێك (١٢٠٠) کیلۆگرام دەغڵ دەگرێتەوە کە ئەمە نرخەکەی (١٨٠٠)مارکە، مەسرەفی راستکردنەوەی رژاندنی تۆوەکان ئەگەر وەکو (٤,٤٠)مارك حساببکرێت ئەوا بەبێئەوەی بەرهەمی دەستەبەرکراو بگرنەدەست تەنها لەهەڵسەنگاندنی دەغڵودانەوە بۆ هەر هێکتارێك داهاتی (١٧٥,٦٠)مارك بەدەستدەهێنێتەوە جگە لەوەی رومکەر لەئەنجامی زۆر ئەزموونی کشتوکاڵیدا پێیوایە کە دەتوانرێت داهات باشتربکرێتو بەرهەم زیاتر بکرێت لەڕێگەی هەڵبژاردنی باشترین جۆری تۆو بۆ هەموو زەوییەك بەگوێرەی جۆەرکان ژمارەکان بەمشێوەیەیە:

| جۆر | ڕێژەی |
|---|---|
| گەنمەشامی | ٢٠٠–٧٠٠ کیلۆگرام دەغڵ یاخود پرۆهکتەر ٢٤–٩٨ |
| گەنم | ٢٠٠–٨٠٠ کیلۆگرام دەغڵ یاخود پرۆهکتەر ٤٥–١٢ |
| جۆ | ٢٠٠–٧٠٠ کیلۆگرام دەغڵ یاخود پرۆهکتەر ٢٤–١١٩ |
| پۆلکە | ٢٠٠–١٢٠٠ کیلۆگرام دەغڵ یاخود پرۆشکتەر ٢٦–٦٥٦ |

ئەو بەرهەمەی کە بەشێوەیەکی زیادە لەڕێگای راستکردنەوەی رژاندنی تۆوەوە بەدەستدەهێنرێت ئەگەر لەگەڵ هەڵبژاردنی تۆوێکی باش بیگرینەدەست ئەوا تەنها لەبەرهەمی گەنمدا دەتوانرێت لەهەر هێکتارێکدا (١٥٠٠–٢٠٠٠) بەرووبووم زیادبکرێت کە دەکاتە زیادبوونی (٢٢٠–٢٩٥)مارك، لەنووسینێکدا بەناوی داهاتووی کشتوکاڵی ئەڵمانیا لەکاتێکدا کە زەوی دەهێنرێتە حاڵەتێکی بەپیتوگونجاو بەڕێگای بەکارهێنانی پەینی تێروتەسەلو تەواو کە پڕبێت لەفۆسفاتی سوپەرو ئەسینی فۆسفۆر ئەوە دەسەلمێنرێت کە چەندە بەرهەمێکی زۆرتر لەهەموو بوارەکانی کشتوکاڵیدا بەدەستبهێنرێت، لێرەبەدواوە لەهەر هێکتارێك لەزەوی گەنم چاندندا دەتوانرێت بەرهەمێکی دەوڵەمەند بەدەستبهێنرێت، ئێستا لەبەشێکی گرنگ زەوی گەنم چاندندا بۆ بەرهەمهێنانی گەنم دەتوانرێت پەین بەکاربهێنرێت بەشێوەیەکی کە گەنمی هەرزانو گەنمی

بەنرخ جیاکرانەوە سێ بەشی جۆری گەنمەشامی کە باشترینیانە بەرهەمهاتووە، ئێستا لە٧,٩ ملیۆن هێکتاردا ئەو دەغڵودانەی کە چێنراوە بەتێکڕای زەوییە بەکارنەهاتووەکانەوەو (١,٥)ملیۆن هێکتار زەوی گیایی، دەشتە لیتەکان زیادیکردووەو لەگەڵ هەرێمی چاندنی گەنم بەرێژەی (٩,٤) ملیۆن هێکتار، دەیتوانی بگاتە زیادبوونی بەرهەمی دەغڵێك کە نانی لێوە پەیدابێت بەرێژەی (٢٥١,٩٢)ملیۆن سالانە هەر کەسێك کە (١٧٥) کیلۆگرام لەم بەرهەمە سەرفبکات ئەوا بەکۆی گشتی دەتوانرێت دەغڵی نان بۆ (١٤٤)ملیۆن مرۆڤ دەستەبەربکرێت، لەئاماری ساڵی (١٩٠٠)دا دانیشتوانی ئەڵمانیا بەتەواوەتی (٥٦٣٤٥٠٠٠)ملیۆن بوون، لێرەدا بارودۆخی تەکنیك و زانستی ئەوکات لەگەڵ زەویدا گونجاوبووە بۆئەوەی کە بەرهەمی دەغڵ بەدەستبهێنرێت بەئەندازەی دووقات و نیوەی دانیشتوان، ئەڵمانیا لەشێوەی ئێستایدا کە ئابووریی مولکییەتی تایبەتی پارچەکراوە ناچاربووە کە هەستێت بەهێنانی پێویستییەکانی دەغڵی نان بەرێژەی (٩\١١) لەژێر شێوازی ئابووریی هەنووکەیدا تەنها لەرێژەیەکدا بەرهەمهێنانی نرخی ماددە خۆراکییەکان ئەوەندە بەرزدەبێتەوە کە زۆربەی مرۆڤەکان توانای کڕینیان نامێنێت، بەمشێوەیە بەرهەمی دەغڵی نان نەگەیشتۆتە ئەنجامی خۆی کە تەنها لەقۆناغی کۆمۆنیستدا دەتوانێت بگاتە ئەم ئەنجامە، بێگومان ئەو نووسەرانەی کە باسمانکردن هیچ بیر لەمەناکەنەوە، بەگوێرەی سەرژمێریەك کە ئەوان کردوویانە لەگەڵ گونجانی کلتوری بەرفراوان لەکشتوکاڵی ئەڵمانیادا دەتوانرێت بەرهەمێکی زیاتر بەدەستبهێنرێت.

| | |
|---|---|
| دەغلی نان | ١٤٥,١ ملیۆن دانە |
| پەتاتە | ٤٤٤ ملیۆن دانە |
| فاسۆلیاو ماش و پاقلە | ٧٨,٧ ملیۆن دانە |
| گیای چا | ١٤٦,٢ ملیۆن دانە |
| ئامێردکانی خواردن و گیا | ١١٠ ملیۆن دانە |
| رووەکی خۆردر | ٢٢٦ ملیۆن دانە |

بەگوێرەی ئەو پێشنیازانەی کە لەلایەن (Mack)ەوە کراوە بۆ پەیرەوکردنی ئیشە کارەباییەکان و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو قازانجەی لەئیشی ئاژەڵیدا

بەدەستدەهێنرێت دەبینین کە گرنگیی بەخێوکردنی ئاژەڵەکان زیاتردەکات یاخود لەبەرئەمە بەمادە خۆراکییەکانی مرۆڤ دەتوانرێت زەوی دەوڵەمەندبکرێت، بواری چالاکییەکی کشتوکاڵی تر دەتوانرێت لەئاستێکی تردا سوودی لێببینرێت بەرهەمی هێلکەو پێگەیاندنی پەلەوەر لەئەڵمانیادا ساڵانە بەرێژەی (١٤٩,٧)ملیۆن مارك دەدرێتە هێلکەی هاوردە، هاوکات پەلەوەرە زیندووەکان هاوردە دەکرێن و ساڵانە لەبەرامبەر (٤٠)ملیۆن ماركدا کە بەخێوکردن و راگرتنیان هەتائێستا لەسەر شێوازێکی کۆنە، پەیوەست بەئیشە گەورەکانەوە رێکخستنی جێگاکانیان و پاك راگرتنیان و دابینکردنی خواردن و خواردنەوەیان بەواتای سەرفکردنی کەرەستەو هێزێکی زۆر نایەت، لەم رووەوە بەشێوەیەکی تازەگەریی دەتوانرێت باشترین سوودیان لێوەربگرێت، بۆنموونە بەشێوەیەکی زۆر هەڵە رێکخستنی خواردنی ئاژەڵەکان ئەنجامدەدرێن، لێرەدا دەبێ بزانین کە پاك وخاوێنی و هەواگۆرکێ و رووناکی بەئەندازەی مرۆڤ بۆ ئاژەڵیش پێویستەو لەڕاستیدا کاریگەریی باشیان لەسەردەکات کە گوندنشینێکی سەدەی بیستەم هێشتا لەم راستییە ئاگادارنییە، بەمشێوەیە لەژێر بارودۆخێکی نوێ و تەندروستدا بەرهەمهێنان و قازانجکردنی گۆشت و هەنگوین و هێلکەو پەنیر و رۆنەکەرەو شیر شتێکی سروشتییە، لەدەرەوەی ئەو بەرهەمە چاندییانەی کە لەمیانی توانا و لێهاتوویی ئامێر و مرۆڤەوە لەئێستادا بەکاردەهێنرێت دەغڵ ودانیش بەڕادەیەك کەپێشبینی ناکرێت پێشدەکەوێت خانووی شووشەو هۆڵە گەورەکانی پاراستنی کشتوکاڵیی هۆکارێکن بۆئەوەی کە دەغڵ ودان لەناو هەموو کەش وهەوایەکدا بەرهەمبهێنرێت و بەشێوەیەکی خێرا بەرهەمەکانی بەدەستدەهێنێت، ئەمرۆ بەگوێرەی (V.d.Goltze) لە (Mecklenburg)دا تەنها لەکاتێکدا کە دەغڵ ودان بۆی نایەت بەرووبوومی (٨-٩) ملیۆن مارك وێران دەبێت و هەروەها لەهەرێمی (Konigsberg)دا بەرهەمی (١٢-١٥)ملیۆن مارك لەدەستدەچێت.

## ٥- پێگەیاندنی ڕەزو باخچە لەداهاتوو:

کەلتوری دروستکردنی باخچەو میوە لەداهاتوودا بەشێوەیەك پێشدەکەوێت‌و بەرهەمەکەی زیاددەکات کە لەڕابردوودا هەرگیز ئەم پێشکەوتنەی بەخۆوە نەبینیووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەڵمانیا خاوەنی زەوییەکی بەپیت‌و کەش‌وهەوایەکی گونجاوە بۆ پێگەیاندنی میوەو بەتایبەتیش بۆ سێو، بەڵام هەموو ساڵێك بەمەبەستی هێنانی میوە لەدەرەوە بۆ ناوەوەی وڵات زیاتر لە٤٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن مارك خەرجدەکرێت‌و هەروەها زیاتر لە٢٠ ملیۆن مارك دەدرێتە میوەی وشك، ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە چەندە گوناهکارین دەربارەی بەرهەمهێنانی میوە لەوڵاتەکەماندا، لەئەڵمانیادا چەند جێگایەکی وك وێرتەمبورگ بەناوی میوەوە ناونراون کە لەخودی ئەم ناوچانەشدا بارودۆخی داری میوەکان زۆرخراپن کە لێرەدا بۆ جوڵانەوە لەبواری کشتوکاڵیی‌و باخچەچێتیدا هەرێمێکی گەورەمان هەیە کە کەلتوری ئەو میوانەی لەچاخی سەرەتادابوون هەر بەهەمانشێوەبوون.

هەموو وەرزەکان دەتوانرێت بەپێوانەیەکی گەورە بەرهەمی میوەو سەوزە بەدەستبهێنرێت لەڕێگای دابینکردنی شێ‌و گەرمی دروستکراوەوە لەهۆڵە گەورەکاندا، لەشارە گەورەکانماندا لەناوەڕاستی سەختترین زستاندا دوکانەکانی گوڵفرۆشتن خاوەنی زۆر گوڵی ڕەنگاوڕەنگن کە ئەو گوڵانە لەهاویندا دروێنرێن، دەتوانرێت باخچەی دروسکراو بۆ میوەش پێشبخرێت، بۆنموونە هاوپووتی بەڕێوەبەری باخچەی سیلەزیا هەستا بەدروستکردنی باخچەیەکی دروستکراو، ئەم نموونەیە سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشاو لەوڵاتانی تردا بەتایبەتیش لەئینگلتەردا پێشەنگی ئەم ئیشە هەبووە. سەبارەت بەچۆنێتی بەرنامەو ڕێکخستن‌و دارشتن‌و ئەنجامەکانی ئەم باخچەیە (ossichen zeitung) لە (٢٧)ی ئەیلولی ساڵی (١٨٩٠)دا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشانە باسی

لێوەدەکاتو منیش بەپێویستی دەزانم کە هەندێك رستەبڕی لەوتەکانی بکەمو لێرەدا بیانخەمەڕوو.

ڕۆژنامەکان بەمشێوەیە دەنووسن: لەزەوییەکی (٥٠٠)مەتریدا خانوویەکی لەجام دروستکراو بەرزییەکەی (٤,٥-٥)کە ڕوویکردۆتە باکوورو باشوورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا کە چەند دیرەکێك لەناو خانووەکەدا چەقێنراوە کە پێکهاتوون لە(١٢)ڕیزو یەك مەترو (٨)سم لەڕێگەی بۆرییەکەوە کە (٢٥)سم ئەستوورییەکەیەتی هەواگۆڕکێ لەژوورەکەدا دروستدەبێت، زەوییەکە چەند مادەیەکی تێکەڵەی لەسەر ڕۆکرابوو وەك قومو ئاردی ئێسقانو پەینو هەروەها خوێی پۆتاسیۆم کە بەم مادانە زەوییەکە بەخێودەکرا هێنرابووە ئاستێکی گونجاو بۆ پێگەیشتنی باخچەیەکی کامڵ، (هاوپووت)پێیوایە کە باشترین جۆری ترێو بەنرخترینیان بەدەستدەهێنێت، لەم خانووەدا بەشێوەیەك بەرهەمە باشەکانی نیسکەتو بۆرگوندە، ترامینەر، ریزلینگ بەرهەمدێت، ئەمە جگە لەو چەند کونەی کە لەدیوارەکانیدا هەبووە بۆ هەواگۆڕکێ لەژێر سەقفەکەیدا چەند قەباغێك بۆ هەواگۆڕکێی ناوخۆ دانرابوو، کە ئەو قەباغانە هەموویان لەئاسن دروستکرابوون، هەروەها پارێزگاریی دەکرد لەڕەشەباو کەشوهەوایەکی نالەبار لەدەرەوە.

بەمەبەستی ئاودانی نەمامە ترێکان (٢٦)جێگەی ئاودان دەبینرێت کە گرێدراون بەسۆندەی لاستیکەوە بەشێوەیەك کە سۆندەکە (١,٢٥)م ئاوەکە لەسەرەوە بەرەو خوارەوە رادەکێشێت بۆ سەر زەوییەکان، بەلام (هاوپووت)سەبارەت بەئاودانی ڕێگایەکی زیرەکانەی تری دۆزیوەتەوە کە دەتوانرێت خێراترو زوتر ئاویان بدات، ئەویش ئامێرێکی بەکارهێنا بۆ دروستکردنی بارانو دابارین بەسەر زەوییەکەدا کە چوار بۆری درێژو هێڵی سەرەکیی داناو لەنێوان هەریەکێکیاندا کەوانەیەك دانرابوو کە لەمیانەی ئەو کەوانەیەوە چەند کونێکی بچووك دابینکرابوون، ئەم کونانە بەشێوەی هێڵی باریك ئاوەکە هەڵدەپرژێنن بەرەو

سەرەوە، بەهۆی سۆندەی لاستیکەوە هەموو جارێك لەماوەی چەند سەعاتێکدا باخـــچەکە ئاودەدرێـــت، ســـەبارەت بەگەرمکردنـــەوەش بەبێئـــەوەی هـــیچ گەرمکردنەوەیـــەك دروســـتببێت تـــەنها زیـــادبوونی گـــەرمیی سروشـــتی ماڵەکـــە بەرزدەبۆوە بۆ سەرووی (٨–١٠)پلە سەرووی گەرمی دەرەوە، بەمشێوەیە باخچە دروستکراوەکان لەڕێگەی دیوارو سەقفو جامەکانەوە دەپارێزرێن لەدژی بـارانی ناپێویستو تـەرزەو رەشـەباو سـەرما، ئەمانـە تـەگبیری پێویستیان دانـاوە بـۆ هاوسەنگی بارانو پێویستی ئاودان، خاوەنی باخێك بەمشێوەیە خۆی کەشو هەوا بۆ باخەکەی دروستدەکاتو ئەو شتەی کە هەرەشە لەلەناوبردنی میـوەو سـەوزە باشەکان دەکات ئەو کەشوهەوا خراپەیە کە سروشت دروستیدەکاتو شێوەکەی دیاریکراونییـــەو رادەی گونجانیـــشی لەگـــەڵ باخـــچەکەدا دیارنییـــە کەچـــی بەسەردێنێت.

ئەو شتەی کە (هاوپووت) چاوەڕوانیدەکرد بەدیهاتو لەهەرێمێکی گەرمدا باشترین ترێیان بەدەستهێناو بەتامترین ترێی پێگەیشتوو کە شەکرێکی تـەواوو رێژەیـەکی کەمی ئەسـیدی تیایـدابوو بەدەسـتهات، بەهەمانشێوە سـاڵێکی پاشـترو لەسـاڵی (١٨٨٧)دا کە بەبێ فەرترین ساڵ دەژمێردرێـت باشـترین تـرێ بەرهـەمهێنرا، لـەم جێگایانـەدا لەجێگـەی گـەڵا دارەکـانیش بـۆڵ بـۆڵ ترێیـان پێـدا شـۆڕببووەوە بەڕادەیەك کە لەساڵێکدا نزیکەی (٢٠)هێکتار لیتر شـەرابی لێـدەردەهێنرا، دارایـی ئەو شەرابەی کە لەباشترین رەگەز زیاتر لـە٤٠ پیفینینـگ ناگرێتـەوە (پیفینینـگ: جۆرێکی پێوانەی رووبـەری زەوییـە) ئـەم بەرهەمانـە هـیچ بـارودۆخێکی وەهایـان دروستنەکردووە کە رێگریی بکەن لەکاروباری کارگەکاندا، بەهەمانشێوە خـانووە شووشـەکان هـەمان ئەنـدازەی هـەواگۆڕکێو ئـاودانو پلـەی گـەرمیی بـارانی بـۆ دیاریدەکرێت، لەساڵی (١٨٨٨)دا (هاوپووت) بەسـەنتەری مانـدانی باخـچەچێتی، دەڵێت: من سوودێکی زۆرم لەکۆنفرانسی باخـچەوانیی وەرگـرتو هەنـدێ بابـەتی

تەکنیکم وەرگرت بۆ باخچەکەم کە ئیتر لەتەواوی ئەڵمانیادا ئەم باخچەیە کەلتورێکی سوودمەندبوو لەخاکی دروستکرد، ئەویش بەپاراستنی لەژێر شووشەداو تێرکردنی ئەم زەوییە بەمادە پێویستییەکانو (هاوپووت)دەڵێت: من دەمەوێت ئەم کەلتورە بەباخچەی داهاتوو پێناسەبکرێت.
پاشان نووسەر باس لەچۆنێتی ئەو شەرابە دەکات کە لەم باخچانە دروستدەکرێت، (هاوپووت)لەنێوان مانگی نیسانو مایسدا هەڵدەستێت بەرِوواندنی نەمامی ئەو گوڵانەی کە گوڵی رەنگاورەنگ دەگرن، لەگەڵ ئەمەشدا هەستا بەرِواندنی هەڵوژەیەك کە شێوەیەکی جوانی هەبێت لەخانوویەکی شووشەدا، ئەو وڵاتانەی کە گرنگییەکی گەورەدەدەن بەبەخێوکردنی میوە بەمشێوازە لەئێستادا لەسەرووی هەموویانەوە بەلجیکا دەبینرێت، بەڵام لەئەڵمانیادا شێوازی ئەم کەلتورە زۆر بەئاشکرایی دەبینرێت، بۆنموونە لەبەرهەمهێنانی میوەی ئەنەناسدا بۆ کەلتورە جۆرەبەجۆرەکانیش هیچ ئاستەنگییەك لەبەردەم دارِشتنە هاوشێوەکاندا نابینرێت، بەمجۆرە بۆ بەدەستهێنانی زۆر بەرهەمی زەوی دەتوانرێت دەستکەوتێکی سێ قات بخوڵقێت، لەرِۆژی ئەمرِۆماندا ئەمجۆرە هەنگاوانە خۆیان وەك کێشەیەکی بێپیتبوونی زەوی دەبیننەوەو بەرهەمەکانی ئەمانە تەنها دەگاتە ئەو کەسانەی کە هێزی کرِینیان هەیە، لەکۆمەڵگای سۆسیالیستدا جگە لەهێزی کارکردنی تەواو هیچ کێشەیەکی تر نابینرێتو ئەگەر هێزی کارهەبێت ئەوکاتە ئیشەکان لەسوودی هەموو کەسێکدا بەئەنجام دەگەیەنرێن.

## ٦-بەربەستەکان لەبەردەمماندووکردنی زەویدا:

تەنانەت لەژێر بارودۆخی هەنووکەییدا دەبینین کە چۆن گۆرِانکارییەك لەبارودۆخی تێرکردندا ئامادەیە، بەڵام تەواوی بەکارهێنانی ئەم ئاشکراکردنانە هەتا دوارِادە

لەسەرخۆیە، چونکە چینە بەهێزەکان ئەوانەی خاوەنی زەوی گەورەن و هەروەها ئەو بنەما کۆمەلایەتییانەی کە ئەمان پێیانوایە سوودمەنترین زیندەوەر لەمانە دروستنابێت، ئەگەرچی لەرۆژانی هەینی سەرەتای بەهاردا لەهەموو کلێسەکاندا خەلکیی نزا دەکەن بۆئەوەی حاسلاتی بەرهەمیان باشبێت، بەلام پیاوە ئاینییەکان کە لەفلۆریاندا دوعا دەکەن دەپارێنەوە لەخوا کە مالەکانیان بپارێزێت و جگە لەمالەکانی خۆیان مالی ئەوانی تر بسووتێنێت، چونکە پێیانوایە کە ئەگەر حاسلاتی بەرهەم لەهەموو جێگایەکدا باشبێت ئەوا بەشێوەیەکی نائاسایی نرخی شتومەکیش دادەبەزێت و گەورەترین ترسی خاوەن زەوییە گەورەکانیش لەمەدایە.

ئەو شتەی کە سوود بەهەموو کەسێك بگەیەنێت بەپێچەوانەوە بۆ ئەو بەواتای زەرەرگەیاندنە بەخۆی و کۆمەلگاکەمان لەهەموو جێگایەکدا لەگەل خۆی لەناکۆکیدایە بۆ دابینکردنی بەپیتی و گونجاندنی زەوی بۆئەوەی کە هەمیشە بەرهەمی باشبدات، یەکەم هەنگاو پێویستی بەپەینێکی تێروتەسەل هەیە، بەمهۆیەشەوە بۆ کۆمەلگای تازەش بەدەستهێنانی پەین یەکێکە لەگرنگترین ئەرکەکان بۆ مرۆڤەکان و خواردن چیبێت بۆ زەویش پەین هەمان پێویستییە، هەروەك چۆن هەموو خۆراکێك بۆ مرۆڤ هەمان سوودنابەخشێت، هەموو پەینێکیش بۆ زەوی هەمان نرخیان نییە. پەینی کیمیایی بەگوێرەی رەگەزی ئەو بەرهەمە دیاریدەکرێت و پێویستە رێژەی زیادکردنی رەگەزی کیمیایی بەقەد رێژەی زەوییەکان بێت، بەمهۆیەشەوە لێکۆلینەوەی کیمیاگەریی و جێبەجێکردنی ئەمە لەبواری کرداریدا دەگاتە ئاستێکی بەرفراوان کە لەمرۆدا ئەو ئاستە نابینرێت، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ماددانەی بۆ جیهانی مرۆڤایەتی و جیهانی ئاژەلەکان پێویستن پێویستە سەرلەنوێ ئەو شتانە بەرهەمبهێنرێتەوە کە رۆژانە بەکاردەهێنرێت، لێرەدا بۆ سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە یان رەگەزەکانی

کیمیاگەریی گرنگە بەگوێرەی کیمیا دەتوانرێت ئیشبکرێت بۆ گەیشتن، بەئامانج و دابینکردنێکی تەواوی ئەمانە کە لەئێستادا لەم بوارەدا زۆر گوناحکراون بەتایبەتی هەرێمە پیشەسازییەکان‌و شارەکان رێژەیەکی زۆری مادده خۆراکییەکان وەردەگرن، بەڵام پاشەڕۆیەکی کەم واتە بەشێکی زۆر کەم لەو ماددانە دەگەڕێنەوە بۆ زەوی کە پێیدەڵێن پاشەڕۆ، لەئەنجامدا ئەو جووتیارانەی کە هەموو ساڵێك بەشێکی گەورەی بەرهەمەکانیان دەنێرن بۆ ئەو هەرێمە پیشەسازییانەو بۆ ئەو شارانەی کە لەدووری ئەوانن ئەم جووتیارانە کەموکورییەکی زۆریان هەیە لەبواری پەینەوە، چونکە بەزۆری ئەو مرۆڤو ئاژەڵانەی کە لەناو کێڵگەکاندا دەژین مادە پەینییەکانیان بەس نییە، چونکە بەشێکی بەرهەمەکانی زەوی بەکاردەهێنن، هەر بەمهۆیەشەوە لەجیاتی پەینی سروشتی ئەگەر پەینی دروستکراو رۆنەکرێتە سەر زەوییەکان سیستەمێك دروستدەبێت کە زەوییەکە لاوازدەکات‌و بەرهەمەکانی کەمدەکاتەوە، ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمەکانی زەوی خەرجدەکەن بەڵام مادە پەینییەکان ناکڕن پاشان بەهۆی هەژاریی زەوییەوە وەك ناچارییەك هەرەسدەهێنن، لەم رووەوە ماجەرستان، روسیا، بەمشێوەیەن: (Liebig)لەناوەڕاستی سەدەی رابردوودا هەستا بەپێشخستنی بەرهەمی مادە پەدەگەکان بۆ زەوی کشتوکاڵیی، لێرەوە فێری مادە پەینییەکان بوون ( lupitzو schulze)سەرەڕای ئەوەی پەینی کیمیاییان نەداوەتە هەندێك رووەکی دیاریکراو بەڵام دیسان ئەو زەوییە بۆخۆی پەینێکی لەناوخۆدا دروستکردووە، بەڵام ئەم چارەسەریی‌و روونکردنەوانە باوەڕێکن لەهاوشێوەی باوەڕی(هەڵ رایگ)ئەگەر کشتوکاڵی زانستی لەکاتی (Liebig)ەوە هەتائێستا لایەنێکی کیمیایی کشتوکاڵی پێکهێنابێت لایەنەکەی تریشی بەکترۆیۆلۆژی کشتوکاڵیی پێکهێناوە، لەسەرووی ئەمانەوە ئەڵمانیا خاوەنی پۆتاسیۆم‌و هەروەها (Thomassurufu)خاوەنی زۆر سەرچاوەی

پەینییە وەك ئەسید فۆسفۆرو سوپەر فۆسفات لەگەڵ باش بەکارهێنانی زەوی بەکارهێنانی ئەمانە بەشێوەیەکی راست بەرهەمێکی زۆر لەمادە خۆراکییەکان مسۆگەردەبێت، سەبارەت بەگرنگیی مادە پەینییە دروستکراوەکان، ئەڵمانیا لەساڵی (١٩٠٦)دا بڕی (٣٠٠)ملیۆن مارك لەم پەینەی بەکارهێناوە کە پێکهاتوون لەمادەکانی وەك پۆتاسیۆمو سوپەر فۆسفات کە گرنگترین مادەی پەینی مادەی ئازۆتە، چەندە کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت دەتوانین لەم ئامارەدا بیبینین بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی (Wagrer)بەرهەمی کێڵگەیەك لە (هەسەندە)کە کەمیی پەین لەگەڵ ئەوەی کە رێژەی ئەسیدی فۆسفۆر (١٧٪)بوو رێژەی پۆتاسیۆم (١٩٪)ی کەمبوو رێژەی کەمیی ئازۆت تیایدا (٨٩٪)بوو، بەهۆی ئەم ئەزموونەوە دارایی ساڵێك لەسەرووی یەك هێکتارەوە حسابکراوە بەمشێوەیە:

لەکاتێکدا کە پەین دەکرا لەئەڵمانیادا (٩٦)مارك کەمی پۆتاس لەپەینەکەدا ئەگەر هەبێت ئەوا (٦٢)مارك ئەگەر کەمیی ئەسیدی فۆسفۆر هەبێت (٤٨)مارك هەروەها ئەگەر کەمیی ئازۆت هەبێت (٥)مارك، ئەوا دابینکردنی پێویستییەکانی دەغڵوپەتاتە جێبەجێنابێت، لەگەڵ ئەمەشدا توانای زیادبوونی رێژەیەکی گەورە لەخەرجیدا حسابکراوەو سەرچاوەی سەرەکیی مادەدە پەینییەکان پێکهاتووە لەسەرچاوەی پاشەڕۆیەکانو مادە کیمیاییەکان، لەم ساڵانەی دواییدا پێویستییەکانی ئازۆت لەئەڵمانیاو فەرەنساو ئینگلتەرادا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا زیاد دەبێت، (William crookes)ی کیمیاگەری ئینگلیز لەساڵی (١٨٩٩)دا ئەم کێشەیەی وروژاندو لەماوەیەکی کورتدا وەك کێشەیەکی سەرەکی ناسرا، بەم پێیەش ئەو وەکو کێشەیەکی گرنگی کیمیاگەری کە چارەسەری کێشەی بەرهەمی ماددە پەینییەکانی ئازۆت دەکات هەڵیسەنگاندن قورسایی رێژەی هەوا لەسەر جێگەیەکی (١)سم بەتەواوی یەکسانە بە(١)کگم، ئەگەر لێرەدا وا ئاماژەی پێبدەین کە (٤\٥)ی ئەم پێکهاتووە لەئازۆت

ئەوا دەتوانین بڵێین: کە ڕێژەی ئازۆت لەکەشوهەوای جیهاندا یەکسانە بە(٤٠٠٠)ملیۆن تەن لەبەرامبەر ئەمەدا بەهۆی پاشەڕۆکانەوە ئەم ڕێژەیە دەبێتە (٣٠٠)هەزار تەن، لەم واتەیەدا ئەگەر هیچ یەدەگێك بۆ ئازۆت نەبینرێت پەیوەستبوونی کیمیاگەریی ئەو بەسە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ (١٤)هەزار ملیۆن ساڵ، لەمرۆدا ئەم ئەرکە شیکراوەتەوەو هێشتا لەساڵی (١٨٩٩)دا (A.frank)و (caro)بەکارلێکی ئازۆتی هەوا لەگەڵ کابیدی کالیسیۆم لەپلەیەکی گەرما بەرزدا زیانامیدی کالیسیۆمیان بەرهەمهێنا کە (١٤-٢٢٪)ئازۆتی دەگرتەخۆی، مادەی پەینی تازە بەناوی ئازۆتی کاربیدی کالیسیۆم خرایە بازارو بواری بازرگانییەوە، بەڵام ئەم هاوکێشەیە تەنهانەبوو.

(C.Birkeland)و (Eyde)ی نەرویجی لەساڵی (١٩٠٣)دا لەڕێگای کارەباوە هەستا بەسووتانی ڕاستەوخۆی ئازۆتی ناوهەواو بەمشێوەیە گۆڕی بەپەیین، ئەم پەینە کاتێك کە دەکرێت بەزەویدا باشترینو زۆرترین بەرهەم دەردەخات، بەرهەمی ئەم پەینە لەئەڵمانیدا وەکو پاشماوەی (نۆرگا)لەبازاڕەکانی پەینی ئەڵمانیادا دەناسرێت، (Ottsohnlen)لەساڵی (١٩٠٥)دا هاوکێشەیەکی تری بینییەوە کە لەڕووی تەکنیکییەوە بەهێزتربوو لەکاتی بەراوردکردنی هاوکێشەی (Eyde)دا جگە لەهێزی کارەبایی تەنها کەرەستە هەرزانەکان واتە ئاوو بەرد لەبەردی گیراچ پێویستدەکات لەگەڵ ئەمەشدا بۆ بەرهەمهێنانی ئازۆتی کیرەچی خەڵووزیش پێویستدەکات، ئازۆتی پێویستیش بەشێوەی هەوا بەکارناهێنرێت، بەپێچەوانەوە پێویستە جیابکرێتەوە بەتایبەتی لەهەوادا، بەمشێوەیە مادەیەکی تری پەینی کشتوکاڵیی بەدەستهات کە ئەم مادەیە تەنها بەشێوازێکی تەکنیکی پیشەسازیی بەرهەمدەهێنرێتو بەشێوەیەکی بێ سنوور ڕێژەکەی زۆرە.

بەگوێرەی (A.muller) مرۆڤێکی کاملی وەها کە تەندروستی ئاساییبێت

لەساڵێکدا نزیکەی (٤٨,٥)کگم پاشەڕۆی رەق فرێدەدات، هەروەها (٤٣٨)کگم پاشەڕۆی شل فرێدەدات. ئەگەر بتوانرێت ئەم ماددانە بەکاربهێنرێت ئەوا دەتوانرێت نرخەکانی پەین نزیکەی (٥,١٥)مارکی بۆ بگەڕێتەوەو گەورەترین زەحمەتی لەکۆکردنەوەو سوودبینینێکی تەواو لەم جۆرە مادانە پەیوەستن بەخەرجییەکی گەورەو سیستەماتیزەکردنی کۆکردنەوەیان بەشێوەیەکی بەرفراوانو گونجاو لەسەر بنەمای ئامانجێك، بەشێکی گەورەی پاشەڕۆی شارەکان دەڕژێنرێنە دەریاوەو دەریاکان پیسدەکەن، بەهەمانشێوە پاشماوەی چێشتخانەکانو پاشماوەی پاککردنەوەی جێگاکانو ئەو شتە زیادانەی کە وەك خۆڵوخاشاك دەبینرێن بەبێ بیرکردنەوە بەهیچ ئامانجێك بەکارناهێنرێن، لێرەدا کۆمەڵگا ئەو رێگاو ئامرازانە دەبینێتەوە کە لەدژی ئەمجۆرە مەسرەفانە بکرێن ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی ئاسانتر چارەسەردەکرێ، ئەویش بەهۆی سیستەمکردنی دانیشتوانی شارە گەورەکانەوەدەبێت کە هێواش هێواش دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت.

## ٧-نەهێشتنی تێکەڵ و پێکەڵییەکانی نێوان شارو شاخ:

پێکهێنانی شارە گەورەکان لەمڕۆدا لەلایەن هیچ کەسێکەوە وەك بەرهەمێکی تەندروستدار نابینرێت، بەشێکی گەورەی جەماوەر بەشێوەیەکی بەردەوام وەك دانیشتوانی سیستمی ئابووریی و پیشەسازیی باڵادەست بەرەو شارە گەورەکان دەکشێن، ناوەندی گشتی بازرگانیی و پیشەسازیی لەوێدایە، رێگاکانی گەیاندن لێرەدا پێکدەگەن، خاوەنی سەروەتە گەورەکان ئەفسەرە پلە بەرزەکان، فەرمانبەرە ناوەندییەکان ئەکادیمیاکانی هونەر، جێگای ئاهەنگو خۆشییەکان، پێشانگاکان، مۆزەخانەکانو هۆڵەکانی کۆنسێرتو شانۆگەرییەکان هەموویان لەشارە گەورەکاندان، بەهەزاران کەس بەهیوای پیشەکانیانییەوە بەهەزاران

کەسی تر تەنها بۆ خۆشییەکانیان و زۆر خەڵکی تریش بەو هیوایەی داهاتێکی باش بەرێگەیەکی ئاسان پەیدابکەن، دەکشێن بۆ ناوشارەکان، بەلام لەکاتێکدا بەشێوەیەکی مەجازی گوزارشت لەپێکهاتەی شارە گەورەکان دەکرێت، وێنەی مرۆڤێك لەخەیاڵی مرۆڤدا دروستدەکات کە رۆژبەرۆژ ورگی زلدەبێت و بەرامبەر زلبوونی ورگی هەتادەچێت رۆژبەرۆژ قاچەکانی باریکدەبنەوەو لەئەنجامدا توانای هەڵگرتنی بارێکیشی نامێنێت، هەموو ئەو لادێیانەی کە هەموو پرۆلیتارییەکانی تیادا کۆبۆتەوەو لەنزیك ئەم شارانەوەن، بەهەمانشێوە سیفاتێکی شاری دەگرن، بەزۆری شارەوانییە ئەدارەکان ناچارن هەستن بەکۆکردنەوەی رەسم هەتا دواڕادەو سەرەڕای ئەمەش ناتوانن داخوازییەکان جێبەجێبکەن، لەئەنجامدا کاتێك شارە گەورەکان لەمان نزیکدەبنەوەو ئەمانیش لەشارە گەورەکان نزیکدەبنەوە وەك ئەستێرەیەکی گەڕۆکن کە نزیکی رۆژ بوونەتەوەو هێواش هێواش دەفڕن بەرەو ناو رۆژەکە، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا بەشێوەیەك بەرامبەری یەکتری راناکێشن بۆ رێکخستنی بارودۆخی ژیان بەهۆی زۆری دانیشتوانەوە رۆژبەرۆژ بەرەو خراپتردەڕۆن، ئەو ئاستە جەماوەرییەی کە ناوەندەکانی شۆڕش بەئەندازەیەکی دیارو پێویست لەپێشکەوتنی ئەمڕۆدا پێکیهێناوە، لەکۆمەڵگای تازەدا ئەرك و بەرپرسیارێتی تەواودەبێت، پێویستە ئەمانە هێدی هێدی شیبکرێنەوە، ئیتر بەپێچەوانەوە دانیشتوانی شارەکان بەرەو لادێکان کۆچبکەن و لەوێ شارەوانی گونجاو لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکاندا دابمەزرێنرێن و چالاکیی پیشەسازیی ئاوێتەی چالاکییە کشتوکاڵییەکان دەکرێت.

لەگەڵ پێکهێنانی دەزگاکانی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی گەیاندن، دانیشتوانی شار بەرلەوەی ببێتە خاوەنی دەرفەت و ئیمکانییەتێك کە سەرلەنوێ کتێبخانەکان و جێگای خۆشی و ئاهەنگەکان و هۆڵەکانی کۆنسێرت و شانۆگەریی و مۆسیقاو دەزگاکانی پەروەردەو دەرفەتی گواستنەوەی هەموو کەلتورەکانی خۆی

بۆ ناو لادێکان بێنێتەوە، دەست بەکۆچ ورەو دەکەن و ژیان بەبێ بوونی هیچ مەترسییەك دەگاتە خۆشییەکانی، خەڵك دەبنە خاوەنی ژیانێکی تەندروستدارترو بەختەوەرتر، دانیشتوانی دەروبەری شار بەشداریی لەئیشی پیشەسازیی و هەروەها دانیشتوانی شاریش بەشداریی لەئیشی کشتوکاڵیی و باخچەگەرێتی دەکەن، ئەمەئێستا زۆر کەم لەمرۆڤەکان دەتوانن هەست بەخۆشییەکانی بکەن، لەحاڵەتێکدا کە گۆڕانی چالاکییەکە بەزۆرینەی خەڵك ئارەزووی دەکەن جیهانی بۆرجوازیی لەم هەرێمەشدا وەك هەموو هەرێمەکانی تر ساڵ بەساڵ لەگەڵ گواستنەوەی هەنگاوە پیشەسازییەکان بۆ ناو لادێکان، ئامادەکارییەکی پێشینەش بۆ ئەم پێشکەوتنە دەکات، بارودۆخی ژیانێکی زەحمەت لەشارە گەورەکاندا لەزۆری کرێکان و پارە کەمەکانیانەوە ناچار دەبن کۆچ بکەن. لەلایەکی ترەوە خاوەنی زەوییە گەورەکان زیاتر دەست لەگەڵ پیشەسازیدا تێکەڵ دەکەن و دەبنە خاوەنی کارگەی کاغەزو کارگەی بەرهەمەکانی خاك و کارگەی چیمەنتۆو کارگەی دروستکردنی بیرەو هەروەها کارگەی شەکر، جگە لەمە لەمرۆدا بەهەزاران کەس لەدەوروبەری شارە گەورەکاندا دادەنیشن لەسایەی ئەو ئامێرانەی گەیاندن کە دەرفەت بۆ ئەوان دەستەبەردەکات لەم رووەوە، بەهۆی ئەم ئاوێتەبوونەی دانیشتوانەوە ناکۆکییەکانی نێوان دانیشتوانی شارو لادێکانیش نامێنێت، ئەو لادێیە مۆدێرنەی کە لەنێو هەموو پێشکەوتنە کەلتورییە باڵاکاندایەو لەتەنهایی ناو چیاو لادێکان رزگاریبووە ئێستا هەتا ئاستێکی بەرز دەبێتە مرۆڤێکی ئازادو خاوەن کەلتور.

شازادە (Bismarchk)خواستی بینینی نەمانی شارە گەورەکانی هەبوو کە لێرەدا ئەم خۆڤەیە جێبەجێدەکرێت، بەڵام بەواتاو چەمکێکی زۆر جیاوازتر لەوەی کە ئەو چاوەڕوانی لێدەکرد.

# بەشی بیست و سێیەمین
## لەناوبردنی دەوڵەت

کاتێك سەیری ئەو واقیعانە بکەین کە هەتائێرە باسیان لێوەکراوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی موڵکییەتی کۆمەڵایەتیو لەنێوبردنی موڵکییەتی تایبەت لەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، دەبینین کە هێواش هێواش زۆر لایەنی خراپ لەناودەچێت کە لەهەنگاوەکانی کۆمەڵگای بۆجوازیدا بینراون، کۆتایی بەباڵادەستی تاکە چینێك دێتو کۆمەڵگا هەموو چالاکییەکانی خۆی بەگوێرەی بەرنامەکانی رێکدەخاتو بۆخۆی هەڵدەستێت بەئیدارەکردنی چالاکییەکانیو چاودێرییان لەسەردەکات، بەنەهێشتنی سیستەمی مووچە وەك لەناوبردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، هەموو ئەو زەمینانە لەناودەبرێن کە ساختەکاریی مادە خۆراکییەکانو فێلبازییو هەڵخەڵەتاندنی تێدا ئەنجامدەدرێت، پەرستنی پارە باوی نامێنێت، چونکە بەشی پیشەسازییەکانو سەنەدی قەرزەکانو سەنەدی بەشەکان وەك کاغەزێکیان لێدێت، (Schiller)دەڵێت: ئەگەر دەفتەری قەرزەکانمان لەناوببەین هەموو جیهان حەقیقەت قازانج دەکات، بۆ لەمەودوا ئەو قسەیەی ئیخیل کە دەڵێت: (نانەکەت بەئارەقی ناوچەوانتەوە بخۆ) بۆ سەرمایەدارە سەرسەرییەکانو قارەمانەکانی بازاڕیش گرنگە، بەڵام ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگا کە ئیشدەکەنو خاوەنی ماف یەکسانن، ئەوان ناخاتە ناو زەحمەتییەوە، بەپێچەوانەوە بەئەندازەیەکی زۆر بۆتە تەندروستی جەستەیانو سوودێکی باش مسۆگەردەکات، بەگوێرەی ئەو هاتنە پێشەوەیەی کە لەشێوەی کارلێکێکی سەرمایەداریدا هۆکارێکە بۆئەوەی کە ترسو گومانێکی زۆری لەدەستچوونی موڵکەکانیان زەحمەتیان بۆ دروستدەکات کە کرێکارە نەدارەکان ئەم زەحمەتییە نابینن خاوەن بازاڕەکانمان لەهەڵچوونی ئەو رێکەوتنە رزگاریان

دەبێت کە مێشکی مرۆڤ ماندوودەکاتو جەڵدەی دڵ دروستدەکات، بەمشێوەیە چارەنووسی خۆیانو میراتگرەکانیان ئیتر پردەبێت لەبەختەوەرییو بەمشێوەیە دەتوانن هەست بەخۆیان بکەن لەگەڵ نەمانی موڵکییەتی تایبەتیو تێکەڵە چینایەتییەکاندا وردەوردە دەوڵەتیش دەڕوخێت، شێوازی بەرهەمی سەرمایەداریی ڕۆژبەڕۆژ خەڵکی پرۆلیتاریا بەڕێژەیەکی زۆر لەبەرامبەر خۆیدا دەبینێتەوەو وەکو سزایەك هێزی جێبەجێکردنی ئەم شۆڕشە دەخولقێنێت، ئەو پێویستییە وەکو ناچارییەك خۆی دادەسەپێنێت کە لەموڵکییەتی دەوڵەتدا هەموو ئامرازە گەورەکانی بەرهەمهێنان بکاتە موڵکی کۆمەڵگا، ڕاستەوخۆ خۆی ڕێگای جێبەجێکردنی ئەم شۆڕشە پیشاندەدات، دەوڵەت وەك کەسایەتییەکی مەعنەویی نوێنەرایەتی فەرمی کۆمەڵگا دەکات، بەڵام لەهەموو قۆناغەکاندا دەوڵەت بۆتە دەوڵەتی ئەو چینەی کە نوێنەری کۆمەڵگای سەروەرییە، دەوڵەت لەچاخی کۆندا دەوڵەتی کۆیلەداران بووەو لەچاخی دەرەبەگایەتیشدا دەوڵەتی ئەرستۆکراتەکان بووەو ئێستاش دەوڵەتی بۆجوازەکانەو لەکۆتاییشدا دەوڵەت کە دەبێتە نوێنەری هەموو کۆمەڵگا ئیتر پێویست بەبوونی ناکات لەکاتێکدا هیچ چینێکی کۆمەڵگا پێویستی بەوەنییە بکەوێتە ژێر فشارەوە، دەوڵەت پێویست ناکات وەك ئامرازێکی تایبەتی فشار بەردەوامی بەخۆی بدات، لەکاتێکدا کە هیچ شتێك نییە بچەوسێنرێتەوەو ئیتر دەوڵەت وەك نوێنەری هەموو کۆمەڵگا یەکەم چالاکیی بریتییە لەدەستگرتن بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بەناوی کۆمەڵگاوە، هاوکات ئەمە دوا (چالاکیی) سەربەخۆی دەوڵەتە ئیتر لەزۆربەی هەرێمەکاندا وردەوردە دەستتێوەردانی دەوڵەت لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێویست نابینرێتو بۆخۆیان چارەسەری کێشەی خۆیان دەکەن لەجیاتی دانانی حکومەت لەسەر کەسەکانو دەبێتە ئاراستەکردنی قۆناغەکانو بەرهەمو

بەڕێوەبەرایەتی ئیشەکان، دەوڵەت لەناوناچێت، بەڵکو هێواش هێواش دەمرێت.
لەگەڵ دەوڵەتدا نوێنەرەکانی دەوڵەتیش بزردەبن و هەموو دەزگاکانی وەزارەت و پەرلەمان و سوپاو پۆلیس و دادگاو زیندان و فەرمانگەکان و ئیدارەکانی گومرگ و رەسم، بەکورتی هەموو لایەنەکانی سیاسەت بەئامانجی ئیدارەکردنی باش و باشترکردنیان ئیشیان بۆ دەکرێت، بەهەزاران یاسا دەکرێنە مێژوو تەنها نرخێکی مێژوویی بەدەستدەهێنن، لێرەوە تێکۆشانی ئەو پەرلەمانتارانە کۆتایی پێدێت کە لەبنەمادا زۆر بچووکن، بەڵام وائەزانن کە زۆر گەورەن لەبەڕێوەبردنی جیهاندا، کارگێڕێکی بەهێزو مەجلیسێکی بەڕێوەبەرایەتی دەکەونە جێگای ئەمانە کە بەردەوام خەریکی دروستکردنی تازەگەرین لەبواری کشتوکاڵ و پیشەسازیی لەقۆناغەکانی بەرهەمهێناندا و لەپەروەردەکردنی هونەردا تەواوی ئەمانە شتی بەرجەستەیین و بەچاودەبینرێن بەبێئەوەی بەرژەوەندیی تاکەکان هەڵگەڕێنەوە لەبەرژەوەندیی کۆمەڵگا هەموو کەسێك راستگۆدەبێت لەپێکهێنانی ئەرکەکانیدا و هیچ کەسێك خاوەنی بەرژەوەندییەك نابێت لەدەرەوەی ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانەن کە گوزارشتن لەدروستکردن و پێکهێنانی باشترین و سوودمەندترین و گونجاوترین ژیان بەهەزاران نوێنەری دەوڵەتی کۆن دەچنە بوارە پیشەییەکانی ترەوەو بەهێزو ئەقڵی خۆیان دەبنە هاوکارێك بۆ زیادکردنی رەفاهییەتی کۆمەڵگاو لەداهاتوودا ناوی دەبێتە تاوان و نەدەشبێتە سیاسەت. ئیتر کە موڵکییەتی تایبەتی نەمێنێت و هەموو کەسێك بەئاسانی پێویستییەکانی بۆ دابینبکرێت دزیش نامێنێت، ئەمە هۆکارێکە بۆ نەمانی سەرسەری و بەدڕەوەشتەکانیش، چونکە ئەمانە بەرهەمی کۆمەڵگایەکن کە لەسەر بنەمای موڵکییەتی تایبەتی دروستبوون، لەکاتێکدا ئەم کۆمەڵگایە دەڕوخێت هەموو هەبوونەکانیشی لەناودەچن، ئەی چینایەتی؟بۆچی؟ هیچ کەسێك دەرفەتی

دەوڵەمەندبوونی لەسەر ماڵی کەسێکی تر نییە، ئەو چینایەتییانەی کە لەمیانەی تۆڵەو نەفرەتەوە دروستبوون بەشێوەیەکی راستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، پەیوەستە بەمەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاوەو ئەو تاوانانەی وەك ئیفلاسێکی ساختەو قاچاخچێتی بەمیراتەوەو هەڵخەڵەتاندنو ساختەکارێتیو شایەتیدان بەدرۆ لەناو پەیوەندییەکانی موڵکییەتی تایبەتیدان یان لەدژی ئەو دەکرێت، بەڵام ئیتر موڵکییەتی تایبەتی نامێنێت، با لەلایەکی تریشەوە سەیربکەین چەك هەڵگرتن؟ لەبەرئەوەی کۆمەڵگا هەموو ئەو بنەمایانە لەناودەبات کە جێگای نەفرەتن، هیچ کەسێك چێژ وەرناگرێت لەچەك هەڵگرتن، ئەوانەی کە پارە تەزویردەکەن، ساختەکارێتی دەکەن، پێیانوایە کە ئیشی زۆر شتێکی هیچوپووچانەیە، دین ریسواییە؟

ئەمە چەواشەیە، بێگومان ئەگەر هەتائێستا گفتوگۆ لەسەر مەبوونی خودابکرێت بەمشێوەیە هەموو بنەماکانی سیستەمی ئەمڕۆ دەبێتە ئەفسانەیەك، پاشان ئەم سیستەمەی ئێستا دەکرێتە ئەفسانەیەكو دەماودەم دایكوباوکان بۆ منداڵەکانیان دەگێڕنەوە، کاتێك دێت کە چیرۆکی ئەوکەسانەی کە خاوەنی فیکری تازەنو رووبەڕووی زۆر هێرشو ناهەقی بوونەتەوە، باسدەکرێن وەك باسی بێدینیو جادووبازەکانی رۆژگاری ئەمڕۆمان، بەمهۆیشەوە هەموو پیاوە گەورەکان لەبیردەکرێن کە خنکێنراون لەلایەن کەسە جاهیلەکانو خاوەن فشارەکانەوە، ناوەکانیان تەنها رووبەڕووی ئەو لێکۆڵەرە مێژووییانە دەبنەوە کە خەریکی ئەمدیوو ئەدیوکردنی کتێبە کۆنەکانن، جێگای داخە هەتائێستا مرۆڤەکان بەشێوەیەکی ئازادو بەختەوەر نازین.

# بەشی بیستوچوارەم

## پێشهاتە ئایینیەکان

ئەوانەی کە بۆدەوڵەت هەن بەهەمانشێوە بۆ دینیش هەن، هەروەك بەشێوەیەکی زۆر نەزانانە ئەو سۆسیال دیموکراتە باوکسالارانەی کە هەستاون بەلەناوبردنی ئایین، هێنانەخوارەوەی خودا لەتەختەکەی‌و فڕێدانی ئاین لەدڵی مرۆڤەکاندا جێگەی باس نییە، ئەم جۆرە هەڵانەی سۆسیال دیموکراتەکان شتێکی هاوشێوەی ئامانجەکانی شۆڕشی فەرەنسایە کە هەڵبەتە بەجێهێڵراوە بۆ ئەو ئیدۆلۆگ (دامەزرێنەرانی ئایدۆلۆژی) بۆرجوازییانەی کە بەتەواوی خۆیان داڕووخاون، ڕێکخستنە ئاینیەکان‌و کڵێسە بەبێ فشارخستنەسەر فیکرەکان‌و بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی، بۆخۆیان بەرەو لەناوچوون دەچن. ئاین ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژانەیە لەهەرقۆناغێکدا، بەپێوانەی وەرچەرخانی کۆمەڵگاو برەودان بەپێشکەوتنە مرۆڤایەتییەکان ئاینیش لەوەرچەرخاندایە، هەروەك مارکس ئاماژەی پێدەکات‌و دەڵێت: ئاین ئەو خۆشیانەیە کە خەڵك لەخەیاڵی خۆیدا دروستیکردوون، ئەمەش لەبارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دەردەچێت کە پێویستی بەخەیاڵە، بەڵام کاتێك خەڵك لەحەقیقەتی بەختەوەریی تێبگات‌و بزانێت چۆن ئەو بەختەوەرییە بەدەستدەهێنێت، هاوکات ئاین لەناودەچێت، چینە باڵادەستەکان لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ڕێگا لەگەیشتن بەڕاستی ئەم چەمکە دەگرن، بەمشێوەیە ئاین بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی خۆیان دەپارێزن کە لەم چەند ڕستەیەدا ئاشکراتر گوزارشتی خۆی دەبینێتەوە: (دین لەخزمەتی خەڵکدایەو بۆ ئەو دروستبووە) ئەمە لەبنەمای باڵادەستی چینێکدا هاوکێشەیەکی گرنگی فەرمی خۆی هەیە لەکۆکەڵگایەکی ناسراودا، لێرەدا ئەوانەی ئەم ئەرکەیان گرتۆتەئەستۆ تەواوی ئەقڵ‌وهێزی خۆیان دەخەنە خزمەتی پاراستن‌و

بەرفروانکردنی کە لێرەدا هەستدەکرێت مەبەستێك هەیە، ئاین لەسەرەتادا کە دەستیپێکرد لەنزمترین ئاستی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەلگای سەرەتاییدابوو، پاشان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەلگا چەمکی فرە خودایی‌و لەسەرووی هەموو خوداکانیشەوە تاك خودایی دەرکەوت، خوداکان مرۆڤیان دروستنەکرد، ئەوەی خوداکانی کرد بەخودا مرۆڤبوون، خودای دروستکرد لەشێوەی خۆی، لەسەر مۆدێلێکی خۆی ئەوی خولقاندو دژبەری ئەونییە، ئەمڕۆ چەمکی تاك خودایی تەواوی جیهانی گرتۆتەوەو رۆژبەڕۆژ بەرەو بزربوون دەچێت، زانستەکانی سروشت دروستبوونی جیهانیان.لەماوەی حەوت رۆژداکرد بەئەفسانە، ئەو ئەستێرانەی کە تەختیان بۆ فریشتەکان دروستکرد لەپێکبێنانی کەش‌وهەوایەکی بەهەشتی فیزیایی‌و بیرکارییانەو ئاسترۆنتۆمیانە وەرچەرخایە سەر ئەو ئەستێرە گەڕۆك‌و ئەستێرە جێگرانەی کە ژیانی فریشتەکانیان وەك پێویستییەکی سروشتی بێبێتواناکرد، چینی بالادەست کە هەبوونی خۆیان لەمەترسیدا دەبینیەوە هەتائێستا وەك کردەی هەمیشەییان خۆیان بەئاینەوە بەستۆتەوە وەك پشت‌وپەنـای دەسەلاتەکـەیان، بـۆرجـوازیی لـەسایـەی زانستە مۆدێرنەکانەوە کە کۆمەلێك پـێشکەوتـنی تـۆمارکردووە بـەشێوەیەك کـە خۆی بڕوای پێناکات کـەوتۆتـە خراپکردنی دەسەلات‌وئاینەوە، بۆجوازییەت بڕوایەکی ساختەیان هەیە کلێسەش لەبەرئەوەی کە پێویستی پێیەتی هاوکاریی لەم دۆستە ساختەیەی خۆی وەردەگرێت، ئاین پێویستییەکە بۆ خەلك فیکری کۆمەلایەتی تازە ناگۆڕێت، زانستی راستەقینەو پێشکەوتنی بەردەوامی مرۆڤایەتی ئالای کۆمەلگای تازەیە، هەتائێستا ئەگەر پێویستییە ئاینییەکان هەستیپێبکرێت ئەم هەستکردنە لەگەڵ کەسانی هاوشێوەدا خۆی هاوبەشدەکات، کۆمەلگا هیچ پەیوەندییەکی بەم مەسەلەیەوە نییە، پاپاکانیش بۆئەوەی بتوان بژین ناچارن ئیشبکەن، لەکاتێکدا کە ئیشیش بکەن، ئەوکاتەدێت

کە بگەنە پەسەندکردنی شکۆمەندییەك، ئەویش بریتییە لەبوون بەمرۆڤ، ئەوانەی ئەمە پەسەندناکەن تەنها بوودەڵەو دووڕووەکانن، رەوشتو مەعنەوییەتیان پەیوەندیی مرۆڤ بەیەکترییەوەو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بەرامبەر بەیەکتریی رێکدەخات، کە دین پەیوەندیی مرۆڤ بەهەبوونی نائاساییەکانی سەرووی سروشتییەوە دەگرێتەوەخۆی، رەوشتیش هەروەك ئاین مرۆڤەکان لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارە دەردەخەن، مرۆڤە هۆڤەکان خواردنی مرۆڤیان لەڕووی ئەخلاقییەوە بەشتێکی راست زانیوە، رۆمانییەکانو یۆنانییەکاینش کۆیلەدارییان بەڕاست زانیوە، لەچاخی دەرەبەگایەتیدا پەیوەستبوون بەبەگوئاغاکانەوە بەشتێکی ئەخلاقیی زانراوە، بۆ سەرمایەداریی مۆدێرینی ئەمڕۆشمان پەیوەندیی ئیش‌ومووچە بەشتێکی ئەخلاقیی دەزانن بەتایبەتی چەوساندنەوەی ژنانو بەکارهێنانی منداڵ لەبوارە پیشەسازییەکاندا، لەچوار چاخی کۆمەڵایەتیدا چوار چەمکی ئەخلاقی جیاواز هەن، بەڵام لەهیچ یەکێکیاندا چەمکی ئەخلاقێکی بەرز باڵادەست نییەو ئەو ناوەندەی کە پێیبوترێت بەرزترین ناوەندی رەوشت ئەو ناوەندەیە کە هەموو مرۆڤەکان وەکو یەك ئازادو یەکسان بن‌و پرەنسیپی (ئەو شتەی کە بۆخۆتت ناوێ بۆ کەسانی تریشت نەوێ). لەچاخەکانی ناوەڕاستدا بەناوبانگبوونی مرۆڤ شتێکی گرنگبووە، لەمڕۆدا دیارترین شت دەوڵەمەندییەو لەداهاتووشدا مرۆڤ وەك مرۆڤ گرنگی بەدەستدەهێنێت، داهاتوو پەیوەستە بەسۆسیالیزمەوە.

# بەشی بیست و پێنجەمین
# سیستەمی پەروەردەی سۆسیالیست

لەساڵی حەفتاکاندا (Lasker) کە ئەندامێکی نوێنەری گەل بووەو ئێستا لەژیاندا نەماوە، لەبەرلین لێدوانێکی راگەیاندو لەلێدوانەکەیدا ئاماژەی بەمسۆگەرکردنی ئاستێکی پەروەردەیی یەکسان کرد بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا، لەحاڵەتێکدا کە (Lasker)یەکێکی ئەنتی سۆسیالیست بوو (دژە سۆسیالیست بوو) بەپێچەوانەوە یەکێکبوو لەلایەنگرانی سەرمایەداریو موڵکییەتی تایبەت، سەرەرای هەموو شتێك لەمرۆدا کێشەی پەروەردە کێشەی پارەیە لەواتایەکی بەرفراواندا، لەژێر ئەم بارودۆخەدا بەدەستهێنانی ئاستی پەروەردە بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو کەسێك مەحاڵە، تاك بەتاك لەو کەسانەی کە لەبارودۆخێکی باشداو مێژێکی گەورە سەرفدەکەن لەو مێژەی کە زۆرینەی خەڵك خاوەنی نییە، ئەمانە ئەتوانن پەروەردەیەکی باڵابیبنن، بەڵام زۆرینەی جەماوەر ئەو قۆناغانەی کە تیایدا ژیاون لەژێر فشاری کۆمەڵایەتی وابەستەبوونەوە هیچ کاتێك ئەم دەرفەتە لەدەستنادەن، لەکۆمەڵگای تازەدا بارودۆخی دارایی بۆ هەموو کەسێك وەك یەکە، بەڵام پێویستییەکانو جوڵانەوەکان جیاوازن کە ئەم جیاوازییە لەلایەن سروشتی مرۆڤەوە دیاریدەکرێت، بەڵام بەپێوانەی بارودۆخی دارایی بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو کەسێك، هەموو کەسێك دەتوانێت خۆی پێشبخات، ئەو یەکسانییە ناتەواوەی کە دەیلکێنن بەسۆسیالیزمەوە وەك کۆمەڵێك شتی تر تەنها چەواشەکردنە لەسۆسیالیزم، ئەگەر سۆسیالیزم ئامانجێکی بەمشێوەیەی هەبێت ئەوا تەنها گوزارشتدەبێت لەهەڵسوکەوتێکی بێئەقڵانە چونکە لەم بارودۆخەدا کە بکەوێتە ناکۆکیی لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا ئەوا ناچاردەبێت کە پەشیمانببێتەوە لەبینینی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا لەمیانەی پرەنسیپەکانی خۆیەوەو تەنانەت

ئەگەر بتوانێت بەڕێگەی توندوتیژیی باڵ بەسەر کۆمەڵگادا بکێشێتو پاڵیان پێوەبنێت، بۆیە پەیوەندییەکی ناسروشتی ئەوا لەماوەیەکی کورتدا ئەم پەیوەندییە پارچەپارچە دەبێتو سۆسیالیزمیش بۆ هەموو سەردەمەکان مەحکومدەبێت، کۆمەڵگاکان بەگوێرەی خۆیان چەندەها یاسا پێشدەخەنو بەم پێیە هەڵسوکەوت دەکەن، یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای تازە پەروەردەکردنی نەوەی تازەیە وەك پێویست، هەموو ئەو منداڵانەی کە لەدایکدەبن دەبێتە زیادبوونێك کە کۆمەڵگا باوەشی بۆ دەگرێتەوە، کۆمەڵگا دەرفەتی هەمیشەیی خۆیو پێشکەوتنە بەردەوامەکانی خۆی لەودا دەبینێتەوە، بەمشێوەیە هەست بەوئەرکەی دەکات کە بەهەموو هێزی خۆیەوە خاوەندارێتی لەم زیندەوەرە تازەیە بکات، بەگوێرەی ئەمە پێش هەموو شتێك لەدایکبووە کە بەدایکی بەختەوەردەبێت، ماڵێکی بەختەوەر، ژینگەیەکی خۆش، تێرکردنی هەموو پێویستییەکانی دایك، سەبارەت بەمنداڵودایك سەرەتاییترین کەشوهەوایە کە دەبێت بۆیان برەخسێنرێت، ئەگەربکرێت مەمکی دایك لەقۆناغە پێویستییەکاندا بۆ منداڵ بەجێبهێڵرێت شتێکی سروشتییە.

(Sondoregger)و (Maloschot)و هەموو پزیشکەکانی تریش هاوڕان لەسەرئەوەی کە هیچ شتێك بەواتایەکی پڕاوپڕ جێگەی شیری دایك ناگرێتەوە. (Wugenrichter)ئاماژەی پێکردووە کە ئەمڕۆ تەنها دەوڵەمەندەکان دەتوانن هەموو پێداویستییەکانی دایکێکی تازە جێبەجێبکەن.

ئەو کەسانەی کە زۆر بەکینن، ئەوانەن کە بەبیریان دەهێننەوە لەناوەندێکی سەرەتاییو بارودۆخێکی ناهەمواردا لەدایکبوونو ئەمەش بارودۆخی مرۆڤەکانە لەڕۆژی ئەمڕۆماندا، لەلایەکی ترەوە لەناو پێنج بەش بەشێکیان واتە کەمینەیەکی بچووك خزمەتی تەواوو بەختەوەرییەکی تێروتەسەلی پێدەدرێت، بەگوێرەی ئەو ژنانەی کە لەهەمان بارودۆخی منداڵ دروستکردندان، لەڕاستیدا ژنان لەشارەکاندا

زۆربەیان لەکاتێکدا کە هەستدەکەن منداڵبوونیان نزیکە، دەچنە لای ئەو دەزگا دروستکراوانەی کە تایبەت بەمنداڵ دروستکردن دروستکراون، لەوێ چاوەڕوانی هێنانە دنیای منداڵەکانیان دەکەن، بەڵام نرخی ئەم دامەزراوانەش ئەوەندە بەرزە کە ڕێژەیەکی کەم لەژنان دەتوانن سوودی لێوەربگرن، لێرەدا نموونەیەك دەبینین لەجیهانی بۆرجوازییدا بۆ هەڵگرتنی ئەو دەزگایەی کە تەنها بۆ چینێکە زۆربەی ژنە گەورەکان ئەرکی دایکێتی دەدەنە ژنێکی پرۆلیتارییو دایەن بۆ منداڵەکانیان دەگرن کە لێرەدا نیشانەیەکی ناخۆشو سەیر بەدایکێتی دەبەخشێت، وەك دەزانرێت (spreewald) هەرێمێکە بۆ دۆزینەوەی دایەن لەلایەن ژنە بۆرجوازەکانی بەرلینەوە بۆ ئەو منداڵانەیان کە تازە لەدایکبوون، ئەوانەی کە ئیشی دایەنی دەکەن ئەو کچە لادێیانەن کە دووگیان دەبنو پاش لەدایکبوونی منداڵەکەیان خۆیان بەکرێدەدەن بەخێزانە دەوڵەمەندە بەراینییەکان هەروەکو دایەن، ئەمەش بەشێوەیەکی پرۆفیشنال جێبەجێدەکات، بۆ گرتنی ئەم کچانە وەکو دایەن لەجێگایەکدا دروستکردنی سێ چوار منداڵی نامەشروع بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك نابینینو چەند پارە بەدەستبهێنێت لەم ئیشەدا ئەوەندەش لەچاوی کوڕە گەنجەکانی (spreewald)وە پایەیان زیاتردەبێت، ئەم شێوازە هەڵسوکەوتە خراپە لەڕووی ئەخلاقیی بۆرجوازییەوەو لەڕووی خێزانە بۆرجوازییەکانەوە جێگەی پیاهەڵدانەو بەلایانەوە شتێکی ئارەزوومەندانەیە.

هەر کە منداڵەکە بەرەو گەورەبوون چوو چاوەڕوان دەکات کە لەناوەندێکی هاوبەش لەنێو هاوتەمەنەکانی خۆیدا یاریبکات بۆ پێشکەوتنە جەستەییو فیکرییەکان هەموو شتە پێویستییەکان ئامادەنو هەرکەسێك کە سەیری ئەم منداڵانە بکات دەزانێت کە ئەمانە لەناو هاوتەمەنەکانی خۆیاندا بەباشی پەروەردەدەبن، هاوڕێیەتیو حەزی لاساییکردنەوە تیایاندا زۆر زیندووە، بەتایبەتی منداڵە بچووکەکان ئەوانەی کە لەخۆیان گەورەترن، بەنموونە

وەریدەگرن‌و گوێڕایەڵیان دەبن، زۆر لەدایك‌وباوكیان زیاتر دەتوانرێت سوود وەربگیرێت لەم سیفاتانەیان بۆ مەبەستی پەروەردەكردنیان، منداڵ هەمیشە سەرنجی پیشەو زانستەكان دەدات لەتەوەرەی یارییەكانیداو لەدروستكردنی هێلانەكەیدا پاشان دەچێتە جێگاكانی وەرزش‌و مەلەو جوڵانەوە سەربەستەكان‌و جومناستیك‌و ئەو شتانەی كە پەیوەستن بەجوڵانەوەوە، دواتریش بۆخۆی دێتە ناو جوڵانەوەی بیرو جەستەییەوە، ئەمانە بۆ هەردوو ڕەگەزەكەش گرنگە بەتایبەتی وەك جوڵانەوەیان لەپەروەردەی ڕۆیشتن‌و زۆرانبازیی‌و پێشبڕكێدا. پێشكەوتنی فیكریی‌و جەستەیی‌و بەهێزیی‌و تەندروستی نەوەیەكی سروشتی پێدەگەیەنێت، بەشێوەیەك هەنگاوبەهەنگاو پێدەنێتە چالاكییە كردارییەكانی وەك تەنكیكی بەرهەم‌و كشتوكاڵی‌و كێڵگەوانیی‌و كیمیاگەریی، پەروەردەی فیكریی لەهەموو بوارە هەمەڕەنگەكانی زانستدا پشتگوێناخرێت، لەسیستەمی پەروەردەوە سیستەمی بەرهەمهێناندا قۆناغی باشتركردن‌و پاكژكردن پێشبینی دەكرێت‌و ئەم پێشبینییەش دێتە ناو باسەوە، كۆمەڵێك ئاستەنگ وەك بابەتەكانی وانەوتنەوەو شێوازی ناپێویست‌و كۆن كە بەربەست دروستدەكەن لەبەردەم پێشكەوتنە فیكریی‌و جەستەییەكاندا پەراوێزدەخرێن، شێوازێكی پەروەردەیی گونجاوی عەقڵ پیادەدەكرێت سەبارەت بەشتە سروشتییەكان‌و ئەو شێوازەی پەروەردە كۆتایی پێدێت كە ناكۆكییەكی گەورە لەمێشكی منداڵدا دروستدەكات، بۆنموونە لەلایەكەوە فێری ئاین دەكرێت لەسەر بنەمای ئینجیل، لەلایەكی تریشەوە فێری زانستی سروشت‌و زاستە گشتییەكان دەكرێن. ئەو وانانە پێشدەخرێن كە ئاستێكی كەلتوری باڵای كۆمەڵگای تازەی لەخۆگرتووەو بەمشێوەیە داموەدەزگا پەروەردەییەكان لەپێویستییەكانیان تێردەكرێن‌و ئامرازەكانی پەروەردە دابیندەكرێن، دابینكردن‌و مسۆگەركردنی ئامرازەكانی پەروەردەو فێركردن لەلایەن كۆمەڵگاوە دەبێت، هیچ خوێندكارێك لەبەرامبەر

خوێندکارەکەی تردا ناتوانێت ناهەقیی بکات، ئەمەش مەسەلەیەکە کە پیاوەکانی سیستەمی بۆرجوازیی بێزاردەکات، قوتابخانەکانمان وەك سەربازگەیەکی لێدێت، لەوە دەترسن کە هەموو کاریگەرییەکانی دایكوباوك لەسەر منداڵ نەهێڵدرێت، کە هیچ یەکێك لەمانە جێگەی باس نییە، کە بەپێچەوانەوە لەکۆمەڵگای داهاتوودا دایكوباوکەکان کە خاوەنی کاتێکی زۆرترن لەچاو ئێستاداو دەتوانن زیاتر پەیوەندیی بەمنداڵەکانیانەوە بکەن جگە لەم هەموو بەربەستانەی کە دروستدەکرێن‌و ئەو هەنگاوانەی کە هەڵدەهێنرێن بۆ ئەوەیە کە ئەوان سیستەم دیاریدەکەن‌و سیستەمی پەروەردەی ئەوانیش لەدەستی دایكوباوکاندایە، ئەگەر بەم شێوەیەبێت ئەوکاتە دەتوانین لەناوەندێکی تەواو دیموکراسیدا بژین. کۆنسەی (دەستەی کارگێڕی)ی پەروەردە کە دادەمەزرێت پێکدێت لەپرۆفیسۆرەکانی پەروەردە لەهەردوو رەگەزەکەو هەروەها دایکان‌وباوکان، ئەمانە دەتوانن هەڵسوکەوت لەدژی بەرژەوەندیی خۆیان‌و هەستی خۆیان بکەن، کە لەبنەمادا ئەمە راستییەکە لەکۆمەڵگای ئەمڕۆماندا واتە لەپەروردەی دەوڵەتدا لەدژی خواستی زۆرینەی دایكوباوکەکان بەرژەوەندیی دەوڵەت دەکەوێتە پێشەوە، بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی دژبەرەکان، بەدرێژایی رۆژ لەلای ئەوان مانەوە بەلایانەوە وایە کە وەك یەکێك لەخۆشییە گەورەکانی دایکان‌وباوکانە کە لەڕاستیدا بارودۆخ زۆر لەم جیاوازترە ئەو دایكوباوکانەی لەم بارودۆخەدا دەژین یاخود ئەوانەی هەڵگری باری سەرەکین دەزانن کە دەبنەهۆی سەرقاڵی‌و دروستبوونی ئێشێکی زۆر کە هاوکات پەروەردەی زۆر منداڵیش ئاساندەکاتەوە. دایك کە هەڵگری قورسترین بارە لەم رووەوە پێیخۆشە کە منداڵەکانی بەشێکی رۆژەکەیان لەدەرەوەی ماڵ بەسەرببەن لەکاتی هاتنی خوێندندا، لەم رووەوە دایكوباوکەکان دەتوانن بەشێوەیەکی زۆر کەموکوڕ ئامێزانە منداڵەکانیان پەروەردەبکەن کە بەشێکی زۆریان کاتیان بەدەستەوە نییە، بۆئەمە باوك

بەئیشی خۆیەوە سەرقاڵەو دایکانیش ئەگەر ئیشی دەرەوەیان نەبێت ئەوا ئیشی ماڵەوەیان هەیە بەمەبەستی پەروەردەکردنیشیان شارەزاییەکی ناتەواویان هەیە بەڕادەیەکی زۆر چەند دایکوباوك هەن کە پەیوەندیدارن بەبارودۆخی منداڵەکانیانەوە لەخوێندنگاو دەتوانن هاوکارییان بکەن؟
زۆر کەمیان زیاتر دایکان پەیوەندیدارن بەپەروەردەی منداڵەکانیانەوە، بەڵام خودی دایکەکانیش بێ پەروەردەن بۆیە لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا لێهاتووییەکی کەمیان هەیە، جگە لەم بابەتوشێوازە پەروەردە ئەوەندە گۆڕانکاریی تێدادەکرێت کە دایکوباوکەکان بێئاگادەکات لەواقیعی پەروەردە، پاشان بەشێکی زۆری منداڵان لەماڵدا پێویستییەکانیان بۆ دابین ناکرێت بۆ دۆزینەوەی هاوکاریی پێویستو پێکهێنانی ئەرکەکانی ماڵەوەیانو خاوەنی سیتسەمو بەختەوەیی‌و هێمنی نین لەماڵەکەیاندا. زۆربەیان پێویستترین شتیان لانییەو ماڵەکان پڕن لەکەموکوڕی‌و زۆر تەنگو قەرەباڵغن‌و هەموو ئەندامانی خێزان لەیەك جێگەدا پێکەوە دەژین، لەهەمانکاتدا لەشتومەکی ماڵەکەدا کەموکوڕی هەیە، بچووکترین خۆشی بۆ منداڵەکە دابین نەکراوەو لەزۆر جێگادا منداڵەکان تەنانەت بێبەشن لەهەواگۆڕکێ‌و گەرمیی‌و رووناکیی‌و کەرەستەکانی پەروەردە، ئامرازەکانی ئیشکردن لەپەروەردەدا یان هیچ نین یان زۆر کەمن، برسێتیش هیچ چێژوخۆشییەك ناهێڵێتەوە بۆ وانە جێبەجێکردن، هەر بەمهۆیەشەوە بەسەدان هەزار منداڵ لەئیشی کارگەو ئیشی ماڵەوەدا ئەوەندە هەڵدەسوڕێن کە هێزی جێبەجێکردنی وانەکانی پەروەردەیان نامێنێت‌و هەتا دواڕادە گەنجێتی ئەم منداڵانە دەبێتە ژەهر، زۆرجار منداڵان بۆئەوەی کە یاریی بکەن یاخود وانەکانیان جێبەجێبکەن، ناچارن بەرهەڵستی دایکوباوکە ناتێگەیشتووەکانیان رەچاوبکەن، بەکورتی ئاستەنگییەکان ئەوەندە زۆرن بەشێوەیەك کە پەروەردەکردنی گەنجەکان‌و پێگەیاندنیان بەباشی جێگای

سەرسوڕمانە، ئەمە بەڵگەیەکە بۆ دروستی پێشکەوتنو ئەو دەسەڵاتدارییەی لەناخو تەندروستی سروشتی مرۆڤدایە، ئەمجۆرە لایەنە خراپانەی کۆمەڵگای بۆرجوازیی بەدابینکردنی خوێندن بەبێ پارەو دابەشکردنی کەرەستەکانی خوێندن لەهەندێك جێگادا بەبێ پارەو ئاسانکاریی لەبەردەم پەروەردەی گەنجاندا دەتوانێت خۆی بەپەسەندکردنی بکات ئەم داواکارییە هێشتا لەناوەندی ساڵەکانی هەشتاکاندا لەدژی نوێنەرانی میللەت لەلایەن وەزیری کەلتوری سەکسۆنیەوە بەخواستێکی سۆسیال دیموکرات ناوزەدکرا، لەفەرەنساش کە ماوەیەکی زۆر پەروەردەی خەڵك پشتگوێخرابوو زۆر پێشکەوتنی گەورە دروستبوون کە برەوی زیاتریان پێدرا کە بەلایەنی کەمەوە لەپاریسدا شارەوانی پارەی ئەو خواردەی دەدا کە منداڵان پێکەوە دەیانخوارد، لەجیاتی ئەو خواردەی دەدرایە نەداران بەبێ پارە منداڵی پیاوە دەوڵەمەندەکان ڕێژەیەکی کەم لە پارەکانیان دەکردە قاسەی شارەوانییەوە کە ئەمە دەبووە مایەی بەختەوەری دایکانوباوکانو منداڵەکانو گوزارشتبوو لەسیستەمێکی کۆمۆنیستی، ئەو کەموکوڕییانەی کە ئەمڕۆ لەسیستەمی خوێندنداهەن فاکتەرن بۆ جێبەجێنەکردنی زۆربەی ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە پێشیان، ئەمەش بارودۆخێکە کە ڕێگریی دەکات لەمنداڵان بۆئەوەی نەتوانن ئەرکی وانەکانیان لەماڵەوە جێبەجێبکەنو هیچ زستانێك نەبووە کە بەهەزاران خوێندکار نەبێت لەشارەکاندا کە بەیانیان بێئەوەی خواردن بخۆن دەچن بۆ قوتابخانەو بەسەدان هەزار کەسیش ناتوانن بەتەواوی خۆیان تێربکەن، دابینکردنی جلوبەرگو خواردنی گشتی بۆ هەموو ئەو منداڵانە شتێکی گەورەبوو، ئیتر دەزگایەکی فێرکاریی کە فێریان دەکات بەمرۆڤ بوون چ واتایەکی هەیەو خواردنو جلوبەرگی تەندروستدارو باشیان بۆ دابینبکات، هەرگیز وەك بەندیخانەیەك نابینرێتو کۆمەڵگای بۆرجوازی نکوڵی لەم ڕەزالەتە ناکاتو بەمهۆیەشەوە یەك دەگرێتەوە، لەبنەمادا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی

دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگا لەڕێگای خێرخوازییەوە بۆ دامەزراندنی جێگایەك بۆ مرۆڤە بەبەزەییەکان هەتاوەکو لەو جێگایەدا بتوانن خواردنو خواردنەوەی پێویست بدەن بەنەداران، لەکۆمەڵێك شاردا تازەبەتازە هەست بەم بارودۆخە دەکرێتو برێك لەتوانای شارەوانییەکان پێشکەشدەکرێت.

هەموو ئەمانە پڕن لەکەموکوڕیی و لەبنەمادا ڕێگەدەکرێتەوە بۆ خۆیان لەژێر ناوی خێردا، لەبەرئەوەی خوێندکاران توانای جێبەجێکردنی ئەرکی وانەکانیان نییە لەماڵەوەدا، ئەمە وەك مافێکی خۆیان لێیان پەسەندکراوەو منداڵی ژنوپیاوە دەوڵەمەندەکان بەگوێرەی منداڵە نەدارەکان تەنها لەشێوەدا جیاوازنین، بەڵکو خزمەتێکی تایبەتیشیان بۆدەکرێتو مامۆستای تایبەتیان بۆ دەگیرێت، ئەمەش بۆتەهۆی ئاسانکارییەك بۆ تەمبەڵکردنو جاهیلبوونی خوێندکارە دەوڵەمەندەکان لەبەرئەوەی کە خاوەنەکانیان خوێندن وەك شتێکی ناپێویست دەبینن و لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوام ئەو نموونە خراپانەیان ڕووبەڕوودەبێتەوە لەڕووی ئەخلاقییەوە کە دەبێتەمایەی سستکردنی ئەقڵوهۆشیان، کەسێك کە وابزانێت هەموو شتێك بریتییە لەسەروەتو پلەی دەوڵەمەندیی زۆر زاراوەی بیانی دادەنێت لەسەر دەزگا کۆمەڵایەتییەکانو دەزگاکانی دەوڵەتو هاوکات لەسەر مرۆڤو ئەرکەکانی مرۆڤ، لەبنەمادا هیچ هۆکارێك نییە بۆ تووڕەبوونی کۆمەڵگای بۆرجوازیی سەبارەت بەپەروەردەکردنی منداڵی کۆمۆنیست کە یەکێکە لەئامانجی سۆسیالیستەکان، چونکە بۆخۆی ئەم دەرفەتەی بۆ کۆمەڵێك کەسی جیاواز دروستکردووە، بەڵام بەشێوەیەکی پەرتوبڵاو دروستیکردووە، لێرەدا تەنها خوێندگا ناوخۆییەکانی سەربازیی و هەتیوخانە سەربازییەکانو بەشە ناوخۆییەکانو خوێندنگای مامۆستایانو خوێندنگای ڕاهیبەکانو.. هتد بەبیردەهێنینەوە، لەم جێگایانەدا بەهەزاران منداڵ لەچینەباڵاکاندا لەژێر چاوەزاری ماناسترەکاندان (کڵێشەکاندان)بەشێوەیەکی هەڵەو تاك لایەنەو

وشك‌وبرین پەروەردە دەكرێن‌و پێدەگەیەنرێن بۆ پیشە دیارەكان، دكتۆرو پیاوە ئاینییەكان‌و فەرمانبەرو خاوەن كارگەكان‌و خاوەن زەوییەكان‌و خاوەن كێڵگە گەورەكان‌و ئەوانی تر كە لەهەندێك هەرێمدا دەژین‌و دەزگای پەروەردەی بالای تێدانییە، لەگەڵ زۆر ئەندامی چینە دەوڵەمەندەكان راستەوخۆ هەڵدەستن بەناردنی منداڵەكانیان بۆ بەشە ناوخۆییەكان لەشارە گەورەكانداو بەدرێژایی ساڵ زیاترین پشوو دەدەن بەم منداڵانە، لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا پەروەردەكردنی منداڵان لەسەر شێوازی كۆمۆنیستی ئەگەر ببێتە مایەی تورەبوونی كۆمەڵگای بۆرجوازیی تەنها بۆئەوەیە كە ناكۆكییەك لەلایان دروستدەبێت سەبارەت بەپەروەردەكردنی منداڵەكانی خۆیان بەشێوەیەكی هەڵە، لەلایەن مامۆستایان‌و كچە خزمەتچییەكان منداڵی ماڵە دەوڵەمەندەكان سەبارەت بەپەروەردەكردنیان دەیانتوانی بەشێكی تایبەت لەگرتنی پرۆژەكتۆری ژیانی خێزانی ئەوانە بنووسن. لێرەدا لەبەر باڵادەستی‌و دووڕوویی هیچ یەكێك لەفێركارو لەفێرخوازەكان لەبارودۆخێكی وادانین كە سوورین لەسەر ئامانجەكەیان، هێزی خێرخوازیی بەرێژەیەكی زۆر زیاد دەكات بەشێوەیەكی گونجاو لەگەڵ سیستەمی پەروەردەكردندا، ئەم سیستەمە بەتەواوی گۆڕاوەو پەروەردەو پێشكەوتنی فیكریی‌و جەستەیی گەنجەكانی كردۆتە ئامانجێكی بنچینەیی خۆی، سیستەمی پەروەردەی تازە پێویستە وەك پەروەردەی سەربازەكانی ناو سوپابێت كە هەر ئەفسەرێك (٨–١٠)سەربازی بەردەكەوێت، لەداهاتوودا كاتێك مامۆستایەك وانە بەهەمان ژمارەی خوێندكار بڵێتەوە بەواتای گەیشتن بەوشتەی كە پێویستە بیگەیەنێت بەمەبەستی پڕكردنەوەیەكی تەواوی پێویستییەكانی بواری خوێندن، بەشێكی گرنگ لەپەروەردەی گەنجەكان پێكهاتووە لەفێركردنیان لەئیشەكانی باخچەو چالاكییە میكانیكییەكان‌و شێوازەكانی ئیشی كشتوكاڵی بۆئەوەی مرۆڤ لەم بوارەدا پێبگەیەنرێت‌و گۆڕانكارییەكان لەم رێگایەوە دەستەبەردەبن بەبێ

دیتنی هیچ زەحمەتییەك، بەڵام پەروەردە پێویستە بۆ هەردوو رەگەزەکە وەك یەکبێت، جیابوونەوەی ئەمانە تەنها لەحاڵەتێکدا رەوایە کە جیاوازیی رەگەزیی بەشێوەیەکی رەها پێویستیکردبێت، لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا ئەم شێوازەی پەروەردە زۆر گرنگترە وەك لەلای ئێمە، لەوێ پەروەردەی هەردوو رەگەزەکە لەقۆناغی سەرەتاییەوە هەتا زانکۆش هاوبەشن، لەوێ تەنها وانەکان نا بەڵکو ئامێرەکانی فێرکردنو ئەو مەلزەمە پێویستانەی کە بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادەکراون لەگەڵ کەرەستە پێویستییەکانی وانەی فیزیاو کیمیاو پێویستییەکانی وانەی ماڵداریی‌و ئیشی دەستیش بێپارەیە، لەزۆربەی خوێندنگاکاندا پەروەردەی فیزیکی پەیوەستکراوە بەهۆڵەکانی یاریی‌و حەوزەکانی مەلەو سیستەمەکانی بانیۆوە، لەخوێندنگا باڵاکانی تریشدا تەنانەت پەروەردەی فیزیکی رەگەزی ژنیش پەیوەستکراوە بەپەروەردەی راکردن‌و مەلەو جۆرەکانی تری وەرزش، سیستەمی پەروەردەی سۆسیالیست لەمە زیاتر دەستەبەردەکات، بەردەوام دەبێت لەچاودێریکردنێکی تێروتەسەل‌و بەرنامە بۆدارێژراو هەتا ئەو ئاستەی گەنجەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەکاتە گەنجێکی ئاقڵ‌و بەئاگا، بەمشێوەیە هەردوو رەگەزەکەش لێهاتووییەکی باشیان هەیە بۆ جێبەجێکردنی مافو ئەرکەکانیان، ئێستا کۆمەڵگا کۆمەڵێك رەگەزی پێشکەوتوو باشی هەیە کە بێگانەنین لەهیچ شتێکی مرۆڤایەتی‌و وەك کەسایەتییەکی ئاقڵ بەشێوەیەکی سروشتی خۆیان لەگەڵ باوردۆخ‌و سیفاتی ئەو کۆمەڵگایانەدا دەگونجێنن کە دەچنە ناوی‌و لەم بوارەدا باوەڕییەکی تەواویان بەخۆیان هەیە.

بەمشێوەیە ئەنجامە سروشتییەکان بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەقۆناغی پیسبوون‌و هەڵوەشانەوەدا کۆتاییپێدێت، لەناو دەزگا پەروەردەییەکان‌و ئامادەییەکان‌و خوێندنگا پۆلۆ تەکنیکییەکان‌و لەزانکۆکان‌و زۆر شوێنی تردا ئەو پەرت‌وبڵاوییانەی لەژیانی خێزاندا هەیە کۆتاییپێدێت، هەروەها ئەو

بەدڕەوشتییەی کە بەشێوەیەکی قەبە گەنجەکان چێژی لێدەبینو ئەو بەدڕەوشتیو بێدیسپلینیو کەللەرەقییەی کە ژیانی کۆمەڵایەتییانی ژەهراوی کردووە بەهەمانشێوە کۆتایی بەو کاریگەرییە خراپانەدێت کە لەسەر سەربەخۆییو ئازادی گەنجەکان هەیە لەتەمەنێکدا کە پێویستیان بەچاودێرییەکی زۆری پەروەردەیی هەیەو پێویستیان بەخۆ پەروەردەکردنە لەحاڵەتێکدا کە لەسیستەمی کارگەکاندا ئەم کاریگەرییانە بەخراپترین شێوە ڕەنگدانەوە لەسەر کەسایەتی گەنجەکان دروستدەکات، کۆمەڵگای داهاتوو لەو هەموو خراپەکارییانە ڕزگاریاندەبێت بەبێئەوەی پەناببنە بەر ئامرازە سەختەکان، دەزگا کۆمەڵایەتییەکانو ئەو کەشوهەوا مزرییەی کە باڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەکێشێو دەزگا کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنێت، ئەو خراپەکارییانە نامێڵێت، هەروەك چۆن نەخۆشییە ئۆرگانیزمییەکان لەسروشتیداو هەروەها لەناوبردنی ئۆرگانیزمەکان هاوکات دەبێتو هاوجێدەبێت لەگەڵ قۆناغی لاوازبوونەوەدا، لەکۆمەڵگاشدا بەهەمانشێوە هیچ کەسێك ناتوانێت ئەوە ڕەتبکاتەوە کە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی ئەمڕۆمان نەخۆشەو مەترسییەکی گەورەی لەسەرە، هەروەها خوێندنگا باڵاکانو دەزگاکانی پەروەردە لەمانەو لەوانەی خوارەوە کاریگەریی وەردەگرن، خوێندنگای دێیەك لەبەرامبەر ئامادەییەك لەڕووی تەندروستی ئەخلاقییەوە دەبێتەنموونە بۆ منداڵە هەژارەکانو خوێندنگەیەکی کچان لەبەرامبەر خوێندنگەیەکی ناوخۆیی نموونەییدا لەڕووی ئەخلاقییەوە نموونەیە، پێویست بەلێگەڕینێکی دوورودرێژ ناکات بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی، هەمووجۆرە هەوڵێك لەپێناوی ئامانجە باڵاکانی چینی سەرەوەی کۆمەڵگادا ئابڵوقەدراون، ئیتر ئەوان ئیدیال نین لەم بوارەداو لەئەنجامی کەموکوڕیی چالاکییە زانستییەکانی ئامانجو ئیدیالبوونیاندا بڵاوبوونەتەوە بەشوێنەواری لاری ڕەوشتو جەستەیانو گەڕانی هەمیشەییان بەدوای چێژەکانیاندا، ئەوگەنجانەی لەناو ئەم کەشوهەوایەدا

پــەورەردە دەکــرێن ئــەبێت چ جیاوازییــەکیان هــەبێت؟ چــێژی ژیــانی مادییــان بێسنوورەو بێپێوانە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە دەیبینن‌و دەیناسن خاوەنــەکانیان هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەروەت بەپێویــست نــازانن‌و پێیانوایــە کــە پێویــستە منداڵــەکانیان زۆر ماندوونــەبن‌و بەشــێکی زۆری کــوڕی دەوڵەمەنــدەکان کــە پەروەردەی ماکسیمۆن دەبینن ئەمە گوزارشتێکە لـەو ئەزموونانـەی کـە کەسـە خۆبەخشەکان بەشداریی تێدادەکـەن، زۆربـەیان وەکـو (ossaya)و (pelion)کـە گەیشتنە ئەمە وادەزانن کە گەیشتوونەتە لوتکەی مێژو وامەست بەخۆیان دەکەن کە نیوە خودایەکن، کاتێك لەگیرفانیاندا ناسنامەیەکی یەدەکی ئەفسەرێتی هەبێت ئیتر غرورو گەورەبوونیان هیچ سنوورێك ناناسێت کە زۆربەیان خاوەنی زانیـاریی‌و سـیفاتی لاوازن، بــەڵام هەسـت‌وبڕواییان بــەخۆیان بــەهێزەو وەکـو فەرمانـداری یەدەکی ئەم قۆناغـە دیاریـدەکرێن‌و سـیفاتیان ئەوەیـە کـە خـاوەنی زانیارییـەکی کەم‌و باوەڕییەکی زۆرو کەسایەتییەکی هیچن، لەبەرامبـەر سـەرەوەدا وەك کۆیلـە بەرامبەر خوارەوە مەغروور خۆبەزل زانن‌و زۆینەیەك لەکچانی چینی باڵا هەمیشە بــەدوای چــێژەکانیانەوەن‌و لەئەنجامــدا ئەوەنــدە لەچــێژەکانیان تێــردەبن هــەتا بێــزاردەبن‌و دەبنــە نەخۆشــی واقیــع‌و خەیاڵـەکانیان، ئەمانــە پێدەگەیــەنرێن وەك خانمی ئارایشتگاکان‌و شێتی مۆدەکان‌و لـەکاتی پیربوونیانـدا لەسـەر خراپبـوونی جیهان چـاویان دەگێـڕن‌و لەکەشـخەیەتی‌و ئـەدەبی جارانیـان پەشـیماندەبنەوەو دەبنە ئاینزایەکی دەم بەدوعاو ئاین پەرستی بێهاوتـاو چینەکانی تـریش ئاسـتی پــەروەردەییان دادەخرێــت، هــەتا پرۆلیتاریــا ئاقڵــدەبێت پەیوەنــدیی کۆیلایــەتی گیانی بەتەنها دەهێڵێتەوەو وایلێدەکات کـە نـەفرەت لـەخودا دنیاییـەکان بکـات، خەڵك چەند نەزانبن ئەوەندەش بەئاسانی وابەستەدەبن‌و خۆیان ئیـدارە دەکـەن، لەکۆبوونـەوەی خـاوەن زەوییـە گـەورەکانی (ئـەلب)ی ڕۆژئـاوادا هەمیشە ئـەوان وتویانە کە ئێمە کرێکارە نەزانەکانمان زیاتر خۆشـدەوێت، تـەنها لـەم ڕستـەیەدا

تەواوی پرۆگرامێك نووستووە، کێشەی پەروەردەو فێکردن لەکۆمەڵگای ئەمڕۆدا بێچارەیی‌و بێئامانجی پێوەدیارە وەك لەهەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی تریشدا دەبینین، پێویستە چیبکەین؟

باسی سزا دەکرێت‌و ئامۆژگاریی ئاین دەکرێت، واتە پەیوەستبوونێك بەوانەی کە پەیوەستن‌و دینەکەیان خۆشدەوێت‌و ئامۆگاریدەکرێت، بەڵام لەو جێگا نەدارانەی کە خاوەندارێتی هیچ شتێکیان لەئەستۆنییە وا فێردەکرێن کە تەنانەت بۆ شتە پێویستییەکانیش بەتێربوونێکی کەم رازیبن، بەهۆی قەبەدارییەکانەوە ئەوانەی کە هەڵوێست وەردەگرن هەڵوێستیان لەبەرامبەر وەردەگیرێت لەژێرناوی ریفۆرمداو لەژێر کاریگەریی سۆفیگەریدا، لەگەڵ ئەمەدا کۆتایی بەزانستی پەتاگۆژێك لەکۆمەڵگەکەماندا دەهێنرێت، بۆ حەزی منداڵانی پرۆلیتاری نموونەی ئەو مامەڵە خراپانەشیان دەدرێت کە بەڕادەیەکی زۆر رێگای لەبەردەم بەرزکردنەوەی داوادا کردۆتەوە لەبەرامبەر ئەوانەی کە تەواوی میتۆدەکانی پەروەردەیان خنکاندووەو جێبەجێیانکردووە، ئەم کردارە لەلایەن کەسە ئیدارییەکانەوە لەناو جێگاکانی پەروەردەدا ئەوەش ئاشکرادەکەن کە چۆن مامەڵەی خراپکراوە بەشێوەیەك کە بیستنی ئەو مامەڵە خراپانە مووەکانی جەستە گرژدەکەنەوەو کە چۆن بەجۆرێکی سادیستانە (وەحشیگەریانە) ئەنجامدراوە، ئایا هەتا چ رادەیەك دەتوانرێت ئەم مەترسییانە بشاردرێتەوە لەڕای گشتی.

# بەشی بیست و شەشەمین
# ئەدەب و هونەر
# لەکۆمەڵگای سۆسیالیستدا

کۆمەڵگای تازە دوای پەروەردەکردنی نەوەی نوێ هەتا تەمەنێکی باش بەردەوامی پەروەردەکردن بۆ هەموو کەسێك دەهێڵرێتەوە بۆخۆی، هەموو کەسێك بەگوێرەی ئاراستەی شارەزایی و هێزی چالاکیی لەخۆیدا ئیشدەکات و هەوڵدەدات هەندێکیان بەشێك لەزانستە سروشتییەکان هەڵدەبژێرن وەك ئانترۆپۆلۆژی –زۆرلۆژی– بۆتانیکیزم (رووەکناسی) مینارۆلۆژی جیۆلۆجی– فیزیا–کیمیا–زانستی مێژوو.. هتد، هەروەها هەندێکی تریشیان هەڵدەستن بەهەڵبژاردنی زانستی مێژوو–فیسیۆلۆژی–مێژووی هونەرو.. هتد، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکیان بەشی مۆسیقاو هەندێکی تریان بەشی نیگارکێشی و هەندێکی تریشیان پەیکەرسازیی و هەندێکی تریشیان یارییە وەرزشییەکان هەڵدەبژێرن، پاشان لەداهاتوودا دەبنە سەنتەری هونەریی و زانستی و پیشەکاریی، زۆر شارەزایی رەونەقدار پێشدەکەون کە هەتائێستا لەژێر فشاردا ماونەتەوەو لەگەڵ لەدایکبوونی هەر دەرفەتێك لەهەموو جێگاکاندا بەهەزاران کەس ئەم زانست و شارەزاییەی خۆیان دەردەبڕن، ئیتر لەپیشەدا موزیسیان (مۆسیقاژەن) هونەرمەند، یاریزان، زانا نامێنن، بەڵام جۆشێکی زۆر زیاتریان لەشارەزاییەکەیاندا هەیە وەك لەجاران، خەباتی ئەمانەو تەواوی ئەم خەباتانەی لەم بوارەدان وەك تێپەڕبوونی خەباتی ئەمرۆمان لەبواری کشتوکاڵی و تەکنیك و پیشەسازیی لەکۆمەڵگای تازەدا ئەمەش تێدەپەڕێت، سەردەمێك دروستدەبێت کە پێشتر لەهیچ جێگەیەکی جیهاندا نەبینراوە بۆ زانست و هونەرەکان و ئەو مەخلوقانەی ئەو

خولقاندونی لەگەڵ ئەمەدا گونجاودەبن، پاشان ئەوەی کە مرۆڤ لەکەش وهەوایەك سوودمەندبوو بۆئەوەی لەو کۆمەڵگایەدا سەرلەنوێ هونەر بهێنێتە جیهانەوە زۆر باشە، کە سەیری پەرتووکەکەی (Richard wagnor) بکەین لەساڵی (١٨٥٠)بەناوی هونەرو شۆڕش نووسیویەتی ئەم پەرتووکە لەدوای تازەبوونەوەی شۆڕشێك لەچاپدرا کە ئەمە جێگەی سەرسوڕمانە لەم شۆڕشەدا (wagnor)بەشداریکردووە، (wagnor)زۆر لەزووەوە باسی ئەوەیکردووە کە داهاتوو چیدەهێنێت؟ لێرەدا بۆ پاراستنی هونەری راستەقینە قورسایی دەخاتە سەر چینی کرێکار بەو سیفەتەی کە ناچارن یارمەتی هونەرمەندەکان بکەن، لەهەندێك جێگای تردا دەڵێت: لەکاتێکدا لەداهاتوودا بەدەستهێنانی داهات نابێتە ئامانجێکی ژیان بۆ مرۆڤە ئازادەکان، کە ئێمە لەهەموو گومانێك و چالاکییەکی سروشتی دووردەخاتەوە بەمهۆیەوە بڕوایەکی تازە لەحاڵەتی فاڵدا دەهێنێتە ئاراوە، بەمەش دەگەینە ئەو راستییەی کە پیشەسازیی ئاغای ئێمە نییەو لەکاتێکدا دەبێتە خزمەتچیمان ئەوکاتە ئامانجی ژیان دەگۆڕین بۆ خۆشییەکانی ژیان و بۆ چێژوەرگرتن لەم خۆشییانە هەوڵدەدەین لەمیانەی پەروەردەکردنی منداڵەکانمانەوە شارەزایی و لێهاتوویی لەکەسایەتی ئەواندا دەستەبەربکەین. پەروەردەیەك کە بۆجوانکردنی جەستەیی بێت بەهۆی ئەو خۆشەویستییەی کە لەپێشکەوتنەکانییەوە دەبینرێت و جوان و خۆشەویستی بۆ منداڵەکە تەنها دەبێتە شتێکی هونەریی کە لەڕاستیدا هەموو مرۆڤێك لەبوارێکدا هونەر پەیدادەکات. جیاوازیی لەجوڵانەوە سروشتییەکانداو زۆر بەسەرداچوونی جۆربەجۆر ئەو منداڵە بەرەو دەوڵەمەندییەك دەبات کە شیمانەناکرێت، ئەمە بەتەواوەتی فیکری سۆسیالیستییەو لەگەڵ وتەکانی ئێمەدا بەتەواوی ئاوێتەدەبێت، ژیانی کۆمەڵایەتی لەداهاتوودا رۆژبەڕۆژ زیاتر گشتگیردەبێت و بەتەواوەتی ژنان لەهەموو بوارەکاندا بەگوێرەی سەردەمی کۆن بەزەقترین شێوە دەکەونە قۆناغی

گۆڕانکارییەوەو ژیانی ماڵ سنووردارد‌ەکرێت بەپێویستییەکان، لەبەرامبەر ئەمەدا دەبێتە جێگەیەکی بەرفراوان بۆ پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها لەلایەکی ترەوە بۆ هەموو چاوپێکەوتنێکی پیشە کۆمەڵایەتییەکان کە بڕیار لەسەر داهاتوو دەدەنو بۆ گفتوگۆو کۆنفرانسەکان زۆر دەزگا دەکرێنەوە کە دەرفەتی باش دەبەخشن وەك هۆڵەکانی خوێندنەوەو یاریی‌وخواردنو کتێبخانەکانو هۆڵەکانی کۆنسێرتو شانۆگەرییو هەرێمی پەروەردەی جەستەییو موزیکژەنیو یارییەکانی تر، هەروەها جێگاکانی گەڕانو پارکەکانو بانیۆ گشتییەکانو دەزگاکانی پەروەردەو فێرکاریی، بەهەمانشێوە جێگای تایبەتو دەزگای تایبەت بەخزمەتکردنی نەخۆشو بەساڵاچووەکانو بەدڕەوشتەکان دەکرێتەوە کە گونجاوبێت لەگەڵ داخوازییەکانی ئەواندا، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەم چاخەمان کە سەردەمێکبوو زۆر پیایاندا هەڵدەداو زۆر گەورەکرابوو، زۆر بەبچووکی دەبینرێت، بۆ وەرگرتنی ئافەرینێك لەلایەن کەسانی سەرەوە کلك راوەشاندن لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکانداو کردنی تێکۆشانی ئیرەیی لەبەرامبەر ئامێرە بێبەهاکاندا، لەگەڵ کەوتنە ژێر فشاری باوەڕییەکانو شاردنەوەی تایبەتمەندییە باشەکانو لەناوبردنی سیفاتەکانو دەرخستنی دووڕوویی لەهەستو فیکرەکاندا، هەروەها ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەتوانرێت بناسرێت وەك ترسنۆکیو بێ کەسایەتی هەموو رۆژێك بەشێوەیەکی قێزەون خۆیان دەردەخەن، لەرۆژی ئەمڕۆدا ئەو شتەی کە مرۆڤ شکۆمەنددەکاتو شەرەفو سەربەخۆییو نەفرۆشتنی باوەڕیو چەمکی جەوهەرییو فیکر لەگەڵ کرانەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی سەربەست دووپاتدەکاتەوە بەهەڵەو تاوان دەژمێردرێت، ئەم تایبەتمەندییانە ئەگەر نەکرێنە ژێر فشارەوە ئەوا خاوەنەکانیان لەناودەبەن، زۆربەی مرۆڤەکان لەبەرئەوەی کە راهاتوون لەم بارودۆخەدا تەنانەت هەست بەخۆیان ناکەن کە چەند بێ کەسایەتی کراون، سەگ کە کاتێك بێزاردەبێت ئەو

کەسە دەکاتە خاوەنی خۆی کە بەخێوی دەکات، لەژیانی کۆمەڵایەتیدا بەتێکڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە باسی لێوەدەکرێت گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیش لەهەموو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دروستدەکات، لەلیستی ساڵانەی پەخشە ئەدەبییەکانی ئێستادا لەگەڵ سیستەمی یاساییدا سیستەمی تەوەلۆژیش کە ژمارەیەکی زۆر پیشاندەدات وندەبن لەلایەکەوە یەکێکیان گرنگدەبینرێتو لەلایەکەی ترەوە ئەویتریان پێشگوێدەخرێت، ئیتر لەبەر نەبوونی دەزگا پەیوەندیدارەکان بەو بەرهەمانەوەی کە بەستراون بەتێکۆشانی رۆژانەی دەزگاکانی دەوڵەتەوە، ئەمیش لەناودەچێت، لێوردبوونەوەی پێویست لەسەر مێژووی مەدەنییەت دەکرێت زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییە سادەکان کە نیشانەی زەوقێکی خراپن، لەگەڵ فیداکردنی مەغرورییەتی زۆربەی نووسەرەکان لەناودەچێت تەنانەت بەبێ هیچ موبالەغەیەك لەڕوانگەی بارودۆخی ئەمڕۆمانەوە ٤\٥ی هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکان، بەبێئەوەی هیچ زەرەرێکی بەرژەوەندییە کەلترییەکان بگەیەنرێت لەبازاڕدا نامێڵرێن، رێژەی ئەو ئەدەبیانە هەرچەندە زۆریشن کە بریتین لەبەرهەمی سادەو زەرەرمەندە ئەدەبیو رۆژنامەوانیی بەیەك ئەندازە کاریگەرییان هەیە، لەبەشێکی زۆری سیستەمی رۆژنامەوانیماندا بێ زەوقیو سادەیی دەبینرێت، تەنانەت ئەگەر رۆژنامەکانمان بەگوێرەی ناوەڕۆکەکانیان لەڕوانگەیەکی زانستییەوەو لەڕوانگەی بەدەستهێنانی کەلتوریمانەوە پێناسەبکەینو پێوانەی بکەین، ئاستێکی زۆر نزمی هەیە، پێویستە کە بەتێڕوانینێکی بەلگەییەوە چالاکیی کەسەکانو بارودۆخی شتەکان هەڵبسەنگێنرێت، بەشێکی زۆری پەیامێنرەکانمان ئەوکەسانەن کە مووچەی پەیامنێرییان گونجاوە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئیشی بۆرجوازییەکان، بەڵام پیشەیەکی هەڵەیان هەڵبژاردووە، ئەمە تێڕوانینی (Bismarck)ە، لەسەر زۆربەی پەیامێنرەکان، لەگەڵ ئەمەشدا خاوەنی ئەرکی هاندانو بڵاوکردنەوەی پیسترین

ریکلامـن لەبەشـەکانی ڕاگەیاندنـدا، ڕۆژنامـەکان وەك لەزۆربـەی گۆڤارەکانیـشدا دەبینرێت، لەلاپەڕەی ئابووریشدا خاوەنی هەمان بەرژەوەندییە لـەبوارێکی تـردا، سیستەمی ئەدەبیات بەشێوەیەکی گشتی زۆر باشـترنییە لەسیستەمی ڕۆژنامـە، لێرەدا بەتایبەتی خزمەتی ئیستغلالکردنی بوارە جنسییەکان دەکرێتو زۆرجاریش بەتیـشك خـستنەسەر بابـەتێك بەشـێوەیەکی هەرەمـەکیی یـاخود بەهەنـدێك پێشبینیو بڕوای پووچەوە ڕۆژنامەکان پڕدەکرێنـەوە، لێرەدا ئامانج پیشاندانی جیهانی بۆرجوازییە وەك باشترین جیهان بەشێوەیەك کە تەواوی کەموکوڕییەکانی ئەم جیهانە نابینێت، کۆمەڵگای داهاتوو ناچارە کە پاکییەكو هەستیارییەکی زۆر لـەم بـوارە گـرنگو بەرفراوانـەدا بنوێنێـت، تـەنها زانـستو حەقیقـەتو جـوانیی بالادەسـتدەبن لـەم بـوارەدا، دەرفـەت دەدرێتـە هـەموو کەسـێك کـە توانـای بەرهەمهێنانی شتی باشی هـەبێت، تاکەکـەس ئـیتر خیتـابی بەرژەوەنـدیی پـارەو پێـشهاتی نابێـت بـەڵکو لـەمرۆدا لەڕەداکـسۆنێکی ڕۆژنامـەدا بەرژەوەندییـە کەسـێتییەکانی مەحاڵـدەبێت، چـونکە بەرژەوەندییـەکانی پەیوەسـتە بەهەڵسەنگاندنی پرۆفیسۆرە بێلایەنەکانـەوەو لەدەوڵـەتێکی سۆسیالیستدا ئـەو بۆچـوونە شـازانەی کـە فـشاری پێکدادانـە فیکرییـەکانی تێدایـە، بـەهۆی دوژمنایەتییەوە دەتوانن تۆمەت بخەنەپاڵ سۆسیالیزمو ئەوکەسـانە بپارێزن کـە خوازیارن سۆسیالیزم بچووك بکەنەوەو بەهۆی تێڕوانیـان بـۆ جیهـانی بۆرجـوازیی وەك کۆمەڵگایەکی بێ مشور کۆمەڵگایەك کە شکۆمەندبووبێت لەسەر یەکسانییو دیموکراسـی، ئـەو کۆمەڵگایـە فـشار ناناسـێتو مۆڵەتیـشی پێنـادات، بـەڵام بەشێوەیەکی مسۆگەر پرەنسیپی ژیانی کۆمـەڵگاو ئـازادی هـزری پێشدەخاتو کۆمەڵگای بۆرجـوازیی کـە خـۆی وەك پـارێزەرێکی ڕاسـتەقینەی ئـازادی فیکریـی پیـشاندەدات ئەمـە تـەنها خۆهەڵخەڵەتانـدنێکی قەبـەبوو. ئـەو پارتانـەی کـە نوێنەرایەتی چینی بالادەستیاندەکرد تەنها ئەو شتانەیان بڵاودەکردەوە کە هیچ

زەرەرێک بەبەرژەوەندییەکانی ئەم چینە ناگەیەنێت، ئەوانەی کە دژایەتی ئەمەشیان بکردایە حاڵیان واوەیلاییبوو وەك هەموو کەسێك دەزانێت ئەوانەی ئەم بارودۆخە دەناسن مۆر لەڕووخانی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگایە دەدەن، لەبەرامبەر ئەو هەوڵە ئەدەبیانەی کە لەگەڵ خودی ئەواندا نەدەگونجا زۆر بەباشی دەزانن کە لەسەریان بنووسن و بەهەڵسوکەوتی کاتیی ناویان ببەن، سەرەنجام یاساکانی سزاو راگەیاندنیش گوزارشتن بۆ نیشاندانی ئەو راستییەی کە کام رۆحە بۆتە باڵادەست و کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات، ئازادیی فیکری راستەقینە ئەوان وەك خراپترین مەترسی دەبینێت.

# بەشی بیست وحەوتەمین
## بەرەو پێشچوونی ئازادانەی کەسایەتی

### ١-ژیانێکی بێترس و گومان:

مرۆڤ پێویستە بتوانێت خۆی بەتەواوەتی پێشبخات، پێویستە ئامانجی سۆسیالیزسۆنی مرۆڤ ئەمەبێت، پێویستە مرۆڤ پەیوەست نەبێت بەخاکی ئەو وڵاتەی کە تیایدا لەدایکبووە، پێویستە مرۆڤ مرۆڤایەتیو جیهان تەنها لەچاوی رۆژنامەکانو پەرتووکەکانەوە نەناسێت، پێویستە پشتببەستێت بەلێکۆڵینەوە مەیدانییەکانو راوبۆچوونی کەسەکانیش، لێرەدا کۆمەڵگای داهاتوو هەڵدەستێت بەدابینکردنی ئەو شتانەی کە بۆ هەرکەسێك پێویستەو دابینکردنی مەحاڵ نییە.

لەتەواوی پەیوەندییەکانی ژیاندا پێویستە گۆڕانکاریی بەشێوەیەکی قوڵ لەسروشتی مرۆڤدا بوونی هەبێت، ئەمە لەغەریزە ناوەکییەکانی هەموو یوونەوەرێکی زیندوودا هەڵدەقوڵێت، رووەکێك لەژوورێکی تاریکدا وەك ئەوەی کە ئەقڵی پێبشکێت راستەوخۆ خۆی دەکشێنێت بەرەو بچووکترین رووناکی کە لەهەرکونێکی دیوارەکەوەبێت هاتۆتە ژوورەوە، مرۆڤیش بەمشێوەیەیە ئەو غەریزانەی کە مرۆڤ لەکاتی لەدایکبوونییەوە خاوەنییەتی دەبێت بەشێوەیەکی ئاقڵانە تێریان بکاتو بارودۆخی کۆمەڵگای تازە بۆ غەریزەی گۆڕانکاریی هیچ بەربەستییەك نانێتەوە، بەپێچەوانەوە بۆ هەموو کەسێك تێرکردنی ئەم غەریزانە مەحاڵدەکات، پەیوەندییەکانی گەیاندن کە پێشکەوتوون بەئەندازەیەکی باڵا کارئاسانی بۆ ئەمە دەکەن، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەمە هاندەدەنو مرۆڤ لەداهاتوودا زۆر زیاتر لەئێستا بەئامانجی هەمەجۆرەوە بەناو جیهاندا دەگەڕێت.

جگە لەمە کۆمەڵگا پێویستی بەدابینکردنی پێویستییە ژیانییەکانی هەیە لەهەموو جۆرێکو لەئاستێکی تەواودا لەپێناوی بەدەستهێنانی هەموو خواستەکانیاندا،

کۆمەڵگا بەگوێرەی پێویستییەکان، ماوەی کارکردن دیاریدەکات وەك پێویستییەکی تایبەتمەندی وەرزەکانو داخوازییەکان ئەم ماوەی کارکردنە هەندێکجار درێژدەکرێتەوەو هەندێکجاریش کورتدەکرێتەوە، لەهەندێك وەرزدا باری کشتوکاڵیی‌و لەهەندێك وەرزی تردا باری پیشەسازیی لەپێشتردەبێت، بەم پێیە هێزی کار وەك پێویست بەکاردەهێنرێت بەتێکڕای تەکنیك‌و هێزێکی کاری بێشومار دەتوانرێت زۆر بەئاسانی بەرهەمێکی باش بەدەستبهێنرێت بەشێوەیەك کە لەمڕۆدا توانای کردنی نییە، کۆمەڵگا وەك چۆن ئەرکی بەخێوکردنی گەنجانی لەئەستۆدایە ئەوکاتە بەخێوکردنی کەمئەندام‌و نەخۆش‌و بەساڵاچووەکانیشی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەگەر یەکێك لەحاڵەتێکدابێت توانای کارکردنی نەمابێت ئەوا خەڵك بەگشتی رۆڵی بۆ دەبینن، لێرەدا خێرخوازییەك جێگەی باس نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی ئەرکێکەو ئەمە بەزەیی پێداهاتنەوەنییە، بەڵکو هاوکاریی‌و یارمەتیدانی کەسێکە کە پێویستە بەرێزەوە بکرێت، چونکە ئەو کەسە کاتێك کە هێزی ئیشکردنی هەبووە لەبەرامبەر کۆمەڵگا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێکردووە. کۆتایی ژیان بۆ پیرێك دەبێتە بەختەوەریی کە کۆمەڵگا هەموو شتێکی پێببەخشێت، هەموو کەسێك ئەوشتەی کە دەیبەخشێت بەپیرێك کاتی خۆی دێت کە سوودی لێوەربگرێت، ئیتر لەمڕۆدا پیرەکان بەبیرکردنەوەیەکەوە ناڕەحەت نابن کە هەمیشە وابزانن کە کەسێك هەیە بۆ وەرگرتنی میراتەکەیان چاوەڕوانی مردنی ئەون، ئەمە لەکاتێکدا کە پیردەبن‌و بێچارەدەبن لەو ترسە رزگاریان دەبێت کە وەك لیمۆیەکی گوشراو فرێدەدرێنە سوچێکەوە، نەپێویستیان بەیارمەتی سواڵکەرانەی شارەوانیی‌و نەپێویستیان بەیارمەتی ئەو منداڵانە هەیە کە دەستیان بگرن، زۆربەی ئەو پیرانەی کە پێویستییان بەهاوکاریی منداڵەکانیانانە، دەزانن کە لەچ بارودۆخێکدان، وەك یاسایەکیش ئەو منداڵ‌و خزمە نزیکانەی کە بەهیوای وەرگرتنی میراتی ئەون چەندە کاریگەریی خراپ

بـوونی رەوشـتیان پێوەدیاربێـت ئەوەنـدە کاریگـەریی لەسـەر بەساڵاچـووەکەدا دەکەن‌و ئەمە دەبێتەهۆی کردنـی چـەندان تـاوان‌و چـەندان هەسـتی بەدڕەوشـتی دەوروژێنێت، هەڵخەڵەتاندنی میرات، شایەتی درۆو هەڕەشەکردن.

بـارودۆخی فیزیکـی‌و ئـەخلاقیی کۆمـەڵگا دەسـتێکە بـۆ هاوکـاریکردن لـەڕاکردن لەخراپەکارییەکان‌و نەخۆشییەکان‌و ژیانی کۆمەڵگاو تەنانەت شێوازی لەبەرکردنی جلوبـەرگیش، لەمەبـەدواوە وەك بنەمایـەك رۆژبـەڕۆژ نـەمانی هێزەکـانی ژیـان‌و مردنی سروشتی زیاد دەکات، بوونی بەهەشت لەسەر زەوی‌و بڕواهێنان بـەکۆتایی هێنان بەم واتەیە بەڕێگای مردن فاکتەرێکە بۆ ئەوەی مرۆڤـەکان بـەرەو ژیـانێکی دیاربیات، ئەوانەی کە چێژ لـەژیان وەردەگرن ئەوانـەن کـە چـێژێکی دووردرێـژ وەردەگـرن، پیـاوە ئاینییـەکان مرۆڤـەکان بـۆ ئـەودنیا ئامادەدەکـەن کـە نرخـی ژیانێکی دووردرێژە بەتەواوەتی، بەمشێوەیە ژیانێکی بێ ترس‌وگومان لەم دنیادا دەستەبەردەکەن.

## ٢-گۆڕانکاریی لەبەخێوکردندا:

خواردن‌وخواردنـەوە یـەکێکن لەبەرنامـە سـەرەتاییەکانی ژیـان، لایـەنگرانی ئـەو فیکرەی کـە دەڵێـت (بـەگوێرەی سروشـت بژین) زووزوو پرسیاردەکەن کـە ئایـا بۆچی سۆسـیال دیموکراتـەکان بـێ هـیچ گومانێـك لـەقۆناغی گۆشـت نەخواردنـدا ماونەتەوە، بێگومان هەموو کەسێك وەك بیەوێت دەژی (ڤەژەتاریزم) ئەوەیـە کـە هەڵبـژاردنێك لـەناو ئـەو کەسـانەدا دەکـرا کـە لـەبارودۆخێکی باشـدابوون، بۆئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە لەنێوان خۆراکی رووەکی‌و خۆراکی گۆشتیدا، بـەڵام ئـەم هەڵبژاردنـە بـۆ بەشـێکی زۆری مرۆڤـەکان نـەبوو، ئـەوان ناچـاربوون بـژین بەگوێرەی ئەو دەرفەتەی کە رێگای کردۆتەوە بۆ تێربوون لەسەر کەمترین مادەی خۆراکیی کە مەبەستم تێربوونیانە بەتەنها لەسەر مادە رووەکییەکان، لەسیلەزیا،

ساکسۆنیا، سۆرینگێندا، پەتاتە سەرەکیترین مادەی خۆراکییە بۆ خەڵکی کرێکار، کە لەم جێگایانەدا تەنانەت نان لەپلانی دووەمدایە، گۆشتو بەتایبەتیش خراپترین جۆری گۆشت بەشێوەیەکی دەگمەن لەسەر مێزی نانخواردنەکان دەبینرێت، بەشێکی گەورەی دانیشتوانی لادێکانمان، سەرەرای ئەوەی کە خەریکی بەخێوکردنی مەرومالاتن بەلام زۆر بەدەگمەن خاوەنی خواردنی گۆشتن، ئەوان بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی تریان لەگەڵ تێکرای کارەکانی خۆیاندا ناچارن کە هەستن بەفرۆشتنی مەرومالاتەکانیان بۆتەواوی ئەم مرۆڤانەی کە بەشێوەیەکی ناچاریی دەژین، جاربەجارێك وەك خواردنێك لەمێشکی خۆیاندا بیری لێدەکەنەوە کە ئەمە بەواتای باشترکردنی تێرکردن دەکات، کاتێك فەژەتاریزم لەدژی بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت دەردەکەوێت، ئەمە حەقی خۆیەتی، بەلام ناهەقییەك دەکەن کە تێکۆشان بکەن لەبەرامبەر خواردنی گۆشت، ئەگەرچی هەندێکیان بەهۆکاری بەزەیی بوونەتە ڤەژەتەر یان بەو مەنتقەی کە بەرەحموبەزەیی سروشتی خواردنی جەستەیەكو کوشتنی ئاژەڵێك قەدەغەدەکات، لەم میانەیەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە خواردنی گۆشت زەرەرمەندەو هاوکات بەدرەوشتیشە، خواستنی ژیانێکی خۆشو بەختەوەر وامان لێدەکات کە هەستین بەراگەیاندنی شەرێکی گەورە بۆ لەناوبردنی زیندەوەرەکانی ترو هەروەها بۆئەوەی کە نەخورێین لەلایەن ئەوانەوە ناچاردەبین کە هەستین بەکوشتنی ئاژەڵە درندەکانو لەبنەماوە لەناوبردنیان، باشترین دۆستی مرۆڤەکان ئەو ئاژەلانەن کە لەماڵدا بەخێویان دەکەینو دوای چەند ساڵێکی تر ژمارەی ئەم دۆستە باشانەمان ئەوەندە زیاددەکات کە ئەوان لەئێستادا وەك خۆراکێك لەدەستماندان، بەلام ئەوکاتە ئەوان ئێمە دەخۆن، بۆیە ئەو پروپاگەندەیەی کە ڤەژەرەتەریانەکان پێیانوایە خۆراکی رووەکیی هۆکارە بۆ دروستبوونی سیفاتی نەرمونیانی شتێکی هەڵەیە، خوی نەرمونیانی ئینگلیزە توندرەوەکان

لەکاتی رق‌وکینەیاندا لەناو فەزەتەریانەکاندا بەسەرهاتێك دەوروژێنێت، نرخی تێرکردن لەرووی ئەلبومێکی مادە خۆراکییەکانەوە تەنها هەڵناسەنگرێت بەرێژەی ئەو ئەلبوومەی کە تیایەتی، لەگەڵ مادە خۆراکە پەیوەستەکاندا پێویستە ئەوەش ببینین کە چەندە ئەوانەی ناو ئەلبومی وەریگراو لەمادە خۆراکییەکان کارلێك لەگەڵ خوێندندا دەکەن، لەم روانگەیەوە کە برنج‌وگۆشت‌و پەتاتە لەئەلبوومەکەدا (٢،٥، ٢٠ یاخود ٢٢)ە، لەم واتایەدا کە گۆشتیش وەربگرین بە(١٠٠)گرام سەرلەنوێ لەپاشەڕۆدا بە (٢،٥)گرام دەبینرێتەوە، کە برنج‌وپەتاتە لەکۆی وەرگرتنی (١٠٠)گرام لەپاشەڕۆدا دەتوانرێت (٢٠)یاخود (٢٢)گرام ببینرێت، فەیلەسوفی ناوداری روس پاڤلۆڤ ئەوەی پیشاندا کە ئەگەر گۆشت لەسەر نانەکەیان نەبێت ئەوکاتە ناچارن مادەیەکی فرەلایەن بەکاربهێنن، ئاوی گەدە بەهۆی مادە خۆراکییەکانەوە لەسەر گەدە هەڵدەقوڵێت‌و لەلایەکی ترەوە بەهۆی مادە خۆراکییەکانەوە لەسەر جوڵاندنی ئۆرگانەکانی تێربوون وەك ئاوی ئیشتیها هەڵدەقوڵێت، رێژەی ئاوی ئیشتیها پەیوەستە بەدوو خاڵەوە، یەکەم: پەیوەستە بەبارودۆخی سایکۆلۆجی بۆنموونە وەك لەکاتی خۆشیدا لەکاتی تورەبووندان لەکاتی بێزاریدا، لەکاتی برسیبووندا، دووەم: پەیوەستە بەچۆنێتی مادە خۆراکییەکەوە، بەڵام گرنگ ئاوی ئیشتها بۆ وەرگرتنی سوودێکی تەواو لەخواردن خاوەنی قورساییەکی جیاوازە لەتاك بەتاکی مادە خۆراکییەکاندا، بۆنموونە هەندێك مادەی خۆراکیی وەك سادە لەنیشاستە یاخود مریشکی کوڵاو یاخود نان ئەگەر هەزم نەکرێت لەلایەن ئاوی ئیشتهاوە ئەوا هیچ هەزم ناکرێت، تەنها لەکاتی وەرگرتنی مادەیەکی خۆراکی تر بەتێکڕا لەگەڵ ئیشتها ئەتوانن هەزمی بکەن، لەبەرامبەر ئەمەدا وەك پاڤلۆڤ پیشانیدەدات گۆشت مادەیەکە کە بەشێوەیەکی رێژەیی بەبێ بوونی ئاوی ئیشتها دەتوانرێت هەزم بکرێت، بەڵام بەئەندازەیەك کە بەراوردناکرێت، هەزم کردنی گۆشت بەئاوی ئیشتها پێنج قات خێراییەکەی زیاتر

دەکات، بەمهۆیەوە پێویستە بارودۆخی پەیوەست بەسایکۆلۆجی مرۆڤەکانەوە رەچاوبکەین، لێرەدا لەگەڵ حەقیقەتی فیسیۆلۆژیای تێرکردن رۆڵی پردێك دەبینێت لەنێوان بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا، جەماوەرێکی بەرفراوانی چینی کرێکار بەتایبەتی لەشارە مۆدێرنەکاندا لەبارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا دەژین کە پێویستە ئیشتهای ئاسایی بەهەموو جۆرێك لەناوبرێت، کەوەکورێ لەهەستە خۆشییەکانداو لەبەختەوەرییە رۆحییەکاندا لەگەڵ ترس‌وگومانێکی بەردەوام بۆ پەیداکردنی نانی رۆژانە لەمیانەی ئیشکردن لەکارگە خنکێنەرەکاندا ئەمانە بەتێکڕایی رێگا لەبەردەم هەڵوەشانەوەی جەستەی مرۆڤ دەکاتەوەو هۆکارن بۆ لەناوبردنی ئیشتهای مرۆڤ، لەم بارودۆخە دەروونییەدا بۆ هەزمکردنی خۆراکە رووەکییەکان ئەو بنەما بەهێزەمان نییە کە بتوانێت ئاوی ئیشتهای پێویست دەستەبەربکات، لەبەرامبەر ئەمەدا گۆشت مادەیەکی خۆراکییە کە بۆخۆی هەزم کردنی خۆی مسۆگەردەکات، بەتەنها بەشێکی گرنگی هەزمکردنی ناگرێتەئەستۆ، بەڵکو مادەیەکی بەهێزە بۆ پێدانی چێژو هاندانی ئیشتهاو هاوکات ئیشتهاش دەکاتەوە، بەمشێوەیە گۆشت هەزمکردنی ئەو خواردنە رووەکییانەش هاندەدان کە بەتێکڕایی لەگەڵ ئەمدا دەخورێن‌و بەمهۆیەشەوە گەرەنتی بەکارهێنانی مادەکانی تریش دەکات بەشێوەیەکی سوودبەخش کە لەگەڵ ئەودا دەخورێن، لێرەدا بۆ مرۆڤە مۆدێرنەکان خۆراکی ئاژەڵ وزەیەکی گەورەیە، کاتێك (sondergger)دەڵێت: سیستەمێکی هەرەمیی هەیە بۆ پێویستییەکانی مادە خۆراکییەکان، بەڵام یاسایەکی نەگۆڕ هەیە بۆ تێکەڵەکردنی مادە خۆراکییەکان، لێرەدا (sondergger)وتەکەی باش پێکاوە، بەڵام هەڵبژاردنێکی راست بەگوێرەی بارودۆخەکان بکرێت باشترە، چونکە هیچ کەسێك بەخۆراکی گۆشت تێرنابێت، بەڵکو بەخۆراکە رووەکییەکان توانای تێربوونی زیاترە، لەلایەکی ترەوە هیچ کەسێك بەبڕێك خۆراکی رووەکی تێرنابێت تەنانەت ئەگەر سوودمەنترینیشیان

بێت، بۆنموونە خواردنە وشکەکانی وەکو فاسۆلیاو پاقلەو نیسك، یەکێکن لەمادە خۆراکییە سوودبەخشەکان، بەڵام ئەگەر بوترێت مرۆڤ دەتوانێت تەنها لەسەر ئەمانە بژی، ئەمە ئەشکەنجەیەکە کە (کارل مارکس)ئاماژەی پێدەدات، کە خاوەنی کارگەکانی کانزا لەشیللی بەدرێژایی ساڵ کرێکارەکانی خۆیان ناچاردەکرد فاسۆلیا بخۆن، چونکە فاسۆلیا هێزێکی زۆر دەدات بەوانو دەیانکاتە خاوەن توانایەکی وا کە قورسترین بار هەڵبگرن، کە ئەم وزەیە لەخواردنەکانی تردا نابینرێت سەرەڕای نرخی وزەبەخشی لەفاسۆلیادا بەڵام دیسان ئەوان لەڕەتکردنەوەی فاسۆلیادان وەلێ جارێکی تر ناچاردەکرێن کە خۆیان بەمە تێربکەن، لێرەدا ئەوە حەقیقەتێکە کە تەندروستیو خۆشبەختی مرۆڤەکان پەیوەست نییە بەجۆرێك لەخۆراکە دیارکراوەکانەوە کە ڤەژەتەریانەکان لەناو خۆیاندا ئیدیعای لەسەر دەکەن، بەپێچەوانەوە ئەوەی کە ڕۆڵی دیاریکراوی هەبێت لەم بوارەدا بریتییە لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی، ژینگەی هەرێم، ڕاهاتن، چێژو حەزەکان.. هتد، مەگەر ئەو بەراوردەی کە مەدەنییەت دیاریکردووە لەناو خەڵکانی شوانو ڕاوکەردا لەجیاتی خۆراکی سادە لەگۆشت زیاتر خۆراکی ڕووەکیی بەبنەما وەردەگیرێت، ڕەنگاوڕەنگکردنێکی زۆر لەکەلتوری ڕووەکدا نیشانەیەکە بۆ مەدەنییەتێکی باڵا، دیسان لەسەر باخچەیەکی بەپیت دەتوانرێت زیاتر مادە خۆراکییەکانی ڕووەکی بەدەستبهێنرێت لەچاو گۆشتدا، ئەم پێشکەوتنە ڕۆژبەڕۆژ قورساییەکی گەورە بەخۆراکە ڕووەکییەکان دەبەخشێت، بازرگانی گۆشت بەتایبەتی لەمڕۆدا لەڕێگای تاڵانەوە دەهێنرێنەوە ئەمریکای باشووروو ئوستراليا، هەردوای چەندساڵێك بەکاردەبرێت، جگە لەمە ئاژەڵو پەلەوەر بەتەنها بۆ گۆشتەکەیان پێناگەیەنرێت، بەڵکو سوودی لێوەردەگیرێت بۆ شیر، هێلکە، خوری.. هتد، زۆربەی پێویستییەکانی مرۆڤو پیشەسازییەکان وابەستەن بەمەوە، زۆربەی دەزگا پیشەسازییەکان بۆخۆیان هەڵدەستن

بەبەخێوکردنی ئاژەڵ، لەداهاتووشدا لەناو دەریادا ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لەئێستا لەڕووی مادە خۆراکییەکانەوە بەدەستدەهێنرێت، ئەوکاتە وەك ئەمڕۆ بۆ پاراستنی دەزگا بازرگانییەکان بەڕێژەیەکی زۆرنابێت، یاخود ڕێژەیەکی گەورە ئاستەنگی لەبەردەم بەردەوامبوونی ئەو خەرجییانەدا دروستدەکەن کە بۆهەلگرتنی بار تەرخانکراون، هەروەها لەگەڵ لەناوبردنی ناکۆکییەکانی نێوان شارو لادێدا خەڵکێکی زۆر لەشارەکانەوە بۆ لادێکان کۆچدەکەن، بەمەش خەباتی کارگە لەجێگە داخراوەکاندا ئاوێتە دەبێت لەگەڵ خەباتی کشتوکاڵیدا، لێرەدا دیسان خۆراکە گۆشتییەکان دەچنە پاش خۆراکە رووەکییەکانەوە، هەڵبەتە کەمیی مادەی وشیارکەرەوە لەخۆراکە رووەکییەکاندا، بەیارمەتی بەهارات‌و بەڕێگای ئامادەکردنێکی زانستیانەو گونجاوانە دەتوانرێت پڕبکرێتەوە، بەلام بۆ کۆمەلگای داهاتوو پێویستیمان بەو شێوازەی ژیان نییە کە پشت ببەستێت بەڕووەك.

## ٣-چێشتخانەی کۆمۆنیست:

لەخواردندا چۆنێتی گرنگترە لەچەندێتی، زۆرێك کە باش نەبێت هیچ سوودێکیشی نابێت، چۆنێتی بێت بەئەندازەیەکی گرنگ لەڕێگای ئامادەکردنەوە باشتردەبێت، بۆئەوەی بەسوودمەندیی بمێنێتەوە ئامادەکردنی خۆراك بابەتێکی هەتا دوارادە زانستییەو پێویستە لەسەر ئەم بنەمایە هەڵبسەنگێنرێت، لەبەرامبەر ئەم زانیاریی‌و تێرکردنی پێویستە لێرەدا ژن کە وەك ئامادەکارێکی خاوەن زانیاریی‌و ئەزموونە پێویست ناکات بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم راستییە بهێنینەوە، تەکنیکی چێشتخانە گەورەکان گەیشتۆتە ئاستێکی تەواو بەرادەیەك کە باشترین چێشتخانەی ماڵ ناناسێتەوە، بەتایبەتی لەڕێگای کارەباوە مسۆگەرکردنی گەرماو رووناکی گونجاوە بەگوێرەی هەموو خواستەکانی، ئیتر لەمەبەدواوە دوکەڵ‌و

گەرمیی و تەپوتۆز نامێنێت، چێشتخانە زیاتر لەجێگەی ئیشکردن، هۆڵێک دەهێنێتەوە بیر کە پڕکراوە لەئامێرو تەکنیکو هەموو ئەو ئیشانە ئاسان دەکات کە کاتێکی زۆریان دەوێت، لێرەدا بۆ ئامادەکردنی خۆراردنی سەدکەسی بانگهێشکراو بۆ ژمارەیەکی کەمیش لەکەسەکان هەموو جۆرە تەکنیکێك هەیە کە لەڕێگای کارەباوە لەکاتێکی کەمدا بەئیشکردنێکی کەم خواردنەکە ئامادەدەکرێت، لەماڵەکاندا زۆر جۆری تەکنیك دەبینرێن وەك میوەگوش، پاکککەرەوەی پەتاتە، ئامێرەکانی سوورکردنەوەو نان بڕینو پارچەکردنی سەهۆڵ، بەهەمانشێوە بۆ تێرکردنی خۆمانو پاکراگرتنی ماڵەکان گرنگە. چێشتخانەی تایبەت بۆ ملیۆنان ژن شتێکیماندووکەرەو لەهەمانکاتدا دەزگایەکی موسریفن لەئاستێکی بەرزداو کاتی زۆریش دەگرێت، لێرەدا تەندروستیان لەدەستدەچێتو بەتایبەتیش لەزۆربەی خێزانەکاندا کاتێك بارودۆخی مادییان خراپدەبێت، چێشتخانەکانیان دەبێتە جێگەی ترسو گومانی رۆژانەیان، نەهێشتنی چێشتخانەی تایبەت بۆ ژمارەیەکی زۆری ژنان دەبێتە رزگارییەك، چێشتخانەی تایبەت دەزگایەکی تایبەتی نییە کە دەست پێوەگرتنی ئابووریی تێدا پیادەببێت، لەرووی مادە خۆراکییەکانو ئامێرەکانی رووناککردنەوەو گەرمیو وزەو هەروەها لەرووی کاتیشەوە بەواتای مەسرەفگەرییەکی گەورەدێت، نرخی خواردن پەیوەستە بەدەستڕەنگینی بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی لەخواردنەکاندا، ئەمە شتێکی دیارە، واتە شێوازی تێرکردنێکی گونجاو بۆ هەرکەسێك بەشێوەیەکی سروشتی مەگەر لەکۆمەڵگای تازەدا دەستەبەر بکرێت.

(کاتۆ) لەرۆمای کۆندا هەڵدەستێت بەپیاهەڵدانی پرۆفیسۆرە پزیشکییەکان لەشارەکەیاندا واتە لەسەدەی حەوتەمدا، رۆمانییەکان ئەوەندە بەتەگبیرو بەبیرکردنەوەو بەسادەیی دەژیان بەرادەیەك کە زۆر دەگمەن تووشی نەخۆشی دەبوونو مردووەکانیشیان ئەو کەسانەبوون کە تەمەنێکی زۆریان تێپەڕاندبوو،

واتە لەلایەکەوە بەدوای سەفەرو سەیرانی خۆیانەوەبوون و لەلایەکی تریشەوە پاش ئەوەی قەیرانێکی زۆر رووی تێکردن و دەستیان بەکارکردن کرد، ئەم بارودۆخەیان لەبنەماوە گۆڕی، لەداهاتوودا رەزالەت و قەیران و هەژاریش بۆ هەموو کەسێك هەتاڕادەیەکی بەرزدەبینرێت.

(Camaro)کە لەسەدەی شازدەدا دەڵێت: ئەوەی کەم بخوات باش دەژی، واتە تەمەن درێژدەبێت، سەرەنجام لەداهاتوودا لەبواری کیمیادا بۆ بەرهەمهێنانی باشترین مادەی خۆراکیی و تازەترینیان بەشێوەیەك کە هەتائێستا نەبینراوە تێدەکۆشێت، ئەمڕۆ ئەم زانستە بۆ هێشتنەوەی دەرفەتی ساختەکاریی و خەڵەتاندن زۆر خراپ بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئاشکرایە هەمان ئامانج دەپێکێت بەئامادەکردنی مادەیەکی خۆراکیی بەشێوەیەکی کیمیاگەرانە کە خاوەنی هەموو دەستکەوتە سروشتییەکان بێت، بەرهەمەکە لەگەڵ گونجاوبوونی بەرهەم و داخوازییەکان و چۆنێتی پێکهێنانیان خاوەنی گرنگییەکی لاوەکییە.

## ٤-گۆڕانکاریی ژیانی ماڵدا:

هەروەك لەچێشتخانەدا دەبینرێت لەهەموو ژیانی ماڵدا شۆڕشێك شۆڕشێك دێنێتەئاراوەو زۆربەی ئەو ئیشانەی کە لەمڕۆدا دەیکەین دەبنە ئیشی ناپێویست، لەداهاتوودا بەهۆی دەزگاکانی ئامادەکردنی خۆراکەوە بەشێوەیەکی زۆر تەواو چێشتخانەیەکی ماڵەوە بێ رۆڵدەکرێت و بەهەمانشێوە سیستەمی ناوەندیی بۆ دابینکردنی گەرمیی و کارەبا دەبێتە هۆکارێك بۆئەوەی هەموو ئەو ئیشانە لەناوببرێت کە پێویستی بەئامێری رووناککردنەوەو گەرمیی هەیە، رێکخستنی ئاوی ساردو ئاوی گەرم دەستەبەردەکرێت بۆ جێگاکانی بانیۆو شۆرگەکان و ناوندی پاککردنەوەی ماڵ و شوشتنی جلوبەرگ و فەرش و جێگای شتنی جلوبەرگ و راخەرەکان لەماڵدا دەگرێت، لە(chicago)دا ئەو ژنانەی کە هاتبوون بۆ پێشانگا زۆر بەتاسەوە دەیانڕوانییە ئەو ئامێرانەی کە لەماوەیەکی کەمدا

شتومەکێکی زۆریان دەشۆشت، دەرگای کارەبایی کە زۆر بەسووکی پەنجە بەدەرگاکەیەوە دەنێت بۆخۆی دەکرێتەوە بەئاسانیش دادەخرێت.
کارەبا هۆکارێك دەبێت بۆ گەیاندنی نامەو رۆژنامەکان بۆ یەك بەیەکی ماڵەکان، ئاسانسۆری (مصعد)ی کارەبایی سەرکەوتن بەسەر پیپلیکانەدا بێ رۆڵدەکات، بەشێوەیەك کە بەکتریاو تۆز دروست نەکات بەجۆرێك ئاسان هەموو شتێك پاکدەکرێتەوەو تەواوی مۆبیلیاکانی ناو ماڵەکە رێکدەخرێتو دەرگاو دیوارو زەوی ماڵەکە پاکدەکرێتەوە، هەموو خۆڵوخاشاکێكو پاشەڕۆیەکی زیادە وەك ئاوە بەکارهێنراوەکان بەرێگەی بۆری لەماڵەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوە، لەولاتە یەکگرتووەکانداو لەهەندێك شاری ئەوروپادا بۆنموونە زوریخو بەرلینو بانیلوو هەروەها لەلوندراو ڤیەنناو مۆنیهتا خەرجییەکانی خێزانێك کە لەبارودۆخێکی باشدابێت دەگاتە خەرجیی ژمارەیەکی بێ شوماری خێزان، ئەوانی تر ئەم خەرجییەیان پێنادرێت، دەرخستنی چێژی بەشێکی زۆر لەو شتانەی کە باسمان لێوەکردن لەئێستاوە ئەو جۆرە ماڵانەی کە بەم وردەکارییانە پڕکراونەتەوە ئامادەن، لێرەدا جارێکی تر بۆئەوەی شێوازی ژیانی ماڵ لەکۆمەڵگای بۆرجوازیدا بگەیەنرێتە شۆڕشێك تەنها ئەو بەلگەیە دەبنیین کە رێگاکردنەوەی ئەم کۆمەڵگایە تەنها بۆ کەسانی دەوڵەمەندبووە، بەڵام کاتێك لەبنەماوە گۆڕانکاریی لەشێوازی ژیانی ماڵدا دەکرێت ئەوکاتە خزمەتچێتی نامێنێت، بێگومان خاتوونو ئەفەندییەکان پێیانوایە کە مەدەنییەت بەبێ خزمەتچیو خزمەتکار نابێت.
(V.Treitschke)بەترسوجۆشێکی پێکەنیناوییەوە وەك ئەوەی کە ئەرستۆتالیس بیری لەکۆمەڵگایەك نەکردۆتەوە کە خزمەتچی تێدانەبێت، ئەمیش ناتوانێت بیر لەکۆمەڵگایەك بکاتەوە کە خزمەتچی تێدانەبێت، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە تێڕوانینی (V.Treitschke)ە، سەبارەت بەوەی کە دەڵێت: خزمەتکارەکانمان هەڵگری کەلتوری ئێمەن (V.Treitschke)و (Eugenrichter)ترسیان لەوەش هەیە کە پاککردنەوەی جلوبەرگو

بریقاندنەوەی پێڵاوەکانیان بەبێ خزمەتکارناکرێتو هەرکەسێك ناتوانێت ئەمە بۆ خۆی بکات ئەگەرچی ئەمڕۆ (٠,٩)ی کۆمەڵگا هەر کەسەو بۆخۆی یاخود ژن بۆ پیاو یاخود منداڵێکی کوڕ یان کچ بۆ تەواوی ئەندامانی خێزان ئەم کارە دەکات ئەگەر (٠,٣)ی کۆمەڵگا بتوانن ئەم ئیشەبکەن ئەوا ئەو بەشەی تریش دەتوانن بیکەن، یاخود رێگاچارەیەکی تریش هەیە، بۆچی هەموو گەنجەکان بەبێ بوونی جیاوازیی رەگەزیی لەداهاتوودا بۆ ئەم ئیشە هاوشێوانە نەخرێنەکاردەوە؟

ئیشکردن ئەگەر پاکردنەوەی جزمەو پێڵاوی خەڵکیش بێت هیچ کەسێك لەکەدارناکات، ئەوانەی کە قەرزاربوونو رایانکردووە بۆ دەوڵەتە یەکگرتووەکانو لەوێ پێڵاو پاکدەکەنەوە زۆربەیان فەرماندارە بەناوبانگەکان بوون لەکۆندا کە لەیەکێك لەبرۆشۆرەکانی (eugen richter) بەهۆی کێشەی پاککردنەوەی پێڵاوەوە دەوڵەتی سۆسیالیستو سەرۆکی ئەو دەوڵەتە دەرووخێنن، سەرۆکی دەوڵەتی سۆسالیستی ئەوە رەتدەکاتەوە کە خۆی پێڵاوەکانی خۆی پاکبکاتەوەو ئەمەش دەبێتە خاڵێکی خراپ بەناوچەوانییەوە، (eugenrichter)یەکسەر دوای دەرکردنی برۆشۆرەکەی ناچاربوو کە ئازاری ئەم ئیشە بچێژێت بەهۆی دانانی ئامێرێکی کارەبایی بۆ پاککردنەوەو بریقانەوەی پێڵاو کە ئیشەکە جێبەجێدەکات، ئەویش بەشێوەیەکی تەواو رێکوپێك، بەمشێوەیە (eugen richter) لەبەرامبەر کۆمەڵگای سۆسیالیستدا سەرەکیترین نارەزایی کە دەربڕی لەکۆمەڵگای بۆرجوازیشدا خراوەتەلایەکەوە، کەواتە هەر لەئێستاوە دەبێت وەرچەرخانی شۆڕشگێڕیی ببینین کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەپەیوەندییەکانی ژیانی تەواوی مرۆڤایەتیداو بەتایبەتیش گۆڕانکاریی لەمەسەلەی ژناندا ئەنجامدەدات، ئەم گۆڕانکارییەی کۆمەڵگا بۆئەوەی گشتگیربکرێتو خێرایی پێبدرێت بەشێوەیەك هەرکەسێك سوودمەندبێت لێیو هەروەها هەڵبسەنگێنرێت بەپێوانەیەکی بەرز تەنها بۆماوەیەك دەبێت بەکێشە.

# بەشی بیست و هەشتەمین

## ژن لەداهاتوودا

دەکرێت ئەم بەشە کورتبێت و تەنها ئەو ئەنجامانە دەگرێتەخۆی کە هەتائێستا دەربارەی مەسەلەی ژن لەکۆمەڵگای داهاتوودا باسی لێوەکراوە، ئەمانە ئەو ئەنجامانەن کە خوێنەر دەتوانێت بۆخۆی ئەنجامی لێهەڵبهێنجێت.

ژنی کۆمەڵگای تازە بەتەواوی لەبواری ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە سەربەخۆیە، ئیتر لەرێی هیچ داگیرکاریی و چەوساندنەوەیەکدانییە لەبەرامبەر پیاودا یەکسان و ئازادە گەورەی هەموو لێهاتوویەکانە، پەروەردەو فێرکردنی لەگەڵ پیاواندا یەکسانە، جگە لەو جیاکارییانەی کە پێویستی فۆنکسیۆنی جنسی ژن و جیاوازیی لەجنسییەتەکاندا هەیە، ژنان لەژێر بارودۆخێکی سروشتیدا دەژین و بەگوێرەی داخوازییەکانیان دەتوانن هێزی فیکریی و جەستەیی و تواناکانیان پێشبخەن و بەکاربیهێنن، بۆ چالاکییەکانی ژنان بواری گونجاو بەشارەزایی و حەزو داخوازییەکانیان هەڵدەبژێردرێت و لەکەش و هەوایەکی یەکساندا چالاکییەکانی خۆی ئەنجامدەدات، ئەگەر ساتێك پێشتر کرێکارێك بوبێت لەبەشێکی تری رۆژەکەیدا ئیشی مامۆستایەتی و پەروەردەکردن دەکات و لەبەشی سێیەمی رۆژەکەیدا دەتوانێت لەهەرکارێکی هونەرو زانستدا قوڵببێتەوەو لەبەشی چوارەمیشدا خاوەنی کارێکی بەڕێوەبەرایەتییە، ژن وەك ئەوەی دەخوازێت و بەگوێرەی ئەو دەرفەتانەی کە دەیبینێتەوە لێوردبوونەوە دەکات و ئیشدەکات لەگەڵ هاورەگەزەکانیدا یاخود لەگەڵ پیاواندا گفتوگۆدەکات و بەشداریی ئاهەنگ و خۆشییەکان دەکات لەهەڵبژاردنی عەشقدا وەك هەمان پیاو ئازادەو هیچ فشارێکی لەسەرناکرێت و دەتوانێت بۆخۆی دارایییەك دروستبکات و مۆڵەت بداتەخۆی کە پارە کۆبکاتەوەو بەهیچ هۆکارێك جگە لەنزیکبوونەوە لەزەواج هیچ بریارێك بدات،

ئەم یەکێتییە وەك لەچاخەکانی ناوەڕاستدا هەبووە گرێبەشێکی تایبەتە کە هیچ لێپرسراوێك ناتوانێت بکەوێتە ناوییەوە، لێرەدا سۆسیالیزم هیچ شتێکی تازە ناخولقێنێت تەنها سەرلەنوێ لەژێر شێوازە کۆمەڵایەتییە تازەکان و لەقۆناغی مەدەنییەتێکی باڵادا هەموو شتێکی گرنگ دەپارێزێت کە پێشتر باڵادەستبوون لەکۆمەڵگای پێش مولکییەتی تایبەتیدا، مرۆڤ بۆئەوەی لەپێناوی تێرکردنی غەریزەکانیدا کەسانی تر زەرەرمەند نەکات دەبێت خۆی حوکم لەسەرخۆی بدات. تێرکردنی غەریزەی جنسیش وەك تێرکردنی هەموو غەریزە سروشتییەکانی تر کێشەی تاکەکەس خۆیەتی، لەم بابەتەدا هیچ حسابێك نییە کەسێك بیداتە کەسێکی ترو هیچ کەسێکیش مافی ئەوەی نییە کە تێکەڵی کەسێك بێت کە ئەو کەسە حەز بەچارەی نەکات، چۆن بخۆم، چۆن بخۆمەوە، چۆن بنووم، جلی چۆن لەبەربکەم، ئەمە مەسەلەی کەسایەتی منن، بەهەمانشێوە پەیوەندیم لەگەڵ کەسێکی رەگەزی بەرامبەریشدا وەهایە، چەمك و کەلتور لەگەڵ سەربەخۆیی کەسایەتیدان، ئەمانە لەکۆمەڵگای داهاتوودا تایبەتمەندیی سروشتین بەهۆی ژینگەو پەروەردەوە، ئەم سیفاتانە هەمووکەسێك دووردەخاتەوە لەهەڵسوکەوتی زەرەرمەندیی، لەکۆمەڵگای داهاتوودا ژنان و پیاوان لەئەمڕۆ زیاتر دەبنە خاوەنی زانیاریی سەبارەت بەکەسایەتی خۆیان و دیسپلینی کەسایەتییان لەئاستێکی باڵادا، لەکاتێکدا کە ئەو هەڵوێستە نهێنی و شەرمنیی جاهیلانە نامێنن کە پیشان دەدرێت لەگفتوگۆکانی سەبارەت بەشتە جنسییەکاندا، ئەم راستییە لەپەیوەندیی نێوان رەگەزەکاندا شێوەیەکی سروشتی دەبەخشێت، لەکاتێکدا کە نەداریی و خەیاڵ لەنێوان دووکەسی ئاوێتەبوودا دەربکەوێت، ئەوکاتە بەهۆی دووروویییەوە ئەو پەیوەندییە دەپچڕێت کە هاتۆتە ئاستێکی بەدڕەوشتی، لەبەرئەوەی هەموو ئەو بارودۆخانە لەناودەچن کە ژن مەحکومدەکەن بەفرۆشتنی جەستەی خۆیان و شونەکردنیان کە زۆربەی ژنانی ئەمڕۆ بەدەست ئەم دیاردەیەوە دەناڵێنن،

بەهۆیەوە جیهانی پیاو شکۆمەندیی بەدەستناهێنێت، لەلایەکی ترەوە بارودۆخی کۆمەلایەتی کە لەبنەماوە گۆڕانکاریی تێداکراوە ژمارەیەکی زۆر ئاستەنگیی و نارەحەتییەکان لەناودەبات کە هەتائێستا بوونەتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنەکان و کاریگەرییان کردۆتەسەر ژیانی زەواج، ئەو ئاستەنگیی و ناکۆکییانەی کە لەمەسەلەی ژندا بوونیان هەیە دەبێتە بابەتێك کە زۆرینەی خەڵك لەبەرامبەریدا هۆشیاردەبنەوەو زانیاریی پەیدادەکەن دەربارەی ئەم مەسەلەیە، ئیتر ئەمە لەمیانەی لیتەراتۆریەتی رۆمانێکدا یاخود بەهۆی باری کۆمەلایەتییەوە گوزارشتی خۆی دەبینێتەوە، هیچ کەسێك لەوانەی کە بیردەکەنەوە ناتوانن ئەو راستییە رەتبکەنەوە کە زەواجی ئەمڕۆ زۆر کەم گونجاوە لەگەڵ ئامانجی خۆیدا، بەمشێوەیە لێرەوە تەنانەت ئەو کەسانەی کە خوازیارنین ئەنجام بەدەستبهێنن بۆ گۆڕاندنی بارودۆخی کۆمەلایەتی ئێستامان، پێیانوایە کە هەڵبژاردنی عەشق بەشێوەیەکی ئازادانەو پیادەکردنی ئازادیی لەپەیوەندییەکاندا شتێکی سروشتییە، بێگومان ئەمە جێگەی سەرسوڕمان نییە، ئەوان بڕوایان بەوەیە کە پێویستە تەنها چینی دەوڵەمەند بەشێوەیەکی ئازاد مافی هەڵبژاردنی پەیوەندیی جسنیان هەبێت. بۆنموونە (Fanny lewald)ی نووسەر لەسترۆمبەرگ لەدژی هەولۆ تێکۆشانەکانی ژن لەپێناوی بەدەستهێنانی یەکسانیدا لەتەوەرەیەکدا بەمشێوەیە دەدوێت: لەژیانی سیاسیی و کۆمەلایەتیدا لەکاتێکدا ژنان داوای یەکسانییەکی رەها دەکەن لەگەڵ پیاوان، ئەوکاتە پێویستە بزانین کە (Georg sand)هەقی خۆیەتی کە دەڵێت: بێ گفتوگۆ پیاو لەزووەوە هەتائێستا خاوەنی هەموو شتێك بووەو هەوڵی یەکسانیش هیچ شتێك لەمە زیاتر ناکاتە ئامانجی خۆی، چونکە هیچ هۆکارێکی گونجاو نییە بۆئەوەی کە ژنیش وەکو پیاو خاوەنی ئازادیی دانوستاندن نەبێت دڵۆمێشکی ژنانیش بەشداریی نەکەن، بەپێچەوانەوە ئەگەر پیاویش خاوەنی مافی بەکارهێنانی مێشکی بێت و

نەخوازێت کە شارەزایی و زیرەکیی تیادا کوێربکرێتەوە ئەوکاتە پێویستە بۆ ڕەگەزەکەی تریش ئەم هاوسەنگییە بپارێزرێت و بەمهۆیەشەوە پێویستە ببێتە خاوەنی ماف خێراکردنی سوڕی خوێن لەدڵداو بەهەمانشێوە چونکە هەموومان بەبێئەوەی هیچ بێزارییەکی ڕەوشتی ببینین ئەو ڕاستییە دەخوێنینەوە چۆن دەربڕینی جۆش و ڕۆحی گەورەو گەرمی دڵ بۆ ژنێك دەکرێت ئەوانەی خاوەنی ئاستێکی تێگەیشتنن بەهۆی ئەو ڕۆحەی کە بەزەحمەت دەگاتە تێربوون، ئەمە بەسروشتی دەبینن تەنها سەر وشکە مۆرالیستەکان نەبێت کە ڕەخنە لەمە دەگرن، لەم حاڵەتەدا بۆچی گاڵتە بەو ڕۆحە گەورانە بکرێت کە لەنێوان ژناندایە.

ئەگەر وا پێشبینی بکەین کە بەشێوەیەکی ناوازە هەموو ژنان وەك (Georgsand) لەڕۆحی گەورە دروستبوون، بابڵێین هەموو ژنان هەریەکێك لەمنداڵەکانیان منداڵی عاشق بن، بەلام هەموویان بەخۆشەویستی و میهرەبانی دایکەوەو لەهەمانکاتدا بەچەمك و مەنتق لەلایەن ( Lukertia Floriani)پەروەردەدەبن، لەم بارودۆخەدا جیهان چی بەسەردا دەهات؟ هیچ گومانێك نییە کە هەبوونی جیهان بەردەوامدەبوو وەك ئەمڕۆش پێشکەوتنەکانی تۆماردەکردوو لەوانەیە هەتادواڕادە هەستی بەبەختەوەریی بکردایە، بەلام بۆچی تەنها ڕۆحە گەورەکان بتوانن داوای ئەمە بکەن و ئەوانەی کە ڕۆحی گەورەیان نەبێت نەتوانن داوای ئەمە بکەن، بەهەمانشێوە لەنێوان ئەوانەی هەڵسوکەوت دەکەن و ئەوانەی کە هەڵسوکەوتیان کردووە هەردووکیان هەڵبژێرین، بۆچی ئەو شتەی کە دەبێتە بابەتی سەرنجڕاکێش لەکاتێکدا (Georgsand)و (Gothe)دەیکەن، خەڵکانی تر بەخراپی پێشوازیی لێدەکەن، هەڵبەتە لەجیهانی بۆرجوازیدا ئازادیی لەهەڵبژاردنی عەشقدا مەحاڵە، ئەو بەڵگانەی کە خستوومانەتەڕوو ئەم ئەنجامە دەسەلمێنن، بەلام ئەگەر بارودۆخێکی کۆمەلایەتی هاوشێوەی ئەو بارودۆخە کۆمەلایەتییە بهێنن کە بەشێکی لەهەڵبژاردنەکان

بەردەکەوێت وەك هەڵبژاردنی فیکریی مادیی بەتەنها، دەبینین بەشێوەیەکی گشتی هەموو خەڵك دەتوانن دەرفەتی هەمان ئازادیی بەدەستبهێنن.

لە(Jacques)دا (Georgsand)و (Gothe)باسی پیاوێك دەکات کە پەیوەندیی زینای ژنەکەی بەمشێوەیە هەڵدەسەنگێنێت: هیچ کەسێك ناتوانێت باڵادەستبێت لەسەر عەشقو هەموو کەسێك کە هەستیکرد عاشقە یاخود لەبێ عەشقیدا مایەوە ئەمە تاوان نییە، درۆیە گەربوترێت ژن بێ نرخ دەکات، ئەوەی کە زینادەکات بەزینا ئەوکاتە نییە کە ژن جیایدەکاتەوە بۆ خۆشەویستەکەی، بەڵکو لەپشت ئەمەوە ئەو شەوەیە کە لەگەڵ مێردەکەیدا بەسەریدەبات.

(Jacques)ئەنجامی ئەم چەمکە وەك ئەنجامێك بۆ (Borel)بەجێدەهێڵێت کە یەکێکی بەناوبانگی هەرێمەکەیەو لەم نێوەندەدا بەمشێوەیە دەڵێت: ئەگەر (Borel) لەجێی من بوایە هەڵدەستا بەلێدانی ژنەکەی‌و بەبێئەوەی شەرمبکات ژنەکەی دەدایە بەر پێلەقەو تەمێی دەکرد، ئەویش لەبەرئەوەی وەك موڵکێکی یاسایی خۆی دەبینێت‌و زۆر پیاو هەن کە لەسەر دەستووری رۆژهەڵاتییەکان هەڵدەستن بەکوشتنی ژنەکانیان لەکاتێکدا کە راستگۆنەبن لەگەڵیاندا، ئەم پیاوانە هەڵدەستن بەکوشتنی ژنەکانیان یاخود بەدوورخستنەوەیان، پاشانیش لەناو بێچارەیی یاخود پەشیمانبوونەوەدا بەترسێکی گەورەوە ئیدیعا دەکەن کە ژنەکانیان خۆشدەوێت‌و تەسلیمدەبن لەگەڵ ئەوەی ژنەکانیان لەناو ترسدان ئەمان حەزدەکەن ماچیان بکەن‌و توخنیان بکەون. لەعەشقی زەواجدا هەڵسوکەوتی بنچینەیی بەمشێوەیەیە کە لێرەدا من پێموایە عەشقی بەرازەکان لەعەشقی ئەم جۆرە مرۆڤانە قەبەترو بەدرەوشتانەترنییە.

بۆ جیهانی بەکەلتوری ئەمرۆمان ئەم راستییانە کە بنەمایەکن پەنجاساڵە بەرلەئێستا شتێکی مەترسیداربوو، بەڵام بۆ پەسەندکردنی پرەنسیپەکانی‌و

(Gothe) (Georgsand) بەشێوەیەکی ئاشکرا سەرەڕای ئەوەی بەمشێوەیە دەژی، بەلام ئەمڕۆ لەجیهانی بەکەلتورو خاوەنی مولکدا جەسارەت ناکات.
هەروەك چۆن لەئاین و رەوشتدا دووڕوویی دەکات بەهەمانشێوە لەزەواجیشدا دووڕووییەکی وەهادەکات، ئەوشتەی کە (Georgsand) (Gothe)و دەیانکرد ئەمڕۆ بەهەزاران کەس کە خۆیان بەراورد ناکەن بە(Georgsand)و (Gothe) ئەگەرچی لەکۆمەلگادا رێزێکی کەمیان هەبێت بەلام دیسان بێئەوەی بەرێگایەکی تردا بڕۆن بەردەوامی بەم رێبازە دەدەن تەنها لەبابەتێکدا ببێتە خاوەنی رێزداریی، پاش ئەمە هەموو شتێك لەخۆیەوە دەڕوات، بەبێئەوەی سەرنجبدرێتە ئەو حەقیقەتەی کە ئازادییەکانی (Georgsand)و (Gothe)ێك لەلایەن ئەخلاقی بۆرجوازییەوە بەبێ ئەخلاقیی دەژمێردرێت، چونکە ئەوان هەلدەستن بەپێشێلکردنی یاساکانی ئەخلاق کە لەلایەن کۆمەلگاوە دانراون و لەناو ناکۆکییەکاندا لەگەل بارودۆخی کۆمەلایەتیماندا لەکۆمەلگای بۆرجوازیدا زەواج لەژێر فشاردا بەزەواجێکی ئاسایی دەبینرێت، ئەمە تەنها بەپەیوەندییەکی ئەخلاقیی دادەنرێت بۆ رەگەزەکان جگە لەمە هەموو پەیوەندییە جنسییەکانی تر بەدڕەوشتیە، ئێمە ئەوەمان سەلماند بەشێوەیەك ئەمە رەتناکرێتەوە کە زەواجی بۆرجواز ئەنجامی پەیوەندییەکانی مولکییەتی بۆرجوازییە، لەناو پابەندبوونێکی پتەودایە لەگەل مافی میرات و مولکییەتی تایبەتدا کە لەپێناوی پێگەیاندنی مندالی یاسایی وەك میراتگر ئەمە دەکرێت، هەروەها لەژێر فشاری بارودۆخە کۆمەلایەتییەکاندا زۆر سیفات داسەپێنراون، لەلایەن دەولەتەوە ئەو ژن وپیاوانەی کە جیابوونەتەوەو زینا دەکەن لەحالەتی چەوساندنەوەدا سزادەدرێن بەحەپسکردنیان وەك مافێکی کۆمەلایەتی، بەلام لەکۆمەلگای سۆسیالیستدا ئەگەر کەسێك بیەوێت مالەکەی یان ئامێرەکانی مالەکەی وەك میراتێك بژمێردرێت، ئەمە شتێکی ترە دەنا هیچ شتێك نییە کە وەك میرات بەجێ

بهێڵدرێت، بەمهۆیەوە شێوازی زەواجی ئەمرۆ حوکمی لەسەرنییە، بەمشێوەیەیە کێشەی مافی میراتیش چارەسەری دەبینێتەوە، پێویست ناکات کە سۆسیالیزم ئەمە بەجیا لەناوبەرێت، ئەگەر موڵکی تایبەتی نەبێت مافی میراتیش بوونی نابێت لەم واتەیەدا ژن ئازادەو ژنی خاوەن منداڵیش لەئازادییەکەی کەمنابێتەوە تەنها دەتوانرێت بەختەوەریی بۆ دابینبکرێت لەکاتێکدا کە پێویستی بەیارمەتی هەبێت، ئەوە ژنانی هاوڕێو دۆستو ئەو ژنە گەنجانەی لەپێ ڕاگەیشتندان یارمەتی دەدەن، لەداهاتوودا لەوانەیە زۆر پیاوی هاوشێوەی (A.humboldt)هەبن کە دەڵێت: من بۆئەوەی ببم بەباوکی خێزان گونجاونیم، جگە لەمە زەواج شتێکی گوناحەو دروستکردنی منداڵیش بەتاوانێك دەژمێردرێت.

چ گرنگییەکی هەیە کە هێزی غەریزە سروشتییەکان لەکەسانی تردا هاوسەنگی دەستەبەربکات، ئێمە لەگەڵ (A.humboldt)دانین کە دوژمنی هاوسەرگیرییەو هەروەها لەگەڵ (schopenhauer)و (mainlamder)و (V.hartmann)دانین کە پێیانوایە لەدەوڵەتی ئیدیالدا لەناوبردنی مرۆڤایەتی لەلایەن خودی خۆیەوە بنەما فەلسەفییەکانمان پێ حزور ناکات، بەتەواوی لەگەڵ (Fr.ratzel)داین کە لەم بابەتەدا دەڵێت: مرۆڤ پێویستە لەمە زۆرتر خۆی لەدەرەوەی یاسا سروشتییەکاندا نەهێڵێتەوە، بەپێچەوانەوە پێویستە لەمزرو هەڵسوکەوتەکانیدا بگەڕێ بۆ ئەو شتەی کە گونجاوە لەگەڵ یاساکانداو پێویستە هەوڵبدات بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی بەگوێرەی یاسا سروشتییەکان، لەم واتەیەدا مرۆڤ بەگوێرەی یاساکانی سەدانساڵی کۆن واتە دەوڵەتو خێزان ژیانی هاوبەش لەگەڵ نەوەکانی مرۆڤدا پێك نەهێنێت، بەپێچەوانەوە پێکهێنانی ئەم ژیانەدەبێت بەگوێرەی پرەنسیپە مەعقولەکانی چەمکێکی گونجاوبێت لەگەڵ سروشتدا، ئەو سیاسەتەی کە ئەمرۆ لەهەموو سەرچاوەکانەوە پڕ چەکدەکرێتو چەمکی ئەخلاقو یاسا بەتەنها بەگوێرەی یاسا سروشتییەکان شێوەدەگرن، ژیانێك کە لەتەوەرەی

بەرژەوەندیی و سوودی مرۆڤەکاندایەو بەهەزاران ساڵە بۆتە خەون، سەرەنجام دەبێتە واقیع.

ئەم قۆناغە لەهەنگاوی گەورە نزیکدەبێتەوەو لەئەنجامدا کۆمەڵگای مرۆڤ بەتەنها بۆ هاوڕێکانی خۆیو بۆ موڵکییەت نا بەپێچەوانەوە بۆ گەیشتن بەبرایەتیو بەیەکسانییەکی تەواوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی کە گەیشتۆتە ئاستێکی پێشکەوتنو بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا، گەورەترین پێشکەوتن کە مرۆڤایەتی دروستیبکات ئەمەیە، کۆمەڵگای بۆرجوازیی لەو بوارانەی کە پێویستییەتی پێیبگات هەوڵیداوە بۆئەوەی تیایدا سەرکەوێتو سەرنەکەوتووە تیایدا، لەجیاتی ئەمە سۆسیالیزم ئازادیی تەواوی مرۆڤایەتیو دەستەبەرکردنی برایەتیو یەکسانیی بەئەنجامدەگەیەنێت، کۆمەڵگای بۆرجوازیی تەنها توانیویەتی تیۆریٚ برەخسێنێت بەڵام لەبواری پراکتیکیدا هەمیشە لەگەڵ تیۆرەکانی خۆیدا لەناکۆکیدابووە، کە سۆسیالیسزم تیۆرو پراکتیکی خۆی ئاوێتەی یەکتردەکات، بەڵام گەڕانەوە بۆ خاڵی دەرکەوتنی پێشکەوتنە مرۆڤایەتییەکان هەتا دواڕادە لەقۆناغی دەرکەوتنی کەلتوردا جێبەجێدەبێتو کۆمەڵگای سەرەتایی بەشێوەیەکی زۆر قەبەو بەرفراوان لەچوارچێوەی کەشو تیرەکاندا خاوەنی موڵکییەتی هاوبەشبوون.

قۆناغی پێشکەوتن لەوکاتەوە هەتائێستا بەهەموو پاشماوە بچووکو ناگرنگەکانییەوە موڵکییەتی هاوبەش شیکردۆتەوەو لەئەنجامدا تیرەکانی پارچەپارچەکردوو کۆمەڵگەی ئاتۆمیزەکرد، بەڵام پێویستیو هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگا لەقۆناغە جۆربەجۆرەکاندا زۆر زیادیکرد، لەتیرەوهۆزەکانی دەوڵەتی گەورەو نەتەوەی بەرفراوانی خوڵقاند، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بارودۆخێکی خوڵقاند کە لەگەڵ پێویستییەکاندا لەناکۆکیدابوو کە یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی داهاتوو چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییەیە بەسەر

بنەمایەکی بەرفراوان لەپێناو گەڕانەوەی موڵکییەتی تایبەتی بۆ دۆخی موڵکییەتی هاوبەشــی ئامرازەکــانی ئیـشکردن، کۆمــەڵگا ئــەو شــتانەی کــە ماوەیــەکبوو دروستیکردبوون و خاوەندارێتی لێکردبـوون جـارێکی تـر وەریاندەگرێتـەوە، بـەڵام بەشێوەیەك کە گونجاوبێت لەگەڵ بارودۆخی ئەو ژیانە تازەیـەی کـە خـەڵقاوە بـۆ هەمووکەسێك، لـەقۆناغی لوتکـەی مەدەنییەتـدا ژیـان مەحاڵـدەبێت، واتـە لـەژێر بارودۆخی کۆمەڵگای سەرەتاییدا ئەو شتانەی کە تەنها بۆ چینێك یاخود بۆ چەند کەسێك بووە بۆ هەموو کەسێك دەستەبەردەکرێت و ئێستاش ژنان جارێکی تر ئەو رۆڵە ئاکتیڤە بەدەستدەهێننەوە کە خاوەنی بوون لەکۆمەڵگای سەرەتاییدا، بەڵام وەك باڵادەستێك نا، بەڵکو وەك کەسێك کە خاوەنی ماف یەکسانی بێت.

(Bachofen) لەنووسـینێکیدا دەڵێـت: دوا پێـشکەوتنی دەوڵـەت وەك سـەرەتای هــەبوونی مرۆڤایەتییــە، لــەکۆتایی یەکــسانییە ســەرەتاییەکاندا جــارێکی تــر بەدەسـتیدەهێنێتەوە، ئەوشـتانەی کـە سـوڕی خـوێن لەمرۆڤـدا دروسـتدەکەن و کۆتاییـان پێـدەهێنن هـەبوونی مـادە دایکییەکانـە، هاوکـات (morgan)لـەکتێبی یاسـای دایکـدا دەڵێـت: لەسـەرەتای دەسـتپێکردنی مەدەنییەتـەوە پێشکەوتنی سـەروەت ئەوەنـدە بەتـەواوی بـووە ئەوەنـدە ڕەنگـاوڕەنگبووەو بـەکارهێنانی ئەوەندە بەرفراوانبووەو ئەوەندە بەتوانابووە لەبەرژەوەندیی خـاوەن موڵکەکانـدا بەشـێوەیەك کــە لەبەرامبــەر خەڵکــدا هاتۆتــە ئاسـتی هێزێـك کــە ناتوانرێـت پشتگوێبخرێت، مێشکی مرۆڤ لەبەرامبەر ئەوشتەی کە خۆی خوڵقاندویـەتی زۆر بـەبێ چـارانە دەوەسـتێت و دەسـتوقۆڵی گرێـدەدرێت، بـەڵام ئەوکاتـەدێت کـە لــۆژیکی مــرۆڤ هەڵدەســتێت بــەدیاریکردنی مــاف خــاوەن موڵکــەکان یــاخود پەیوەندیی و دەوڵەت بەموڵکەوە کە هۆکارێکە بۆ بـەهێزبوونی باڵادەستی لەسـەر سـەروەت، بەرژەوەنـدیی کۆمــەڵگا لەپێـشەوەی بەرژەوەنـدیی تـاك بـەتاکی مرۆڤەکانــەو پێویــستە پەیوەندییــەکی بــاش و عادیلانــە لــەنێوان هەردووکیانــدا

دروستبکرێت، مرۆڤەکان ببوونە خاوەنی سەروەت بڕیاری کۆتایی نادەن، بەرەوپێشەوەچوون بەشێوەی رابردوو وەك یاسای داهاتوو دەمێنێتەوە ئەو سەردەمەی کە لەسەرەتای مەدەنییەتەوە هەڵدەقوڵێت هەتائێستا تەنها پارچەیەکی بچووکە لەو ژیانەی کە لەپێشەوە چاوەڕوانمانن، هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا وەك کۆتایی ڕێگایەکی مێژوویی کە تەنها ئامانجی سەروەتە بەشێوەیەکی مەترسیدار دێتە بەردەممان، چونکە ڕێگایەکی بەمجۆرە لەناو رەگەزەکانی خۆیدا کۆتاییپێدێتو لەئاستێکی بەرزدا دیموکراسی بەرجەستەدەبێت لەبەڕێوەبەرایەتیداو لەبرایەتی ناو ئەندامانی کۆمەڵگاداو لەیەکسانیی مافو لەپەروەردەی گشتی بۆ کۆمەڵگاداو ئەزموونو زانستو لۆژیك بەبەردەوامی پێشدەکەوێت، لەکۆمەڵگای تیرەو گەنسەکاندا برایەتیو یەکسانیو ئازادیی هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی باڵاتر سەرلەنوێ دەژێتەوە، ئەو پیاوانەی کە خاوەنی تێڕوانینی ترن لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە زانستییەکانیان دەگەنە هەمان ئەنجام یەکسانیی مافی ژن وەکو پیاو یەکێکە لەئامانجە پێشکەوتنە مەدەنییەکانمان لەسەر رووی زەمینداو هیچ هێزێك نییە بتوانێت بەربەست لەبەردەم ئەمەدا دروستبکات، بەڵام ئەمە تەنها باڵادەستی مرۆڤ لەسەر مرۆڤێکی تر لەناونابات، بەڵکو باڵادەستی سەرمایەدارییش لەسەر کرێکاران لەناودەبات.

لەکۆتاییدا چاخی زێڕین دێت کە مرۆڤایەتی بەهەزاران ساڵە بیری لێدەکاتەوەو هەوڵی بۆدەدات، باڵادەستی چینایەتی کۆتاییپێدێت، لەگەڵ ئەمەشدا کۆتایی بەباڵادەستی پیاو دێت لەسەر ژن.

# بەشی بیست و نۆهەمین
## ئەنتەرناسیۆنالیستی

ژیانێك كە سوودمەندبێت بۆ هەموو كەسێك شێوازی ژیانی خەڵكێكی جیاوازنییە لەخەڵكەكانی تر كە تەنها پێشكەش بەتوێژێكی خەڵك بكرێت، هەموو پێكشەوتنەكانمان بەرهەمی كاریگەریی هاوبەشی پەیوەندییەكان و هێزە نێونەتەوەیی و نەتەوەییەكانە، هزری نەتەوەیی وەكو ئامرازێكی درێژەدان بەباڵادەستی كۆمەڵایەتی و سیاسی و باڵادەستبوون لەسەر مێشك خزمەتدەكات، چونكە ئەمە بەتەنها لەناو سنوورە نەتەوەییەكاندا مەحاڵدەبێت، سەرەڕای ئەمەش بەشێوەیەكی زۆر قووڵ خۆمان لەناو ئەنتەرناسیۆنالیزمدا دەبینینەوە. لەمەبەدواوە بازرگانیی و گومرگ و رێكەوتنەكانی سەر دەریاو یەكەی پۆستەی جیهانیی پێشانگا نێونەتەوەییەكان و یاسای دەوڵەتان و ئەو كۆنگرانەی كە بۆ دیاریكردنی نەخشەن و لەگەڵ ئەو پەیوەندیی و كۆنگرە زانستییە نێونەتەوەییانە و هەروەها لێكۆڵینەوە نێونەتەوەییەكان و سیفاتی نێونەتەوەیی بوون قوڵدەكاتەوە و لەسایەی كاریگەرییە مەعنەوییەكانی ئەم تایبەتمەندییانەی ئەم چاخە لەسەر بانگەوازی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لەبەهاری ساڵی (١٨٩٠)دا كۆنگرە نێونەتەوەییەكانی كرێكاران یەكەم كۆنفرانسی یاسای پاراستنی كرێكارانی لەبەرلیندا بەست كە ئەمانە سەرەڕای بوونی زۆر نەتەوە تیایدا بەڵام كارەكتەرێكی نێونەتەوەیی دروستكردووە، لەئەنجامی ئەو پەیوەندییەی نێوان نەتەوەو مەدەنییەتە هەمەجۆرەكاندا هەبووە لەبەرامبەر ئابووریی نەتەوەییدا باسی ئابووریی جیهان دەكەین و لەبنەما وەرگرتنی پێشكەوتن و رەفاهییەتی هەندێك لەنەتەوەكاندا گرنگییەكی گەورە دەدەینە ئابووریی جیهان، بەشێكی گەورەی بەرهەمەكانی خۆمان ئیتر لەگەڵ هەندێك لەنەتەوە بیانییەكاندا ئاڵوگۆڕی

بەرهەم دەکەین، هەروەك چۆن لقێکی پیشەسازیی کە زەرەرمەندبێت لقەکەی تریش ئەم زەرەرەی بەردەکەوێت بۆ نەتەوەکانیش بەهەمانشێوەیە، پەیوەندیی هەندێك لەنەتەوەکان رۆژبەرۆژ دڵسۆزتردەبێت بەبێئەوەی سەرنجبدەنە خراپەکارییەکانی وەك شەڕو فشاری سەر نەتەوەکان، چونکە بەرژەوەندییە ماددییەکان بەشێوەیەکی زۆر بەهێز لەسەر ئەوان باڵادەستە، هەموو رێگا تازەکانی گەیاندنو هەموو ئەو هەنگاوانەی بۆ باشترکردنی ئامرازەکانی گەیاندنن لەقۆناغی بەرهەمهێناندا رێگە دەکاتەوە بۆ هەرزانبوونی بەرهەم، ئەو ئاسانکارییەی کە دەتوانرێت دروستبکرێت لەپەیوەندییە کەسییەکانی نێوان ئەو گەلو وڵاتانەی کە لەیەکەوە زۆر دوورن فاکتەرێکی گرنگی تازەیەو لەزنجیرەی پەیوەندییەکاندا لەمێژو داگیرکارییەکانی تردا هەنگاوێکی گرنگە، میللەتێك لەمیللەتەکەی ترەوە فێری پشتدەبێت، دەکەونە پێشبڕکێیەکی تر، دەکەونە نێوان ئاڵوگۆڕی فیکریی بەڕێگای وەرگێڕان بێت یاخود بەڕێگای زمانی ئۆرژینال کە لەپاڵ بەرهەمە ماددییەکاندا ئەم ئاڵوگۆڕە دەکرێت، ئیتر پێویستی فێربوونی زمانە بیانییەکان بۆ ملیۆنان کەس دەبێتە پێویستییەك، بەڵام لەپاڵ هێزە ماددییەکاندا هیچ شتێکی تر نابینرێتەوە کە هاوکاریی ئەو حەزوئارەزووانە بکات بۆ فێربوونی زمانی بیانییو چوونە ناو بەرهەمە هزرییەکانی دەرەوە، کاریگەریی ئەم قۆناغی نزیکبوونەوەیە بەپێوانەیەکی نێونەتەوەیی دەبینین لەسەر نەتەوەکانی کە سەرەنجام وڵاتە جۆراوجۆرەکان رۆژبەرۆژ لەبواری کۆمەڵایەتییەوە دەبنە هاوکاری یەکتریی، ئەم هاوشێوەیە لەناو نەتەوە مەدەنییەکاندا کە دیارو لەبەرچاون ئەوەندە گەورەیە کە لەحاڵەتێکدا ئەگەر کەسێك خوازیاربێت یەکەی ئابووریی میللەتێك بناسێت بەمهۆیەوە دەتوانرێت هی ئەوانی تریش بناسێت، هەروەکو چۆن لەسروشتدا یەکەو رێکخستنی پەیکەری دەموچاوی ئاژەڵە هاوڕەگەزەکان وەك یەکن، بەهەمانشێوە ئەم پێشکەوتنەش

هەمان فۆرمی هەیە، لەکاتێکدا کە ببێتە خاوەنی هەندێك لەپارچەکانی ئەو پەیکەرە دەتوانیت لەئاستی تیۆریدا تەواوی ئاژەڵەکە دروستبکەیت، یەکێك لەئەنجامەکانی تریش ئەوەیە لەجێگایەکدا کە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی هەمان رەگەز هەبێت ئەوا پێویستە ئەو کاریگەرییانەی رێگەی بۆ ئەمە کردۆتەوە وەك یەك بێت، بنەمای ئابووریی گەورەو کۆیلایەتی مووچە لەدژی ئەمە دەکرێتە ژێر رکێفی کەمینەیەك لەدەوڵەمەندەکانی ناو خەڵك.

لەراستیدا دەبینین کە ئەو ناکۆکییە چینایەتییەی باوەشیکردووە بەسەرانسەری ئەڵمانیادا لەگەڵ تێکۆشانە چینایەتییەکاندا تەواوی ئەوروپاو ئوستралیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی کردۆتە نێو جوڵانەوەو هەمان رۆحی شەڕ باڵادەستە لەئەوروپادا واتە لەروسیاوە هەتا پۆرتەکیس، هەروەها لەوڵاتانی بالکانەوەو لەمەجەرستانەوەو لەئیتالیاوە هەتاکو ئینگلتەراو ئیرلەندا، لەم جێگایانەدا تێکەڵاویی لایەنی کۆمەڵایەتی زۆر بێزاریی پارچەبوونی دەرخستووە.

بەگوێرەی شێوازی بارودۆخی سیاسیو سیفاتی دانیشتوانو رادەی پێشکەوتن، ئەم جوڵانەوە جیاوازانە لەرووی شێوەوە چۆنن بەهەمانشێوە لەجەوهەریشدا لەهەموو جێگایەکدا هەروەکو یەکن هۆکارەکەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییە قوڵەکانن، ئەم ناکۆکییانە ساڵ بەساڵ قوڵدەبنەوەو لەئەنجامدا بەشێوەیەکی ناگرنگ رێگادەکاتەوە بۆ تەقینەوەی بەهانەیەکو ئەم بەهانەیە بەخێرایی ئەستێرە لەئاسمانی هەموو جیهانی مەدەنیدا دەستنیشاندەکرێت، هەتا بانگەوازکردن بۆ ئاستەنگییەکانی بەردەم کەسەکان رۆژبەرۆژ بێ حزورییەکی زۆر قوڵ سەقامگیردەکات، تێکۆشانی جیهانی تازە لەدژی دەستیپێکرد، خەڵك دێنە سەر شانۆ تێکۆشانێك کە هاوتاکەی لەجیهاندا نەبینراوەو پێشبینی ناکرێت کە جارێکی تریش دووبارەبکرێتەوە بەئەقڵێکی گەورەوە بەرێوەدەبرێت، چونکە ئەمە دوایەمین تێکۆشانی کۆمەڵایەتییە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دەیبینین کە

ئەم تێکۆشانە چۆن نزیکدەبێتەوە لەدوا قۆناغەکانی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی هزرە تازەکانیدا، ئەوکاتە کۆمەڵگای تازە خۆی لەسەر بنەمای نێونەتەوەیی بنیاددەنێتو گەلان دەبنە برای یەکتریی‌و دەستی ئاشتی لەیەکتریی نزیکدەنەوەو ئەم بارودۆخە تازەیە بڵاودەکەنەوە بەناو تەواوی گەلانی سەرڕووی زەمیندا، ئیتر میللەتێك کە چووە سنوری میللەتێکی ترەوە بەو مەبەستەوە ناچێت کە وەك دوژمنێك داگیربیکات یاخود وەك نوێنەری باوەڕییەکی بیانیی کە لەژێر زەبردا ئەو باوەڕییە داسەپێنێت، بەپێچەوانەوە وەك دۆستێك دەچێت کە خوازیارە هەموو مرۆڤایەتی وەك مرۆڤی مەدەنیی پەروەردەبکات هەروەك چۆن دوو کۆمەڵگا لەجەوهەردا زۆر لەیەکتریی جیاوازن بەهەمانشێوە ئامرازو سیفاتەکان کۆلۆنیزاسیۆن‌و داگیرکاریی‌و کەلتوری کۆمەڵگای تازە لەیەکتر جیاوازدەبن، نەباروت‌و نەگوللەو نەئینجیل بەکاردەهێنرێت، مەدەنییەت مرۆڤایەتی بەرەو دوژمنایەتی نابات، بەڵکو کەلتوری ئاشتیخوازیی وەك ئەرکێکی خێرخوازیی جێبەجێدەکات، زاناکان‌و لێکۆڵەرەوەکان زۆر لەزووەوە ئاگایان لەوەیە کە ئەم ڕێگایە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستدەهێنێت.

گەلانی مەدەنیی هەرجارێك کە لەچوارچێوەی فیدراسیۆنێکی گەورەدا یەکیانگرت، بۆ هەموو کاتەکان ساتی بێدەنگبوونی شەڕ پێشدەکەوێت، ئەوکاتە هەروەك ئەو پیاوانەی کە لەناو سەربازگەکاندان‌و ئەیانەوێت ئەقڵی خۆیان بەسەر جیهاندا بسەپێنن لەمرۆدا، بەهەمانشێوەش ئاشتییەکی هەتاهەتایی لەخەیاڵ دەردەچێت‌و دەبێتە واقیع، میللەتان لەسەرەتای ئاسینی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەگەنە ئەم ساتانە، ئەمانە بەڕێگای چەکداریی نابێت کە گەلان‌و وڵاتان وێران دەکات، بەڵکو هاندەدرێت لەڕێگای تێکۆشانی کەلتوری هاوبەش پەیوەندیی ئاشتییانە جگە لەمە وەك لەسەرەوە باسمانکرد حکومەت و چینە باڵادەستەکان

چەکدارکردنی سەربازیی‌و شەڕەکان لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا بەکاردەهێنن لەئەنجامدا لەبەرئەوەی کە مرۆڤ هەبوونێکی بالآترە دەکەونە ناو زۆر ڕێکەوتنی سەیرەوە، هۆکارەکانی شەڕ بریتییە لەو ناکۆکییانەی کە لەبەرژەوەندیی سیفاتە نەتەوەییەکاندایەو بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆئەوەی ببنە خاوەنی کەناڵێکی گرنگ لەڕێگای شەڕیکی گەورەوە، لەیەکێك بۆچوونەکانی فەلد مارشەڵ مۆڵتەك-دا گوزارشت لەمە دەکرێت کە ئێستا خۆی لەژیاندا نەماوە، ئەم پیاوە لەکتێبەکەیدا کە پاش مردنی لەچاپدراوە شەڕی ئەڵمانیاو فەرەنسا هەڵدەسەنگێنێت‌و لەپێشەکی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا دەڵێت: بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە نەتەوەکان لەدژی یەکترن، ئەو پێکدادانە دێنەئاراوە کە تەنها بەچەك چارەسەردەکرێت، بەڵام کاتێك کە گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار ڕێژەی شەڕ کەمدەبێتەوەو ئەمەش لەقازانجی مرۆڤایەتیدایە. ئەم ژیانە تایبەتییەی گەلان، پەراوێزکردنێکی دوژمنانەی نەتەوەیەك لەبەرامبەر ئەوی تریان سەرەڕای هەموو هەوڵ‌و تێکۆشانێك بۆ پێچەوانەکردنی ئەمەو ڕۆژبەڕۆژ هەتادەچێت کەمتر دەبێتەوە، بەمشێوەیە نەوەکانی داهاتوو بەبێئەوەی بگەنە ئامانجی ئەوشتەی کە لەزوووەوە بیری لێدەکرێتەوە لەپێناوی چارەسەریدا ئەرکەکانیان بەبێ کێشانی هیچ زەحمەتییەك چارەسەردەکەن، بۆنموونە کۆندۆرکەت خاوەنی ئەو ئایدیایەبوو کە زمانێکی جیهانیی گشتگیر جێبەجێبکات لەبواری کرداریدا، هەروەها (Ulysses Grant) کۆنە سەرۆکی دەوڵەتە یەکگرتووەکان کە ئێستا مرووە لەیەکێك لەئاخافتنەکانیدا دەڵێت: لەبەرئەوەی هەموو شتێك گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە لەبازرگانییەوە بگرە هەتا پەروەردەو ماتەریالییەکانی هزرو بەهۆی ئامرازەکانی گەیاندنەوە پەیوندیی خێرا، بڕوای وایە کە بارودۆخێکی

تایبەتی ئامادەکراوە بۆئەوەی شەڕو سوپا پێویست نییەو خوداش بارودۆخی تەواوی بۆ مرۆڤەکان رەخساندووە هەتاوەکو هەموو جیهان ببێتە یەک نەتەوەو بەیەک زمان قسە بکەن، بەڵام ئەو شتەی کە بەروبوومی پێشکەوتنە مێژووییەکانە ناچارە ببێتە بەروبوومی خوای میهرەبانو پێویستە سەرمان لەمە نەسوڕمێت.

دووڕوویی‌و بێئەقڵی سەبارەت بەئاین لەووڵاتەیەکگرتووەکاندا ئەوەندە گەورەیە کە لەهیچ جێگەیەکی تر بەمشێوەیەنییە، دەوڵەت چەندە بەڕێگای ڕێکخستنی دەسەڵاتەکەیەوە جەماوەرەکەی بەکەمی بەڕێوەببات بەو ڕێژەیەو زیاتریش کڵێسەو ئاین ناچارن بیکەن، بەمهۆیەوە لەهەردوو ئەو جێگایانەی کە دەسەڵاتی دەوڵەت سستە بۆرجوازییەت لەئاین پەرستترین شێوەدا دەبینرێت، هاوشێوەی دەوڵەتە یەکگرتووەکانیش ئینگلتەرەو بەلجیکاو سویسرایە.

رۆبیس پریای شۆڕشگێڕ کە گاڵتەی بەئەقڵی ئەرستۆکراتو پیاوە ئاینییەکان دێت وەک دەزانرێت هاوکات پیاوێکی ئاین پەرستیش بوو بەمهۆیەوە پێش ماوەیەکی کورت لەکۆنفەنت لەجێگایەکی نەگونجاودا لەلایەن دەوڵەمەندە باڵاکانەوە لەتەختی دەسەڵات لابرا، بەڵام جارێکی تر بەپێشوازییەکی گەرمەوە هێنرایەوە سەر تەختو رۆبیس پریا باپیرەی مرۆڤ وەک ئەرستۆکرات دەبینێتو لەبەردەمی کۆنفەنتدا لەئاخافتنێکیدا لەسەر دەوڵەمەندترین کەس ئەوانی بەم چەند وتەیە وشیارکردەوە: باوکسالاریی لەئەرستۆکراتییەتدایە کە ئەرستۆکراتییەت هزرێکی باڵایە بۆ سزاکردنی تاوانی بەدەستهێنانی سەرکەوتنو پاراستنی خەڵکە چەوساوە بێتاوانەکان کە بەتەواوەتی لەناو گەلەوە هەڵدەقوڵێت.

ئەگەر خودا نەبوایە ئەوا خودایەکی بەمشێوەیە پێویستی دەکرد، رۆبیس پیریای شۆڕشگێڕ پێیوایە کە ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆماری بۆرجوازیی

هـاوسەنگی تیادا دەرناکـەوێت، بەمهۆیەوە باوەڕهێنان ناچارییە کـە بـەو کەسـە دەوڵەمەندەی کە لەئیدیعای هاوسەنگکردندایە بـۆ هاوسـەنگکردنی مرۆڤـەکان کـە هێشتا ئەوکاتە هیچ هاوسەنگییەك جێگای باس نەبووە بۆ یەکەمین کۆمار.

ئەم سەردەمە تێپەڕدەبێتو پێشکەوتنە مەدەنییەکان ڕێگـە بـۆ پێشکەوتنەکانی تر دەکەونەوەو بەشێوەیەکی بەردەوام ئەرکی تازە دەخەنە بەردەم مرۆڤایـەتیو ئیتر کۆنەپەرستییەکانی وەك شەڕی دینو شـەڕی ئـاینو ڕقوکینـەی نەتـەوەییو شەڕەکانی تر دەگەنە سەردەمی مەدەنییەتێکی وەهـا کـە بـەهیچ شـێوەیەك ئـەو جۆرە شەڕو ناکۆکییانە ناناسێت.

# بەشی سێیەم
# سۆسیالیزم و گرفتی دانیشتوان

## ١-ترس لەزۆریی دانیشتوان:

رێژەی زۆریی دانیشتوان وەك هەرەشەیەکە کە چەند کەسایەتییەك هەن ئەمە وەك کێشەیەکی گرنگ دەبینن و ئیدیعا دەکەن کە ئەم کێشەیە لەئێستادا هەیە. ئەم کێشەیە پێویستە لەرووی نێونەتەوەییەوە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت هەڵبسەنگێنرێت، چونکە تێربوونی خەڵك و دابەشبوونیان رۆژبەرۆژ بۆتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی، لە(malthustan)بەم لاوە لەسەر باسەکانی دانیشتوان زۆر گفتوگۆ کراوە، لەکاتێکدا کە بتوانرێت خۆراك لەکۆمەڵگەکی ئاریتمەتیکدا زیادبکرێت لەپەرتوکی (malthustan)تاقیکردنەوە سەبارەت بەپرنسیپەکانی دانیشتواندا کە ئەم کتێبە وەکو پەرتوکێکی ناودارو خراپ ناوی دەرکردووە تەنها رستەیەکی تیادا نابینرێت کە پەیوەستبێت بە...ۆیەوە، هەروەها تیایدا پێناسەی (Franklin- Fownsend-stewart-sirijames)ی کردووە وەکو ئەوەی کە کارل مارکسیان تێپەڕاندووە لەم بوارەدا، لەبەرامبەر ئەمەشدا لەکۆمەڵێکی جیۆمەتریکی دەتوانرێت زیادبکرێت لەسەرەنجامی ئەمەدا لەنێوان کەمیی خۆراك و زۆریی دانیشتواندا رێژەیەکی خێرا دروستدەبێت کە بەناچارییەوە رێگادەکاتەوە لەبەردەم زەحمەتیی و مردنی خەڵکیدا، بەمهۆیەوە دەبێت سەرنج بدەینە سەر رێژەی لەدایکبوون و ئەوەی خاوەنی ئەو توانایە نەبێت کە خێزانێك بەخێوبکات پێویستە نەکەوێتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، چونکە لەحاڵەتی پێچەوانەدا لەسەرمێزی سروشت جێگانامێنێتەوە بۆ نەوەی نوێ، ترس لەزۆریی دانیشتوان ترسێکی کۆنە، وەکو ئەو روونکردنەوانەی کە لەکتێبەکاندا دەبینرێن لەناو یۆنانییەکان و رۆمانییەکاندا، هەروەها لەکۆتاییەکانی چاخی ناوەڕاستیشدا

هـه‌بووه پلاتـۆو ئه‌رسـتۆتالیس‌و رۆمایـیـه‌کان‌و بۆرجوازییـه بـچووکه‌کانی چـاخی ناوه‌راسـت لـه‌ژێر بالآده‌سـتی ده‌سـتی ئـه‌م ترسـه‌دابوون، ئـه‌م ترسـه لـه‌چاره‌کی یه‌کـه‌می سـه‌ده‌ی هه‌ژده‌هه‌مـدا بالآده‌سـتبوو کـه نووسـینێکی لـه‌م بـواره‌دا په‌خـشکرد، سـه‌ره‌نجام تـاوه‌کو ده‌رکـه‌وتنی مـاتۆلس به‌شـێوه‌یه‌کی زۆر دڵنیـا گوزارشتی له‌م ترسه کردووه‌و پاشانیش ڤۆڵتایرو دواتریش زۆر نووسه‌ری تـر ئـه‌م ڕێبازه‌یان گـرته‌به‌ر.

ترس له‌زۆریی دانیشتوان هه‌موو جارێك له‌و قۆناغانه‌دا ده‌رکه‌وتووه که بـارودۆخی کۆمه‌لآیـه‌تی له‌هه‌ڵوه‌شـانه‌وه‌دابووه ئه‌وکاتـه لـه‌پلانی یه‌که‌مـدا هۆکـاری نابه‌خته‌وه‌ریی گشتی بریتی نییه له‌وه‌ی که چۆن به‌ده‌ستیبهێنن‌و دابه‌شیبکه‌ن، به‌ڵکو زۆرینه‌ی خه‌ڵك پێیانوایه که پێویسته قورسایی بخرێته‌سه‌ر پڕکردنه‌وه‌ی مادده خۆراکییه‌کان‌و سه‌رنج بدرێته سـه‌ر زۆریـی دانیـشتوان، له‌سـه‌ر بالآده‌سـتی چینایه‌تی‌و هه‌موو جۆره داگیرکارییه‌ك که مـرۆڤ له‌لایه‌ن مرۆڤـه‌وه داگیرده‌کرێت گـرنگترین ئـامێری بالآده‌سـتی چـینایه‌تی ده‌ستبه‌سـه‌رداگرتنی زه‌وییـه، زه‌وی له‌موڵکییه‌تی هاوبه‌شه‌وه هێواشهێواش ده‌بێته موڵکییه‌تی تایبه‌ت، خـه‌ڵکی هـیچ موڵکێکیـان له‌ده‌سـتدانابێت‌و ناچـارن مـادده خۆراکییـه‌کان بـۆ خزمـه‌تی چـینی بالآده‌سـت به‌ده‌سـتبهێنن، بـه‌مجۆره لـه‌ژێر ئـه‌م بارودۆخـه‌دا زیـادبوونی ژمـاره‌ی خێزان وه‌ك بارێك ده‌بینرێت له‌کاتێکدا که زه‌وی ده‌کرێته موڵکییه‌تێکی تایبـه‌تی‌و بۆ مه‌به‌سته تایبه‌تییه‌کان بـه‌کارده‌هێنرێن‌و ئاسـته‌نگ دروسـتده‌که‌ن بـۆ چـاندنی مادده خۆراکییه‌کان‌و ئه‌مه‌ش کاریگه‌ریی هه‌یه له‌سه‌ر بـێ پیتبـوونی زه‌وییـه‌کان، بـه‌م ڕێژه‌یه ترس له‌زۆربـه‌ی دانیـشتوان بـه‌ره‌و زیـادبوون ده‌چێت له‌کاتێکدا کـه ڕێژه‌یه‌کی زه‌وییه‌کانی ئیتالیاو ڕۆما کـه له‌ده‌سـتی خـاوه‌ن لاتیفۆندییه‌کانـدابوون خه‌ڵکیی زه‌حمه‌تییه‌کی زۆریان ده‌بینی بـۆ به‌ده‌سـتهێنانی مـادده خۆراکییـه‌کان‌و لاتیفۆندیاکان ڕۆمایان وێرانکرد، زۆربه‌ی زه‌وییه‌کانی ئیتالیاش له‌لایه‌ن خاوه‌نداره

دەوڵەمەندەکانیانـەوە لەجێگـەی کـشتوکاڵییەوە کرانـە جێگـای کەیفوسـەفاو خۆشـیو باخـچەی هەڵپـەڕینو بەمـشێوەیە زۆربـەی زەوییـەکان لەچـاندن دوورخرانەوە، چونکە چاندنی دەغڵودان لەلایەن کۆیلەکانەوە پارەیەکی زۆرتـری تێچووە وەك لـەنرخی ئەو دەغـڵودانەی کـە لـەئەفریقاو سیلیزیاوە دەهێنرێن.
ئەم بارودۆخە دیسان لەپلانی یەکەمدا دەرگـای کـردەوە بـەڕووی بازرگـانیکردنی کەسە دەوڵەمەندەکاندا تەنانەت ئەمە هۆکارێکی سەرەکیبوو بۆ پەشیمانبوونەوە لەچـاندنی زەوییـەکانی وڵات، دەوڵەمەنـدەکان کاتێـك دەغڵودانیـان دەهێنـا قازانجێکی زۆرتریـان دەسـتدەکەوت وەك لـەو قازانجـەی کـە لەئـەنجامی چـاندنی زەوییەکانی خۆیانەوە دەستیاندەکەوت، هاووڵاتیـانی ڕۆمـاو ئـەو دەوڵەمەندانـەی کـە نـەداربوون لـەژێر ئـەم باوردۆخـەدا دەسـتیان بەکەمکرنـەوەی دروسـتکردنی منداڵ کرد لەپێناوی دروستکردنی ئاستەنگیی بۆ کەمکردنەوەی چینی باڵادەست سـەرەڕای زەواجو بەربەسـتییەکانی دروسـتکردنی منـداڵیش دیـسان ئـەم ئاسـتەنگییانە دروسـت نـەبوون، تابلۆیـەکی هاوشـێوە لـەڕێگای توندوتیـژییو فێڵبازیی پیـاوە ئاینییـەکانو دەوڵەمەنـدەکان بەدرێـژایی سـەدان سـاڵ موڵکیـان لەدەستی ژمارەیـەکی زۆری کۆیلـەکان زەوتکـردووەو پـاش بەدەسـتهێنانی زەوی هاوبەش کۆتـایی چـاخی ناوەڕاست هاتـەئاراوە، لەئـەنجامی هـەموو مامەڵەیـەکی خراپدا کە دەکران کاتێك کـە گوندنـشینەکان ڕقوکینـە دەیگرتن بـەڵام فـشاریان دەخرایە سەر بەڕێگای توندوتیژییو پاشـان لەلایـەن شـازادەکانەوەو لەماڵـەکانی کڵێسەوە جێبەجێدەکران، ئەمانە ڕێگایان کردەوە بـۆ زیـادبوونێکی بـێ شـوماری سواڵکەرو سەرسەرییەکان، ژمارەی ئەمانە لەدوای ریفۆرماسیۆنەوە زیاتریکرد.
ئـەو دانیـشتوانەی کـە لەلادێکانـدا موڵکـەکانیان لێزەوتـدەکران بـەرەو شـارەکان ڕێگایان دەگرتەبەر، بەڵام لەناو شارەکانیشدا لەژێر ئەم بارودۆخەدا ژیانیان بەرەو خراپتربوون دەڕۆیشتو بـەمجۆرە زۆری دانیـشتوان لەهـەموو جێگاکانـدا هـەبوو.

لەئەنجامی چاوپێکەوتنە تازەکانی هارگرێبس و ئارکویت و وایف و دەرکەوتنی مالتۆز دەکەوێتە قۆناغێکەوە کە گۆڕانکاریی لەتەکنیک و ئامێرەکاندا کراوەو لەکارگە پیشەسازییەکاندا بەهەزاران کرێکار بێ نان و بێ خۆراکبوون، لەو قۆناغانەدا پێشکەوتنی پیشەسازییە گەورەکان و جێگیرکردنی موڵکییەتی زەوی زۆر بواری بەرفراوانی لەئینگلتەرادا بەدەستهێنا، لەلایەکەوە سەروەتێکی خێرا پێشدەکەوت و لەلایەکی تریشەوە ڕەزالەت و نەداریی جەماوەر زۆرتردەبوو.

لەکاتێکی وەهادا چینە باڵادەستەکان کە خاوەنی هۆکارەکانی ئەم بارودۆخەن بۆ ئەم ناکۆکییانەی نەدارییەکی گشتگیریی جەماوەری لەناوەندی پێشکەوتنی پیشەسازیی باڵادا لەخۆدەگرێت لەبەرامبەر ئەو دەوڵەمەندییەی کە ڕۆژبەڕۆژ لەتەنیشتی نەدارییەوە زیاددەکات و ناچارن هەستن بەڕوونکردنەوەیەکی وا کە بێتاوانبوونی خۆیان بسەلمێنن کە تاوانیان ئەوەنییە کە لەڕێگای کۆکردنەوەی زەوی لەدەستی لۆردەکانی لادێدا مرۆڤ بهێننە حاڵەتی زیادەبوونەوە، بەڵکو شتێکی لەوە ئاسانترنەبوو کە کرێکاران بەرپرسیاربکەن لەزیادکردنی منداڵ لەژێر ئەم بارودۆخەدا ئەو کتێبەی مالتۆز بەناوی تابلۆیەک لەپاپایەتی و تابلۆیەک لەپنتگوێخەری خوێندکاری گوزارشت دەکات لەجیهانی باڵادەستەکان و بەهەموو ئارەزوو نهێنییەکانیانەوە مالتۆز لەلایەکەوە چەپڵەیەکی نائاسایی بۆ لێدراو لەلایەکی ترەوە دەتوانرێت بەو تێکۆشانە سەرسەختەوە کە دەبینرا هەڵبەسەنگێنرێت، مالتۆز بۆرجوازییە ئینگلیزەکان لەکاتێکدا قسەیەکی راستی درکاندو سەرەڕای ئەوەی کە لەکتێبەکەیدا تەنها رستەیەک پەیوەست بەخۆی نەگرتەوە، وەلێ دیسان بوو بەپیاوێکی گەورەو ناوی وەك زانایەك بەرزکرایەوەو بووە دروشمێك.

## ٢-بەرهەمی زۆریی دانیشتوان:

مالتۆز هۆکارێك بۆ فێربوونی توندوتیژیی دەخاتە پالّ چینی کرێکارو گالّتە بەلایەنی زەرەرمەندییان دەکات، ئەم بارودۆخە لەماوەی (١٠)سالّدا خۆی بەرفراوانکرد، بەلاّم ولاّت رەسەنی مالتۆز بەریتانیای گەورە نییە، بەلّکو بەپێچەوانەوە لەهەموو ئەو ولاّتانەی جیهاندایە کە خاوەنی شێوازی بەرهەمی سەرمایەدارینو رێگادەکەنەوە بۆئەوەی کە گارکەو ئامێرەکانی جەماوەر بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، وەك سەلمێنراوە ئەم سیستمە پێکدێت لەوەی کە ئامێرەکانی ئیش بکەوێتە دەستی سەرمایەدارانو کرێکار لەئامێرەکانی کار جیابکرێتەوە، سیستەم بەشێوەیەکی بەردەوام لقە پیشەسازییەکان دروستدەکاتو پێشیاندەخاتو بەرفراوانیان دەکات، بەلاّم بەشێوەیەکی بەردەوام جەماوەری نوێ فرێدەداتە سەر شەقامەکانو ئەوان دەمێنێتە حالّەتێك کە زیادەن، زۆرجار وەك رۆمای کۆن بەهەموو ئەنجامەکانییەوە مولّکییەتی لاتیفۆندیا ماندەدات، کۆنترین ولاّتی ئەوروپایە کە بەشێوەیەکی زۆر خراپو لەژێر کاریگەریی تالاّنکاریی ئینگلیزو ئیرلەندایە. لەسالّی (١٨٧٤)دا رێژەیەکی کەم لەباخچەکان کراونەتە کشتوکالّو سالّ بەسالّ ئەم جێگایانە بوونەتە هەرێمێك بۆ راوورابواردنی لادێیە لۆردەکان.

جگە لەمانە زۆربەی باخچەکانی ئیرلەندە لەدەستی کرێگرتە بچووکەکاندان کە لەئاستێکی بەرزدا ناتوانن لەزەوییەکان سوودمەندبن، بەمشێوەیە ئیرلەندە لەجیاتی ئەوەی ببێتە ولاّتێك کە سەرقالّی کشتوکالّی باخچەکان بێت بەولاّتی شوانەکان دەبینرێت، لەم نێوانەدا لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا رێژەی (٨)ملیۆن دانیشتوان کە ئێستا دابەزیوەتە سەر (٤,٣)هەتائێستاش بەملیۆنیان بەزیادە دەژمێردرێت، راپەڕینی ئیرلەندییەکان لەبەرامبەر ئینگلتەرا دەتوانرێت پێناسەبکرێت بەگوێرەی ئەمە، سکۆتلاند تابلۆیەکی هاوشێوەی ئیرلەندا پێشکەشدەکات لەرووی بەکارهێنانی زەویو مولّکییەتی زەوییەوە، هەمان شت

لەماجەرستانیشدا دووبارەدەبێتەوە کە هێشتا لەم (١٠)ساڵەی دواییدا کەوتۆتە ناو پێشکەوتنە مۆدێرنەکانەوە، ئەوروپا وەك وڵاتێکی خاوەن زەوی بەپیت قەرزارو خەڵکەکەی نەداربوون و خەڵکەکەی لەبێ چارەییدا پەنایان بردۆتە بەر کۆچ‌ورەو، بەڵام زەوییەکانیان لەدەستی سەرمایەدارە مۆدێرنەکاندایە کە بەخراپترین شێوە دارستان و باخچەکانیان داگیرکردووە، بەمجۆرە مەجەرستان لەماوەیەکی کورتدا لەریزی ئەو وڵاتانە دێتەدەرەوە کە دەغڵ‌ودان دەهێنێت.

ئیتالیاش لەهەمان بارودۆخدایەو هەروەك ئەڵمانیا هاوکاری پێشکەوانەکانی سەرمایەداریی کردووە، بەڵام هەندێك گوندی وەك لۆمبارد‌ی‌و پیمۆنتۆن‌و تۆسکاناو رۆناگناو سیسیلیا رۆژبەرۆژ نەدارو بێ دەرامەت دەبن، پێش چەندساڵێك ئەو جێگایانەی کە بۆ باخچەو کشتوکاڵ لەلادێکان لای لادێیە بچووکەکان کراوەتەکار، دیسان باخچە کشتوکاڵییەکان زەوییەکانیان هەرەسدێنن‌و تێکەڵ بەهی تر دەبن لەبەردەم دەرگاکانی رۆمادا ئەو جێگایانەی کە پێیدەڵێن کەمپاگن بەسەدان هەزار هێکتار زەوی بەدرێژایی هەزاران ساڵ پارچەیەك بوون لەزەوییە بەپیتەکانی رۆمای کۆن، لەبارودۆخێکی پەراوێزخراودایە ئەگەر لەرێگای بەکارهێنانی ئامێرە گونجاوەکانەوە ئاودانی بەراوو وشیککردنەوەی زەوییە لیتەکان جێبەجێبکرێت خەڵکی رۆما دەتوانن سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی مادە خۆراکییەکان بەدەستبهێنن، بەڵام ئیتالیا لەژێر جۆشی دەوڵەتە گەورەکاندا بەبەرێوەبەرایەتییەکی خراپەوە بەرێگای داگیرکاریی‌و چەکداریی‌و پرچەککردنی سەربازییەوە خەڵك وێراندەکات‌و ئەو پارەیەی نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە کەلتورییەکانی وەك ئەوەی کە کەمپاگن بهێنێتە ئاستێکی پڕ لەخێروبەرەکەت.

بارودۆخی سیلیزیاو ئیتالیای باشوور هاوشێوەی هەمان بارودۆخی کەمپاگنن، ئەم جێگایانە کە سەردەمێك عەمباری دەغڵ‌ودانی رۆمەکان بوون رۆژبەرۆژ بەرەو نەداری دەڕوات، لەئەوروپادا ئیتر هیچ میللەتێکی تر نابینرێت کە لەئاستی ئەواندا مامەڵەی خراپیان لەگەڵدابکرێت‌و چەوساوەو نەداربن، گەنجەکانیان بەرەو وڵاتە خۆشەکانی ئەوروپاو ئەمریکا کۆچدەکەن‌و بەنرخێکی کەم ئیشدەکەن، چونکە

نایانەوێت بەبرسێتی لەو وڵاتەی خۆیاندا بژین کە خاوەنی هیچ موڵکێك نین تیایداو تاعونو نەخۆشی تای مەترسیدار لەسەرانسەری ئیتالیا گەیشتە ئاستێکی وەها کە حکومەت لەساڵی (١٨٨٢)دا بەترسەوە لێکۆڵینەوەی لەم مەسەلەیە کرد ئەو ئەنجامەی کە جێگەی داخە لەلایەن لێکۆڵەرەوەکانەوە بەمشێوەیە راگەیەنرا: لەکۆی (٦٩)ناحیەی وڵات (٣٢)ناحیەیان نەخۆشی باڵی بەسەردا کێشاون لەکۆی ئەم (٣٢)ناحیەیە تەنها توانراوە پێنجیان بپارێزرێت، ئەو نەخۆشییانەی کە لەکۆندا لەگوندەکاندا هەبوو ئیتر شارەکانیشی گرتەوە، چونکە لێرەدا ئەو دانیشتوانەی کە پرۆلیتاریابوونو دانیشتوانی گوندەکان بوون هەموویان لەشارەکاندا کۆببوونەوەو رێژەیەکی زۆری نەخۆشییەکەیان پێکهێنابوو.

## ٣-لەدایکبوونو نەداریی:

ئەگەر لەهەر بوارێك لەبواری سیستەمی ئابووریی سەرمایەداریی شیبکەینەوە دەبینین کە رەزالەتو زەحمەتی جەماوەر سەرچاوەناگرێت لەکەمیی مادە پێویستییەکان بۆ ژیانوخۆراك، بەڵکو سەرچاوەدەگرێت لەشێوازێکی هەڵەی ئابوورییەوە کە دابەشکردنێکی نایەکسان لەخۆدەگرێتو هەندێ لەکەسەکان دەخاتە ناو ژیانێکی داراو هەندێکیشیان فرێدەداتە ناو نەداریی‌و رەزالەتەوەو هزرەکانی ماڵتۆز تەنها لەرووی شێوازی بەرهەمی سەرمایەدارییەوە لۆژیکی بوو، لەلایەکی ترەوە شێوازی بەرهەمی سەرمایەداریی راستەوخۆ خەڵك ناچاردەکەن کە منداڵیان ببێت، چونکە پێویستیان بەدەستی هەرزان هەیە بۆ کارگەو ئیشەکانیان، لەناو پرۆلیتاریەکاندا منداڵبوون حسابێکی زۆری لەسەرە ئەمانە ناچارن خۆیان مەسرەفی خەرجییەکانیان بەدەستبهێننو ئەو پرۆلیتارییانەی کە لەناو کارگەکاندا ئیشدەکەن ناچارن کە منداڵی زۆریان ببێت، چونکە گەرەنتییەکی پێشبڕکێی لێهاتوویی لێرەدا شاراوەیە، هەڵبەتە ئەمە سیستەمێکی

قێزەونەو ئەمە هەژاریی کرێکاران زیاد دەکاتو زیاتر گرێیاندەدات بەهەنگاوەکانی ئیشەوە، پرۆلیتار رۆژبەڕۆژ لەبەرامبەر مووچەیەکی زۆر کەمدا ناچارە ئیشبکات لەبەرئەوەی خاوەن کارگەکان لەکارگەکانیاندا ئیشیان پێدەکەن ئەمە هۆکارێکە بۆ بەرفراوانبوونی خەڵکانی کرێکار لەکارگەکاندا، چونکە ئەم بوارە زۆر هێز دەبەخشێت کە لەهیچ یەکێك لەئیشەکانی تردا ناتوانن بەدەستیبهێنن بەشێوەیەکی گونجاو لەسیفاتی قۆناغی بەرهەمهێناندا، بەڵام سیستەمی ئابووریی سەرمایەداریی تەنها زیادەبوون لەماڵو کرێکاردا بەرهەمناهێنێت، بەڵکو زیادەی لەڕۆشبیریشدا دەخولقێنێتو لەئەنجامدا رۆشنبیرانیش هەتا ئیشێك دەدۆزنەوە زەحمەتی دەبینن، لەم جیهانی سەرمایەدارییەدا تەنها شتێك زیادەنییە ئەویش سەرمایەو سەرمایەداریی خاوەن سەرمایەیە، بەرژەوەندییەکانی بۆرجوازیی ماڵتۆزچییەکانی ئابووریی دەخەنە ژێر فشارەوە هەتاکو ئەم هزرە بۆرجوازییانە نەگوازنەوە بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیست کە لەم بارەیەوە ژۆهن ستوایرت می دەڵێت: کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ئەم خۆپەرستییە بێ رادەیەدا کەشوهەوایەکی پێویستە بۆ دژایەتیکردنی ئەم خۆپەرستییە بەشێوەیەکی توندوتیژانە، هەر زیادبوونێکی دانیشتوان کە رێگابکاتەوە بۆ زیادبوونی هەوڵو رەنج یاخود کەمکردنەوەی بەختەوەریی خەڵك هۆکارە بۆ ئەو نارەحەتییانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا رووبەڕووی دەبنەوەو ئەم نارەحەتییەش بەچاودەبینرێتو ئەم کەشوهەوایە ئیتر ئاراستەی ئەو جیاکارییە ناعادیلانە ناکرێتو هەستکردن بەوەی کە رای گشتی دەنگ نادەن بەم بارودۆخەو پێیانوابێت کە ئەمە بەس نییە لەوانەیە فشارێکی بەجۆری سزا داسەپێنن کە بەگشتی خەڵك زەرەرمەندبکات.

کەواتە لەتیۆری کۆمۆنیستدا ئیدعاکردن لەسەر مەترسیداربوونی دانیشتوانی زیادە هیچ گرنگ نییەو لەمە زیاتر خاونی زۆر چالاکییە لەپێناوی بەربەست دروستکردن لەو هزرە نەگونجاوانە، پرۆفیسۆر (veprofesarad.wagner)

لەکتێبەکەی (Raus)بەناوی وانەی ئابووریی سیاسی لەلاپەرە (٢٧٦)دا دەڵێت: پرەنسیپی دەوڵەتێکی سۆسیالیست بەلایەنی کەمەوە بەخشینی ئازادییە بۆ منداڵبوون و هاوسەرگیریی، ئەو کەسانەی کە ناویان وتراوە لەو بۆچوونەدان کە زۆری ژمارەی دانیشتوانی لەهەموو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشە، بەلام هەردووکیشیان تایبەتمەندیی هاوسەنگییەکی باشتر لەشێوازی کۆمەڵگاکانی تر لەرووی پەیوەندییەکان خۆراکو دانیشتوانەوە دەداتە سۆسیالیزم کە دەرەنجامەکەی راستە ئەگەرچی هەندێك لەسۆسیالیستەکانیش هەن لەژێر کاریگەریی هزری ماڵتۆزچییەکاندا دەترسن لەوەی کە مەترسی زۆریی دانیشتوان نزیکە، بەلام ئەم سۆسیالیستە ماڵتۆزچییانە کۆتاییان پێهات.

تێڕوانینێکی قوڵتر بۆ جەوهەرو سروشتی کۆمەڵگای بۆرجوازی بارودۆخەکە بەباشی پیشانی ئەوان دەدات، لەلایەکی تریشەوە شکایەتی جووتیارەکانمان هەموو شتێك بەشێوەیەکی باشتر پیشانی ئێمەدەدەن، بەگوێرەی ئەمە کاتێك سەیری بازاڕی جیهان بکەین دەبینین کە ڕێژەیەکی زۆری مادە خۆراکییەکان دەخوڵقێنین بەشێوەیەك کە پێویستە ڕێگابکاتەوە بۆ دابەزینی نرخی بەرهەمە مادییەکان، ماڵتۆزچییەکانمان هەڵبژاردنی عەشقی ئازادو ئەو کۆمەڵگا سۆسیالیستەی کە بۆ هەموو کەسێك سوودی دەبێت هاوشێوەدەکەن بەکولانەی کەرویشکێك کە وابڕوا دەکەن ئەمە دابەزینی بەرهەمی منداڵ دروستدەکات جەماوەرو دابەزینی حەزی جنسییە تیایانداو پاشماوەی فەرهەنگە بۆرجوازەکانیش زۆر بێ ئەقلانە وتەکانی ئەوان دووبارەدەکەنەوە، بارودۆخ پێچەوانە ئەبێتەوەو ئەوانەی هەتائێستا خاوەنی منداڵی زۆرن سەر بەچینی دەوڵەمەندنین بەپێچەوانەوە ئەوانەن کە بارووزرووفیان خراپە، تەنانەت دەتوانرێت بوترێت چینێکی پرۆلیتار چەند نەداریش بێت بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندە خێریان زۆرە.

فێرچۆڤی نووسەر رەزامەندیی لەسەر ئەمە ئەدات کە کرێکارە ئینگلیزەکان لەناو هەڵوەشاندنەوەیەکی ئەخلاقیو رۆحییەتێکی ئەدار لەهەموو شتێك تەنها پەیوەندیی جنسیو سەرخۆشی دەزانن، بەهەمانشێوەش هەتا چەند ساڵێك پێش ئێستا خەڵکی سیلەزیای سەروو هەموو هەوڵوتێکۆشانو خواستێکیان لەسەر دوو سەرچاوەی حەزوئارەزوو قوڵکردۆتەوە، تێرکردنی غەریزەی جنسیو تێرکردنی خواردنەوە بەتەواوی باڵی بەسەرداکێشابوون، بەمشێوەیە بەو ئەندازەیەی کە خەڵك بنەما ئەخلاقییەکانو هێزی فیزیکییان لەدەستداوە زیادبوونی ژمارەیەکی خێرا دەتوانرێت بەئاسانی رابگەیەنرێت.

کارل مارکس لەکتێبی سەرمایەدا شتی هاوشێوە دەڵێت: لەڕاستیدا تەنها رێژەی مردنو لەدایکبوونەکان پێچەوانە نییە، بەڵکو گەورەبوونی خێزانەکانو باڵابوونی مووچەی کار پێچەوانەی رێژەی ئەو مادە خۆراکییانەیە کە دەبینرێت لەدەستی هەموو جۆرەکانی کرێکاردا، ئەم یاسایەی کۆمەڵگای سەرمایەداریی بەلای داگیرکارە مەدەنییەکانەوە یاخود بیانییەکانەوە وەك شتێکی هیچوپوچ بوو، ئەمە زیندووبوونی بەکۆمەڵی جۆرەکانی ئاژەڵە راوکراوەکانو لاوازەکان وەبیردێنێتەوە، مارکس لەدرێژەی نووسینەکەیدا بەمشێوەیە رستەبڕی لەوتەکانی (Laing)دا دەکات: ئەگەر هەموو جیهان لەبارودۆخێکی بەختەوەردا بوایە ئەوا لەماوەیەکی کورتدا هیچ کەسێك لەم دنیایەدا نەدەبینرا، کەواتە (Laing)بەپێچەوانەی ماڵتۆزەوە بیردەکاتەوە، ستانداردی ژیانێکی باش رێگە لەکەمکردنەوەی لەدایکبوون دەکاتەوە نەك هاوکاریی زیادبوونی لەدایکبوون بکات.

(Herbert spencer)یش هاوبیرانە دەڵێت: ئەگەر لەهەموو جێگایەکداو لەهەموو کاتێکدا چالاکیی لەدایکبوونو تەواوکەر هەبوون لەدژی یەکترن، دەرەنجامی ئەمە ئەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤ چاوەڕوانێتی بۆ داهاتوو رێگادەکاتەوە بۆ گەلێك پێشبینی، لێرەدا وەك دەبینرێت ئەو پیاوانەی کە خاوەنی تێڕوانینی جیاوازبوون

لەهەموو کاتوسەردەمە جیاوازەکاندا لەمزریاندا هاوبەشێتییەك جێگەی باس بووەو ئێمەش لەگەڵ بۆچوونی ئەواندایین.

## ٤-کەموکورتی مرۆڤ و زۆریی مادده خۆراکییەکان:

ئەوەندەی کە بینیمان ئەوترسەی کە بۆ زیادبوونی دانیشتوان دروستبووە هیچ واتەیاکی نەبووە، لەحاڵەتێکدا کە ئێمە رووبەڕووی زیادبوونی بەرهەمی هەموو مادە خۆراکییەکان دەبینەوە کە رۆژبەڕۆژ رێژەی ئەم بەرهەمە لەزیادبووندایە زیاتر لەوەی کە ئایا ئەمە بەشماندەکات یان نا، ترسمان لەوە هەیە کە ئەم دەوڵەمەندێتییە چیلێبکرێت هەتا بەفیڕۆنەڕوات بەخستنەڕووی ئەم راستییە دەتوانرێت کێشەی هەموو دانیشتوان لەڕێگەیەکی ئاسانەوە فرێبدرێتە گۆشەیەکەوە تەنانەت بۆ بەرهەمهێنەری مادە خۆراکییەکان شتێك ئارەزووبکرایە لەزیادکردنی خێرای بەکاربەرەکاندا، ماڵتۆزچییەکان ناڕەزایی دەردەوبڕن و ئەم ناڕەزایەتییە لەبەر بەکارنەهێنانی بەهانەی ئەوەی کە گوایە خۆشیان وەڵام نەدراونەتەوە، پێویستە بەرامبەرییەك هەبێت. لەمارەیەکی کەمدا رووبەڕووی ئەو پڕوپاگەندەیە دەبینەوە کە گوایە زۆریی دانیشتوان بۆتەهۆ کەمبوونەوەی زەوی، زەوییەکانمان دەبنە زەوی ماندوو، لێرەوە لەبەرامبەر زیا بوونی رێژەی دانیشتوان کەلتوری کشتوکاڵو چاندنی کەمدەبێتەوەو خەڵك بۆ بەدەستهێنانی مادە خۆراکییەکان زەحمەتی دەبینن ئەگەرچی لەم کتێبەدا لەو بەشانەی کە لەسەر زەوی کشتوکاڵین بەشێوەیەك کە لەلایەن ئێمەوە رەتنەکرێتەوە سەلماندوونی کە ئەو پێشکەوتنە گەورانەی پێشاندراون بۆ بەدەستهێنانی رێژەیەکی باشی مادە خۆراکییەکان بەڕێگای زانستیانە، بەڵام ئێمە ئەمانەوێت چەند نموونەیەکی تریش بخەینەڕوو، لەساڵی (١٨٥٠)پیاوێك کە زۆر بەهێزتربووە لەماڵتۆزو وەك کەسێکی ئابووریناس ناسراوەو خاوەنی زەوی گەورەو باشبووە

بەمشێوەیە دواوەو وتویەتی: بەرهەمی خام ئیتر لەپاش بەرهەمی گەیاندنو بەرهەمی پیشەسازییەوە نابێت، لەداهاتوودا بەتایبەتیش بەرهەمی ماددە خۆراکییەکان، لەمڕۆماندا هێشتا تازە دەستدەکرێت بەکەلتوری کشتوکاڵو کیمیاگەریی کە ئاسۆیەکی تازە بەڕووی کشتوکاڵدا دەکاتەوە، بێگومان خۆی لەهەندێك ڕێگای هەڵەدەدات، بەلام لەئەنجامدا کاتێك لایەنی پێویست لەمڕۆدا دەبینرێت کە چۆن تەسلیمکردنی ڕێژەیەکی لەقوماشی داواکراو لەدەستی ئەودایە بەرهەمی مادە خۆراکییەکانیش دەدرێتە دەسەلاتدارانی کۆمەڵگا.

خولقێنەری کەلتوری کشتوکاڵی کیمیاگەرایی (Justusv) (Liegig)ئەم بۆچوونەی هەیەو دەڵێت: هەر زەوییەك کە ئیشێکی باشی لەسەربکرێتو ڕێژەیەکی تەواوی ماددە پەینییەکانی پێبدرێت ئەوا ئەو زەوییە هەرگیز ماندووبوون نازانێتو بەشێوەیەکی بەردەوام دەوڵەمەندترین بەروبووم دەدات.

یاسای کەمکردنەوەی بەروبوومی زەوی بەهۆی باردۆخی کەلتوری کشتوکاڵیی کە لەم سەردەمەدا زۆر دواکەوتووە، دەتوانرێت پەسەندبکرێت، بەلام ئەزموونو زانستەکان لەزووەوە بۆچوونی مالتۆزچییەکانیان پوچەڵکردۆتەوە.

یاسا زۆرتر بەمشێوەیەیە: بەرهەمی باخچەیەك دەتوانرێت پێوانەبکرێت بەو ڕەنجەی کە تیایدا خەرجدەکرێت بەتەکنیكو زانستەوە لەگەڵ بەکارهێنانی مادە پەینییەکان بەشێوەیەکی گونجاو تیایدا ئەگەر لەلادێ بچووکەکانی فەرەنسادا ڕێژەی دانیشتوانەکەی دووقات بەرزنەبووبێتەوەو لەم نەوەد ساڵەی دواییدا زیادبوونی بەروبوومی زەوی بەڕێژەی چوار قات سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، دەتوانرێت ئەنجامی تر وەدەستبهێنرێت وەك ئەو ئەنجامانەی کە لەکۆمەڵگایەکی سۆسیالیستدا چاوەڕوانی لێدەکرێت، جگە لەمە مالتۆزچییەکانمان لەباروددۆخی ئەمڕۆماندا تەنها زەوییەکانی ئێمە پشتگوێناخەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو زەوییەکانی دنیا، هەموو ئەو ولاتانەی کە سێ قات لەزەوییەکانی ئێمە بەپیتترنو

گەورەترن پشتگوێدەخەن، لەڕاستیدا مرۆڤەکان بوونەتە خاوەنی زۆربەی زەوییەکانی سەر رووی زەمین، بەڵام جگە لەبەشێکی بچووکی لەهیچ جێگایەکی جیهاندا چاندنی لێنەکراوەو لێی سوودمەند نەبوون تەنها بەریتانیای گەورە لەئەمڕۆ زیاتر رێژەیەکی زۆری مادە خۆراکییەکان بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو وڵاتە ئەورووپییەکانی ترو ئوستralیاو فەرەنساو ئەڵمانیاش دەتوانن ئەو رێژە زۆرەی مادە خۆراکییەکان بەدەستبهێنن، لەڕووبەری (٨٧٩٩٧٠)هێکتاری زەوی دەغڵوداندا لەوێرتەمبەرگی بچووکدا تەنها بەبەکارهێنانی پەین نزیکەی (٩)ملیۆن زەنتەری دەغڵودان بەرزدەبێتەوە، پروسیای ئەورووپا کە پێوانەدەکرێت بەبارودۆخی دانیشتوانی ئەڵمانیا، ئەمڕۆ لەجیاتی (١٠٠)ملیۆن (٤٧٥)ملیۆن تێردەکات. ئەمڕۆ لەپروسیای ئەورووپادا هەر کم دووجایەك (١٩,٤)کەسی بەردەکەوێت، لەسەکسۆنیاشدا ئەم رێژەیە لە (٣٠٠)زیاترە، بەهۆی کەشوهەوای پروسیاوە ئەو ناڕەزاییە راستە بۆ خاوەنداریێتی پارچەکردنی زەوییە بەرفراوانەکان کە دەبێتەهۆی سستبوونی بەروبووم بەتایبەتی لەبەرامبەر ئەمەدا لەباشووردا ئەڵمانیا خاوەنی یەکەمی زەویی‌و کەشوهەوایەکی جیاواز نییە، جگە لەقەرەباڵغی دانیشتوان‌و زیادبوونی کەلتوری زەویی‌و کەشو[هە]وا رێگای لەبەردەم زۆر گۆڕانکاریی تردا کردۆتەوە، هەموو ئەو جێگایانەی کە رێژەیـ[ـە]ی زۆر مرۆڤی تیادا کۆبۆتەوە زۆر گۆڕانکاریی هەوایی تیادا دروستدەبێت، ئێمە [...] دەدەین بەم شتە، هەروەها بۆ بەدەستهێانی ئەزموونی گەورەو هەروەها لەبـ[...] نەبوونی دەرفەتی بارودۆخ لەمڕۆدا ئەمانە بەهەموو لایەنەکانیانەوە هەڵدەسەنگێنین، بۆنموونە مادده بەکارنەهێنراوەکانی ژێرزەویی‌و دارستانەکان‌و دەریاکان‌و قەدپاڵی چیاکان دەکرێت ببنە سەرچاوەی مادده تێرکەرەکان بۆ دانیشتوانە چڕوپڕەکەی سویدونەرویج دەوڵەمەندی ئەم وڵاتانە پەیوەست نییە بەبارودۆخی بەپیت‌و پڕبوون بەئامێری گونجاوو بەمشێوەیە تەنانەت بەشێکی

دانیشتوانی کۆچوڕه‌وده‌که‌ن، ئه‌وه‌ی که ده‌توانرێت بۆ باکووری ئه‌ورووپا بوتریت گرنگییه‌کی گه‌وره قازانج ده‌کات که ناتوانرێت به‌راوردی پێبکرێت له‌گه‌ڵ باشووری ئه‌ورووپا، وڵاتانی وه‌ك تورکیاو مه‌جه‌رستان وڵاتانی یۆنانیستان‌و ئیتالیاو ئیسپانیاو له‌سه‌رده‌مێکدا مادده‌ی خۆراکییان بۆ ژماره‌یه‌کی زۆر خه‌ڵك به‌رهه‌مهێناوه به‌شێوه‌یه‌ك که ئه‌م به‌رهه‌مانه هه‌رگیز نه‌بینراون له‌زه‌وییه به‌پیته‌کانی وڵاته یه‌ککرتووه‌کانیشدا، بارودۆخی کۆمه‌ڵایه‌تی‌و سیاسی ته‌مه‌ڵانه‌ی ئه‌م وڵاتانه بۆته‌هۆی تێپه‌ڕبوونی هه‌زاران که‌سی ئه‌م وڵاتانه بۆ پشت ئۆقیانووسه‌کان‌و ئه‌مه له‌جیاتی جێگربوونیان له‌یه‌کێك له‌و وڵاتانه‌ی که ده‌توانن به‌ئاسانی پێی بگه‌ن یاخود له‌وڵاته‌که‌ی خۆیاندا بمێننه‌وه، لێره‌دا به‌رله‌وه‌ی ده‌زگا سیاسی‌و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان پێکبهێنرێن بۆئه‌وه‌ی ئه‌م وڵاته به‌پیت‌وبه‌رفراوانانه به‌رزبکرێنه‌وه بۆ قۆناغێکی باڵای مه‌ده‌نییه‌ت، به‌پێویست ده‌بینرێت بۆ ملیۆنان مرۆڤی تازه له‌پێناوی ئاوێته‌بوون له‌گه‌ڵ ئامانجه که‌لتورییه باڵاکاندا به‌ئه‌ندازه‌یه‌کی گرنگ له‌ماوه‌یه‌کی دوورودرێژدا له‌ئه‌ورووپادا زۆری مرۆڤ جێگه‌ی باس نییه، به‌ڵکو خاوه‌نی رێژه‌یه‌کی که‌می مرۆڤین‌و به‌هۆی زۆریی دانیشتوان له‌ژێر ئه‌م بارودۆخه‌دا چوونه ناو ترسێکی شتێکی هیچ‌و بێبنه‌مایه، له‌م نێوه‌نده‌دا له‌گه‌ڵ به‌پراکتیزه‌کردنی ره‌نج‌و زانست هیچ سنوورێك بۆ سوودوه‌رگرتن له‌سه‌رچاوه خۆراکه هه‌نووکه‌ییه‌کان دانه‌نراوه‌و پێویسته چاوپۆشی له‌و هه‌موو به‌رهه‌موداهێنانه تازانه نه‌کرێت که سه‌رچاوه‌کانی له‌زیادبووندان بۆ به‌ده‌ستهێنانی خۆراك، کاتێك له‌ئه‌ورووپاوه ده‌چینه سه‌ر کیشوه‌ره‌کانی تر ده‌بینین که زه‌ویه‌کی زۆرو هاوکات فشارو قه‌یرانێکی زۆریش له‌سه‌ر مرۆڤه‌کان هه‌یه، هه‌ندێك له‌و وڵاتانه‌ی که زه‌وییه‌کانیان به‌به‌ره‌که‌ترین زه‌وی سه‌رڕووی زه‌مینه به‌کارناهێنرێن‌و به‌ته‌واوی وه‌ستێنراون، جـ نکه به‌کارهێنان‌و سوودمه‌ندبوون لێیان ته‌نها به‌چه‌ند هه‌زار مرۆڤێك ناکرێت به‌پێچه‌وانه‌وه بۆئه‌وه‌ی

ئەم سروشتە پڕ لەبەرەکەتە بخرێتەکارەوە پێویستی بەڕێککەوتنێکی جەماوەری ملیۆنان کەسی هەیە.

ئەمریکای باشوورو ناوەند کە خاوەنی سەدان هەزار میل زەوین ئەوانیش دەکەونە ئەم چوارچێوەیەوە، بۆنموونە لەساڵی (١٨٩٢)دا لەئەرژەنتین تەنها (٥)ملیۆن هێکتاری کرایە کارەوە کە کۆی وڵات خاوەنی زەوییەکی بەپیتی (٩٦)ملیۆن هێکتاریبوو، زەوی چاندنی گەنم لەئەمریکای باشوور کە هیچ نەکراوەتە کارەوە وەها پێشبینیدەکرێت کە بەلایەنی کەمەوە (٢٠٠)ملیۆن هێکتاربێتو وڵاتە یەکگرتوەکانو ئوسترالیاو مەجەرستانو بەریتانیای گەورەو ئیرلەنداو ئەڵمانیاو فەرەنسا هەموویان بەیەکەوە (١٠٥)ملیۆن هێکتار زەوی بەکاردەهێنن بۆ دەغڵودان، کارای ئیدیعا دەکات کە (٤٠)ساڵ پێش ئێستا لەڕووبەری زەوییەکەی ئۆرینۆ کوتاڵ کە درێژیەکەی (٣٠٠)میلە لەتوانایداهەبووە کە ماوە خۆراکییەکان بۆ گوزەرانی هەموو مرۆڤەکان دابینبکرێت، ئەگەر تەنها پێشبینی نیوەشی بکەین ئەوا ئەمە هەر زۆرە، ئەمریکای باشوور بەتەنها خۆی دەتوانێت رێژەی زۆرتر لەدانیشتوانی جیهانی ئەمڕۆ تێربکات، هەموو ناوچەکان بەگوێرەی بەپیتی خۆی بەرهەمێك دەدەن.

ئەگەر گەنمی ئێمە بەربوومێکی (١٢–٢٠)پات لەزەوییەکی بەپیتـ بداتو برنج لەوڵاتە سەرەکییەکەی خۆیدا بەرهەمی (٨٠–١٠٠)قات بدات، گـ [illegible] (٢٥٠–٣٠٠)قات بەروبووم بدات بۆنموونە لەزۆربەی ناوچەکانی فلیپین بەرووبوومی برنج بە٤٠٠ قات مەزندە دەکرێت، شتی گرنگ لەناو ئەم مادده خۆراکییانەدا ئەوەیە کە بتوانرێت بهێنرێتە ئاستێك ئامادەبێت بۆ تێرکردنوخواردن.

لەکێشەی تێرکردندا بواری پێشکەوتنێکی تۆکمە لەکیمیاگەریدا هەیە، باشوورو ناوەندی ئەمریکاو بەرازیل کە گەورەیی بەقەد گەورەیی هەموو ئەورووپایە دانیشتوانەکەی لەڕووبەری (٨٥٢٤٠٠٠)کم٢ دایە لەبەرامبەر ئەمەدا رێژەی

دانیشتوانی ئەوروپا نزیکەی (٤٣٠)ملیۆنەو رووبەرەکەی (٩٨٩٧٠١٠)کم٢ خاوەنی بەرەکەتێکی زۆر گەورەیە کە گەشتیارەکان سەریاندەسورمێت، ئەم وڵاتانە خاوەنی دەوڵەمەندییەکی بێ کۆتایین لەبواری ئاڵتونی رەش و مادەکانی ئاسن و پۆڵاو چینکۆدا داخراون چونکە دانیشتوانەکەیان کەمن و تۆمارنەکراون و بۆ باڵادەستبوون بەسەر سروشتدا بەشێوەیەکی سروشتی پێش نەکەوتووە؟

لەسەر چۆنێتی بارودۆخی ئەفەریقاش دەتوانین هەندێك زانیاریی وەربگرین لەو بەدواداچوونانەی کە لەم (١٠)ساڵەی دوایدا ئەنجامدراون، ئەگەر بەشێکی گەورەی ئەفریقیای ناوەند لەپێناوی کەلتوری زەوی ئەوروپادا هیچ بەکاریش نەهێنرابێت زۆر هەرێمی گەورەی تر هەیە کە دەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت و لەئاستێکی بەرزدا لەگەڵ دەستپێکردن بەپراکتیزەکردنی پرنسیپەکانی کۆلۆنیزاسیۆنی شیاو. لەلایەکی ترەوە لەئاسیادا زۆر زەوی بەپیت و بەرەکەت و فراوان هەیە کە دەتوانرێت ملیۆنان کەسی لەسەر بژی، ئەمڕۆ لەو هەرێمانەی کە کراونەتە بیابان و زەوییەکانی بێپیتکراون مێژوو پیشاندەدات کە مرۆڤ لەکۆندا چۆن سیستەمی ئاویان بۆ راکێشاوە و فێربوون کە چۆن لەزەوی دەوڵەمەندترین خۆراکی ناو کەشوهەوا نەرمەکان دەربهێنن، لەئاسیاداو لەوڵاتی **دیجلەو فوراتدا لەگەڵ** نەهێشتنی سیستەمی ئاودان و بۆرییەکان زۆر بەشێوەیەکی مۆڤیانە خەڵك پێشێلکراو بەهەزاران میل لەزەوییە بەپیتەکان بوونە بیابان، هەروەك چۆن لەئاسیادا روویدا بەهەمانشێوە لەمەکسیك و ئەفریقای باکوورو پیرۆشدا بەهەمانشێوەبووەو بەملیۆنان مرۆڤ.

لەئاسیاو ئەفریقادا بەشێوەیەك کە مرۆڤ بڕواناکات داری خورما پێدگەیەنران و رووبەرێکی زۆر کەمی زەوییەکانی دەگرتەوەو (٢٠٠)داری خورما لەجێگایەکی کەمدا دەڕوێنران، گەنم لەمیسر (٣٠٠٠)قات بەرووبوومی دەدا کەچی هێشتا ئەو وڵاتە بەدەست نەدارییەوە دەیناڵاند، ئەمە لەئەنجامی زۆری دانیشتوانەوەبوو

بەپێچەوانەوە لەئەنجامی سیستەمی داگیرکارییەوەبوو کە سەرکەوتووە لەبەرفراوانکردنی بیابانەکانداو کەلتوری باخچەو کێڵگە لەئەورووپای ناوەندا ئەو حساباتانە تێدەپەڕێنێت کە چۆن لەو وڵاتانەی تردا ئەنجامی نائاسایی بەدەستهێناوە، دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکوور بەگوێرەی بارودۆخی ئەمڕۆی بەرهەمی کشتوکاڵی دەتوانێت (١٥-٢٠)قاتی دانیشتوان (٨٥)ملیۆن کە دەتوانێت (١٢٥٠-١٧٠٠)ملیۆن تێربکات، کەنەداش بەهەمان بارودۆخدا لەجیاتی (٦)ملیۆن کەس دەتوانێت سەدان ملیۆن کەس تێربکات، ئەمە جگە لەئوستورالیاو ئۆقیانووسی گەورەو ئۆقیانووسی هیندی کە زۆر دوورگەی بەپیتی گەورەی تێدایە، ئەو بانگەوازەی کە لەسەر ناوی مەدەنییەت بۆ مرۆڤایەتی دەکرێت پێویستە بانگەوازی زیاترکردنی مرۆڤەکان بێت نەك کەمکردنەوەی ڕێژەکەیان. لەهەموو جێگایەکدا ئەو دەزگایانەی کە ڕەزالەتوقەیران دەخوڵقێنێت پێکهاتەی زۆری دانیشتوان نییە، بەڵکو شێوازی دابەشکردنو بەرهەمی مەنووکەیی بەروبوومەکانەو چەند بەروبوومێکی بەپیت کە یەك لەدوای یەك دەخرێنەبازارەوە ئەوەندە لەنرخی مادە خۆراکییەکان کەمدەکەنەوە کە زۆرجار ڕێگادەکەنەوە بۆ نەمانی کێڵگەوانی لەو جێگایانەی کە بەرهەمهێنان ئەمێنرێتە ئاستێکی باشتر لەهەمان ئەو جێگایانەدا بارودۆخەکان خراپتردەبن.

بەشێکی گەورەی کێڵگەوانەکان لەبەرئەوەی کە نرخی بەرهەمەکانیان دادەبەزێت ئەمە وەك بەڵایەك دەبینن، ئەمە چۆن بکرێتە بارودۆخێکی شیاو؟ بۆئەوەی بەروبوومی وڵاتانی تر لەئێمە دووربێتو بۆئەوەی فشاربخرێتەسەر هێنانی دەغڵودانە بیانییەکانو هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی نرخی بەرهەمە ناوخۆییەکان ڕێژەی گومرگێکی زۆر لەسەر دەغڵودان پیادەدەکرێت، هەروەك ئەوەی کە خاوەنی بەرهەمێکی پیشەسازیی زۆربن هاوکات لەمادە خۆراکییەکانیشدا هیچ قەیرانێکمان لەسەرنییە، هەموو شتێك بەتێروتەسەلی هەیە هەروەك چۆن ملیۆنان

مرۆڤ پێویستیان بەبەرهەمی پیشەسازییە جۆربەجۆرەکان هەیەو ناتوانن ئەمانە بەدەستبهێنن لەژێر سێبەری پەیوەندیی قازانج و مولکییەتی هەنووکەیدا، بەهەمانشێوە سەرەڕای زۆریی ماددە خۆراکییەکان بەملیۆنان کەس ناتوانن پێویستییەکانی ژیانی خۆیان بکڕن و لەم بوارەدا زەحمەتیی دەبینن، ئەمجۆرە بارودۆخانە ئاشکران، لەبەروبوومی زۆردا سپەکولاتۆرەکانی دەغڵودان بەمەبەست هەڵدەستن بەلەناوبردنی دەغڵودان، چونکە دەزانن بەکەمبوونەوەی بەروبووم بەشێوەیەکی لەسەرخۆ نرخیش بەرزدەبێتەوە، ئایا لەم باوردۆخەدا چۆن لەزۆری دانیشتوان بترسین لەروسیادا لەئەورووپای باشووروو لەزۆر وڵاتی تریشدا ساڵانە بەسەدان هەزار عەمباری دەغڵودان بەهۆی کەموکورتی لەئامێرەکانی گواستنەوەدا لەناودەبرێن و هەموو ساڵێك ڕێژەیەکی زۆر لەئامێرەکانی بەرهەمهێنان کە پێویستن و هێزێکی بەدەر لەهێزی مرۆڤ دەبەخشێت خەرجدەکرێن و لەناودەبرێن، هەندێکجار لەبەرئەوەی کە قازانجی بازاڕەکان بەرزدەبێتەوە زۆر عەمباری پڕ لەدەغڵودان دەسوتێنرێت، هۆکاری نوقمبوونی ئەو پاپۆڕانەی لەدەریادان بەتێکڕای ئەو ئینسان و شتانەی کە تێیدان بەهەمان هۆکار ماددە خۆراکییەکان لەناودەبرێن، هەموو ساڵێك لەمەشقە سەربازییەکاندا بەروبومێکی زۆر لەناودەبرێت، ئەمجۆرە مەشقانە هەموو ساڵێك چەندجارێك دووبارەدەبنەوەو بەهەمان مەبەست دێیە گەورەکان تەختدەکرێن و هەرێمە گەورەکان دەهێنرێنە حاڵەتێکی نەشیاو بۆ کەلتورێك.

پێویستە چاندن لەدەریاکانیشدا لەبیرنەکرێت بۆ هەموو سەرچاوە یاریدەدەرەکان کە بەبیردەهێنرێنەوە، ڕووبەری ئاو بەتێکڕایی ڕووبەری زەوی ڕێژەکەی یەکسانە بە(١٨,٧)کەواتە ڕووبەڕی ئاو دوو ئەوەندەو نیو گەورەترەو چاوەڕوانی لێدەکرێت کە بەرهەمێکی ڕاسیۆنالی لێ هەڵێنجرێ. لەم واتەیەدا بۆ داهاتوو تابلۆیەکی زۆر جیاواز لەو تابلۆ ڕەشەی کە ماڵتۆزچییەکان کێشاویانە دەکرێتەوەو سنوورەکانی

زانیاریمان دەربارەی کیمیاگەریی‌و فیزیایی‌و بایۆلۆژیك کێ دەزانێت لەکوێدایە؟ بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکارییە گرنگەکان لەبەکارهێنانی زەوی‌و بارودۆخی هەوای ولاتەکان لەسەد ساڵی داهاتووی مرۆڤایەتیدا کام دێو دەبێتە ڕێبەرو ئەم هەنگاوە هەڵدێنێت، کێ خاوەنی جەسارەتە کە پێشوەخت ئەمانە بڵێت؟

ئەمرۆ تەنانەت لەکۆمەڵگای سەرمایەداریشدا جێبەجێکردنی هەنگاوە هۆڤییەکان‌و بێتوانایی سەدساڵی پێش ئێستا دەبینین، ئەمرۆ دەریاکان پێکەوە دەلێکێنرێن‌و رووخساری چیاکان دەگۆڕێن‌و تونێل بەناو شاخەکاندا لێدەدەن‌و ئەو ولاتانە دەهێننە پاڵ یەکتریی کە لەمیانەی چیا بەرزەکانەوە لێکتردابڕاون، بەمەبەستی کورتکردنەوەی ڕێگا لەو ولاتانەی کە بەدەریا سنوورەکانیان جیاکراونەتەوە بۆ خۆپاراستن لەهەموو مەترسییەك تونێل بەژێر دەریاکاندا لێدەدەن، ئەمرۆ لەسەر بنەمای ئەزموونەکانمان تەنها بەرەتکردنەوەی یاسای بەرووبوومی زەوییە کەمکراوەکانەوە نامێنێتەوە، جگە لەمە زەوییەکی زۆر هەیە کە دەتوانرێت بچێنرێت‌و بەشێوەیەکی تازە بخرێتە کارەوە لەلایەن هەزاران ملیۆن مرۆڤەوە.

ئەگەر هەموو ئەم ئەرکە مەدەنییانە بەیەکەم هەڵبسەنگێنین، ئەوکاتە ئەرکێکی زۆر نییەو ئەو راستییە دەردەکەوێت کە خاوەنی مرۆڤی کەمین، مرۆڤەکان بۆئەوەی حەقی ئیشەکانیان بدەن پێویستە ژمارەیان زیادبکرێت، نەئەوەندەی توانای سوودمەندبوون لەزەوییە بەکارهاتووەکانەوە سوود وەردەگیرێت‌و بۆ (٣/٢)ی سەررووی زەمین ئەو مرۆڤانە ئامادەن کە ئەمە بخەنەکارەوە، ئەمرۆ سیستەمی سەرمایەداریی زۆری دانیشتوان بەزەرەرێك دەزانێت بۆ کۆمەڵگاو کرێکار، لەسەردەمێکی مەدەنیی تردا وەك شتێکی پڕ لەخێردەبینرێت، دانیشتوانی قەرەباڵغ بەهیچ شێوەیەك ئاستەنگی دروستناکەن، بەپێچەوانەوە ئامێرێکی پێشکەوتنە کەلتورییەکانن وەك ئەو بەرهەمە زیادەی کە هەیە لەمادە خۆراکییەکان‌و سەروەتەکاندا ژنان‌ومنداڵان بەهۆی بەکارهێنانیان لەلقە

پیشەسازییەکاندا هاوسەرگیریی پارچەدەکەن‌و چینە ناوەندەکان لەلایەن سەرمایەدارە گەورەکانەوە دەکرێنە گشتی‌و بەمشێوەیە سەردەمێکی تری شکۆمەندیی لەمەدەنییەت دروستدەبێت.

## ٥-کەش‌وهەوای کۆمەڵایەتی‌و پیشەسازیی وەبەرهێنان:

رووکاری تری کێشەکە بەمشێوەیەیە:

ئایا مرۆڤەکان ئەوەندەی کە دەیانەوێت دەڕۆن‌و بۆ ئەمەش هەست بەپێویستییەکانیان دەکەن؟

مالتۆزچییەکان بۆ سەملاندنی پیشەیی‌و وەبەرهێنانی گەورە لەمرۆڤدا حەزدەکەن کە پشتببەستن بەو نموونە دەرەکییانەی فۆرمی هەندێك خێزان‌و هۆزە، بەلام بەمە هیچ شتێك ناسەلمێنرێت لەبەرامبەر ئەم نموونانەدا زۆر نموونەی ترمان هەیە پیشەی وەبەرهێنانێکی کەم یاخود نەزۆکییەکی تەواو دەردەخەن دوای ماوەیەکی کورت لەبارودۆخی ژیانێکی داراو هەبوودا ئەو خێزانانەی کە لەبارودۆخێکی باشدان زۆر بەخێرایی رەگی خۆیان داکوتاوە، سەرەڕای ئەوەی هەموو ساڵێك بەسەدان هەزار کەس کە لەبەهێزترین تەمەندان دێنە ژیانی نیشتەجێبوونەوەو سەرەڕای ئەوەی لەهەموو وڵاتەکانی تر زیاتر خاوەنی بارودۆخێکی شیاوە بۆ زیادبوونی دانیشتوانی، بەلام دیسان دەوڵەتە یەکگرتووەکان لەنێوان (٣٠)ساڵدا تەنها دووقات ژمارەی دانیشتوانی زیاددەکات، هەندێك پێیانوایە کە لەساڵێکدا(١٢) یاخود (٢٠)قات زیاد دەکات کە ئەمە هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەری نەگەڵدانییە، هەروەك لەرستەبڕییەکاندا مارکس‌و وێرچۆ ئاماژەی پێدەدەن.

دانیشتوان زۆر بەخێرایی زیاددەکات لەو جێگایانەی کە نەدارو دەستکورتن، چونکە هەروەکو وێرچۆ ئاماژەی پێدەدات ئەوان تەنها خۆشییەکانیان لەخواردنەوەی مەشروبات‌و ئارەزووە جنسییەکاندا دەبیننەوە، گریکۆری حەوتەم لەکاتێکدا کە هاوسەرگیریی لەپیاوە ئاینییەکان قەدەغەکرد وەك پێشتریش

دەستنیشامانکرد پیاوە ئاینییەکانی ئاستی خوارەوەی بیسکۆ پۆسلۆی ماینەر شکاتیان هەبوو لەوەی تەنها حەزوو ئارەزووەکانیان لەژندا دەبیننەوەو هەروەها خاوەنی هەموو جۆرە حەزێك نین وەك سەرۆکە رۆحانییە بالاکان، پیاوە ئاینییەکانی ناودێ کاتێك کە هاوسەرگیرییان وەك بەرەکەتێك دەبینی بۆ دروستکردنی منداڵ لەوانەیە ئەمە لەئەنجامی ئەو کەموکورییانەبێت کە لەچالاکییەکانیاندا دەردەکەون، جگەلەمە لەهەرێمە نەدارەکانی ئەڵمانیادا لەهێرزو سێرینگر واوتو فیچتەل رگو ئەرزو لاسیتیسو ئەولانج بیرگ لەسیلیزیا ئەوە رەتناکرێتەوە کە پەتاتە خۆراکی سەرەکییان بووە، جگەلەمەش پێشکەوتنێکی بەهێز لەتایبەتمەندیی غەریزە جنسییەکانداو لەقۆناغێکدا مانەوە کە بێدەرمان بوون بەشێوەیەك دەبینرا کە لێرەدا دروستکردنی منداڵ بەرێژەیەکی زۆر جێگیرە، هەروەکو هێربێرت سپێنجەرو لاینج لەرستەبڕیدا گوزارشتییان لێکردووە، چەندێتی جێگای چۆنێتی دەگرێتەوە وەك یاسایەکی سروشتی، ئەو ئاژەڵە بەهێزانەی کە بەرز دەنرخێنرێن هەمیشە بەچکەی کەمتر دروستدەکەن، بۆنموونە وەك شێرو فیلو ئەو ئاژەڵانەی کە لەماڵەکاندا بەخێودەکرێن وەك ئەسپ‌ومانگا، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەو ئاژەڵانەی کە لەخوارەوەتر رێکخراون بەشێوەیەکی پێچەوانە زیاددەکەن، بۆنموونە زۆربەی ماسییەکانو کەروێشكو مشكو زۆر ئاژەڵی تری بچووکی شیردەر، لەلایەکی ترەوە داروین پێیوایە ئەو ئاژەڵە بیانییانەی کە دەکەونە ژێر رکێفی مرونەوە ماڵیی دەکرێنو سیفاتی زاین لەدەستدەدەن، یاخود کەمیدەکەنەوە، بۆنموونە فیل لەکاتێکدا کە شێوازی ژیانی دەگۆرێت گۆڕانکارییەکی کتوپڕو دیار لەزیادبوونو کەمبوونی پیشەی زایندا دێنێتەئاراوە، بەلام ماڵتۆزچییە مۆدێرنەکانمان کە ترسی زیادبوونی دانیشتوان دەکەنە پشتوپەنایەك وەك دەسەلات، بەتەواوی داروینچین. داروینچییەکانمان هەر کە تیۆری خۆیان لەسەر

مرۆڤ جێبەجێدەکەن رووبەرووی بێبەختی دەبنەوە، چونکە لێرەدا زۆر بەقەبەیی هەڵسوکەوت دەکەنو ئەوە رەچاوناکەن کە مرۆڤ ئاژەڵێکی رێکخراوە لەئاستێکی بەرزدا، بەڵام بەپێچەوانەی ئاژەڵەوە یاساکانی سروشت دەناسنو بـــەشێوەیەکی زانستییانـــە ئـاراستــەی دەکـەنو دەزانن چـۆن بەکاریبهێنن.

تیۆری تێکۆشانی هەبوون لەسەر بنەمای ئامرازەکانی دابینکردنی ژیانێکی تـازەو ئەو هاوکێشانەی کە هەن لەم بوارەدا لەئاستێکی بـەرزدا بـۆ مرۆڤـەکانیش گـرنگ بوون ئەگەر مرۆڤ لەجیاتی وەرگرتنی هاوکاریی تەکنیکیو ماندووکردنی مێشك بـۆ بەکارهێنانی ئاوو زەوی‌وهەوا بەشێوەیەکی زانستییانە لەحاڵـەتی مـەیمون بوونـدا بژیایـە یـاخود وەك مـەیمون بکەوتایەتـە نـاو تێرکردنـی غـەریزە جنـسییەکانیو هـەروەها وەك ئاژەڵـەکانی تـر لـەناو کێڵگەکانـدا بلەوەڕیایـە ئەوکاتـە ئەمـە بـۆ مرۆڤیش گرنگدەبینی، لێرەدا ئەوەش دیاریدەکەین کە جگە لەمرۆڤ تەنها مەیمون غـەریزە جنـسییەکانی پەیوەسـت نییـە بـەکاتێکی دیـاریکراوەوە، کـە لـەنێوان هەردووکیاندا بەڵگەیەکی زەقی خزمایەتی خۆی حەشارداوە، بـەڵام ئەگـەر خزمـی زۆر نزیکی یەکتریش بن وەك یەك نین هەردووکیان ناخرێنە یەك ئاستەوەو بەیـەك پێوانە هەڵناسـەنگێنرێن، هەتائێـستا تێکۆشـانی هـەبوون لـەژێر پـەیوەندییـەکانی بەرهـەمهێنانو موڵکییەتـدا بـۆ زۆربـەی مرۆڤـەکان بـارودۆخی ژیـان بەپێویـستی نەڕەخـساندووە، بـەڵام ئەمـە بـەهۆی کـەموکوڕی لـەئامرازەکانی بژێویدانییـە، بەپێچەوانەوە ئـەو باوردۆخـە لەڕەفاهییـەتێکی گـەورەدا ئـەو نابیننـەوە، چـونکە لەلایـەنی کۆمەڵایەتییـەوە مـەحرومکراون، هـەروەها جگـە لەمـە لەبەرئـەوەی هەتائێـستا وەهـابووەو بیرکردنـەوە لـەوەی کـە دەبێـت هـەتا کۆتـاییش هـەر بەمشێوەیەبێت، ئـەوە بیرکردنەوەیـەکی هەڵەیـە ئـەو خاڵـەی کـە داروینـچییەکان دەباتە سەر رێگـەی هەڵـە ئەمەیە، لەڕاستیدا زانستی سروشـتو ئـەنترۆپۆلۆجی فێردەبین، بەڵام لەبواری سۆسۆلۆژییەوە هیچ شتێك فێرنابن بەپێچەوانەوە زۆر بـێ

فیکرانە بەدوای ئایدۆلۆژییە بۆرجوازەکانەوە دەڕۆن، بەمشێوەیە دەچنە زۆر ئەنجامی تاوان ئامێزەوە، غەریزەی جنسی لەمرۆڤدا هەمیشە تازەیە، بەهێزترین غەریزەیە کە پێویستە تێربکرێت بۆئەوەی تەندروستی مرۆڤ زەرەر نەهێنێت، ئەم غەریزەیە وەك یاسایەك بەمشێوەیەی کە مرۆڤ چەندە ئاسایی‌و لەسەر بنەمای تەندروستی پێشبکەوێت ئەوەندەش ئەم غەریزەیەی تیادا بەهێزە، هەروەکو چۆن ئیشتهایەکی باش‌و هەرسکردنێکی باش ئاماژەن بۆ گەدەیەکی تەندروستدار هەروەك چۆن زەمینە سەرەکییەکانی جەستەیەکی تەندروستدار پێکدەهێنێت وەهایە، بەڵام تێرکردنی غەریزە جنسییەکان لەگەڵ دووگیانیدا هەمان شت نین، هەتائێستا زۆر تیۆری هەمەڕەنگ لەسەر رەگەزی مرۆڤ پێشکەوتوون بەشێوەیەکی گشتی لەناو ئەم کێشە گرنگەدا بەناو تاریکیدا ئەڕۆین، چونکە بەدرێژایی سەدان ساڵ سەرقاڵبوون بەیاساکانی پێشکەوتن‌و پێکهێنانی مرۆڤەوە هەروەها شیکردنەوە لەسەر یاساکانی بەرهەم‌و پێشکەوتنی مرۆڤ وەك بابەتێکی ناپێویست‌و عەیبدار بینراوە، ئەمە وردەوردە دەگۆڕێت‌و ناچاریشە کە زۆر بگۆڕێت، لەلایەکەوە ئەو تیۆرییە پێشدەکەوێت کە دەڵێت: چالاکییە فیکرییەکان‌و پێشکەوتنێکی بالای فیکریی کاریگەرییەکی خراپی لەسەر غەریزە جنسی‌و چالاکیی دەماغ دروستدەکات‌و حاڵەتی زایین لاواز دەکات. لەلایەکی ترەوە ئەمە رەتدەکرێتەوەو سەرنجرادەکێشێتە سەر ئەو چینانەی کۆمەڵگا کە لەبارودۆخێکی باشدان‌و بەشێوەیەکی گشتی خاوەن منداڵی کەمن‌و سەرنجرادەکێشێتە سەرئەوەی کە ئەمە تەنها پەیوەست نییە بەشێوازی بەخێوکردنیانەوە، هەڵبەتە ئەو چالاکییە فیکریانەی کە مێشکی ماندوو دەکەن کاریگەرییان لەسەر غەریزە جنسییەکان هەیە، بەلام ئەوە گفتوگۆی لەسەردەکرێت کە ئەم چالاکییە لەلایەن زۆربەی کەسانی چینی دەوڵەمەندەوە جێبەجێدەکرێت.

لەلایەکی ترەوە ماندووبوونێکی زۆری جەستەش هەمان کاریگەرییان هەیە، لێرەدا هەموو هەوڵوتێکۆشانێکی لەئەندازەبەدەر زەرەرمەندەو بەمهۆیەشەوە پێویستە رەتبکرێتەوە، هەندێك کەسی تر پێیانوایە کە دووگیانیو پیشەی زایین دیاریدەکرێت بەهۆی مادە خۆراکییەکانو بەتایبەتیش شێوازی ژیانو بارودۆخی جەستەیی دیاریکراوی ژن بەگوێرەی ئەمە هەروەك لەئاژەڵیشدا دەبینرێت خۆراکی شیاو کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ چالاکیی منداڵبوون کە لەڕاستیدا ئەمە شتێکی دیارەو دەستنیشانکراوە بەشێوەیەکی واقیعی، چۆن شێوازی تێرکردن لەسەر ئۆرگانیزمەکانی ئاژەڵە دیارەکان کاریگەریی هەیە، ئەوا بەبەخشینی خۆراکێکی تایبەتیش وەك هەنگ کە شازنێك بەگوێرەی خواستی خۆی بەرهەمدەهێنێت، کەواتە هەنگەکان لەمرۆڤ زیاتر خاوەنی زانیارین لەسەر پێشکەوتنی رەگەزەکان بەدرێژایی هەزاران ساڵ بەهەنگەکان نەوتراوە کە پەیوەندیکردن بەشتە جنسییەکانەوە شتێکی نەگونجاوو دژە ئەخلاقییە، هەروەها رووەکیش لەزەوییەکی باشدا کاتێك کە تێر پەین بکرێت بەشێوەیەکی بەبەرەکەت پێشدەکەوێت، بەڵام دەزانرێت کە تۆوی پێنەدراوە، لەمرۆڤیشدا جۆرەکانی خۆراك هیچ گومانێك دروستناکات بۆ دروستکردنی **کاریگەریی لەسەر** پیشەی پیتانی هێلکەی ژنو یەکگرتنی سپێرمی پیاوو **بەمشێوەیە لێهاتوویی** زایینو دانیشتوان بەئەندازەیەکی گەورە پەیوەستدەبێت **بەجۆرەکانی خۆراکەوەو** کارەکتەری ئەو فاکتەرانەی تریش کە هێشتا زۆر کەم دەناسرێن بەهەمانشێوە دۆڵدەبینێت، لەکێشەی دانیشتواندا لەداهاتوودا شتێکی دیار هەیە کە خاوەنی گرنگییە ئەویش مەسەلەی ئازادیی شکۆمەندە کە بێگومان ئەوکاتە ژنان وەریدەگرن، ئەمە جگە لەحاڵەتی شازی وەك یاسایەك ژنە زیرەكو بەتواناکان خۆشترین ساڵانی تەمەنیان لەژیانی خۆیاندا بەشێوەیەکی موتڵەق بەدووگیانییو بەخێوکردنی منداڵ بۆ پیاو خەرج ناکەن، کۆمەڵگای سۆسیالیزم گرنگییەکی زیاتر

دەدات بەدایکانو ژنانی دووگیانو لەم کۆمەڵگایەدا زیادکردنی دانیشتوان لەچاو کۆمەڵگای بۆرجوازیدا بەشێوەیەکی سەربەخۆتر پێشدەکەوێت، لەڕاستیدا پێویست ناکات مالتۆزچییەکانمان بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی مرۆڤ لەداهاتوودا ئەوەندە مێشکی خۆیان ماندووبکەن، هەتائێستا گەلان بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەیان لەناوچوون، بەڵام هەرگیز بەهۆی ژمارە زۆرییانەوە لەناو نەچوون. سەرەنجام دیاریکردنی ڕێژەی دانیشتوان لەکۆمەڵگایەکدا کە شێوەی گرتبێت بەگوێرەی سروشت بەبێئەوەی پەیوەندییەکی پێچەوانەی سروشتو پارێزگارییەکی زەرەمەندانە رووبدات جێبەجێدەکرێت.

کارل مارکس سەبارەت بەداهاتوو کە بەشێوەیەکی راستگۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بەو بۆچوونەی کە پێیوایە هەموو قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئابووریی خاوەن یاسای دانیشتوانی تایبەتی خۆیانن لەژێر باڵادەستی سۆسیالیزمدا دروستدەبێت.

هەروەها فەردی لەکتێبەکەیدا بەناوی (سنووردانانی دروستکراو بۆ ژمارەی منداڵ) بۆچوونی بەمشێوەیەیە: سۆسیال دیموکراسی ئامانجێکی پیلانگێڕی هەبوو لەگەڵ سەرپێچییەکانیدا لەدژی مالتۆزچییەکان خێرا پێشکەوتنی ژمارەی دانیشتوان ماندەرێکە بۆ پرۆلیتاریابوونی جەماوەریی ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیادبوونی نابەختەوەریی، ئەگەر باڵادەستی لەسەر دانیشتوانێکی زۆر ئەنجامبدرێتو دەسەڵاتدار بتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت ئەوکاتە فراوانبوونی سۆسیال دیموکراسی کۆتاییپێدێتو بەهەموو لایەنەکانییەوە بۆ کاتێکی هەمیشەیی دەوڵەتێکی سۆسیال دیموکراسی لەگۆڕدەنرێت، لێرەدا دەبینە خاوەنی مالتۆزچێتی، دەبینە خاوەنی ئامێرێکی تازەی کوشتنی سۆسیال دیموکراسیەتو زۆر شتی تر.

پرۆفیسۆر د. ئادۆلف وایجنەر لەناو ئەو کەسانەدا جێگە دەگرێت کە داوادەکەن سنوورێك بۆ نیشتەجێبوونو هاوسەرگیریی کرێکاران دابنرێت، ئەویش بەهۆی

ترس لەزۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان، وایجنەر پێیوایە بەبەراوردکردنی چینی کرێکار لەگەڵ چینی ناوەنددا، چینی کرێکار زووتر دەکەونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، ئەمەو چەند کەسێکی تر کە هاوڕان ئەوە پشتگوێدەخەن کە پیاوانی چینی ناوەند لەتەمەنێکی گەورەدا ژن دەهێنن‌و دەچنە ناو ژیانێکی تەواوو پڕ لەئیمکانییەت، بەڵام ئەو زەرەرانەی لەم نەداریی‌و نەبوونییەوە سەرهەڵدەدات رووبەڕووی فاحشییەتمان دەکاتەوە، لەکاتێکدا زەواج بۆ کرێکاران قورسبکرێت ئەوانیش هەمان ڕێگەدەگرنەبەر، بەڵام پێویستە ئەوکاتە هیچ شکاتێکیان لەئەنجامی ئەم بارودۆخە نەبێت‌و باس لەدابەزینی ئەدەب‌وئەخلاق نەکەن، ژنان‌وپیاوان هەردووکیان وەکو یەکن، لەبەرئەوەی ژنانیش وەکو پیاوان خاوەنی هەمان غەریزەن، بەئامانجی تێرکردنی غەریزە سروشتییەکانیان دەکەونە ناو پەیوەندییە نایاساییەکانەوەو وەك تۆوێك شارو دێکان پڕدەکەن لەمنداڵی نایاسایی، کە پێویستە ڕق‌وکینە لەمە هەڵنەگرن.

بۆچوونی وایجنەر هاوڕێکانی بۆئەوەی ببنە خاوەنی **هێزی کار کە پیشەی** چاودێریی لەبازاڕی جیهاندا دەستەبەردەکات **پێچەوانەی پێشکەوتنە** ئابوورییەکان‌و پێشکەوتنەکانی بۆرجوازیی دەبێتەوە، **بەکۆمەڵێك پێشنیاری** کۆنەپەرستی‌ولوتبەرزییوە ناتوانن هیچ چارەیەك بۆ خراپەکارییکانی سەردەم ببینەوە،لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئیتر هیچ چینێك‌و یچ دەوڵەتێك لەو هێزەدانییە کە توانێت دەست بەسەر پێشکەوتنە سروشتییەکانی کۆمەڵگادا بگرێت‌و ئاستەنگیان بۆ دروستبکات، گرتنەبەری ڕێگەی تاقیکردنەوە هەمیشە سەرکەوتنی تێدا بەدەستناهێنرێت، پێشکەوتنەکان ئەوەندە خێران کە هەموو

ئاستەنگییەکان دەرووخێنێت دروشممان گەڕانەوە بەرەو دواوەنییە، بەڵکو بەرەوپێشەوە ڕۆیشتنەو هەروەها ئەوانەی کە باوەڕیان بەدروستکردنی ئاستەنگی هەیە هەتائێستا ئەوا بریتین لەکەسی هەڵخەڵەتێنراو.

لەڕاستیدا مرۆڤایەتی لەکۆمەڵگای سۆسیالیستدا (کە زەمینەیەکی سروشتو ئازادیی تیادەبینرێت) دەتوانێت پێشکەوتنەکانی بەشێوەیەکی زانستیانە ئاراستەبکات، هەتائێستا لەهەموو چاخەکاندا بەرهەمهێنانو دابەشکردنی بەرهەمو زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان لەدەرەوەی زانستی یاسایی بوون، کەواتە بەشێوەیەکی نازانستیانەبووە، لەکۆمەڵگای تازەدا مرۆڤ ئاگای لەیاساکانی پێشکەوتن دەبێتو بەشێوەیەکی زانستییانەو بەرنامە بۆداڕێژراوانە هەڵسوکەوت دەکات، سۆسیالیزم زانستێکە کە جێبەجێدەکرێت بەسەر هەموو بوارەکانی چالاکییە مرۆڤایەتییەکاندا.

# ئەنجام

ڕوونکردنەوەکانمان دەربارەی سۆسیالیزم هەڵوەشانەوەو دروستکردنێکی کەیف ئامێزانە نییە، بەڵکو گوزارشتێکە لەپێکهاتەیەك لەڕووی مێژووی سروشتەوە.

هەموو فاکتەرەکان کە ڕۆڵدەبینن لەقۆناغی هەڵوەشاندنەوەداو هەروەها لەقۆناغی دروستکردندا ئەو فاکتەرانەن کە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە نەبەگوێرەی ئەو ئیرادەیەیە کە دیماگۆگییەکان خەڵکی پێدەوروژێنن‌و نەبەگوێرەی پیاوەکانی دەوڵەتیش ئاراستەدەکرێت.

ئەمانە وەکو پاڵنەر دەبینرێن ئەگەرچی زۆر نزیکین لەو خاڵەی کە سەردەمیان بەسەربچێت، لەڕوونکردنەوە وردەکانماندا زۆر باسی ئەو بەرهەمانەمانکرد کە دەبنەهۆی دروستبوونی قەیران‌و ئەمە دیارەدەیەکی تایبەتە بەجیهانی بۆرجوازییەوە کە لەهیچ قۆناغێکی تری پێشکەوتندا نەبینراوە، بەڵام جیهانی بۆرجوازیی تەنها لەکرێکارو کالاکاندا بەرهەمی زۆر ناخولقێنێت، هەمان شت ڕۆشنبیرەکانیش دەگرێتەوە، ئەڵمانیا کلاسیکییە کە بەپێوانەیەکی باڵا لەجیهانی بۆرجوازیدا بەرهەمی ڕۆشنبیریی لێك نەداوەتەوە، ئەو کاریگەرییانەی کە پێکهاتە سیاسییەکان‌و دەوڵەتە بچووکەکان وەك ئاستەنگییەك دروستیانکردووە لەسەر پێشکەوتنی سەرمایەداریی، ڕەنگدانەوەی باردۆخێکە کە بەدرێژایی سەدان ساڵ وەك بەدبەختییەك دەژمێردرێت بۆ پێشکەوتنی ئەڵمانیا، دەوڵەتە بچووکەکان ژیانی هزری نەتەوەیی دەسانترالیزە دەکەن، زۆر ناوەندی بچووك دادەمەزرێنن کە کاریگەرییان لەسەر هەموو هزرەکانی ژیان هەبێت، کاتێك لەگەڵ ناوەندی حوکمەتدا بەراوردبکرێن ئەو دەوڵەتە بچووکانە لەئاستێکی بەرزدا پێویستی بەپەروەردەکردنێکی گەورە هەیە بۆ ئەندامەکانی‌و بەمشێوەیە ژمارەیەکی زۆر زانکۆو خوێندنگای باڵا دروستکران کە لەهیچ وڵاتێکی ئەوروپادا نەبینراوە، ئیرەیی‌و پێشبڕکێی حکومەتەکان لەناو خۆیدا ڕۆڵێکی گەورەیان

لەمەدا بینیووە، لەهەندێك لەحكومەتەكاندا خوێندن كرایە شتێكی ناچاریی‌و ئەمەش رێگای كردەوە بۆ پێشكەوتنێكی هاوشێوە، دەوڵەتەكان بۆئەوەی دوانەكەون لەدراوسێكانیان ئەم پێشبڕكێیەیان لادروستبووە كە ئەمەش شتێكی سوودمەندە، زیادكردنی پەروەردە هاوكاتە لەگەڵ پێشكەوتنە ماددییەكانی بۆرجوازیدا كە ئەمەش خواستی بەشداریكردنی گەل لەسیاسەت‌و لەنوێنەرایەتیكردنی خودی خۆیی‌و لەجێگاگرتن لەبەڕێوەبەرایەتییەكاندا دەوروژێنێت، پێویستییەكان بۆ رۆشنبیران زیادیكردو ئەمانە بۆ ئۆرگانی بچووكی ناحییەو ناوچەكان بوون، بەڵام منداڵانی چینی باڵا لەم جێگایانەدا پەروەردە دەكران‌و بەگوێرەی ئەمەش ئاراستەی پەروەردەكردنی دیاریدەكرا، لەهونەریشدا هەمانشت روویدا، ئەگەر ئەڵمانیا لەگەڵ وڵاتەكانی تری ئەوروپادا بەراورد بكەین، ئەوا هیچ یەكێك لەوڵاتە ئەوروپییەكان وەك ئەڵمانیا خاوەنی پەیماننامەی هونەریی‌و مۆزەخانەیی‌و هەروەها نووسینگەی تەكنیك‌و هونەرو وێنەكێشی نین.

لەپایتەختی وڵاتانی تردا هەندێك شتی گرنگ هەیە كە دەتوانرێت پێشكەشبكرێت، بەڵام وەك ئەڵمانیا نییە كە بەسەر هەموو ئیمپراتۆرەكاندا جێبەجێبكات، بەڵام ئیتالیا لەرووی هونەرییەوە دەشێت بێتە نێو ئەم باروودۆخەوەو هەموو ئەم پێشكەوتنە كاریگەرییەكی بەهێزی هەبووە لەسەر هزری ئەڵمانییەكان، كاتێ دیاریكردووە بۆ ژیانی رێبازێكی دیاریكراو كە كەم‌وكورتی هەبووە لەتێكۆشانی سیاسیدا، نەتەوەكانی تریش لەبازارەكانی جیهاندا كاتێك لەناوخۆیاندا جیهانیان دابەشكردووەو تێكۆشانی سیاسی ناوخۆییان پیادەكردووە، هەر ئەوكاتانە ئەڵمانییەكان لەماڵی خۆیاندا دانیشتبوون‌و خەیاڵیان لێدەداو فەلسەفەیان پێكدەهێنا، بەڵام ئەم خەیاڵانەی كە دروستیاندەكرد رۆحێكی تەماشاكەرو رەخنەگرانەی دروستكرد كە ئەڵمانییەكانی خستە ریزی پێشەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی كە چاویان كرایەوەو چوونە ناو فەلسەفەو فیكری وردەوە.

لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا بۆرجوازییەتی ئینگلیزو لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بۆرجوازییەتی فەرەنسا هەندێك کاریگەریی لەسەر دەوڵەت بەدەستهێنا، لەم کاتانەدا بۆرجوازییەتی ئەڵمانیا لەساڵی (١٨٤٨)دا کاریگەرییەکی باش و گونجاوی هەبووە وەك هێزێکی سەرووی هێزی دەوڵەت، بەڵام ساڵی (١٨٤٨)ساڵی لەدایکبوونی بۆرجوازییەتی ئەڵمانیابوو وەك توێژێکی بەخۆباوەڕ کە لەشێوەی پارتێکی سیاسی سەربەخۆ خۆیان دەرخستو نوێنەرایەتی لیبرالیزمیان دەکرد، لێرەدا پێشکەوتنی ئەڵمانیا خۆی دەنوێنێت و ئەوانەی کە نوێنەرایەتییان دەکردو خاوەنی کارگەو بازرگانەکان نەبوون بەپێچەوانەوە هەموویان پێکهاتبوون لەپزیشك و پارێزەرو نووسەرو پرۆفیسۆرەکان کە لیبرالیزمبوون، ئەمانە داڕێژەری ئایدۆلۆژی ئەڵمان بوون و کتێبەکانیشیان گونجاوبووە لەگەڵ ئەمانەدا، لەدوای ساڵی (١٨٤٨)ەوە بۆرجوازییەت دەستی بەحەسانەوەیەکی کاتی کرد لەشێوەی سیاسەتدا، بەڵام بۆ پێشخستنی ئیشەکانی قۆناغی بێدەنگی مردنی سیاسەت لەساڵانی پەنجاکاندا بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بەکارمێنرا، تەقینەوەی شەڕی ئوسترالیاو ئیتالیا سەرلەنوێ هاندەرێکبوو بۆئەوەی کە پاشایەتی لەپروسیادا جارێکی تر دەستدرێژبکاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی بۆرجوازیی، بزووتنەوەی یەکێتی نەتەوەیی دەستپێکرد، بۆرجوازیی لەناو هەندێك لەدوڵەتەکانیدا زۆر پێشکەوت لەچاو هەموو ئاستەنگە سیاسییەکان کە ئاستەنگی ئابووریش بوون و قورساییان خستەسەر بەشۆڕشگێڕبوون.

پرۆفیسۆر (پیس مارجك) لەم بارودۆخە تێگەیشتبوو لەگەڵ ئەمەشدا هیچ جارێك نەدەبووە دوژمنی بۆرجوازیی و ناکۆك نەبوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بۆرجوازیدا، چونکە لەشۆڕش و جەماوەر دەترسا، ئەمەی لەسەر شێوازی خۆی بەکارمێنا لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بۆ چاوپۆشی لەبەرژەوەندییەکانی پاشای

پروسیا، لەکۆتاییدا هەموو ئەو ئاستەنگیانەی کە بەربەستبوون لەبەردەم پێشکەوتنی ماددیدا نەمان، ئەقڵو دەوڵەمەندێتی مادە کانزاییەکانو خەڵوزەکانی کە ئەڵمانیا خاوەنی بوون لەمامەیەکی زۆر کورتدا بۆرجوازیی هێنایە ئاستێکی بەرز، بەمشێوەیە ئەڵمانیا بووە دووەمی ئەورووپا کە بەخێرایی لەبواری بازرگانییو پیشەسازیدا وەك دەوڵەت پێشکەوتو هەوڵیدا ببێتە یەکەمیش، بەڵام روخسارێکی شاراوەی ئەم پێشکەوتنە ماددییەش هەیە هەتا ئەوکاتەی کە یەکێتی ئەڵمانیا دامەزرا لەناو هەموو دەوڵەتەکانی ئەڵمانیادا سیستەمی گەیاندن داهاتی بۆ لادێیەکانو کرێکارەکان مسۆگەرکردبوو، ئەویش لەرێگەی لابردنی هەموو جۆرە بەربەستییەکی پاراستن، ئەوان بەشێوەیەکی ناسیستەماتیك رووبەڕووی قۆناغێك بوونەوە لەپێشکەوتنی بەرهەمی سەرمایەداریی بەمشێوەیە کەوتنە کەشوهەوایەکی بێچارەو بێهێزەوە.

لەسەرەتادا قۆناغی ئەو پێشکەوتنەی لەسەرەتای سالآنی حەفتاکانەوە دەستپێکرد مەترسییەکەی بەشێوەیەکی کەمتر پیشاندەدا، بەڵام کە قەیران دەستپێکرد زیاتر هەستپێکرا، چاخی پێشکەوتنی [illegible] نازیی ئەمەی بۆ پێشکەوتنێکی نائاسایی لەخۆیدا بەکارهێنا، لەپاش ئەم سەردەمەوە درزێکی قوڵ بەشێوەیەکی خێرا لەنێوان خاوەن موڵكو ئەوانەی کە خاوەنی موڵك نین دروستبوو ئێستا بەشێوەیەکی زۆر زیاتر ئەو فشارە هەستپێدەکرێت، ئەم قۆناغەی پارچەکردنە کە لەلایەکەوە هێزی ماددیی زیاددەکاتو لەلایەکی ترەوە هەڵدەستێت بەهاندانی کەمکردنەوەی هێزی بەرخۆدان رۆژبەڕۆژ چینەکانی کۆمەڵگا دەخاتە ناو بێزارییەکی گەورەوە، رۆژبەڕۆژ خۆیان زیاتر لەژێر هەڕەشەدا دەبینیەوەو دەیانزانی کە بەهاوکێشەیەکی بیرکارییانە لەناودەچن لەناو ئەم تێکۆشانە بێچارەسەرییەدا زۆرکەس رزگاریی خۆیان لەگۆڕینی پیشەکەیاندا دەبینیەوە کە لەنموونەی شازدا دەتوانن وەك میراتێك بۆ منداڵەکانیانی

بەجێبهێڵن، بەمشێوەیە بۆئەوەی کچوکورەکانیان لەو ئیشانەدا سەقامگیربکەن کە داهاتەکەیان جێگیرەو پێویستی بەسەرمایەنییە، هەتا دواڕادە خۆیان ماندوو دەکەنو هێزو تواناکانیان دەخەنەگەڕ، ئەم ئیشانە پێکهاتوون لەدەسەلاتی ئیمپراتۆرگەریی، فەرمانبەری دەوڵەت، مامۆستایەتی، خزمەتگوزاریی هێڵە ئاسنینەکانو پۆستە، ئیشی نووسینگەکان، کۆگاکردنی کالاکان، فەرمانبەری تەکنیککارەکان، کیمیاگەرەکان، ئەندازیاریی، شتی ترو.. هەروەها ئەو پیشانەی تر کە پێیاندەوترێت پیشەی سەربەست وەك پارێزەریی، پزیشکیی، نووسەریی، هونەرمەندیی و تەلارسازیی و مامۆستایەتی و .. هتد.

لەڕابردوودا بەهەزاران کەس کە دەیانتوانی ببنە خاوەنی پیشەیەك لەبواری پیشەسازیدا، ئەمڕۆ بەدوای ئەو پیشە سەربەستانەدا دەگەڕێن کە دەرفەتێکی زیاتریان بۆ دەڕەخسێنێت بۆئەوەی داهاتێکی باشتریان چنگبکەوێت، لەم زەمینەیەدا خواستی پەروەردەو فێرکردن زیاددەکات، خوێندنگاکانی قۆناغی ناوەندیی و ئامادەیی و تەکنیکیی و هتد وەك قارچك لەزەوییەوە هەڵدەتۆقێن و ئەوانەی کە هەن هەموویان پڕکراونەتەوە، ژمارەی ئەوانەی کە لەزانکۆدا دەخوێنن بەهەمان ئەو ڕێژەیە پێشدەکەوێت کە لەخوێندنگاکانی بەشی بازرگانیی و پیشەسازیداو لەخوێندنگاکانی هونەرداو لەسەنتەرەکانو کیمیاو فیزیاگەریدا، هەروەها لەهەموو ئەو دەزگا پەروەردەییانەی کە پێیاندەوترێت پەروەردەی بالا بۆ ژنان پێشدەکەوێت، ڕۆژبەڕۆژ ئەم زیادبوونە پێشدەکەوێت و هەموو خوێندنگاکان پڕدەکاتەوە بۆئەوەی باوەش بۆ ژمارەی قوتابییەکان بکرێتەوە، خواستی دروستکردنی ئامادەیی تازەو دەزگاکانی خوێندنی بالا باس دەکرێت، زۆرجار لەجێگا ڕەسمییەکانەوە لەدەزگا تایبەتییەکانەوە ڕوونکردنەوەی تایبەت بەم بارودۆخە پێشکەشدەکرێت، پێش (١٠)ساڵ بەشی تیۆلۆژیا لەژێر مەترسی لەناوچووندابوو بەهۆی کەمیی ئەندامەکانییەوە کە

لەمڕۆدا هەمان ئەم بەشە ڕێژەیە ئەندامی زۆرتر لەپێویست لەخۆدەگرێت، هەموو ڕۆژێك ئەو دەنگە بەرزدەبێتەوە کە دەڵێت: (ئەگەر پێویست بکات هەوڵدەدەم باوەڕی شەیتان بەدەستبهێنم بۆئەوەی بڕوای بە١٠ هەزار خودا هەبێت، بەڵام بەمەرجێك ئیشێکم بۆ بدۆزنەوە کە بژێویی ژیانی پێدابین بکەم)، تەنانەت زۆربەی وەزیرە پەیوەندیدارەکانیش بۆ دامەزراندنی دەزگاکانی باڵای خوێندن ڕەتدانەوەیان هەیە بەو بیانوەی کە دەزگا هەنووکەییەکان لەبارودۆخێکدان دەتوانن بەشێوەیەکی تەواو پێداویستییەکان پڕبکەنەوە، ئەم بارودۆخە زیاتر جەختدەکاتەوە کە زۆربەی کوڕانی ناو تێکۆشانی لەناوبردن و کێبڕکێی بۆرجوازییەکان ناچاربن کە خۆیان بخزێننە ناو ئیشە گشتییەکانەوە، جگە لەمە پاش قۆناغە دوورودرێژەکانی ئاشتی، مەسەلەی بەرزکردنەوەو تەرفیعکردنی ئاستەکان لەناو سوپای ڕێکخراودا کە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو گەورەبوون دەچوو هاتە خاڵی چەق بەستن و زۆربەی فەرماندارە سەربازییەکان خانەنشینکران، ئەمانە هەموویان لەفەرمانگە ڕەسمییەکانی دەوڵەتداو لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا بەدوای ئیشدا دەگەڕان، ئەو جەماوەرە گەورەیەی کە [illegible] پلەی خوارەوەی سوپایان پێدرابوو دیسان خواردنیان لەدەمی خەڵکی دەڕفاند، سەرباری ئەمانەش بۆ هەموو ئەو پیشانەی کە پێیانوتراوە فەرمانبەری شارەوانییەکان و دەوڵەت و ئمپراتۆر لەپێش هەموو کەسێکەوە بۆ منداڵەکانی خۆیان خوێندنیان بەپێویست زانیوەو لەسەر ئەم بنەمایە پەروەردەیان کردوون، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەش و هەوای پەروەردەو داخوازییەکانی ئەو خەڵکە ئەو پێویستییەی سەپاندووە کە منداڵەکانیان لەپیشە دواکەوتووە قورسەکان دووربخەنەوەو جگە لەمەش ئەم پیشانە هەر پڕکراونەتەوە، دوای ئاستێکی دیاریکراو لەپەروەردە کاتێك کە فیداکارییەکی ماددیی دیارکراو دەبەخشرێت، لەجیاتی خزمەتی سەربازیی کە ماوەکەی دوو ساڵ یان سێ ساڵ بێت توانراوە لەمیانەی سیستەمی

خزمەتکردنێکی دڵخوازانەوە کە ژمارەیان زیادیکردووە ئەم خزمەتە بۆ هەندێك لەکەسان مۆڵەت پێبدرێت کە تەنها ساڵێك بێت بەتایبەتی ئەم کەسانە منداڵی لادێیە دەوڵەمەندەکانن، کە خوازیارنین بگەڕێنەوە بۆ دێیەکەیان یاخود بچنەوە سەر پیشەی باوکیان، ئەڵمانیا وەك سەرەنجامێکی تەواوی ئەم بارودۆخانە قەرەباڵغییەکی زۆر زیاتر لەووڵاتانی تربووەو خاوەنی رۆشنبیرو هونەرمەندی پرۆلیتاریابووە، ئەو پیشانەی کە پێیدەوترێت پیشەی سەربەست بەشێوەیەکی بەردەوام پرۆلیتاریابوونێکی بەهێز لەخۆدەگرێتو بڵاویدەکاتەوە بەسەر خەڵکیدا رۆژبەرۆژ ئەمە لەزیادبووندایە ئەمە یارمەتییەکە بۆ خێراکردنی ئیشی پارچەکردنی گشتیو بزواندنو پلاندانان بۆ رەخنەگرتن لەگەنجانی ئێستا، بەمشێوەیە بارودۆخی ئێستا لەهەموو روویەکەوە رووبەڕووی هێرش دەبێتەوەو لەیستۆکی لەسەر پێشدەخرێتو تەواوی ئەمانە رێگای کردۆتەوە کە سۆسال-دیموکراتی ئەڵمانیا رۆڵی سەرۆکایەتی یەکەم ببینێت لەتێکۆشانی پرشکۆمەندیی داهاتوودا.
ئەوانەی کە سۆسیالیزمیان لەبەرگێکی زانستیدا بونیادنا وەك شێوەی کۆمەڵگای داهاتوو بریتیبوون لەسۆسالیستەکانی ئەڵمانیاو هەر ئەمانیشبوون کە یاساکانی جوڵانەوەی کۆمەڵگای مۆدێرنیان کەشفکرد، **لەپێش هەموویانەوە** (کارل مارکس)و (فریدریك ئەنگلس)و پاش ئەوانیش (Ferdinand Lassal)کە لەرێگای ئاژیتاسیۆنو پروپاگەندەوە ئاگری شۆڕشی لەجەماوەردا بەهێزکردووە، هەموویان رێبەری فیکری سۆسیالیستی بوون کە لەنێوان کرێکارانی گەلانی جیهاندا ئەم هزرەیان پەخشکردووە، ئەمانە سۆسالیستی ئەڵمان بوون، (Buchle)بەر لەپەنجا ساڵ لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکەی سەبارەت بەپەیوەندیی فیکرو پەروەردەی ئەڵمانەکان دەنووسێتو دەڵێت: ئەڵمانیا خاوەنی زۆر بیرمەندی گەورەیە، بەڵام بۆشاییەکی ئەوەندە گەورە لەنێوان توێژی بیرمەندانو جەماوەردا هەیە کە لەهیچ وڵاتێکی تردا نییە.

لەئەڵمانیادا کاتێك ئەمە گرنگبوو کە زانست لەو قۆناغەدابوو تەنها سنووردار‌بێت بەتوێژێکی رۆشنبیرانەوە، کاتێك ئەو توێژە دووربوون لەژیانی پراکتیکییەوە ئەڵمانیا لەوکاتەیەوە کە گەیشتووە بەشۆڕش لەڕووی ئابوورییەوە ناچاربوو کە زانست بخاتە خزمەتی ژیانی مەیدانییەوە، خودی زانست بوو بەپراکتیك ئیتر خەڵکیی وای لێیتێگەیشت کە کاتێك زانست بوو بەئامێرێك بۆ ژیان ئەوکاتە نرخی خۆی بەدەستهێناوە، ئەوەی فشاری خستەسەر ئەمە پێشکەوتنی بەرهەمی سەرمایەداریی گەورەبوو، بەمشێوەیە لەئەڵمانیا هەموو لقەکانی زانست لەم دەساڵەی دواییدا بەشێوەیەکی بەهێز دیموکراتیزەبوو، یەکەم ژمارەیەکی گەورەی ئەو کوڕە گەنجانەی کە پەروەردەدەکران بۆ پیشە باڵاکان دەستێکی گەیاندنی زانستبوون بەخەڵك، پاشان لەئەڵمانیادا پەروەردەی ئەو خوێندنگا گشتییانەی کە لەزۆربەی وڵاتەکانی تر پێشکەوتووتربوو، تێگەیشتنی بەرهەمە فیکرییە جەماوەرییەکانی ئاسانکردووە، بەڵام بەتایبەتی لەڕێگای بزووتنەوەی سۆسیالیستی کە رەخنەئامێزانە لەهەموو رووەکانەوە ژیان بەڕێوەدەبات بەفاکتەرەکانی وەك کۆبوونەوەو بنکەکان‌و پەخشەکان‌و سیستەمەکان، توانیویەتی لەئاستێکی بەرزدا هزری جەماوەر پێشبخات، یاسای حاڵەتی نائاسایی لەبەرامبەر سۆسیال دیموکرات سالی(۱۸۶۰ ...۷۸)نەیتوانی شتێك لەمانە بگۆڕێت‌و کەمێك بزووتنەوەکەی تەنگکردەوەو کەمێکیش شێوازی ئیشکردنی دواخست، بەڵام لەلایەکی ترەوە هاوکاریی بەرفراوانبوونی بزووتنەوەکەی کردەوەو رقوکینێکی گەورەی خوڵقاندووە لەدژی دەسەڵاتی دەوڵەت لەگەڵ چینی باڵادەستدا، کەوتنی بەرەنجامی یاسای حاڵەتی نائاسایی تەنها ئەنجامێکی پێشکەوتنی ئابووریی نەتەوەیی‌و پێشکەوتنی پارتی سۆسیال دیموکرات بوو لەژێر هەمان یاسادا، هەروەها بزووتنەوەکە وەك پێویستی پێشخستن لەژێر بارودۆخی گونجاودا پێشدەکەوێت، هەروەك لەئەڵمانیاشدا هەیە، لەهەموو دەوڵەتە مەدەنییەکاندا بزووتنەوەی سۆسیالیستی بەشێوەیەکی پێشکەوتنی تۆمارکردووە کە ئەقڵ پێشبینی ناکات، لەگەڵ ئەمەشدا بەستنی کۆنگرەی کرێکارانی نێونەتەوەیی‌و بەشداریکردنی کرێکاران بەشێوەیەکی بەهێز

بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەم حەقیقەتەیە، لەهەموو دەوڵەتە مەدەنییەکاندا تێکۆشانی گەورەی هزرەکان تەقیەوەو بەبزووتنەوەیەکی گەورە خۆیان بەردەوامدەکەن، لەناو زانستی کۆمەڵایەتی پڕ چەککردندا هەرێمە بەرفراوانەکان رووبەرێکی گەورە دەگرن لەزانستی سروشتو زانستی تەندروستیو مێژووی مەدەنییەتو فەلسەفە، لەهەموو لایەکەوە هێرش دەکرێتەسەر ئەو بنەما هەنووکەییانەی کە هێزو سەختترین کودەتای توندوتیژ لەدژی ئەو بنەمایانە دەکرێت کە کۆمەڵگای کۆنی لەسەر راوەستاوە، هزری شۆڕشگێڕیی دزە دەکاتە ناو کۆمەڵگا داخراوەکانو ریزەکانی دوژمنانمان تێکدەدات، ئیتر هەموو کەسێك بەشداریی لەتێکۆشانی ئەو سوپا گەورەیەدا دەکەن کە کرێکاران دروستیانکردووەو لەپێناوی سەرکەوتنیدا تێدەکۆشن، بەکورتی هەموو زاناو هونەرمەندو جووتیارو بازرگانو فەرمانبەرو سەرۆك بانكو فابریکاتۆرەکان هەموو خەڵکانی تر دێنە ئەم ریزەوە، هەموو کەس دەبنە دەستی هاوکاریی بۆ یەکتریی و لەبوارەکاندا یەکتریی تەواو دەکەن، بانگەواز بۆ تەواوی ژنان بەگشتیو هەروەها بۆ ژنانی پرۆلیتاریا بەتەواوەتی دەکرێت کە دوانەکەون لەم شەڕەی کە تێکۆشانە بۆ رزگاری ئەوانیش، ئیتر بڕیاری بەشداربوونو تێگەیشتن لەجێگای واقیعی خۆی لەم تێکۆشانەدا لەپێناوی داهاتوویەکی باشتردا پەیوەستە بەخودی خۆیەوە.

لێرەدا ئیشی پیاو ئەوەیە کە هاوکاریی ژن بکات هەتا بتوانێت بەشداریی لەم تێکۆشانەدا بکاتو هێزی برواوبوون بەخۆی بەدەستبهێنێتو پێویستە هیچ ژنێك برواوبەخۆی نەهێنێت کە گرنگ نییەو هێزی بچووکە، لەناو تێکۆشاندا بۆ پێشخستنی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ چەندە بێهێزیشبێت لەبەدەستهێنانی هێز پەشیمان نابێتەوە، لەئەنجامی هاتنە خوارەوەی دڵۆپی بەردەوام بۆ سەر بەردێکی رەق دەبینین کە ئەو بەردە کون دەکات، چونکە دڵۆپەکان خۆیان ئاراستەی یەك خاڵ دەکەنو بەبەردەوامیی بەسەر ئەوێدا دادەبارێن. لەزۆر دڵۆپ جۆگەیەكو لەزۆر جۆگە چەمێكو لەزۆر چەمیش دەریای گەورە پێکدێت لەئەنجامدا هیچ بەربەستێك ناتوانێت رێگری لەشەپۆلەکانی بکات، ژیانی کەلتوری مرۆڤایەتیش بەهەمانشێوەیە هەموو ئەو کەسانەی کە هەست دەکەن ئەرکێکیان لەسەرشانە

بەهەموو هێزو توانایەکییانەوە کە بەشداریی لەم تێکۆشانەدا دەکەن سەرکەوتنێکی هەمیشەیی مسۆگەردەکەن‌و هەموو تاکێك کە لەپێشەوە رێگای خۆی چەندە وردەکارانەو بیرمەندانە کێشابێت ئەوەندەش سەرکەوتنەکەی گەورەدەبێت، پێویستە گومانی کەسەکان نەیانباتە نێو پەشیمانبوونەوە بەوەی کە ئایا لەبەرامبەر ئەو رەنج‌وتێکۆشان‌و فیداکارییەی کە دەیدەم دەبێت لێی سوودمەندببم یاخود نەبم، قۆناغی سەرئەنجامی فیداکارییەکەم ببینم یاخود نەیبینم، هەروەها پێویستە رێگا نەکەنەوە بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسانەی کە لەسەر ئەم رێبازە دەڕۆن، ئەم تێکۆشانەی لەپێناوی گەورەترین‌و شکۆمەندترین ئامانجدایە نەدەتوانین ماوەکەی دیاریبکەین‌و نەدەتوانین ئەو قۆناغی پێشکەوتنانەی دیاریبکەین کە دەبێت بەدەستیبهێنێت، بەماوەی ژیانی خۆمان بێزانیارین ناتوانین دەربارەی ئەمەش هیچ زانیارییەکمان هەبێت، بەڵام چۆن هەڵچوونی ژیان باڵی بەسەردا کێشاوین بەهەمانشێوە دەتوانین هیوای دیتنی سەرکەوتن بەدەستبهێنین، ئەگەر شیاوی گوتن بێت لەچاخێکدا دەژین کە ترسێکی زۆری دڵ لەرزێنی لەهەموو دوژمنەکاندا دروستکردووەو هەموو رۆژێك کە رادەبورێت پێشکەوتنە خێراکانی فیکری سۆسیالیستی نموونەی تازە پێشکەشدەکەن بەسەرنجدان بۆ پێشەوەبردنی دەوڵەت. لەهەموو بوارەکاندا فیکری سۆسیالیستی دەوروژێنێت‌و بەرەوپێشەوە دەڕوات، گزنگی رۆژێکی جوان بەجوانترین شێوە لەدایکدەبێت، دەبا ئێمەش تێکۆشان بکەین‌و بەبێ خۆدوورخستنەوە هەوڵبدەین بەردی بناغەی باشترین‌و تازەترین سەردەم بۆ مرۆڤایەتی دابنێین بەبێئەوەی لەکات‌و شوێنەکەی بترسین، ئەگەر بەکێین لەم تێکۆشانە گەورەی کە مرۆڤایەتی رزگاردەکات ئەوا نەوەکانی دوای ئێمە جێگامان دەگرنەوە، وەکو مرۆڤ زانستی بەجێهێنانی ئەرکەکانی خودو بۆ پێشخستنی مرۆڤایەتی چەندە هێزەکانی دوژمنانمان دژایەتی بکەن‌و بەرخودان بکەن، ئێمە بەبڕوای گەیشتن بەئامانج ئەم رێبازەمان گرتووەو داهاتوو بۆ سۆسیالیزمە کەواتە بەڕادەی یەکەم داهاتوو هی ژنان‌وکرێکارانە.

## پاشماوە:

لەکتێبی (ژن وەك دایك و ژن لەناو پێشکەوتنی یاسادا) (Marianne) (weber) لەبەرامبەر بۆچوونەکەم سەبارەت بەوەی کە لەناو یۆنانییەکانیشدا یاسای دایك هەبووە پۆلەمیك دەکات (پۆلەمیك: بەواتای نەهیکردن لەراستییەك و خولانەوەیەتی بەدەوری راستییەکاندا-وەرگێڕ)، چونکە لەگەڵ هەموو لایەنگرەکانی ئەو تیۆرەی کە پشت بەمیتۆلۆژییاکان دەبەستێت و پێیوایە کە یاسای دایك پێشکەوتنێکی کۆنترە لەچاو مێژووی هەموو گەلاندا و لەناو هەموو نووسەرە بەناوبانگەکاندا بۆچوونی (A.bebel)سەبارەت بەکێشەی ئۆرەستەس ئەشیل لەناو یۆنانییەکاندا مەحاڵە بکرێتە نموونەیەك بۆئەوەی کە یاسای باوك جێگای رەوشت و چاخی یاسای دایکی کۆنی گرتبێتەوە.

(A.bebel) لەپاش (Bachofen)لەگەڵ زۆر کەسانی تردا بڕوایانوایە کە تۆڵەی کوشتنی دایك لەلایەن (Apollon)ەوە فەرمانی بۆ دەرکراوە و جێبەجێکراوە کە بەشێوەیەکی خودایی تۆڵەی خودای سروشتی کۆن وەربگرێتەوە لەمیانەی سەردەمێکەوە کە لەیۆنانیستاندا پەیڕەوکراوە تەنانەت باشترین بەڵگەش کە ئەمان بڕوایان پێهێناوە ئەوەیە کە لەیۆنانیستاندا پەیوەندیی خوێن لەنێوان دایك و کوڕدا زیاتر بەگرنگ بینراوە وەك لەپەیوەندیی خوێنی نێوان باوك و کوڕ، هەروەها ئەمان بڕوادەکەن بەوەی کە پاراستنی یاسای باوکی لەلایەن خودا گەنجەکانی رووناکییەوە لەپێش هەموویانەوە لەلایەن (Apollon)ەوە پاراستنی یاسای باوکسالاریی بەرهەمی پێشکەوتنە کۆتاییەکانە، پێویستە لەبەرامبەر ئەمەدا ئەوە بوترێت کە بچووکترین شوێنەوار نەماوە لەپاش ئەو تراژیدیایەی کە لەمیانەی پێکدادانێکەوە دروستبوو کە پشتی دەبەست بەو یاسایەی لەلایەن (ئەشیل)ەوە بەکارهێنراوە، بەدرێژایی سەدان ساڵ و هەروەها پێشتریش لەلایەن هۆمیرۆسەوە جێبەجێکراوە بۆئەوەی کوڕ دایکی خۆی بکوژێت و هەروەها کوڕ

بەشێوەیەکی رەها ئەرکی سەرشانییەتی کە بەکوشتنی دایک تۆڵەی باوکی وەربگرێتەوەو ئەم ئەرکەش راستەوخۆ لەلایەن خودای پیاوەوە بەسەر کورەکەیدا دەسەپێنرێت.

(هۆمیرۆس)یش بەجەختکردنەوە لەسەر (Egistos)بۆ جێبەجێکردنی کوشتنی (Agamemnon)ئەم ئەرکەی سپارد لەم نێوانەدا بەلای (Egistos)کوشتنی دایکی شتێکی لاوەکی بووەو هیچ شتێکی بۆخودی ئەو دروستنەکرد، ناچارم بەرخودانێ بکەم لەم بۆچوونەی خۆم لەدژی ئەو روونکردنەوەیە، سەرەتا پێویستە ئەوە دەستنیشان بکەم کە من یاسای دایکیم لەناو یۆنانییەکاندا کردۆتە پێش چاخی قارەمانێتییەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا، بەلام ئەمە تێپەڕبوونی بارودۆخی کۆن بۆ بارودۆخی تازە پەراوێزناخات کە بەسەدان ساڵ وەختی گرتووە، بەپێچەوانەوە ئەمە شتێکی هەتا دواڕادە ئاساییە، چونکە قۆناغەکانی پێشکەوتنە کۆمەلایەتییەکان لەو سەردەمەدا زۆر هێواشتربووە لەچاو ئەمڕۆدا، تەنانەت لەکاتە خێراو بەپەلەکانیشماندا پێویستە کە پێشکەوتنە کۆمەلایەتییەکان بەشێوەیەکی زۆر بەهێز لەگەڵ یەکتریدا جوتبکەین کەواتە لەیۆنانیستاندا چاخی قارەمانێتی سەرەتای قۆناغی یاسای باوکسالاریی بووە بەلام لەم بەشەدا راستەوخۆ لەپاراستنی هەبوونی یاسای دایکسالاریی دەگەین کە لەلایەن شەڕکەرە یۆنانییەکانەوە لەبەردەم (ترۆیا)دا پارێزراوە کە دەڵێنە چاخی قارەمانێتیو هاوکات لەم بەشەدا کە کوڕی (Priamos)ی ئەلیادە لەبەردەم (Ahilleus)دەپاڕێتەوە داوای میهرەبانیی لێدەکاتو دەڵێت: زوڵم لەمن مەکە چونکە من برای حەقیقی هەکتۆرنیم کە هەستا بەکوشتنی هاوڕێی بوێرو دڵ نەرمەکەت.

(هۆمیرۆس) پارێزەری یاسای تازەیە، واتە کاتێك کە رووداوەکانی سەردەم لەم روانگەیەوە دەخرێتەڕوو، ئەمە شیاوییەك پیشاندەدات کە هاوشێوەی دیاردەکانی

ئەمڕۆمانە، چەند مێژوونووس‌و نووسەر هەن کە خوازیارن‌و توانای پێشاندانێکی تری ڕووداوەکانیان هەیە بەگوێرەی پلان‌و بەرنامەکانی خۆیان؟ لەبەرئەوەی (Esil)باسی خۆی لای (Oresty)کردبوو کەرەستەکانی لەهۆمۆریسدا نەبینیبوو، بەڵکو لە (Hezyot)دا بینییەوە، سەرەنجام بەگوێرەی گوزارشتە مێژووییەکان ئەوەندەی تەمەنی دوو مرۆڤ لەهۆمیرۆسدا گەنجە، کەواتە ئەو هێشتا لەناوەڕاستی شەڕو تێکۆشانەکاندا دەبینرایەوەو گوێبیستی ئەو بیرەوەرییانەبوون کە لەناو گەلانی جۆربەجۆردا سەبارەت بەچۆنێتی گواستنەوەی مافی باوك‌و چۆنێتی گواستنەوەی مافی باوك‌و جێگای یاسای دایکسالاریی‌و سەقامگیرکردنی یاسای باوکسالاریی ڕوویانـدابوو، تەنانەت بەگوێرەی (Bachofen)لەڕێورەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی ئانفیدامیسن باس لەسەرکەوتنی هۆمیرۆس دەکرێت بەسەر (Hezyot)دا بەدڵنیاییەوە کە (Hezyot)پێچەوانەی هۆمیرۆس بووەو بەمشێوەیە مەسەلەی باسەکانی (Hezyot)ی بۆ تراژیدیای (Esil)کردۆتە بابەتێك‌و لەسەر بنەمای مێژوویی باسی راوبۆچوونی هەردوو لایەنەکەی کردووە سەبارەت بەمەسەلەی ڕەگەزەکان، بەگوێرەی هۆمیرۆس ئەگەر کوشتنی دایکی (Orwstes) لەلایەن کوڕەکەیەوە وەك مەسەلەیەکیش ببینرێت ئەوا ئەم بۆچوونە شایەنی تێگەیشتن نییە، کوشتنی دایك بەگوێرەی تێڕوانینی یاسای باوکسالاریی نەبۆتە مەسەلەیەك. (Orwstes)بەکوشتنی دایکی لەکەسایەتی ئەودا هاندەری بکوژی باوك‌ومێرد سزادەکات‌و ناموسی ئەو مێردە ڕزگاردەکات کە شەرەف شکاوەو بەگوێرەی هۆمیرۆس کوشتنی دایك لەسەردەمێکدا کە نابەختەوەریی زیادکردووە شتێکی گونجاونییە، بەمشێوەیە کوشتنی دایك لەباسەکانی ئەودا !ەلایەکەوە دەبێتە مەسەلەیەك، ئەم دوو بۆچوونە واتە بۆچوونی هۆمیرۆس‌و (Hezyot-Esil)کە بهێنرێتە تەنیشت یەکترەوە لەڕوانگەی ڕەخنەگرێکی واقیعبینەوە هیچ گومانێك دروستناکات کە ئەنجامی ئەمانە ڕەنگدانەوەی بارودخی ڕاستەقینەبووە.

لێرەدا دەمەوێت سەرنجڕابکێشمە سەر لێکدانەوە جیاوازەکانی ئەلیادە کە باسی دایكو ژنی کردووە لەهەر جێگایەکدا کە گوزارشتی لێکردبێتو سیفاتێکی ڕێزو خۆشەویستی لەبەرامبەردا پیشانداوە کە لەئۆدیسەدا ئەم بارودۆخە پێچەوانە دەبێتەوە، بۆنموونە شێوازی هەڵسوکەوتی لەبەرامبەر (Penelopey)ی دایکی (Telemachos)دا بەتەواوی هەڵسوکەوتێکی بێویژدانانەبووە، کاتێك کە فەرمانیدا (Telemachos)دایکی لەماڵ بکاتەدەرەوە داخوازیکرد کە هیچ کەسێك نەبێتە مێردی، ئەمە خراپترین هەڵسوکەوتبوو کە توانیی لەبەرامبەر ژنودایکدا بیکات، بەگوێرەی ئەم ئاماژانە ئەو ناحەقییانەی کە ئۆدیسە لەبەرامبەر ژناندا کردوویەتی پەیوەستە بەقۆناغێکی دواتر کە ئەم ناحەقییەی زۆرتر چڕکردۆتەوە (واتە قۆناغی باوکسالاریی).

نرخی ( ٥٠٠٠ ) دینارە

August Bebel

# Women and Socialism

Trasleted by
(From Turkish to Kurdish)
Mardin Jalal

لەزنجیرەی بڵاوکراوەکانی
یەکێتی ژنانی کوردستان